# گوڵبژێرێک لە وتەی ناوداران



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# گوڵبژێرێک لە وتەی ناوداران

سەبارەت بە کەسایەتیی پێغەمبەر و قورئان

کۆکردنەوە و وەرگێڕانی

مەلا مەلحەم محەمەد ساڵح گەردی



ناوی کتێب: گوڵبژێرێک لە وتەی ناوداران – سەبارەت بە کەسایەتیی پێغەمبەر و قورئان
کۆکردنەوەو وەرگێڕانی: مەلا مەلحەم محەمەد ساڵح گەردی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٠٥
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٨١ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

بسم الله الرحمن الرحيم

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذي خَلَقَ¤١ 'خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ¤٢ 'اقْرَأْ وَرَبُّكَ
الأَكْرَمُ¤٣' الَّذي عَلَّـمَ بِالْقَلَمِ¤٤' عَلَّـمَ الإِنْسَـــانَ مَا لَمْ يعْلَمْ¤٥'

لەم كتێبەدا ڕا و سەرنجی فەیلەسووف و زانایانی نا موسوڵمان سەبارەت بە قورئان و ئیسلام و کەسایەتیی پێغەمبەر (د. خ) خراوەتە ڕوو، هەروەها هۆکار و پاڵنەری موسوڵمانبوونی هەندێکیان دیاری کراوە.

# پێشەکی

بسم اللّه الرحمن الرحيم

الحمد للّه رب العالمين والصلاة والسلام على النبي الأمين، خيرالخلق وحامل القرآن العظيم، سيد الأولين والآخرين، وعلى آله وأصحابه والتابعين لهم بإحسان الى يوم الدين.

¤لوْ أَنزَلْنَا هَذا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعاً مُّتَصَدِّعاً مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الأُمْثَالُ نَضرِبُهَا لِلنَّاسِ لعَلَّهُمْ يتَفَكَّرُونَ؛ الحشر٢١

خوێنەری هێژا: لەبارەی ئاینی ئیسلام و کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، زۆر نووسراوە و زۆریش گوتراوە، بەڵام زۆر نین ئەوانەی کە ویژدان و ئینساف دەکەنە پێوەری نووسین و قسەو گوفتارەکانیان و، تەنیا ڕاستگۆیی و ئاشکراکردنی ڕاستییان لا گرینگە، یان دەمارگیری و ڕق و قینە بەسەریاندا زاڵ نەبووبێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئاماژەی پێ بدەم، بیروڕای زۆرێک لە زانا و فەیلەسووف و کەسایەتییەکانی جیهانییە، دەربارەی قورئان و ئاینی ئیسلام و کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، کە مشتێکە لە خەروارێک، بەڵام جێگای ئەوەن بەویژدانەوە هەڵوەستەیەکیان لەسەر بکەین و بەخۆمان بڵێین: ئەگەر دۆستان لەڕووی خۆشەویستییەوە پەسنیان داوە، ئەی خەڵکانی تر بۆچی؟

تەنانەت هەندێکیان دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی ورد، موسڵمان بوون، بێ گوێدانە قسەو قسەلۆکی خەڵکانی کینە لە دڵ و دەمارگیر، ئەوەی زیاتریش جێگەی خۆشحاڵییەو حەقی خۆیەتی شانازیی پێوە بکەین، زۆربەیان فەیلەسووف و پرۆفیسۆر و دکتۆر و نووسەر و کەسانی ئەکادیمی و جیهانین، وەکو (بارون ئەهر نفلیز)ی نەمساوی، کە مامۆستایە لەبەشی زانستی ڕەگەزەکانی مرۆڤ و (محمد اسکندر راشیل) و (عمر میتا)ی ژاپۆنی، کە لێکۆڵەرێکی گەورەی کۆمەڵایەتییەو گەورە بازرگانێکی ژاپۆنیشە، هەروەها (محمد سلیمان تاکیوچی)ی ژاپۆنی، کە ئەندامی دەستەی زانستی ڕەگەزەکانی



مرۆڤی ژاپۆنییە، و (محمود جونار ئیریکون)ی سویدی و (جیولا گەرمانوس)ی ڕۆژهەڵاتناسی مەجەری و، (لۆرد هیدلی) و(عبدالله کولیام) و (دکتور سوسە)ی ئیسرائیلی و... چەندانی تر. کە لەم کتێبەدا ئاماژەمان بەهەندێکیان داوە.

بێگومان ئاینی ئیسلام ئەو ئاینەیە کە خوای گەورە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتیی ناردووە، بێ ئەوەی تایبەت بێت بەنەتەوە یان ناوچەیەکی تایبەت، یان کات و ساتێکی دیاریکراو، دواین پەیامی خودای گەورەشە بۆ سەر زەمین، بۆیە دەبێت ئەوپەڕی گرینگی پێ بدرێت و واتاکانی بە وردی و دوور لە دەمارگیری دیراسە بکرێت، چونکە کەلامی خودایەو پێغەمبەریش ڕاگەیێنەری ئەو پەیامەیە، خوای گەورەش بەڵێنی داوە ئەو پەیامە بپارێزێت، هەرچەندە دوژمن و ناحەزانیش بەربەرەکانێی بکەن و هەوڵی سڕینەوەی بدەن، هەروەکو دەفەرموێت:¤إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذكْرَ وَإِنَّا لَهُ لحَافِظونَ؛ سورة الحجر ٩ .

واتە: ئێمە قورئانمان ناردووەتە خوارەوە و هەر ئێمەش پارێزەری ئەوین.

ئەم ڕاستییەش بەدرێژایی چواردە سەدە سەلماوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرەڕای دژایەتیکردن و هەوڵدان بۆ دوورکردنەوەی خەڵک لێی، ڕۆژ بەڕۆژ موعجیزەکانی ئاشکراتر دەبن و زیاتر خەڵک باوەشی بۆ دەکاتەوە، بەتایبەتی لە وڵاتە ناموسڵمانەکان، هەروەکو بیریاری فەرەنسی دکتۆر (فرانسوا بورجا) لە هەڤپەیڤینێکیدا بۆ گۆڤاری (لافیریتی) فەڕەنسی دەڵێت: دوای ڕووداوەکەی (١١)ی سیبتەمبەر، ڕۆژئاوا توانی زیاتر لەجاران ئیسلام بناسی، چاپخانەو وەشانخانە گەورەکان دان بەوەدائەنێن کە پڕ فرۆشترین کتێب لەو ساڵانەی دواییدا ئەو کتێبانە بوون کە ناوی ئیسلامیان لە خۆ گرتووە، من ئەمە بەگرنگیدان بە ئیسلام دەزانم، نەک تەنیا لەفەرەنسا، بەڵکو لەئەوروپاو ئەمریکاش، تەنانەت ئەمریکا دان بەوەدا ئەنێت کە یەک ملیۆن کەس دوای ڕووداوەکەی (١١)ی سیبتەمبەر موسڵمان بوون، ئەمەشیان ژمارەیەکە دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا حیسابیان بۆ نەکردبوو، چونکە لەو بڕوایەدا نەبوون، بەڵام ڕووی داو خەڵک زیاتر گرنگی بەئیسلام دا، چونکە ئەو شتەی کە لە فەرهەنگی ڕۆژئاوادا بۆی دەگەڕان و نەیاندەدۆزیەوە، لە ئیسلامدا پەیدایان کرد.(١)

هەر لەو هەڤپەیڤینەدا دەڵێت: شارستانیەتی ڕۆژئاوا هەوڵ ئەدات بۆتێکدان و لەناوبردنی شارستانیەتە مرۆییەکانی ترو...لە ئیسلام دەترسێت، چونکە باشترین جێگرەوەیەتی .

(١) گۆڤاری (المجتمع) ژمارە ١٦٨٣بەروار ٢٠٠٥/١٢/٣١

دیسان دەڵێت: لەبنەڕەتدا ڕۆژئاوا کە لە ئیسلام دەترسێت، لەبەر ئەوەیە کە ئەوان گومانیان لە توانای شارستانیەتی ڕۆژئاوایی هەیە، کە بەبێ شەڕو کارتێکردن خۆی بەرامبەر بەشارستانیەتی ئیسلامی ڕاگرێت.[٢]

لەلایەکی ترەوە دەزگای (کریشن ریسرچی) مەسیحی بەریتانی هەستاوە بە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئایندەی ئاینەکان لەبەریتانیا، بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ ساڵی ٢٠٤٠ ڕێژەی ئەو موسڵمانانەی کە لەمزگەوتەکانی بەریتانیا نوێژ دەکەن، دەگاتە ئەوەندەی ئەو مەسیحییانەی کە هاتوچووی کەنیسەکانیان دەکەن. لێکۆڵینەوەکە وا پێشبینی دەکات کە ڕێژەی ئەو بەریتانییانەی دەڵێن: ئێمە مەسیحین لە ٧٢٪ دێتە خوارەوە بۆ ٣٥٪. هەروەها پێشبینی ئەوەش دەکات ڕێژەی ئەو بەریتانییانەی کە خۆیان بۆ چاودێری کەنیسە تۆمار کردووە، بێتە خوارەوە لە ٤،٩٪ بۆ ٥٪ پاش ٣٥ ساڵی تر. هەروەها پێشبینی دەکات کە بەپێی ئەم دابەزینە بۆ ساڵی ٢٠٤٠ (١٨،٠٠٠) دەزگای چاودێری کەنیسە دابخرێن.[٣]

هەروەها پێگەی (الإسلام اليوم) بەنەقل لە ڕۆژنامەی (الخبر)ی سوودانی بڵاوی کردۆتەوە کە (٦٥) قەشە ئیسلامبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە، ڕۆژنامەکە لەزاری (جوزیف میلیال) جێگری ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی یەکگرتنی ئیسلامی دەڵێت: دابەشکردنی میرات لە شەریعەتی ئیسلامیدا پاڵنەری سەرەکی موسڵمان بوونی ئەمانە بووە.

شایانی باسە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە سوودان موسڵمان بوون لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤، گەیشتووەتە (٨٨) هەزارکەس، کە ئەو قەشەو دەسەڵاتدارانەی کە لە ساڵانی ٢٠٠٢ بەدواوە موسڵمان بوون، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە موسڵمان بوونیاندا.

لەلایەکی ترەوە (ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی ئیسلامی ئەمریکی) (CAIR)[٤] ڕایگەیاند کە لەدەرەنجامی وەڵامدانەوەی ئەو هەڵمەتەی کە لەمانگی (تەموز)دا پێی هەڵسابوو، (٢٠) هەزار ئەمریکی داوای وەرگرتنی نوسخەیەک لەقورئانیان کردووە.

(CAIR) ئەم هەڵمەتەی لەوەڵامی ئەو هەواڵانەدا دەست پێکرد، کە لەناوەندە ئەمریکییەکاندا بەتوندی دەنگ و باس لەسەر ئەوەبوو، کە هەندێ لە سەربازانی ئەمریکی بێ ڕێزییان بەقورئانی پیرۆز کردووە لە گوانتانامۆ.

(٢) گۆڤاری (المجتمع) ژمارە ١٦٨٣بەروار ٢٠٠٥/١٢/٣١

(٣) ڕۆژنامەی پەیام ژمارە (٢٠) بەروار ٢٠٠٥/٩/١٨ بە نەقل لە کەناڵی الجزيرە.

(٤) کورتکراوەی Council American Islamic Relations.



شایانی باسە: ئەم هەڵمەتەی (CAIR) بایەخێکی تەواوی لەهۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی و نێودەوڵەتیشەوە پێ درا و، لەلایەن زۆرێک لەو ئەمریکییانەی کە دانەیەک لە قورئانیان پێگەیشتووە، خۆشحاڵییان دەربڕیوە و سوپاسنامەیان ناردووە.

یەکێک لەوانەی کە نوسخەیەک لەقورئانی پێ گەیشتووە نووسیویەتی : هەر ئێستا لە (CAIR)ـەوە نوسخەیەکی خۆڕاییم لە قورئان بەدەست گەیشت، بەڕاستی گەلێک جوانە، ئەمەوێت بەرامبەر بەو دیارییە زۆر سوپاستان بکەم.

هەروەها ئافرەتێکی تر کە هەمان نوسخەی پێ گەیشتووە ئەڵێت: ئەم بەیانییە نوسخەیەکم لەقورئانی پیرۆز بە دەست گەیشت، سوپاستان ئەکەم و، پەیمانتان ئەدەمێ کە بەو پەڕی ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەم و لەشوێنی ئەو کتێبانەی دابنێم کە لام پیرۆزو بەنرخن، هەر وەک من ئومێدەوارم کە زیاتر فێر ببین و بچینە سەر خاڵی هاوبەشی نێوانمان، وەک خۆشەویستی خوا و خێزان و دۆستایەتی، من باوەڕم وایە کە پێکەوە ئەگونجێین زیاتر لەوەی کە جیاوازبین، جارێکی تر سوپاستان ئەکەم.[٥]

شایانی باسە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەدوای ئیسلامدا ئەگەڕێن لەڕۆژئاوا بەرەو زیادبوون دەچێت، تەنیا لە ئەمریکا ڕۆژانە زیاتر لە (٤٠) کەس ئیسلامەتی خۆیان ئاشکرا دەکەن. هەروەکو (کۆڵبرت کینگ) لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمەریکی باسی ئەو ئەمەریکییانە دەکات کە لەنا و بەندیخانەکانی ئەمەریکادا دەبنە موسڵمان و دەڵێت: هەرچەندە ئاماری تەواو نییە بۆ ژمارەی ئەو کەسانە، بەڵام یەک لەو ئامارانە ژمارەکە بە(٢٥٠) هەزار کەس دەخەمڵێنێ. هەروەها دەڵێت: ئەو گۆڕانە بووەتە هۆی ئەوەی بەڕێوەبەری (FBI) مەترسی خۆی دەرببڕێ لەوەی کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، ئەمەریکییە موسڵمان بووە (رادیکالەکان) بەکاربهێنێ.[٦]

(کۆندالیزا رایس)ی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ کەناڵی (الحرة) دەڵێت: ئیسلام بەخێراترینی ئەو ئاینانە دەژمێردرێت کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاو دەبنەوە، هەروەها وەسفی ئیسلامی کرد بەوەی کە (بەشێکە لە نەسیجی ڕۆشنبیریی ئەمریکی).[٧]

(٥) ماڵپەڕی zagros.ws بە نەقل لەڕۆژنامەی (الاسلام اليوم) ژمارەی تایبەت، بەروار ٢٠٠٥/٩/٢٤

(٦) العربية نت ٢٠٠٥/٨/٢٣ .

(٧) ڕۆژنامەی (پەیام) ژمارە (٤٢) بەروار ٢٠٠٧/٨/١٢ بەنەقل لە ماڵپەڕی (ئیسلام ئۆن لاین).

بەپێی ڕاگەیێنراوی (ڤاتیکان)یش ئێستا ژمارەی موسڵمانان لە جیهاندا لەژمارەی کاسۆلیکەکان زیاترە. (مونسنیور ڤیتۆریۆ فورمینیتی) کە نووسینەوەی ئاماری ساڵانەی ساڵی ٢٠٠٨ی ئامادە کردووە دەڵێت: موسڵمانان ئێستا(٢ ، ١٩٪) ی دانیشتوانی جیهان پێک دێنن و، کاسۆلیکەکانیش (٤ ، ١٧٪)، ناوبراو بۆ ڕۆژنامەی ڤاتیکان (لوزر فاتوری رومانو) دەڵێت: ئەمە جاری یەکەمە لەجیهاندا ئێمە لە لووتکەدا نین و موسڵمانان لەئێمەیان تێپەڕاندووە، هەروەها ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ئەو ئامارە هی ساڵی (٢٠٠٦)ە، بەڵام ئەگەر کاسۆلیک و پرۆتستانت و ئەنگایکان و ئەرسۆدۆکس پێکەوە کۆ بکەینەوە ئەوا ڕێژەیان دەگاتە (٣٣٪)ی دانیشتوانی جیهان، هەروەها لەو ڕاگەیێنراوەدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ژمارەی کاسۆلیکەکان جێگیرە، بەڵام ژمارەی موسڵمانان لە ئەوروپا ڕووی لە زیادبوونە.[(٨)]

بۆیەش سکرتێری پاپای ڤاتیکان (بندیکت)ی شازدەهەم، لەڕۆژنامەی (سودوچ تسیتونگ)ی ئەڵمانی هۆشداری دا لەسەر بڵاوبوونەوەی خێرای ئیسلام لەئەوروپا، لەو بارەوە (جۆرج گانسفاین)ی سکرتێری تایبەتی پاپا دەڵێت: (پێویستە گاڵتەمان بەو هەوڵانە نەیەت کە کار لەسەر موسڵمان کردنی ئەوروپا دەکەن و، پێویستە ئەوەش بەکەم سەیر نەکەین کە ئەمەیان مەترسی لەسەر ناسنامەی ئەوروپا هەیە)[(٩)].

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لێدوانەکانی (پاپا)ی ڤاتیکان کە لە وتارێکیدا ئاماژەی بەوە دا کە ئاینی ئیسلام بەزۆری شمشێر بڵاو بووەتەوە، هەڵچوونێک بوو بەرامبەر بە موسڵمانبوونی خەڵکێکی زۆر لە وڵاتانی مەسیحی، هەروەکو (عصام مودیر)ی پسپۆر لەبواری تەنصیر و بەفەلەکردن ڕایگەیاند، کە لێدوانەکانی پاپای ڤاتیکان لەئەنجامی ئەوەوە هاتوون کە ژمارەیەکی زۆری قەشەکانی نێو ڤاتیکان کە ژمارەیان (٣٠) قەشەیە موسڵمان بوون. لەم بارەیەوە دەستەی ئیسلامی جیهانی بۆ ڕاگەیاندن گوتی: ئێستا لێپرسینەوەی توندو بەرفراوانیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ ئەوەی سزا بدرێن و لە کڵێسا دەربکرێن.[(١٠)]

لەلایەکی ترەوە چەند ڕاپۆرتێکی نهێنی کە لیژنە فەرعییەکانی ئاژانسی یەهودی لەو

(٨) ماڵپەڕی مفكرة الاسلام www .islammemo.cc

(٩) ڕۆژنامەی (پەیام) ژمارە (٤٢) بەروار ٢٠٠٧/٨/١٢ بەنەقل لەماڵپەڕی (ئیسلام ئۆن لاین).

(١٠) ڕۆژنامەی پەیام، ژمارە (٣٤) بەروار ٢٠٠٧/١١/١٢



ماوەیەدا لە ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپی ئامادەیان کردووە، هاتنی بەلێشاوی گەنجانی یەهودی بۆ نێو ئیسلام ئاشکرا دەکەن، بەگوێرەی هەمان پێگەی ئەو ئاژانسە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، مەترسی هەرە گەورە بەنیسبەت جالییەکانی یەهودی خۆی لەجالیەی فەرەنسا دەبینێتەوە، ڕاپۆرتەکان ئاشکرایان کردووە کە جالیەی یەهودی لەفەرەنسا گەورەترین حاڵەتی موسڵمانبوونی گەنجانی یەهودی لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بەخۆیەوە بینیوە، هەر ئەو ڕاپۆرتانە دەریانخستووە کە ئاژانسەکە هەستاوە بەبەرزکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانە بۆ گەورە بەرپرسان و کەسایەتییە یەهودییەکان لەجیهانداو، بۆخودی سەرەک وەزیرانی ئەوکاتی ئیسرائیل (ئارییل شارۆن)، بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک کە بتوانێ ڕێگا لەبەردەم موسڵمانبوونی بە لێشاوی گەنجانی یەهودی بگیرێت، ئەو ڕاپۆرتانە جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە بەرپرسانی ڕەوەندە یەهودییەکان لەوچەند ساڵەی دواییدا لەئەوروپا، ڕووبەڕووی تەحەددایەکی زۆر سەخت بوونەتەوە، چونکە زۆربەی چینی ڕۆشنبیر لەوڵاتانی ئەوروپی، هەوڵی دیراسەکردنی شارستانیەتی ئیسلامی ئەدەن بۆتێگەیشتن لە حەقیقەتی ئەم ئاینە، بەتایبەتی دوای دەستپێکردنی ئەو جەنگەی کە ویلایەتە یەککگرتووەکان بۆ سەر (تیرۆر) دەستی پێکردووە و تایبەتی کردووە بە ئیسلامەوە.[(١١)]

هەروەها ڕۆژنامەی khaleej Timis لە بەرواری ٢٠٠٤/٦/٧ بڵاوی کردووەتەوە کە نیگەرانی ئیسرائیل دادەگرێت، چونکە سەدان جوولەکە موسڵمان دەبن، پەیامنێری سەربازیی ڕادیۆی ئیسرائیل بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە فەرمییەی کە لەبەر دەستیدایە دەڵێت: ساڵانە زیاتر لە (٢٠٠) کچە لاوی ئیسرائیلی موسڵمان دەبن و دواتریش بەرەو گوندو شارە عەرەبییەکان دەچن و لەوێ شوو بەعەرەبەکانی ئیسرائیل دەکەن، ئەم دیاردەیەش لەم ساڵانەی دواییدا تەشەنەی کردووە.[(١٢)]

خۆ ئەگەر کەسایەتی پێغەمبەر(د.خ) بەچەند کاریکاتێرێک یان چەند وتارێک لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا سووک ببوایە، ئەوا تائێستا ناوەکەشی نەدەما، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر هەنگاوێک لەلایەن ناحەزانی ئیسلامەوە هاوێژرابێت بۆ سووککردنی ئیسلام و کەسایەتی پێغەمبەر (د.خ)، ئەوا چەندین بەرامبەر بەسەریاندا شکاوەتەوە و بووەتە هۆکارێکی

(١١) گۆڤاری (المجتمع) ژمارە ١٦٨٣بەروار ٢٠٠٥/١٢/٣١

(١٢) ڕۆژئاواییەکان بۆچی موسوڵمان دەبن؟ وەرگێڕ لە فەرەنسی و ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی (هالة صلاالدین لولو)، وەرگێڕ بۆ کوردی کەلسەمە جەمیل، پێداچوونەوەی سەلام ناوخۆش. لاپەڕە ٢٨، ساڵی ٢٠٠٧

بەهێز بۆ لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای حەقیقەتی ئیسلام و کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام و موسڵمان بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی خۆرئاوا، هەروەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا.
(وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ) البقره ٢١٦

بۆیەش کاریگەری ئەم موعجیزەیە بەردەوامەو تا ڕۆژی قیامەتیش هەر بەردەوام دەبێت، هەرچەندە دوژمنان و ناحەزان لەدژیا بووەستن و جۆرەها فرت و فێڵ لەدژیا بەکار بێنن.(يُرِيدُونَ أَن يُطْفِؤُواْ نُورَ اللّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللّهُ إِلاَّ أَن يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ) سورة التوبة ٣٢.

هەرئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژهەلاتناس و زانا و کەسایەتییەکانی جیهانی، بە ویژدانەوە سەبارەت بەقورئان و کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام بدوێن و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

**خوێنەری خۆشەویست:** ئەوەی لەبەر دەستت دایە، بریتییە لە ڕا و سەرنجی چەندین زانا و پسپۆر و سیاسەتوان و ڕۆژهەلاتناس و کەسایەتی جیهانی، سەبارەت قورئان و پەیامی ئیسلام و کەسایەتی پێغەمبەری خۆشەویست (د.خ)، کە لە زۆر سەرچاوەی فارسی و عەرەبیم وەرگرتوون.

شایانی باسە: هەر بابەتێک لەو بابەتانەی کە لەنێو ئەم کتێبەدا هاتووە، زیاتر لە سەرچاوەیەکی هەیەو هەندێکیان زیاتر لە بیست سەرچاوەیان هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی زۆر درێژ نەبێت، من تەنیا ناوی یەک سەرچاوەم هێناوە، لە خودای گەورەو دلۆڤان بەئومێدم بیخاتە تەرازووی چاکەکانم و، خوێنەری ئازیزیش سوودو بەهرەی پێویستی لێ ببات، تەنیا خودای گەورەشە کە هەڵە ناکات.

**ڕوونکردنەوە:** لە زۆر شوێندا کە پەسنی (عەرەب) دراوە، مەبەست (موسڵمانەکانن) بەگشتی، نەک تەنیا نەتەوەی عەرەب، چونکە زۆربەی نووسەر و مێژوونووسە بیانییەکان، کاتێک باسیان لە موسڵمانان کردووە، بە عەرەب ناویان هێناون، ئەمەش لەبەر ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام عەرەب بووە و لەکۆندا هەر بەپێغەمبەری عەرەبی، یان پێغەمبەری عەرەبەکان باس کراوە، هەروەها بۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش حوکمی موسڵمانان لەدەست عەرەبەکاندا بووە.



لە لایەکی ترەوە زۆر لە عەرەبە دەمارگیرەکان لەڕووی دەمارگیرییەوە، لە وتار و نووسینەکانیاندا، ناوی نەتەوەکانی تریان لە خزمەتکردنی ئیسلام نەهێناوە و ناهێنن، بەڵکو هەمیشە عوروبەو ئیسلام پێکەوە دەبەستنەوە، زۆرجاریش عوروبایەتی پێش ئیسلام دەخەن، لە کاتێکدا ئەگەر خزمەتی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان بە ئیسلام، لەمێژووی موسڵمانان جیا بکەینەوە، ئەوا بێجگە لەچەند ساڵێکی سەرەتایی و ماوەیەکی کەم لە مێژووی هەندێ کەسایەتی عەرەب نەبێت، بەشی هەرە زۆری کوشتار و شەڕی یەکتربووە لەپێناو پتەو کردنی پێگەی خۆیان و فراوانکردنی سنووری دەسەلاتیان، ئەویش لەسەر حیسابی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، بەڵکو بەشی هەرە زۆری سەروەرییەکان لەمێژووی پڕشنگداری ئیسلامدا، لەسەر دەستی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان تۆمارکراون، کە (صلاح الدینی ئەییوبی) نموونەیەکی ئاشکرای ئەو ڕاستییەیە، بۆیە لەهەر شوێنێکی ئەم کتێبەدا ئەگەر پەسنی عەرەب درابێت، مەبەست موسڵمانەکانن بەهەموو نەتەوەکانەوە، نەک تەنیا نەتەوەی عەرەب، مەگەر ئەو کاتەی ناوی خودی کەسەکە هێنرابێت.

هەندێ لەوانەی کە موسڵمانیش بوون و ناوی غەیرە عەرەبیان لەسەر بووە، ناوی عەرەبییان لێ نراوە، کە دیارە ئەمەیان ویستی خۆیانەو کەمترین پەیوەندی بەئیسلامەوە نییە، چونکە لە ئیسلامدا هەرکەسێک ئازادە چ ناوێک بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، ناوەکە کوردی بێت یان عەرەبی یان هەر زمانێکی تر، بەمەرجێک مانا و واتایەکی جوانی هەبێت و پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام نەبێت، چونکە پێغەمبەر (د.خ) تەنیا ناوی هەندێ کەسی گۆڕیوە کە ماناکانیان باش نەبوون، وەک گۆڕینی ناوی (زید الخیل) بۆ (زید الخیر) و (عاصیە) بۆ(جمیلە) و.. هتد.

خوێنەری بەڕێز: ئەم کتێبە لە چوار بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بریتییە لە ڕا و سەرنجی گەورە زانایان و کەسایەتییەکانی جیهانی سەبارەت بە قورئان.

**بەشی دووەم:** ڕا و سەرنجی زانایان سەبارەت بەکەسایەتی پێغەمبەر(د.خ).

**بەشی سێهەم:** دیدی زانایان سەبارەت بە ئیسلام و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی موسڵمانان و.. هتد.

جا ئەگەر کەسێک پرسیار بکات و بڵێت : ئەگەر ئەوانە تا ئەو ڕادەیە بەقورئان و کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) سەرسام بوون، ئەی بۆچی موسڵمان نەبوون؟

لە وەڵامـدا دەڵێم: زۆر شت هەیە مرۆڤ پێی باشەو بەچاکی دەزانی، بەڵام بەکردەنی ئەنجامی نادات، وەک بەرِۆژوو بوونی رِۆژووەکانی سوننەت، کە هیچ موسڵمانێک بەخراپیان نازانێت، بەڵام بەکردەنیش جاری وا هەیە ئەنجامیان نادات، تەنانەت مانگی رِەمەزانیش هەندێ کەسی موسڵمان بەرِۆژوو نابێت، ئەمەیان هەرگیز بەو مانایە نییە کە برِوای پێ نییە، یان بەرِۆژوو بوون لەمانگی رِەمەزاندا بەخراپ دەزانێت، بەڵکو تەمبەڵی و هەواو هەوەسی شەیتانی وای لێ دەکەن بەرِۆژوو نەبێت، یاخود وەرزشکردن کە سوودێکی یەکجار زۆری هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ، هیچ کەسێکیش نکوڵی لێ ناکات، کەچی زۆر لەخەڵک هەر بەلاشیدا نارِوات. لە بەرامبەردا زۆر شت هەیە مرۆڤ بەخراپیان دەزانی، کەچی بەکردەنی ئەنجامیان دەدات، وەکو جگەرە کێشان و خواردنەوەی مەی و زینا کردن و فێڵبازی و دەست برِین و..هتد. کە هەموو مرۆڤێک لەدڵەوە بەخراپیان دەزانی ، بەڵام جاری وا هەیە هەندێ کەس بەکردەنی ئەنجامیان دەدات.

**بەشی چوارەم:** ئەوکەسانەن کە سەبارەت بە ئیسلام و کەسایەتی پێغەمبەر(د.خ) قسەیان کردووە و بەکردەنیش موسڵمان بوون و، هۆی موسڵمان بوونیشیان ئاشکرا کردووە.

شایانی باسە: بۆ هەر بەشێک لەو چوار بەشە بە تەرتیبی پیتەکان زنجیرەی ناوەکان رِێکخراوە، تاوەکو خوێنەر بەئاسانی بتوانی بیاندۆزێتەوە. لە هەر شوێنێکیش رِوونکردنەوەمان لەسەر بابەتێک دابێت، لە کۆتاییدا وشەی (ئامادەکار)مان بەکار هێناوە، تاوەکووتە و رِوونکردنەوەکان تێکەڵ بەیەکتری نەبن، هەر چەندە زۆر بەکەمی رِوونکردنەوەم لەسەر داوە. ئومێدەوارم خوای گەورە ئەو بوارەم بۆ برِەخسێنی لە داهاتوودا زەنگینتری بکەم و رِا و سەرنجی زانایانی تری لێ زیاد بکەم.

لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانم زۆر زۆر سوپاسی برای ئازیز و خۆشەویستم کاک مەلا مسکین ئێدلبی بکەم، کە لە ئامادەکردن و وەرگێرِانی زۆر بابەتی نێو ئەم کتێبەدا هاوکاری کردم، خوای گەورە پاداشتی چاکەی بداتەوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين، وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

مەلحەم محەمەد ساڵح گەردی

کوردستان/ هەولێر/ سۆران – ٢٠٠٨

(لوْ أَنزَلْنَا هَذا الْقُرْآنَ عَلى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعاً مُّتَصَدِّعاً
مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الأُمْثَالُ نَضربُهَا لِلنَّاسِ لعَلَّهُمْ يتَفَكَّرُونَ[٢]

# بەشی یەکەم

## قورئان لە دیدی زانایانی جیهانیدا

١– ئارثر جۆن ئاربرریَ Arthr Johan Arberry ١٩٠٥ – ١٩٦٩ز

(ئارثرجۆن ئار برری) ڕۆژهەلاَتناسی ئینگلیزی و وەرگێڕی قورئانی پیرۆز بۆ زمانی ئینگلیزی، ناوبراو بۆ ماوەیەکی زۆر لەمیسر ماوەتەوە و لە ساڵی ١٩٣٢ لەزانکۆی قاهیرە لەبەشی دیراساتی کۆن (یۆنانی و لاتینی) دەبێتە سەرۆک، لە ساڵی ١٩٣٧ لە زانکۆی (کامبردج) پلەی دکتۆرا بەدەست دێنێ، لە ساڵی ١٩٤٤ لەقوتابخانەی (دیراساتی ڕۆژهەلاَتی و ئەفریقی) لەئینگلتەرا دادەمەزرێت و دوای دوو ساڵ مامۆستایەتی، بەسەرۆکی بەشی دیراساتی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست لەو قوتابخانەیە دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٤٧ وەکو مامۆستا لەزانکۆی (کامبردج) دادەمەزرێت، لە ساڵی ١٩٥٦–١٩٥٥ تەرجومەی قورئانی بە ئینگلیزی لەدوو بەرگدا بلاَو کردووەتەوە.. لەگەڵ چەندین کتێبی بەنرخی دیکە. ناوبراو دەڵێت: کاتێک لە کۆتایی وەرگێڕانی قورئان نزیک دەبوومەوە، هەستم بەماندوو بوونێکی زۆر دەکرد، بەلاَم بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە، قورئان بەجۆرێک ئارامی بەنووسەر دەبەخشی کە بۆ هەمیشە منەتباری بێت. لەم ڕووەوە من سوپاسی خۆم پێشکەش بەو هێزە دەکەم کە ئیلهامی بەمرۆڤ بەخشی، هەروەها سوپاسی ئەو پێغەمبەرەش دەکەم کە بۆ یەکەمین جار ئەم لاپەڕانەی بە مرۆڤایەتی ڕاگەیاند...[١٣].

هەروەها دەڵێت: هەرکاتێک گوێ بیستی بانگی نوێژ دەبم بەسەختی دەکەومە ژێر کاریگەری ئەو بانگە، چونکە گوێ بیستی هەندێ ئاواز دەبم وەک ئەوەی لەدەهۆڵ بدرێ، ئەم

(١٣) ترجمە تصویری و تفسیری آهنگین سورە فاتحە وتوحید، عبدالکریم بی آزار شیرازی، لاپەڕە ٢٢ .





لێدانەش لێدانەکانی دڵی منە.[١٤]

٢– ئەلبیرت ئەنشتاین Albert Einshtein ١٨٧٩ – ١٩٥٥ز

بیرمەند و فیزیا زانی ناوداری بە بنچە ئەمریکی، لە ساڵی ١٨٧٩ لە ئەلمانیا لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩١٢ خەلاَتی (نۆبل)ی لە فیزیا وەرگرتووە، دەڵێت: قورئان کتێبی جەبر و هەندەسە و حیساب نییە، بەڵکو کۆمەڵە ڕێنماییەکە گشت مرۆڤایەتی بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنمایی دەکات، ئەو ڕێگایەی کە گەورەترین بیر و فەلسەفە لەپێشکەشکردن و ناساندنیدا بێ توانان.[١٥]

٣– ئالبێر مالێت Albert Malet

زانای ناسراوی فەڕەنسی دەڵێت: قورئان ڕێنمایی ئەخلاقی و زانستی و تەندروستیشی تێدایە، چونکە عەرەبەکانی لە کوشتنی کچەکانیان دوور خستەوە و قوماریشی لەکردەوەکانی شەیتان دایە قەڵەم و حەرامی کرد.

ئیسلام لەم ڕووەوە کە شەریعەتێکی ئاسانە لەهەموو ئاینەکانی تر جیایە، هەر بەم هۆیەشەوە بەخێرایی بلاَو بووەوە، چونکە تێگەیشتن لە ئەحکامەکانی و ئەنجامدانی عیبادەت تێیدا لەڕادەبەدەر ئاسانەو، دوورە لە باسکردنی هەر شتێکی ئاڵۆزو پێچیدە.[١٦]

٤– ئیدموند بۆرگ Admond Borg ١٧٢٩ – ١٧٩٧ز

نووسەر و کەسایەتی سیاسی ئینگلیزی دەڵێت: قورئان یانیش یاسای محەمەدی، یاسایەکە بۆ هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگاو هەر هەموویان پێکەوە دەبەستێتەوە، یاسایەکە بە بەرزترین سیستەمی دادوەری و باشترین شێوازی زانستی و گەورەترین شێوەی یاسادانان ڕێکخراوە.[١٧]

(١٤) الإسلام و سائر الأديان، نوری ڕأفت قورور، چاپ و بلاَوکردنەوەی (وقف اخلاص) استانبول ١٩٩٦لاپەڕە ١٣٢ .

(١٥) ماڵپەڕی alquran-network.net

(١٦) اسلام از دیدگاه دانشمندان جهان، علي آل اسحق خوئيني، بەرگ١، لاپەڕە ٣٩٠، دفتر تبلیغات اسلامی ژمارە٦٥١، قم ١٣٧٠ه.ش.

(١٧) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خیرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران. لاپەڕە٦١.

## ٥- ئیدوارد براون Edward Brawn ١٨٦٢ – ١٩٢٦ز

زانا و نووسەری ئینگلیزی سەبارەت بە قورئان دەڵێت: هەرچەندی زیاتر بەخوێندنەوەی قورئان خەریک دەبم، هەرچەندی بۆ زیاتر تێگەیشتنی قورئان هەوڵ دەدەم، زیاتر لە قەدر و گەورەیی قورئان دەگەم.[١٨]

## ٦- ئیدوارد گیبۆن Edward Gibbon ١٧٣٧ – ١٧٩٤ز

مێژوو نووس و کەسایەتی ناسراوی کەنەدی دەڵێت: لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسەوە تا کەنار ڕووباری (کۆنگۆ) قورئان نەک هەر بەیاسایەکی فیقهی ناسراوە، بەڵکو یاسایەکی بنەڕەتییەو خاوەنی دیدی قەزایی و یاساکانی شارستانی و جەزائییە، هەروەها هەندێ یاسای لەخۆ گرتووە دەتوانن تەواوی کاروبارە ئابوورییەکانی مرۆڤ بەڕێوە بەرن، ئەمەشیان کە بەپێی ئەحکامی نەگۆڕ ئەنجام دەدرێت هەڵقولاوی ویستی خودایە، بە واتایەکی تر قورئان دەستوور و یاسای بنەڕەتی موسڵمانانە، دەستوورێکە کۆمەڵێک یاسای دینی و کۆمەلایەتی و مەدەنی و بازرگانی و نیزامی و قەزایی و جینائی و جەزائیی لەخۆ گرتووە.[١٩] هەروەها دەڵێت: ئاینی محەمەد (د. خ) دوورە لەهەر شەک و گومانێک، قورئان جگە لەوەی کە پێغەمبەری لە پەرستنی بت و ئەستێرەکان دوور خستەوە، گەورەترین گەواهیدەریشە لەسەر تاک و تەنیایی خودا، ئەم دینە گەورەترە لەوەی کە عەقڵی ئەمرۆی ئێمە پەی بەهەموو نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکانی ببات.

هەروەها دەڵێت: تەنیا بڵاو بوونەوەی بانگەوازی ئیسلامی مایەی سەرسوڕمان نییە، بەڵکو بەردەوامی و خۆڕاگری بەدرێژایی چەندین سەدە جێگەی سەرسوڕمان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەو کاریگەرییەی کە محەمەد (د. خ) لە مەککە و مەدینە لەسەر خەڵک بەجێی هێشت، ئێستاشی لەگەڵدابێت هەمان گوڕو تین لەدەروونی هیندی و ئەفریقی و تورکەکاندا ماوە، سەرەڕای تازە ئاشنا بوونیشیان بەقورئان و تێپەڕبوونی (١٢) سەدە بەسەریدا.

موسڵمانان توانییان بەیەک دەست و بەیەک دەنگ بەرامبەر بەو نەهامەتی و نەخۆشییانە خۆ ڕاگرن کە لەڕێگای بڕوا بوون بەخوا دووچاری بوون...

(١٨) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١١٥ .

(١٩) عذر تقصير به پيشگاه محمد و قرآن، جان ديون پۆرت، وەرگێڕانی بۆ فارسی غلامرضا سعيدي، تهران، شركت نسبي حاج محمد حسين اقبال وشركاء، لاپەرە ٩٨ .



گوتنی (أشهد أن لااله الا الله وأن محمداً رسول الله) بەسادەیی شەهادەی ئیسلامە، ئەوان هەرگیز بڕوایان بەخوایەتی خوا نەهێناوە، کە لەو لاشەوە شتە بینراوەکانی بێجگە لەخودا بەخودا بزانن، گەورەیی و شان و شکۆی پێغەمبەر، سنووری پیاوەتی مرۆڤیان تێپەڕاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبازەکەی وای کرد کە ڕێزی سەحابەکان بەرامبەر بە ئەو لە سنووری عەقل و لۆژیک دەرنەچێت.[٢٠]

## ٧- ئیدوارد مونتیە Edvard Monter ١٨٥٦ – ١٩٢٧ز

زانا و ڕۆژهەلاتناسی بەڕەگەز سویسی کە لە ساڵی ١٨٥٦ز لە فەرەنسا لەدایک بووە، هەروەها مامۆستای زمانە ڕۆژهەلاتییەکان بووە لە زانکۆی (جنیف) و قورئانی بۆسەر زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە، سەبارەت بەقورئان دەڵێت: بۆ ئێمەی مەسیحی قورئان لەڕادەبەدەر سوود بەخشە، لە گرینگترین کتێبەکانی ئاینییەو، ژیانی کۆمەڵە کەسێکی زۆری پێوە بەندە، کە ئێستا ژمارەیان لە چەند سەد ملیۆنێک تێپەڕیوە، ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی قورئان بە بەراورد لەگەڵ بنەماکانی عەقڵ و گوزارشتە جوانەکانی، بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە، بنەماکانی فەلسەفی ڕوحانی بەزوبانی ئاینی تێیدا دەست دەکەوێت، وەکو مرواری لەڕادەبەدەر جوان و سەرنجڕاکێشە، مەسەلە ئاینییەکانی بەشێوەیەک شرۆڤە کردووەتەوە کە بەڕاستی بۆ ئەو سەردەمەی کە پێغەمبەری عەرەب تێیدا دەرکەوت جێگەی سەرسوڕمانە، ڕوحی پێغەمبەری ئیسلام لەو پارچە ئایەتانەدا وەکو ئەو ئەستێرانەیە کە لەشەوانی قەدردا ئەدرەوشێنەوە، بۆیە پێویستە ئەو قورئانە بکرێتە سەرمەشقی ژیان.[٢١]

## ٨- ئیلیوس جێرمانوس Iliyus Jermanus

زانای ئەوروپی و مامۆستای زانکۆی (بودابست) کە لە ساڵی ١٨٨٤ز لەدایک بووە، دەڵێت: ڕێنماییەکانی قورئان، فەرمانەکانی خودان، بڕیار و ڕاسپاردەکانیشی بۆ مرۆڤ هەمیشەیین، قورئان کتێبێکی سادە و ساکارە و هەرکەسێک دەتوانی لێی تێبگات، ئەگەر بیەوێت لێی تێ بگات.[٢٢]

(٢٠) ماڵپەڕی eltwhed.com

(٢١) نظريه دانشمندان جهان درباره قرآن ومحمد، حسين وجدانى عطائى-تهران، ١٣٦٢هـ.ش ل١٩

(٢٢) اسلام از ديدگاه دانشمندان جهان، على آل اسحق خوئينى، دفتر تبليغات اسلامى ژمارە٦٥١، قم ١٣٧٠هـ.ش، لاپەڕە ٦٠٦ .

### ٩- ئێم. ساڤاری M .Savary

ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەری فەرەنسی دەڵێت: «ماراکسی» واتە ئەو قەشەیەی کە چل ساڵی تەمەنی لە بەربەرەکانی لەگەڵ قورئان خەرج کرد، خۆی کابرایەکی نەزان و نیاز پاک نەبوو، بەڵگەش لەسەر نەزانی خۆی، قسە توندو بێ ناوەرۆکەکانی خۆیەتی، ئەو نەقورئانی ناسیوە و نەسەریشی لێ دەرچووە، هەر نەشی زانیوە کە قورئان مرۆڤ ئاسا گیان و جەستەی هەیەو هەموو خاوەن ویژدانێک سەرگەردان و شەیدای خۆی دەکات و ناچاریان دەکات بەچاوی گەورەییەوە سەیری بکەن.(٢٣) هەروەها دەڵێت: (ماراکسی) ئیتاڵی چل ساڵی تەمەنی خۆی خەرجی وەرگێڕان و ڕەخنە لێگرتنی قورئان کرد، بەڵام ئەو لەکوێ تێ دەگات کە قورئان چ شێوازێکی جوانی ڕەوانبێژی و بەلاغەتی تێدایە؟ ئەو لەکوێ دەزانی کە (فصل) و (وصل) و شێوازی سووک و ئاسان کامەیە؟ قورئان خاوەنی کاریگەری و سەرنجڕاکێشانێکی تایبەتە و هاوشێوەی لە هیچ کتێبێکی تردا نییە.(٢٤)

### ١٠- ئیمورا Emora

زانای ناسراوی ژاپۆنی دەڵێت: قورئانی پیرۆز کە دەستووراتی ئیلاهییە، بەبێ تێکچوون و دەسکاری هەر بە وەحی خودایی دەمێنێتەوە.(٢٥)

### ١١- بارتلمی سەینت هیلەر Barthlemy saint Hilaire ١٨٠٥ - ١٨٩٥ز

زانا و ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی فەرەنسی کە لە ساڵی ١٨٦٥ قورئانی پیرۆزی وەرگێڕاوە، دەڵێت: کاتێ خوا بەڵێنی بەپێغەمبەر دا کە دەتپارێزم و فەرمووی: (یا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ) پێغەمبەر هەموو پاسەوانەکانی ناردنەوە و بەتەنیا مایەوە، مرۆڤیش درۆ لەگەڵ هەر کەسێکدا بکات، درۆ لەگەڵ خۆی ناکات، جا ئەگەر ئەم قورئانە بێجگە لە ئاسمان سەرچاوەیەکی تری هەبوایە، محەمەد (د. خ) پاسەوانەکانی دەهێشتنەوە.(٢٦)

---

(٢٣) نظريه دانشمندان جهان درباره قرآن ومحمد، حسين وجدانی عطائی، لاپەڕە٤٣، تهران، ١٣٦٢ هـ.ش.

(٢٤) تاريخ قران، ابو عبدالله زنجانی، لاپەرە ١٤٦ .

(٢٥) اسلام شناسی غرب. كاظم مدرس.

(٢٦) ماڵپەڕی majdah.maktoob.com



هەروەها دەڵێت: قورئان کتێبێکی بێ هاوتایە، جوانی دەرەوە و شکۆی مەعنەوی یەکسانن، پتەوی و یەکگرتنەوەی وشەکان و نوێگەرایی لەهزردا، لەشێوازی نوێی قورئاندا ئەوەندە ئاشکرایە کە بەر لەوەی عەقڵەکان تەسخیری ماناکەی بن، دڵەکان تەسلیمی دەبن، لەنێو هەموو پێغەمبەراندا هیچ کەسێک وەکو پێغەمبەری ئیسلام نەیتوانیوە ئەوەندە کاریگەری قسەی هەبێت، قورئان بەشێوازە تایبەتییەکەی، هەم سروودی ئاینییەو هەم نزاو پاڕانەوەیە، هەم شەریعەت و یاساکانی ماف و سیاسەتیشە، هەم مژدە و هەم وشیارکەرەوە و هەم ئامۆژگاری و هەم ڕێنمایی و هەم هیدایەتدەر و هەم ڕوونکەرەوە و داستان و چیرۆک و حیکمەت و پەندە، بەکورتی قورئان جوانترین ئاسەواری زوبانی عەرەبییە، کە لەنێو کتێبەکانی ئاینی جیهانیدا هاوشێوەی نییە، مەسیحییە عەرەبی زانەکان دان بەوەدائەنێن کە ئەم کتێبە پیرۆزە چەند کاریگەری قووڵی لەسەر دڵ و گیانی بیسەرانیدا هەیە.(٢٧)

هەروەها دەڵێت: بانگەوازی (توحید) کە ئیسلام ئاڵا هەڵگریەتی، مرۆڤایەتی لە بتپەرستی سەدەکانی سەرەتایی ڕزگار کرد.(٢٨)

هەروەها دەڵێت: ئیسلام فەرمانی بەئەنجامدانی پێنج نوێژ کردووە لەشەو و ڕۆژدا، تاوەکو مرۆڤ ناچار ببێت بۆ چەند ساتێک لە خەریکبوون بەمادديات دوور کەوێتەوە و بەڕێگای ئەو نوێژانەوە بەرەو لای خودای خۆی بەرزبێتەوە، هەروەها ئەمری کردووە کە عیبادەت ئاراستەیەک نەبێت بۆ مەرامی تاکە کەسی، چونکە خودا چاکتر دەزانی چی لە بەرژەوەندی ئێمەدایە، پاشان محەمەد (د. خ) بە حەرامکردنی وێنەو پەیکەر و هەموو ئەو شتانەی کە هاوبەش و هاوشێوەی خودان، بیر و هزری مرۆڤی لە بتپەرستی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگارکرد، بەم شێوەیە مرۆڤ ناچاربوو بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە و لەقووڵایی گیانیەوە بەدوای ئافەریدەی خۆیدا بگەڕێت و، بەهۆی عیبادەتی دڵسۆزانەوە، کە پڕیەتی لەڕێزو شوکر و خۆشەویستی، بەرەو لای خودای خۆی بەرز بێتەوە.(٢٩)

### ١٢- دکتۆر بارونی

زانای نەمساوی دەڵێت: ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆز لەبارەی دین و یەکێتیدا زۆر

---

(٢٧) ترجمه تصويری و تفسيری آهنگين سوره فاتحهو توحيد، عبدالكريم بی آزار شيرازی، لاپەڕە ١٦ .

(٢٨) موسوعة مقدمات العلوم والمناهج، أنور الجندي، بەرگی ٨ لاپەڕە ١١٩ .

(٢٩) ماڵپەڕی eltwhed.com

سوور و پێداگرن، قبوڵکردنی ئەو زەرورەتە، قبوڵکردنی حەقیقەتێکی ڕووحانییە، کە تەواوی تاکەکانی مرۆڤ چ ژن چ پیاو، لەژێر ئاڵای بەشەرییەتدا یەکسان و هاوبەشن.(٣٠)

## ١٣- دکتور بتروشفکی Dr. Petroshfki

مێژوونووسی ڕووسی کە لە ساڵی ١٨٩٨ز لەدایک بووە، دەڵێت: قورئان بریتییە لە هەندێ ڕێنمایی و بڕیار و ئامۆژگاری، کە لە کات و ساتی جیاجیادا بەڕێگای وەحییەوە لەلایەن خوداوەندەوە لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا بە ڕێگەی (روح القدس) یاخود (جبرئیل) بۆ سەر محەمەد (د. خ) هاتووەتە خوارەوە و ئەویش بەپەیڕەوانی ڕاگەیاندووە، ئایەتەکانی قورئان لەلایەن ئیماندارانەوە لەسەر گەڵای دارخورماو پارچە ئێسک و هەندێ جاریش لەسەر پێستی مەڕوماڵات دەنووسرایەوە، بەڵام زیاتر لەبەریان دەکرد، سەحابەکانیش قورئانیان لەبەر دەکردو گەورەترین پارێزگاری بوون. قورئان بۆ موسڵمانان کتێبێکی پیرۆزەو کۆڵەگەی دینەکەیانەو هەمان ئەو پلەو پایەی هەیە کە تەورات لە هزری یەهودییەکان و ئینجیل لە هزری مەسیحییەکاندا هەیەتی. لەدیدی موسڵمانانی ئیمانداردا قورئان پێچەوانەی ئەوەیە کە زانایانی ئەورووپی دەیڵێنەوە، گوایە قورئان دانراو و نووسراوی محەمەدە، بەڵکو قسەکانی بە وەحی ڕاستەقینەو ڕەسەنی خوداوەند دەزانن.(٣١)

## ١٤- بللێر Beller

ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئەڵمانی دەڵێت: زمانی قورئان پاراوترین و ڕەوانترین زمانی عەرەبەکانە، شێوازی ڕەوانبێژییەکەی بەشێوەیەکە بیر و هۆشی مرۆڤ بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ، قورئان خاوەنی ئامۆژگاری ڕوون و ئاشکرایەو، بەزوویی و بۆ هەمیشە بێ ڕکابەر و ناحەز دەمێنێتەوە، هەرکەسێک بەچاکی ئەم کتێبە پەیڕەو بکات ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەری دەبێت.(٣٢)

(٣٠) اسلام شناسی غرب.کاظم مدرس

(٣١) نظریه دانشمندان جهان درباره قرآن و محمد، حسین وجدانی عطائی-تهران،١٣٦٢ ه.ش ل٥٢

(٣٢) قرآن و کتابهای دیگر آسمانی، عبدالکریم هاشمی - نژاد، بە کوشش دکتر جواد عباسی، ساڵی چاپ ١٣٨٥ه.ش لاپەڕە ٣٠٢ .



## ١٥- خاتوو بیانکا ماریا سکارسیا ئامۆریتی Bianca maria Scarcia Amoreth

نووسەری ناسراوی ئیتاڵی لە کتێبەکەیدا بەناوی (جیهانی ئیسلامی و کێشە مێژووییەکانی) دەڵێت: شەریعەتی قورئانی جازبیەتی خۆی لەسەر ملیۆنان کەس مومارەسە دەکات، ئیسلام ڕۆژ بەڕۆژ و بەردەوام باوەش بۆکردنەوەی زیاتری خەڵک بەخۆیەوە دەبینی، زۆر سەختە تەفسیرێک بۆ ئەم دیاردەیە بدۆزینەوە، بەتایبەتی لە ئەوروپا، چونکە ئیسلام ئەمڕۆ وا دەردەکەوێت کە ببێتە جێگرەوەی شارستانیەتی خۆرئاوایی.(٣٣)

هەروەها دەڵێت: ڕۆژهەڵاتناسی لەجیاتی کارکردن بۆ لێک نزیککردنەوەی هەردوو ڕۆشنبیرییەکە، بۆ بەرژەوەندییەکانی داگیرکەر کاری کردووە و دەیکات، دانانی ئەم زانستە لە بنەڕەتدا تەنیا بۆ پێشکەشکردنی هەندێ ئامراز بووە کە بەشێوازێکی جوانتر و شیاوانەتر ڕێگا خۆش بکات بۆچوونە ژوورەوە. بەڵام ئاشکرابوو کە کردەیەکی ڕۆشنبیری فێڵبازی ڕیاکاری شاراوەی هەیە، هەر ئەمەشە تەفسیری ئەوگومانەی موسڵمانان کە بەرامبەر بەهەر شتێ هەیانە کە لە خۆرئاواوە لەبارەیانەوە دەگوترێت.(٣٤)

## ١٦- بیبر شتین کازیمرسکی B. Kazimirski ١٧٨٠ - ١٨٦٥ز

ڕۆژهەڵاتناس و زانای ناوداری پۆڵۆنی و خاوەنی فەرهەنگی گەورەی عەرەبی - فەرەنسی و، وەرگێڕی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی فەرەنسی دەڵێت: قورئان کۆمەڵە ئامۆژگارییەکی دڵنشینە، چونکە لەو قورئانەدا ڕەوشت، شارستانییەت، سیاسەت، بەڵێن، ترساندن و.. هتد بەتەک یەکەوە جێگەیان گرتووە.(٣٥)

## ١٧- تۆماس کارلایل Tomass Carlyle ١٧٩٥ - ١٨٨١ز

زانا و نووسەری ناوداری ئینگلیزی، ئەوکەسەی کە بەبڵاوکردنەوەی کتێبی (پاڵەوانان) لە ساڵی ١٨٤١، بۆ یەکەم جار سەبارەت بە ئیسلام، گۆڕانکاری لەهزری ئەروپییەکاندا دروست کرد، نێوبراو سەبارەت بە قورئان دەڵێت: کاتێک ئێمە قورئانی پیرۆز دەخوێنینەوە

(٣٣) العالم الاسلامي وقضاياه التاريخية، بيانكا ماريا سكارسيا، و: سمير سعد، ل٤٠-٢٠٧

(٣٤) ماڵپەڕی eltwhed.com

(٣٥) تاريخ قرآن، ابو عبدالله زنجانى لاپەڕە ٦٠ / قرآن و کتابهاي ديگر آسمانى، عبدالكريم هاشمى نژاد، بە كوشش دكتر جواد عباسى، لاپەڕە ٣٠١ .

دەبینین ئەم کتێبە جیا لەوەی کە وەحی ئاسمانییە، لەڕووی وشەو سازکردن و لێکدانی ڕستەکانیشدا ڕەوانبێژترین کتێبە، هەر کەسێک بەوردی قورئان بخوێنێتەوە، دەبینێ زۆر حەقیقەتی بۆ ئاشکرا بوون و، تێدەگات کە ئەم کتێبە وابەستەیە بەئەسڵێکی ڕاستەقینەو پەیوەندی بە مەبدەئێکی پیرۆزەوە هەیە، گومانیش لەوەدا نییە کە گوتاری ڕاستەقینەو دروست بەسەر دڵاندا زاڵ دەبێت، ڕاستیش ئەوەیە کە هەموو کتێبێک لەبەرامبەر قورئاندا کەم و بچووکن، ئەم کتێبە لەهەموو عەیب و بنەمایەکی ناپەسەند پاک و بێگەردە.(٣٦)

### ١٨- تیودور نۆلدکە Theodore Noeldeke ١٨٣٦ – ١٩٣٠ز

ڕۆژهەڵاتناس و ئیسلام ناسی ناوداری ئەڵمانی و نووسەری کتێبی (مێژووی قورئان)، لەبارەی قورئانەوە دەڵێت: قورئان بەو بەڵگە زانستی و شێوازە سەلمێنەر و دڵنیاکەرەوەی کە هەیەتی، دڵی بیسەران بەلای خۆیدا ڕادەکێشی و ڕووی قسەیان تێ دەکات، هەمیشە زاڵە بەسەر دڵی ئەو کەسانەدا کە لەدوورەوە دژایەتی دەکەن و بەخۆیەوە دەیانبەستێتەوە، شکۆ و گەورەیی قورئان لەگەڵ ئەو سادەیی و ڕەوانبێژییە تایبەتەی کە هەیەتی، بە چڵەپۆپەی کەمال گەیشتووە، ئەم کتێبە توانی لە خەڵکێکی درندەو پەروەردە نەکراوا، خەڵکێکی مەدەنی و پێشکەوتوو دروست بکات، کە فێرکردن و پەروەردەکردنی خەڵکی دونیایان گرتە ئەستۆ، (گۆتە) دەڵێت: قورئان دەبێتە بەڕێوەبەری جیهان.(٣٧)

### ١٩- پۆڵ کازانۆڤا Paul Casanova ١٨٦١ – ١٩٢٦ز

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی و مامۆستای (اصول العربیة) لەزانکۆی میسرو، وەرگێڕی (الخطط)ی مەقەریزی بۆسەر زمانی فەرەنسی دەڵێت: هەرکاتێک داوای موعجیزەیەکیان لە محەمەد (د. خ) دەکرد کە ڕاستی بانگەشەکەی بسەلمێنێ، ئەو هەندێ قورئانی بۆ دەخوێندنەوە، چونکە شکۆو گەورەیی بێ هاوتای قورئان، بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە ڕەگ و ڕیشەیەکی خودایی و مەلەکوتیی هەیە، لەڕاستیدا بۆ ئەوانەی کە موسڵمانیش نین، هیچ شتێک لە قورئان سەرنج ڕاکێشتر نییە، چونکە بەهۆی دەربڕینە جوانەکانی و ئاوازە

---

(٣٦) قرآن و کتابهاي دیگر آسماني، عبدالکریم هاشمی _نژاد، به کوشش دکتر جواد عباسی ، ساڵی چاپ ١٣٨٥ه. ش. لاپەڕە ٢٩٩-٣٠٠.

(٣٧) (غوتە والعالم العربی) نووسینی پسپۆڕی زمان و وێژەی ئەڵمانی خاتوو (کاتارینا مومزن)، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی دکتور عدنان عباس علی لاپەڕەکانی ١٧٧، ١٨٨، ٢٦١ .



دڵنیشەکەی، خەڵکی ئەو کاتی – کە زۆر تامەزرۆی ڕەوانبێژی بوون – شێت و شەیدای خۆی کردبوو و ناچاری کردبوون پەسەندی بکەن، فراوانی شێوازەکان و ئاوازو سەجع و قافیە سەرسوڕهێنەرەکانی، زۆر جار بیر و باوەڕی موشریک و دوژمنانیشی دەگۆڕێ.(٣٨)

### ٢٠- ج، م رۆد ویل G. M. Rodwel

نووسەری ئینگلیزی لەپێشەکی ئەو تەرجومەیەدا کە بۆ قورئانی کردووە دەڵێت: پێویستە دان بەوە بنێین کە قورئان بەهۆی ڕێنماییە بەرزو ڕوانینە قووڵەکانی، شایانی ئەوەیە گرینگی پێ بدرێ و ئاوڕی لێ بدرێتەوە، چونکە ئەو قورئانە هەمان ئەو گیانە بەهێزەیە کە میللەتێکی نەزان و هەژاری گۆڕی و شارستانیەتێکی بەهێزی هێنایە وجود کە ڕەونەقێکی تەواوی هەیە، شارستانیەتێک کە باڵەکانی خۆی لە ڕۆژئاواوە تا ئیسپانیا، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە تا سنووری هیند بڵاو کردووەتەوەو، لە کاتێکی کەمیشدا توانی ئیمپراتۆریەتێک دابمەزرێنێ. قورئان مەکانەتێکی بەرزی هەیە، چونکە توانی لەنێو میللەتێکی بتپەرستدا ناوی خوداو ئافەریدەی جیهان بڵاو بکاتەوە و پەسن و ستایشی بدات و بەهەموو کەسێکیشی ڕابگەیێنی . ئەوروپا نابێت لەبیر بکات کە قەرزداری قورئانەکەی محەمەدە، چونکە قورئان بوو خۆری زانست و مەعریفەی لەئەوروپا هەڵێنا.(٣٩)

### ٢١- جۆن ولیام درێپر johan William Draper ١٨١١- ١٨٨٢ز

زانای ئەمریکی و مامۆستای زانکۆی نیۆیۆرک و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە (طب و حقوق) دەڵێت: قورئان بووەتە زامنی گەورەترین کاری مومکین و خزمەتگوزاری بەرچاو و بەرز، ئەم کتێبە باشترین سەلمێنەری بانگەشەی محەمەدی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامە. قورئان هۆشداری و ڕێنمایی زۆر بەرزی ئەخلاقی تێدایە، سووک داڕشتنی قورئان بەجۆرێک ڕێکخراوە، کە بەهەر لاپەڕەیەکیدا بچینەوە بەرزترین شت دەدۆزینەوە، بە شێوەیەک کە هەموو کەسێک بڕوای پێ بێنێت و پەسەندی بکات، ئەم پارچە ئایەتە بچووکانە، هەندێ دروشم و یاسامان فێردەکەن کە بۆ هەر ڕووداو و پێداویستییەکی ژیان گونجاو و بەسوود بن.(٤٠)

---

(٣٨) ماڵپەڕی Ask quran.net

(٣٩) اسلام از نظرگاه دانشمندان غرب، ترجمة وحواشي علي اصغر حکمت، تهران، امیرکبیر، ١٣٥٧ه.ش ل٤٧ .

(٤٠) تاریخ التطور الفکری الاوروبی، بەرگی یەکەم، لاپەڕەکانی ٢٢٩-٢٣٠، چاپی لەندەن ١٨٧٥

٢٢– جیمز. أ. میچز .james. A. Mechz

زانای گەورەی هۆڵەندی دەڵێت: لەوانەیە لەهەموو جیهاندا قورئان زیاتر لەهەموو کتێبێک خوێنەری هەبێت، بۆیەش زیاتر لەهەموو کتێبێک پارێزراوە، قورئان وەکو ئینجیل نییە، بەڵکو لەشێوازێکی زۆر جواندا داڕێژراوە و نووسراوەتەوە، نەشیعرەو نەپەخشانێکی ئاسایی، کەچی ئێستاشی لەگەڵدا بێت توانییەتی و دەتوانی بیسەرانی بەرەو چێژو سۆزی گەرمی ئیمان پاڵ بدات، قورئان لەنێوان ساڵەکانی ٦١٥– ٦٣٢ لەشارەکانی مەککەو مەدینە بەڕێگای وەحی بۆ پێغەمبەر نێردراوە، نووسەرە فیداکار و دڵسۆزەکانیش لەسەر ڕووپەڕی کاغەزو گەڵای دار و ئێسکە سپییەکانی مەڕوماڵاتیان نووسییەوە، یەکەمین ئیلهام لەو قورئانەدا هزر و بیری مرۆڤی بەرەو یەکتاپەرستی وەرگەڕاند، کە بێجگە لەخودایەک هیچ خودایەکی تر نییە، خودایەکی میهرەبان و دڵاوا، کە ئەویش زاتی (الله)یە کە خاڵق و دروستکار و وێنەگارە، هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە، پێشاندەری گەورەیی ئەوە، ئەو زاتێکی توانا و دانایە. ئەمەیان پەیامێک بوو توانی بتەکان لەنێو ببات، ئاماژەیەکیش بوو بۆ خەڵکەکە تا لەژیانی خۆیان و خەڵکی تردا گۆڕانکاری دروست بکەن. لە ساڵەکانی دواییدا کاتێک ئیسلام دەسەڵاتی لەتەواوی ناوچەکانی عەرەبیدا فراوان کرد، بۆ دامەزراندنی سازمانی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئاینی و مەسەلە پێویستەکان، پێویستی بەهێزێکی زیاتربوو، بۆیەش بۆ قورئان هاتە خوارەوە و ڕێنماییەکانی پێویستی پێشکەش کرد.

کاتێک قورئان باس لە ژیانێکی بەختەوەر دەکات، بەباشی پەردە لەسەر مەسەلەکە هەڵدەماڵێ و بەڕوونی و بێ خۆماندوو کردن باسی لێوە دەکات. لێرەدا نووسەر وەکو نموونە مەسەلەی قەرز باس دەکات، کە لەقورئاندا باس کراوە، کە پێویستە بە هۆی نووسین و ئامادە بوونی دوو شاهید قەرزەکە قایم بکرێت.[٤١]

٢٣– جیمز جۆونز james E. Jones ١٨٧٧ – ١٩٤٦ز

زانای فەلەکی و فیزیایی (جیمس جیۆونز)ی ئینگلیز، کاتی گوێی لەزانای ئیسلامی (عناية الله المشرقي) دەبێت کە ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە (وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ) ، هاوار دەکات و دەڵێت:

(٤١) ماڵپەڕی Ask quran. net.



سەیرە! ئەمەیان هەمان ئەو دۆزینەوەیە کە دوای پەنجا ساڵ لێکۆڵینەوە دۆزیومەتەوە. کێ ئەمەی بە محەمەد (د. خ) ڕاگەیاندووە؟ ئایا بەڕاستی ئەم ئایەتە لەقورئاندا هەیە؟ مادام بەم شێوەیەیە، ئەوا منیش شایەتی ئەدەم کە قورئان پەرتووکێکە لەلایەن خواوە بۆ محەمەد (د. خ) نێردراوە.[٤٢]

٢٤– دیتە فینان Diteh Fenan ١٨٢٣ – ١٨٧٩ز

زانا و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی دەڵێت: ئەو قورئانەی کە محەمەد (د. خ) هێناویەتی جیاوازە لەگەڵ کتێبە ئاسمانییەکانی تری وەک تەورات و ئینجیل، ئەم قورئانە تەنیا کتێبە کە فەرمان بە چاکەو نەرم و نیانی دەکات، بۆ نموونە: کەسێک بەناوی (حسین) لە (بنی سالم) هاتە لای پێغەمبەر و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا دایک و باوکم هەردووکیان مەسیحین و بەهیچ شێوەیەک ڕازی نین بێنە نێو ئاینی ئیسلام، بۆ ئەم مەبەستە دەمەوێت ناچاریان بکەم، پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی: (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)[٤٣]

واتە:(هیچ کەسێک ناچار ناکرێت بۆ گۆڕین یان وەرگرتنی دین...)

هەروەها فەرمووی:(وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ)[٤٤]

واتە: (موناقەشە لەگەڵ ئەهلی کیتاب نەکەن، مەگەر بەشێوەیەکی جوان...)[٤٥]

٢٥– دیسری پلانسیە Desri Plansiya

زانای ناسراوی فەرەنسی دەڵێت:محەمەد (د. خ) کتێبێکی هێناوە و بەهەموو مرۆڤایەتی ڕاگەیاندووە، داواشی لە هەر هەموویان کردووە کە ئەگەر دەتوانن، با یەک سورەتی هاوشێوەی قورئان بێنن، کەچی هەموو ناحەزانی لە بەرامبەر ئەو داواکارییەدا بێ توانا مانەوە و، بێ ئومێد بوون لەوەی کە بتوانن ئەو داواکارییە بەجێ بێنن، بەڵێ هەر هەموویان

(٤٢) ماڵپەڕی majdah.maktoob.com .

(٤٣) البقره ٢٥٦ .

(٤٤) العنكبوت ٤٦

(٤٥) نظریه دانشمندان جهان دربارة قرآن ومحمد، حسین وجداني عطائي–تهران، ١٣٦٢ه.ش ل ٣٥.

له بنبەستی بی هێزی و بێ تواناییدا سەرگەردان بوون و هەموو دەرگاکانی ئومێدیان بە ڕوودا داخرا.(٤٦)

## ٢٦- دێیڤید سامیول مارگوڵس David Samuel Margolis ١٨٥٨ - ١٩٤٠ز

زانای ئینگلیزی و مامۆستای زانکۆی (ئوکسفۆرد) دەڵێت: بێگومان قورئان پلەیەکی زۆر بەرزی لەنێو کتێبەکانی ئەم جیهانەدا هەیە، هەرچەندە نوێترین و کۆتایی کتێبەکانی ئیلاهییە، بەڵام ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر تاکەکانی مرۆڤی بەجی هێشتووە، قابیلی بەراوردکردن نییە لەگەڵ ئەو کتێبانەی کە تەمەنێکی درێژتریان لەئەو هەیە، چونکە ئەم کتێبە قۆناغێکی نوێی لەهزری مرۆڤایەتیدا داهێنا و جۆرێک ڕەوشتی نوێی هێنایە کایەوە.(٤٧)

## ٢٧- دیفرجە Defregeh ١٨٠٥ - ١٨٦٧ز

زانای ناسراوی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا بەناوی (العالم - جزيرة العرب) دەڵێت: لە قورئاندا بنەمای دینی و ئەخلاقی و فەلسەفی، هەروەها یاساکانی سیاسی و جەنگی و مەدەنی هەیە، کە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک لەهەر لایەنێک لەلایەنەکانی بەرفراوانی ژیان ڕێک دەخات.(٤٨)

## ٢٨- دینۆرت

زانا و ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی دەڵێت : پێویستە دان بەوەدا بنێین کە زانستەکانی سروشتی و فەلەکی و فەلسەفی و بیرکاری کە لە ئەوروپادا بە چڵەپۆپە گەیشتووە، بەگشتی لەقورئان وەرگیراون، بەڵکو ئەوروپا قەرزداری ئیسلامە.(٤٩)

(٤٦) اسلام از دیدگاه دانشمندان جهان، علی آل اسحق خوئینی،لاپەڕە ٥٩٦، دفتر تبلیغات اسلامی ژمارە٦٥١، قم ١٣٧٠هـ.ش.

(٤٧) قدمی در شناخت قرآن (فارسی) مهدی معینیان، شیعه، تهران، بنیاد قرآن، چاپ اول،١٣٦٤هـ.ش سنی، لاپەڕە ٢٣٩ .

(٤٨) ماڵپەڕی askquran.ir

(٤٩) امامي، جعفر و آشتياني، محمد رضا، طرح نو تدریس عقاید اسلامي، سازمان تبلیغات اسلامي، لاپەڕە ٢٢٩، بەرگی ١، ١٣٦٨ هـ.ش، (بی جا).



## ٢٩- ژۆل لابوم Jules Labwume ١٨٠٦ - ١٨٧٦ز

ڕۆژهەڵاتناسی فەرانسەوی دەڵێت: ئەی خەڵکینە، بەوردی سەیری قورئان بکەن تا ڕاستییەکانتان بۆ ئاشکرا بن، ئەو هەموو زانست و هونەرەی کە عەرەبەکان بەدەستیان هێنا، ئەو هەموو کۆشک و تەلارەی زانست کە عەرەبە کێوییەکان بناغەیان دامەزراندن، بنەماو سەرچاوەکەی لە قورئان داڕێژراوە، پاشان موسڵمانانیش زیاتر پەرەیان پێدا. هەموو ئەو زانستانە تەنیا ڕووبارێکی بچووکە لە ڕووبارە گەورەکانی قورئان، قورئان زیاتر ترساندن و تامەزرۆکردنە (ترهيب) (ترغيب)، ڕووی وتارەکانیشی تەنیا لەگەورە پیاو و سەرانی نەتەوە نییە، بەڵکو ڕووی وتارەکانی لەخەڵکە بەگشتی، هەروەکو دەفەرموێت: (يا أَيُّهَا اذينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ ناراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلائِكَةٌ غِلاظ شِدَادٌ لا يعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيفْعَلُونَ مَا يؤمَرُونَ) التحريم ٦

واتە: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە، خۆتان و ئەهلی خۆتان لەئاگر بپارێزن، ئەو ئاگرەی کە سووتەمەنییەکەی خەڵک و بەردە.. هتد.

هەروەها دەفەرموێت: ( يا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُم بُرْهَانٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُوراً مُّبِيناً) (٥٠)

واتە: ئەی خەڵکینە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراتان لەلایەن خواوە بۆ هات و نوورێکی ئاشکرامان بۆ ئێوە ناردووەتە خوارەوە.

ئەمەشیان بنەمایەکی بەهێزە بۆ ڕێنماییکردنی میللەتان و ڕاکێشانیان بەرەو بەختەوەری.(٥١)

ناوبراو لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (فێهرستی قورئان) دەنووسێت: خەڵک لە هەر ڕەگەزو نەتەوەیەک بن، پێویستە بەئینسافەوە بارودۆخی مرۆڤ بەر لەهاتنی ئیسلام لەڕووی زانستییەوە شرۆڤە بکەن، تاوەکو دان بەوەدا بنێن کە زانست و زانیاری بە واتا بەرفراوانەکەیەوە، لە ڕێگای موسڵمانانەوە گەیشتە جیهان، موسڵمانان زانست و زانیارییەکانیان لە قورئان وەرگرتووە، کە وەکو دەریایەکی پڕ لە زانستە، لەو دەریایەدا

(٥٠) النساء ١٧٤

(٥١) قرآن و کتابهاي دیگر آسماني، عبدالکریم هاشمي – نژاد، بة کوشش دکتر جواد عباسي ،ساڵی چاپ ١٣٨٥هـ.ش لاپەڕە ٢٩٦ .

چەندین چۆم و ڕووباریان دروست کرد. قورئانیش بۆ هەمیشە زیندووە و هەرکەسێک بەقەدەر ئامادەگی و تێگەیشتنی خۆی بەهرەی لێ دەبات.[٥٢]

### ٣٠- ژان ژاک ڕۆسۆ Jean Jac Rousseau ١٧٢١ – ١٧٧٨ز

فەیلەسووف و نووسەر و سیاسەتوان و ناوداری فەڕەنسی – سویسری دەڵێت: حەزرەتی محەمەد (د. خ) بیر و ڕای ڕاست و دروستی هەبوو، سازمانی سیاسی خۆی بەباشی ڕێک دەخست، هەندێ خەڵک کەمێک لەزمانی عەرەبی فێردەبن و دێن قورئان دەخوێننەوە و گاڵتەی پێ دەکەن و پێی پێ دەکەنن، جا ئەگەر ئەو کەسانە گوێیان لە محەمەد (د. خ) ڕاگرتبا کاتێ بەسەر خەڵکدا بەو زمانە پاراو و ناسکە، بەو دەنگ و ئاوازە دڵڕفێن و کاریگەرەی کە لە قووڵایی دڵیەوە دەهات دەیخوێندەوە، بیاندیبایە چۆن بەهێزی بەیان پشتگیری لەیاساکانی دەکات، بەڵێ ئەو کەسانە بەکڕنۆشەوە دەکەوتنە سەر زەوی و هاواریان دەکرد: ئەی پێغەمبەری خودا، دەستمان بگرە بۆ سەربەرزی و شەرەف و شکۆ، یان بۆ ئەو شوێنەی کە پڕیەتی لەمەترسی، پێمان خۆشە لە پێناوتدا یان بمرین یان سەرکەوین.[٥٣]

### ٣١- جوزف هوروڤتس Joseph horovitz

زانا و ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دەڵێت: قورئان هۆکارێکی زۆر بەهێز بوو لەبەرزکردنەوەی هزر و بیری موسڵمانان، قورئان ئەوان بۆ زانست و دۆزینەوەی بیر و بیرکردنەوە پاڵ ئەدات، قورئان بووە پاڵنەر و پێشڕەوی موسڵمانان لەسەر زەمینی ئەوروپا، لەوێ کە تاریکی هەموو شوێنێکی داگرتبوو، ئەوان چرای مرۆڤایەتییان داگیرساند و خزمەتێکی شیاو و بەرچاویان بە زانست کرد، چونکە زانستەکانی پێشینانیان دووبارە زیندوو کردەوە و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان فێرە زانستەکانی فەلسەفەو پزیشکی و ئاوەدانکردنەوە و ئەستێرەناسی کردو ئێمەیان خستە سەر ڕێڕەوی سەرهەڵدانی نوێی زانستی، لەم ڕووەوە هەرجارێک کە ڕووخانی (غرناطە)ی پایتەختی موسڵمانانی ئیسپانیا بەبیر دێنینەوە، ناتوانین ڕێگە لە ڕشتنی فرمێسک بگرین.[٥٤]

(٥٢) نظریة دانشمندان جهان دربارة قرآن و محمد، حسین وجداني عطائي–تهران،١٣٦٢ هـ.ش ل٥١

(٥٣) قراردادهای اجتماعی ژان ژاکرۆسۆ، ترجمه غلامحسین زیرک زاده، چاپ دووەم، ل ١٧١

(٥٤) اسلام از دیدگاه دانشمندان غرب ، نصر الله نیک آیین، شرکت سهامی سیمان فارس و خوزستان (بی تا) لاپەڕە ٤٦ .



### ٣٢- ڕاکستۆن F.H. Ruxton

ڕۆژهەڵاتناس و وێژەوانی ئیسکۆتلەندی دەڵێت: ساڵانێکی دوور و درێژ بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕام، سەرەنجام لە ئیسلامدا دۆزیمەوە، پاشان قورئانی پیرۆزم بینی و دەستم کرد بە خوێندنەوەی، تەنیا ئەو بوو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی منی دایەوە، قورئان ترس و شکۆ بەدڵدا دێنێ، لەهەمان کاتیشدا دەسەلمێنی کە هەرچی فەرموویەتی ڕاست و دروستە.[٥٥]

### ٣٣- راینهارت دۆزی Reinhart Dozy ١٨٢٠ – ١٨٨٤ز

زانا و مێژوو نووسی هۆڵەندی و نووسەری (مێژووی دەوڵەتی ئسلامی لە ئەندەلوس و مەغریب) دەڵێت: قورئانی پیرۆز هەمیشە فەرمانی خەڵکی بەچاکەکاری دەکات و مرۆڤی سەرەڕۆ مەغروور دەترسێنێ، عەرەبەکان دوای ئەوەی موسڵمان بوون و بڕوایان بەقورئان هێنا، بەجلوبەرگێکی نوێوە بەرامبەر بەخەڵکی جیهان خۆیان نواند، کە بریتی بوو لە ئاشتیخوازی و هێمنی و ئازادی بیروڕا لە مامەڵەکردن و ڕەفتارکردندا.[٥٦]

نووسەر دوای ئەوەی باس لەداب و نەریتی بتپەرستان دەکات، سەبارەت بە پێغەمبەر (د.خ) دەڵێت: ئا لەم شەوە زەنگەدا، لەنێو خەڵکێکی دەمارگیر و توندڕەودا لە ٢٩ی ئۆگستی ساڵی ٥٧٠ی زایینی محەمەد (د. خ)ی کوڕی عەبدوڵڵا لەدایک بوو، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە جیهانی مرۆڤایەتی لەو کاتدا پێویستی بەڕووداوێکی گەورەی لەم جۆرە هەبوو، تاوەکو خەڵک لەوحاڵەی کە تێیدا دەژیان هۆشیار بکاتەوەو، ناچاریان بکات بیرێک لە حاڵی خۆیان بکەنەوە، تاوەکو لەو گێژاوە ڕزگاریان بێت کە تێی کەوتوون.[٥٧]

### ٣٤- ڕۆبرتسون سمیث W.Robertson smith. ١٨٥٦ز– ١٩١١ز

قەشەو ڕۆژهەڵاتناسی ئیسکۆتلەندی دەڵێت: هەندێ خەڵک دەڵێت قورئان کەلامی محەمەدە، ئەمەش لەڕاستیدا جگە لە درۆ شتێکی تر نییە، چونکە قورئان ئەو کەلامەی خودایە کە بۆسەر دڵ و زمانی محەمەدی پێغەمبەر نێردراوە، چونکە ئەو محەمەدەی کە

(٥٥) اسلام شناسی غرب کاظم مدرس لاپەڕە ٦٠ .

(٥٦) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خیرالله مرداني، انتشارات آیین جعفري، تهران، ل ٥٢ .

(٥٧) الرسول في الدراسات الاستشراقیة المنصفة، محمد شریف الشیباني، ل ٦ بەنەقل لە کتێبی (عرب اسبانیا)ی ڕاینهارت دوزی.

کەمترین خوێندەواری نەبوو، ناتوانی لە سەدە کۆنەکانی ڕابردوودا کەلامێکمان بۆ بێنی کە عەقڵی حەکیم و زانایان تێیدا سوڕ بمێنی و خەڵک لەتاریکییەوە بۆ ڕووناکی ڕێنمایی بکات. لەوانەیە سەرتان لە دانپێدانانی پیاوێکی ئەورووپی بەم ڕاستییە سوڕ بمێنی، بەڵام من قورئانم بە قووڵی خوێندووەتەوە، ئەو مانا بەرزو ڕێکخستنە پتەو و ڕەوانبێژییەم تێدا بینیوە، کە لە هەموو ژیانمدا نەمبینیوە، تەنیا یەک ڕستە لەو قورئانە شوێنی چەندین نووسراو دەگرێتەوە، ئەمەش هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە محەمەد (د. خ) گەورەترین موعجیزەی لەلایەن پەروەردگاریەوە هێناوە.(٥٨)

قورئانی پیرۆز لەبارەی سەرکۆنەکردنی حەسودی، دووڕوویی، کینە، خۆبەزل زانین، سەرکەشی و نادادپەروەری و هاوشێوەکانیان، زۆر سەختگیرە. لەبارەی سیفەتە جوانەکانی وەک: هێمنی، ئارامی، حەقناسی، ڕاستگۆیی و، ترس لە خودا، زۆر جیدی و مکورە.(٥٩)

### ٣٥- رینبۆرت Renbort

ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئەورووپی دەڵێت: دەبێت دان بەوەدا بنێین کە زانستەکانی: سروشتی، فەلەکی، فەلسەفە، بیرکاری، کە لەسەدەی دەیەمدا ئەورووپایان زیندوو کردەوە، لە قورئان وەرگیراون، بەڵکو ئەورووپا ڕەهینی چاکەی ئیسلامە.(٦٠)

### ٣٦- سادیو Sodieu ١٨٠٧ - ١٨٧٥ز

ڕۆژهەڵاتناس و نووسەری ناوداری فەرانسەوی دەڵێت: لە قورئاندا هیچ یەکێک لە ڕێنماییەکانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لەیاد نەکراون، یاساو بڕیارەکانی لەسەر بنەمای زانستی و، بناغەکەشی لەسەر دادپەروەری و چاکەکاری بنیات نراوە، ئامانجەکەشی تەنیا پێشاندانی ڕێگای ڕاست و ڕێگرییە لە گومراهی و پروپووچ ...

لەم کتێبەدا هیچ یەکێک لە بنەماکانی پاکیزەیی و خاوێنی و هۆیەکانی ڕزگاربوون لەعەیب و ناتەواوی پشت گوێ نەخراون و، دەتوانی خەڵکی جیهان بەجوانترین شێوە ئاراستە بکات. قورئان توانی نەتەوەی عەرەب لە سەرگەردانی و شەرمەزاری و ئەنجامدانی

(٥٨) ماڵپەڕی eltwhed.com

(٥٩) اسلام شناسی غرب، کاظم مدرس لاپەڕە ٥٦ .

(٦٠) فرهنگ و ایدئولۆژی اسلام از دیدگاه ژۆل لابۆم م.ر. دریایی . نشر حیان لاپەڕە ٣٥٩ .



تاوان دوور بخاتەوەو، بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنماییان بکات، ئەم کتێبە حەقیقەتی وای لەخۆ گرتووە کە چاوی ئەو کەسانەی کە بەدوای عەیبدار کردنیەوەن لە بینینیان و گوێچکەکانیان لە بیستنیان کوێر و کەڕ کردووە.(٦١)

### ٣٧- خاتوو ستان رانی تنس Stan Roni Tens

زانای هۆڵەندی دەڵێت: ناوەرۆکی ئەم کتێبە ئاسمانییە تەواو لەگەڵ عەقڵ و فیترەتی مرۆڤ یەک دەگرێتەوە و لە باسکردنی شتی گۆترەو پێچەوانەی عەقڵ بە تەواوی پاکە. قورئان لەبارەی ژناندا دادوەرییەکی عادیلانەی هەیە، بەپێچەوانەی هەندێ مەرام و ئاین کە ڕەگەزی ژنیان تا سنووری بەندایەتی هێناوەتە خوارەوە و بەهیچ نرخ و بایەخێکی قایل نین، قورئان ئەوی لەزۆر ئیمتیازو مافەکانی مرۆیی بەهرەمەند کردووە و پلەو پایەی گەورەی بۆ ژن لەبەرچاو گرتووە.(٦٢)

### ٣٨- سێر ویلیەم موئیس Sir William Mauies ١٨١٩ - ١٩٠٥ز

زانا و مێژوونووسی ناوداری ئینگلیزی دەڵێت: قورئانی محەمەد (د. خ) کتێبێکە پڕیەتی لەبەڵگەی ڕوونی عەقڵی و زانستی، هەروەها پڕیەتی لەبابەتی بێ ژماری یاساکانی دادوەری و ماف و ڕێنمایی زۆر بەرز، کە بۆ پاراستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانی زۆر پێویستن، ئەم بابەتانە بەهەندێ ڕستەی سادەو ساکار، لەهەمان کاتیشدا ڕێک و پتەو، لەم کتێبە پیرۆزەدا هاتوون، کە خوێنەران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.(٦٣)

### ٣٩- سێر ولیەم میور Sir William Muir ١٨٠٨ - ١٨٦٧ز

مێژوو نووسی ئینگلیزی لە کتێبەکەیدا بەناوی (اعتقاد الإسلام) دەڵێت: قورئان پڕیەتی لەبەڵگەی پەیوەندیدار بەبوونەوەرە هەستپێکراوەکان، هەروەها پڕیەتی لەبەڵگەی عەقلی لەسەر هەبوونی خودای پاک و خاوەن موڵک، قورئان حەقیقەتی ساغبوونەوەی دوای مردن بەچەندین وێنەی ڕاست و دروست و سەرسوڕهێنەر دەخاتە ڕوو.(٦٤)

(٦١) قرآن و کتابهاي ديگر آسماني، عبدالکريم هاشمي _نژاد، به کوشش دکتر جواد عباسي، ساڵی چاپ ١٣٨٥هـ.ش لاپەڕە ٢٩٨ .

(٦٢) نظریه دانشمندان جهان درباره قرآن و محمد، حسین وجدانی عطائی ـ تهران، ١٣٦٢ هـ.ش ل ٥٦

(٦٣) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران ، ل ٥١.

(٦٤) ماڵپەڕی islamprophet.ws و askquran.ir

٤٠– سیر کو ویلیام Sir kue William

کەسایەتی ناوداری ئینگلیزی دەڵێت: بە قسەی تەواوی ڕۆژهەلاتناسانی جیهان، قورئان بەو پەڕی ڕەوانبێژی و پاراوی هاتووەتە خوارەوەو، سووکی و شێوازی داڕشتنەکەشی بەپلەی ئیعجاز گەیشتووە.(٦٥)

٤١– شارل فرانسیس Charl Francis

زانای ناسراوی ئەمریکی دەڵێت: ئینجیل کتێبێکە لە ئەمریکا کەس نایناسێت، بەلام قورئان کتێبێکە هەموو موسڵمانێک لێی ئاگادارە، ئەمەش بانگەشەیەکی بێ بنەما نییە، بەڵکو واقیعیەتە، بەلام دەبێت ئەوەش بڵێین کە نەناسینی ئینجیل لە خۆشبەختی ئاینی مەسیحییە.(٦٦)

٤٢– گۆتە dr. Johann wolfgang Goethe ١٧٤٩ – ١٨٣٢ز

فەیلەسووف و لێکۆڵەرو شاعیر و زانا و وێژەوان و بیرکاری زانی ناوداری ئەڵمانی دکتور جۆهان ولفگانگ ناسراو بە(گۆتە) دەڵێت: لە حەماقەتی ئادەمیزادە کە تەنیا بیر و باوەڕی خۆی پەسەند بکات، هەرکاتێ ئیسلام بەمانای تەسلیمبوون بێت بە ویستی خودای جیهان، ئەوا ئێمە هەموومان لەئیسلامدا دەژین و بە موسڵمانیەتیش دەمرین.(٦٧)

هەروەها دەڵێت: لە هەر کاتێکدا کە قورئان دەخوێنمەوە هەست دەکەم گیانم لەنێو جەستەدا دەلەرزێ. کاتێکیش چاوم بە قورئانی وەرگێڕاو کەوت – کە لەڕاستیدا وەرگێڕانێکی تەواویش نەبووە – دەڵێت:

لە زۆر خوێندنەوە و دووپاتکرنەوەی قورئاندا هەستم بەماندووبوون دەکرد، بەلام لە گەورەیی و دەربڕینە جوانەکانی قورئان سەرسام دەبووم، چونکە قورئان کتێبی هەموو کتێبانە، بڕوای منیش بە قورئان وەکو بڕوای هەر موسڵمانێکە.(٦٨)

(٦٥) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خیراله مرداني، انتشارات آیین جعفري، تهران ، ل ٥٦ .

(٦٦) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خیرالله مرداني، انتشارات آیین جعفري، تهران، لاپەڕە ٦١.

(٦٧) اسلام از دیدگاه دانشمندان غرب نصرالله نییک آیین ، درود، شرکت سهامی سیمان فارس و خوزستان، (بی تا) لاپەڕە ١٠٩ .

(٦٨) الإسلام وسائر الأديان، نوری ڕأفت قورور، چاپ و بڵاوکردنەوەی (وقف اخلاص) استانبول ١٩٩٦، لاپەڕە ١٣٢ .



هەروەها دەڵێت: ئێمە لەسەرەتادا– بەهۆی وەسوەسەی کەشیشەکان و دژایەتییان بۆ قورئان – پشتمان لە قورئان کرد، بەلام زۆری نەخایاند ئەم کتێبە سەرنجی ئێمەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و دووچاری سەرسوڕمانی کردین، بە ڕادەیەک کە لە بەرامبەر بنەما و یاسا زانستییە گەورەکانیدا سەری تەسلیمبوون دادەنەوێنین. لە یەککگرتنەوەی وشەکان لەگەڵ مانەکەدا، گەورەیی و شکۆی قورئان زیاتر خۆی دەنوێنێ، من لەو باوەڕەدام ئەم کتێبە لە کاتێکی نزیکدا کاریگەری قووڵی خۆی لەسەر هەموو جیهان بەجێ دەهێڵێ و سەرەنجام دەبێتە بەڕێوەبەری جیهان.

کاتێکیش تەمەنی گەیشتە حەفتا ساڵ (گۆتە) بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە بە نیازە بەخشووعەوە لەو شەوەدا کە قورئانی پیرۆز بۆ سەر پێغەمبەری خوا نێردراوە، ئاهەنگێک سازبکات.(٦٩)

٤٣– گۆرگیس سال ١٦٩٧ز– ١٧٣٦ز

زانای نێوداری ئینگلیزی سەبارەت بەقورئان دەڵێت: شێوازی قورئان شێوازێکی لە ڕادەبەدەر جوانە، بەلام لەو شوێنانەدا کە باس لە گەورەیی و بەرزی خوداوەندی پاک دەکات، شێوە و شێوازەکەی زۆر جوانتر و شیرینتر خۆی دەنوێنێ، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە قورئان بەو شێوازە جوانەی کە هەیەتی بیروهۆشی گوێگرانی ئەسیر دەکات و بەخۆیەوە پابەندیان دەکات، جا ئەو کەسانە بڕوایان بە قورئان هەبێت یانیش ناحەزو زۆرانبازی بن، سەرەنجام دەستەی دووەم – ناحەزانی – بەو جۆرە گوزارشت لە سەرسوڕمانیان دەکەن کە بەهۆی قورئان و شێوازە جوانەکەیەوە سیحریان لێ کراوە، بۆیەش بەبێ دەنگی پەسەند کردن و سەرسوڕمانەوە گوێ بۆ خوێندنەوەکەی شل دەکەن.(٧٠)

٤٤– دکتور گۆستاف لێبۆن Dr. Gustav Lebon ١٨٤١ – ١٩٣١ز

ڕۆژهەلاتناس و مێژوونووس و پزیشکی فەرانسەوی و وەزیری پێشووتری فەرهەنگی ئەو وڵاتە، لە کتێبەکەیدا بەناوی (شارستانیەتی ئیسلام و عەرەب) دەنووسێت: مەکتەبی ئەخلاقی قورئان بەرزترین نموونەی ئەخلاقە، قورئان خەڵک بۆ سەدەقەو چاکەو داوێن پاکی و ڕێزنان لەیەکتری و میانەڕەوی هان دەدات و، ڕێنماییان دەکات بۆ گرنگیی پابەند بوون

(٦٩) ماڵپەڕی majdah.maktoob.com

(٧٠) قرآن برفراز اعصار، عبدالرزاق نوفل، لاپەڕە ٦٥ .

به پەیمان و بەڵێنەکانیان و، دۆستایەتی لەگەڵ دەر و دراوسێ و، پتەو کردنی پەیوەندی خزمایەتی و، دانی مافی خاوەن مافەکان و، لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی بێوەژنان و داماوان و، گرنگیدان بەکاروباری هەتیوان و بێ باوکان، ئەمانە ئەو داب و دەستوورە بەرزانەن کە قورئان خەڵکی بۆ بانگهێشت کردووە، ئەم داب و دەستوورانەش پلە بەپلە بەرزترن لە ئینجیل و داب و دەستوورەکانی.

لە شوێنێکی تردا دەڵێت: عەرەبەکان (موسڵمانان) یەکەمین کەس بوون خەڵکیان فێرکرد چۆن ئازادی هزر لەگەڵ خۆڕاگری لەسەر دین یەک دەگرنەوە، ئایا کامیان پێویستییان بە عەقلانیکردن هەیە؟ ئەو ئیسلامەی کە بانگەواز بۆ دادوەری عەقڵ دەکات، یان مەسیحییەت کە دەڵێت: بەکوێری گوێڕایەڵی بکەو بڕوا بێنە تەنانەت ئەگەر عەقڵیش نەیبڕێ؟![٧١]

## ٤٥- گۆستن کریستا ١٨٤٠ز- ١٨٩٧ز

زانا و نووسەری ئیتاڵی دەڵێت: لە هەر شوێنێکی ئەو قورئانەدا، کە محەمەد (د. خ) هێناویەتی، مرۆڤ هەندێ ئایەت ئەدۆزێتەوە کە بۆ کاری چاکە مرۆڤ هان بدەن.[٧٢]

## ٤٦- گونا رایکسون Ghona Raykson

زانای ناسراوی سوئیدی دەڵێت: قورئان چەندین بەڵگەی سەلماندنی بوونی خودامان دەداتێ، ئەوەی کە مەبەست و ئارەزووی مەعنەوی مرۆڤیشە تەنیا ئەوەیە. تایبەتمەندییەکی تری ئیسلام لایەنە جیهانییەکەیەتی، چونکە قورئان خودای گەورە تەنیا بەخودای عەرەبەکان نازانێت، بەڵکو بەخودای جیهانیان دایدەنێت. هەموو کتێبە ئاینییەکان خودا تەنیا بە پەروەردگاری ئیسرائیلییەکان و خەڵکانێکی تر ناودەبەن، کەچی قورئان داوامان لێ دەکات بڕوامان بەتەواوی پێغەمبەران هەبێت، چ ئەوانەی ناویان لەقورئاندا هاتووە، چ ئەوانەیشی کە ناویان لە قورئاندا نەهاتووە.[٧٣]

(٧١) مجموعة الفوائد ، موسي الجلالي، لاپەڕە ٦١ .

(٧٢) محمد عند علماء الغرب، خليل ياسين، وآخرون، چاپی ١ بيروت، لبنان، دار الكتاب اللبناني، ٢٠٠٧- ٥٢٨ ص (دار الكتاب اللبنانى المصرى - بيروت) لاپەڕە ١٨٧ .

(٧٣) نظريه دانشمندان جهان درباره قرآن و محمد، حسين وجداني عطائي لاپەڕە ٥٧، تهران ، ١٣٦٢ هـ.



## ٤٧- ڤۆلتێر Volter ١٦٩٤ - ١٧٧٨ز

نووسەر و لێکۆڵەر و مێژوو نووس و شاعیر و فەیلەسووفی فەرەنسی، فرانسوا ماری ئەرویە ناسراو بە(ڤۆلتێر) لەبارەی قورئانەوە دەنووسێت: بێهوودە گوتوویانە کە کاردینالی (نسطوری) قورئانی پێشانی محەمەد (د. خ) داوە، ئایا محەمەد (د. خ) دەیتوانی لەهەموو جەنگێکدا، یان لەهەموو ڕووداوێکدا کە ماوەی (٢٣) ساڵی خایاند، ئەم ڕوحانییە مەسیحییە لەگەڵ خۆیدا ببات و بەردەوام ڕاوێژی پێ بکات؟! ئەم درۆیانە نیشانەی لاوازی عەقڵی ئەو کەسانەیە کە ئەمەیان هۆنیوەتەوە.[٧٤] دواتر بەرگری لە قورئان دەکات و بەو کەسە دەڵێت کە تەوراتی تەفسیر کردووەتەوە و قورئانی بەئەفسانە ناوبردووە: لەواقیعدا قورئان کۆمەڵە پەندێکی ئەخلاقی، ڕێنمایی دینی، ڕازو نیاز لەدەرگای خوداوەند، ترساندنی خەڵک لەخراپەو هاندانیان بۆ چاکەو، سەرگوزەشتەی پێغەمبەرانی خودایەو بەزمانی عەرەبی گواستراوەتەوە، ئایا دەکرێت بە تەقلید لەکەسێکی وەک (نیدهام)ی ئەحمەق و نەخوێندەوار، ئەم کتێبە بە ئەفسانە دابنێین؟[٧٥]

## ٤٨- فرید گیوم Fred Gium ١٨٨٨ - ١٩٦٢ز

ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی ئینگلیزی و مامۆستای زانکۆی لەندەن دەڵێت: قورئان کتێبێکی جیهانییە، ئەدەبیاتی تایبەتی خۆی هەیەو ناتوانرێت کاریگەرییەکەی لە تەرجومەدا بپارێزرێت، زۆر لەمەسیحییە عەرەبەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شێوازە ئەدەبییەکەی، هەروەها زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسەکانیشی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە، کاتێک قورئان دەخوێندرێتەوە ئێمەی مەسیحی دەبینین کە کاریگەریەیکی سیحراویی هەیە، کە سەرنجی بیسەر بۆ ڕستە سەرسوڕهێنەر و ئامۆژگارییە پەندارەکانی ڕادەکێشی، بوونی ئەم جۆرە ئیمتیازانە ئەو بیرۆکەیە دەبەخشی کە قورئان گەورەترە لەوەی ڕکابەرایەتیی بکرێت، ڕاستیش ئەوەیە کە لەئەدەبیاتی عەرەبیدا، سەرەڕای ئەو هەموو بەرفراوانییەی کە لە شیعر و پەخشاندا هەیەتی، هێشتا ناتوانرێ شتێکی تێدا بدۆزرێتەوە کە بتوانی شان لەشانی قورئاندا بدات.[٧٦]

(٧٤) اسلام از نظر ولتر، جواد حديدى لاپەڕە ٣٧٦ . تهران، كانون انتشارات جوان، ١٣٥١هـ.ش

(٧٥) اسلام از نظر ولتر، جواد حديدى لاپەڕە ٤١- ٣٨ . تهران، كانون انتشارات جوان، ١٣٥١هـ.ش

(٧٦) اسلام از ديدگاه دانشمندان جهان، علي آل اسحق خوئيني، بەرگی١، لاپەڕە ٣٨١، دفتر تبليغات اسلامى ژماره ٦٥١، قم ١٣٧٠هـ.ش .

٤٩- دكتور فيليپ. ك. هتى Dr. Philip K. Hiti

دكتور(فيليپ)ی بەڕەچەڵەک لوبنانی و مامۆستای زانکۆی (پرینستون)، کە لە ساڵی ١٨٨٦ز لەدایک بووە دەڵێت:

قورئان کەلامی خودایەو دواین کتێبە کە لەئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە، ئەم کتێبە ئیلاهییە، ئەزەلییەو دروستکراو نییە، ئەو قورئانەی کە ئێستا لەبەر دەستمانە، لەپیت و شێوازی خوێندنەوە و زمانەوانی و(مجازات الكلام)، بەبێ زیاد و کەم هەر ئەوەیە کە لە (ام الكتاب) یاخود (لوح المحفوظ ) لە ئاسمانی هەرە بەرزدا لەسەرەتاوە هەیە، قورئان لەهەر موعجیزەیەک گەورەترە، ئەگەر تەواوی خەڵکی جیهان کۆببنەوە، بێگومان هەر هەموویان لەهێنانی هاوشێوەی قورئان بێ توانا دەمێننەوە، کاریگەرترین بەشەکانی قورئانی پیرۆز کە بەقوڵایی ویژدان و دڵ و دەروونی مرۆڤدا دەچێت، ئەو بەشەیە کە باس لە قیامەت و ژیانی دوا ڕۆژ دەکات... بڕیار و ڕاسپاردەکانی قورئان لەسەر چەند بنەمایەک کورت نەکراونەتەوە، بۆ نموونە:

قاعیدەی (إحسان/ چاکەکاری) یەکێکە لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی قورئان ... وەکو هەر کتێبێکی ئاسمانی کە ڕێنوێنی زۆر بەرزی ئەخلاقییان لەخۆ گرتووە، لە قورئانیشدا ژمارەیەک ئایەت هاتوونەتە خوارەوە، کە نموونەی هەرە بەرزی ڕەوشتی چاکەن.(٧٧)

٥٠- کارلتون اس. گون Carlton S. Goon

زانای ناسراوی ئەمریکی و مامۆستای زانکۆ لە ویلایەتی (پنسلڤانیا) دەڵێت: یەکێک لە ئیمتیازەکانی قورئان ڕەوانبێژییەکەیەتی، هەرکاتێک قورئان بە دروستی بخوێندرێتەوە، بیسەرەکەی چ زوبانی عەرەبی بزانێت و لێی تێ بگات، یان لێی تێ نەگات، کاریگەری لەسەر دائەنێ و لە مێشک و بیری ئەودا جێگەی خۆی دەکاتەوە، ئەو ئیمتیازەی کە لەڕەوانبێژی قورئاندا هەیە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ تەرجومە بکرێتەوە، موسڵمانان بەگشتی قورئان لەزمانە عەرەبیە ڕەسەنەکەیەوە دەخوێننەوە، زۆرێکیش لە موسڵمانان قورئانیان لەبەرە و جاری وا هەیە لە شەوێکدا بەدەنگێکی بەرز هەمووی بخوێننەوە، هەروەکو ئێستا بە بۆنەی مردنی کەسێک دەخوێندرێتەوە، بینا لەسەر ئەمە قورئان دوو

(٧٧) نظرية دانشمندان جهان دربارة قرآن ومحمد، حسين وجداني عطائي-تهران،١٣٦٢ه.ش ل ٢٥.



سوودی بۆ موسڵمانان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە یاساکانی ئیسلامی لێ وەردەگیرێن، دووەمیان ئەوەیە کە لەبارودۆخی جۆراوجۆردا دەخوێندرێتەوە.(٧٨)

٥١- کلۆد فارير Claude Farrere

زانا و وێژەوانی فەرەنسی و مامۆستای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی (دی فرانس) دەڵێت: ئایەتەکانی قورئان جوانن و خوێندنەوەشیان خۆشەو بۆن و بەرامێکی پاک و سەرسوڕهێنەریان تێدایە، چونکە ئەمر بە بوێری و ڕاستگۆیی و دەستپاکی دەکەن و خەڵک بۆ پاراستنی کەسانی بێ هێز و پەرستنی خودایەکی تاک و تەنیا بانگ دەکەن.(٧٩)

٥٢- کنت هنری دوکاستری Ch. Deasterie ١٨٥٢ - ١٩١٥ز

زانا و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی دەڵێت: هەمیشەو تا بە ئەمڕۆشی دەگات، محەمەد (د.خ) قورئانی وەکو بەڵگەیەک لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتییەکەی دەهێنایەوە، ئەمەش ڕەمزو نهێنییەکەو کردنەوەی تەلیسمەکانی مومکین نییە کەسێک بگاتە حەقیقەتی ئەو نهێنییە شاراوەیە، مەگەر کەسێک کە بڕوا بێنی کە ئەم کتێبە لەلایەن خوداوە نێردراوە.

ئەگەر کەسێک بڵێت قورئان کەلامی خودا نییە، بەڵکو کەلامی موحەمەدە، ئێمە سەرەڕای ئەو دوو گریمانەیەش دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئەم ئایەتە جوان و ڕۆشنکەرەوانە لەکەسێکی بیدعەکارەوە نەهاتوون، بە پێچەوانەی بڕوای ئەو کەسانەی کە پێغەمبەرایەتی ئەو زاتە بە درۆ دەزانن، لەوانەیە ئەم بڕوایە بەهۆی بەرچاوتەنگی ئەوانەوە دروست بووبێت و ناچاری کردبن کە پێغەمبەرێک کە پڕیەتی لە ڕاستگۆیی و دەستپاکی، نیسبەتی درۆی بدرێتە لای، چۆن مومکینە پێغەمبەرێک ئەم کتێبەی بەو زمانە پاراوە دانابێت، لە کاتێکدا زمانی قورئان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەکو زمانی لاتینی وا بووە کە جگە لە خەڵکانی زانا و پسپۆر هەموو کەسێک لێی تێ نەدەگەیشت.(٨٠)

(٧٨) اسلام از ديدگاه دانشمندان جهان، على آل اسحق خوئينى، دفتر تبليغات اسلامى ژماره ٦٥١، قم ١٣٧٠ه.ش، لاپەڕە ٥٥١ .

(٧٩) ماڵپەڕی deltwhed.com.

(٨٠) نظريه دانشمندان جهان دربارة قرآن و محمد، حسين وجداني عطائي ـ تهران، ١٣٦٢ هـ.ش لاپەڕە ٣٣ .

## ٥٣- کوسین دی پرسڤال Caussin de Perceval ١٧٩٥ - ١٨٧١ز

ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی فەرەنسی و ئەمینداری گەنجینەی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان لەپاریس و دانەری کتێبی (مێژووی عەرەب) بە زمانی فەرەنسی دەڵێت: مەسەلەی وەحی بوونی قورئان بە یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشە دەژمێردرێت، چونکە توێژەر و لێکۆڵەران تا ئێستا ڕێگاچارەیەکیان سەبارەت بەو مەسەلەیە پەسەند نەکردووە، لێرەدا عەقڵ سەرگەردانە کە چۆن دەکرێت کەسێکی نەخوێندەوار ئەم ئایەتانە بێنێت، خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی دان بەوەدادەنێن کە قورئان چەند ئایەتێکە هزری ئادەمیزاد لەهێنانی هاوشێوەی ئەوا، چ لەڕووی وشە، چ لەڕووی ماناوە بێ هێزو بێ دەسەڵاتە، ئایەتەکان هەمان ئەو ئایەتانەن کە کاتێک (عوقبەی کوڕی ڕەبیعە) گوێ بیستی بوو، لەجوانی ئەو ئایەتانە سەری سوڕما، هەروەها کاتێک (جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵیب) هەندێ لەو ئایەتانەی بۆ (نەجاشی)ی پاشای حەبەشە خوێندەوە فرمێسک لەچاوەکانی هاتنە خوارەوە.[81]

## ٥٤- کومار بۆز بەسانتا Besanta Kumer bos

زانای ناسراوی ئەوروپی لە کتێبەکەیدا بەناوی (المحمدیە) کە لە ساڵی ١٩٣١ چاپخانەی (کلکتا) بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: هیچ بوارێک نەماوە فێڵ و ساختەکاری لە قورئاندا بکرێت، هەر ئەمەشە ئەم قورئانە لەگشت کارە دینییە گرینگەکان کە مێژوویان بۆ چەندین سەدەی کۆن دەگەڕێتەوە جیا ئەکاتەوە...ئەمەش شتێکی یەکجار سەرسوڕهێنەرە کە ئەو مرۆڤە نەخوێندەوارە، باشترین کتێبی لە زمانی عەرەبیدا نووسیوەتەوە.[82]

## ٥٥- کونستان ویرژیل گیور گیو

ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆماننووسی ڕۆمانی ، لە ١٥ی سیپتەمبەری ساڵی ١٩١٦ لە شاری (روس بانی) لە ویلایەتی (مولداوی) لەدایک بووەو، لە زانکۆی (بوخاریست) فەلسەفەی تەواو کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن بۆ ماوەیەک دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، دوای شەڕی جیهانی دووەم کە بارودۆخی وڵاتەکەی تێک دەچێت، ناتوانێت لەوڵاتەکەی

(٨١) تاریخ قرآن ابو عبدالله زنجانی لاپەڕە ١٥٦ . نظریة دانشمندان جهان دربارة قرآن و محمد، حسین وجداني عطائي، لاپەڕە ٤٥ ـ تهران، ١٣٦٢ ه.ش.

(٨٢) ماڵپەڕی eltwhed.com. بە نەقل لە پەرتووکی (المحمدیة) چاپی کلکتا ساڵی ١٩٣١. ل ٤.



بژیت، بۆیە بۆ فەرەنسا کۆچ دەکات و خەریکی وانە گوتنەوە دەبێت، ناوبراو چەندین کتێبی داناوە لەوان ڕۆمانەکەی (کاتژمێر بیست و پێنج)، هەروەها کتێبێکی زۆر بەنرخیشی لەسەر ژیانی پێغەمبەری ئیسلام داناوە بەناوی (محەمەد ئەو پێغەمبەرەی کە سەرلەنوێ ئەبێ بناسرێت)، لەو کتێبەیدا سەبارەت بەکاریگەری قورئان و گرینگیدانی قورئان بەزانست دەڵێت: پێویست ناکات مرۆڤ لە شوێنی محەمەد (د. خ) لە ئەشکەوتی (حراء) دا بێت تا بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم سورەتە - سورەتی العلق - چونکە کاریگەری ئەم وتانە ئەوەندە بەهێزە، مرۆڤ لەهەر کات و شوێنێکدا بیانخوێنێتەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری، بەمەرجێک زمانی عەرەبی بزانێت، چونکە بەبێ زانینی زمانی عەرەبی ناتوانین هەست بە کاریگەری ئەم وشانەو ئایەتەکانی تری قورئان بکەین، بۆیەش تەرجومەکانی قورئان بە زمانەکانی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیتاڵی.. هتد بۆ خوێنەر ئەوەندە کاریگەر نین... تاوەکو دەڵێت: لەئایەتی (٣)ی ئەم سورەتەدا - ئەگەر (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ) بە ئایەتی یەکەمی سورەتەکە دابنێین - هاتووە: (خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ) واتە: خوداوەند مرۆڤی لەپارچە خوێنێک دروست کردوە، لە ئایەتی پێنجەمدا دەڵێت: (الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ) واتە: خوای گەورە مرۆڤی فێرکرد بە قەڵەم بنووسی، لەئایەتی شەشەمدا هاتووە: (عَلَّمَ الإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ) واتە: خوداوەند مرۆڤی فێرە ئەو شتانە کرد کە نەیدەزانی... تاوەکو دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی کە محەمەد (د. خ) کەسێکی نەخوێندەواریش بوو، کەچی یەکەمین ئایەتەکانی قورئان باس لە قەڵەم و زانست و خوێندنەوە و نووسین و کەسبکردنی زانست و فێرکردن دەکات، لەهیچ یەکێک لەدیانەتە گەورەکاندا ئەوەندە گرنگی بە زانست و مەعریفە نەدراوە، ناتوانی هیچ ئاینێک بدۆزییەوە کە لە بنەماکانیدا زانست و مەعریفە ئەوەندە ڕێزی لێ گیرابێت و بەو شێوەیە گرینگی پێدرابێت.

ئەگەر محەمەد (د. خ) کەسێکی خوێندەوار و شارەزای خوێندن و نووسین بوایە، هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە لە ئەشکەوتی (حراء)دا جێگەی سەرسوڕمان نەبوو، چونکە زانا قەدری زانست دەزانێ، بەڵام ئەو کەسێکی نەخوێندەوار بوو، لەلای هیچ مامۆستایەکیش دەرسی نەخوێندبوو، تەنیا وەکو هەر عەرەبێکی چۆڵ نشین دەیتوانی هەست بەرەوانبێژی و وشەی جوان بکات، چونکە ئەمەیان بە بەشێک لە سروشتی هەر عەرەبێکی چۆڵ نشین دەژمێردرا.

من پیرۆزبایی لە موسڵمانان دەکەم کە لە بنەماکانی ئاینەکەیاندا کەسبکردنی زانست و مەعریفە ئەوەندە گرینگی پێدراوە، ژمارەیەک لە زانایانی موسڵمان لەڕابردوودا بە پشت

بەستن بەم سورەتە، زانست بە یەکێک لە پێویستییەکانی ئاین دەزانن و، بڕوایان وایە چۆن پێویستە هەر موسڵمانێک نوێژ بکات و بەڕۆژوو بێت، بەهەمان شێوە لەسەری پێویستە کەسبی زانست بکات.(٨٣)

سەبارەت بە هاتنەوە خوارەوەی قورئانیش لەماوەی بیست و سی ساڵدا دەڵێت: کاتێک ئێمە مێژووی نەتەوەی عەرەب دێنینە بەرچاو و بیری لێ دەکەینەوە کە عەرەبە چۆڵ نشینەکان چۆن ژیاون، زیاتر لە پێشینان پەی بە هۆی بە(تدریج) هاتنە خوارەوەی قورئان دەبەین، چونکە ئەگەر ئەو شەش هەزار و دووسەد و نۆزدە ئایەتە یەک جار هاتبانە خوارەوە عەرەبە بێ ئاگاو جاهیل و سادەکان بە شێوەیەک دووچاری گێژاو دەبوون کە نەتوانن هیچی لێ تێبگەن، تەنانەت ئەمڕۆش کە ئێمە لەسەدەی بیستەمی زاییندا دەژین و بەهۆی پەیوەندی نێوان گەلان و فراوانبوونی بیروهۆشی خەڵک، بە بەراورد لەگەڵ چواردە سەدە پێش، کە ئاستی بیرکردنەوەی خەڵک بەرز بووەتەوە، ئەگەر حکوومەتێک تازە لەدایک ببێت ناتوانێت سەدان یاسا پێکەوە بۆ میللەتەکەی دەربکات، چ جای چواردە سەدە پێش، بەتایبەتی لەنێو عەرەبە چۆڵ نشینەکان؟ ئەگەر قورئان یەک جار هاتبا خوارەوە مێشکیان جێگەی ئەو هەموو یاساو ڕێنماییانەی نەدەبوو، لەوانەشە هیچ کاریگەرییەکی قورئان لەسەریان بەجێ نەمابا، بۆیە ڕێگەی سروشتی و عەقڵانی بۆ هاتنە خوارەوەی قورئان هەر ئەوە بووە کە بەرە بەرە بێتە خوارەوە، تاوەکو عەرەبە چۆڵ نشینەکان بەرە بەرە لە وتەو ئەحکامەکانی خودا ڕابێن و بتوانن لێی تێبگەن و قەبوڵی بکەن.(٨٤)

### ٥٦- کینت گریک Kent Greak

زانای ئینگلیزی و مامۆستای زانکۆی (کمبریدج)ی بەریتانی دەڵێت: من موسڵمان نیم تا بڵێم قورئان کەلامی خودایە، بەڵام ئەوە چواردە سەدەیە بەسەر قورئاندا دەگوزەری، هێشتا کەسێک نەیتوانیوە لە زوبانی عەرەبیدا کەلامێک بێنێت کە بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکات، قورئان کتێبێک نییە بۆ کات و ساتێکی تایبەت هاتبێت، بەڵکو کتێبێکی زیندووە و بۆ هەموو کات و ساتێک دەست دەدات و تا جیهانیش ماوە مرۆڤ دەتوانی و پێویستیشە

(٨٣) محمد پیغمبری که از نو باید شناخت ، نووسینی کونستان ویرژیل گیورگیو، وەرگێڕانی بۆ فارسی ذبیح الله منصوری، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (خواندیها)، چاپخانەی سپهر- تهران، چاپی دەیەم لاپەڕە ٥٧.

(٨٤) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٧١ .



قورئان بکاتە ڕێنمایی ژیانی و بەگوێرەی فەرمان و دەستورەکانی بجووڵێتەوە، جا چونکە قورئان بۆ کات و ساتێکی دیاریکراو نەهاتووە، هەرگیز کۆن نابێت و تا ڕۆژێکیش لەژیانی مرۆڤایەتی مابێت هەر بە ڕێنمایی و ڕێ نیشاندەری مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە، چونکە هیچ شتێک نییە کە لەقورئاندا نەهاتبێت.

کاتێک بۆ یەکەم جار قورئانم کردەوە، زۆر کاریگەری لە سەر دانام، هەستم کرد کە کاریگەری ئەو کتێبە بۆ من شتێکی تایبەتە، بەڵام لە ساڵەکانی دواییدا کە لەگەڵ چەندین وەرگێڕی قورئان بۆ زمانەکانی ئەوروپی نامەم نارد و هەندێکێشیانم لە نزیکەوە بینی، تێگەیشتم کە کاریگەری خوێندنەوەی قورئان لەسەر ئێمەی ئەوروپی شتێکی گشتییە، بەڵام بە مەرجێک قورئان لە دەقە ئەسڵییەکەیەوە بخوێندرێتەوە، چونکە تەرجومەی قورئان لەهیچ یەکێک لەزمانە ئەوروپییەکاندا، کاریگەری دەقە ئەسڵییەکەی نییە.(٨٥)

### ٥٧- لۆمانس Lomans

زانای ناسراوی ئەمریکی دەڵێت: یەکەمین پریسکە کە تیشکی لەقورئانەوە هاتووە، ڕستەی (بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)ـە، کە لەوشەی (ڕەحمەت بۆ ئیمانداران) هەست دەکرێت کە خودای پاک، خودایەکی تاک و تەنیایەو، نیعمەتەکانی خۆی بەسەر بەندەکانی خۆیدا، لە دونیاو ژیانی لەبن نەهاتووی دوا ڕۆژدا تەواو کردووە، لێرەدا ئێمە ڕاستییەک دەبینین کە کەمترین شەک و گومان هەڵناگرێت، ئەویش ئەوەیە کە قورئان گەورەترین نووری خودایە، ئەو نوورەش جگە لە ڕەحمەت و میهرەبانی شتێکی تر نییەو نابێت.(٨٦)

### ٥٨- لادین کوبولد Isdien Kobold

زانای ناسراوی ئینگلیزی دەڵێت: کاریگەری قورئان لە پێشکەوتنی عەرەبەکان و دروستکردنی شارستانیەتی گەورە، یاسایەکە ناکرێت نکوڵی لێ بکرێت. قورئان عەرەبەکانی ناچار بەجیهانگەری کردو هێزو توانای ئیلاهیی پێ بەخشین، تاوەکو لەئەنجامدا توانییان بەئاسانی چەندین ئیمپراتۆری گەورە برووخێنن و لە بەرامبەردا حکوومەتێکی عادیلانە دابمەزرێنن، گەورەترین فاتیح و جەنگاوەران بەساڵەها فیداکاری و شەڕ و لێکدان، توانییان ئەم هێزە بە درێژایی مێژوو بۆخۆیان بهێڵنەوە. بەڕاستی قورئان

(٨٥) ماڵپەڕی Ask quran.net.

(٨٦) تاریخ قرآن ابو عبدالله زنجانی لاپەڕە ١٤٥

جوانییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە، کە زوبان لە وەسف و خامە لە نووسینەوەی بێ توانان، جوانی، دڵگیری، شیرینی، ڕێک و ڕاست، بەشێوەیەک کە هیچ کتێبێکی تر ئەو کاریگەرییەی نییە. ئەم کتێبە بەزۆر خوێندنەوە کۆن نابێت، وشەکانی وەزن و سەجعیان هەیە، بەڵام هەرگیز سەجع و وەزنی تێدا نادۆزرێتەوە، لە شیعر شیرینترە، بەڵام شیعر نییە، بەڵکو موعجیزەیەکەو تەنیا لەقورئان دەوەشێتەوە.(٨٧)

### ٥٩- لودفیکو ماراکسی

زانای ناسراوی ئیتاڵی کە لە ساڵی ١٦٩٨ز قورئانی پیرۆزی بەزمانی لاتینی وەرگێڕاوە و پێشەکییەکی دوور و درێژی بۆ نووسیوە دەڵێت: من بڕوای تەواوم هەیە، ئەگەر قورئان و ئینجیل هەردووکیان بدرێنە دەست کەسێکی بێ دین ، ئەوا بێگومان قورئانەکە هەڵدەبژێرێت، چونکە کتێبەکەی محەمەد (د. خ) فێرە هەندێ هزر و بیرت دەکات، تا بڵێی لەگەڵ بنەماکانی عەقڵی یەک دەگرنەوە.(٨٨)

### ٦٠- خاتوو د. لۆرا ڤەسیا ڤاگلیری Laura Vaciea Vaglieri

پرۆفیسۆری ناسراوی ئیتالی و مامۆستای زمانی عەرەبی و مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی لە زانکۆی (ناپل) سەبارەت بەقورئان دەڵێت: ئێمە لەم کتێبەدا کۆگەو زەخیرەی پڕ لەزانست دەبینین، کە بەرزترن لەئامادەگی و زەرفیەتی هۆشمەندترین کەس و گەورەترین فەیلەسوف و بەهێزترین پیاوی سیاسەت.

بەهۆی ئەم گشتگیرییە، ناکرێت قورئان کاری مرۆڤێکی خوێندەواربێت، چ جای مرۆڤێک کە تەواوی تەمەنی خۆی لەنێو کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار و نا تێگەیشتوو بەسەر بردبێت و زۆر دوور بووبێت لەژینگەی پیاوانی زانست و ئاین، ئەم پیاوە کەسێکە هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە خۆی تاکێکە وەکو هەر تاکێکی مرۆڤ، بەبێ یارمەتی خودای بەتوانا ناتوانێ هیچ موعجیزەیەک ئەنجام بدات. بۆیە دەڵێم: سەرچاوەی قورئان، تەنیاو تەنیا دەبێت لەگەورەیی ئەو خودایە بێت کە زانستی ئەو، هەموو ئەو شتانەی لەخۆ گرتووە کە لەئاسمانەکان و زەویدا هەن.(٨٩)

(٨٧) نظريه دانشمندان جهان دربارة قرآن ومحمد، حسين وجداني عطائي – تهران، ١٣٦٢ هـ.ش ل٥٨

(٨٨) جواد حديدي، اسلام از نظر ولتر، چاپی پێنجەم، تهران، مرکز نشر دانشگاهي،١٣٧٤، ل٢٩.

(٨٩) اسلام و سيماي تمدن غرب ، سيد مجتبي موسوي لاری، مرکز نشر معارف اسلامي در جهان، ل ١٣٦



هەمان نووسەر لەکتێبەکەیدا بەناوی (بانگی ئیسلام لە دڵی ئیتالیا) لەبارەی ڕەمزی سەرکەوتنی ئیسلام ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرینگ دەکات و، لەبەرامبەر گەورەیی ئیسلامدا خۆی بێ توانا دەبینی و دان بەزیندوومانەوەی ئیسلام دائەنێت و دەڵێت: ئەمڕۆ زۆرێک لە نووسەرە ڕۆشنبیرەکان لەخێرایی سەرکەوتنی ئەم کودەتا سیاسی و مەزهەبییە دووچاری سەرسوڕمان بوون و دەپرسن: چ فاکتەرێک بووەتە هۆی ئەم پێشکەوتنە خێرایەو سەرکەوتنی ئیسلام؟ بەڵام زۆرێک لەوان لەجیاتی وەڵامدانەوە، بەهۆی کینەو چاوپۆشییان لەگەورەیی ئیسلام، ئەم پرسیارەیان نەخستووەتە بەر دیراسەو لێکۆڵینەوە، من لەو بڕوایەدام ئەم کودەتا مێژووییە بەستراوەتەوە بەسەرچاوە و ئافەریدەی مەوجودات، ئەگینا ئەو گۆڕانە خێرایەی کە لەنێو مەکتەبە سیاسی و مەزهەبییەکاندا بەبێ پێشینە ڕووی دا، مرۆڤ بەخەیاڵیشیدا نایەت. هۆی کینەو چاوپۆشییان لەو ڕاستییەش ئەوەیە کە ئەوان بڕوایان بەوە نییە کە خوداوەند بۆ دوایین جار پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی ناردووە، کە لەڕاستیدا ئەم ئاینە شایانی ئەوەیە کە تا هەتایە بەزیندوویی بمێنێتەوە و کاریگەری بخاتە سەر هەموو نەژادەکان، هەرچەندە کەسانێکی زۆر لە بینینی ئەم ڕاستییە کوێرن، یانیش خۆیان بەکوێر پێشان دەدەن.(٩٠)

دواتر بەم شێوەیە دان بە گەورەیی ئیسلام دادەنێت و دەڵێت: من خۆم لەبەرامبەر ئاینێکدا دەبینمەوە کە لەڕاستیدا شێوازەکەی جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە ئەم ئاینە تەنیا تا سنووری فێرکردنی بیروباوەڕی خۆی لەبارەی ژیانی سروشتی مرۆڤەوە پێش نەکەوتووە، تەنیا بەدانانی هەندێ یاسای ژیانبەخش کە دەتوانن کۆمەڵگا تا کەناری ئارامی و بەختەوەری هەمیشەیی ببەن نەوەستاوە، بەڵکو فەلسەفەی ژیانی پیرۆز بۆ خۆشگوزەرانی زیاتر پێشکەش دەکات، بەڵێ ئەم ئاینی ئیسلامەیە کە سەرچاوەکانی ڕەوشت لەسەر بنەمای لێهاتوویی و کاربینی، کە ئەرکی تاک بەرامبەر بەخۆی و بەرامبەر بەکۆمەڵگا ڕاڤە دەکاتەوە و پایەداری دەکات، ئەم بنەما بەهێزانە، گوڕوتینێکی وایان هەیە، دەتوانن بەرزترین پلەو پایە لەڕێڕەوی ویژدان و عەقڵ بکەنە بەشی مرۆڤ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گەورەترین بەڵگەیە بۆئەوەی بە دڵێکی گەرم و پڕ لە دڵنیاییەوە، دان بەوەدا بنێین کە ئاینی ئیسلام ئاینێکی ئیلاهی و ئاسمانییە.(٩١)

(٩٠) نداي اسلام از قلب ايتاليا. وەرگێڕانی: بۆ فارسی محمد باقر أنصاريان. لاپەڕە ٢٢ .

(٩١) نداي اسلام از قلب ايتاليا. وەرگێڕانی: بۆ فارسی محمد باقر أنصاريان. لاپەڕە ٩٢ .

پاشـان ئەم خانمە دوو ئەرکی زۆر گەورە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەسنیشان دەکات، کە دەبێت بەرامبەر بە ئیسلام ئەنجام بدرێن:

یەکەم: ئەبێت ئەوە ڕوون بکەنەوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەو هەڵانە دوورە کە هەندێ لە نووسەران دەیدەنە پاڵ ئیسلام و، ڕوونی بکەنەوە کە ئیسلام لەو وەهم و خورافاتانە بێزارە، هەروەها دەبێت ئەوە ڕوون بکەنەوە کە ڕۆحی ئیسلام بەرزترین هۆکارو کەرستەیە بۆ بەختەوەری کۆمەڵگاو، گرینگترین پایەی شارستانیەتی ڕاستەقینەشە.

دووەم: ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات ئەبێت لەگەڵ ئەو بیدعەتانەی کە وەکو هەوری تاریک بەسەر ئاسمانی خاکەکەیانەوە وەستاون و، نرخ و بایەخی ئیسلامیان لەنێوبردووە، بەتەواوی هێزەوە بەگژیاندا بچن و کۆتایی بەو بارودۆخە ئەسەفبارە بێنن.[٩٢]

هەر هەمان نووسەر لەبارەی قورئانەوە، لەو بڕوایەدایە کە: (قورئان کتێبێکە لە سەرەتای ئاشکرابوونیدا تا ئێستاش گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، نە بەدەست دۆست و نەبەدەست دوژمنانی. کاردانەوەی زانا و نەزان لەبەرامبەر ئەم کیتابە پیرۆزەدا یەکسانە، چونکە قورئان کیتابێکە گەردشی گەردوون کۆنی ناکات، کیتابێکە لەلایەن خودای گەورەوە بۆ دوایین پێغەمبەر هاتووە و تا ئەو ڕۆژەی موسڵمانان لەبەرامبەر بەرنامەو ڕێنماییەکانیدا سەردانەنوێنن و کاری پێ نەکەن، بەعیززەت و گەورەیی ڕاستەقینەی خۆیان ناگەن.[٩٣]

پاشان سەبارەت بەکەسایەتی پێغەمبەر (د.خ) دەڵێت: بەهێزترین دوژمنانی ئیسلام هەوڵیان دا پێغەمبەری خوا بەهەندێ تۆمەتی درۆ تۆمەتبار بکەن، بەڵام لەبیریان نەبوو کە بەرلەوەی محەمەد (د. خ) پەیامەکەی ڕابگەیێنی، بەهۆی دەستپاکی و خاوێنی ژیانی، جێگەی ڕێزو تەقدیر بوو لای هاوڵاتیانی. ئەوەی زۆریش سەیرە، ئەو خەڵکە هەرگیز لەخۆی نەپرسیوە، کە چۆن محەمەد (د. خ) وێراوە بەهەندێ ئایەتی قورئانی، بەئاگری دۆزەخ هەڕەشە لەکەسانی درۆزن و ریاباز بکات، ئەگەر خۆی پێشتر مرۆڤێکی درۆزن بوایە؟!

چۆن زاتی مۆژدەدانی ئەکرد، ئەگەر هێزێکی نهێنی بەردەوام هانی نەدابێت؟ سەرەڕای سووکایەتی پێکردنیشی لەلایەن هەندێ لەهاوڵاتیانیەوە؟

خۆ ئەو خاوەنی سروشتێکی ئاسایی بوو. چۆن توانی ململانێیان لەگەڵدا بکات؟ لە کاتێکدا وا پێدەچوو هەوڵەکان ناکام بمێننەوە، چۆن توانی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لە مەککە

(٩٢) نداي اسلام از قلب ايتاليا. وەرگێڕانی بۆ فارسی محمد باقر أنصاريان لاپەڕە ١٢١ .

(٩٣) نداي اسلام از قلب ايتاليا. وەرگێڕانی بۆ فارسی محمد باقر أنصاريان لاپەڕە ١٣١ .



درێژە بەو ململانێیە بدات؟ سەرەڕای سەرکەوتنێکی کەم و سەختی و نەخۆشی لەڕادەبەدەر، ئەگەر بڕوایەکی قووڵی بەڕاستی و دروستی پەیامەکەی نەبوایە؟ چۆن دروستە ئەو ژمارە زۆرەی موسڵمانانی خانەدان و خاوەن هۆش بڕوای پێ بێنن و یارمەتی بدەن و باوەش بۆ ئاینە نوێیەکەی بکەنەوە و لەدواییشدا مل بدەنە بەر کۆمەڵگایێکی پێکهاتوو لە بەندەو هەژار و بێ دەسەڵات، ئەگەر لە وتەکانیدا هەستیان بە گەرمی ڕاستی و دروستی نەکردبێت؟ ئێمە پێویستیمان بەوە نییە زیاتر لەو بارەیەوە بدوێین، چونکە لەنێو ڕۆژئاواییەکاندا نزیکە هەموویان بڕوا بەوە بێنن، کە ڕاستگۆیی محەمەد (د. خ) قووڵ و بێگومان بووە.[٩٤]

## ٦١- لیۆ نیکۆلا فیچ تۆلستۆی Leo Tolstoy ١٨٢٨ - ١٩١٠ز

فەیلەسووف و گەورە زانا و حەکیم و ڕۆماننووسی ڕووسی، کە بەکۆڵەگەی وێژەی ڕووسی لە سەدەی نۆزدەهەم دەژمێردرێت، لە ویلایەتی (تۆلا) لە ساڵی ١٨٢٨ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کردووە، ناوبراو نزیکەی سەد کتێبی داناوە، لەبارەی ئەویشدا (٢٣) هەزار کتێب و (٥٦) هەزار وتار نووسراوە،[٩٥] کە بەهۆی بوێری و بۆچوونە ئازادەکانی، لەلایەن کەنیسەوە بێ بەش کرا و خوێندنەوەی کتێبەکانی حەرام کرا، ناوبراو دەڵێت: هەرکەسێک بیەوێت لەئاسانی و سادەیی ئیسلام بگات، پێویستە قورئانی پیرۆز بەوردی بخوێنێتەوە، چونکە قورئان بریتییە لە ئەحکام و ڕێنمایی ئاشکرا و ڕاست و ئاسان، کە هەموو کەسێک لەهەر چین و توێژێک دەتوانی لێی بەهرەمەند بێت، لەم کتێبە پیرۆزەدا زۆر ئایەت هەن دەلالەت لەسەر ڕاستی و دروستی و بەرزی ئاینی ئیسلام و ڕۆح پاکی و پیرۆزی ئەو کەسە دەکەن کە هێناویەتی.[٩٦]

هەروەها لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (محەمەد کێیە؟) دەڵێت: محەمەد (د. خ) دامەزرێنەر و پێغەمبەری ئاینی ئیسلامە، کە لە چوارگۆشەی جیهاندا دوو سەد ملیۆن کەس وەکو ئاین وەریانگرتووە.[٩٧]

(٩٤) ماڵپەڕی deltwhed.com

(٩٥) نەمرەکان، نووسینی دیل کارنگێ، وەرگێڕانی بۆ کوردی عبدالله جەبار.

(٩٦) تاريخ قرآن ، ابو عبدالله زنجانی، لاپەرە ١٥٤ .

(٩٧) ئەمە بە پێی بۆچوونی خۆی لەو کاتدا، ئەگینا ئێستا ژمارەی موسوڵمانان خۆی لە نزیکەی دوو مليارد داوە.

هەروەها دەڵێت: محەمەدی پێغەمبەر (د.خ) لە وڵاتی عەرەبی دوای لەدایکبوونی مەسیح بە ٥٧١ ساڵ لە دایک و باوکێکی هەژار لەدایک بوو، لە تەمەنی گەنجیدا شوانی کرد، هەر لە منداڵییەوە حەزی بەتەنیایی و شوێنی چۆڵ دەکرد، چونکە بیری لە خودا و خزمەتکردنی خودا دەکردەوە، عەرەبە هاوچەرخەکانی خۆی چەندین خودایان دەپەرستی و، زۆریش زیادەڕەوییان لە خۆ نزیککردنەوە و ڕازیکردنی ئەو خودایانەدا دەکرد، تەنانەت چەندین جۆری پەرستگەیان بۆ کردبوونەوەو چەندین جۆری قوربیانییان پێشکەش دەکردن، لەوانیش قوربانییانی مرۆڤ. لەگەڵ بەرەو سەرەوە چوونی تەمەنی، محەمەد (د. خ) زیاتر لە بێ نرخی و پووچی ئەو خودایانە دەگەیشت و زیاتر هەستی بەوە دەکرد کە دیانەتی نەتەوەکەی دیانەتێکی درۆیە و خودایەکی ڕاستەقینەی تاک و تەنیا بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک هەیە، ئەو باوەڕەش ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لەناخیدا زیاتر دەبوو، تاوەکو بڕیاری دا هاووڵاتیانی خۆی بۆ ئەو بڕوا ڕاست و دروستە بانگهێشت بکات، کە لەدڵ و دەروونیدا جێی گرتبوو. پاشان پاڵنەرێکی تری ناوخۆیی پاڵی پێوەنا کە خوا ئەوی هەڵبژاردووە بۆ ئامۆژگاری نەتەوەکەی و ڕایسپاردووە بە ڕووخاندنی دیانەتە درۆکەیان و بەرچاو ڕوونکردنەوەیان بە نووری حەق، ئەویش ئەو ڕاسپاردەیەی وەرگرت و بەناوی خودای تاک و تەنیا بانگەوازەکەی دەست پێکرد، هەروەکو خوا بەمە وەحی بۆ ناردبوو.

هەروەها دەڵێت: لە ساڵەکانی سەرەتای بانگەوازەکەیدا، محەمەد (د. خ) زۆر ئازار و سەختی و چەوساندنەوەی بەدەست خاوەن دیانەتە کۆنەکانەوە بینی، وەکو هەموو ئەو پێغەمبەرانەی کە نەتەوەکانیان بۆ ڕێگەی ڕاست بانگ دەکرد، بەڵام ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە نەیتوانی بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام بوو لەسەری، لەگەڵ ئەوەشدا محەمەد (د. خ) نەیگوت تەنیا من پێغەمبەری خودام، بەڵکو بڕوای بە پێغەمبەرایەتی موساو مەسیح هەبوو، نەتەوەکەشی بۆ ئەم باوەڕە بانگهێشت دەکرد و دەیگوت: جوولەکە و دیانەکان ناچار ناکرێن واز لە ئاینەکانیان بێنن، بەڵکو پێویستە ئەوان ڕاسپاردەی پێغەمبەرەکانیان جێبەجێ بکەن.

ئەوەی کە هیچ گومانی تێدا نییە محەمەدی پێغەمبەر (د.خ)، یەکێکە لە گەورە پیاوە چاکسازەکان، ئەوانەی کە خزمەتێکی یەکجار گەورەیان بە مرۆڤایەتی کردووە، بەسە بۆ گەورەیی محەمەد (د. خ)، کە تێکڕای گەلێکی ڕێنمایی کرد بۆ نووری ڕاستی و، وای کرد ئەو گەلە مل بداتە بەر ئاشتی و هێمنی و، بەژیانی زاهیدانە ڕازی بێت ، دەرگای خوێن ڕشتن و پێشکەشکردنی قوربانییانی مرۆڤی لەسەر داخستن و ڕێگەی پێشکەوتن و





شارستانیەتی بۆ کردنەوە. ئەمەش کارێکی زۆر گەورەیەو تەنیا مرۆڤە گەورەو بەهێزەکان دەتوانن پێی هەڵسن، مرۆڤێکیش ئەمە هەڵسوکەوتی بێت شایستەی ڕێزو نەوازشە.

بۆیەش دەڵێم: من یەکێکم لەو کەسانەی کە سەرسامن بەمحەمەد (د. خ)ی پێغەمبەر، ئەو محەمەد (د. خ)ەی کە خوای تاک وتەنیا، هەڵیبژارد تا لەسەر دەستی ئەو کۆتایی بەهەموو پەیامە ئاسمانییەکان بێنێت و ئەویش ببێتە دوایین پێغەمبەر[٩٨].

٦٢– دکتور ماردریس Dr .Mardrice

زانای ناسراوی فەرەنسی دەڵێت: شێوازی قورئان بێگومان شێوازێکی خواییە، چونکە پەیوەندی بە سەرچاوەیەکەوە هەیە کە مەحاڵە بێجگە لە شێوە و شێوازی خواوەند شتێکی تر بێت، لە ڕاستیشدا ئەو نووسەرانەی کە لایەنی گومانیان زیاتر بوو، بەرامبەر بەکاریگەرییەکانی ئەم کتێبە سەریان شۆڕ کرد، هەروەها فەرمانڕەوایی و کاریگەری ئەم کتێبە لەسەر سی سەد ملیۆن موسڵمان بەجۆرێکە، کە هەموو ڕاگەیێنەرانی ئێمەی ناچار بەدان پێداهێنان کردووە کە لە توانایاندا نییە تەنانەت یەک ڕووداویش بسەلمێنن کە موسڵمانێک لە دینەکەی پاشگەز بووەتەوە، چونکە ئەو شێوازەی کە لە سەرەتادا بەرگوێی عەرەبە چۆڵ نشینەکان کەوت، (نثر)ێکی نوێ بوو کە لەڕووی (تنسیق) بی وێنەیە و لە (سەجع) و (جناس)دا زۆر بەرزەو کاریگەری قووڵ لەسەر گوێی هەر کەسێک دادەنێ کە بەزمانی عەرەبی ئاشنا بێت، بۆیە کۆشش و ماندووبوونێکی بێ هوودەیە کە کەسێک هەوڵ بدات ئەو کاریگەرییە لەڕادەبەدەرە بەزمانێکی تر ئەدا بکات، بەتایبەتی زمانی فەرەنسی کە مەودایەکی تەسکی هەیە.[٩٩]

٦٣– دکتۆر ماردریل dr. Mardril

ڕۆژهەڵاتناسی فەرانسەوی دەڵێت: شێوازی قورئان شێوازێکی مەلەکووتی و ئاسمانییە، زادەی بیری مرۆڤی دروستکراو نییە، ئەو شێوازەی کە قورئان هەیەتی هیچ کتێبێکی تر نەهەیبووە و نەدەیبێت.[١٠٠] خودایە ئەو ئاوازە مەعنەوییانە چین؟ ئا تێگەیشتم، ئەوانە پێغەمبەرایەتی و موژدەی بەختەوەرین کە لە دڵی پیاوێکی گەورەو پێغەمبەرێکی پایە

(٩٨) ماڵپەڕی: deltwhed.com

(٩٩) نظرية دانشمندان جهان دربارة قرآن ومحمد، حسين وجداني عطائي– تهران،١٣٦٢هـ.ش ل٥٦

(١٠٠) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران، ل ٦٢ .

بەرزەوە تیشک ئەدەنەوە، شێوازی قورئان جگە لەقودرەتی خودایی و هێزێکی گەورەتر لەمرۆڤ ناتوانرێت نیسبەت بدرێتە لای هیچ شتێکی تر، لە کاتێکدا کە قورئان شیعر نەبێت نەمزانی چییە! زۆر سەختە بڵێم: قورئان شیعرە یان شیعر نییە، پەند و ئامۆژگارییە، یانیش دوڕ و گەوهەرە لە قسە کردندا؟ تەنانەت لە وتەکانی (بودا) و (ئەفلاتۆن)یش پتەوتر و پێهەڵترە.(١٠١)

### ٦٤– دکتۆر مارکس dr. Marx ١٨١٨ – ١٨٨٣ز

فەیلەسووفی ناوداری ئینگلیزی دەڵێت: قورئان بەگشتی هەموو ئەو پەیامە خوداییيانەی لەخۆ گرتووە کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا بۆ میللەتان هاتوون، قورئان لەو کتێبانەیە کە پشتگیری لە هزر و بیری خوداناسی و یەکتاپەرستی دەکات و تاک و تەنیایی ئەو سەرچاوەیە دەسەلمێنی کە ڕێبەرانی مرۆڤ و گەورە زانایان ڕێنماییيەکانی خۆیان لێ وەرگرتووە و بەردەوام کۆمەک و یارمەتی لێ دەخوازن.(١٠٢)

لە قورئاندا زۆر ئایەت هەن، تایبەتن بە داواکردنی زانست و زانیاری و بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە، من هیچ چارەیەکم نییە جگە لەوەی دان بەوەدا بنێم کە ئەم کتێبە زۆر لە هەڵەکانی مرۆڤی ڕاست کردوونەتەوە.(١٠٣)

### ٦٥– مارمادیۆک پیکتاڵ Picktall Marmaduke Pickall ١٨٧٥ – ١٩٣٦ز

زانا و ڕۆژهەڵاتناس و بیرمەند و وێژەوانی ئینگلیزی دەڵێت: ئایەت و وشەکانی قورئان لەدڵ و زمانی ئێمەدا جێگەیان گرتووە و لەگەڵ گۆشت و خوێن و ئێسقان و هەرچی لە ناخی ئێمەدا هەیە تێکەڵ بووە.(١٠٤) هەروەها دەڵێت: دەربڕینە قورئانییەکان، ئاوازێکە مومکین نییە چاوی لێ بکرێت، هەروەها عیبارەت گەلێکە هیچ عیبارەتێک لێی بەرزتر نییە، هێز و تینێکە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆ ئەو سۆزو خۆشەویستییەی کە هەرگیز کۆتاییيان نایەت.(١٠٥)

---

(١٠١) نظرية دانشمندان جهان دربارة قرآن ومحمد، حسين وجداني عطائي–تهران،١٣٦٢هـ.ش ل٥٨

(١٠٢) تاريخ قرآن  ابو عبدالله زنجاني لاپەڕە ١٤٥ .

(١٠٣) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران، ل ٦٣.

(١٠٤) طبقات مفسران شيعة، دكتر عقيقي بخشايشى، دفتر نشر نويد اسلام، قم، ١٣٧٦ بەرگی ١ ل ١٨٠

(١٠٥) الإسلام وسائر الأديان، نورى رأفت قورور، چاپ و بڵاوکردنەوەی (وقف اخلاص) استانبول ١٩٩٦، لاپەڕە ١٣٢ .



### ٦٦– دکتور مایکل هارت Michael hart

زانای بەناوبانگی ئەمریکی و پسپۆر لە زانستەکانی گەردووناسی و فیزیا کە خاوەنی کتێبی (المائة الاوائل)ـە و لە ساڵی ١٩٧٩ بڵاوی کردووەتەوە و، محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری ئیسلام بەگەورەترین مرۆڤی سەر رووی زەوی دادەنێت، دەڵێت: لە مێژووی پەیامە ئاسمانییەکاندا کتێبێک نییە بەهەموو پیتەکانییەوە بەبێ گۆڕان و دەستکاری مابێتەوە، تەنیا ئەو قورئانە نەبێت کە محەمەد (د. خ) هێناویەتی.(١٠٦)

### ٦٧– نابیا ئابوت Nabia Abbott

مامۆستای خوێندنی باڵا لە زانکۆی (شاژن) لە کالیفۆڕنیا دەڵێت: ناوەڕۆکی قورئان هەر شتێک بێت، دەستکردی مرۆڤ نییە، جا ئەگەر ئێمە نکوڵی لەوە بکەین کە قورئان وتەی خودایە، ئەوا مانای وایە ئێمە (محمد)مان کردە خودا.(١٠٧)

### ٦٨– ناپلیۆن بۆناپارت Napoleon Bonaparte ١٧٦٩ – ١٨٢١ز

ئیمپراتۆری ناوداری فەرەنسی ناسراو بە(ناپلیۆن)ی یەکەم دەڵێت: ئومێدەوارم زۆر نەخایێنێ عەقڵمەندان و خاوەن شارستانییەتەکان لە هەموو شوێنێک کۆببنەوە و بەهاوکاری ئەوان یاسایەک رێک بخەین کە هەر هەمووی لەسەر ڕێنماییيەکانی قورئان بنیات نرابێت، چونکە قورئان سەرچاوەی حەق و حەقیقەتە و تەنیا ئەم کتێبەیە زامنی بەختەوەری مرۆڤایەتی.(١٠٨)

### ٦٩– نون گرونبۆم Non Gurnbeaum ١٩٠٩ – ١٩٧١ز

مامۆستای هاوچەرخی ئەمریکی دەڵێت: قورئان موعجیزەی ئاشکرای محەمەدە، ئیعجازی ئەم کتێبە لە زۆر لایەنی جۆراوجۆرەوە خۆی دەنوێنی، پێشبینی دوارۆژ، زانیاری دەربارەی ڕووداوە نەزانراوەکانی ڕابردوو، بێ توانایی مرۆڤ لەهێنانی کتێبێکی هاوشێوە – سەرەڕای مەیدانخوازی بەردەوام– لە کۆتاییشدا جوانی و پاnاوی و ڕەوانبێژی بێ هاوتا لەشێوازی داڕشتنیدا.(١٠٩)

---

(١٠٦) ماڵپەڕی .majdah maktooh .com

(١٠٧) معاني ترجمات القرآن الكريم نووسيني عبدالله عباس الندوى، العدد (١٧٤) من سلسلة دعوة الحق، ١٣/١٠/١٩٩٦، لاپەڕە ٨ بە نەقل لە کتێبی (الخط العربي) نووسینی (نابيا أبوت).

(١٠٨) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران، ل٤٣ .

(١٠٩) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران، ل ٦١.

٧٠- هریسار بامات ج ربوا Hrisar Bamat

زانای ناسراوی فەرەنسی دەڵێت: هیچ کاتێک فاکتەری پێشڤەچوونی قورئان زۆری و بەسەردا سەپاندن نەبووە، چونکە موسڵمانان دوای سەرکەوتن خەڵکەکەیان لەپاراستنی ئاینەکەیان ئازاد دەکرد، ئەوەش کە میللەتانی مەسیحی ئاینی سەرکەوتووەکانیان قبوڵ دەکرد، بەو هۆیەوە بوو کە ئەوان سەرکەوتووە نوێکانیان دادپەروەرتر لە پێشینەکانیان دەبینی و ئاینی ئەوانیشیان ئەوەندە پێ سادەو ساکاربوو کە تا ئەوکاتە میللەتانی مەسیحی ئەو شێوە ئاینەیان نەبینیبوو...قورئان بەزۆری بەسەر هیچ کەسێکدا نەسەپێنراوە بەڵکو تەنیا بەهێزی لۆژیک و قەناعەت پێهێنان پێشکەوتووەو، تەنیا هێزی لۆژیکی قورئان بوو توانیی لەو دوایانە میللەتانێک کە بەسەر موسڵمانانیشدا سەرکەوتن، وەکو نەتەوەکانی تورک و مەغۆل بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. هەر بەهۆی ئەو قەناعەت پێ هێنانە بوو لە هیندستان کە تەنیا عەرەبەکان بەوێدا گوزەریان دەکرد، ئێستا پەیڕەوانی ئیسلام خۆی لە پەنجا ملیۆن کەس دەدات، (گوستاو لۆبۆن) لە ساڵی ١٨٨٤ ئەم ژمارەیەی نووسیوە، هەروەها (دیرجینیا واکا) لە کتێبەکەیدا بەناوی (الهند الاسلامیة) لە ساڵی ١٩٤١ ژمارەی موسڵمانانی هیندستان بە سەد ملیۆن کەس داناوە، ئێستاش ژمارەیان ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە.(١١٠)

٧١- هێنری پری لاتس Honri Pari laes

کەشیشی ناسراوی ئەورووپی دەڵێت: قورئان نەک تەنیا عەرەبە دڕندەو کێوییەکانی هێنایە نێو ئیسلام ، بەڵکو هەزاران نەتەوە و تیرەی دڕندەو بێ دادگەری لەژێر ئاڵاکەیدا کۆکردەوە.(١١١)

٧٢- هێنری لامێنس Henry Lamens ١٨٦٢ - ١٩٣٧ز

زانا و ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری بەلژیکی و نووسەری کتێبەکانی (الاسلام) و (مهد الاسلام) و (مكة قبيل الهجرة) و (تاريخ سورية) و بەڕێوەبەری گۆڤاری (الشرق) دەڵێت:

(١١٠) اسلام از دیدگاه دانشمندان جهان، علي آل اسحق خوئيني، بەرگی١، ل ٣٤٦، دفتر تبليغات اسلامی ژماره ٦٥١، قم ١٣٧٠هـ.ش.

(١١١) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خیرالله مرداني، انتشارات آیین جعفري، تهران، ل ٦٦.



قورئان نەک هەر توانی عەرەبەکان بەلای ئیسلامدا ڕابکێشێ، بەڵکو نەتەوەی جیاوازو جۆراوجۆری موسڵمان کرد، تیشکەکەشی ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتردەبێت و بەسەر ئاسیاو ئەفریقادا تیشک ئەداتەوە، (مبشر)ەکانی مەسیحیش ئەم باروودۆخە ئەبینن، بەڵام بۆ ڕێگەگرتن لێی هیچ کارێکیان لە دەست نایەت.(١١٢)

٧٣- هیربیرت جۆرج ویلز H. G. Wells ١٨٦٦- ١٩٤٦ز

زاناو مێژوونووس و چیرۆک نووس و لێکۆڵەری ناوداری ئینگلیزی کە (دیل کارنگی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (نەمرەکان) لە ڕیزی نەمرانی داناوە:

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە گۆڤارێکی زانستی ئەورووپی سەبارەت بەگەورەترین کتێب لە دونیادا لێی کردبوو، لە وەڵامدا ناوبراو ناوی چەند کتێبێک دێنی و لە کۆتاییشدا دەڵێت: بەڵام کتێبی چوارەم کە قورئانە، گرینگترین کتێبی جیهانە، چونکە ئەو کاریگەرییەی کە ئەم کتێبە لەسەر دونیا دایناوە هیچ کتێبێک بەخۆوەی نەبینیوە، قورئان کتێبی زانست و دین و ئەخلاق و مێژوو کۆمەڵایەتی و پاککردنەوەی دەروونە، بڕیار و ڕاسپاردە و یاساکانیشی لەگەڵ یاسا و پرەنسیپەکانی دونیای ئەمڕۆ یەک دەگرنەوە، بۆ هەمیشەش شایستەی پەیڕەوی لێکردن و کارپێکردنە، هەرکەسێک بیەوێ دینێک هەڵبژێرێت کە لەگەڵ شارستانییەتی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی یەک بگرێتەوە، پێویستە ئیسلام هەڵبژێرێت، ئەگەر مەبەستیشی بێت لەمانای دین بگات پێویستە بگەڕێتەوە بۆ قورئان.(١١٣)

هەروەها دەڵێت: قورئان باشترین ڕێنمایی بیروباوەڕی ڕاستگۆیانەیە، واتە یەکتاپەرستی و ڕەوشتی جوان، باشترین عیبارەت و بەرزترین ڕستە لەم قورئانەدا هاتوونەتە خوارەوە، شێوازی ڕەوانبێژییەکەی بەڕادەیەک جوانە، کە عەقڵی عەقڵمەندانی دووچاری سەرسوڕمان کردووە، بۆیە دەڵێم: قورئان کتێبێکی هەمیشەیی و جیهانییە.(١١٤)

(١١٢) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خیرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران، ل ٦٤ . وتاريخ قران، ابو عبدالله زنجاني ل ١٦٢ .

(١١٣) اسلام از نظرگاه دانشمندان غرب، ترجمه و حواشي علي اصغر حکمت، تهران، امير كبير، ١٣٥٧هـ.ش، ل ٤٣ .

(١١٤) اسلام از ديدگاه دانشمندان غرب نصرالله نيك آيين ، درود، شرکت سهامي سيمان فارس و خوزستان، (بی تا) ل ٤٣ .

### ٧٤- هێری گیلۆرد دۆرمن Harry Gaylord Dorman

پرۆفیسۆر و ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی دەڵێت: قورئان وشە بەوشە بە ڕێگەی جوبرەئیلەوە بۆ سەر محەمەد (د. خ) ڕەوانە کراوەو، هەریەک لە وشەکانیشی تەوا وو بێ کەم و کوڕین، قورئان موعجیزەیەکی زیندووە و بەڵگەیە لەسەر ڕاستیی بانگەشەی محەمەدی پێغەمبەری خودا(د.خ). بەشێکی ئیعجازی قورئان پەیوەستە بەسووکی و شێوازی داڕشتنی، ئەم سووکی و ئەم شێوازە داڕشتنە بەڕادەیەک گەورەو تەواوە کە نەجنۆکەو نەمرۆڤ ناتوانن بچووکترین سورەت لەشێوە و وێنەی ئەوا بێنن. بەشێکی تریش لە ئیعجازی قورئان پەیوەستە بەو ڕێنمایی و پێشگۆییانەی کە لە قورئاندا هاتوون، کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر باس لە هەندێ زانیاری دەکات کە هیچ کاتێک مرۆڤێکی نەخوێندەواری وەکو محەمەد (د. خ) نەیدەتوانی ئەم هەموو زانیارییە کۆ بکاتەوە.(١١٥)

### ٧٥- دکتور هیوستن سمیث Houston Smith

مامۆستای زانکۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت: موسڵمانان لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستی و بڕوایەی کە بەرامبەر بە پێغەمبەر(د.خ) هەیانبوو، بناغەی بڕوایان لەسەر ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆز داڕشتووە، کە کتێبێکی ئاسمانییەو خودی پێغەمبەر (د.خ) بەیەکێک لە نیشانەکانی خوداو موعجیزەی پێغەمبەرایەتی خۆی داناوە و خوێندنەوەکەشی بەشێکە لە ئەرکی موسڵمانان، لەوانەشە هیچ کتێبێک لە جیهاندا بە قەدەر قورئان نەخوێندرێتەوە، زۆریش لە خەڵک تەواوی کتێبەکەیان لەبەرکردووە و لە مێشکیاندا پاراستووە، کاریگەریی ئەو قورئانە لەسەر دەروونی خوێنەرانی لەڕادە بەدەرە، بڕوای موسڵمانان سەبارەت بەو کتێبە ئاسمانییە ئەوەندە پتەوە کە هیچ کاتێک بڕواو ڕێزی مەسیحییەکان بەرامبەر بەکتێبەکەیان ناگاتە پێی ئەوانیش، بڕوا بوون بەڕەسەنایەتی قورئان مەرجێکی بنەڕەتی بڕوای موسڵمانانە. لە لای میللەتانی تری جیهانیش هیچ کتێبێک لە کتێبە پیرۆزەکانی دیانەتەکان، لە قورئان سەختتر نییە بۆ تێگەیشتن.

سەبارەت بەخێرا بڵاو بوونەوەی ئیسلامیش دەڵێت: ئیسلام لەم سەردەمەی ئێستادا، هەروەکو سەردەمانی پێشوو خێراترین دینە بۆ لەباوەشگرتنی ئەو کەسانەی کە بڕوای پێ دێنن و بەڕاستی دەزانن.(١١٦)

(١١٥) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خیراله مرداني، انتشارات آیین جعفري، تهران ، ل٤٤

(١١٦) نظریه دانشمندان جهان دربارة قرآن ومحمد، حسین وجداني عطائي- تهران، ١٣٦٢ هـ.ش ل٤٧



### ٧٦- واشنگتۆن ئێرڤینگ Washington Irving ١٧٨٣ز- ١٨٥٩ز

زانای ناسراوی ئەمریکی دەڵێت: قورئان کتێبێکە، هەر لە سنووری ئۆقیانووسی ئەتڵەسەوە تا ڕووباری (کاشمر) خەڵکی لەژێر سایەی پیرۆزو بەپیت و بەرەکەتیدا بە بەختەوەری هێشتووەتەوە، قورئان هەڵگری بەرزترین بنەمای بەنرخە و سوودمەندترینیانە.(١١٧)

### ٧٧- پرۆفیسور ولیەم مانتمێری وات Monte gmary watt

لێکۆڵەری ئینگلیزی دەڵێت: ئەو قورئانەی کە ئێستا لەبەر دەستدایە، چ بە زمانی ڕەسەنی عەرەبی خۆی بێت یانیش وەرگێڕاوی ئینگلیزی، بریتییە لەکۆمەڵە ئیلهامێکی خودای و محەمەد (د. خ) لێی وەرگرتووە، بێژەری ئەو وەحییە بەگشتی خودایەو، ڕووی قسەشی یان لە محەمەدە یان لە موسڵمانانە یانیش لە تەواوی خەڵکە، بە گوێرەی بڕوای موسڵمانان قورئان کەلامی خودایە، محەمەد (د. خ)یش هەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری کردووە، جا چونکە لەسەدەی هەفتەم قورئان ڕووی قسەی لە عەرەبەکان بوو، بۆیە دەبوایە بەزوبانی عەرەبی بێت، تاوەکو هەر خۆی گەورەیی خۆی دەربخات، ئەم خۆ دەرخستنەش جیایە لەگەڵ خۆ دەرخستنە ئەدەبییەکان، چونکە ئەگەر کتێبێک لەدڵەوە هاتبێت گومانی تێدا نییە کاریگەری لەسەر تەواوی دڵەکان دادەنێت، بۆیە هەموو شاکارەکانی نووسین بەرامبەر بە قورئان کەم و بێ نرخن. دەتوانین بڵێین یەکەمین سیفەتی دیاری قورئان ڕوونی و سادەگییەکەیتی، کە هەر لەسەرەتاوە بەو شێوەیە دەستی پێ کردووە، واقیعیەت و ڕاستی بەتەواوی ماناوە، بەڕای من یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی قورئان.

بەکورتی ئەمەیان یەکەمین و دوایین کتێبە کە بووەتە هۆکاری ئاشکرابوونی چەندین هونەر و بەردەوامیش ڕێزو نرخ بۆ پەیڕەوانی خۆی زیاد دەکات.(١١٨)

(١١٧) حقیقت اسلام در نظر دیگران، محمد علی بروجردی کاظمینی، تهران، کتابفروشی بوذرجمهری مصطفوی، چاپ اول ١٣٤١ هـ.ش لاپەڕە ٦ .

(١١٨) اسلام شناسی غرب، کاظم مدرس لاپەڕە ٤٨ .

## بەشی دووەم:

### پێغەمبەری ئیسلام لە دیدی زانایانی جیهانیدا

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على النبي الامين، وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين.

خوێنەری هێژا: هەروەکو ئاشکرایە خوای گەورە پێغەمبەری ئیسلامی بە دوایین پێغەمبەر ناردووە و دوایین پەیامی ئاسمانیشی بەرێگای ئەوەوە بەمرۆڤایەتی ڕاگەیاندووە، بۆیەش لەلایەن زانایان و کەسایەتییەکانی جیهانییەوە، ئەوپەڕی بایەخی پێدراوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر کراوە، بۆیە دەڵێم زانایانی جیهانی، چونکە لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی پێغەمبەر (د.خ) تەنیا بەموسڵمانان نەوەستاوە، بەڵکو خاوەن ویژدانانی غەیرە موسڵمانیش لە فەیلەسووف و مێژوونووس و شاعیر و زانایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست، ئەوپەڕی گرینگییان پێداوە و کتێبی سەربەخۆیان لەسەر داناوە، سەرەڕای ئەوەی کە موسڵمانیش نین، ویژدان و ئەمانەتی زانستی ڕێگەی نەداون لە پلەوپایەی کەم بکەنەوە و خزمەتە زۆر و زەوەندەکانی بەمرۆڤایەتی بسڕنەوە، بەڵکو لە ڕیزی پێشەوەی گەورە پیاوانی جیهانیان داناوە، کە بێگومان هەر ئەوە لە زانایان چاوەڕێ دەکرێت.

دیارە لە ڕابردوو ئێستادا کەسانێک هەبوونە و هەن، دوور لە ویژدان و بنەمای زانستی تۆمەتیان بۆ دروست کردووە، یاخود لە توێژینەوەکانیاندا هەڵەیان کردووە، بەڵام خاوەن ویژدانانی غەیرە موسڵمان بەوپەڕی بوێری هاتوونەتە مەیدانی بەرگریکردن لەو پێغەمبەرە و هەڵەی هەڵەکارانیشیان ڕاست کردووەتەوە. بەڵام جێگەی داخە ئێمەی موسڵمان وەکو پێویست نەمانتوانیوە یاخود نەمانویستووە سوود لە ژیان و ئاکاری ئەو مرۆڤە گەورەیە وەرگرین، بەڵکو تا ئەو شوێنە لەگەڵی ڕۆیشتووین کە خزمەت بە بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆمان دەکات، کاتێکیش کە دەبینین لەگەڵ گشت مەرام و مەبەستێکمان ناگونجێ پشتمان تێ کردووە. هەندێ کەسی بەناو موسڵمان و ڕەگەزپەرستیش چ لە نەتەوەی عەرەب چ لە نەتەوەکانی تر بەهۆی ڕەفتارە دژە مرۆڤانەکانیان خەڵکێکی زۆریان لەو پێغەمبەرە



خۆشەویستە دوور خستووەتەوە، تەنانەت زۆرجاریش نەتەوە و گەلانی جیاجیایان بەناوی ئەو و پەیامە پیرۆزەکەی ئەوەوە چەوساندوتەوە و خاک و وڵاتیان لێ داگیرکردوون، کە میللەتی کورد یەکێکە لەوان. بۆیە دەڵێم: ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە هەم لەلایەن ناحەزانی و هەم لەلایەن هەندێ کەسی بەناو موسڵمان و هەمیش لەلایەن بەشێکی زۆری عەرەبەکانەوە زوڵمی لێ کراوە و دەکرێت، واقیعیش باشترین شاهیدە، کە چ جۆرە تاوانێک بەناوی ئەو و پەیامە پیرۆزەکەی ئەوەوە ئەنجام دەدەن، کە تیرۆر و تۆقاندن و کوشتنی ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتەو هەزاران مرۆڤی بێ تاوان نموونەیەکی ئاشکرای ئەم ڕاستییەیە. بەڵام ئێمەی موسڵمان نابێت ئەو ڕاستییە لەیاد بکەین کە پێغەمبەری ئیسلام موڵکی تەنیا نەتەوەیەک نییە، بەڵکو ڕەحمەت و بەزەییە بۆ هەموو گیانلەبەرێک، هەروەکو خوای گەورە لەبارەیدا دەفەرموێت: [وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ] الأنبياء ١٠٧

نکوڵی کردنیش لەو ڕاستییە خۆی لەخۆیدا غەدرێکی ترە لەو پێغەمبەرە دەکرێت.

با ئەوەش لەیاد نەکەین کە میللەتانی غەیرە عەرەب زیاتر لە عەرەبەکان قەدری ئەو پێغەبەرەیان زانیوەو، زیاتر لەوان سوودیان لە دادپەروەری و گیانی لێبوردەیی ئەو مرۆڤە گەورەیە وەرگرتووە و چوونەتە قووڵایی پەیامەکەیەوە، هەروەکو فەیلەسووف و شاعیری گەورەی کورد مەلای جزیری دەفەرموێت:

میم مەطلەعێ شەمسا ئەحەد ئایینە سیفەت کر
لامیع ژ عەرەب بەرقێ ل فەخخارێ عەجەم دا

واتە: خوای گەورە پیتی (م)ی مححەمدی کردە ئاوێنە ئاسای بەر ڕۆژی تیشکدەری تاقانەیی خۆی، تیشکی خوای یەکتا لەو ئاوێنەوە کە (محمد)ە، لە وڵاتی عەرەبەوە بریقەی بە غەیرە عەرەبان گەیاند، کە تا ئەوسا وەک سواڵەت وابوون، ئەوانیشی گەش کردەوە.[١١٩]

نامەوێ زیاتر لەسەری بدوێم، چونکە ژیانی ئەو پێغەمبەرە زۆر لەوە زیاتر و گەورەترە مرۆڤ بتوانی مافی تەواوی بداتێ، ناشتوانین زیاتر و جوانتر لەخوای گەورە پەسنی بدەین، کە دەفەرموێت:( وَإِنَّكَ لعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ) القلم ٤

**خوێنەری ئازیز:** هەر پێغەمبەرێک لە پێغەمبەران وێڕای گەیاندنی پەیامەکەی، ڕوو بەڕووی نەخۆشییەک بووەتەوە کە لەسەردەمی خۆیدا باو بووە، موعجیزەکانیشیان بریتی بوون لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە، بۆیە دەبینین حەزرەتی موسا لەگەڵ سیحر و

(١١٩) مام هەژار ئەمراڤەیەی لە ( شەرحی دیوانی جزیری) بۆ شیعرەکە کردووە.

جادووگەری ڕووبەڕوو بووەتەوە، چەکەکەشی لە شێوەی سیحربووە، خوای گەورە بەڕێگای دار عەساکەی هەموو ئەو سیحر و جادووانەی پووچەڵ کردووەتەوە کە فیرعەون وەکو بەڵگە لەسەر خوایەتی خۆی بەکاری دەهێنا. لەسەردەمی حەزرەتی عیساشدا چونکە زانستی پزیشکی ڕەواجێکی تایبەتی هەبوو، خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو هەندێ موعجیزەی پێشان دا کە سەرنجیان بەلای هێزێکی نهێنی و ژیانێک لەدوای ئەم ژیانە ڕابکێشێت و هۆی شیفای ڕاستەقینەیان بۆ دەسنیشان بکات، پێغەمبەرانی تریش بەهەمان شێوە.

بەڵام چونکە ئەو پەتایەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی و دوورگەی عەرەبی بەتایبەتی پێوەی گیرۆدە بوو، بریتی بوو لە نەخوێندەواری، کە لە ڕاستیدا سەرچاوەی هەموو پەتایەکە، وا پێویست بوو وێڕای گەیاندنی پەیامەکەی، لە سەرەکیترین ئەرکەکانی پێغەمبەر ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو پەتایە بێت، بۆیەش کاتێک قورەیشییەکان داوای موعجیزەی ماددیان لێ دەکرد، وەکو ئاوهێنان لە بەردو دوورکردنەوەی شاخەکان لەیەکتری و، شەق کردنی ئاسمانەکان و..هتد، پێغەمبەر ئەو داواکارییەی پشت گوێ دەخست و دەیفەرموو (من تەنیا مرۆڤێکم کە ئەرکی گەیاندنی پەیامی خودام پێ سپێردراوە) چونکە دەیزانی جێبەجێکردنی ئەم داوایانە تەنیا گرێ کوێرەی کۆمەڵە کەسێکی دیار دەکاتەوە، خۆ ئەرکی پێغەمبەر بۆ کاتێکی دیار و کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو نییە، بۆیە هەموو قورسایی خۆی خستە سەر ئەوەی کە پەتایەکی گشتی بۆهەتاهەتایە چارەسەر بکات، کە بریتییە لە نەخوێندەواری و نەفامی، بۆیەش یەکەمین وشە لە پەیامەکەی بریتییە لە: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذي خَلَقَ، خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَق، اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ، الَّذي عَلَّمَ بِالْقَلمِ، عَلَّمَ الإِنْسَانَ مَا لَمْ يعْلَمْ[3] . دوای ئەمەش تا کۆتایی ژیانی ناوەناوە لەشوێن و کاتی جیاوازدا خوای گەورە ئەم ئەرکەی بەبیر دەهێنایەوە، وەکو (ن وَالْقَلمِ وَمَا يسْطرُونَ[2] . کە لەوکاتدا سوێند خواردن بەقەڵەم و نووسراوی زانایان شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە ئەوەی خەمیان لێ نەدەخوارد خوێندن و زانست بوو، لەهەمان کاتدا خوێندن و زانست و داهێنان هەمیشە لە پێشڤەچووندایە، بۆیە خوای گەورە موعجیزەیەکی دایە پێغەمبەر کە بەردەوام لەگەشانەوەدا بێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت و تا هەتایەش کۆن نەبێت و، کەسیش نەتوانی بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکات، یاخود پێچەوانەی ڕاستییەک لەو ڕاستییانە بسەلمێنی کە تێیدا هاتووە. لەهەمان کاتدا ببێتە هۆیەک بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی مرۆڤ و ڕاکێشانی فەیلەسووف و زانایانی جیهان بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ئەو گەنجینەیەی کە تێیدا حەشاردراوەو، ڕوو بکەنە خودای پەروەردگار و خەڵکی تریشی لێ ئاگادار بکەنەوە، هەروەک خوای گەورە



دەفەرموێت: (...إِنَّمَا يخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلمَاء إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُور[4] فاطر٢٨

بەخوێندنەوەی ئەم بەشە، گەورەیی پێغەمبەرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و تێ دەگەین چ زوڵمێکی لێ کراوە و دەکرێت.

## ١– ئاتیین دینیە ١٨٦١ز– ١٩٢٩ز

لێکۆڵەر ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا بەناوی (محمد رسول الله) لە وەڵامی ئەو کەسانەدا کە پێغەمبەر بەوە لەکەدار دەکەن کە زۆر ژنی خۆش ویستوون، دەڵێت: ڕاستە محەمەد (د. خ) ئافرەتی خۆش دەویست، زۆر لە دوژمنانی ئەمەیان بەعەیب و شوورەیی لەسەر حیساب کردووە، ڕاستە محەمەد (د. خ) هەم لەڕووی (خلق)ی هەمیش لەڕووی مادی، بەتەواو مانای پیاوەتی پیاو بوو، بەڵام پیاوەتییەکەی بەهۆی داوێن پاکی کە دژی چێژ وەرگرتنی پاک و بێگەرد نییەو دوورە لەهەر پیسی و چەپەڵییەک لە خەڵکی تر جیابوو، عەرەبەکانیش (موسڵمانەکانیش) هەمان ڕێچکەی ئەویان گرت، کە تائێستاش بەهۆی داوێن پاکی، کە دوورە لە هەر ڕیابازی و خۆ دەرخستنێک لە خەڵکی تر جیان، نەک وەکو ئەو کەسانەی کە بەهۆی زیادەڕەوی لە دیندا بەداوێن پاکییەکی دەستکردو درۆ خۆیان دەردەخەن... تاوەکو دەڵێت: پێغەمبەر بەزەیی بەژناندا دەهاتەوە و لەهەموو بۆنەیەکدا هەوڵی دەدا بەویژدانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، لە ئەنجامی ئەمەشدا یەکەمین شت کە حەرامی کرد زیندەبەچاڵ کردنی کچان بوو، ئەو نەریتە ناشیرین و دڵڕەقانەی کە پێشتر باسمان لێوە کرد، پاشان سنووری بۆ فرەژنی دانا و ئەوپەڕی زۆری بەچوار ژن سنووردار کرد، ئەوەشی لێ زیاد کرد کە پێویستە هەمیشە پیاوان بیر لەو ئایەتە بکەنەوە کە دەفەرموێت (..فَانكِحُواْ مَا طابَ لكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثلاَث وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً..[1] النساء ٣.

هەروەها لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا هاتووە کە (لەو شتە حەڵاڵانەی کە دەبنە مایەی زیاتر تووڕە بوونی خودا، ژن تەڵاقدانە)... هەروەها محەمەد (د. خ) ئەو حەقەی بەئافرەت دا کە ئەگەر پیاوەکە بە ئەرکی شەرعی ژن و مێردایەتی هەڵنەستا داوای تەڵاق بکات. هەر بەهۆی یاسا حەکیمانەکەی بوو کچی باڵق بەر لەوەی بەمێرد بدرێت پرسیاری پێکراو، مارەیی ژنەکەش بۆ خودی ژنەکە دانرا، نەک بۆ باوکی ژنەکە، دوژمنانی ئیسلام ئەو سوننەتە حەکیمانەیە بەکڕینی ئافرەت دادەنێن، بەڵام پێم وایە گوێ بیستی ئەو وەڵامە دەمکوتکەرە نەبوون کە موسڵمانان لە وەڵامیاندا دەڵێن: لەزۆرێک لەوڵاتانی ڕۆژاوایی،

باوکی کچەکە ئەو برە پارەیە دەداتە مێردی کچەکە!... بێجگە لەمەش پیاوی موسڵمان لەسەری پێویستە هەموو کاروبارەکانی ماڵەوە ڕاپەڕێنی و گشت پێداویستییەکانی دابین بکات، بێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت دەست بۆ ماڵی ئافرەتەکەی ببات. هەروەها پێغەمبەر حەقی میراتگری دایە ئافرەت کە بریتییە لە نیوەی حەقی کوڕ،[١٢٠] ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە وەکو پیاو ژن مارەیی نادات و لەسەریشی پێویست نییە پێداویستییەکانی نێو ماڵ دابین بکات.[١٢١]

## ٢- ئارلونوف

لێکۆڵەری ڕووسی لە وتارێکیدا بەناوی (محەمەدی پێغەمبەر) کە لەگۆڤاری ڕۆشنبیری ڕووسی بڵاو کراوەتەوە دەڵێت: لە نیوە دوورگەی عەرەبی کە دراوسێی فەلەستینە، دیانەتێک ئاشکرا بوو کە بناغەکەی داننانە بەتاک و تەنیایی خودا، ئەم دیانەتە بەدیانەتی محەمەدی یانیش وەکو پەیڕەوانی ناوی دەنێن ئیسلام ناوی دەرکرد، ئەم دیانەتە بەخێرایی بڵاو بووەوە، دامەزرێنەرەکەشی موحەمەدی عەرەبە، کە توانی داب و نەریتی بتپەرستی نەتەوەکەی بنبڕ بکات و هۆزە عەرەبەکان یەک بخاتەوە و بیر و بیرکردنەوەیان بەناسینی خودای تاک و تەنیا ڕووناک بکاتەوە و خووڕەوشتیان پاک بکاتەوە و دڵ و سرووشتیان نەرم بکاتەوە و ئامادەی پێشکەوتنیان بکات، ڕێگەی خوێن ڕشتن و زیندەبەچاڵ کردنی کچەکانی لێ گرتن، ئەو کاروکردەوە مەزنانەی کە محەمەد (د. خ) پێیان هەستا، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە چاکسازێکی مەزن بووە، بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە دەروونی ئەو مرۆڤە هێزو توانایییەکی زیاتر لەمرۆڤی تێدابووە، خۆی خاوەنی هزرێکی ڕووناک و بیرکردنەوەیەکی گەش بوو، بەخووڕەوشتی جوان و خوونەرمی و بی فیزی و خۆش ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکدا ناوی دەرکردبوو، ماوەی چل ساڵ بەخۆشی و ئارامی لەگەڵ خەڵکدا بەسەری برد، هەموو خزمانی خۆشیان دەویست، هەموو خەڵکی شارەکەی ڕێزیان لی دەنا و بەچاوێکی گەورە سەیریان دەکرد، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕەوشتە جوانانەو بەهۆی ئەو نەفس بەرزی و دەست و داوێن پاکییەی کە هەیبوو.[١٢٢]

(١٢٠) تەنیا لە حاڵەتی خوشک و برایەتیدا میراتی ژن نیوەی میراتی پیاوە، بەڵام لە حاڵەتەکانی تردا وەکو داپیر، دایک، خێزان، شێوازەکە جیایە.(ئامادەکار)

(١٢١) محمد رسول الله، ئاتیین دینیە، لاپەڕە ٣٢٨- ٣٢٩ .

(١٢٢) گۆڤاری (الثقافة الروسیة) ج ٧ ، عدد ٩ .



## ٣- ئالتر بتکین ١٨٣٣ز- ١٩٠٧ز

ڕۆژهەڵاتناسی یۆگسلافی لە کتێبەکەیدا بەناوی (ژیان لە چڵ ساڵییەوە دەست پێدەکات) دەڵێت: لە شەوێک لە شەوانی ڕەمەزاندا کە محەمەد (د. خ) لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی (حراء)دا نوستبوو، ئەو کەسە لێی ئاشکرابوو، پارچە قوماشێک کە لەسەری نووسرابوو لەدەستی دابوو، پێی گوت: بخوێنە، محەمەد (د. خ) وەڵامی دایەوە کە من خوێندەوار نیم، جاری دووەم کابرا لێی دووبارە کردەوە و پێی گوت: اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذي خَلَقَ(١) خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ(٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ(٣) الَّذي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ(٤) عَلَّمَ الإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ(٥) .

محەمەد (د. خ)یش بەدوایدا ئەم وشانەی دووبارە کردەوە و هەستی کرد کە ڕووناکایی بەڕوویدا تیشک ئەداتەوە.[١٢٣]

## ٤- ئالفونس دێ لامارتین Alfons De lamartine ١٧٩٠- ١٨٦٩ز

نووسەر و شاعیر و سیاسەتوانی گەورەی فەرەنسی دەڵێت: محەمەد (د. خ) کەسایەتییەکە گەورەتر لە مرۆڤ و کەمتر لە خودا، کەواتە بێگومان نێردراوی خودایە.[١٢٤] هەروەها دەڵێت:

محەمەد (د. خ) مرۆڤێکی درۆزن نەبوو، چونکە بڕوای بەوە هەبوو کە لەلایەن خودای گەورەوە نێردراوە بۆ گەیاندنی دینێکی نوێ.

دیسانەوە دەڵێت: محەمەد (د. خ) کەسایەتییەکی بی وێنەیە، هەم وەکو فەیلەسووف، هەم وەکو وتاربێژ، هەم وەکو پێغەمبەر، هەم وەکو سەرکردە، مرۆڤێکە هزری مرۆڤ داگیر دەکات، دانەری یاسای نوێ و دامەزرێنەری دەوڵەتی گەورەی ئیسلامییە، ئەوەیە محەمەد (د. خ) با بەهەموو ئەو پێوەرانە هەڵبسەنگێنرێت کە گەورەیی مرۆڤی پێ هەڵدەسەنگێنرێت، ئایا مرۆڤێکی گەورەتر لە محەمەد (د. خ) دەدۆزرێتەوە؟![١٢٥]

هەروەها دەڵێت: کام مرۆڤ گەیشتووەتە ئەو پلە بەرزەی مرۆڤایەتی کە محەمەد (د. خ) گەیشتووەتێ ، کام مرۆڤ گەیشتووەتە ئەو پلەی کەماله کە ئەو گەیشتووەتێ ، هەر

(١٢٣) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ٣٣ .

(١٢٤) پژوهشی درباره قرآن و پیامبر لاپەڕە ٤٢/ محمد از نظر دیگران .

(١٢٥) الإسلام و سائر الأديان، نوری ڕأفت قورور، چاپ و بڵاوکردنەوەی (وقف اخلاص) استانبول ١٩٩٦، لاپەڕە ١٣٢- ١٤٦ .

پێغەمبەر بوو ئەو بڕوا پڕوپووچانەی ڕووخاند کە لەنێوان خالق و مەخلوقدا واسیتە دادەنێت.[١٢٦]

هەروەها لە کتێبی (مێژووی تورکیا) بەشی (١١) لاپەڕە ٢٧٦-٢٧٧، پاریس ساڵی ١٨٥٤ دەڵێت: ئەگەر پێوەرەکانی گەورەیی مرۆڤ بریتی بێت لەبەرزی ئامانج و سەرکەوتن لەگەڵ کەمی کەرەستەو هۆ، کێ جورئەتی ئەوەی هەیە، یەکێک لەگەورە پیاوانی مێژووی نوێ، لەگەڵ محەمەدی پێغەمبەردا بەراورد بکات؟ ڕاستە ئەو گەورە پیاوانە چەکیان دروست کردووە و یاسایان داناوە و ئیمپراتۆریەتی گەورەیان دامەزراندوون، بەڵام بێجگە لە ناوبانگ هیچی تریان لێ نەچنیوەتەوە، هێندەی پێنەچووە لەبەرچاو پووکاونەتەوە، بەڵام ئەو محەمەدە نەک هەر تەنیا سەرداریەتی سوپای کردو یاسای دانا و ئیمپراتۆریەتی دامەزراند، بەڵکو ڕێبەرایەتی ملیۆنان خەڵکی کرد کە ئەو کات دەیکردە سێیەکی جیهان، بەڵکو کۆتایی بەبتپەرستی و قوماربازی و ئەزلام و[١٢٧] بیروباوەڕی پڕوپووچ و بی بنەما هێنا. پێغەمبەر خۆی ڕاگری نواند و ئارامی گرت، تاوەکو لەلایەن خواوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا. خواست و ویستی ئەو هەرگیز دامەزراندنی ئیمپراتۆریەت و شتی لەو جۆرە نەبوو، چونکە نوێژکردنی بەردەوامی، ڕاز و نیازەکانی لەگەڵ پەروەردگاریدا، مردن و سەرکەوتنەکانی، ژیانی بەر لە مردن و تەنانەت دوای مردنیشی، بەڵگە نین لەسەر فریودان و فرت و فێڵ، بەڵکو بەڵگەن لەسەر ئەو بڕوا ڕاست و دروستەی کە هێز و توانای بە پێغەمبەر دەبەخشی، تا بیروباوەڕێک بچەسپێنی کە بریتییە لە دوو لایەن: بڕوا بە تاکو تەنیایی خوداو، دووربوونی خودا لە (حوادث)، بەشی یەکەم سیفەتەکانی خودا دەسەلمێنی کە تاک و تەنیایە، بەشی دووەمیش ئەو سیفەتانە ڕوون دەکاتەوە کە خوای گەورە لێیان دوورە کە (مادیەت و هاوشێوەدانان و کارلێکردنە)، بۆ بەشی یەکەم و بۆ بنەبڕکردن و کۆتایی هێنان بەخودایانی ساختە، پێویست بوو پەنا بۆ شمشێر ببات، بەڵام بۆ بەشی دووەم و بۆ جێگیرکردنی باوەڕ تەنیا وشە پێویست بوو، کە بریتییە لە (الحکمة والموعظة الحسنة).

ئەوەیە محەمەدی فەیلەسووف، وتاربێژ، یاسادانەر، جەنگاوەر، شکێنەری هەوا و هەوەس، دامەزرێنەری مەکتەبەکانی هزری، کە تەنیا بانگەواز بۆ پەرستنی حەق دەکات، بێ

(١٢٦) اسلام شناسی غرب، کاظم مدرس، لاپەڕە ٥٤ .

(١٢٧) عادەتێکی کۆنی عەرەبەکان بریتی بوو لە بەخت تاقیکردنەوە و گرێ و لەسەر تیرانکردن و شتی لەو جۆرە، کە لە قورئاندا ناوی (أزلام)یان لێ نراوە.



بت و ئەزلام، ئەو دامەزرێنەری (٢٠) ئیمپراتۆریەت بوو لەزەویداو، یەک ئیمپراتۆریەتیش لە ڕوحانییەتدا. ئەوەیە محەمەد (د. خ)، بەتێڕوانین لە هەموو پێوەرەکانی گەورەیی مرۆڤ، ئایا کەسێک هەیە لە محەمەدی پێغەمبەر گەورەتر؟[١٢٨]

### ٥- ئەلبرنس کایتان

ڕۆژهەڵاتناسی ئیتاڵی لە کتێبەکەیدا بەناوی (أديان العرب) دەڵێت: لێهاتوویی و گەورەیی محەمەد (د. خ) وەکو سیاسییەکی ژیر و دانا، زیاتر لەوەی کە پێغەمبەرەو نیگای بۆ دێت جێگەی سەرسوڕمانە، هەر کەسێک لە محەمەد گەیشتبێت ناتوانی لەپلەوپایەی کەم بکاتەوە، خۆ ئەگەر کەسێکیش ئەمەی کرد، ئەوا زوڵم لە خۆی و لە محەمەد (د. خ) دەکات.[١٢٩]

### ٦- ئۆگیست کۆنت ١٨٥٧ز- ١٧٩٨ز

فەیلەسووف و زانای گەورەی فەرەنسی کە بناغەدانەری زانستی کۆمەڵناسییەو بەشاگردی (سان سیمون) دادەنرێت و، خۆی بەباوکی شەرعی (الفلسفة الوضعية) دادەنێت و لەگرینگترین کارەکانیشی دانانی کتێبی (الفلسفة الوضعية)یە کە لە (٦) بەش پێکهاتووە و لەنێوان ساڵەکانی (١٨٣٠- ١٨٤٢) دەرچووە، نێوبراو لەو کاتەدا کە ڕقێکی زۆری بەرامبەر بەئیسلام دەبێت سەردانی وڵاتی میسر دەکات، لەوێ دەکەوێتە ژێرکاریگەری هەندێ زانای ئیسلامی، پاشان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیسلام و ژیانی پێغەمبەر، دەچێتە ئەندەلوس- ئیسپانیای ئێستا-، دواتر دەچێتە ڕۆماو سەردانی پەرتووکخانەی ڤاتیکان دەکات و، هەموو ئەو کتێبانەی کە سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی پێغەمبەر(د.خ) نووسراونەتەوە دەخوێنێتەوە، لێرەدا بەرامبەر بە پێغەمبەر و ئاسەواری ئەم پێغەمبەرە گۆڕان بەسەر بیروباوەڕی دادێت، بەڵام هەرگیز ئەوەی قبوڵ نابێت کە پێغەمبەر(د.خ) کەسێکی نەخوێندەوار بووبێت، بۆیە دەچێتە لای پاپا (بۆلص)ی نۆزدەهەم و سەبارەت بەڕاستی ئەوەی کە مێژوونووسە عەرەبەکان نووسیویانە سەبارەت بە نەخوێندەواری پێغەمبەر پرسیاری لێ دەکات، پاپاش وەڵامی دەداتەو دەڵێت: بەڵێ ڕاستە محەمەد (د. خ)

(١٢٨) ماڵپەڕی deltwhed.com.

(١٢٩) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٢٢ بە نەقل لە کتێبی (اديان العرب) نووسینی البرنس کایتان، لاپەڕە ٣٤ .

کەسێکی نەخوێندەوار بووە، ئا لەوکاتەدا بەنێو چاوانی خۆیدا دەدات و هاوار دەکات: وای بۆ شەرمەزاریم بەرامبەر بەتۆ ئەی محەمەد (د. خ)، زۆر زوڵمم لێ کردی، هاوار بۆتۆ ئەی ئۆگیست ... وا منیش دان بەوەدا ئەنێم کە محەمەد (د. خ) لە خودا بچووکترە، بەڵام هەرچییسەک بێت لە مرۆڤ گەورەترە.(١٣٠)

٧- خاتوو ئان بیسانت Annie Besant

نووسەری بەریتانی و دانەری کتێبی "ژیان و ڕێنمایییەکانی محەمەد (د. خ)" کە لە ساڵی ١٩٣٢ بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: مەحاڵە کەسێک لەژیانی کەسایەتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بکۆڵێتەوە و بزانێت چۆن ژیاوە و چۆن خەڵکی ڕێنمایی کردووە، هەست بەگەورەیی ئەو پێغەمبەرە نەکات، هەرچەندە ئەوەی بۆتانی دەگێڕمەوە لەوانەیە بۆ زۆرێک لە خەڵک زانراو بێت، بەڵام من لەهەر جارێکدا کە دەیانخوێنمەوە، لەم مامۆستا عەرەبە گەورەیە دووچاری سەرسوڕمان دەبم. ئایا کەسێک لە هەڕەتی لاویدا کە تەمەنی لە (٢٤) ساڵ تێنەپەڕیبێت، ژنێکی لە خۆی بەتەمەنتر مارە بکات و بۆماوەی (٢٦) ساڵیش بەوەفاداری لەگەڵیدا بمێنێتەوە و، دوای ئەوەی کە تەمەنی دەگاتە (٥٠) ساڵ، دەتەوێ پێم بڵێی بۆ ڕابواردن و تێرکردنی ئارەزووەکانی ژنێکی تری هێناوە؟

نەخێر هەرگیز وا نییە و بەم شێوەیە حوکم بەسەر ژیانی کەسەکاندا نادرێت. ئەگەر تۆ سەیری ئەو ژنانە بکەی کە پێغەمبەر مارەی کردوون، دەبینی هەر یەکێک لەو ژنانە هۆیەک بووە، یان بۆ هاوپەیمانییەتێک بۆ بەرژەوەندی پەیڕەوانی خۆی و ئاینەکەی، یان بۆ بەرژەوەندییەک کە بە قازانجی هەڤاڵەکانی گەڕاوەتەوە، یانیش خودی ژنەکە لەو پەڕی پێویستیدا بووە کە کەسێک داڵدەی بدات و بیپارێزێت.(١٣١)

٨- خاتوو ئانا مری شمیل Annemarie Schimmel ١٩٢٢- ٢٠٠٣ ز

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی کە لە بەرواری ١٠/١/ ١٩٩٥ خەڵاتی ئاشتی لە یەکێتی نووسەرانی ئەڵمانیا وەرگرتووە، دەڵێت: لۆمەم مەکەن لەسەر خۆشەویستیم بۆ پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، خۆشەویستی و هۆگریم بۆ ئیسلام و پێغەمبەرەکەی بێ سنوورە، تەنانەت هەندێ کەس دەڵێن من بەنهێنی موسڵمان بووم، منیش بە وتەی شاعیرێکی هندۆسی

(١٣٠) منتدیات أضواء الكويت.www.q8manarf. com/vb /t3/t23428

(١٣١) آن بیزینت: حیاة وتعالیم محمد، دار مادرس للنشر ١٩٣٢ .





دەکەم و دەڵێم: لەوانەیە کافر بم یان بڕوادار، ئەمەیان شتێکە تەنیا زانیاری لای خودایە، بەڵام من حەزدەکەم وەکو دڵسۆزو خۆشەویستێک خۆم نەزری گەورەی مەدینە محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری خودا بکەم، بۆچی لۆمەم دەکەن لەسەر خۆشەویستی و بەرگریکردنم لە پێغەمبەری ئیسلام کە خۆشم دەوێ؟ لە کاتێکدا هیچ کەسێک لەمێژوودا وەکو محەمەد (د. خ) لەلایەن ڕۆژئاواوە زوڵمی لێ نەکراوە، ئەفسانەکانی سەدەی ناوەڕاست تۆمەتباریان دەکرد کە کاردینالێک بووە و هەڵگەڕاوەتەوە، چونکە وەکو (پاپا) دانەمەزرێنراوە، بۆیەش دیانەتێکی نوێی دروست کرد، چیرۆکێکی فەرەنسی تۆمەتباری دەکات بەوەی کە بەهاوبەشی دوو کەسی دیکە جۆرێک لە (ثالوث)ی شەیتانیان دەرهێنا. ئەو تاوانەش کە لێبوردن نایگرێتەوە هی وێژەرە ئینگلیزەکانە کە ناوی محەمەدیان گۆڕی بۆ ناوێک کە هاوشێوەی ناوی شەیتان بێت، ئەدەبی ئەڵمانیش ناوی محەمەدیان وەرگێڕا بۆ(ماحوم) و موسڵمانانیشیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی کە چەند بتێکی زێڕین دەپەرستن بۆ (ماحوم). بەداخەوە ئەم وێنە ناشیرینانە کە لە ڕووی ناهۆشیارییەوە لە ناخی ڕۆژئاوادا بەگشتی جێگیر بووە، لە دوژمنایەتییان بۆ ئیسلام سەرچاوەی گرتووە. ئایا ئەم زوڵمە بەس نییە تا ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی حەقیقەتی پێغەمبەری ئیسلام ڕوون بکەمەوە و بەرگری لێ بکەم؟ تەنانەت ئەگەر باجەکەشی ژیانی من بێت؟ چونکە ئەوکەسەی لەئاست ڕاستی بێدەنگ دەبێت شەیتانێکی لاڵە.

هەروەها دەڵێت: نەخێر.. من نەمبینیوە نە لە قورئان و نە لە سوننەتی پێغەمبەردا، شتێک کە بانگەواز بۆ تیرۆر و تۆقاندن یان ڕفاندن بکات، تا ئێستا دەقێکم نەبینیوە ئەم کردەوەیە تەنانەت بە دروستیش بزانی، بەڵکو مەداری ڕەوشت و ئەخلاق لە ئیسلامدا بنچینەی زێڕینە.(١٣٢) هەروەها لەو پێشەکییەدا کە بۆ پەرتووکی (اسلام كبديل) ی (موراد هۆفمان)ی نووسیوە دەڵێت: قورئان تەنیا کەلامی خودایە، بەزمانی پاراوی عەرەبی بۆسەر پێغەمبەری دەستپاک نێردراوە، وەرگێڕانی ئەو پەرتووکە لەتوانای هیچ کەسێکدا نییە، مەگەر وەرگێڕانێک بێت تەنیا مانا و ناوەرۆکی قورئان بەگشتی پێشان بدات، ئەگینا هیچ کەسێک هەرچەندە گەیشتبێتە ئەوپەڕی زیرەکی و لێهاتوویی، بتوانی ئەم موعجیزە خوداییە وەرگێڕێتە سەر زمانێکی تر.(١٣٣)

(١٣٢) سیقهر الماء صم الحجر، نووسيني ئانا ماری شیمل، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د. ندیم عطا إلياس ، الدار الإسلامية للإعلام، آخن ١٩٩٦ . لاپەڕە ٦٣ .

(١٣٣) اسلام كبديل، وەرگێڕانی غريب محمد غريب، بڵاوکردنەوەی دامەزراوەی بفاریا، لاپەڕە ١١.

٩- ئیدوارد مونتیه Edvard Monter ١٨٥٦- ١٩٢٧ز

زانا و ڕۆژهەلاتناسی بەڕەگەز سویسی کە لە ساڵی ١٨٥٦ز لە فەرەنسا لەدایک بووە، هەروەها مامۆستای زمانە ڕۆژهەلاتییەکان بووە لە زانکۆی (جنیڤ) و قورئانی بۆسەر زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە، دەڵێت: سروشتی محەمەد (د. خ) لەڕووی دینییەوە، هەموو لێکۆڵەر و وردبینێک دووچاری سەرسوڕمان دەکات ئەگەر نیازی پاک بێت، ئەویش بەهۆی ئەو دڵسۆزییە گەورەیەی کە هەیبوو، چونکە بەڕاستی چاکسازێکی دینی بوو، خاوەن باوەڕێکی پتەو و جێگیر بوو، تا ئەوکاتەی زۆر بیری لێ نەکردەوە ڕانەپەڕی، بەهۆی ئەم بانگەوازە گەورەیەشەوە گەیشتە پلەیەکی وا کە بووە درەوشاوەترین چرای مرۆڤایەتی، ئەو لە بەگژداچوونەوەی هاوبەش دانان بۆ خوداو داب و نەریتە ناشیرینەکان کە لەنێو خەڵکی سەردەمی خۆیدا هەبوون، زیاتر لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل دەچوو، کە لەمێژووی نەتەوەکەیاندا خاوەن پلەیەکی زۆر گەورەن، زۆر کەس ئەمەیان نەزانیوە و لەمافی ئەویان کەم کردووەتەوە، هەر نەشیانزانیوە کە محەمەد (د. خ) ئەو چاکسازە بوو کە مرۆڤایەتی بەوردەکارییەکانی قۆناغەکانی ژیان ئاشنا کردووە.(١٣٤)

هەروەها لە دواین کتێبیدا بەناوی (عەرەب) دەڵێت: محەمەد (د. خ) بەوە ناسراوە کە مرۆڤێکی نیاز پاک و نەرم و نیان بوو، لە دەسەلاتداریشدا دادگەر و بەئینساف بوو، بەپاک و بەجوانی گوزارشتی لە هزر و بیری خۆی دەکرد، بەکورتی پاکترین و دیندارترین و دلۆڤانترین عەرەبی سەردەمی خۆی بوو، لە هەموویشیان زیاتر جڵەوی هەواو هەوەسی بەدەستەوە بوو، بێگومان ئەوانی بەرەو ژیانێک ئاراستە کردن کە پێشتر خەونیشیان پێوە نەدیبوو، دەوڵەتێکی هەم سەردەمییانەو هەمیش ئاینیی بۆ دامەزراندن کە تائێستاش هەر بەردەوامە.

١٠- دکتور ئیسرائیل ولگنسون

ڕۆژهەلاتناسی ناسراوی یەهودی لە کتێبەکەیدا بەناوی (تاریخ الیهود فی بلاد العرب) دەڵێت: لەم ناکۆکی و دڕدۆنگییەدا کێشەیەکی سیاسی سەری هەڵداو ڕۆژ بەڕۆژیش توندتر دەبوو، تاوەکو لە ئەنجامدا محەمەد (د. خ) لەوە دڵنیابوو کە مەحاڵە ئەو بیرۆکەیەی بچەسپێنی کە دەیویست دڵی یەهودی و عەرەبەکان بکاتە یەک و میللەتێکی یەکگرتوو

(١٣٤) ماڵپەڕی islamunveiled.org



لەگشت ڕەگەزو نەتەوەکانی مەدینە پێک بێنێت. بۆیە زۆر پێویست بوو هەنگاوی یەکلاییکەرەوە بهاوێژی بەرامبەر بە بەرەی (قینقاع)، کە لە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی عەرەبەکان نیشتەجێ بوو، بۆیە پێویست بوو شاری مەدینەو گەڕەکەکانی ئەنصار نشین لە غەیرە موسڵمانان پاک بکاتەوە.

هەر لەهەمان کتێبدا نووسەر دەڵێت: ئاگادار کردنەوەی (بن النضیر)یش لەوەی کە پێویستە لەمەدینە دوور بخرێنەوە، وەکو تۆڵەکردنەوەیەک بوو لێیان بەرامبەر بەوەی کە لە جەنگی (ئوحود)دا بەشدارییان نەکرد، چونکە ئەو جەنگە ڕووی لەمەدینە بوو، پێویست بوو (بن النضیر)یش ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە، هەروەکو پەیماننامەو بەڵێننامەکانی نێوان موسڵمان و یەهودییەکان ئەمەی پێویست دەکرد.(١٣٥)

١١- بۆز وۆرث سمیث Bose Worth Smith ١٨١٥ز- ١٨٩٢ز

زانای نوشداری ئینگلیزی و ئەندامی کۆلێژی (تثلیث) لە زانکۆی (ئیکسفۆرد)، لە ساڵی ١٩٤٧ لە وتارێکیدا دەربارەی (محەمەدو ئیسلام) دەڵێت: ئێمە دەربارەی ژیانی (یەسوع – عیسا–) لایەنێکی زۆر کەمیش نازانین، کێ دەتوانی پەردە لەسەر هەڵسوکەوتی سی ساڵەی هەڵماڵی، کە هەمووی ڕەخساندنی بوار بوو بۆ تەنیا سێ ساڵی کۆتایی ژیانی، ئێمە دەربارەی دایکی هیچ نازانین، هیچیش دەربارەی هەڵسوکەوتی ئەو لە ماڵەوە نازانین، کێ هەیە شتێک دەربارەی هاوەڵە سەرەتاییەکانی بزانێت؟ دەربارەی حەوارییەکانیشی کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کردوون بەهەمان شێوە؟ چۆن پەیامەکەی ئاشکرا کرد و چۆن بەخەڵکی ڕاگەیاند؟ خەڵک چۆن ڕووبەڕووی بوونەوە؟ ژمارەیان چەند بوو؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر لەدەروونی ئێمەدا پەنگیان خواردووەو، تا ڕۆژی قیامەتیش کەسێک ناتوانی وەلامیان بداتەوە. بەپێچەوانەوە، ئیسلام هەموو شتێکی ئاشکرایەو هیچ لایەنێکی شاراوەی نییە، ژیانی پێغەمبەرەکەشی بەهەمان شێوە، هەرچی لەبارەیدا نووسراوە ڕوون و ئاشکرایە، نە ئەفسانەیەو نەخورافە، هەموو شتێکی وەکو خۆر لە چەقی ئاسمان ئاشکرایە، لەبەر ڕووشنایی ئەو تیشکە خەڵک گشت لایەنەکانی دەبینی، (جۆن دوانپۆرت) لە ساڵی ١٨٧٠ پەرتووکێکی بەزمانی ئینگلیزی لەژێر ناوی (داوای لێبووردن لە محەمەد و قورئان) دەربارەی ژیانی پێغەمبەری ئیسلامی نووسیوە، لەپێشەکی ئەو کتێبەدا دەڵێت:

(١٣٥) معارك العرب الكبرى، محمود الدرة ص ٩٧ بەنەقل لە کتێبی (تاریخ اليهود في بلاد العرب) نووسینی اسرائیل ولغنسون.

لەنێو هەموو فاتح و یاسادانەرانی جیهاندا، کەسێک نییە وەکو محەمەد (د. خ) هەموو لایەنێکی ژیانی بەدوور و درێژی باس کردبێت . من بە تەواوی جورئەتەوە بڕوام هەیەو دەڵێم: کە ڕۆژێک دێت بەرزترین فەلسەفەکانی مرۆیی و راستگۆترین بنەماکانی مەسیحییەت تەصدیقی دەکەن و بڕوا دێنن کە محەمەد (د. خ) پێغەمبەر بووە، پێغەمبەری ڕاستەقینە لەلایەن خوداوە.[١٣٦]

هەروەها لە کتێبی (محمد والمحمدية) لاپەڕە ٩٢ چاپی لەندەن ساڵی ١٨٧٤ دەڵێت: محەمەد (د. خ) لەیەک کاتدا هەم سەرکردەیەکی سیاسی بوو هەمیش ڕێبەرێکی ئاینی، بەڵام هەرگیز لووت بەرزی و خۆ بەپیرۆز زانینی پیاوانی ئاینی لا نەبوو، نەهیچ سوپایەکی پڕ چەک و تەقەمەنی و نە پاسەوانی تایبەتی و نەکۆشک و تەلاری ڕازاوە و نەداهاتێکی نەبڕاوەی هەبوو، ئەگەر کەسێک مافی ئەوەی هەبێت بڵێت: بە قودرەتی خودایی حوکمی کردووە، ئەوە محەمەدە، چونکە توانیی دەسەڵات بگرێتە دەست بەبێ ئەوەی کەرەستەی گرتنەدەستی دەسەڵاتی لەدەستدا بێت و بێ ئەوەی یەک تاقە کەس لەخزمەکانی پشتیوانی لێ بکات.[١٣٧] هەروەها دەڵێت: هەرچەندە مرۆڤێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام کتێبێکی هێنا، وێژە، یاسا، ڕەوشتی گشتی، چەندین کتێبی پیرۆزی لەیەک کتێبدا لەخۆ گرتبوو، کتێبێکە تاوەکو ئەمڕۆ شەش یەکی کۆی گشتی دانیشتوانی جیهان بە پیرۆزی دەزانن، چونکە لە وردەکاری شێوازو، بەرز ڕاگرتنی حیکمەت و ڕاستی موعجیزەیە، هەروەکو محەمەد (د. خ) لەبارەیەوە گوتوویەتی ئەم کتێبە موعجیزەی زیندووی ئەوە، کە بەڕاستیش موعجیزەیە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئێمە سەیری ئەو باروودۆخە بکەین کە ئەو تێیدا ژیاوە، هەروەها سەیری ئەو ڕێزە لەڕادە بەدەرە بکەین کە پەیڕەوانی بەرامبەر بە ئەو هەیانبوو و، بەراوردی بکەین لەگەڵ پاپاکانی کەنیسەو قدیسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، گەورەترین شت کە مایەی سەرسوڕمان بێت لە محەمەددا ئەوەیە، کە هیچ کاتێک بانگەشەی ئەوەی نەکرد کە خۆی ئەو هێزەی هەیە موعجیزە دروست بکات.

محەمەد (د. خ) ئەو کەسەیە چی دەگوت دەیکرد، پەیڕەوانیشی دەیانبینی چی دەڵێت دەیکات، ئایا دوای ئەمە بەڵگەیەکی ترمان دەوێت لەسەر ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ئەو مرۆڤە؟ تا کۆتایی ژیانیشی جگە لەو نازناوەی کە لە سەرەتادا پێی ناسراو بوو هیچی تری

(١٣٦) قرآن برفراز اعصار، عبدالرزاق نوفل، لاپەڕە ٩ .

(١٣٧) ماڵپەڕی islamonline.net بەنەقل لە کتێبی (محمد والمحمدية) بۆس ورث سمیث، بەرواری چاپ، ساڵی ١٨٧٤، لاپەڕە ٩٢ .



نەویست، ئەویش نازناوێکە بڕوام وایە ڕۆژێک دێت هەر فەلسەفەیەک پێی ڕازی دەبێت و هەر مەسیحییەکیش ڕزگار دەکات ئەگەر دان بەو نازناوە دابنێت، ئەو نازناوەش (پێغەمبەرایەتی خودایە)، بەڵێ هەر بەڕاستیش پێغەمبەری خودایە.[١٣٨]

هەروەها دەڵێت: هەرکاتێک ئێمە توانیمان مێژووی ئیسلام هەڵسەنگێنین و لە پەنجەرەی ویژدانەوە سەیرمان کرد، ئەوکاتە دەتوانین ئەو کەسە بناسین کە بەردی بناغەکەی داناوە کە موحەمەدە، ئەو موحەمەدەی کە ناتوانین لەبارەیدا هیچ شتێک بڵێین تەنیا ئەوە نەبێت کە لەعەقڵ و کردەو ڕەوشت و ڕەوانبێژی و خوداناسیدا مرۆڤێکی گەورەیە، هەر مەسیحییەکی خاوەن ویژدان و غەیرە مەسیحیش خۆشەویستی و دڵسۆزی ئەو مرۆڤە هەڵدەگرێت، ئەگەر لەداهاتوودا بیناسێت.[١٣٩]

## ١٢- بێرنارد کارادۆ فۆ Bernard Carra De Vaux ١٨٦٧- ١٩٥٣ز

زانای ناوداری فەرەنسی لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (محمدية) دەڵێت: محەمەد (د. خ) ماوەی منداڵی بە ئارامی و هێمنی بەسەر برد، کاتێکیش تەمەنی گەیشتە قۆناغی گەنجایەتی، بەگەنجێکی پاک و ئارام و لەسەرخۆ ناوی دەرکرد، تاوەکو تەمەنی گەیشتە چڵ ساڵ هەر بەو شێوەیە ژیا، مرۆڤێکی ڕووخۆش و نەرم و نیان و خۆش مەشرەب بوو. پاشان دەڵێت: بەڕاستی محەمەد (د. خ) پێغەمبەر بوو، هیچ کەسێک نەیتوانیوە لەڕەوشت بەرزیدا شان لە شانی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو کەسێک لە توخمێکی تر، یانیش چینێکی جیا لە چینی موسڵمانان سەیری خۆی نەدەکرد، هەستی یەکسانی و برایەتی کە محەمەد (د. خ) بناغەکەی داڕشتبوو، لە نێو ئەندامانی دەستەی ئیسلامی بەعەمەلی پیادە دەکرا، تەنانەت لەسەر خودی پێغەمبەریش.[١٤٠]

## ١٣- بیک خوری Bec kory

زانای گەورەی مەسیحی لە یەکێک لە سمینارە ڕەسمییەکانیدا کە لە دیمەشق ڕێکخرابوو، لە میانەی وتارێکی دووردرێژیدا گوتی: ئەمەیە محەمەد (د. خ) گەورەترینی

(١٣٨) ماڵپەڕی islamonline.net بەنەقل لە کتێبی ( محمد والمحمدية) بۆس ورث سمیث، بەرواری چاپ، ساڵی ١٨٧٤ .

(١٣٩) محمد و الإسلام ، بۆس ورث سمیث، ٣٤٦ .

(١٤٠) ماڵپەڕی: deltwhed.com.

گەورە پیاوانی دونیا، چاوی ڕۆژگار جارێکی تر یەکێکی وەکو ئەو نابینێتەوە، ئاینی پیرۆزی ئەو تەواوترین ئاینی جیهانە، شەریعەتی پیرۆزی ئەو بەڕێزە هەڵگری پرسە زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و تەشریعییەکانە.(١٤١)

### ١٤- تۆماس کارلایل Tomass Carlyle ١٧٩٥ – ١٨٨١ز

زانا و نووسەری ناوداری ئینگلیزی، ئەو کەسەی کە بەبڵاوکردنەوەی کتێبی (پاڵەوانان) کە لە ساڵی ١٨٤١ بڵاوی کردەوە، بۆ یەکەم جار سەبارەت بە ئیسلام، گۆڕانکاری لە هزری ئەوروپییەکاندا دروست کرد. دەڵێت: هیچ کاتێک محەمەد (د. خ) دۆست و لایەنگری شەهوەت و ئارەزوو پەرستی نەبوو، هەرچەندە لەڕووی دوژمنایەتییەوە بەوە تۆمەتبارکراوە، ئێمە چ زوڵمێک دەکەین و چەند هەڵە دەکەین کە وا بزانین کابرایەکی شەهوانی بووە و بێجگە لە تێرکردنی ئارەزووەکانی هیچ خەمێکی تری نەبووە!

لەبارەی ئەو تۆمەتەی کە گوایە ئیسلام بە سەرەنێزە و شمشێر و زۆردارەکی بڵاو بووەتەوە دەڵێت: هەندێ لە مەسیحییەکان لەڕووی تانە و ڕەخنەوە سەبارەت بە ئیسلام دەڵێن: محەمەد (د. خ) ئاینی خۆی بە شمشێر و سەرەنێزە بڵاو کردووەتەوە، واتە ئەگەر شمشێر نەبوایە، ئیسلام لە جیهاندا بڵاو نەدەبووەوە، ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن چەند لە ڕاستییەوە دوورن و چەند هەڵەیەکی گەورە دەکەن! دەبێت ئەوانە باش بیربکەنەوە، چونکە ئەو هێزەی کە ئەو شمشێرەی لە (جزيرة العرب) لە کاڵان دەرهێنا و برووسکەکانی لە لووتکە چیاکانی فەرانسە و ئیسپانیا و مەدائن تا سەمەرقەند و تا سەر ڕووی ئەهرامەکانی میسر لە دەستی (موسى بن نصير) و (طارق بن زياد) و (أبو عبيده بن الجراح) و (خالد بن الوليد) و گەورە فاتیحەکانی ترەوە درەوشایەوە، کام هێز بوو؟ بێگومان ئەو هێزە هێزی ئاینی محەمەد (د. خ) بوو، چونکە ئاینی حەق بوو، حەقیش هەر دەبێت خۆی ئاشکرا بکات.(١٤٢)

هەروەها دەڵێت: ئێمە دەزانین سەلاحەدینی ئەییوبی لەو کاتەی کە زانیی (ریچارد)ی سەرکردەی هێرشەکانی خاچپەرستان بۆ سەر موسڵمانان و "بيت المقدس" نەخۆشە،

(١٤١) ماڵپەڕی deltwhed.com.

(١٤٢) زندگانی محمد، نووسینی تۆماس کارلایل، وەرگێڕانی بۆ فارسی ، أبو عبدالله زنجانی لاپەڕە ٦٦، کتابفروشی سروش ، تهران، ١٣١٨ هـ.ش



پزیشکی تایبەتی خۆی بۆ چارەسەرکردن ناردە لای، کاتێکیش وادەی گەڕانەوەی هات، خەڵاتێکی باشی پێشکەش کردو بەسواریی ناردەوە، بەڵام هەموو ئەو چاکەیە وای لێ نەکرد جارێکی تر شەڕ لەگەڵ سەلاحەدیندا نەکاتەوە.(١٤٣)

سەبارەت بەکەسایەتی پێغەمبەریش دەڵێت: ئەم کوڕەی سەحرا، بەدڵێکی فراوان و ڕوحێکی کۆمەڵایەتی و چاوانی کاریگەرەوە، هەموو جۆرە هزرێکی هێنا، تەنیا دەسەڵات خوازی نەبێت، چ ڕوحێکی گەورە و ئارام! محەمەد (د. خ) لەو کەسانە بوو کە بێجگە لە خۆشەویستی و دڵگەرمی، لەگەڵ هیچ شتێکی تردا تێکەڵ نەدەبوو، لەو کەسانە بوو کە سروشت ئەوانی بەدڵسۆز دروست کردووە، لەو کاتەی کە خەڵکانی تر بەدوای دروشمە گومڕاکەرەکانیاندا دەڕۆیشتن و زۆریش پێی دڵخۆش بوون، ئەم پیاوە نەیدەتوانی خۆی لەو دروشمانە بئاڵێنێ.

ڕەمزی گەورەیی (وجود) لەگەڵ هەموو ئەو هێزو ئاڵۆزی و جەبەروت و گەورەییەی کە هەیەتی، لە بیر و مێشکی ئەودا زۆر بەڕوونی ئەدرەوشایەوە، هیچ جۆرە بیدعەت و گومڕایەک ناتوانی ئەو حەقیقەتە لە وەسف بەدەرەی بشارێتەوە، چونکە محەمەد (د. خ) بانگی هەمان ئەو دەنگە بوو کە دەیگوت (من هەم)، قسەکانی ئەم جۆرە کەسانە، سەدایەکە ڕاستەوخۆ لە ناخی سروشتەوە دێت، خەڵک دەبێت گوێی لێ بگرن، ئەگەر گوێشی لێ نەگرن، نابێت گرنگی بەهیچ دەنگێکی تر بدەن، چونکە هەموو شتێک لە بەرامبەر ئەودا وەکو با وایە.(١٤٤)

پاشان دەڵێت: دوژمنان ئەگەر بەچاوی حەقیقەتەوە بۆی بڕوانن، تێدەگەن کە لە نەفسی ئەو مرۆڤە گەورەیەدا هزرێکی بەرزتر لە تەماعی دونیا و پلە و دەسەڵات هەبوو. هەرچەندە قورئان پڕیەتی لە ئایەتی پاراو و ستایشی خودا و هاندان بۆ یەکتاپەرستی، بەڵام بەڕای من تەنیا شتێ کە زیاتر شایانی ڕێزو بەگەورە زانینە، ڕوانینە قووڵەکانی محەمەدە لە نهێنی شتەکان، کە لە ئایاتەکانی قورئاندا خۆیان دەنوێنن و کاریگەری قووڵ لەسەر دڵە بێ ڕەنگەکان دادەنێن، ئەمەش گەورەترین ئیمتیازە کە حەقی خۆیەتی ببێتە هۆی بەپیرۆز زانین و سەرسام بوون. ئەگەر بەچاوی عەقڵەوە سەیری بکەین، تێدەگەین کە ئەمەیان

(١٤٣) محمد مثل الأعلى، تۆماس کارلایل.

(١٤٤) تحقیقات کارلایل، بەنەقل لە(جان دیون پورت) عذر تقصیر بە پیشگاه محمدو قرآن، وەرگێڕانی بۆ فارسی غلامرضا سعیدی، تهران، شرکت نسبی حاج محمد حسین اقبال و شرکاء، لاپەڕە ٧١-٧٢ .

بەخشش و چاکەی خودایە لەلایەن خودای گەورەوە بە محەمەد (د. خ) بەخشراوە.

خۆش بەحاڵی محەمەد (د. خ) کە بەجلوبەرگی زبر و خواردنی زبرەوە لە هەوڵ و کۆشش دابوو، بۆ چاکسازی جیهان و ڕاگەیاندنی یەکتاپەرستی خوداوەندی حەق، شەو و ڕۆژ لە هەوڵ دابوو بۆ بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و ڕەوشتی چاک، هەرگیز وەکو کەسانی نەفس نزم، بەرامبەر بە بەرگەگرتنی ڕەنج و نەخۆشی، تەماعی ناودەرکردن و گەیشتن بەدەسەڵاتی نەبوو، هەرگیز نەیدەویست بەسەر هیچ بەشێکی جیهاندا زاڵ بێت، بەڵکو بڵاوکردنەوەی ئاینی یەکتاپەرستی لەجیهاندا، بە ئەرکی ڕۆحی و مرۆیی خۆی دەزانی.[١٤٥]

هەر لەو کتێبەیدا دەڵێت: مایەی شەرمەزارییە، مرۆڤی پێشکەوتوو لەنەوەی ئەم سەردەمە گوێ بداتە ئەو وەهمەی کە دەڵێت: ئاینی ئیسلام ئاینێکی درۆیەو محەمەدیش (د.خ) لەسەر حەق نەبووە، بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە لەدژی ئەم جۆرە بانگەشە ناپەسەندو ناعەقڵانییە بووەستینەوە، چونکە ئەو پەیامەی کە ئەو پێغەمبەرە بانگەوازی بۆ دەکرد، لەماوەی چواردە سەدەدا بووەتە چرایێکی گەش بۆ ملیۆنان کەس ، ئایا مەعقولە ئەو بڕوایەی کە ئەو ملیۆنان مرۆڤە لەسەری ژیاون و مردوون تەنیا درۆی درۆزنێک یان فێڵی فێڵبازێک بووبێت؟! جا ئەگەر درۆو چەواشەکاری ئەوەندە لای خەڵک ڕەواجیان هەبێت، ئەوا ژیان تەنیا درۆو فشەگاڵتەیەو شتێکی بێ مانایە، بەڵکو شایانی ئەوە نییە هەر هەبێت، خەڵکیش بریتییە لە هەندێ شێت و گێل و نەزان.

مرۆڤی درۆزن ناتوانێ تەنانەت خانووێکیش لە خشتەی قوڕ دروست بکات، چونکە دەربارەی بیناسازی هیچ نازانێت، خۆ ئەگەر دروستیشی کرد، ئەوا تەنیا هەندێ کەرەستەیە تێکەڵ بەیەکی دەکات و هیچی تر، ئەی بۆ ئەوکەسە چی دەڵێن: کە خانووێک دروست بکات و کۆڵەگەکانیشی بۆ چەندین سەدە ملیۆنان خەڵکی تیا دانیشێت؟!!

نەخێر مومکین نییە بۆ ماوەی چەندین سەدە بمێننەوە و ملیۆنان کەس تێیدا دانیشێت، بەڵکو شایانی ئەوەن بەزووترین کات وەک ئەوەی هەر نەبووبن هەڵبوەشێنەوە. بۆیە زۆر هەڵەیە کە محەمەد (د. خ) بەمرۆڤێکی درۆزن و ساختەکار و فێڵباز بزانین و پێمان وابێت ئەم ڕێگایانەی ئەو بەکاری هێناون بۆ مەرامی تایبەت و تەماعی دونیا بووە، چونکە ئەو پەیامەی کە ئەو پێی هەستاوە، بێجگە لە ڕاستگۆیی و حەقیقەت شتێکی تری تێدا نییە، قسەکانیشی تەنیا ئەو دەنگە ڕاستەیە کە لەجیهانی نهێنیدا دەردەکەوێت، ئەو بڵێسەیەیە

(١٤٥) زندگی محمد، بولنوییلیە لاپەڕە ٣٤- ٦٦ .



کە هەموو جیهانی ڕۆشن کردووەتەوە، ئەمەش ئەمری خودایەو فەزلی خودایە، دەیداتە هەرکەسێک کە حەزی لێیە.[١٤٦]

## ١٥- تورنفور ١٦٥٦- ١٧٠٨ز

ڕووەکناسی ناوداری فەرەنسی کە لە سەرەتادا خۆی بە زانستە ئاینییەکانەوە خەریک کردووە، پاشان دەستی بە زانستی ڕووەکناسی کردووە، بۆ توێژینەوە لەم ڕشتەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەم فەرمانی پێ دەکرێت بۆ وڵاتە ئیسلامییەکان سەفەر بکات، هەر لەم مەئمورییەتەیدا، سەفەرنامەیەک دەنووسێت و، لەبارەی تورکە موسڵمانەکان، کە بەهۆی پێشکەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دڵی ئەوروپا زیاتر لەخەڵکی تر بەر نەفرەتی مەسیحییەکان کەوتبوون، دەکەوێتە پەسندانیان و ستایشی ڕەوشت و ڕەفتاری جوانیان دەکات بەرامبەر بەکەسانی داماو و هەژار و قەرزدار و نەخۆش و کارەسات دیدە، هۆی ئەم ڕەوشت و ڕەفتارەشیان دەگەڕێنێتەوە بۆ پێغەمبەری ئیسلام و دەڵێت: محەمەد (د. خ) مرۆڤێک بوو زۆر عاقڵ و سروشت سەلیم و... پاشان دەڵێت: هەرچەندە نامەوێت پەسنی بدەم، بەڵام ناشتوانم ئەو مرۆڤە بەبلیمەتێکی گەورەتر لە مرۆڤی نەزانم.[١٤٧]

## ١٦- پرۆفیسور ج.ب لیتز Leathes

زانای ناوداری ئینگلیزی دەڵێت: محەمەد (د. خ) پێغەمبەر بووە و خوای گەورە وەحی بۆ ناردووە، جارێکیان خوای گەورە بەتوندی وەحی بۆ ناردو هەڕەشەی لێ کرد، چونکە ڕووی لە کەسێکی هەژار و کوێر وەرگێڕابوو، تاوەکو قسە لەگەڵ کەسێکی دەوڵەمەندو قسەڕۆ بکات، محەمەد (د. خ) ئەم وەحییەی بڵاوکردەوەو نەیشاردەوە، جا ئەگەر ئەوەی مەسیحییە نەزانەکان لەبارەیدا دەڵێن ڕاست بوایە، ئەو وەحیە تائێستا نەدەماو ئەو هەموو سەردەمە ڕابردووە وای لێ دەکرد کە هەر لە بیری خەڵکیشدا نەمێنێ، کەچی ئێستاش لە قورئاندا هە رماوە.[١٤٨]

هەروەها دەڵێت: من بەو پەڕی جورئەت و ئەدەبەوە دەڵێم: ئەو خوایەی کە سەرچاوەی

(١٤٦) الإسلام بين الإنصاف والجحود، محمد عبد الغني حسن لاپەڕە ١٢٩ .

(١٤٧) اسلام از نظر ولتر، وەرگێڕانی بۆ فارسی جواد حدیدی، تهران، کانون انتشارات جوان، ١٣٥١هـ.ش لاپەڕە ٢٨- ٢٩ .

(١٤٨) گۆڤاری ( المقتطف) بەرگی پێنجەم بەشی٤ .

هەموو خێر و بەرەکەتێکە، ئەگەر نیگای بۆیەکێک لە بەندەکانی ناردبێت، ئەوا ئاینی محەمەد (د. خ) ئاینی ئەو وەحییەیە، ئەگەر ئایەتەکانی دەستپاکی و بیروباوەڕی نەگۆڕ، کەرەستەکانی لێک جیاکردنەوەی خێر و شەڕ، سڕینەوەی پڕوپووچ، گەواهی بن لەسەر ئیلهام، ئەوا پەیامەکەی محەمەد (د. خ) ئیلهامی خودایە.[149]

## ١٧- جۆرج بوش George Bush ١٧٩٦- ١٨٥٩ز

نووسەری نێوداری ئەمریکی (جۆرج بوش) لە سەرەتادا زۆر تۆمەتی بەناحەقی نیسبەت داوەتە لای پێغەمبەر، بەڵام لە کتێبەکانی کۆتاییدا نەیتوانیوە قسەی ڕاست نەکات. ئەم نووسەرە کاتێک باس لەمردنی پێغەمبەر(د.خ) دەکات دەڵێت: بەم شێوەیە ئەرکی محەمەد (د. خ) لەسەر زەوی کۆتایی پێهات، ئەرکی یەکێک لە دیارترین پیاوان و شیاوترینیان بۆ ئاوڕلێدانەوە کۆتایی پێ هات... ئێمە زیاتر دووچاری سەرسوڕمان دەبین کاتێک سەرکەوتنی سیاسی ئەو مرۆڤە وەلا دەنێین و سەبارەت بە خێرا بڵاوبوونەوە و بەردەوامی ئاینەکەی قسە دەکەین. چونکە ئەو دەسکەوتانەی کە ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام بەدەستیان هێنا، هیچ تەفسیرێک هەڵناگرێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە خودا چاودێرییەکی یەکجار زۆری کردوون، چونکە شێوەی ئەو سەرکەوتنەی کە محەمەد (د. خ) بەدەستی هێنا، لەگەڵ ئیمکانیاتی ئەوکاتی ئەودا ناگونجێت، مومکینیش نییە بەلێکدانەوەکانی عەقڵی مرۆڤ شرۆڤە بکرێتەوە، کەواتە هیچ ڕێگایەکی تر نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە بڵێین: ئەو لەژێر سایەو چاودێری خوادا کاری کردووە، جگە لەمە هیچ تەفسیرێکی تر ئەو هەموو دەسکەوتە گەورەو بەرهەمدارانە تەفسیر ناکاتەوە.[150]

## ١٨- جۆرج دی تولدز ١٨١٥ز- ١٨٩٧ز

زانا و لێکۆڵەری ئەمریکی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الحیاة) دەڵێت: زوڵمێکی زۆر گەورەیە مافی محەمەد (د. خ) پێشێل بکەین، هەروەکو ئێمە ئاگادارین عەرەبەکان بەر لە هاتنی لەو پەڕی وەحشیگەریدا دەژیان، دوای ڕاگەیاندنی پێغەمبەرایەتی محەمەد (د. خ) بینیمان چۆن بارودۆخیان گۆڕا و چۆن ئیسلام دڵی ملیۆنان کەسی ڕووناک کردەوە و چۆن بەشەوق

---

(١٤٩) الاسلام یتحدی ، نووسەری هیندی (وحید الدین خان) وەرگێڕانی (ظفر الدین خان) ل ٦٨.

(١٥٠) محمد مؤسس هذا الدین، نووسینی: جورج بوش، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی دکتور عبدالرحمن الشیخ، لاپەڕە ٣٥٣ چاپی سعودیە، ساڵی ٢٠٠٥ .



و سەرسامبوونەوە باوەشیان بۆ کردەوە، بۆیە گومان لە پێغەمبەرایەتی ئەو مرۆڤە، گومانە لە هێزی ئەو خودایەی کە زاڵە بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا.[151]

## ١٩- جان بروا

ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا (محمد ناپلیۆنی ئاسمانە) دەڵێت: محەمەد (د. خ) پێغەمبەر و یاسادانەر و سیاسی و وتاربێژ و پاشایەکی گەورە و سەرکردەیەکی بلیمەت و ترسناک بوو، شانازییەکی زۆریشی بەپەروەردگارییەوە دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە نەچووبووە هیچ زانکۆیەک لە زانکۆکانی ڕۆمان و لە هیچ قوتابخانەیەکیش لە قوتابخانەکانی فارس نەیخوێندبوو. ناوی محەمەد (د. خ) ئەوەندە گەورە بوو کە تەنیا بەناوی خۆیەوە بناسرێت، بێ ئەوەی نیسبەت بدرێتە لای خانەوادەکەی، هەروەکو ناپلیۆن، بەڵکو محەمەد (د. خ) ناپلیۆنی ئاسمانە.[152]

## ٢٠- جان توزنون کرو ١٨٦٧- ١٩٢٤ز

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا بەناوی (العرب) باس لە سەرەتای پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر دەکات و لە پێشەکی ئەو کتێبەیدا دەڵێت: خوای گەورە محەمەد (د. خ)ی هەڵبژارد بۆ ڕێنمایی ئوممەتەکەی، فەرمانیشی پێ کرد بەڕووخاندنی دیانەتە درۆکەیان و بەرچاو ڕوونکردنەوەیان بە نووری ڕاستی، محەمەد (د. خ) یش بەو فەرمانە و بەناوی خودای تاک و تەنیا، بەگوێرەی ئەو وەحیەی کە لە خوای گەورەوە بۆی دەهات و، بەگوێرەی ئەو بڕوا پتەوەی کە هەیبوو، دەستی بە بانگەوازەکە کرد... خوای گەورە کۆمەڵە کتێبێکی خستە نێو دڵی محەمەد (د. خ) کە پڕ بوو لە نهێنییەکانی خودایی، هەروەها کۆمەڵە ڕاستییەکی بۆ نارد کە لە مەودای عەقڵی سروشتی ئەو تێپەڕی کرد، چونکە خوای گەورە بەڕێگەی قەڵەم مرۆڤی فێرکرد، فێرە ئەو شتانەی کرد کە نەیدەزانی، ئەمەیە نهێنی وەحی، کە بریتیە لە وشەی نووسراو، وشە نووسراوەکەش نیگای خوداییە.

نووسەر زیاتر پێوە دەچێت و باس لە سەرەتای پێغەمبەرایەتی دەکات و دەڵێت: لە

---

(١٥١) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٩٦ بەنەقل لە کتێبی (الحیاة) نووسینی جورج دی تولدز.

(١٥٢) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٠٣ بەنەقل لە کتێبی (محمد نابلیون السماء) نووسینی جان بروا، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی محمد صالح البنداق لاپەڕە ٥٢ .

دەوروبەری ساڵی ٦١٠ ی زاینی محەمەد (د. خ) گەیشتە تەمەنی لاوەتی، قەت نەیدەتوانی بیر لە حاڵی نەتەوەکەی بکاتەوە و خەمی بۆ نەخوات، دەیزانی شتێکی زۆر پێویست لەخۆی و نەتەوەکەی کەمە، چونکە هەر قەبیلەیەکی عەرەبی بتێکی تایبەتی دەپەرستی و، بڕوای تەواویان بە دێو و خێو و جنۆکە هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بێ ئاگا بوون لە حاڵی خۆیان، ئەم بێ ئاگاییەشیان لە مردنی ڕوحەوە بوو، بەڵام دڵی محەمەد (د. خ) بێجگە لە بیرکردنەوە لە بوونی خودا هیچی تری تێدا نەبوو، خۆی لە هەموو هێزێک دوور خستبووەوە تەنیا ئەم هێزە نەبێت، بیری بۆ هیچ لایەک نەدەچوو تەنیا بۆ لای زاتی (واجب الوجود)ی تاک و تەنیا نەبێت، کە پێویستی بە هیچ کەسێک نییە و هەموو کەسیش پێویستی پێیەتی... تاوەکو دەڵێت: لەو کاتەدا محەمەد (د. خ) تەنیایی زۆر پێ خۆش بوو، لە خەڵوەتگای خۆی لە ئەشکەوتی (حراء) هەستی بەخۆشییەکی زۆر دەکرد و ڕۆژ بەڕۆژ ئەم خۆشییەی لێ زیاد دەبوو، چەند هەفتەیەک لەوێ بەتەنیا بەسەری دەبرد، جگە لە خواردنێکی کەم هیچی تری لەگەڵ خۆی نەدەبرد، چونکە نەفسی ئەو چێژی لە بەڕۆژوو بوون و خواپەرستی وەردەگرت.[١٥٣]

### ٢١- مستەر جان لیک ١٨٢٢ز- ١٨٩٧ز

زانا و ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئیسپانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (عەرەب) دەڵێت: چەند جوانە وتەی مامۆستای گەورە محەمەد (د. خ) کە دەڵێت: هەموو دروستکراوێک عەیالی خودایە و خۆشەویستترین کەس لای خودا ئەو کەسەیە زیاتر سوود بە عەیالی خودا بگەیێنێت.

پاشان دەڵێت: ئایا لە موعجیزە هەرە گەورەکانی نییە، کە بەهێزی ئەدەب و بە یەک وشە محەمەد (د. خ) توانی هەموو پەیڕەوە ڕاستگۆکانی خۆی نەوە دوای نەوە لە شەڕی مادده سەرخۆشکەر و هۆشبەرەکان بپارێزی و سەدان ملیۆن کەس لە شەڕی ئەو ماددانە دوور بخاتەوە؟ ناتوانین ژیانی محەمەد (د. خ) جوانتر لە خودا وەسف بکەین کە بەچەند وشەیەکی کورت، تێیدا هۆی ناردنی محەمەدی پێغەمبەر (د.خ) دەسنیشان دەکات و دەفەرموێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) .

هەر خودی خۆی بەڵگەیە کە گەورەترین بەزەیی لا بووە، بۆ هەموو هەژار و بێ

(١٥٣) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ٢٧ .



دەسەڵاتێک، ئامادەی هەر یارمەتیدان و هاوکارییەک بوو بۆ هەموو نیازمەندێک، محەمەد (د. خ) ڕەحمەتێکی ڕاستەقینە بوو بۆ هەتیو و هەژار و ڕێبوار و کارەسات دیدە و کرێکار و ڕەنج دیدە و کەسانی ماندوو، منیش بەخۆشحاڵی و عەشقەوە، سەڵاوات بۆ سەر ئەو و پەیڕەوانی دەنێرم.[١٥٤]

### ٢٢- جون ئەروکس

زانا و بیریاری ئینگلیزی لە کتێبەکەیدا بەناوی (گەورە پیاوانی مێژوو) دەڵێت: ئێمە نەمانزانیوە لە هەموو ژیانیدا جارێک لە جاران محەمەد (د. خ) لە داوێنپیسی نزیک بووبێتەوە، هەر بۆیەش بەمرۆڤێکی گەورەی دەزانین.[١٥٥]

### ٢٣- جون دیفولبوت ١٨٣٢- ١٩٠٢ز

ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی دەڵێت: ئایا دروستە نکوڵی لە چاکەی محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری عەرەب بکەین کە چاکسازێکی زۆر گەورە بوو؟ هەستایە سەرپێ و خەڵکەکەی تێگەیاند کە تەنیا خوا بپەرستن و واز لە بتپەرستی بێنن، هەر ئەو بوو کە زیندەبەچاڵ کردنی کچان و خواردنەوەی عەرەق و یاریکردن بە قوماری حەرام کرد و هەندێ بنەمای بۆ ئوممەتەکەی بەجێ هێشت کە ئێستاش بە بەردەوامی کاریان پێدەکرێت و ملیۆنان خەڵک لەسەری دەڕۆن.[١٥٦]

### ٢٤- حەسەن عەلی

واعیزی بەناوبانگ کە بەر لە (٥٠) ساڵ گۆڤاری (نورالسلام)ی لە Antep دەردەکرد، لە بەشێکی ئەو گۆڤارەدا دەڵێت: برادەرێکی (بەرهەمی، هندۆسی) پێی گوتم: بەڕای من محەمەد (د. خ) ی پێغەمبەری ئیسلام گەورەترین مرۆڤە لە هەموو جیهاندا، پێم گوت: بۆچی؟ لەوەڵامدا گوتی : چونکە هەندێ خەسڵەتی هەبووە، لە هیچ کەسێکی تردا ئەو

(١٥٤) لە کتێبی (العرب) نووسینی جان لیک، لاپەڕە ٤٣ .

(١٥٥) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٤٦ بەنەقل لە کتێبی (عظماء التاريخ ) نووسینی جون أروکس لاپەڕە ٨٣.

(١٥٦) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١١٣. بەنەقل لە کتێبی (محمد عند علماء الغرب) لاپەڕە ١٨٥ .

هەموو خەسڵەتە پێکەوە کۆ نەبوونەتەوە. محەمەد (د. خ) پاشایەک بوو هەموو وڵاتەکەی ملکەچی بوو، کەچی لەدەروونی خۆیدا مرۆڤێکی خۆبەکەم زان بوو، وەک ئەوە وابوو کە هیچی لەدەستدا نییە و، بڕوای وابوو هەموو شتێک تەنیا لەدەست پەروەردگاری ئەودایە. مرۆڤێکی زۆر دەوڵەمەند بوو چونکە لە هەموو لایەکەوە زێڕ و پارە دەگەیشتە پایتەختی دەسەڵاتەکەی، کەچی ئەو بەهەژاری دەژیاو جاری وا هەبوو بۆ چەند ڕۆژێک ئاگر لە ماڵەکەیدا نەدەکرایەوە بۆ چێشت لێنان، زۆر جاریش بە زگی برسی دەمایەوە، کاتێک وەکو سەرکردە سەیری دەکەین، دەبینین بەسەرکردایەتی لەشکرێکی بچووک، شەڕی هەزاران سەربازی پڕچەکی کردووە و بە خراپترین شێوە شکستی تێ خستوون، کاتێک وەکو بوێر و نەترسێک سەیری دەکەین، دەبینین پاڵەوانێکی نەترس بووەو، بەرامبەر بەهەزاران دوژمن وەستاوە و حیسابی بۆ نەکردوون، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی دڵنەرم و دلاوا بوو، خۆی لەڕشتنی تەنیا دڵۆپێک خوێنیش پاراستووە، مرۆڤێک بوو خەریکی ڕێکخستنی هەموو جەزیرەی عەرەبی بوو، کەچی هیچ ئەرکێکی ماڵ و منداڵەکانی لەیاد نەدەکرد، ئەرکی هەژار و نەدارانی موسڵمانیش بەهەمان شێوە، مرۆڤێک بوو خەمی بۆ هەموو جیهان دەخوارد، لەگەڵ ئەوەشدا وازی لەدونیا هێنابوو، ئەو لە دونیادا بوو، بەڵام لە دونیادا نەبوو، چونکە ئەو تەنیا بیری لای خودا بوو، تەنیا ڕەزامەندی ئەوی مەبەست بوو، بۆ خۆی تۆڵەی لە هیچ کەسێک وەرنەدەگرت، پێغەمبەرێکی زمان پاراو و پارێزراو، لەکاتێکدا فاتیحی وڵاتان و سەرکەوتووی بەسەر میللەتاندا بوو، کەچی لەسەر گەڵای دارخورما درێژ دادەنیشت و لەسەر باڵگەی ڕیشاڵی دارخورما دەنووست. لەوکاتەدا کە غەنیمەیەکی یەکجار زۆر لە ئەیوانی مزگەوتدا کۆ دەکرایەوە، هەمووی بەسەر هەژار و داماوان دابەش دەکرد، بێ ئەوەی نیو دەرهەم بگاتە ماڵ و خێزانی، لە کاتێکدا لەوپەڕی هەژاریدا دەژیان.[١٥٧]

## ٢٥- مستەر داز

زانای ناسراوی ئینگلیزی لە کتێبەکەیدا (لەگەڵ ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا) دەڵێت: محەمەد (د. خ) جووتیار و پزیشک و یاسادانەر و سەرکردە بوو، ئەوەی لە فەرمایشتەکانیدا هاتووە بخوێنەوە لەڕاستی قسەکانی تێ دەگەی، ئەوەندە بەسە کە وتە بەنرخەکەی بووەتە بناغەی زانستی تەندروستی کە دەڵێت: (ئێمە نەتەوەیەکین، تاوەکو برسی نەبین ناخۆین، کاتێکیش کە دەخۆین، تێر ناخۆین)، پزیشکەکان سەرەڕای زۆری ژمارەیان و زیرەکی و

(١٥٧) ماڵپەڕی: al-vefagh.com .



شارەزاییان، تا بە ئەمڕۆشی دەگات نەیاتوانیوە ئامۆژگارییەکی بەنرختر لەمە بێنن.

هەر لەهەمان کتێبدا دەڵێت: محەمەد (د. خ) ئەو کەسەیە کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا، کە چارەگە سەدەیەک بوو، توانی دوو دەوڵەت لەگەورەترین دەوڵەتانی جیهان شکست بدات و بیانسڕێتەوە، بەڵێ توانی ئەم جۆرە کودەتایە سەرسوڕهێنەرە بکات و، سەرکێشی نەتەوەیەک بکات کە چۆلەواری سووتێنەر جێگەی مانەوە و نیشتەجێ بوونیان بوو و، بە بوێری و پەلاماردان و ترساندن و تۆڵەسەندنەوە ناوبانگیان دەرکردبوو، جا کێ هەیە گومان ببات کە ئەو هێزە لەڕادە بەدەرەی کە محەمەد (د. خ) توانی دوژمن و نەیارەکانی پێ بشکێنێ لەلایەن غەیری خواوە بووە؟![١٥٨]

## ٢٦- دون بایرون ١٨٣٩- ١٩٠٠ز

لێکۆڵەر و زانای ئەرژەنتینی لە کتێبەکەیدا بەناوی (مۆڵەتێک بدە نەفسی خۆت) دەڵێت: دوور نییە کە محەمەد (د. خ) خۆی هەستی بەوە کردبێت کە لەخولقیەتدا لە هاوچەرخانی خۆی نەرمترەو لە زیرەکایەتی و بلیمەتیدا لە هەمووان زیاترەو خوای گەورە هەڵیبژاردووە بۆ کارێکی گەورە، هەموو مێژوو نووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە محەمەد (د. خ) ی کوڕی (عبدالله) بەهۆی ڕەوشتە جوانەکانی و ڕاستگۆیی لە قسەکانیداو دەستپاکی و پیاوەتی و خۆش ڕەفتاری، لەنێو خەڵکەکەیدا بە(ئەمین) ناوی دەرکردبوو، بەهۆی دڵنیا بوونیان لە ڕەوشت و دەستپاکی ئەو، ماڵ و سەروەتی خۆیان بە ئەمانەت پێ ڕادەسپارد، هیچ کاتێک ئەو خواردنەوانەی نەدەخواردەوە کە مرۆڤ سەرخۆش دەکەن، هیچ کاتێکیش ئامادەی ئەو ئاهەنگانە نەدەبوو کە بۆ بتەکان دەگێڕدران، بەڵکو خۆی بەو کارانەوە خەریک دەکرد کە خێری بۆ ئەو تێدایە، چونکە باوکی هیچ شتێکی لەدوای خۆی بۆ بەجێ نەهێشتبوو، کاتێکیش خەدیجەی مارەکرد بازرگانی بەماڵی ئەو دەکرد.[١٥٩]

## ٢٧- دی سلان ماک گوین ١٨١٠ز- ١٨٧٩ز

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی کە (فهرست المخطوطات الشرقیة)ی داناوە و (مقدمة ابن خلدون)ی بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە دەڵێت: عەرەب نەتەوەیەکە بەچەندین خەسڵەت لە نەتەوەکانی تر جیایە، ئاینێکی تەواو و گشتگیریان هەیە، هیچ کەسێک ناتوانی لەکەداری

(١٥٨) ماڵپەڕی: eltwhed.com.

(١٥٩) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ٢٢ .

بکات ئەو کەسە نەبێت کە هیچ نەزانێت، خاوەنی دینەکەشیان محەمەد (د. خ)ی هەژارە، بەر لەوەی ئێمە دینەکەی بناسین پێویستە ئەوکەسە بناسین کە دینەکەی هێناوە، بە ڕاستی دەڵێم: هیچ پێغەمبەرێک لە زنجیرەی پێغەمبەران وەکو محەمەد (د. خ) نییە، هیچ شەریعەتێکیش لەزنجیرەی شەریعەتەکاندا وەکو شەریعەتەکەی ئەو نییە، زیادە ڕەویمان نەکردووە گەر بڵێین محەمەد (د. خ) باشترینی ئەو کەسانەیە کە شەریعەتیان هێناوە، چونکە بەوپەڕی بوێری و چاونەترسی ڕوو بەڕووی دیکتاتۆر و ملهوڕانی قورەیش بووەوە، تاوەکو ئەوەی دەیویست بەقۆناغی کۆتایی گەیاند و، گەیشتە کۆتایی ئەو ڕێگەیەی کە لەسەری دەڕۆیی و کاری بۆ دەکرد، ئەوەندەی پێ نەچوو خۆی و شەریعەتەکەی بوونە جێی قسەی باش و یادەوەری بۆندار، بەشێوەیەک کە ناتوانین تۆزی لەکەدارکردنیشیان بخەینە سەر.[١٦٠]

٢٨- دینیس سورات Dennis Saurat ١٨٧٠- ١٩٤٣ز

مامۆستا لە زانکۆی (لەندەن) و نووسەری کتێبی (میلتون: بیریار و پیاو) و (روحی فەرەنسا) و (ئادابی نوێی فەرەنسا)، لە یەکەمین کتێبیدا بەناوی (مێژووی دیانەتەکان) کە لە ساڵی ١٩٣٣ بڵاو کراوەتەوە، دەڵێت: لە نێوان گەورە پیاوان و دامەزرێنەرانی دیانەتەکاندا، نزیکە محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری ئیسلام تەنیا کەس بێت کە ئێمە لە ڕێگەی مێژوو ناسیبێتمان و، خورافە نەیتوانی بێت خۆی و پەیامەکەی شوێن بزر و چەواشە بکات.[١٦١]

٢٩- جان مەکەیلس John Michaelis ١٧١٧ - ١٧٩١ز

زانای گەورەی ڕووسی لە کتێبەکەیدا بەناوی (العرب في آسيا) دەڵێت: هیچ کاتێک موحەمەدی پێغەمبەری عەرەبی جادووگەر و سیحرباز نەبووە هەروەکو گەمژەو نەفامەکانی سەردەمی خۆی بەوە تۆمەتباریان دەکرد، بەڵکو مرۆڤێکی خاوەن حیکمەت و ڕەوشت و باوەڕ بوو، بەهەموو سیفەتێکی جوان بانگەوازی بۆ دینەکەی دەکرد، شتێکی وای بۆ عەرەبەکان هێنا کە پلەو پایەیان بەرز بکاتەوە، ئێمە دەربارەی ئاینەکەی شتێکمان نەزانیوە

(١٦٠) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٨٤. بەنەقل لە وەرگێڕانەکەی (مقدمة الترجمة الفرنسية لمقدمة ابن خلدون) نووسینی ( دی سلان ماک غوین).

(١٦١) ماڵپەڕی eltwhed.com.





کە لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا نەگونجێت، هەر چەند سەردەمەکە زۆریش پێشکەوتوو بێت، هەر کەسێک بە پێچەوانەی ئەمە محەمەد (د. خ) تۆمەتبار بکات، لە ڕێگای ڕاست لایداوە، بۆیە پێویستە هەموو گەلێک ڕێنماییەکانی وەرگرێت و لەسەریان بڕوات.[١٦٢]

٣٠- ر. ف. بودلی R. F. Bodly

گۆڤاری (الأزهر) دەرچووی مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٥٢ لەبارەی کولونیل ر. ف. بودلی ، نووسەری سویسی و لەبارەی کتێبەکەی بەناوی (ژیانی محمد) دەڵێت: (ر. ف. بودلی) لە کتێبەکەیدا (ژیانی محمد) بیروباوەڕی ئیسلامی لەوەدا پوخت کردووەتەوە، کە بانگەوازێکە بۆ ئاشتی و تەسلیمبوون بە ویستی خودا و بڕوا بوون بە تاک و تەنیایی خودا، هەروەکو دەڵێت: لە ڕوانگەی ئیسلامەوە گەورەترین تاوان هاوبەش دانانە بۆ خودا.

هەروەها دەڵێت: محەمەد (د. خ) بانگەشەی خوایەتیی بۆخۆی نەکردووە، بەڵکو هەمیشە بەڕاشکاوی گوتوویەتی من مرۆڤم و لەلایەن خواوە نیگام بۆ هاتووە، هۆی خێرا بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش جیا لە هەموو ئاینەکانی تر، هەر ئەوەیە کە هیچ کاتێک بانگەشەی خوایەتیی بۆ خۆی نەکردو بانگی خەڵکی نەکرد بیپەرستن، هەروەها داننانی قورئان بەڕاستی و دروستی ئاینەکانی تری پێش خۆی، یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی خێرا بڵاوبوونەوەی ئیسلام.

پاشان (ر. ف. بودلی) سەرزەنشتی ئەو نووسەرە دەمارگیرانە دەکات کە هەر لە سەردەمی جەنگی خاچ پەرستییەوە تا بەئەمڕۆ بەردەوام تۆمەت و شتی پڕوپووچ و بێ مانا نیسبەت دەدەنە لای ئیسلام و دەڵێت: ئەوان لە محەمەد (د. خ) و شەریعەتەکەی نەگەیشتوون.

هەر لەو کتێبەیدا دەڵێت: ئێمە تەنیا هەندێ شتی پەرت و بڵاو لەژیانی مەسیح دەزانین، بەڵام لەبارەی ژیانی محەمەد (د. خ) زۆر شت دەزانین و دەبینین مێژوو هەموو شتێکی ئەوی لەتاریکی دەرهێناوە.

دەربارەی هاوسەرگیری نێوان پێغەمبەر و عائیشەش دەڵێت: بەڵام ئەو هاوسەرگیرییە، هەندێک لە مێژوونووسانی ژیانی موحەمەدیان بەخۆوە خەریک کردووە و لەڕوانگەی ئەو کۆمەڵگە هاوچەرخەی کە خۆیان تێیدا دەژین دەڕواننە ئەم هاوسەرگیرییەو، بیریان لەوە

(١٦٢) ماڵپەڕی: asharqalarabi. org.

نەکردووەتەوە کە ئەم شێوە هاوسەرگیرییە ئێستاشی لەگەڵدابێت، داب و نەریتێکی ئاسیاییە و تائێستاش لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هەرماوە، تا ئەم دواییانەش ئەم شێوە هاوسەرگیرییە لە ئیسپانیا و پورتوگال سروشتی بووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە هەندێ ناوچەی شاخاوی و دوورە دەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم هاوسەرگیرییە ئاساییە.[١٦٣]

## ٣١- روبرت سمیث Robert Smith ١٨٥٦- ١٩٠١ز

لێکۆڵەر و ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی دەڵێت: عەرەبەکان لەو پەڕی توندڕەوی و توندوتیژیدا بوون، بەهۆی هێرش و پەلاماردانی خەڵک ژیانیان بەسەر دەبرد، بەزەیی لە دڵ و دەروونی ئەوان دەرهێنرابوو، عیبادەتی بتەکانیان دەکرد، هەر بەرەیەک بتی تایبەتی خۆی هەبوو، تەنانەت سێ سەدو شەست بتیان لە کەعبە کۆ کردبووەوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەم محەمەد (د. خ) هات و بەرەو ئیسلام بانگهێشتی کردن و، تێیگەیاندن کە دروست نییە بتەکانیان لە شوێنی خودا دابنێن یان بیکەنە هاوبەشی خودا، محەمەد (د. خ) خاوەنی ڕەوشتێکی زۆر بەرز بوو، دوای ئەوەی خەڵکەکە زۆریان ئازاردا بڕوایان پێ هێنا و ملکەچییان بۆ فەرمانەکانی نواند، چونکە بۆ دینێکی ڕاست و دروست ڕێنمایی کردن و، تێگەیشتن کە ئەم دینە نوێیە ناکۆک نییە لەگەڵ خێر و پیاوەتی، بەڵکو بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی هاتووە.[١٦٤]

## ٣٢- رودلف دوتوراک ١٨٥٢ز- ١٩٢٠ز

ڕۆژهەڵاتناسی ئاسوجی و مامۆستای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی (پراگ) دەڵێت: ئەوەی کە هیچ گومانی تێدا نییە، ئەوەیە کە محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەر بە نیگای ئاسمانی قسەی بۆ خەڵک دەکرد، چونکە بە بانگەوازێک هاتە نێو خەڵک کە چەندین نیشانەو

(١٦٣) بۆ نموونە:ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) ڕایگەیاند کە ناوچەی (کانزاس)ی ئەمریکا یەکەم ناوچەیە کە ئافرەتان بە شێوەیەکی یاسایی لە تەمەنی (١٢)ساڵیدا مافی زەماوەندکردنیان پێدراوە، ساڵانە (١٥٠) منداڵ لەم ئافرەتانە لەدایک دەبن . هەروەها بەپێی هەواڵی سەرچاوەیێکی ڕێکخراوی تەندروستی هیندوستان زیاتر لە نیوەی ئافرەتانی ئەم وڵاتە لەتەمەنی ژێر(١٥) ساڵییەوە زەماوەند دەکەن، تەمەنی یاسایی شووکردن لەم وڵاتەدا بۆ ئافرەتان (١٨) ساڵ و بۆ پیاوانیش (٢١) ساڵە.( ئامادەکار)

(١٦٤) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٩٠ بەنەقل لە (احوال العرب قبل الاسلام و بعده) روبرت سمیث، لاپەڕە ١٧-١٨ .



موعجیزەی لەگەڵدابوو، کە هەر هەموویان بەڵگە بوون لەسەر ڕاستی بانگەشەی خۆی، دوای ئەوەی کە نیشانەکانی ڕاستگۆیی لەسەری بەدیارکەوتن ئێمە بۆمان نییە ڕا و بۆچوونەکانی بەدرۆ یان بەهەڵە بزانین، کەواتە ئەو پێغەمبەرێکی ڕاستەو لە هەموو کەس لەپێشترە پەیڕەوی لێ بکرێت، ئەو کەسەی شەریعەتی محەمەد (د. خ)ی نەناسیبێت بۆی نییە بەخراپە لەبارەیدا بدوێت، چونکە ئەو شەریعەتە کۆمەڵە ڕێنماییەکە و بۆ تەواوی خەڵک هاتووە.[١٦٥]

## ٣٣- رینیە دیکارت René Descartes ١٥٩٧- ١٦٥٠ز

فەیلەسووف و بیرکاری زانی ناسراوی فەرەنسی سەبارەت پێغەمبەر دەڵێت: هەموو عەرەبەکان بێ توانا بوون لە بەربەرەکانیکردن لەگەڵ قورئان و ڕەوانبێژی قورئانەکەیدا، بەڵکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەمێژوودا کەسێکی وەکو ئەو زمان پاراو و ڕەوشت بەرز نەبینراوە، ئەمەشیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری موسوڵمانان ئەوەندە خەسڵەتی جوانی هەبووە کە وای لێ بکەن ببێتە کۆتایی زنجیرەی پێغەمبەران و سەدان ملیۆن کەسیش دینەکەی لەئامێز بگرن.[١٦٦]

## ٣٤- زالز مسترماننی یەهودی

زانای دەروونناسی و مامۆستای زانکۆی (شیکاگۆ) لەئەمریکا، لە وتارێکیدا لە ژمارە تایبەتی گۆڤاری (تایمز) لەبەرواری ١٩٧٤/٧/١٥ لە ژێر ناوی (گەورە پیاوان لە کوێن؟) دەنووسێت: گەورەترینیان (محەمەد)ە، لەدوای ئەویش موسایە، بەڵام عیسی و یەهوذا شیاوی ئەوە نین ببنە پێشەنگ و سەرکردە.[١٦٧]

## ٣٥- سادیو لوی Sodieu ١٨٠٧- ١٨٧٥ز

ڕۆژهەڵاتناس و نووسەری ناوداری فەرەنسی سەبارەت بە پێغەمەر (د.خ) دەڵێت:

(١٦٥) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٨٢ . بەنەقل لە (رودولف دوتوراک) لەپێشەکی تەرجومەی (حياة ابي فراس).

(١٦٦) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٢٢. بەنەقل لە (مقالة الطريق)ی ڕینیە دیکارت، وەرگێڕانی جميل صليبا.

(١٦٧) الإسلام وسائر الأديان، نور يرأفت قورور، چاپ و بڵاوکردنەوەی (وقف اخلاص) استانبول ١٩٩٦، لاپەڕە ١٤٦ .

محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری عەرەب تەنیا ڕزگارکەری عەرەبەکان نەبوو، بەڵکو ڕزگارکەری هەموو جیهان بوو، ئەگەر بەچاوی ویژدانەوە سەیری بکەین، چونکە ئاینێکی تایبەتی بۆ عەرەبەکان نەهێناوە. ڕێنماییە سەرنجڕاکێشەکانی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤێکی گەورەیە هەم لە ئاینەکەیداو، هەمیش لە خەسڵەت و ئاکارەکانیدا، ئێمە چەند پێویستیمان بەکەسێکی وەکو محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری موسڵمانان هەیە بۆ جیهان.[١٦٨]

## ٣٦- سان ئەلیار

لێکۆڵەر و زانای گەورەی ئیسپانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (تعاليم اللغة العربية) دەڵێت: ڕوونترین بنەماکانی ئازادی ڕا و ڕادەربڕین، هاوشێوەکانی (لوپیر و کالفین) دەریان هێنا و ڕوونیان کردەوە، بەڵام لەمەدا چاکەکەی بۆ پیاوێکی عەرەب لە پیاوانی سەدەی حەوتەم دەگەڕێتەوە، ئەو پیاوەش خاوەنی شەریعەتی ئیسلامە.[١٦٩]

## ٣٧- مستەر سبریل Mr. sebril

(مستەر سبریل)ی ڕاگری کۆلێژی ماف لە (ڤیەننا) لە ساڵی ١٩٢٧ لە کۆنگرەیەکی ماف ناساندا گوتی: حەقی خۆیەتی مرۆڤایەتی شانازی بەهەبوونی محەمەد (د. خ) بکات، کە سەرەڕای دەرس نەخوێندنیشی، بەر لە چواردە سەدە توانی یاسایەک بێنێت، کە ئێمەی ئەوروپی بەختەوەر دەبین ئەگەر دوای دوو هەزار ساڵی دیش پەی بەگرنگی ئەو یاسایە ببەین.[١٧٠]

## ٣٨- سنرستنی ئاسوجی

زانا و ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی ئاسوجی و مامۆستای زمانە سامییەکان و سەرنووسەری گۆڤاری (جیهانی ڕۆژهەڵات) کە لە ساڵی (١٨٦٦) لەدایک بووە، هەروەها خاوەنی چەندین کتێبە، لەوان: (قورئان ئینجیلی محەمەدە) و (مێژووی ژیانی محەمەد)، نابراو دەڵێت:

(١٦٨) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٠٦ بە نەقل لە (تاريخ العرب) ساديو لوى، ص٣٧ .

(١٦٩) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٢٦ بە نەقل لە ( تعاليم اللغة العربية ) نووسینی سان اليار.

(١٧٠) محمد في الآداب العالمية، محمد عثمان عثمان، لاپەڕە ١٥٦ .



ئەگەر ئێمە نکوڵی لەو سیفەتە جوانانەی محەمەد (د. خ) بکەین کە هەیبوون، بێ ئینسافیمان بەرامبەر بەئەو کردووە، محەمەد (د. خ) کەوتە جەنگی ژیانی ڕاست و دروست بەرامبەر بەجەهل و هەمەجییەت، لەسەر بیروباوەڕی خۆی پێداگری کردو، بەردەوام لەگەڵ دیکتاتۆر و ملهوڕان لەجەنگ دابوو، تاوەکو لەکۆتاییدا توانی سەرکەوتن بەدەست بێنی، لە ئاکامیشدا شەریعەتەکەی بوو بەتەواوترین شەریعەت و خۆیشی بوو بە گەورەتر لەگەورە پیاوانی مێژوو.[١٧١]

## ٣٩- مستەر سنکس ١٨٣١- ١٨٨٣ز

ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی لەکتێبەکەیدا بەناوی (دیانەتی عەرەب) دەنووسێت: محەمەد (د. خ) دوای مەسیح بە (٥٧٠) ساڵ ئاشکرا بوو، ئەرکەکەشی بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی پلەی عەقڵی مرۆڤەکان، بە پاراوکردن و فێرکردنی بەبنەما سەرەکییەکانی ڕەوشتی چاکەو گەڕاندنەوەی بۆ بڕوابوون بەیەک خوداو بە ژیانێک دوای ئەم ژیانە. هەروەها دەڵێت: بیرۆکەی ئاینی ئیسلامی، پێشکەوتنێکی یەکجار گەورەی لە جیهان داهێنا و عەقڵی مرۆڤەکانی لەو کۆت و زنجیرە پتەوانە ڕزگار کرد کە لەدەوری هەیکەل و ژێر دەستەیی کاهینەکان دیل کرابوو، محەمەد (د. خ) گەیشتە خاڵی کۆتایی لە ڕەشکردنەوەی هەموو وێنەیەک لە پەرستگاکان و پووچەڵکردنەوەی هاوشێوەدانان بۆ زاتی ئافەریدەی ڕەها و، ڕزگارکردنی هزری مرۆڤ لە بڕوای (تجسيد[١٧٢]).[١٧٣]

## ٤٠- سێر ولیەم میور Sir W. Muir ١٨٠٨- ١٨٦٧ز

زانای ناوداری ئینگلیزی و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسیای لەندەنی لە کتێبەکەیدا بەناوی (ژیانی محەمەد) کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦١- ١٨٥٦ لە چوار بەرگدا لە لەندەن بڵاوی کردووەتەوە دەڵێت: محەمەدی پێغەمبەری موسڵمانان (د.خ) بەتێکڕای ڕای خەڵکی

(١٧١) ماڵپەڕی : al-jazirah.com. sa.

(١٧٢) هەندێ لە مەسیحییەکان بڕوایان وایە کە خوای گەورە چووەتە جەستەی مەسیح بۆ خاوێنکردنەوەی مرۆڤ لەو گوناهەی کە پێشتر حەزرەتی ئادەم کردوویەتی و لەدوای ئەویشەوە نەوەکانی دەیکەن، چونکە لە باوەڕی ئەو کەسانەدا هەموو منداڵێک کە لەدایک دەبێت گوناهبارە بەو گوناهەی کە پێشتر حەزرەتی ئادەم کردوویەتی، جا پێویستە لەو گوناهە پاک بکرێتەوە، هەر بۆیەش خوای گەورە چووتە نێو جەستەی مەسیح، کە پێی دەڵێن: (تجسيد) !!!.

(١٧٣) ماڵپەڕی al-jazirahcom.sa.

ولاتەکەی هەر لەمنداڵییەوە بەهۆی خووڕەوشتی جوانی نازناوی (ئەمین)ی وەرگرتبوو، هەرچییەک بێت محەمەد (د. خ) لەوە گەورەترە مرۆڤ بتوانی بە تەواوی وەسفی بکات، ئەوەی نەزانە نایناسێ، ئەوەی کە بە وردیش چاوی بە مێژووی ئەودا خشاندبێت، تێ دەگات کە مێژوو ئەوی لەسەرووی هەموو پێغەمبەر و بیریارانی جیهانی داناوە.(١٧٤)

هەروەها دەڵێت: ئاینی محەمەد (د. خ) ئاینێکی ئاسانە و گوفتارەکانیشی ئاشکران، ئەو کاروکردەوانەش کە ئەنجامی دەدات عەقڵ دووچاری سەرسوڕمان دەکات، لە مێژووی جیهاندا هیچ چاکسازێک وەکو پێغەمبەری ئیسلام نەبووە، کە لە ماوەیەکی کورتدا دڵەکانی هۆشیار کردنەوە و ئەخلاقی گشتیی خاوێن کردەوە و بناغەی چاکە و پیاوەتیی پتەو کرد.(١٧٥) هەر لەو کتێبەیدا دەڵێت: لە خەسڵەتە جوانەکانی محەمەد (د. خ) کە شایانی باسن و پێویستە بەگرینگییەوە باسیان بکرێت، دڵنەرمی و ڕێزگرتنە، کە بەو دوو سیفەتە جوانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەسحابەکانی دەکرد، تەنانەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان لە هەموویان نزمترە، چونکە لێبوردەیی و دڵنەرمی لە دەروونی ئەو مرۆڤەدا ڕووچووبوو، خۆشەویستی ئەویش لە دەروونی هەموو ئەو کەسانەدا چەسپابوو کە لە دەوروبەری دەژیان، سروشتی وا بوو هەرگیز حەزی نەدەکرد بە کەسێک بڵێ نا، خۆ ئەگەر نەیتوانیبایە وەڵامی پرسیارەکەشی بداتەوە، بی دەنگی پێ باشتر بوو لە وەڵامدانەوە، ئەوەندە شەرمن بوو تەنانەت لەو کچەش شەرمنتر کە لەبن پەردەی بووکێنیدایە، عائیشەی هاوسەری دەڵێت: کاتێک شتێکی پێ نەخۆش بوایە ئێمە لە ڕوخساریا دەمانزانی، دەستی لەهیچ کەسێک نەوەشاندووە مەگەر لە ڕێگای خودا، داوەتی هیچ کەسێکی ڕەت نەدەکردەوە تەنانەت ئەگەر بۆ شتێکی زۆر بی نرخیش بوایە، دیاری هیچ کەسێکیشی ڕەت نەدەکردەوە هەرچەندە زۆریش بچووک بوایە، کاتێک لەگەڵ کەسێک دادەنیشت، وەکو نیشانەی خۆ بەزل زانین و لووت بەرزی قاچەکانی لە بەرامەبریا درێژ نەدەکرد، لەگەڵ منداڵان مرۆڤێکی نەرم و نیان بوو، کاتێک بەلای دەستەیەکیاندا دەڕۆیشت کە خەریکی یاریکردنن، فێزی ئەوەی لێ نەدەدا سڵاویان لێ نەکات، حەزی نەدەکرد بەتەنیا خواردن بخوات، بەڵکو هەمیشە کەسێکی دەکردە شەریکی خۆی.(١٧٦)

(١٧٤) ماڵپەڕی al-jazirah . com. sa.

(١٧٥) اسلام از دیدگاه دانشمندان غرب ، نصر الله نیك آیین. لاپەرە ٣٩. شرکت سهامی سیمان فارس و خوزستان، (بی تا).

(١٧٦) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني. لاپەڕە ١٥٥ .



### ٤١- دکتور شوبلی شومیێڵ Shebly Shommyel ١٨٥٣- ١٩١٧ز

زانای ناسراوی لوبنانی و دانەری کتێبی (الأهوية والمياه والبلدان لأبي الطب ابقراط الحكيم) و (رسالة التحقيق لاثبات مذهب داروين) کە شاگردی تایبەتی (داروین) بووە و، یەکەمین کەسیش بووە مەزهەبی داروینی بەجیهانی عەرەبی ناساندووە، لە نامەیەکدا بۆ (محەمەد ڕەشید ڕەزا) دانەری تەفسیری (المنار) دەنووسی و تێیدا ئاشکرای دەکات کە بەسەختی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ڕەوانبێژی قورئان و بەچەند شیعرێک هەستی خۆی بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (د.خ) کە ڕاگەیێنەری قورئانە دەردەبڕی و دەڵێت:

نعم المدبر والحكيم وانه رب الفصاحة مصطفى الكلمات
ببلاغة القرآن قد غلب النهى وبسيفه انحى على الهامات

واتە: پێغەمبەری ئیسلام وردبین و دووربین و حەکیمی پایە بەرزەو خودانی ڕەوانبێژییەو تەواوی وتەکانی هەڵبژێردراون، بەڕەوانبێژی قورئان بەسەر عەقڵەکاندا سەرکەوت و سەرنجی هەموانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو هەر هەموویانی لەبەرامبەر قورئاندا بێ خوودو بێ هۆش کردن، لەبەرامبەر دوژمنەکانیشیدا پشتی بەهێزی شمشێرەکەی بەست.(١٧٧)

هەروەها لە یەکێک لە وتارەکانیدا کە گۆڤاری (المقتطف) بڵاوی کردتووەتەوە دەڵێت: مایەی شەرمەزارییە بۆ هەر تاکێکی خاوەن شارستانییەت لە نەوەکانی ئەم سەردەمە، گوێ بداتە ئەو گومانەی کە دەڵێت: ئاینی ئیسلام ئاینێکی درۆیە و محەمەد (د. خ)یش مرۆڤێکی ساختەکار و فێڵ باز بووە، کاتی ئەوە هاتووە لە دژی ئەم جۆرە قسانە بووەستینەوە، چونکە ئەو پەیامەی کە ئەو پێغەمبەرە گەیاندوویەتی ئێستاش چرایەکی گەش و پڕشنگدارە.(١٧٨)

### ٤٢- دکتور صموئیل زۆیمر Dr. Samuel Zoimer ١٨١٣ز- ١٩٠٠ز

ڕۆژهەڵاتناسی کەنەدی لە کتێبەکەیدا (ڕۆژهەڵات و دابونەریتەکانی) دەڵێت: بێگومان محەمەد (د. خ) لە گەورەترین سەرکردە ئاینییەکانی موسڵمانان بوو، زۆر ڕاستە کە چاکسازێکی بەهێزو بەلیغ و زمان پاراو و نەترس و بەغیرەت بوو، هەروەها بیرمەندێکی زۆر گەورە بوو، هەر شتێک کە پێچەوانەی ئەو خەسڵەتانە بێت، دروست نییە نیسبەت

(١٧٧) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران، ل ٧٨.

(١٧٨) مجلة المقتطف مجلد ٧، عدد ٦.

بدرێتە لای محەمەد (د. خ) ، ئەمەیە ئەو قورئانەی کە هێناویەتی، ئەمەش مێژووی ژیانی، هەموویان بەڵگەن لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم بانگەشەیە.[١٧٩]

## ٤٣- چارلز ئەرمان ١٨٨٦ز- ١٩٤٠ز

مێژوونووسی ناسراوی بەریتانی دەڵێت: کەسایەتی محەمەد (د. خ) کەسایەتییەکی هەم شۆڕشگێڕی و هەمیش ئینقلابی بوو، بەڵام شۆڕشگێرییەکەی زیاتر بوو لەهێزو توانای کەسێکی ئاسایی، تا ئەوکاتە نە بەر لە محەمەد (د. خ) و نە لە دوای ئەو، عەرەبەکان کەسێکیان لی هەڵنەکەوتووە کە وەکو محەمەد (د. خ) کاریگەری لەسەر مێژووی تەواوی جیهان دانابێت. بەڕاستی جێگەی پێکەنینە خەڵکێک بانگەشەی ئەوە بکات کە محەمەد (د. خ) لە سەدەی حەوتەمی دوای مەسیح، دەرەنجامی بارودۆخی ئەوسای هزری و ئابووری عەرەبەکان بووە، چونکە ئەو بنەمایانەی کە محەمەد (د. خ) هێناویەتی چەندین نەتەوە باوەشیان بۆ کردەوە و بە خێرایی لە وڵاتی عەرەبان بڵاو بووەوە و ڕەگی داکوتا، چونکە بیرۆکەیەکی سوود بەخش بوو.. هتد.[١٨٠]

## ٤٤- گۆتە Dr. Johann wolfgang Goethe ١٧٤٩- ١٨٣٢ز

فەیلەسووف و لێکۆڵەر و شاعیر و زانا و وێژەوان و بیرکاری زان و ناوداری ئەڵمانی د. جۆهان ولفگانگ ڤۆن ناسراو بە (گۆتە) دەڵێت: ئێمەی خەڵکی ئەوروپا بەهەموو چین و توێژەکانەوە، هێشتا نەگەیشتووینە ئەو ئاستەی کە محەمەد (د. خ) گەیشتووەتێ، لە داهاتووشدا کەس نایگاتێ، من لەمێژووودا بەدوای نموونەی مرۆڤی هەرە بەرزدا دەگەڕام، بینیم ئەو نموونەیە تەنیامحەمەد (د. خ)ە، ئا بەم شێوەیە حەق دەبێت ئاشکرا ببێت و بەرز بێتەوە.[١٨١]

پاشان ڕووی قسە لە مامۆستا ڕوحیەکەی، شاعیری گەورە (حافزی شێرازی) دەکات و دەڵێت: ئەی حافز، بەڕاستی گۆرانییەکانت (شیعرەکانت) ئارامی و ئاسوودەیی بەمرۆڤ دەبەخشن، من بە ئەجناسی مرۆڤە داڕووخاوەکانەوە بەرەو لای تۆ دێم و کۆچ دەکەم، من و

(١٧٩) ماڵپەڕی eltwhed.com

(١٨٠) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٠٢. بەنەقل لە کتێبی (محمد عند علماء الغرب) لاپەڕە ١٥٩.

(١٨١) ماڵپەڕی eltwhed .com



ئەوانیش پێکەوە لێت دەپاڕێینەوە کە دەستمان بگری بۆ ڕێگای کۆچ، بۆلای کۆچبەری هەرە گەورە (محمد)ی کوڕی (عبدالله).[١٨٢]

## ٤٥- گۆرگیس سال ١٦٩٧ز- ١٧٣٦ز

زانای نێوداری ئینگلیزی لە کتێبەکەیدا (مقالة في الإسلام) سەبارەت بە پێغەمبەر دەڵێت: بەڕاستی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام خاوەن ڕەوشتێکی پاک بوو، بەهیچ شێوەیەکیش پیس و خراپ نەبوو، هەروەک ناحەزانی لەبارەیەوە دەڵێن، گیبون دەڵێت: بیروباوەڕی محەمەد (د. خ) بێ گەردە و هیچ تەم و مژو گومانی تێدا نییەو، قورئانیش گەواهیدەرێکی دادپەروەرەو بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر تاک و تەنیایی خوای گەورە، لەڕاستیدا پێغەمبەری ئیسلام بت و مرۆڤ و ئەستێرەو هەسارەکانی نەپەرست، ئەمەش لەسەر ئەو بنەما زانستییەیە کە دەڵێت: هەر شتێک لەنێوچوون هەڵگرێت، دەبێ نەمێنێت و لەنێو بچێت، هەر شتێکیش لەدایک بوو دەبێ بمرێت و، هەر شتێک هەڵبێت دەبی ئاوا ببێت. هەروەها دەڵێت: محەمەد (د. خ) حەماسەتێکی لێزانانەی هەبوو، دانی بەئافەریدەگاری بوونەوەر داناو، بەو بیروباوەڕەوە دەپەرست کە ئەو خودایە هەر بووە و هەردەبێت و وێنەو جێگەو منداڵ و هاوشێوەی نییە، هەڵەی مێشک و نهێنی دڵەکان دەزانێت، بوونی لەمەڕ خۆیەو سیفەت و زانست و بێ گەردیشی هەر لەخۆیەوەیەو کەسێکی تر پێی نەداون. لەکۆتاییدا دەڵێت: ئەم ڕاستییە بەرزانە، لەسەر شێوازی ژیری دامەزراون، کە بەوپەڕی ڕێکوپێکی لە تەرجومەکانی قورئان وەرگیراون، کەواتە هەر کەسێک باوەڕێکی زانستییانەو فەلسەفییانەی بەخوا هەبێت، دەتوانێت لەبیر و باوەڕ پەسەندەکاندا ببێتە هاوبەشی موحەمەدییەکان.[١٨٣]

## ٤٦- دکتور گۆستاڤ لێبۆن Dr. Gostaw lebon ١٨٤١- ١٩٣١ز

ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووس و پزیشکی فەرانسەوی و وەزیری پێشووتری فەرهەنگی ئەو وڵاتە دەڵێت: بەپێی قسەی مێژوونووسانی عەرەب، حەزرەتی محەمەد (د. خ) زۆر بیری دەکردەوە، کەم قسەی دەکرد، مرۆڤێکی دڵ گەورە، لە کردار و گوفتارەکانیدا زۆر ڕەچاوی

(١٨٢) ماڵپەڕی majdah.maktoob.com

(١٨٣) مقالة في الإسلام، گۆرگیس سال، وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی هاشم العربي، بەرواری چاپ ١/٦/ ٢٠٠٦ چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەکانی (أسمار) لاپەڕە ٧٥ .

ئەدەب و زمـان پاكی دەكرد، تەنانەت دوای گـەیشتن بـە سـەروەت و دەسـەڵاتیش، هـەرگیـز كـارەكانی خۆی بەكەسێكی تر نەدەسپـارد، كەسێک بوو زۆر ئارام و لەسـەرخۆ، خۆڕاگر بەرامبـەر بە سـەختی و ناخۆشییـەكان، خـاوەن هیـمـمـەتێكی بەرز، لە هـەڵسوكەوتدا زۆر دڵاواو ڕووخۆش بوو، یەكێک لە خزمەتكارەكانی دەگێڕێتـەوە كە مـاوەی دە ساڵ خزمـەتی كردووە، بەڵام لەو مـاوە دوور و درێژەدا هیچ كاتێک قسەیەكی توند یان كردارێكی ناخۆشی لێ نەبینیوە، تەنات ئەگەر بۆ تەمبێ كردنیش بێت، حەزرەتی محـەمەد (د. خ) جەنگاوەرێكی نەترس بوو، زۆر شـارەزا بوو لە تەكتیكەكانی جەنگ، ئەگەر هەستـی بە مەترسیش كردبایە ڕای نەدەكردو، بەبێ هۆو بیركردنەوە خۆی لە مەترسی نەدەدا. پێغـەمبـەری ئیسـلام توانی یەک ئامانجی پیرۆز بۆ تەواوی میللـەتانی عـەرەب دەسنیشـان بكات، میللەتانێک كە هیچ ئامانجیـان لەبووندا نەبوو، تەنیا ئـامانجی بـەرزی پێغـەمـبـەر بوو كـە توانی گـەورەیی و كەسایەتییەكەی ئاشكرا بكات، ئێمە ئەگەر بمانەوێت مرۆڤەكان بەكردار و ئاسەواری چاكە هەڵبسـەنگێنین، ئەوا بێگومـان حـەزرەتی مـحـەمـەد (د. خ) گەورەترین مرۆڤی مـێـژوویە، موعجیزەی هەرە گەورەی ئەو پێغەمبەرەش ئەوەبوو كە توانی بەر لەمردنی كاروانی پەرت و بڵاوی عـەرەبەكـان كۆ بكاتـەوە، لەم كاروانـە پەرت و بڵاوەشدا، مـیللـەتێكی یەككگرتوو پێک بێنێت، بەهەمان شێوە هەموویان بەرامبەر بەیەک ئاین ملكەچ بكات و فەرمـانبەرداری یەک پێشەوایان بكات.

هـەروەها دەڵێت: مـێـژوو نووسـانی كـۆن بەهۆی دەمـارگـیـری مـەزهـەبی، گـرینگـیـەكی ئەوتۆیان بەكار و بەرهـەمەكانی ئەو نەداوە، بەڵام لە سـەردەمی ئێستـادا مێژوو نووسـانی مەسیحی ئامادەن لەو بارەیەوە بە ویژدانەوە بدوێن. پاشان قسەی مێژوو نووسـانی ناوداری وەک (مـسیـو بارتلمی) و (سن هیلر) لەبارەی پێغـەمـبـەرەوە دەگوازێتـەوە و دەنووسێت: پێـغـەمـبـەری ئیـسـلام لەڕووی عـەقڵ و تێگەیشتنەوە، لەڕووی خـودا پەرسـتـی و بەزەیی و ویژدانەوە، گەورەترە لەهـەمـوو مرۆڤە هـاوچەرخـەكانی خۆی، ئەو حكومـەتەی كە دایمەزراند لەسەر بنەمـای پیاوەتی و ڕەوشت و فەزیلـەی نـەفسانی بوو، ئەو دینەی كە بڵاویشی كردەوە دینێک بوو كە بووە نیعمەتێكی گەورە بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی كە بڕوایان پێ هێنا.[184]

پاشـان نووسـەر ئەو قـسـەو قسـەلۆكانەی كە گوایە ئیسـلام دەرگـای شـەهوەت و چێژی نەفسـانی خستـووەتە سـەر پشت و خـەڵكیش بۆیە ڕووی تێ دەكات، یان بەزۆری شـمشـێر بڵاوبووەتـەوە، بەبێ بنـەمـــاو پووچ دەزانـی و دەڵێت: كـــاتێک ئێـــمـــە بەوردی ســەیری فتوحاتەكانی موسڵمانانی پێشان دەكەین و هۆكاری بەئامـانج گەیشتنیان تاوتوێ دەكەین، دەبینین ئەوان هـەرگیـز شـمـشێریان بۆ بـڵاوكردنەوەی ئاین بەكار نەهێناوە، چونكە هـەموو ئەو نەتەوانەی كە موسـڵمانان بەسـەریاندا سـەردەكەوتن، ئازادیان دەكردن لە قبـوڵكردنی ئاینی ئیسلام، ئەم مـەسـەلەیەش لە مێژوودا سـەلماوە كە مومكین نییـە هیچ ئاینێک بە زۆری شـمشێر بڵاو ببێتـەوە، لە ڕاسـتیدا ئیسـلام بەهۆی ڕاگـەیاندن و پڕوپاگـەندەی دروسـتـەوە سـەركـەوتووە، نەک بە سـەرەنێـزە، هـەر ئەوەش بووە كە نەتـەوەكانی تورک و مـەغـۆل لەگـەڵ ئەوەی كـە بەسـەر عـەرەبەكـانیـشدا سـەركـەوتن، بەڵام ئاینی ئیـسلامیـان قـبـوڵ كـرد، لە هیندستـانیش كە عـەرەبەكان تەنیا بەوێدا گوزەریان دەكرد، ئیسـلام بەشێوەیەک لەنێویاندا بڵاوەی كرد، كە تا ئێسـتـاش ژمـارەیەكی یەكجار زۆری موسـوڵمانان لەوێ هـەرمـاون و ڕۆژ بەڕۆژ ژمـارەیان زیاتر دەبێت، لە وڵاتـی (چین)یش ئیسلام پێشكـەوتنێكی بەرچاوی بەخـۆوە بینی، لە كـاتێكدا هیچ عـــەرەبێک هێـرشی بۆ نەبردبوو، تەنـانەت یەک بست لە خـاكی ئەوانیشـیـان نـەخستـووەتە ژێر ڕكێفی خـۆیـان. هـەروەها دەڵێت: ئیسـلام زیاتر لە هـەموو ئاینەكان لەگەڵ دۆزینـەوە زانستییـەكان دەگونجێ و لە هـەمـووشیـان زیاتر كاریگەری هـەیە لەسـەر تەزكیەی نەفس، زیاتر لە هــەر هـەمووشــیـان خەڵک بۆ دادپەروەری و چاكەو لێبوردن هـان ئەدات.[185]

٤٧- گرونباوم Grunbaum ١٩٠٩ - ١٩٧٢ز

ڕۆژهـەڵاتناسی نەمسـاوی دەڵێت: پێغـەمبـەری ئیسـلام دین و دەوڵەتی تێكەڵ بەیەک كرد، یاسـاكانی ئیسلامیش باشترین زامنی پرەنسیپەكانی ڕێزگرتنی مافە كۆمەڵایەتییەكانە، هـەروەهـا عیبـادەتەكـانی خوداو فـەرمـانە ئاسـمـانییـەكـانی ئەو ئاینە، هـەم دین و هـەمیش سیاسەتیان لەخۆ گرتووە.[186]

٤٨- ڤۆلتێر Volter ١٦٩٤ - ١٧٧٨ز

نووسـەر و لێكۆڵەر و مێژوو نووس و شـاعیر و فـەیلەسووفی فـەرەنسی، فرانسوا مـاری ئەرویە ناسـراو بە(ڤۆلتێر) لە سـەرەتادا زۆری لەدژی ئیسلام و پێغەمبەری خوا نووسیوە،

(١٨٤) تمدن اسلام و عرب گوستاو لوبۆن . وەرگێڕانی بۆ فارسی محمد تقی فخرداعی گیلانی، بنگاه مطبوعاتی علی –اكبر اعلمی ، تهران. جامع السعادات، ملا مهدی نراقی، چاپ بیروت. لاپەڕەكانی ١١٣، ١١٤، ١٢٦، ١٢٧، ١٨١.

(١٨٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٨- ١٤٩ .

(١٨٦) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مرداني، انتشارات آيين جعفري، تهران، ل ٦١ .

بەڵام دواتر متمانە بەو کتێبانە ناکات کە مەسیحییە دەمارگیرەکان لەبارەی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام نووسیویانە، بۆیە خۆی بە لێکۆڵینەوە لەژیانی پێغەمبەری ئیسلام و لە ئەنجامدا قسە پرو پووچەکانی دوژمنانی ئیسلام ڕەت دەکاتەوە و بە شێوازێکی زانستی وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: بێگومان محەمەد (د. خ) پیاوێکی زۆر گەورە بوو، پیاوانی زۆر گەورەشی لەداوێنی پیاوەتی و گەورەیی خۆیدا پەروەردەکرد، یاسا دانەرێکی ژیر، جیهانبینێکی بەتوانا، سوڵتانێکی دادپەروەر، پێغەمبەرێکی پەرهێزکار بوو، گەورەترین ئینقلابی لەسەر ڕووی زەمین بەرپا کرد.(١٨٧)

هەروەها دەڵێت: ئێمە زۆر شتی پرو پوچمان نیسبەت دایە لای قورئان، کە لەڕاستیدا قورئان لێیان بەرییە، قەشەکان زۆر کتێبیان لە خراپەی موسڵمانان‌دا نووسی، نووسەرەکانیشمان زۆر شتیان نووسی و، توانییان ژن بکەنە لایەنگری خۆیان، چونکە پێیان دەگوتن: محەمەد (د. خ) ئەوان بە ئاژەڵێکی زیرەک دەزانی و شەریعەتی ئیسلامی تەنیا وەکو بەندە سەیری ئێوە دەکات، لەدونیا هیچتان بۆ نییە و لە قیامەتیشدا هەر بێ بەشن... هتد. گومانی تێدا نییە کە ئەم جۆرە قسانە، قسەگەلێکی پڕوپووچ و بێ بنەمان، کەچی خەڵک بڕوایان پێ دەکرد، لەقورئاندا زۆر ئایەت هەن، لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەریشدا زۆر شت هەیە کە بانگەشەی ئەو جۆرە کەسانە پووچەڵ دەکەنەوە، تەنانەت لەدوایین وەسیەتی پێغەمبەردا کە لەحاڵەتی گیان سپاردندا بوو هاتووە: دەربارەی ژنان لەخوا بترسن.(١٨٨)

هەروەها دەڵێت: محەمەد (د. خ) یاسا دانەرێکی زۆر شارەزا بوو، دەیویست مرۆڤ لە نەفامی و فەساد و بتپەرستی ڕزگار بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەرژەوەندییەکانی هەموو خەڵکی سەر زەوی ڕەچاو کرد، ژن، پیاو، بچووک، گەورە، عاقڵ، شێت، ڕەش، سپی، زەرد، سوور. پاشان لەبارەی فرە ژنییەوە دەڵێت: محەمەد (د. خ) هەرگیز یاسای فرەژنی دانەهێناوە، بەپێچەوانەوە ئەو ژنە بێ حەد و حسێبانەی کە لەسەر پێخەفی زۆربەی شا و فەرمانڕەوایانی وڵاتانی ئاسیا بەسەریەکدا کەوتبوون، بەچوار ژن سنوورداری کردن، داود هەژدە ژنی هەبوو، سولەیمانیش حەوت سەد ژنی هەبوو کە لە حەرەمسەرادا لە چاوەڕوانی پێگەیشتنی ئەودا بەسەریان دەبرد، سێ سەد ژنی تریشی لە جاریە هەبوو، بەپێی ئەم

(١٨٧) ڕهروان حقیقت، جواد حدیدی، لاپەڕە ٣٢ تهران، مرکز نشر دانشگاهی ساڵ ١٣٨٠ هـ.ش، بە نقل لە (کلیات آثار ولتر) بەرگی١٧

(١٨٨) مجموعة الفوائد نووسیني موسى الجلالی. لاپەڕە ٦٣ .



ڕاستییە، ئاینی یەهودییەتە لایەنگری لە شەهوەت و ئارەزوو پەرستی دەکات نەک ئاینی محەمەد (د. خ)، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە ڕوخسەتی چوار ژنیشی بەپیاوان داوە، بەڵام هەندێ مەرجی سەختی بۆ داناون، کە زۆر کەم لەپیاوان دەتوانن زیاتر لە ژنێکیان هەبێت، دەربارەی تەڵاقیش هەرگیز یاسایەکی تەواوتر لە یاسای قورئان دانەنراوە.(١٨٩)

پاشان دەڵێت: یاسایەک بەدرێژایی ڕۆژ، لە مانگی ڕەمەزاندا خواردن و خواردنەوەتان لێ حەرام بکات، لە چۆڵێکی سووتێنەردا حەجتان لەسەر فەرز بکات، هەروەها لەسەرتان فەرز بکات ٥ ,٢٪ سەروەت و سامانی خۆتان بە هەژاران ببەخشن، خواردنەوەی مەیی و کارکردن بەقومارتان لێ حەرام بکات، لەو کاتەدا کە بەبێ ژمار چێژتان لە ژنان وەردەگرت کە هەندێ جار دەگەیشتە هەژدە ژن، کەسێک بێت و چواردە ژنی لێ کەم بکاتەوە، ئایا بۆتان هەیە بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەم شەریعەتە شەریعەتی هەوەسبازی و ڕابواردنە؟!!

ئەفسانەکانی تریش سەبارەت بەدڕندایەتی موسڵمانان کە ڕەواجیان پێداوە بەهەمان شێوە، (عمر) دوای ئازادکردنی (بیت المقدس) گشت یەهودی و مەسیحییەکانی ئازادکردن لە سازدانی مەراسیمی دینی و پەیڕەوکردنی ئاینەکانیان، لە کاتێکدا مەسیحییەکان لە هەمان شوێن کەوتبوونە گیانی یەکتر و یەکتریان تەفر و توونا دەکرد و ئەمڕۆش هەروا، ئایا کامیان دڕندەن؟ موسڵمانان کە پەیڕەوانی دیانەتەکانی تر لە ئامێزدەگرن ، یان مەسیحییەکان کە ئەوان فڕێدەدەنە نێو ئاگر و دەیان سووتێنن؟.

پاشان دەڵێت: لە سەردەمانی نەزانی و وەحشیگەریدا، دوای کەوتنی ئیمپراتۆری (ڕۆم)، مەسیحییەکان هەموو زانستەکانی وەک : کیمیا، پزیشکی، هەیئەت و بیرکاری، لە موسڵمانانەوە فێربوون، لە هەمان سەدەکانی یەکەمدا ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ لای ئەوان بەمەبەستی فێربوونی زانستەکانی ئەوکات.

پاشان لە بێدەنگی ڕاگەیێنەرانی مەسیحی و مێژوو نووسانی ئەوروپی، سەبارەت بە پێشکەوتنە ماددی و مەعنەوییەکانی موسڵمانان تووڕە دەبێت و هەر هەموویان بە(ئەحمەق) ناودەبات و دەڵێت: من و (شاتلە) لە دەمارگیری ئەحمەقانەی مەسیحییەکاندا شکستمان خوارد، هەروەها لە دەمارگیری مێژوونووسانی بێ بنەما کە مێژوویان شێواندووە و شتی زۆر ناڕەوایان داوەتە پاڵ محەمەد (د. خ) سەرمان سوڕما.

شایانی باسە ساڵی ١٧٦٣ لە مێژووی هزری (ڤۆلتێر)دا، خاڵی وەرچەرخان بوو، لەو

(١٨٩) اسلام از نظر ولتر، جواد حدیدی لاپەڕەکانی ١٨٧–١٨٨ تهران، کانون انتشارات جوان، ١٣٥١هـ.ش

سالەدا بوو کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا وێنەیەکی نوێ لە حەزرەتی محەمەد (د. خ)و پەیڕەوانی لە هزری ئەودا دروست بوو، هەروەها ئەو ئەشکەنجەو ئازارەی کە مەسیحییەکان بەرامبەر بەیەکتر بە ڕەوایان دەزانی، تووڕەیی ئەویان زیاتر کرد، بۆیەش هێڵی (باطل) بەسەر هەموو چاکەکانی پەیڕەوانی حەزرەتی مەسیحدا دەکێشێ، تەنانەت خودی حەزرەتی مەسیحیش دەداتە بەر ڕەخنەو تانە. یەکەمین کتێب کە بۆ یەکەم جار (ڤۆلتێر) تێیدا بەئاشکرا بەرگری لە موسڵمانان دەکات بەناوی (شەرعییەتەکانی مرۆڤێکی شەریف)ـە، لەو کتێبەیدا بڕوای وایە کە هەموو دیانەتەکان بە زمانبازی و فریودانی خەڵکی ڕەش و ڕووت ڕەواجیان پەیدا کردووە، تەنیا ئیسلام نەبێت، کە تەنیا و تەنیا دینی خودایە، چونکە تا ئێستا و دوای چەندین سەدەی تریش یاساکانی لە سەرانسەری دونیادا کاریان پێ دەکرێت. (ڤۆلتێر) لە ساڵی ١٧٧٦ لە یادی نمایشنامەی (فناتیسم)دا، کە یەکەمین نووسینەیتی لە دژی ئیسلام، قسەی کۆتایی خۆی دەکات و دەڵێت: «من لەبارەی محەمەد (د. خ) دا زۆر خراپەم گوتووە». جا چونکە بۆچوونەکانی سەرەتایی لەبارەی ئیسلامەوە بە پشت بەستن بەنووسینە کینەدارەکانی مەسیحییەکان بووە، تووڕە دەبێ و دەڵێت: هەموو ئەو کتێبانەی کە تائێستا مەسیحییەکان لەبارەی ئیسلامەوە نووسیویانە، ئەبێت هەر هەموویان بخرێنە نێو ئاگر و بسووتێنرێن.(١٩٠)

## ٤٩- فتلی ١٨١٥- ١٨٩٠ز

مێژوونووسی بەریتانی لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (الحیاة) دەڵێت: جاری وا هەیە مێژوونووس لە بابەتەکەی لابدات و بیر لە ژیانی مرۆڤێک بکاتەوە کە گەیشتە دەسەڵات و بەسەر عەقڵی پەیڕەوانیدا زاڵ بوو، هەروەها بەهۆی بلیمەتییەکەی توانی سیستەمێکی ئاینی سیاسی دابنێت، کە تا ئێستاش حوکم بەسەر ملیۆنان کەسی ڕەگەز جیا و خەسڵەت جیاوازدا دەکات، سەرکەوتنی محەمەد (د. خ) وەکو یاسادانەرێک لەنێو کۆنترین میللەت لە ئاسیادا، هەروەها جێگیربوونی ڕێکخستنەکەی لە هەموو لایەنەکانی هەیکەلی کۆمەڵایەتی بەدرێژایی چەندین سەدە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو مرۆڤە لە زیرەکی و لێهاتووییدا بێ وێنەیە.(١٩١)

(١٩٠) اسلام از نظر ولتر، جواد حدیدی لاپەڕە ٣٧٦ . تهران، کانون انتشارات جوان، ١٣٥١هـ.ش

(١٩١) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١١٨ . بەنەقل لە کتێبی ( الحیاة) ی مێژوونووس فتلی.



## ٥٠- فرێدریک دیتریچی Friedrich Dieterici ١٨٢١- ١٩٠٣ز

ئیسلام ناس و ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (مقولات أرسطاطالیس) دەڵێت: ئەگەر ئێمە بەچاوی ویژدانەوە سەیری ئیسلاممان کردبایە، پەیڕەویمان لە ڕێنمایی و ئەحکامەکانی دەکرد، چونکە زۆربەی ئەو شتانەی کە لە ئیسلامدا هەن لای ئاینەکانی تر نین، محەمەد (د. خ) یش بەهۆی چاودێری جوان و ئیرادەی بەهێزیەوە گەورەیی لێ زیادکرد، لەشێوازی بانگەوازی محەمەد (د. خ) بۆ ئەو دینە، تێدەگەین کە هۆکارەکەی تەنیا هۆکارێکی ئاسمانی بووە، ئەگەر بە ویژدانەوە لەبارەیدا بدوێین، ئەبێت بەم شێوەیە بدوێین، هەرکەسێکیش بەدرۆزن محەمەد (د. خ) تۆمەتبار بکات، پێویستە پێشتر خۆی بەگەوجی و گێلی و گوێ نەدان بەو هەموو ڕاستییەی کە بەگوێی خەڵکا داویەتی تۆمەتبار بکات.(١٩٢)

## ٥١- کۆنت دی بۆڵان ڤلێرس Cont de Boulain villiers

نووسەری کتێبی (ژیانی محەمەد) کە لە ساڵی ١٧٣٠ دوای مردنی لە هۆڵەندا بڵاو کراوەتەوە، لە بەرپەرچدانەوەی قەشە دەمارگیرەکانی مەسیحیدا دەڵێت: محەمەد (د. خ) یاسا دانەرێکی شارەزاو گەورە بوو، دینێکی پاک و بێگەردی بۆ جیهانییان بەخەڵات هێنا، ئەو نوێنەری چاودێری زیندووی پەروەردگار بوو، ئەو پەروەردگارەی کە ئاگاداری هەموو شتێکە، ئەوی نارد تا مەسیحییەکانی گومڕا هۆشیار بکاتەوە و بتەکان وردوخاش بکات، ئێرانییانی ڕۆژپەرستیش گوێڕایەڵ بکات و ئاینی خوداناسی لە دیوارەکانی (چین) تا کەناری (ئیسپانیا) بەرفراوان بکات.

محەمەد (د. خ) سیفاتی زۆر بەرزی هەبوون، خوداوەندی گەورەش ڕەوانبێژییەکی زیاتر لە مرۆڤی پێ بەخشیبوو، بە جۆرێک دەیتوانی زاناترین و نەزانترین مرۆڤی سەردەم بووەستێنی و لەسەر ڕاستی ئاینی ئیسلام بڕوای پێ بێنێت .

دیسان دەڵێت: ئاینی محەمەد (د. خ) ئەوەندە ژیرانەیە، هیچ پێویستی بە زەبر و زەنگ نییە تا بەگوێی خەڵکا ڕابگەیێنرێ، بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە کە خەڵک لە بنەماکانی ئەم ئاینە تێ بگەیێنرێ، تا هەر هەموویان بەرەو لای ڕابکەن.(١٩٣)

(١٩٢) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٨١ بەنەقل لە (مقولات أرسطاطالیس) نووسینی دیترسی فردریک، لاپەڕە ٥٦ .

(١٩٣) اسلام از نظر ولتر، جواد حدیدي ل ٤١- ٣٨ تهران، کانون انتشارات جوان، ١٣٥١هـ.ش

### ٥٢- کادا دوفیک ١٨٠٥ز- ١٨٧٧ز

ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو (کادا دوفیک) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مفکروا الاسلام) دەڵێت: محەمەد (د. خ) لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵییەوە تاوەکو تەمەنی چل ساڵی بەهێواشی و هێمنی بیری دەکردەوە، هەر لەکۆنیشدا مرۆڤێکی نەرم و نیان و پەرێزکار و ڕەوشت جوان بوو، کاتێکیش تەمەنی گەیشتە چل ساڵان هەموو هێز و توانای عەقلی خۆی بەرەو بیرکردنەوە لە جەوهەری خودایەتی و لێکۆڵینەوە لەڕاستی ئاین ئاراستە کرد، لەو کاتەشدا خۆی لەخەڵک دوور دەخستەوە و بەتەنیا لە ئەشکەوتی (حراء) لە نزیک مەککە دەمایەوە.(١٩٤)

### ٥٣- کارل مارکس Carl marx ١٨١٨- ١٨٨٢ز

فەیلەسووف و سیاسەتوانی ئەڵمانی و دامەزرێنەر و ڕێبەری ڕێبازی سۆشیالیزمی زانستیی، لە ویلایەتی (رینانیا)ی ئەلمانی لەدایک بووە، لە ساڵی ١٨٣٣ لە زانکۆی (بۆن) یاسای تەواو کردووە، لە ساڵی ١٨٤٠ بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفە لە زانکۆی (بەرلین) بەدەست هێناوە، ناوبراو دەڵێت: محەمەد (د. خ) مرۆڤێک بوو پەی بەهەڵەو خلیسکانەکانی مەسیحی و یەهودییەکان بردبوو، بەخەتێکی درشت ئەو هەڵانەی دەسنیشان کردن و کۆمەڵگای بەشەریەتی لێ بەئاگا هێنا، ئەو لەنێو خەڵکێکی بتپەرستدا، بە ئیرادەیەکی پۆلایین هەستایە سەر پێ و ئەوانی بۆ یەکتاپەرستی بانگ کردو لە دڵەکانی ئەواندا تۆوی نەمریی ڕۆحی چاند، بۆیە نابێت تەنیا لە ریزی گەورە پیاوان و هەڵکەوتووانی جیهان بژمێردرێت، بەڵکو شایانی ئەوەیە دان بە پێغەمبەراتییەکەی دابنێین و لە دڵ و گیانەوە بڵێین: ئەو پێغەمبەری خودا بوو.

هەروەها دەڵێت: ئەم پێغەمبەرە لەڕێگای پەیامەکەیەوە سەدەیەکی پڕ لەنوور و زانست و مەعریفەی داهێنا، شایانی ئەوەیە وتەو کردەوەکانی بەشێوازێکی زانستی و تایبەت بنووسرێنەوە، جا چونکە ئەو ڕێنماییانەی کە ئەو پێی هەستا وەحی بوو، ئەرکی سەرشانی بوو هەموو ئەو بنەمایانەی کە لەپەیامەکانی تردا دەستکاری کراون و بسڕێتەوە.(١٩٥)

(١٩٤) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني لاپەڕە ٢٤، بەنقل لە کتێبی (مفکروا الاسلام) ی کادا دوفیک.

(١٩٥) محمد عند علماء الغرب، خليل ياسين، وآخرون، چاپی ١ بيروت، لبنان، دار الكتاب اللبناني، ٢٠٠٧- ٥٢٨ ص (دار الكتاب اللبناني المصري - بيروت) لاپەڕە ١٠١.



### ٥٤- کارل هینرش بیکەر Becker Carl Heinrich ١٨٧٦- ١٩٣٣ز

زانای ناوداری ئەڵمانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕۆژهەڵاتییەکان) دەڵێت: زۆر بەهەڵەدا چووە ئەو کەسەی دەڵێت: پێغەمبەری عەرەب دەجال و جادووگەر بوو، چونکە لە مەبدەئی پاکی ئەو نەگەیشتووە، محەمەد (د. خ) شایانی ڕێزگرتنە و مەبدەئەکەشی شایانی پەیڕەویکردنە، ئێمە بۆمان نییە بڕیاری لەسەر بدەین تاوەکو نەیناسین . بەڕاستی محەمەد (د. خ) باشترین مرۆڤە و دینی هیدایەت و تەواوی بۆ جیهان هێناوەو، ئێمە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئاینی ئیسلام و ئاینی مەسیحیدا نابینین.(١٩٦)

هەروەها دەڵێت: ئاینی ئیسلام بناغەی خۆی لەسەر بیر و هزرێکی ئازاد دامەزراندووە، هەڵسووڕێنەرانیشی کۆمەڵە خەڵکێکن کە ڕزگارکردنی هەموو خەڵکیان بەدەستە، بە پێچەوانەی ئاینی مەسیحی، کە کەنیسە نوێنەرایەتی خەڵک دەکات ... لە ئیسلامدا بواری ڕای جیاواز فراوانترە تا لە مەسیحیەت، چونکە لە ئیسلامدا شتێک نییە کە هاوشێوەی بڕیاری ئەو دادوەرە بێت کە بڕیاری یەکلاکەرەوە ئەدات و هیچ تێهەڵچوونەوەیەک هەڵنەگرێت..(١٩٧)

### ٥٥- کلیمێنت هوارت Clement Huart ١٨٥٤- ١٩٢٧ز

لێکۆڵەر و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی لە پەرتووکەکەیدا (محمد في الآداب العالمية المنصفة) دەڵێت: محەمەد (د. خ) پێغەمبەرێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو شیاوی ئەوەبوو ببێتە کۆتایی پێغەمبەران، چونکە ئەو سەختی و ئازارەی کە لەلایەن خزم و کەسەکانیانەوە ڕووبەڕووی پێغەمبەرانی پێشوو بووەتەوە، چەندین بەرامبەر ڕوو بە ڕووی ئەو بووەتەوە، بەڵێ پێغەمبەرێکی ئاسایی نییە ئەوەی سوێند بخوات کە (ئەگەر فاتیمەی کچی دزی بکات دەستی دەبڕێت)، ئەگەر موسڵمانان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان چاویان لە پێغەمبەر کردبایە ئەمڕۆ هەموو جیهان موسڵمان دەبوو.(١٩٨)

هەروەها دەڵێت: من لەو بڕوایەدام ئیسلام بەخۆشەویستی بەرەو ئەورووپا دێت و

(١٩٦) ماڵپەڕی eltwhed.com

(١٩٧) ماڵپەڕی .eltwhed.com

(١٩٨) محمد في الآداب العالمية المنصفة، محمد عمان لاپەڕە ١٤٢ .

موسڵمانە ئەوروپییەکان دەبنە بانگخوازی ڕاستەقینەی ئیسلام، ڕۆژێک دێت ئیسلام تێیدا دەبێتە بزوێنەری هەموو جیهان.[199]

## ٥٦- کونستان ویرژیل گیورگیو

ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆماننووس و وەزیری ڕۆمانی، لە کتێبەکەیدا بەناوی (محەمەد ئەو پێغەمبەرەی کە سەرلەنوێ ئەبێ بناسرێت) دەڵێت: محەمەد (د. خ) بەهێواشی و لەسەرەخۆ قسەی دەکرد، بەجۆرێک کە دەتوانرا پیتی قسەکانی بژمێردرێت، ئەمەشیان بەهۆکارێک لە هۆکارەکانی کاریگەری قسەکانی محەمەد (د. خ) دەژمێردرێت، چونکە ئەوەی کە دەیگوت لە زیهنی بیسەردا دەمایەوە و هەرگیز لەیادی نەدەکرد.[200]

هەروەها دەڵێت: پەیامی محەمەد (د. خ) تەنیا پەیامێکی ئاینی نەبوو، بەڵکو پەیامێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریش بوو... لە جیهاندا ناتوانی هیچ ئاینێک بدۆزییەوە کە بەو خێراییەی ئیسلام بڵاو بووبێتەوە، ئەگەر یاساکانی محەمەد (د. خ) تەنیا ئاینی بووان بەو خێراییە بڵاو نەدەبووەوە، بەڵکو ئەوەی کە بووە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەو خێراییە، ئینقیلابە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی ئیسلام بوو، چونکە لە ئینقیلابە کۆمەڵایەتییەکەی محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەردا هەندێ بنەما دەبینی هەر دەڵێی ئەمڕۆیە قسەیان لەسەر دەکرێت، وەکو بنەمای یەکسانی و یەکێتی ڕەگەزی مرۆڤ، قورئان دەڵێت: دەستەو کۆمەڵانی مرۆڤ یەک نەتەوەن، ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان نەتەوەکاندا دروست بووە دەرەنجامی زوڵم و فەسادو بێ ویژدانییە، هەروەکو قورئان دەڵێت: (كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْياً بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ' البقرة ٢١٣.

بەندە و ڕەشپێست و کەسانی بێگانە بەر لە ئیسلام لەو بڕوایەدا نەبوون کە ڕۆژێک بێت و ئەوان بتوانن بیر لە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر بکەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە محەمەد

(١٩٩) لە کتێبی (ربحت محمدا ولم أخسر المسيح) د.عبد المعطي الدالاتی.

(٢٠٠) محمد پيغمبری كه از نو بايد شناخت، نووسینی کونستان ویرژیل گیورگیو، وەرگێڕانی بۆ فارسی ذبیح الله منصوری، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (خواندیها) چاپخانەی سپهر - تهران، چاپی دەیەم لاپەڕە ٤٠ .



(د. خ) بە پێغەمبەرایەتی نێردرا گوتی: تەواوی تاکەکانی مرۆڤ یەک نەتەوەن و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە و خوای گەورە هەموو تاکەکانی لەیەک مادده دروست کردووە کە بریتییە لە (خاک و گڵ)، ئەم بابەتە لە ئایەتی چواردەی سورەتی (الرحمن) باس کراوە، هەروەکو دەفەرموێت:(خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ' .

بەندە و ڕەشپێستەکان بۆ یەکەم جار بوو بیستیان کە لە نێوان ئەو کەرەستەیەدا کە خوا بۆ دروستکردنی ئەوان و کەسانی ئەشراف و بەهێز بەکاری هێناوە جیاوازی نییە و هەردووکیان لە (گڵ) دروست کراون، ئەو جیاوازییەش کە لەڕەنگ و ڕوخساریان دەبینرێ هەر بۆ ئەوەیە کە یەکتری بناسنەوە.[201]

هەروەها دەڵێت: گومانی تێدا نییە کە یەکێک لە ئامانجەکانی محەمەد (د. خ) یەکێتی دەستەو کۆمەڵانی مرۆڤ بوو لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، بۆیەش خوای گەورە بناغەی ئاینی ئەوی لەسەر ئاینی ئیبراهیم دانا، چونکە ئیبراهیم نەیەهودی و نەمەسیحی و نەبتپەرست بوو، بەڵکو موسڵمانێکی خاوێن بوو و تەنیا خوای دەپەرستی، لەهەمان کاتیشدا هەم یەهودییەکان و هەمیش مەسیحییەکان ئیبراهیمیان بەپێغەمبەر دەزانی، لەم ڕووەوە محەمەد (د. خ) بناغەی ئاینی خۆی لەسەر دامەزراند، تاوەکو نەتەوەکانی یەهودی و مەسیحی ئاینەکەی وەرگرن، هەر بۆیەش کاتێک محەمەد (د. خ) دەستی دایە گەیاندنی پەیامەکەی لەگەڵ هیچ کام لەئاینە یەکتاپەرستەکان بەرهەڵستی نەکرد، بەڵکو داوای لێ کردن پەیوەندی بەئیسلامەوە بکەن. بڕوای پێغەمبەری ئیسلام ئەوەبوو کە ئەو ئەحکامانەی لەلایەن خواوە بۆ سەر موسی و عیسی نێردراوە، پەیڕەوانی ئاینی یەهودی و عیسەوی خراپیان لێکداوەتەوە، جا چونکە حاڵی بوونیان لە ڕێنماییەکانی ئەو دوو پێغەمبەرە دروست نەبووە، نەتەوەکانی یەهودی و عیسەوی بەختەوەر نەبوون، جا ئەگەر موسڵمان ببن و پەیوەندی بە ئیسلامەوە بکەن بەختەوەر دەبن.[202]

دیسان دەڵێت: ئەو ئینقیلابەی کە لەو کاتدا محەمەد (د. خ) لە عەرەبستان بەرپای کرد، بە لەبەرچاوگرتنی داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی عەرەب و کاریگەری لە ڕادەبەدەری سەرۆک خێڵەکان، بەوەی کە هەر هۆزو تیرەیەک کۆمەڵگایەکیان پێک هێنابوو، لە ئینقیلابی

(٢٠١) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٠.

(٢٠٢) محمد پيغمبری كه از نو بايد شناخت ، نووسینی کونستان ویرژیل گیورگیو، وەرگێڕانی بۆ فارسی ذبیح الله منصوری، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (خواندیها)، چاپخانەی سپهر- تهران، چاپی دەیەم لاپەڕە ٦٨- ٦٩ .

فەرەنسا گەورەتر بوو، چونکە ئینقیلابی فەرەنسا نەیتوانی یەکسانی لەنێو فەرەنسییەکاندا دروست بکات، بەڵام ئینقیلابی محەمەد (د. خ) یەکسانی لە نێو موسڵماناندا دروست کردو هەموو جیاوازییەکی خێزانی و چینایەتی و ماددیی سڕییەوە.[٢٠٣]

هەر لەهەمان کتێبدا دەڵێت: ئەوەی کە پێغەمبەری ناچار بەبیرکردنەوەیەکی زیاد کرد ئەوە بوو کە دەیزانی لەم ڕۆژە بەدواوە- دوای کۆچکردن بۆ مەدینە- پەیوەندی لەگەڵ شەجەرەی خێزان و باب و باپیر و خزمانی دەپچڕێت... ئەمڕۆ ئەگەر یەکێکمان ناسنامەی خۆی ون بکات دەتوانی ناسنامەیەکی تر دروست بکاتەوە، بەڵام کاتێک عەرەبێکی دەشتەکی پەیوەندی لەگەڵ شەجەرەی خێزانەکەی دەپچڕا، کەسێک بوو سەرەڕای لەدەستدانی ناسنامە، هەموو ڕێگاکانی ژیانیشی لەدەست دەدا، چونکە شەجەرەی خێزانی و خێڵەکی شتێک بوو کە هەرکاتێ کەسێک ئەو پەیوەندییەی دەپچڕاند، هەرچی هەیەتی لە سەرمایەی ماددی و مەعنەوی لەم جیهانەدا لەدەستی دەدا.

من لەم ڕووەوە دەمەوێت زیاتر بدوێم، چونکە دەبینم مێژوونووسانی موسڵمان گرینگییان بەم فیداکارییەی محەمەد (د. خ) نەداوە. من پێم وایە گەورەترین فیداکاری کە محەمەد (د. خ) لە ڕێگای ئیمان و بڕواکەیدا نواندی، ئەوەبوو کە پەیوەندی لەگەڵ تیرەو هۆزەکەیدا پچڕاند و لە مەککەوە بەرەو مەدینە کۆچی کرد.[٢٠٤]

هەروەها کاتێک باس لەو دەستوورە دەکات کە لە سەرەتای کۆچکردنی بۆ مەدینە پێغەمبەر (د.خ) دایڕشت، دەڵێت:

ئەم دەستوورە پەنجا و دوو بەندی لەخۆ گرتبوو، هەر هەمووشیان لە ڕاو بۆچوونی پێغەمبەری خوا بوون، بیست و پێنج بەند لەو بەندانە تایبەت بوو بەکاروباری موسڵمانان، بیست و حەوت بەندەکەی تریش تایبەت بوو بەپەیوەندی نێوان موسڵمانان و خاوەن دیانەتەکانی تر، بەتایبەتیش یەهودی و بتپەرستەکان. ئەم دەستوورە بەشێوەیەک نووسرابووەوە ڕێگەی دەدا خاوەنانی دیانەتەکانی تر لەگەڵ موسڵماناندا بەو پەڕی ئازادی بژین، هەروەها ڕێگەی دەدا ئەوان بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان دروشمە ئاینییەکانیان هەڵبدەن بێ ئەوەی هیچ لایەنێک حەقی ئەوەی هەبێت ئاستەنگیان لەبەردەمدا دروست بکات، بەڵام لەوکاتەدا کە دوژمنێک پەلاماری مەدینە دەدات، ئەوا پێویستە هەرهەموویان

(٢٠٣) سەرچاوەی پێشوو ١٦٣ .

(٢٠٤) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٧٥ .



یەک بگرن و پێکەوە ڕووبەڕووی ئەو دوژمنە ببنەوە تاوەکو وەدەری دەنێن. ئەم دەستوورە لە ساڵی یەکەمی کۆچی کە بەرامبەرە لەگەڵ ساڵی ٦٢٣ی زایینی نووسراوەتەوە.[٢٠٥]

سەبارەت بەشەڕی نێوان جوولەکەو موسڵمانان و دەرکردنی جوولەکەکان لەمەدینە دەڵێت: بەرەی (بني قريظة) پەیماننامەی مەدینەیان شکاندو لەگەڵ دوژمنان یەکیان گرتەوە، لە کاتێکدا پێویست بوو بەرگری لێ بکەن و لەدژی پەلاماردەران بووەستنەوە، پێغەمبەر لەشەڕی (ئوحود) پێی گوتن: ئەم جەنگە جەنگێکی ئاینییەو ئێوە ناچارنین لەگەڵ موسڵمانان بۆ جەنگی دوژمنان دەرکەون، بەتایبەتیش کە شەڕەکە لەدەرەوەی مەدینەیە، بەڵام ئێستا دوژمن لەناوەوەی مەدینە لەخەندەقدایە، کاتێک (بني قريظة) بینییان موشریکەکان شوێنیان بەجێ هێشت و موسڵمانان لێیان وەخۆ کەوتن، هەستیان کرد بەهۆی ئەو خیانەتەی کە لەگەڵ موسڵمانان کردوویانە نەخشەکە بەسەریاندا دەشکێتەوە، بۆیە لەقەڵاو خانووەکانیاندا سەنگەریان گرت. (بني قريظة) پێچەوانەی بەڵێن و پەیمانەکانیان جووڵانەوە و بەڵێننامەکەیان پشت گوێ خست و هەوڵیان دا لەگەڵ دوژمن ڕێک بکەون بۆ لێدانی موسڵمانان لە پشتەوە، بۆیە پێویست بوو لەنێو ببرێن. موسڵمانان ئەم فەتوایەیان نەدا، بەڵکو کابرایەک ئەو بڕیارەی دا کە یەهودییەکان بەدۆستی خۆیان دەزانی و هەرخۆیان ئەو کەسەیان دەسنیشان کردبوو کە لەو بارەیەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو خەیانەتەیان بدات، ئەم بڕیارە ژن و منداڵ و پیر و بەساڵاچووەکانی نەدەگرتەوە، بەڵام ئەوانی تر هەر کەسێک موسڵمان بوو لێیان خۆش بوون، ئەوانەشی کە لە قەڵاو خانووەکانیاندا سەنگەریان گرتبوو، بەو پەڕی ئازایەتی شەڕیان کرد تا لە ئاکامدا لەڕەگ و ڕیشە دەرهێنران.

هەر چەندە لە ساڵی نۆیەمی کۆچی ئیسلام هەموو دوورگەی عەرەبی گرتبووەوە، بەڵام محەمەد (د. خ) جوولەکە و مەسیحییەکانی ناچار نەکرد دینەکەی قبوڵ بکەن، چونکە ئەوان خاوەنی کتێبی ئاسمانی بوون.

لەو نامەیەدا کە محەمەد (د. خ) ئاراستەی (أبي الحارث)ی گەورە ئوسقوفی نەجرانی و قەشەو ئوسقوفەکانی تری کردووە هاتووە: با گەورە ئوسقوف و قەشەو ئوسقوفەکانی تر بزانن کە کەنیسە و پەرستگەکانیان پارێزراون و وەکو خۆیان دەمێننەوە، ئێوە ئازادن لە عیبادەتەکانتان و هیچ یەکێکتان لە پلەوپایەی خۆی دوور ناخرێتەوە و گۆڕانکاری تێدا

(٢٠٥) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ٥٧ .

ناکرێت، بەهەمان شێوە خواپەرستی و مەراسیمە دینییەکانیشتان دەستکاری ناکرێن. بەو مەرجەی ئوسقوفەکان ڕاستگۆ بن و بەگوێرەی ڕێنمایی ئاینەکەیان هەڵسوکەوت بکەن، هەرکەسێک پابەند بوو بەو خاڵانەی سەرەوە، ئەوا زیمەتی خوداو پێغەمبەری خودای هەیە، هەرکەسێکیش پێوەیان پابەند نەبێت، ئەوا دوژمنی خوداو دوژمنی پێغەمبەرە.(٢٠٦)

٥٧- لوزون ١٧٨٦- ١٨٣٧ز

قەشەی گەورەی فەرەنسی و مامۆستای زانستەکانی فەلەکی و کیمیایی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الله في السماء) دەڵێت: محەمەد (د. خ) تەنیا پێغەمبەری عەرەبان نییە، بەڵکو چاکترینی ئەو پێغەمبەرانەیە کە بیروباوەڕی یەکتاپەرستییان هێناوە، ئاینی موسا هەرچەندە بناغەکەی لەسەر یەکتاپەرستی دامەزراوە، بەڵام هەتا بڵێی مرۆڤێکی نەتەوەیی بوو، بەتایبەتی بۆ بەنی ئیسرائیلییەکان(٢٠٧)، بەڵام محەمەد (د. خ) لەسەر دوو بنەما ئاینی خۆی بڵاو کردەوە، یەکێکیان باوەڕی یەکتاپەرستی، دووەمیان باوەڕی زیندووبوونەوە دوای مردن، ئاینەکەشی لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم جیهانە بەمرۆڤایەتی ڕاگەیاند، جا پێغەمبەرێکی وەکو ئەم پێغەمبەرە، شایانی ئەوەیە پەیڕەویی لە پەیامەکەی بکرێت و باوەش بۆ بانگەوازەکەی بکرێتەوە، چونکە ئەمە بانگەوازێکی شەریفانەیە، کۆڵەگەکانیشی بریتین لە ناسینی ئافەریدەو هاندان بۆ کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە، بگرە هەرچی هێناویەتی بۆ بەرژەوەندی و چاکسازییە، بەڵکو بەرژەوەندی گشتی دروشمی بڕوادارانە، ئەمەیە ئەو دینەی کە من هەموو مەسیحییەکانی بۆ بانگهێشت دەکەم.(٢٠٨)

---

(٢٠٦) محمد پیغمبری که از نو باید شناخت ، نووسینی کونستان ویرژیل گیورگیو، وەرگێڕانی بۆ فارسی ذبیح الله منصوری.

(٢٠٧) خۆشەویستی نەتەوەیی جیایە لەگەڵ دەمارگیری نەتەوەیی، جا ئەگەر مەبەستی نووسەر تەنیا خۆشەویستی نەتەوەیی بێت، ئێمە قسەمان نییە، بەڵام ئەگەر مەبەستی نەتەوە پەرستی و دەمارگیری نەتەوەیی بێت، ئەوا  هیچ کام لەپێغەمبەرانی خودا نەتەوە پەرست و دەمارگیر نەبوون، بەڵام بەرامبەر هەر زۆرداریێک کە لەخەڵک کراوە ئەوان هەڵوێستیان نواندووە، جا چ نەتەوەی خۆیان بێت یان خەڵکێکی بێگانە، حەزرەتی موساش بەهەمان شێوە، بەڵام لەوکاتدا نەتەوەکەی لەژێر زۆرداری و چەوساندنەوەی فیرعەون و فیرعەونییەکاندا دەژیا، بۆیە ئەرکێکی خوایی لەسەر شان بوو بەرگری لە نەتەوەکەی بکات، هەروەکو ئەرکی هەموو کەسێکە بەرامبەر زولم و زۆرداری بوەستێتەوەو لێی بێ دەنگ نەبێت، بەتایبەتی ئەگەر زۆرلێکراوەکە لە نەتەوەی خۆت بێت. (ئامادەکار)

(٢٠٨) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٨٦ .



هەروەها دەڵێت: بەڵێ بێگومان محەمەد (د. خ) پێغەمبەری خودایە، بەڵکو پێغەمبەرێکی گەورە و قەدرگرانە، بەویستی خودای گەورە توانی میللەتێکی موسڵمان دروست بکات کە ئێستا خۆی لە نزیکەی (٣٠٠) ملیۆن کەس داوە، بەپێی ئەسپەکانیان بەسەر سەڵتەنەتی ڕۆمانی کەوتن و بە ڕمەکانیان ڕەگ و ڕیشەی گومڕاییان دەرێنا، تاوەکو وای لێ هات بەناوهێنانی ئەوان گیانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بلەرزێ.(٢٠٩)

٥٨- لویس تۆماس ١٨٠٧- ١٨٨٧ز

بیرمەندو ڕۆژهەڵاتناسی ئیرلەندی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الحضارة في الشرق) دەڵێت: هیچ خانەوادەیەک لە دوورگەی عەرەبی نادۆزیەوە کە یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی محەمەد (د. خ) ی پێغەمبەر نەکردبێت، لە جیهانیشدا ناوی محەمەد زیاتر لە ناوی (بطرس) و یوحەننا بەربڵاوە، محەمەد (د. خ) یەکەمین کەس بوو توانی لەنێو تیرەو هۆزەکانی دوورگەدا یەکێتی دروست بکات و لەژێر یەک ئاڵادا قسەیان یەک بخات ، هاتنی محەمەد (د. خ) لەو کاتەدا بوو کە کۆمەڵگا پێویستی پێ هەبوو، محەمەد (د. خ) توانی قسەی عەرەبەکان یەک بخات، بەڵام نەک بەهێزو توندو تیژی، بەڵکو بەقسەی شیرین پەیڕەوییان لێ کردو بڕوایان پێ هێنا، گەنجی مەککە - پێغەمبەر - بەهەندێ خەسڵەتی جوان کە خەڵکەکە پێیان ئاشنا نەبوون لە هەموو پێغەمبەرانی تێی پەڕاندو، بەشێوەیەک دڵە جیاکانی یەک خستەوە، کە هەموویان وەکو یەک دڵ هەست بکەن.(٢١٠)

٥٩- لیستین

مامۆستای ئاینی مەسیحی لە زانکۆی (برمنگهام) لە بەریتانیا بەرامبەر بەنەتەوەکەی دەوەستێت و هۆنراوەی دۆستایەتی و خۆشەویستی پێشکەش بە پێغەمبەر(د.خ) دەکات و دەڵێت: هۆ کوڕی مەککە، ئەی وەچەی بەڕێزەکان، هۆ ئەو کەسەی ڕێزو پایەت بۆ دایکان و باوکان گێڕایەوە، هۆ ڕزگارکەری جیهان لە زەلیلی و کۆیلایەتی، بەڕاستی جیهان شانازیت پێوە دەکات و سوپاسی خودا دەکات لەسەر ئەو بەخششە بەنرخ و جوانە و، هەموو هەوڵەکانت بەرز دەنرخێنێت، هۆ وەچەی ئیبراهیمی خەلیل، هۆ ئەو کەسەی ئاشتیت بە جیهان بەخشی و دڵی خەڵکانت گەیاندە یەک و، ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیت کردە

---

(٢٠٩) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١١٧ .

(٢١٠) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٩٩ . .

دروشمی خۆت، هۆ ئەو کەسەی لە یاساکەتدا گوتووتە: کردەوەکان بە نیازی ناو دڵ هەڵدەسەنگێنرێن، گەورەترین سوپاس لە ئێمەوە بۆ تۆ...[٢١١]

### ٦٠- لێین پۆل ستانلی Lane-Poole Stanley ١٨٥٤- ١٩٣١ز

(لێین پۆل ستانلی)ی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی مەسیحی بەریتانی دەڵێت: محەمەد (د. خ) لەڕووی هێزی هزر و بەرزی بیرکردنەوە و هەستی پاک و جواندا، خاوەن بەهرەیەکی تایبەت بوو، سەردانی نەخۆشەکانی دەکردو لە مەراسیمی ناشتنی هەر مردوویێکدا بەشداری دەکرد، داوەتی هەر خزمەتکارێکی بۆ شێوخواردن قبوڵ دەکرد، خۆی جلوبەرگی خۆی دەشوشت، بزنەکانی خۆی دەدۆشی و خۆی کاروباری ماڵەوەی ڕادەپەڕاند، وتەی پێشینانی بەکورتی دەگواستەوە، کاتێک بۆ تەوقەکردن دەستی دەدایە دەستی کەسێک، هەرگیز دەستی خۆی زووتر لە کەسی بەرامبەر نەدەکێشایەوە، بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژێر سەرپەرشتی و پارێزگاری ئەودا دەژیان، بەوەفاترین پارێزەر بوو، هەرکەسێک ئەوی دەبینی هەر لەخۆیەوە ڕێزی لێ دەنا، هەرکەسێک لێی نزیک دەبووەوە، بەگەرمی خۆشی دەویست، هەرکەسێک ئەوی بینیبێت بەم شێوەیە وەسفی کردووە.

نە بەر لە مێژوو نە لە دوای مێژوو، هیچ کەسێکی وەکو ئەو بێ دەنگ و کەم قسە نەبینراوە، کاتێکیش قسەی دەکرد زۆر ئارام و لەسەرخۆ بوو، ئەوەی کە دەشیگوت هیچ کەسێک نەیدەتوانی فەرامۆشی بکات. پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) یەکێکە لە گەورەترین و پایە بەرزترین کەسایەتییەکانی جیهانی، کتێبەکەشی هەمان ئەو قورئانەیە کە کۆمەڵە وەحییەکی خوداییەو شاکاری زمانی عەرەبییە.

پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) پیاوێکی زۆر مەردو بوێر بوو، سەرەڕای ئەو تەوازوعەی کە هەیبوو، ئیمانێکی بەهێزو پتەوی هەبوو، خۆی تەنیا بەبەندەی خودا دەزانی، زۆر نوێژی دەکردو ڕۆژووی زۆری دەگرت، لە هەموو حاڵەتێکدا دادپەروەر و بەئینساف بوو، لەگەڵ هەموو کەسێکیشدا میهرەبان و خۆش ڕەفتار بوو. پێغەمبەری ئیسلام بەهۆی کەسایەتی ناسراوی خۆی و ڕەوشت و ڕەفتاری جوانییەوە، توانیی بناغەی یەکێک لە گەورەترین مەزهەبەکانی ڕۆژگار دابڕێژێت و یەکێک لە کامڵترین شارستانییەت و فەرهەنگ دابمەزرێنێت، ئەو یەکێکە لە گەورەترین یاسادانەران و ڕاهێنەرانی مەزهەبی و سیاسەتمەدارانی کارزان، هەرچەندە نە قوتابخانەی بینیبوو و نەدەرسیشی خوێندبوو.

(٢١١) ماڵپەڕی eltwhed.com



لە وڵاتانی ڕۆژئاوا مەسیحییەکان بەگشتی خەیاڵات و گومانی هەڵەیان بەرامبەر بەپێغەمبەری ئیسلام هەیە، لە کاتێکدا ئەو مرۆڤێکی زۆر قانع و خۆ بەکەم زان بوو، بڕوای پتەوی بە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی هەبوو، لە کاتی پێغەمبەرایەتی خۆیدا هەمیشە ئەم قسەیەی بەگوێی خەڵکدا ئەدا، کە ئەو بەندەو نێردراوی خودایە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خۆی ماندوو دەکردو سەختی ئەکێشا، بەڵام لەگەڵ هەموو کەسێکدا میهرەبان و دڵسۆز بوو.[٢١٢]

### ٦١- مارمادیۆک پیکتال Marmaduke Picktall ١٨٧٥- ١٩٣٦ز

زانا و ڕۆژهەڵاتناس و بیرمەند و تۆڕەڤانی ئینگلیزی (مەرمادیۆک پیکتاڵ) دەڵێت: بەسە بۆ گەورەیی محەمەد (د. خ) کە بەدرێژایی (١٢) ساڵ هاوەڵانی لە چەوساندنەوە و ئازار و ئەشکەنجەدا دەژیان، کەچی ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەبوون و کەم نەدەبوونەوە، بەسە بۆ شکۆو گەورەیی کتێبی ئیسلام ، وێڕای بەسەرچوونی زیاتر لە چواردە سەدە بەسەریدا، هێشتا هیشک نەبووەتەوە و تام و چێژی خۆی هەر ماوە و بەردەوام دەگەشێتەوە و هەر دەڵێی دوێنێ دابەزیوە.[٢١٣]

هەروەها دەڵێت: ڕزگاربوونی جیهان لەو قەیرانەی کە تێی کەوتووە خۆی لەپەیڕەوکردنی ڕێبازی ئیسلام دەبینێتەوە، چونکە ئیسلام کلیلی ئاشتبوونەوەی لەلایە، لەبەر ئەوەی ئیسلام بە دوو بنەما بەهرەمەندە کە بریتین لە: عیززەتی نەفس و گیانی کۆمەڵ.[٢١٤]

هەروەها دەڵێت: قورئان فێرمان دەکات لە هەموو ڕووداو و شتێکدا نیشانەیەک لەنیشانەکانی خوداو ڕەمزێک لە ڕەمزەکانی بوونی زاتێکی لە هەمووان گەورەتر و بڵندتر ببینین، کە ئێمەو سروشت و کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات... تەنیا شتێکیش کە مرۆڤ دەکاتە مرۆڤ، ڕووکردنیەتی بۆ بەجێگەیاندنی ویست و فەرمانەکانی خودا.

ئێستا زیاتر لەهەموو کاتێک خۆرئاوا پێویستی بەئیسلامە، تاوەکو مانایەک بە ژیان ببەخشی و مەغزایەک بداتە مێژوو...

ئیسلام هیچ کاتێک دیوار ناخاتە نێوان زانست و ئیمان، بەپێچەوانەوە بەتەواوکەری یەکتریان دەزانی و بەجۆرێک پێکەوەیان دەبەستێتەوە کە لێک جیابوونەوە هەڵنەگرێت.

(٢١٢) لین پول استانلی و دیگران، تاریخ دولتهای اسلامی و خاندانهاي حكومتگر، ترجمة صادق سجادی، تهران،١٣٧٠ه ش.

(٢١٣) ماڵپەڕی eltwhed.com.

(٢١٤) مجلة جوهر الاسلام التونسية. ژمارە ٣-٤ ی مانگی شوباتی ١٩٨١ز.

ئیسلام مرۆڤ بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆتایی خۆی و دوارۆژی گەورەی خۆی بانگ دەکات، هەروەکو چۆن ئیسلام دەتوانی لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکانی ئێمەدا دووبارە ئومێدەکان زیندوو بکاتەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەتوندی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ژیانی تاکە کەسی، ئەم شێوە ژیانە بەشێوەیەک لەنێویاندا گەشەی کردووە کە هەموو دونیا بەرەو خۆکوژی ڕادەکێشێت.[٢١٥] هەروەها دەڵێت: موسڵمانەکان دەتوانن شارستانیەتەکەیان دووبارە بەو خێراییەی پێشوو بڵاو بکەنەوە، بەمەرجێک بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕەوشتەی کە پێشتر شارستانەتەکەیان پێ بڵاو کردەوە، چونکە ئەم جیهانە خاڵی و بەتاڵە ناتوانی بەرامبەر بە شارستانیەتەکەیان خۆی ڕاگرێت.[٢١٦]

### ٦٢- ماکس ڤان بێرچم Max Van Berchem ١٨٦٣- ١٩٢١ز

زانای گەورەی سویسری لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (العرب في آسيا) دەڵێت: محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری عەرەب یەکێکە لەگەورەترین خێرخوازان بۆ مرۆڤایەتی، ئەگەر ئاسیا شانازی بەڕۆڵەکانیەوە بکات، حەقی خۆیەتی شانازی بەو مرۆڤە گەورەیەوە بکات. زوڵمێکی گەورەیە مافی محەمەد (د. خ) پێشێل بکەین، هەر وەکو ئێمە ئاگادارین بەر لە هاتنی پێغەمبەر، ئەوان لەو پەڕی دڵڕەقی و دڕندایەتیدا دەژیان، کەچی دوای هاتنی پێغەمبەر بینیمان چۆن بارودۆخی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئاینییان گۆڕا؟ بەکورتی هەرچەندی مرۆڤ زیاتر ئاگاداری ژیان و ئاکار و بانگەوازەکەی بێت، تێ دەگات کە دروست نییە شتێکی وا نیسبەت بدرێتە لای، کە لە پلەوپایەی کەم بکاتەوە، هۆی سەرسامبوونی ملیۆنان کەسیش بەم مرۆڤە دەزانی و تێ دەگات هۆی بەگەورەزانین و خۆشەویستییان بۆ ئەو مرۆڤە چییە.[٢١٧]

### ٦٣- ماکس مایرهوف

ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی ڕوسی لە کتێبەکەیدا بەناوی (العالم الاسلامی) دەڵێت: لە ساڵی ٦١٠ی زایینی محەمەد (د. خ) زۆر بیری دەکردەوە و زیاتر حەزی بەتەنیایی دەکردو دەچووە بیابان و بەتەنیا لە چیای (حراء) لە نزیک مەککە دەمایەوە، ڕۆژێکیان شتێکی بینی

(٢١٥) مجلة المختار الاسلامي/العدد ٤١ ـ رجب ١٤٠٦هـ.

(٢١٦) لم هذا الرعب من الإسلام، سعيد جودت. لاپەڕە ١٩- ٢٣

(٢١٧) ماڵپەڕی: asharqalarabi. org.



کە فریشتە جبرەئیل بوو خۆی پێشان دا و کتێبێکی دایێ و هەندێ ئایەتی بەسەردا خوێندەوە کە دەکاتە سورەتی ٩٦ی قورئان و بە وشەی (اقرأ) دەست پێدەکات، ئەم وشانە بەشێوەی وەحی بەسەریدا هاتنە خوارەوە، محەمەد (د. خ) ئەم هەواڵەی بەخێزانەکەی ڕاگەیاند، دواتر هەندێ نیگای تریشی بۆ هات، کاتێک محەمەد (د. خ) هەستی بەمە کرد بەپارچە قوماشێک سەری خۆی داپۆشی، بەڵام دووبارە گوێ بیستی ئەم وشانە بووەوە کە پێیان دەگوت: ياأَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ(١) قُمْ فَأَنذِرْ(٢) وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ(٣) وَثِيابَكَ فَطَهِّرْ(٤) وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ(٥) وَلا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ(٦) وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ(٧) .

لەو کاتەوە محەمەد (د. خ) تێگەیشت کە خوا هەڵیبژاردووە تا بە بیروباوەڕێکی نوێ مۆژدە بەخەڵک بدات و ناوی پێغەمبەری لێ بنرێت و بەزمانی عەرەبی خەڵک بەرەو لای خودا بانگهێشت بکات.[٢١٨]

### ٦٤- دکتور مایکل هارت Michael hart

زانای بەناوبانگی ئەمریکی و پسپۆر لە زانستەکانی گەردوونناسی و فیزیا، لە کتێبەکەیدا (المئة الاوائل/ سەد کەسە یەکەمەکان) کە لە ساڵی ١٩٧٩ بڵاوی کردووەتەوە، سەدکەس دائەنێت، بەڵام محەمەد (د. خ) بەگەورەترینیان دائەنێت، چونکە بڕوای وایە کە گەورەترین مرۆڤە کە تا ئێستا مێژوو ناسیبێتی و، دەڵێت: محەمەد (د. خ)م لە سەرووی لیستەکە داناوە، حەقی خۆشیانە هەندێ کەس لەو هەڵبژاردنەی مندا دووچاری سەرسوڕمان ببن، بەڵام محەمەد (د. خ) تەنیا مرۆڤە لەمێژوودا لەسەر هەردوو ئاستی دینی و دونیایی سەرکەوتنی ڕەهای بەدەست هێنابێت، ئەو خەڵکی بۆ دینی ئیسلام بانگ کردو، وەکو یەکێک لەگەورە دیانەتەکانی دونیا بڵاوی کردەوە و، بوو بەسەرکردەیەکی سیاسی و عەسکەری و دینی، کە دوای چواردە سەدە لە مردنی هێشتا کاریگەریەکەی هەر بەهێزەو بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە هەڵمبژاردوون، لە ناوەندە پێشکەوتووەکان و لەنەتەوەکانی خاوەن شارستانیەت چ لەڕووی سیاسی چ لەڕووی هزرەوە لەدایک بوون و پێگەیشتوون، تەنیا محەمەد (د. خ) نەبێت، کە لە ساڵی٥٧٠ی زایینی لەشاری مەککە باکوری دوورگەی عەرەبی لە ناوچەیەکی دواکەوتوو لەجیهانی کۆن و دوور لە ناوەندە مەدەنی و ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا لەدایک بووە، خۆ ئەگەر ئەو کەسە

(٢١٨) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ٣٣، بەنەقل لە کتێبی (العالم الإسلامي) نووسینی ماکس مایرهوف.

محەمەد (د. خ) نەبوایە، لەوانەیە بەیەکێک لە گەورەترین سەرکردەی سیاسی کە تائێستا مێژوو ناسیبێتی دەستنیشان کرابایە.(٢١٩)

## ٦٥- مسیو جان سبیرۆ

زانای سویسری کە لە ساڵی ١٩١٤ کۆچی دوایی کردووە دەڵێت: هەرچەندی مرۆڤ زیاتر ژیانی محەمەدی پێغەمبەر (د.خ) بخوێنێتەوە، بەڵام نەک لەو پەرتووکانەدا کە دوژمن و ناحەزانی نووسیویانە، بەڵکو لەو پەرتووکانەی کە هاوچەرخەکانی نووسیویانە، هەروەها بەدروستیش قورئان و سوننەت بخوێنێتەوە، هۆی سەرسامبوونی ملیۆنان کەس لە ڕابردوو ئێستادا بەم مرۆڤە دەزانێت و، تێدەگات هۆی ڕووچوونیان لە خۆشەویستی و بەگەورە زانینی ئەو مرۆڤە چی بووە.(٢٢٠)

## ٦٦- مکسیم ویگان

باڵوێزی فەرەنسا لە سوریە و لوبنان، لە ساڵی ١٩٢٥ بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) لە بەیروت وتارێکی دا و گوتی: هەرچەندی موسڵمانان بەبۆنەی لەدایکبوونی محەمەد (د. خ) ئاهەنگ بگێڕن هێشتا هەر کەمە، لەبەرئەوەی دینێکی بۆ هێنان بەرزتر لە هەموو دینێک، چونکە خودی خۆی لە ڕووی کەسایەتی هەمیش لەڕووی خووڕەوشت مرۆڤێکی گەورە بوو، لە شەریعەتەکەشیدا گەورەی هەموو پێغەمبەرانە، بۆیە لەسەر هەر خاوەن ویژدانێک پێویستە لە بیرەوەری گەورە مرۆڤەکانی مێژوو ئاهەنگ بگێڕێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە محەمەد (د. خ) ی پێغەمبەری عەرەب، سەرکردەی هەرە بەرز بۆ بەجێگەیاندنی شەریعەتی خودا لەسەر زەمین و خستنە نێو دڵی خەڵک.(٢٢١)

## ٦٧- مەهاتما گاندی Mahatma Gandhi ١٨٦٩- ١٩٤٨ز

کەسایەتی و ڕێبەری ناسراوی پێشووی هیندی دەڵێت: ئیسلام لە ڕۆژگاری پڕ لەشانازی خۆیدا، سەبارەت بەپەیڕەوانی دیانەتەکانی تر، ڕەوشتی چاکی پێشانداو ستایشی جیهانی بەدەست هێنا، کاتێک گەلانی ئەوروپی لەتاریکیدا ئەتلانەوە، ئیسلام وەکو ئەستێرەیەکی

(٢١٩) المائة الأوائل. نووسینی (مایکل هارت) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی خالد عیسی و أحمد سبانو.

(٢٢٠) ماڵپەڕی eltwhed. com

(٢٢١) محمد عند علماء الغرب، خلیل یاسین، وآخرون، لاپەڕە ١٤٤.



گەش لەئاسمانی ڕۆژهەڵاتدا گەشایەوە و نووری بەختەوەری و خۆشبەختی لە جیهانی پڕ لە کێشە و هەرادا بڵاو کردەوە، من بێگومانم کە زۆری شمشێر نەبوو جێگەی بۆ ئیسلام کردەوە و بەرەو پێشی برد، بەڵکو سادەیی نەگۆڕ و دڵنەرمی و خۆبەکەمزانی پێغەمبەری ئیسلام و پێداگری و وردبینی ئەو لە مەسەلەی دادپەروەریدا، هەروەها ڕێزو خۆشەویستی پێغەمبەر بۆ یار و پەیڕەوانی و، نەترسی و بوێری ئەو مرۆڤە، ئەم پەیامەی بە ئەنجام گەیاند، بەڵێ ئەم ئاکارانە بوون ڕێگای بڵاوبوونەوەی ئیسلامیان خۆش کردو بەسەر ئاستەنگەکاندا سەرکەوت، نەک زۆری شمشێر، تەنانەت کاتێک بەشی دووەمی ژیانی پێغەمبەرم بەتەواوی خوێندەوە، لەدەروونما هەستم بەداخێکی گەورە کرد، کە بینیم لەسەر ژیانی بەپیت و بەرەکەتی ئەو مرۆڤە گەورەیە زانیاری زیاترم دەست ناکەوێ.(٢٢٢)

## ٦٨- هارون مارکوس ١٨١٢ز- ١٨٨٧ز

فەیلەسووفی ناسراوی ئەمریکی دەڵێت: بەجوانترین مانای سەرکردایەتی سیاسی، محەمەد (د. خ) سەرکردەیەکی سیاسی بوو، ئەم سەرکردایەتیەش لە جوانترین شێوەدا کە تائێستا مرۆڤایەتی زانیبێتی لێی دەدرەوشایەوە، بە پێویستی دەزانم - کە من ئێستا لەسەرەتای باسکردنی سەرکردایەتی سیاسی ئەو مرۆڤە دام - ئەو دەلەسەیە بەتاڵ بکەمەوە و ئەو بوختانەش بەدرۆ بخەمەوە کە هێشتا لە زیهنی ئەو بێ عەقڵانەدا ماوەتەوە کە کەمترین دانایی لە ڕا و بۆچوونەکانیاندا نییە، ئەو دەلەسە و بوختانەش بریتی لە دووبارەکردنەوەی گومانی ئەو گەمژانەی کە دەڵێن: هیچ پەیوەندیەک لەنێوان سیاسەت و ئایندا نییە و هیچ شتێکیش پێکەوەیان نابەستێتەوە، کە ئەمەیان هەڵەیەکی زۆر گەورەیەو نابێت کەسێک ئەم گومانەی لابێت.(٢٢٣)

## ٦٩- پرۆفیسۆر هێنری کۆربن P. Henry Corbin ١٩٠٣- ١٩٧٨ز

فەیلەسووف و ڕۆژهەڵاتناس و زانای هاوچەرخی فەڕەنسی دەڵێت: ئەگەر بیرکردنەوەی پێغەمبەری ئیسلام خورافی بوایە، ئەگەر قورئان وەحی خودایی نەبوایە، ئەو هەرگیز زاتی ئەوەی نەدەکرد خەڵک بۆ زانست هان بدات، هیچ مرۆڤێک، هیچ شێوە هزرێک، بەقەدەر

(٢٢٢) اسلام از نظرگاه دانشمندان غرب، ترجمە و حواشي علي اصغر حکمت، تهران، امیرکبیر، ١٣٥٧هـ.ش ، لاپەڕە ٧.

(٢٢٣) محمد عند علماء الغرب. لاپەڕە ١٠٩ بەنەقل لە کتێبی (حیاة محمد نبي المسلمین) هارون مارکوس.

پێغەمبەری ئیسلام و قورئان خەڵکیان بۆ زانست بانگهێشت نەکردووە، بەڕادەیەک کە لە قورئانی پیرۆزدا (٩٥٠) جار قسە لە زانست و عەقڵ و بیرکردنەوە کراوە.[٢٢٤]

## ٧٠- هێربرت سپێنسر Herbert Spencer ١٨٢٠- ١٩٣٠ز

زانا و فەیلەسووفی ئینگلیزی لە کتێبەکەیدا (اصول الاجتماع) دەڵێت: ڕێبازەکەی محەمەد (د. خ) بگرن، چونکە ڕەمزی سیاسەتی ئاینی دروستە، ڕاستگۆترین کەسیشە کە ڕێبازە پیرۆزەکەی لەنێو تەواوی مرۆڤایەتیدا بڵاو بوبێتەوە، محەمەد (د. خ) نموونەی دەستپاکی ڕاستەقینەیە، نموونەی ڕاستگۆیی پاکە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە شەو و ڕۆژ ڕەنج بۆ ئوممەتەکەی دەدات.[٢٢٥]

## ٧١- هینری ماسیە ١٨٢٠ز- ١٨٨٦ز

زانا و بیریاری بەلژیکی دەڵێت: ئەگەر بەگشتی سەیری محەمەد (د. خ) بکەین، دەبینین خاوەن میزاجێکی حەماسی بوو، هەمیشە بیری دەکردەوە، خاوەنی دەروونێک بوو لە ناوەوە هەمووی نیگەرانی بوو، تێگەیشتنەکانی ئەوەیان پێشان دەدا کە بڕوای بەخودایەکی تاک و تەنیاو ژیانێکی تر هەیە، مرۆڤێک بوو خاوەن بەزەیی و میهرەبانی، مرۆڤێکی دووربین و خۆڕاگر بوو لەبیر و باوەڕدا، لەمەش زیاتر پیاوی حکومەت بوو، زۆرجاریش پیاوی جەنگ و سیاسەت بوو، بەڵام هەرگیز تۆڵەسێن نەبوو، بەڵکو هەمیشە مرۆڤێکی ئاشتیخواز و لێبوردەو نەرم و نیان بوو.[٢٢٦]

## ٧٢- واشنتۆن ئیرڤینگ Washington irving ١٧٨٣- ١٨٥٩ز

(واشنتۆن ئیرڤینگ) لەساڵی ١٨٤٢-١٨٤٦ جێگری سەفیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە لە (مەدرید)، دواتر دەستی کردووە بەگەڕان بەدوای گەورەترین کەسایەتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە وێنە و هاوشێوەی نەبێت، لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو بڕوایە کە ئەو کەسە تەنیا پێغەمبەری ئیسلامە، بۆیە دەڵێت: زیرەکێکی گەورە، هۆشمەندێکی بەهێز،

(٢٢٤) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مردانی، انتشارات آيين جعفری، تهران، لاپەڕە ١١٠ .

(٢٢٥) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٠٥ بەنەقل لە کتێبی (أصول الاجتماع) هربرت سبنسر، لاپەڕە ٣٧

(٢٢٦) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٢١ بە نەقل لە کتێبی (حول السلام) هنری ماسيه، لاپەڕە ١١ .



خێرا تێگەیشتوو لە ناوەڕۆکی مەسەلەکان. پاشان دەڵێت: توندوتیژی دوژمنانی یەکێک بوو لەو کێشە گەورانەی کە ڕووبەڕووی محەمەد (د. خ) بووەوە، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند خەڵکێکی زۆر لەوانەی کە بڕوایان پێ هێنابوو، لەدەوری کۆبوونەوە، ئەو کەسانەی کە هەر لەمنداڵییەوە تا کاتی گەنجایەتی دەیانناسی و لەگەڵیا ژیابوون، لەهەموو کەس زیاتر بەڕەوشتی جوان و ڕاستگۆیی و دەستپاکی ئەو سەرسام ببوون. محەمەد (د. خ) پێغەمبەری چەوساوان بوو، ئەو پێغەمبەرە بوو کە خۆی وەسفی خۆی دەکات کە کوڕی ژنێکە (قەدیدی)[٢٢٧] خواردووە، هاتووە تا ڕەوشتەجوانەکان تەواو بکات و بەقوناغی کۆتاییان بگەیێنێ. (إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق).[٢٢٨]

هەروەها دەڵێت: پێغەمبەری ئیسلام مرۆڤێکی دادپەروەر بوو، حەزیشی لە دادپەروەری دەکرد، لەگەڵ دۆست و بێگانە، هەژار و دەوڵەمەند، بەهێزو بێ هێز، بەیەکسانی هەڵسوکەوتی دەکرد، بەهۆی ئاوڕدانەوە و گوێ گرتن لەگشتیان و دادپەروەری ڕەها لەنێویاندا زۆر خۆشەویست بوو. لەزۆر بۆنەدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە بێجگە لە قورئانی پیرۆز هیچ موعجیزەیەکی تری نییە، کە بە باشترین و موعجیزەترین دەق دەژمێردرێ کە پێشکەش بە مرۆڤایەتی کراوە.[٢٢٩]

## ٧٣- دکتور وایل ١٨١٨ز- ١٨٨٩ز

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی و مامۆستای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان و وانەبێژی زمانی عەرەبی و سریانی لە زانکۆی پاریس دەڵێت: محەمەد (د. خ) وەکو چاکسازێکی گەورە حەقی خۆیەتی ببێتە جێگەی سەرسوڕمان و ڕێزی ئێمە، بەڵکو شیاوی ئەوەیە نازناوی پێغەمبەرایەتی لێ بنێین و گوێ نەدەینە قسەی کەسانی نیاز گڵاو و دەمارگیر، چونکە محەمەد (د. خ) هەم لە ئاینەکەیداو هەمیش لە کەسایەتی خۆیدا مرۆڤێکی گەورەیە، هەر کەسێکیش هێرشی بکاتە سەر و پەلاماری بدات نەیناسیوە و مافی ئەوی پێشێل کردووە.[٢٣٠]

(٢٢٧) گۆشتی وشک کراوە، کە زیاتر ماڵە هەژارەکان ئەمەیان دەکرد.

(٢٢٨) ماڵپەڕی lahdah.com

(٢٢٩) (محمد و جێنشینەکانی) واشنتۆن ئیرڤینگ، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی هانی يحيى نصری، چاپ (المركز الثقافي العربي ١٩٩٩) لاپەڕە ٤٥٣ .

(٢٣٠) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٨٤ بە نەقل لەکتێبی (تاريخ الخلفاء) نووسینی د. وایل .

## ٧٤- وث ١٨١٤ز _ ١٨٩٩ز

ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی لە کتێبەکەیدا بەناوی (محەمەدو قورئان) دەڵێت: قورئانی عەرەبی لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیان محەمەد (د. خ) ی گەورە هاتە خوارەوە و فێری کردن چۆن لەو ژیانەدا بژین، هەروەها ڕیزەکانیانی یەکخست و لەسەر یەک وشە کۆی کردنەوەو، بەشێوەیەک پەروەردەی کردن کە هیچ ئوممەتێک لەوان باشتر نەبێت، لەکۆتاییشدا ئەوان بۆ هەر شتێک پشتیان پێ دەبەست، چونکە ئەو نیگای لە پەروەردگار وەردەگرت و، پاشان دەیگواستەوە بۆ خەڵک، دواتر ئەو نووسەرانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دەسنیشان کرابوون دەیاننووسییەوە.[٢٣١]

## ٧٥- ویل دیورانت Will Durant ١٨٨٥- ١٩٨١ز

(ویل دورانت) زانا و لێکۆڵەری بەناوبانگی ئەمریکی کە یەکێکە لەگەورە نووسەرانی مێژووی شارستانیەتەکان، دەربارەی کەسایەتی گەورەی پێغەمبەری ئیسلام لەو بڕوایەدایە، کە ئەگەر گەورەیی مرۆڤ بەمیزانی کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان هەڵسەنگێنین، دەبێت بڵێین: محەمەد (د. خ) گەورەترین مرۆڤی مێژووییە، ئەو دەیویست ئاستی مەعنەویات و ڕەوشتی ئەو نەتەوەیە بەرزکاتەوە کە لە گەرمای هەواو وشکی بیاباندا، کەوتبوونە تاریکی و گێژاوی دڕندایەتی، لەو بارەیەوە سەلماندی کە لە هەموو چاکسازانی تر گەورەتر و زیاترە.[٢٣٢] هەروەها سەبارەت بەو گومانەی کە دەڵێت پێغەمبەر تووشی فێس و پەرکەم هاتبوو دەڵێت: ئێمە نەمان بیستووە لە میانەی هاتنی نیگادا محەمەد (د. خ) زمانی خۆی گەستبێت، یاخود ماسوولکەکانی خاو ببنەوە، هەروەکو زۆربەی جار ئەو حاڵەتە لەو کەسانە ڕوودەدات کە دووچاری فێ و پەرکەم دەبن، لە هەموو مێژووی ژیانی محەمەد (د. خ)دا شتێک نییە بەڵگە بێت لەسەر تێکچوونی هێزی عەقڵی ئەو مرۆڤە، هەروەکو فێ و پەرکەم زۆرجار دەبنە هۆکاری ئەمە، بەڵکو دەبینین دوای تەواوبوونی حاڵەتەکە زیهنی لە جاران سافتر بووە و زیاتر لە پێشان بیرکردنەوەی بەهێز بووە، هەروەها تاوەکو تەمەنی بەرەو سەرەوە ڕۆیشت و گەیشتە تەمەنی شەست ساڵان، بڕوا بەخۆ بوون و هێزو وزەی جەستەیی و ڕوحی بۆ سەرکردایەتی

(٢٣١) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٩٢ . بەنەقل لە کتێبی (محمد والقرآن) نووسینی (وث)لاپەڕە ٧٨ .

(٢٣٢) تاريخ تمدن، ويل دورانت، وەرگێڕانی بۆ فارسی أبو القاسم پاينده، بەرگی٤ بەشی یەکەم، ل٢٢٢.





بەهێزتر دەبوو، بەکورتی ئێمە هیچ بەڵگەیەک نادۆزینەوە کە بسەلمێنی کە ئەو حاڵەتەی بەسەر پێغەمبەردا دەهات لەکاتی هاتنی نیگادا ئەنجامی فێ و پەرکەم بووبێت.[٢٣٣]

## ٧٦- دکتور ویڵسن Dr. Wilson ١٨١٥- ١٨٨٧ز

زانای گەورەی یوگسلافی لە یەکێک لە سمینارەکانیدا دەڵێت: ئێمە ئەگەر محەمەد (د. خ)یش بەپێغەمبەر نەزانین، بەڵام ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە لەلایەن خواوە نێردراوە، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک جگە لە خۆی بەشێوەیەکی ورد و ڕاستگۆیانە نەهاتووە مەسیحییەتی یەکەم ڕاڤە بکاتەوە، ئەو ئاینەش کە هێناویەتی پێچەوانە و دژی دیانەتی مەسیحی نییە و هەر شتێکیش کە هێناویەتی باشە.[٢٣٤]

## ٧٧- ویلکی کۆڵنز Wilkie collins

لێکۆڵەر و ڕۆماننووسی ئەڵمانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (جوهرة القمر) دەڵێت: محەمەد (د. خ) شەریعەتێکی هێنا بۆ پارێزگاری لە ژنان و هاندانیان بۆ داوێن پاکی و پاکیزەیی، هەروەها هۆشداری دا لەسەر گرتنە بەری ڕێگەیەک کە پێچەوانەی ئەو دوو بنەمایە بێت، ئەوەشی ڕوون کردەوە کە لەو دوو ڕێگایەدا ئەوەندە سووکی و ڕیسوایی تێدایە کە بۆ هەتاهەتایە نەگیرێنە بەر، ئەمەو چەندین ڕێنمایی تری هاوشێوە لە شەریعەتە گەورەکەیدا هاتوون.[٢٣٥]

(٢٣٣) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٧٨ بەنەقل لە کتێبی (قصة الحضارة) نووسینی ول دیورانت بەرگی١٣ ، لاپەڕە ٢٦ .

(٢٣٤) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ٣٣٦ بەنەقل لە کتێبی (محمد عند علماء الغرب) لاپەڕە ٩٧ .

(٢٣٥) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٥٣ بەنەقل لە کتێبی (جوهرة القمر) نووسینی ویلکی کۆڵنز.

# بەشی سێیەم

## ئیسلام لە دیدی زانایانی جیهانیدا

١- ئارنۆلد توین بی Arnold Toynbee in ١٨٨٩- ١٩٧٥ز

مێژوو نووسی بەریتانی لە باسێکیدا بەناوی (بەجیهانی بوونی ئیسلام) دەڵێت: پەیامی ئیسلام سنووردار نەبوو بەوڵاتی عەرەبییەوە، بەڵکو جیهان بەگشتی گەورەترین بەهرەی لە سایەی ئیسلام بەرکەوت. هەروەکو چۆن لەجیهانی بووندا جگە لە پەرستراوێک نییە، ئاواش لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا تەنیا ئیسلامە کە هەموو خەڵکی جیهانی بۆ بانگهێشت بکرێت. بۆیە من هەموو خەڵکی جیهان بۆ دەستگرتن بەپرەنسیپەکانی یەکسانی و برایەتی ئیسلامی بانگهێشت دەکەم، چونکە بیروباوەڕی یەکتا پەرستی کە ئیسلام هێناویەتی، باشترین نموونەیە بۆ بیرۆکەی یەکخستنی جیهان، مانەوەی ئیسلامیش ئومێدێکە بۆ هەموو جیهان.(٢٣٦)

٢- ئالبیر مشادور

لە وتەیەکیدا سەبارەت بە موسڵمانان دەڵێت: ئەم موسڵمانە زیرەک و بوێرانە، چەندین ئاسەواری زانست و هونەری بۆ بەجێ هێشتین، کە شان و شکۆی ئەوان بەدیار دەخەن، کێ دەزانێت؟ لەوانەیە ئەو ڕۆژە دووبارە بگەڕێتەوە کە وڵاتانی (إفرەنج) بکەونەوە ژێر هەڕەشەی موسڵمانان و، جارێکی تر لە ئاسمانەوە بێنە خوارەوە بۆ غەزوی جیهان. - من بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ناکەم - بەڵام ئەو نیشانانەی کە بەڵگەن لەسەر ئەم گریمانەیەم زۆرن، زەرە و سارۆخیش ناتوانن شەپۆلەکەی بووەستێنن.(٢٣٧)

(٢٣٦) لە کتێبی (ربحت محمدا ولم أخسر المسيح) د. عبد المعطي الدالاتي.

(٢٣٧) لم هذا الرعب من الإسلام، سعيد جودت ، لاپەڕە ١٩-٢٣ هەروەها (نظرات في تأريخ الإسلام) نووسینی ڕینهاردت دوزی.



٣- ئەنتۆنی کوین Anthony Quinn ١٩١٥- ٢٠٠١ ز

ئەکتەری ناوداری مەکسیکی دەڵێت: دوای ئەوەی ژیانی (عمر المختار)م خوێندەوە و لە فیلمێکدا ڕۆڵی ئەوم بینی، هەستم کرد کە ئیسلام هێزێکی ئاسایی نییە، چۆن ئەم هەستە لای ئەو کەسە دروست نابێت کە وتەی شەهید (عمر المختار) دەخوێنێتەوە کە دەڵێت: ئەگەر تۆپ شمشێری منی شکاندبێت، (باطل) ناتوانی (حەق)ی من بشکێنێ.(٢٣٨)

٤- ئیدوارد براون Edward Brown ١٨٦٢- ١٩٢٦ز

زانا و نووسەری ئینگلیزی سەبارەت بەو وەهمەی کە گوایە ئیسلام بە زۆری شمشێر بەسەر جیهاندا سەپێنراوە دەڵێت: زۆر دەگوترێت کە جەنگاوەرانی ئیسلام نەتەوە و مەمالیکی فەتح کراویان لەنێوان دوو ڕێگادا سەرپشک دەکرد یەکەمیان: قورئان و دووەمیان: شمشێر، ئەم وەهمە زۆر لەڕاستییەوە دوورە، گەبر و تەرسا و یەهود لە ژێر سایەی ئیسلامدا ڕوخسەتی ئەوەیان هەبوو کە پارێزگاری لە ئاینەکانیان بکەن، بەڵام ناچار بە دانی (جزیە) دەکران، ئەم هەنگاوەش هەنگاوێکی زۆر عادیلانە بوو، چونکە پەیڕەوانی دیانەتەکانی تر لە چوونیان بۆ جیهاد و دانی (خمس) و زەکات کە لەسەر موسڵمانان فەرز بوو ئازاد کرابوون.(٢٣٩)

٥- ئیریک بنتام ١٨١٥ز- ١٨٨٧ز

ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی ئیسپانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الحياة) دەڵێت: ئیسلام و ڕێنماییەکانی پێغەمبەری گەورە محەمەد (د. خ) ئەوەندە بە قووڵی لەناخی موسڵماناندا ڕوو چووبوو، کە بووە ڕێگرێک لەبەردەم قبوڵ کردنی مەزهەبە ئاینییەکانی مەسیحییەت، جیاوازی جەوهەری لەنێوان ئیسلام و مەسیحییەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیسلام ڕازی نابێت هیچ کەسێک لەگەڵ خودادا بکرێتە شەریک.

هەروەها دەڵێت: ئاینی ئیسلام ئاینی وەفاداری و ڕاستگۆیی و دەستپاکییە و هەرچی هێناویەتی خاوەنانی عەقڵە پێگەیشتووەکان و زەوق و سەلیقەی تەواو نکوڵی لێ ناکەن. جا ئەگەر ئێمە بەویژدانەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ خۆمان بکردایە، ئێستا مل بەملی

(٢٣٨) لە کتێبی (ربحت محمدا ولم أخسر المسيح) د. عبد المعطي الدالاتي.

(٢٣٩) ادوارد براون، تاريخ أدبى ايران، وەرگێڕانی بۆ فارسی علی پاشا صالح حکمت ، لاپەڕە ٢٩٧. بڵاوکراوەی امیر کبیر/ ابن سینا/٥٧- ١٣٢٩هـ.ش .

موسڵمانان دەبووین و ئەو دەمارگیرییەمان وەلا دەنا کە تەماعکاران بۆیان دروست کردووین و شەهوەت پەرستان پێشانیان داوین.(٢٤٠)

### ٦– دکتور ئینار بێرگ Dr. Einar Berg

ڕۆژهەڵاتناسی نەرویجی دەڵێت: لە ئیسلامدا منداڵ کە لەدایک دەبێت، بەوە حیسابی بۆ دەکەن کە لەسەر (فطرة)ـە و پاک و خاوێنە، بەڵام مەسیحییەکان لەکاتی لەدایکبوونی منداڵدا بەوە حوکمی بەسەردا دەکەن کە هەڵگری هەڵە و تاوانە. بەر لە (١٠٠) ساڵێک منداڵی تازە لەدایکبوویان لە ئاو هەڵدەکێشا تا لە گوناە و تاوان پاکی بکەنەوە، جا ئەگەر بەر لە شووشتن منداڵەکە مردبایە، نەیاندەشاردەوە، بەڵکو فڕێیان دەدایە نێو زبڵدان، چونکە ئەو جۆرە منداڵانە قرێژی گوناە و خراپەیان لەسەرە.(٢٤١)

### ٧– ئیمیل دێرمێگهێم E. Dermeghem ١٨٩٢– ١٩٧١ز

زانای نێوداری فەرەنسی کە خاوەنی کتێبێکە لەسەر ژیانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەڵێت: کاتێک شەڕی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت هەڵگیرسا، دژایەتی پەرەی سەند و تووڕەیی زیادی کرد، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ڕۆژئاواییەکان دەستپێشخەربوون لەتوندکردنی دژایەتی، بۆ نموونە: هەندێ لە بیزەنتییەکان لەسەر نانی موسڵمانان دەژیان، بێ ئەوەی یەکێکیان تەنانەت خەرجی خوێندنەکەشی بکێشێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە ناشیاوترین و ناپەسەندترین شێوە دژایەتی موسڵمانانیان دەکرد، ئەوان وایان پێشان دەدا کە محەمەد (د. خ) مرۆڤێکی جەردەیە، مرۆڤێکە تەنیا خەریکی ڕابواردنە، سیحربازەو سەرۆکی دەستەیەکی ڕێگرە، تەنانەت دەیانگوت: کاتی خۆی قەشەیەکی ڕۆمانی بووە و تووڕە بووە کە بۆ کورسی پاپایەتی نەهەڵبژێردراوە، هەندێکیش وایان دەژمارد کە خودایەکی ساختەیەو، بەندەکانی مرۆڤی بۆ دەکەنە قوربانی، تەنانەت گۆرانییەکانیان گەیشتنە سنوورێک کە محەمەد (د. خ) بە بتێکی زێڕین بزانن و مزگەوتەکانیش وا پێشان بدەن کە پڕن لە وێنەو بت و پەیکەر.(٢٤٢)

(٢٤٠) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٨٥. بەنەقل لە کتێبی (الحیاة)ی اریک بنتام .

(٢٤١) ماڵپەڕی islamunveiled.org.

(٢٤٢) الإسلام بين الإنصاف والجحود، محمد عبدالغني حسن لاپەڕە ١٢٩ .



هەروەها دەڵێت: لەڕاستیدا محەمەد (د. خ) جگە لە مرۆڤێکی نەخوێندەوار، وەک هەموو خەڵکانی دەوروبەری خۆی، هیچی تر نەبوو، بەڵام دەیزانی بەزەیی خوا بێ سنوورە، بۆیە هەوڵی بێ وچانی دەدا کە بەسەر سروشتی مرۆڤایەتیدا زاڵ بێت و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە لەدەروونی خۆیدا بەچۆکدا بێنێت. ناکرێت دڵسۆزی محەمەد (د. خ) بۆ پەیامەکەی لەم سەردەمەدا جێگەی گومان بێت، چونکە سەراپای ژیانی گەواهییە لەسەر ئەو بڕوا قووڵەی کە بە پەیامەکەی هەبوو..تاوەکو دەڵێت: بەڕاستی هێزی بەرفراوانی بلیمەتی محەمەد (د. خ) لەبواری داڕشتن، بیرتیژییە گەورەکەی و ڕوانینە دروستەکەی بۆ ڕاستییەکان، هێزی ئیرادە و لێزانین و ئامادەگییەکەی بۆ کارکردن و ژیانی ڕاستەقینە، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مەحاڵە قبوڵ بکرێت لە ڕەسەنایەتی پەیامەکەیدا بەساختەچیەتی و درۆ دەستی پێکردبێت، کەواتە چۆن عەقڵ قبوڵ دەکات کە کتوپڕ لەپیاوێکی ڕاستگۆوە ببێتە پیاوێکی درۆزن؟! سەرکەوتنی ئەو پێغەمبەرە لەکارەکەیدا بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرایە لەسەر پشتگیری خودا بۆ بانگەوازەکەی، هەر بەم هۆیەشەوە چۆن دەکرێت زاتی ئەوە بکات پەیامەکەی بشێوێنێت، لە کاتێکدا ئەو وای دەبینی کە پەیامێکی پیرۆزەو لەلایەن خواوە پشتگیری لێ دەکرێت؟! ئا بەم شێوەیە محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام ڕاپەڕی، بۆ ئەوەی هاونەژادانی خۆی بۆ یەک ئاین بانگ بکات، کە ئاینی خوای تاک و تەنیایە، بۆ ئەوەی بەشێک لەئاسیاو ئەفریقاو هەموو ئەوانەی لە پەیامە ڕاستەکەی دەگەن، هۆشیار بکاتەوە و ئازادیان بکات لە بەندایەتی شتە بێ گیانەکان ... تاوەکو دەڵێت: هەرچی زانستە نەیدەزانی، پڕ بەپێستی مانای نەخوێندەواری نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئەمەیان بەو مانایە نییە کە کابرایەکی ڕەش و ڕووت بوو، یاخود هیچ ڕەوشتێکی نەبوو، بەڵکو (أُمِّيّ) بوو، وا گونجاوترە بڵێین ئەو پیاوە پاکە سروشت و سەرەوەی سروشتی کۆ کردبۆوە، پیاوێک بوو دوور بوو لەبڕیار و ڕاسپاردەی بەپەلە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپەڕی، تا بانگی زانایان بکات بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی کە دەیڵێن، تاوەکو ئەو ڕێگە خوار و خێچانەش ڕاست بکاتەوە کە کەسانێک پێیان وابوو فەیلەسووفن کەچی تێیدا گومڕا ببوون. کاتێک خەڵک وتارە گرینگ و نووسینەکانی محەمەدیان دەبیست و دەبینی، کە زۆر گونجاو بوون لەگەڵ سەردەمی خۆیدا، هەستیان بە وزەیەک دەکرد کە دەیانکێشت بۆ ئەو نهێنییە شاراوەیەی کە محەمەد (د. خ) بۆی دەکێشان، بۆیە ملکەچییان بۆ خوا نواندو تێگەیشتن چۆن دەتوانن ژیانە کاتییەکەیان خاوێن بکەنەوە، چونکە لە موحەمەددا ئەو نموونە زیندوویەیان دەسکەوت کە نە فەیلەسووف و نەپیاوانی حیکمەت لەتوانیاندا نەبوو پێشکەشیانی بکەن. هەروەها دەڵێت: بەڕاستی

بانگەوازەکەی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام لەدوورگەی عەرەبیدا پێشکەوتنێکی وای بەدەست هێنا کە ڕەخنە هەڵنەگرێت، جا چ لەبازنەی خێزاندا بێت، یان کۆمەڵگا، یان تەندروستی. ژنیش بەشێکی باشی بەرکەوت، داوێن پیسی و مارەبڕینی کاتی و لەشفرۆشی یاساغ کران، هەروەها زۆرکردن لە کەنیزەکان بۆ ئەوەی ناچار بە لەشفرۆشییان بکەن و پارەوپووڵی زیاتر بۆ گەورەکانیان پەیدا بکەن قەدەغە کرا، وەکو لەو سەردەمدا باو بوو، هەروەکو قورئان دەڵێت:(وَل تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الحْياةِ الدُّنْيا وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ' .(٢٤٣)

هەروەها دەڵێت: ئیسلام وەکو هاوارێکی بەهێزو تیژ دڵەکانی ڕاچڵەکاندو خۆرهەڵات و خۆرئاوای لە بێ دینی و بێ ئاگایی بەخەبەر هێناو، بەشێوەیەک کاریگەری خستە نێو دڵەکانەوە، کە مێژووی بەشەرییەت ئەم شێوە شۆڕش و ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتییەی لەهیچ چەرخێکدا لەیاد نییە.

دیسان دەڵێت: محەمەد (د. خ) ڕێگای بە کۆیلایەتی داوە، بەڵام ڕێکی خستووە و سنوورەکانی لەبەردەمدا تەسک کردوونەتەوەو، ئازادکردنی کۆیلەی بەکارێکی باش وەسف کردووە، تەنانەت بە تۆڵەی هەندێ تاوانیشی داناوە. دەسکەوتەکانی جەنگ لەو سەردەمدا ئاکامی ئاسایی هەموو جیهادێک بوو، بەڵکو دەکرێت بڵێین: وێڕای بازرگانی و بەخێوکردنی ئاژەڵان، تالانی جەنگ پیشەی نیشتیمانی عەرەبی بوو، جا لەبەر لاوازی هاوەڵانی، پێغەمبەر (د.خ) ڕایگەیاند کە تالان بۆیان حەڵاڵە، بەڵام لەسەر چەند بنەمایەکی ورد سنوورداری کردو، بەشی هەرە گەورەی تایبەت کرد بۆ خێر و سەدەقەو پێداویستییەکانی سوپا، هەروەک چۆن لە دابەشکردنی دیلەکاندا، دوورخستنەوەی منداڵانی لە دایکان قەدەغە کرد. لە کۆتاییدا دەڵێت: ئەو نەیدەتوانی بەتەواوی ڕەوشتی گەلەکەی بگۆڕێت - سەرەڕای هەوڵدانێکی زۆر - بەڵام لەوەدا کە زۆر لە ڕەوشت و ئادابەکانی ئەوانی ڕاست کردەوە سەرکەوتوو بوو.(٢٤٤)

٨- ئولرش هیرمان

ئیسلام دینێکی سەرنج ڕاکێشە، ئەمەشیان -لەوانەیە- بۆ ڕوونی و ئاشکرایی

(٢٤٣) سورة النور ٣٣ .

(٢٤٤) ماڵپەڕی eltwhed.com



پەیامەکەی و جازبیەتی ڕەوشتەکەی و هەندێ هۆکاری تر بگەڕێتەوە کە ئێمە نەیانزانین.(٢٤٥)

٩- ئۆگین بۆگ

بیریاری فەرەنسی دەڵێت: ئێمەی ئەوروپی دان بەوەدا ئەنێین کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانین بەتەواوی پاداشتی چاکەی موسڵمانان بدەینەوە، چونکە ئەوان ئەو مامۆستایانەن کە ئێمە زانستمان لێ وەرگرتوون، سەرەڕای ئەوەش فێرە وانەی لێبووردەیی و چاکەیان کردین، چونکە ئەوان هیچ نەتەوەکیان ناچار نەکرد واز لە بیر و باوەڕە ئاینییەکەی بێنی، هەرکەسێک لەگەڵ موسڵمانان تێکەڵ بێت، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە بەڕاستی ئەوان خاوەن دڵێکی ساف و سەلامەتن.(٢٤٦)

١٠- برناردشۆ George Bernard Shaw ١٨٥٦- ١٩٥٠ز

نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی، جۆرج برناردشۆ لە ساڵی ١٩٢٥ خەڵاتی (نۆبڵ)ی وێژەیی لە شانۆی (ژان دارک) وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٣٨ خەڵاتی (ئۆسکار)ی لەباشترین سیناریۆ وەرگرتووە، هەروەها نزیکەی (٥٠) شانۆو زیاتر لە (٥) ڕۆمانی نووسیوە، سەرجەمی نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە ساڵانی (١٩٣٠- ١٩٣٢) لە (٣٠) بەرگ کتێبی گەورەدا چاپ کرا، شانۆنامە باشەکانی بریتین لە (شاگردی شەیتان)، (قەیسەر و کیلۆپاترا)، (ئادەمیزادو ئادەمیزادی هەرە بەرز)، (مێجور باربارا)، (ئەندروکلس و شێر)، (بیچمالیۆن)، (ماڵی تێکشکاو)، بۆیەش ناکرێت تەنیا وەکو نووسەر و فەیلەسووفێکی ئینگلیزی سەیر بکرێت، بەڵکو پێویستە وەکو سەرقافڵەی هزرڤان و فەیلەسووفەکانی جیهانیی سەیر بکرێت، یەکێک لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئەم گەورە زانایە، بوێری و نەترسیی لەڕادە بەدەر بوو، مرۆڤێک بوو بەئاشکرا ڕای خۆی دەردەبڕی، کاتێکیش ڕای خۆی دەردەبڕی، بڕوای تەواوی پێ هەبوو. لەکاتی گەشتەکەیدا لە (بۆمبای) هیندی نامیلکەیەکی نووسی و تێیدا سەبارەت بەئاینی ئیسلام ڕای خۆی ئاشکرا کردو ڕایگەیاند کە لە هەموو کات و شوێنێکداو بۆ هەموو نەتەوەیەک خێری تێدایە و لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا دەگونجێ و دەڵێت: من ئاینی محەمەدم (د.خ) بەگرینگی وەرگرت، ئەویش

(٢٤٥) گۆڤاری (العالم) ژمارە ٢٩٠ بەروار ١٩٨٩ .

(٢٤٦) قرآن و کتابهای دیگر آسمانی. عبدالکریم هاشمی نژاد، به کوشش دکتر جواد عباسی، لاپەڕە ٣٠١.

بەهۆی زیندوویەتی لە ڕادەبەدەری ئەو ئاینە، ئەمە تەنیا دینەیە کە من وای تێدەگەم بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیان دەست دەدات و لە هەموو کات و شوێنێکدا، خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

هەروەها دەڵێت: گومان لەوەدا نییە کە جیهان گرنگییەکی زۆر بە پێشبینییەکانی گەورە پیاوان دەدات، ئەوا منیش پێشبینی دەکەم، کە ئاینی محەمەد (د. خ) لە سبەینێیەکی نزیکدا لەلایەن ئەوروپاوە وەردەگیرێت، تەنانەت لە ئێستادا دەستیان کردووە بە وەرگرتنی ئەو ئاینە.[٢٤٧]

هەروەها دەڵێت: (ئیکلیروس) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەچەندین وێنەی ناشیرین ئیسلامی وێنا کردووە، جا چ بەهۆی نەزانی، یان بەهۆی دەمارگیری، چونکە ئەوان لەخۆشنەویستن و ڕق هەڵگرتن لە پێغەمبەر و ئاینەکەی بۆ ساتێکیش نەوەستاون، ئەوان وایان پێشان دەدا کە پێغەمبەری ئیسلام دوژمنی مەسیحە، بەڵام من خۆم دیراسەی ئەو کەسەم وەکو گەورە پیاوێک کرد، بینیم زۆر دوورە لە دژایەتیکردنی مەسیح، بەپێچەوانەوە ئەبێت بە ڕزگارکەری مرۆڤایەتی بزانرێت، من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر کەسێکی وەکو ئەو دەسەڵاتی جیهان بگرێتە دەست، زۆر سەرکەوتوو دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی و دەتوانی جیهان بەرەو ئاشتی و بەختەوەری ڕابکێشی، کە جیهانیش پێویستی بەو دووەیە- ئاشتی و بەختەوەری-.[٢٤٨]

بیریارە دڵسۆزەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە نرخ و بایەخی ئاینی محەمەد (د. خ) گەیشتوون، لەوانیش: کارلایل و جوت و گیبۆن، بەم شێوەیە هەڵوێستی ئەوروپا بەرامبەر بەئیسلام گۆڕانکارییەکی ئەرێنیی بەسەردا هاتووە، لەم سەدەیەی ئێستاشدا-سەدەی بیستەم - ئەم گۆڕانە زۆر بەرەو پێش چووە و ئێستا بیروباوەڕی محەمەدیان خۆش دەوێت و عاشقی بوون. لە سەدەکانی داهاتووشدا ئەوروپا زیاتر لەوەی ئێستا دێت و دان بە سوودو بەهرەی ئەم ئاینە دادەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، بەم ڕوحەوە ئەبێت لە پێشبینییەکانی من بگەن، لەحاڵی حازردا زۆر لەکوڕانی نەتەوەکەم لەخەڵکی ئەوروپا باوەشیان بۆ ئاینی محەمەد (د. خ) کردووەتەوە، بەشێوەیەک دەتوانین بڵێین ئەوروپا بەگشتی بەرەو ئیسلام و پێغەمبەرە بەڕێزەکەی دێت.[٢٤٩]

(٢٤٧) عن كتاب (محمد في الآداب العالمية المنصفة) محمد عثمان عثمان لاپەڕە ٣٣ .

(٢٤٨) من كتاب (مقارنة الأديان – قسم الإسلام) د. أحمد شلبی لاپەڕە ٢٩٤ .

(٢٤٩) ماڵپەڕی: al-vefagh.com. هەروەها ماڵپەڕی alukah.net.



دیسان دەڵێت: ئەوروپا تازە هەستی بەحیکمەت و زانستی محەمەد (د. خ) کردووە و خۆشەویستی خۆی بۆ ئاینی محەمەد (د. خ) دەست پێ کردووە، لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاینی ئەو دەبێتە هەمان ئەو دەستوور و یاسایە کە بنەماکانی ئاشتی و بەختەوەری لەسەر دادەڕێژرێن، چونکە تەنیا ئەو ئیسلامەیە کە هەموو خەڵک بەرەو ئازادی ڕاستەقینە و برایەتی و یەکسانی بانگهێشت دەکات و هۆیەکانی گەیشتن بەم ئامانجەشی فەراهەم کردووە و تەرازووی ڕاستی و ویژدان و دادپەروەریی لەسەر پێ داناوە. هەروەها دەڵێت: بۆ چەندین جار ژیانی پێغەمبەرم خوێندووەتەوە، هەرگیز بێجگە لە ڕەوشتم تێدا نەبینی، ڕەوشتێک بەو شێوەیەی کە پێویستە، چەندین جاریش ئومێدم خواستووە کە تەنیا ئیسلام ببێتە ڕێبازو بەرنامەی جیهان.[٢٥٠]

ئەم زانا بوێر و حەق بێژە کتێبێکی نووسی بەناوی محەمەد (د. خ) بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی بەریتانیا سووتاندیان.

دەربارەی پەرتووکی پیرۆزیش- تەورات و ئینجیل- دەڵێت: (ترسناکترین پەرتووک لە جیهاندا پەرتووکەکانی تەورات و ئینجیلن، بۆیە پێویستە هەردووکیان لەشوێنێکی پۆڵایین و ئەمیندا قوفڵ بدرێن و جارێکی تر پێشانی خەڵک نەدرێنەوە...).[٢٥١]

## ١١- پرنس ژیوائی بۆرگیز Prince Boorguis

مێژوونووسی ئیتاڵی لە کتێبەکەیدا بەناوی (ئیتالیای نوێ) دەنووسێت: گەورەیی ئیسلام لەوەدایە کە سەرەتای شارستانیەتی ئیسلامی هەر لەگەڵ یەکەمین ساتەکانی هاتنی ئیسلام و پێغەمبەردا دەستی پێکرد، لە کاتێکدا شارستانیەتی ئەوروپی شەش سەد ساڵ دوای هاتنی مەسیح و مەسیحییەت دەستی بەخۆ دەرخستن کرد.[٢٥٢]

هەروەها دەڵێت: لەو کاتەی کە موسڵمانان لە پەیڕەوکردن و کارپێکردنی ئەحکامەکانی قورئان سستییان نواند، هێزی بەختەوەری و فریشتەی گەورەیی لێیان دوور کەوتەوەو، ئەو هەموو عیززەت و هێزو خۆشی و بەختەوەرییە لەئاسۆی ژیانی ئەواندا باری کردو لەشوێنیا

(٢٥٠) ماڵپەڕی majdah.maktoob.. com

(٢٥١) الإسلام وسائر الأديان، نوری ڕأفت قورور، چاپ و بڵاوکردنەوەی (وقف اخلاص) استانبول ١٩٩٦ لاپەڕە ١١١.

(٢٥٢) حقيقت اسلام در نظر ديگران . محمد على بروجردى كاظمينێ، تهران، كتابفروشى بوذرجمهرى مصطفوى، چاپ اول، ١٣٤١هـ.ش لاپەڕە ٣٧ .

ئەهریمەنی دیلی و بەندایەتی جێی گرتەوە، دوژمنانیش لەو کاتەدا هێرشیان بۆ هێنا و وەکو میکرۆب بەچواردەوریا حەلقەیان بەست، تاوەکو بەو ڕۆژگارەی ئێستایان گەیاندن کە تێیدا دیل و ئەسیرن، بەڵێ ئەو هەموو بەدبەختی و چارە ڕەشییەی موسڵمانان لە ئەنجامی پەیڕەوی نەکردنیان لە یاساکانی قورئان بوو، لەم بارەیەوەش هیچ تاوانێک ڕووبەڕووی ئیسلام نابێتەوە، ئاخر چ گلەییەک لەم ئاینە پاکە دەکرێت؟! بەئینسافەوە ناتوانرێت هیچ گلەییەک لەئاینی پاکی ئیسلام بکرێت، چونکە لەو کاتەدا بەختەوەری و کامەرانی پشتی لە موسڵمانان کرد، کە دەرگایان بەڕووی خوێندن و تێگەیشتنی قورئان داخست و لە پاراستن و کارپێکردنیدا سستییان نواند.(٢٥٣)

### ١٢- جۆرج سارتۆن George Sarton ١٨٨٤- ١٩٥٦ز

زانای ناوداری بەلژیکی، پسپۆڕ لە زانستەکانی وەرزش و سروشت و مامۆستا لەزانکۆی (هاردوارد) دەڵێت: موسڵمانان عەبقەریەی ڕۆژهەڵاتن، ئەوان مننەتێکی یەکجار گەورەیان لەسەر مرۆڤایەتی هەیە، بەوەی کە نووسینەوەی گەورەترین و بەنرخترین توێژینەوە، کە زۆر قووڵ و خاوەن ڕەسەنایەتییە، گرتە ئەستۆ و زمانی عەرەبییان بەکارهێنا، ئەو زمانەی کە بێگومان زمانی زانست بوو بۆ بۆ ڕەگەزی مرۆڤ، موسڵمانان گەیشتنە پلەیەکی وا کە دروست بێت ناو بنرێن (موعجیزەی زانستی عەرەبی).(٢٥٤)

هەروەها لە کتێبەکەیدا بەناوی (پێشەکییەک لەسەر زانستی مێژوو) دەنووسێت: ئەرکی راستەقینەی مرۆڤایەتی بەڕێگای موسڵمانانەوە ئەنجام درا، گەورەترین فەیلەسووف، واتە (فارابی) موسوڵمان بوو، گەورەترین زانای بیرکاری، واتە (أبو کامل و إبراهیم بن سنان) موسڵمان بوون، گەورەترین جوگرافی زان و (جامع العلوم) واتە (مسعودی) موسڵمان بوو، گەورەترین مێژوونووس، واتە (طبری) موسڵمان بوو.(٢٥٥)

### ١٣- جۆرجی زیدان Georgi Zeidan ١٨٦١- ١٩١٤ز

وێژەوان و مێژوو نووسی ناوداری عەرەبی مەسیحی دەڵێت: لە هەر شوێنێک ئیسلام

(٢٥٣) حقیقت اسلام در نظر دیگران، محمد علی بروجردی کاظمینی، تهران، کتابفروشی بوذرجمهری مصطفوی، چاپ اول،١٣٤١هـ.ش لاپەڕە ٣٧ .

(٢٥٤) (هكذا كانوا يوم كنا) د. حسان شمسی پاشا، لاپەڕە ٩ .

(٢٥٥) پێشەکییەک لەسەر زانستی مێژوو، جۆرج سارتۆن بەرگی ١ لاپەڕە ٧٢١ .



حوکمی کردبێت، زانست و وێژە بەخێرایی پێشکەوتوون.(٢٥٦)

### ١٤- جان ولیەم دراپڕ john William draper ١٨١١- ١٨٨٢ز

زانای ناسراوی ئەمریکی و مامۆستای زانکۆی نیویۆرک و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە (طب و حقوق) لەکتێبەکەیدا بەناوی (المنازعة بين العلم والدين) دەڵێت: موسڵمانانی یەکەم لەزەمانی خەلیفەکاندا تەنیا بەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەهلی زانست لە مەسیحییە نستورییەکان و ڕێزگرتن لە یەهودییەکان نەوەستان، بەڵکو چەندین ئەرکی گەورەیان لە حکوومەت پێ ڕاسپاردن و، بۆ زۆر پلەی حکومی بەرز کرانەوە، تەنانەت (هارون الرشيد) تەواوی قوتابخانەکانی خستە ژێر چاودێری (حنا مسنية، يوحنا بن ماسوية)، هەندێ جار ئیدارەی قوتابخانەکان بەدەست نستورییەکان بوو، هەندێ جاریش بەدەست یەهودییەکان، هیچ کاتێک خەلیفە سەیری ئەو وڵاتەی نەدەکرد کە ئەو زانایە لێی ژیاوە، یان لەسەر چ دینێک لەدایک بووە، بەڵکو تەنیا سەیری پلەوپایە زانستییەکەی دەکرد.(٢٥٧)

هەروەها لە کتێبەکەیدا (الإكتشافات المعنوية الأوروبية) سەبارەت بە بارودۆخی ئەوکاتی ئەوروپا دەڵێت: ئەوروپییەکان کێوی بوون و مەسیحییەت ڕزگاری نەکردن، ئەو سەرکەوتنەی کە مەسیحییەت نەیتوانی بەدەستی بێنێ، ئیسلام و عەرەبەکان کە هاتنە ئیسپانیا بەدەستیان هێنا، لە سەرەتادا ئیسپانییەکانیان فێرە خۆشوشتن کرد، پاشان پێستی مەڕوماڵاتیان لەبەر داکەندن کە لەبەریاندا دڕاو و بۆگەن ببوون، جلوبەرگی جوان و پاکوخاوێنیان لەبەر کردن و خانوو میوانخانەو باڵەخانەیان بۆ دروست کردن و، دەرسیان پێ گوتنەوە و زانکۆیان بۆ دامەزراندن، مێژوونووسە مەسیحییەکان بەهۆی ڕق و کینەیان لە دژی ئیسلام و موسڵمانان، دەیانەوێ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بشارنەوە، چونکە ئەوروپییەکان هەرگیز نایانەوێت دان بەو فەزڵەی موسڵمانان دابنێن کە لەڕووی ڕۆشنبیری و شارستانییەوە لەسەریانە.(٢٥٨)

(٢٥٦) ایدئولوژی و فرهنگ اسلام از دیدگاه ژۆل لابۆم . م.ر. دریایی ، نشر حیان، تهران، نشر حیان، ١٣٥٦هـ.ش لاپەڕە ٣٦٠

(٢٥٧) الاسلام والنصرانية مع العلم والمدنية، محمد عبده، دار الحداثة للطباعة والنشر تاريخ النشر ١٩٨٨/١/١ لاپەڕە ١٥ .

(٢٥٨) الإسلام و سائر الأديان، نوری ڕأفت قورور، چاپ و بڵاوکردنەوەی (وقف اخلاص) استانبول ١٩٩٦ لاپەڕە ١٤٥ .

هەروەها دەڵێت: زانکۆکانی موسڵمانان پڕبوون لە خوێندکارانی ئەوروپی، کە بەئومێدی وەدەستهێنانی زانست ڕوویان لەو وڵاتانە کردبوو، نەک تەنیا خوێندکاران بۆ فێربوونی زانست دەچوونە وڵاتە ئیسلامییەکان، بەڵکو پاشاو سەرکردە ئەوروپییە خۆرئاواییەکانیش بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان دەهاتنە وڵاتە ئیسلامییەکان.[٢٥٩]

## ١٥- جان پاڵ رو Jean-Paul Roux

نووسەری بەنێوبانگی فەرەنسی لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (ئیسلام لە خۆرئاوا) دەڵێت: گەڕانەوەی ئیسلام بۆ ئەوروپا شەپۆلێکی نوێیەو هیچ ئاین و باوەڕو مەبدەئێک ناتوانی ڕایبگرێت یان هێوری بکاتەوە.[٢٦٠]

هەروەها دەڵێت: جیهان هەمووی ئیسلام وەردەگرێت، ئەگەر بەناوی ئاشکراشیەوە قبوڵی نەکات، ئەوا بەناوێکی ترەوە هەر قبوڵی دەکات، ڕۆژێک دێت ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە باوەشی ئیسلام و، بیروباوەڕی زانایان و ڕۆشنبیرانیش دەبێتە بیروباوەڕی ئیسلامی.[٢٦١]

## ١٦- جەواهر لال نەهرۆ ١٨٨٩- ١٩٦٤ز

سەرکردەو کەسایەتی ناسراوی هیندی لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (لمحات من تاريخ العالم) دەڵێت: موسڵمانان باوکی زانستە نوێکانن، بەغدا لە سەرەوەی هەموو پایتەختە ئەوروپییەکانە، جگە لە قورتوبەی پایتەختی ئیسپانیای ئیسلامی . خۆ ئەگەر بوونی (ابن الهيثم و خازن و كندی و ابن سينا و خوارزمی و بيرونی) نەبوایە، گالیلۆو کیبلەر و کوبرنیق و نیوتن) لەڕۆژئاوا وجودیان نەدەبوو.[٢٦٢]

## ١٧- جان داڤنپورت John Daven port ١٧٨٩- ١٨٧٧ز

زانای ناسراوی بەریتانی دەڵێت: قورئان پەرتووکێکە، هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی، بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە قسە لە شتی پەنهانی و ئاشکرا دەکات و، نەخۆشییەکانی ڕوحی و

(٢٥٩) اعترافات دانشمندان بزرگ جهان، خيرالله مردانی، انتشارات آيين جعفري، تهران. لاپەڕە ١٢٥ .

(٢٦٠) آفاق المد الاسلامي في الغرب، د. عبدالمعطي الداتي، بە نەقل لە (حوار حول الإسلام بين برناردشو وصديقي) جورج برناردشو، لاپەڕە ٧٥ .

(٢٦١) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٧٥ .

(٢٦٢) ماڵپەڕی askquran.ir بە نەقل لە (دائرة المعارف شيعه) حسن الامين، وەرگێڕانی بۆ فارسی کۆمەڵێک وەرگێڕ، بڵاوکراوەی انصاريان لاپەڕە ٧٤٤ .



کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکات، لەهەمان کاتیشدا ڕێگە لە گەندەڵی ئەخلاقی و کردەوەی خراپ دەگرێت و بۆ کاری چاکەو شایستە مرۆڤ هان دەدات.

هەروەها لە کتێبەکەیدا بەناوی (داوای لێبوردن لە محەمەد و قورئان) ئەو تۆمەتانەی کە لەنێو ئەوروپییەکاندا لەدژی ئیسلام بڵاو کراونەتەوە، بۆ سێ بەش دابەشیان دەکات:

یەکەم: محەمەد (د. خ) ئاینی بە مەبەستی ڕازیکردنی هەستی دەسەڵات خوازی دروست کردووە، بێ ئەوەی لەلایەن خواوە وەحی بۆ نێردرابێت.

دووەم: محەمەد (د. خ) ئاینەکەی بە زۆری شمشێر بڵاو کردۆتەوە، بەم هۆیەوە بووەتە هۆی ڕشتنی خوێنێکی زۆر و بووەتە مایەی بەدبەختی بۆ مرۆڤەکان.

سێیەم: بەهێزکردن و ڕەواجدان بە شەهوەت پەرستی، ئەویش بەڕێگای فرە ژنییەوە.

نووسەر وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانە، ئیسلام بە یەکێک لە بەهێزترین هۆ دادەنێت، کە دەستی قودرەتی ئافەریدگار هەڵیبژاردووە، تاوەکو مەکتەب و فەلسەفەکانی مرۆڤ بخاتە ژێر کاریگەری خۆی و دەڵێت: ئەو وەهمەی کە لە زهنیەتی هەندێ کەسدا دروست بووە، گوایە ئەو دینەی کە بەهۆی قورئانەوە محەمەد (د. خ) فێری بووە، بە ڕێگای شمشێرەوە ڕەواجی پەیدا کردووە، هەڵە و پەلەقاژەیەکی لەڕادەبەدەرە، چونکە هەموو بیرمەند و زانا و هزرمەندانی نیاز پاک (تصديق) دەکەن کە بەڕێگای دینی (محمد)ـەوە نوێژو زەکات بوونەتە جێگرەوەی خوێنی قوربانییانی مرۆڤ و، لەشوێنی جەنگ و کێشمەکێشمی بەردەوام ، ڕوحی خێرخوازی و ڕەوشتی چاکەو ئادابی کۆمەڵایەتی وەبەر دەروونەکاندا کرا، ئەمەش شتێکی بەڵگە نەویستە کە کاریگەری قووڵ لەسەر شارستانییەتەکان دادەنێ، هەر بەڕاستیش خێر و بەرەکەت بوو بۆ جیهانی ڕۆژهەڵات.[٢٦٣]

دیسان دەڵێت: حەماقەتە گەر مرۆڤ وا گومان ببات کە ئیسلام بە زۆری شمشێر بڵاو بووەتەوە، چونکە ئەم دینە ڕشتنی خوێن حەرام دەکات، ئەمر بەچاکەو نەهی لەخراپە دەکات، لەهەمان کاتدا ئەمر بەڕاوێژ و نەهی لە تاکڕەوی دەکات و، هەموو مافە مەدەنییەکانی بەمرۆڤ بەخشیوە، ئەوروپاش نابێت ئەوە لەبیر بکات کە بە شارستانیەتەکەی قەرزداری موسڵمانانە... تاوەکو دەڵێت: لە سەدەی شەشەمی هاتنی مەسیح، محەمەد (د. خ) لەڕۆژهەڵاتەوە ئاشکرابوو، بناغەی ئاینەکەی دامەزراندو

(٢٦٣) جان ديون پورت. عذر تقصير به پيشگاه محمد و قرآن. وەرگێڕانی بۆ فارسی غلامرضا سعيدی، تهران، شركت نسبی حاج محمد حسين اقبال و شركاء، لاپەڕە ١١٣- ١١٤

بتپەرستی و شیرکی لەبەشی هەرە زۆری ئاسیاو ئەفریقاو میسردا لەنێوبرد، کە ئێستاش بیروباوەڕی یەکتاپەرستی خودای تاک و تەنیا لەهەموو ئەو شوێنانەدا هەر بەرقەرارە. بیر و هزری تاکەکانی کۆمەڵ کەوتنە ژێر کاریگەری بەرەکەتی مادی و مەعنەوی پێغەمبەری عەرەب. بۆ کەسیکی بێ دین کە بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێت، لەهەموو لایەنە مرۆیی و تایبەتمەندییە مەلەکوتییەکاندا، بەڕای من (ئیسلام و ڕێنماییەکانی) پاکتر و سافترە لە شێوازی زەردەشت و ئازادی بەخشترە لە یاسای موسا. یەکگرتنەوەی دینی محەمەد (د.خ) لەگەڵ عەقل و لۆژیکدا، زۆر گەورەترە لەو باوەڕە تێکەڵ پێکەڵ و پڕ لەنهێنی و رەمزو خورافاتەی سەدەی هەفتەم کە ئابڕووی ڕێنماییە سادەکانی ئینجیلیان بردووە.[٢٦٤]

هەروەها دەڵێت: ئەگەر لەباشووری ئەوروپا شارستانیەتی عەرەبی ئەندەلوسی نەبوایە، ئەم کیشوەرە بەسەرجەم گەلانی خۆیەوە، بەهەموو نەتەوە و ڕەگەزێکەوە لەتاریکی جەهل و نەزانینا ئەتلایەوەو، کەمترین شوێنەواریش لە شارستانیەتی ئێستای ئەوروپی نەدەبینرا. پاشان وەکو بەڵگە لەسەر قسەکانی، ئاماژە بە نامە گۆڕینەوەیەک دەکات لە نێوان پاشای ئینگلتەرا (جۆرجی دووەم) و خەلیفەی موسڵمانان لە ئەندەلوس.

نامەی پاشای ئینگلتەرا جۆرجی دووەم

لە جۆرجی دووەم پاشای ئینگلتەرا و گال و سوئید و نەرویجەوە

بۆ/ خەلیفە، پاشای موسڵمانان لە مەملەکەتی ئەندەلوس، خاوەن شکۆ هیشامی سێیەمی پایەبەرز و بەڕێز.

دوای ڕێز و نەوازش: ئێمە ئاگاداری ئەو پێشکەوتنە گەورەیەین کە لە سایەی ئێوەدا پەیمانگا زانستی و پیشەسازییەکان لە وڵاتە ئاوەدانەکەی ئێوەدا بەخۆیانەوە بینیوە، ئێمە بۆ نەوەکانمان ویستمان هەندێ لەو خێرو بێرەمان بەرکەوێت، بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتایەک بۆ هەنگاوهەڵێنان بەدوای ئێوەوە و، بڵاوکردنەوەی تیشکەکانی زانست لە وڵاتی ئێمەشدا، کە جەهل و نەزانین چواردەوری گرتووە، بۆ ئەم مەبەستە کچی براکەمان شا (دوبانت)بە سەرۆکایەتی وەفدێک لە کچە ئەشرافەکانی ئینگلیزیمان ناردە لاتان، تاوەکو شەرەفمەند بێت بە ماچکردنی پایەکانی تەختی ئێوە، بەئومێدی لایی لێکردنەوە، بۆ ئەوەی خۆی و هاوەڵانی مایەی چاودێری گەورەییتان و دەوروبەرە

(٢٦٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٢ .



بەڕێزەکەتان بن و مایەی سۆز و خۆشەویستی ئەو ژنانەش بن کە بەفێرکردنیان هەڵدەستن، هاوڕێ لەگەڵ شاژنی بچووک خەڵاتێکی بێ نرخم بۆ مەقامی پڕ شکۆیی ئێوە ناردووە، تکاکارم پیاوەتی بفەرموون لە وەرگرتنیدا.

لەگەڵ ڕیزو خۆشەویستی دڵسۆزانەی خزمەتکاری گوێڕایەڵتان.

واژوو: جۆرج .م .أ

وەڵامی خەلیفەی ئەندەلوس هیشامی سێیەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبيه سيد المرسلين وبعد:

بۆ/ پاشای ئینگلتەرا و ئیکوسیا و ئیسکەندەنافیا- زۆر بەڕێز

ئاگارداری ئیلتیماسەکانت بووم، دوای ڕاوێژکردن بەکەسانی پەیوەندیدار بە مەسەلەکەوە، ڕەزامەندیم لەسەر داواکارییەکانی ئێوە دا، بینا لەسەر ئەم ڕەزامەندییە، نەفەقەی ئەو وەفدە لە (بيت المال)ی موسڵمانان خەرج دەکرێت، ئەمەشیان وەکو نیشانە لەسەر خۆشەویستیمان بۆ جەنابی ئێوەی پاشا. سەبارەت بە خەڵاتەکەشت، وا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وەرمگرت و لە بەرامبەریشدا بەنرخترین بەڕەی ئەندەلوسی، وەکو خەڵات بۆ جەنابتان دەنێرم، کە دەستکردی نەوەکانمانە و، بای ئەوەندە بەڵگەی تێدایە کە دەلالەت بکاتە سەر خۆشەویستی و لای لێکردنەوەمان بۆ ئێوە.

والسلام ............

واژوو: هیشامی خەلیفەی پێغەمبەری خودا لە وڵاتی ئەندەلوس.[٢٦٥]

## ١٨- جان وێبستر John Webster

زانا و نووسەری ناسراوی ئینگلیزی دەڵێت: دیارە هەر لەکاتی جەنگەکانی خاچ پەرستییەوە، خۆرئاوای مەسیحی پیلانی داناوە کە بەرامبەر بەچاکەو جوانییەکانی ئیسلام بێ دەنگی بنوێنی، هەرکاتێکیش ویستی قسەی لەبارەدا بکات، بە ئەنقەست هەوڵی شێواندنی بنەماکانی بدات.[٢٦٦]

(٢٦٥) العرب عنصر السيادة في القرون الوسطى، جون دوانبورت.

(٢٦٦) يسألونك في الدين والحياة، دكتور احمد الشرباصي، بەرگی٧. ل ٦٦١، دار الجيل بيروت- لبنان .

## ١٩- جێیمس بیرک James Burke

نووسەر و مێژوو نووسی ئینگلیزی مەسیحی لەکتێبەکەیدا بەناوی (کاتێک جیهان گۆڕا) باس لەپێشکەوتنە شارستانی و مەعریفییەکان لەجیهاندا دەکات و دەڵێت: بەڵام خۆشبەختانە، لەناکاو کاتێکی مێژوویی سەرسوڕهێنەر هات و دۆزینەوەی مەعریفە تێیدا دووبارە کرایەوە، چونکە لە ساڵی ١٠٨٥ قەڵای (تولیدو)ی عەرەبی لەئیسپانیا ڕووخا، هێزە مەسیحییە سەرکەوتووەکان گەنجینەیەکی ئەدەبییان کەوتە دەست، کە دوورترین شت بوو لە هەموو خەون و خەیاڵێکیان، نزیکەی سەد ساڵێک ئەوروپا هیچی دەربارەی عەرەبە ئیسپانییەکان نەدەزانی، بەڵکو لەو کاتەوە قسەو باس سەبارەت بە شارستانیەتی پشت چیای (البرانس) بڵاو بووەوە.(٢٦٧)

هەروەها دەڵێت: هەڵوێست و ڕەوشتی ئەم کۆمەڵگا دەوڵەمەندو خاوەن ڕۆشنبیرییە، بەوە لەخەڵکی تر جیابوو، کە بەرامبەر بە بیروباوەڕەکانی تر لێبووردە بوون، لەژێر سێبەری خەلیفە موسڵمانەکاندا، هەزاران یەهودی و مەسیحی بەئاشتی و تێکەڵییەکی تەواو دەژیان، دەرامەتی زەوی و زاریش بۆ پێشخستنی ئاستی بژێوی خەڵک بەکاردەهێنرا، لەهەمووشی گرینگ ئەوەبوو کە ئاین و ڕۆشنبیری وەکو دوو جمک پێکەوە دەژیان، لەهەر شوێنێک ئیسلام دەبینرا، تێنوویەتیەکی لەڕادەبەدەر بۆ مەعریفە و جێبەجێکردنی بەسەر گشت لایەنەکانی ژیاندا دەبینرا.(٢٦٨)

هەروەها دەڵێت: لەلایەنی کردەنیش، خەلیفە لە (قورتوبە) لە باکوری ئیسپانیا حاکمی ڕەها بوو، لە کاتێکدا مەسیحییەکان لە قەڵا کراوەکانیاندا، لە شارەکانی (لیۆن) و (نافاری) لە چەپەڵترین و پیسترین حاڵەتی جەهلدا دەژیان، هەروەکو بارودۆخی ئێستای بەشەکانی تری باکوری ئەوروپا، خەلیفەش بەرنامەی هەبوو کە ناوەناوە هەندێ هێرش بکاتە سەر باکور، بۆ دڵنیا بوون لە سەقامگیری باری ئاسایش و...هتد. مەسیحییەکانیش خەڵکیان دەنارده (قورتوبە) و داوای پزیشکی ددان و ڕێکخەری پرچ و نەشتەرگەر و ئەندازیارەکانی ئاوەدانکردنەوە و مۆسیقاژەنیان لێ دەکردن.(٢٦٩)

(٢٦٧) کاتێک جیهان گۆڕا نووسینی (جێمس بیرک) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (لیلی الجبالی) پێداچوونەوەی شوقي جلال، نشر عالم المعرفة رقم ١٨٥ الكويت : المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، ١٩٩٤م /١٤١٤ هـ لاپەڕە ٤٨ .

(٢٦٨) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٠ .

(٢٦٩) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥١ .





دیسان دەڵێت: هاتنی بەلافاوی قوتابیان بۆ (ئیسپانیا) بەردەوام بوو، هەندێکیان هەر لەوێ دەمانەوەو، هەندێکیشیان خەریکی وەرگێڕانی ئەو تێکستانە بوون کە بۆی دەگەڕان و، دواتر دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان لە باکور، بەڵام هەر هەموویان دووچاری سەرسوڕمان ببوون لەو شارستانیەتەی کە لە (ئەندەلوس) هەیە.(٢٧٠)

پاشان قسەی (ئەدیلار) بە بەڵگە دێنێتەوە لەبارەی گواستنەوەی زانستەکانی عەرەبی بۆ ئەوروپاو دەڵێت: کاتێک زیاتر بەرەو باشوور چووم، بۆم دەرکەوت کە ئەوان زیاتر دەزانن، دەزانن چۆن بیر بکەنەوە، من یەک شت لە عەرەبەکان فێربووم کە کورتییەکەی ئەمەیە (ئەگەر تۆ ئەوەبیت کە دەسەڵات ڕاتدەکێشێ، مانای وایە تۆ ئاژەڵی و ڕەشمەیەک دەتکێشێ).(٢٧١)

## ٢٠- خاتوو خەدیجە فەیزەوی

خاتوو خەدیجە فەیزەوی ئینگلیزی دەڵێت: من بۆ ساتێکیش گومانم لا دروست نەبووە، کە ئیسلام ئەو کاتە دەبێتە هۆکاری خێر و ئاشتی بۆ جیهان، کاتێک کە موسڵمانان دەگەنە ئەو بڕوایە کە بنەماکانی ئاینی دژ بە پێشکەوتنە مادییەکان نییە، تا ئەوکاتەی موسڵمانان دەست نەدەنە بیناکردنەوەی کۆشکی شارستانییەتەکەیان لەسەر کەلەپووری ڕابردووی شکۆداریان، نەک گواستنەوەیان بۆ شارستانیەتی مادی ڕۆژئاوا - بەهەموو پێوانە ئەخلاقییە داڕووخاوەکانیەوە- مومکین نییە ئیسلام ببێتە هۆکاری چەسپاندنی خێر و ئاشتی لەجیهاندا.(٢٧٢)

## ٢١- دایزی ویلکنیز Daisy Wilkins

زانای ناسراوی فەرانسەوی دەنووسێت: من هەمیشە لە سوڵح و ئاشتی دەگەڕام، سەرەنجام لە ئیسلامدا دۆزیمەوەو، تێگەیشتم کە هەموو شتێکی ئەم ئاینە سروشتییە.(٢٧٣)

(٢٧٠) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٤ .

(٢٧١) کاتێک جیهان گۆڕا نووسینی (جێمس بیرک) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (لیلی الجبالی) پێداچوونەوەی. شوقي جلال، نشر عالم المعرفة رقم ١٨٥ الكويت : المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، ١٩٩٤م /١٤١٤ هـ لاپەڕە ٥٥ .

(٢٧٢) یسألونك في الدين والحياة، دكتور احمد الشرباصي، بەرگی ٧ ل ٦٧٢، دار الجيل بيروت- لبنان .

(٢٧٣) اسلام شناسي غرب كاظم مدرس. لاپەڕە ٣٢ .

## ٢٢- ژاکس ریسلەر Jacqus Risler

لێکۆڵەر و نووسەری هاوچەرخی ناوداری فەرەنسی و مامۆستای پەیمانگای پاریس بۆ توێژینەوە ئیسلامییەکان لە کتێبەکەیدا بەناوی (شارستانیەتی عەرەبی) دەڵێت: بەدرێژایی ئەو هەزار ساڵە پڕ لە تاریکییە لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ناوی (احمد البيروني) لە جیهانی ئیسلامیدا ئەدرەوشایەوە، ئەو پیاوەی کە ناوبانگێکی فراوانی دەرکرد، لە ڕاستیدا (بەیرونی)ی فەیلەسووف و مێژوونووس و ماتماتیکی و فیزیایی و زمانزان و هونەر، لە هەموو ئەم بوارانەدا پەرتووک گەلێکی بەجی هێشتووە، کە ئەویان کردووەتە (لیوناردۆ دافینشی) جیهانی ئیسلامی.(٢٧٤)

## ٢٣- ژان دوتونو ١٦٣٣ز- ١٦٦٧ز

لە ساڵی ١٦٥٥چووەتە قوستەنتەنییە -ئەستەمبۆڵی ئێستا- تا ساڵی ١٦٥٩ لەوێ ماوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە فەرەنسا، لە ساڵی ١٦٦٥ دووبارە گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵات و لە ساڵی ١٦٦٧ کۆچی دوایی کردووە، ناوبراو دەڵێت: زۆر لە مەسیحییەکان، پەیڕەوانی محەمەد (د. خ) بە دڕودەو پەروەردەی دەستی شەیتان دەزانن، بەڵام ئەوانەی کە ئەوان دەناسن و قسەیان لەگەڵدا کردوون، بەشێوەیەکی تر نیسبەت بەموسڵمانان بیر دەکەنەوە، گومان لەوەدا نییە کە موسڵمانان مرۆڤی شەریفن، چونکە بڕوایان بەخودا هەیەو وەکو مەسیحییەکان زۆر ڕێز لە عیسا و مەریەم دەنێن ، لە پێناو بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی خوداو خزمەتکردن بەهاوشێوەکانیان، زیاتر لە مەسیحییەکان تێدەکۆشن. لەکاتی نوێژکردندا، بەشێوەیەک ملکەچن کە مەسیحییەکان دەبێت ئەو ملکەچییە لەوان فێربن، سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئازادییەکی تەوایان بە پەیڕەوانی دیانەتەکانی تر داوە لە بەرگوزار کردنی مەراسیمە دینییەکانیان و هەرگیز ئازاریان نادەن، مەسیحییەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکان زیاتر لەسەر دەستی هاوئاینەکانیان ئازاریان پێدەگات تا موسڵمانان.(٢٧٥)

---

(٢٧٤) ماڵپەڕی eltwhed. com .

(٢٧٥) اسلام از نظر ولتر، وەرگێڕانی بۆ فارسی جواد حدیدی، تهران، کانون انتشارات جوان، ١٣٥١هـ.ش، لاپەڕە ٢٦ .



## ٢٤- ژوزیف ئەرنیست رینان ١٨٢٣ز- ١٨٩٢ز

نووسەر و مێژوو نووسی فەرەنسی دەڵێت: (ئالبورت)ی گەورە لەهەموو شتێکدا قەرزداری (ابن سينا)یە، هەروەها (سان تۆما الاكوينى) بەهەموو فەلسەفەکەیەوە قەرزداری (ابن روشد)ە. ڕاهیبی ئاینیی ئەوروپی کاردینال (ئەکزیمنیس) هاوبەش بوو لەگەورەترین تاوان لەدژی مەعریفە، چونکە دوای ڕووخانی فیردەوسی ئیسلامی لەوێ، فەرمانی دا بەسووتاندنی کتێبەکانی موسڵمانان لە (غەرناتە)، چونکە ئەو مەرسومەی کە ڕاهیب (ئەکزیمنیس) دەری کرد، بڕیاری سووتاندنی (٨٠) هەزار دەسنووسی عەرەبی لەشوێنە گشتییەکانی غەرناتەی تێدابوو.(٢٧٦)

## ٢٥- رۆمان رۆلان Romain Rolland ١٨٦٦- ١٩٤٤ز

ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی ناوداری فەرەنسی، کە لە ساڵی ١٩١٥ خەڵاتی (نۆبڵ)ی لە وێژەدا وەرگرتووە، هەروەها نووسەری کتێبی (ژان کریستوف)ە کە لە (١٠) بەرگ پێک هاتووە، دەڵێت: زانستی ئیسلامی بەوەوە بێ وێنەیە، کە هیچ کاتێک لەئاین جیا نەبووەتەوە، تەنانەت ئاین پاڵنەر و ئیلهام بەخش و هێزی سەرەکیی بووە، هەر لە ئیسلامدا زانست ئاشکرابوو بۆ بەڵگەهێنانەوە و سەلماندنی خودایەتی خودا.(٢٧٧)

## ٢٦- دکتۆر ریتین

گەورە مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی ئیسپانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (التاريخ الخاص لسورية ولبنان) دەڵێت: ئاینی محەمەد (د. خ) لەیەکەمین ساتە وەختەکانی ئاشکرابوونیداو، هەر لە سەردەمی خاوەن پەیامەکەدا، سەلماندی کە دینێکی گشتگیر و هەمەلایەنەیە، ئەم ئاینە پیرۆزە بۆ هەر ڕەگەز و نەژادێک گونجاوە و لەگەڵ هەموو عەقڵێکدا یەک دەگرێتەوە، عەقڵی مرۆڤ لە هەر پلەوپایەیەکی شارستانیەتدا بێت، لەم ئاینە بێ نیاز نییە.(٢٧٨)

---

(٢٧٦) ماڵپەڕی askqura.ir بە نەقل لە (دائرة المعارف شيعه) حسن الامين، وەرگێڕانی بۆ فارسی کۆمەڵێک وەرگێڕ، بڵاوکراوەی انصاریان لاپەڕە ٧٤٤ .

(٢٧٧) موسوعه مقدمات العلوم والمناهج، أنور الجندى ٨ / ١٧٣

(٢٧٨) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٩٥ .

## ٢٧– رینیە دیکارت René Descartes ١٥٩٧– ١٦٥٠ز

فەیلەسووف و بیرکاری زانی ناسراوی فەرانسەوی و بنیاتنەری فەلسەفەی نوێ، کە فەرەنسییەکان بە باوکی فەلسەفەی نوێی دەزانن، ناوبراو بەیەکێک لەپڕ بەرهەمترین زانای سەدەی نوێ دادەنرێت و، تا بەئەمرۆش زۆر لەهزر و فەلسەفەکانی خۆرئاوایی، بەرهەمی نووسین و لێکۆڵینەوەکانی ئەون، تەنانەت بەکلیلی تێگەیشتنیان لە شۆڕشی زانستی و شارستانیەتی نوێی دەزانن، دەڵێت: (ژوبر)ی فەرانسەوی کە لە زانا هەرە ناودارەکانی ئەوروپایە، لە (ئەندەلوس) لای موسڵمانان فێرە زانست بووە.

هەروەها دەڵێت: ئێمەو موسڵمانان لەژیانداین، بەڵام ئەوان کار بە دوو پەیام دەکەن، پەیامی عیسەوی و پەیامی محەمەدی، کە ئێمە کار بە هی دووەم ناکەین، ئەگەر ئێمە ویژدانمان بەکارهێنابوایە، ئێستا مل بەملی یەکتر دەبووین، چونکە پەیامەکەی ئەوان ئەو زیندوویەتییەی تێدایە کە لەگەڵ هەموو کات و سەردەمێکدا بگونجێت.[٢٧٩]

## ٢٨– خاتوو سیگرید هونک Dr. Sigrid Hunke

زانا و شارەزای ئەڵمانی خاتوو سیگرید هونکە، هاوسەری ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (شولتزا) لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (الله، لیس کذلک) کە لە ساڵی ١٩٦٠ بڵاوی کردووەتەوە و بۆ زیاتر لە (١٧) زمان وەرگێڕدراوە، لەو کتێبەدا باس لەوکاتە دەکات کە لەیەکێک لە کۆنگرە ئیسلامییەکان پرسیاری لێ کراوە، کە چ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ ژنانی عەرەبی؟ ناوبراو لە وەڵامدا دەڵێت: ئەگەر ژنی عەرەبی دەیەوێت بە فرێدانی حیجاب، ڕابردوو بپێچێتەوە، نابێت ژنی ئەوروپی یان ئەمریکی یان ڕووسی بکاتە پێشەنگ، یان بەدوای هزر و بیرێکی تردا بڕوات، جا ئەو هزر و بیرە لەکوێوە هاتبێت گرینگ نییە، چونکە ئەمە ڕێگا خۆشکەرێکی نوێیە بۆ ئەو بیرە نامۆیەی کە وای لێ دەکات، بەها و نرخی کەسایەتی خۆی لەدەست بدات، بەڵکو لەسەریەتی دەست بە ڕێبازی ڕاستەقینەی ئیسلامەوە بگرێت و ڕێگەی ژنە پێشەنگەکانی چاکەکار بگرێتە بەر، ئەو پێشەنگانەی کە لەسەر هەمان سروشت ژیان کە لەسەری دروست کرابوون، لەسەریەتی بەدوای ئەو ڕەوشت و پێوەرانەدا بگەڕێت کە ئەوان لەسەری ژیاون، هەمان ئەو ڕەوشت و پێوەرانە لەگەڵ

(٢٧٩) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٢٢ . بەنەقل لە (مقالة الطريق)ی ڕینیە دیکارت، وەرگێڕانی جميل صليبا .



پێداویستییە زەروورەکانی سەردەم بگونجێنی، ئەو پەیامە هەستیار و ترسناکەش لەبەر چاو بگرێت کە ئەو دایکی نەوەی سبەینێی عەرەبە، کە دەبێت نەوەیەک بێت بەخۆی بنازێ و پشت بەخۆی ببەستێ.[٢٨٠]

## ٢٩– خاتوو ساروجینی نایدو Sarojini Naidu ١٨٧٩– ١٩٤٩ز

شاعیری هیندی کە بە بولبولی هیندی ناودارە لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (مثاليات الإسلام) دەڵێت: ئیسلام یەکەمین ئاینە کە بانگەواز ئەکات و پیادەشی دەکات، کاتێک بانگی نوێژ لە مزگەوتا ئەدرێت و نوێژکەرەکان کۆ دەبنەوە، پێنج جار لەڕۆژێکدا دیموکراتییەت پەیڕەو دەکەن، ئەویش لەو کاتەدا کە جووتیار و پاشا بەگوتنەوەی (الله أكبر) کڕنۆش دەبەن، ئەم یەکڕیزییەی ئیسلام کە گشت مرۆڤایەتی لە فیترەتدا دەکاتە برای یەکتر، بۆچەندین جار سەرسامی کردووم.[٢٨١]

## ٣٠– ستودارد لۆثرۆپ Stoddard Lothrop

مێژوو نووس و ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی ئەمریکی و نووسەری کتێبی (حاضر العالم الاسلامی) دەڵێت: بۆ گەورەیی ئیسلام ئەوەندە بەسە کە سەرەڕای ئەو هەموو ڕێگریانەی کە لەبەردەمیا هەن، کەچی دیسانیش ڕاستی و فەزیلەتی خۆی لەجیهاندا ئاشکرا دەکات، چونکە ئیسلام ئاینێکی سادە و ژیرانەیە.[٢٨٢]

## ٣١– سێر ئەنتۆنی ناتنگ Sir Antony Nating

ڕۆژهەڵاتناس و وەزیری پێشووتری بەریتانیا لە کتێبەکەیدا بەناوی (عەرەب: مێژوو شارستانیەت) سەبارەت بەشارستانیەتی (ئەندەلوس) قسە دەکات و دەڵێت: ژمارەی دانیشتوانی (قورتوبە) زیاتر لە (٨٠٠) هەزار کەس دەبوو، ژمارەی مزگەوتەکانیش (٧٠٠) مزگەوت بوو، لەو شارەدا (٣٠٠) حەمامی گشتی هەبوو، لەو کاتەدا گەلانی ئەوروپی خۆ شوشتنیان بە عادەتێکی (وپنی) دەزانی، شەقامەکانیش بەدرێژایی (١٠) میل ڕووناک و

(٢٨٠) الله، ليس كذالك ، زيگريد هونكە، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی محمد غريب، چاپی دووەم ١٩٩٨، ل٦٢، ٦٣ .

(٢٨١) مثاليات الاسلام ، ساروجينی نايدو لاپەڕە ١٦٩ ساڵی ١٩١٨ .

(٢٨٢) اسلام شناسی غرب، كاظم مدرس لاپەرە ١٠ .

پاک و خاوێن بوون. ئەمەش پێشکەوتنێکە دوای (٧٠٠) ساڵیش هێشتا دانیشتوانی لەندەن و پاریس لەو نیعمەتە بەهرەمەند نەبوون، لەو نێوەدا هاوولاتیان لە شەوی ئەنگوستەچاودا، کە قوڕو لیتاو دەگەیشتە گۆزەنگ، ڕێگایان دەبڕی. لە سەردەمی (حکم کوڕی عبدالرحمن) کە زۆر تامەزرۆی کتێب بوو، ئەم شارە (٧٠) کتێبخانەی گشتیی لەخۆ دەگرت و، زیاتر لە (٤٠٠) هەزار کتێب لەکتێبخانە گشتی و تایبەتییەکانی شارەکانی ئەسکەندەرییەو دیمەشق و بەغدا هەبوون، لە کاتێکدا لە هەموو جیهان (١٠) هەزار کتێب بەزمانی ئینگلیزی نەبینرا. دەسەڵاتدارانی (لیۆن و بەرشەلۆنەو نافاری) ئەگەر پێویستییان بەپزیشک و ئەندازیارێکی ئاوەدانکردنەوە هەبوایە، لە (قورتوبە) دەیانهێنا، نەک لەفەڕەنساو ئەڵمانیا، قوتابیانیش لە ئەوروپاو ئەفریقیاو ئاسیا بۆ خوێندن دەهاتنە (قورتوبە). چونکە خوێندنەوە و نووسین لەنێویاندا شتێکی گشتی بوو، تەنانەت مێژوونووس (راینهارت دوزی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر تاکێک لەو کۆمەڵگایە دەیخوێندەوە و دەینووسی، لە کاتێکدا خوێندنەوە و نووسین لە ئەوروپا تەنیا تایبەت بوو بەپیاوانی ئاینی و هەندێ لە نووسەری شارەزا.(٢٨٣)

## ٣٢- سێر تۆماس ئارنۆڵد Sir Thomas Arnold ١٨٦٤- ١٩٣٠ز

گەورە ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی کە لەزانکۆی (کمبریدج) خوێندوویەتی و چەند ساڵێک وەکو مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی (علیکرە)ی ئیسلامی وانەی گوتوتەوەو، یەکەمین کەسیش بووە لەسەر کورسی مامۆستایەتی لە بەشی دیراساتی عەرەبی لە قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە (لەندەن) دانیشتووە، ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی بەریتانیش (گیث) بەوە وەسفی دەکات کە (زانایەکی گەورەیەو زۆر وردە لە نووسینەکانیدا). ئەم گەورە زانایە لەکتێبەکەیدا بەناوی (بانگەواز بەرەو ئیسلام) دەڵێت: کاتێک لەشکری ئیسلام گەیشتە شێوی ئۆردن و (ئەبو عوبەیدە) لەشاری (فحل) سەربازگەی دامەزراند، مەسیحییەکانی ئەم ناوچانە نامەیەکیان بۆ موسڵمانە جەنگاوەرەکان نووسی، لەو نامەیەدا هاتبوو: ئەی کۆمەڵی موسڵمانان، ئێوە لای ئێمە زۆر خۆشەویستترن لە ڕۆمەکان، هەرچەندە ئەوان لەسەر دینی ئێمەشن، ئێوە بەرامبەر بە ئێمە زۆر بەوەفاتر و بەبەزەیی ترن و، زیاتر لەوان دەستی ستەمکارانمان لەسەر دەگرنەوە و چاکتر سەرپەرشتی ئێمە دەکەن، بەڵام ئەوان بەسەر ئێمەدا زاڵن ... بۆیە هیچمان لەدەست نایەت.

(٢٨٣) ماڵپەڕی : eltwhed.com



پاشان دەڵێت: خەڵکی شاری (حمص) دەرگاکانی شارەکەیان بەڕووی لەشکرێ(هرقل)دا داخست و، بە موسڵمانەکانیان ڕاگەیاند کە: دەسەڵات و دادپەروەری ئێوەمان پێ خۆشترە لە زوڵم و ستەمی ئیغریقی و ڕۆمییەکان..تاوەکو دەڵێت: بەڕاستی موسڵمانان هەر لەسەدەی یەکەمی کۆچییەوە، بە لێبووردەییەکی گەورەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مەسیحییە عەرەبەکاندا کرد، ئەم لێبووردنەش بەردەوام بوو بە درێژایی چەندین سەدەی یەک بەدوای یەکا. بە تەئکیدەوە دەتوانین بڵێین: ئەو مەسیحیانەی کە بڕوایان بە ئیسلام هێنا، بەو پەڕی ئازادی و ویستی خۆیانەوە بووە، باشترین بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئەو مەسیحییانەن کە تا ئێستاش لە نێو موسڵماناندا دەژین و کەسیش زۆری لێ نەکردوون موسڵمان بن.(٢٨٤)

## ٣٣- ئەمیر چارلز Charlos

ئەمیر چارلزی بەریتانی لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٨، لە ساڵی ١٩٩٣ لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (ئیسلام و ڕۆژئاوا) لەناوەندی (ئۆکسفۆرد) بۆ توێژینەوە ئیسلامییەکان گوتی: دەکرێت ئیسلام ڕێگەی لێک تێگەیشتن و پێکەوە ژیانمان فێر بکات لە جیهاندا، ئەمەش دروست ئەو شتەیە کە مەسیحییەت لەدەستی داوە، چونکە ئیسلام جیاوازی نێوان مرۆڤ و سروشت، ئاین و زانست، عەقل و ماددە ڕەت دەکاتەوە.(٢٨٥)

## ٣٤- چمبر chambers

زانا و مێژوونووسی ئینگلیزی دەڵێت: لەڕاستیدا قەڵەم بێ توانایە لە دەربڕینی ئەو چاکەیەی موسڵمانان کە تا چ ڕادەیەک داب و ڕەسمی مرۆڤایەتی و بەختەوەری ژیانیان لەگەڵ خۆ هێنا و خستیانە نێو خاکی ئێمەوە، تا چەند بوونە هۆی پێشکەوتن و پەروەردەکردنی ئەوروپییەکان. ئەگەر موسڵمانان بە سەرکردایەتی (طارق ابن زیاد) لە ساڵی (٧١١)ی زایینیدا بەکەنار کێوی (جبل طارق)دا نەهاتبان و لەوێوە بەرەو سەر زەمینی ئەوروپا بەڕێ نەکەوتبان، دەردەکەوت کە ئێمەی خەڵکی ئەوروپا چ زەرەر و زیانێکمان بەردەکەوت و تا چەند لە پێشڤەچوونەکانی ئێستامان دوور دەکەوتینەوە.(٢٨٦)

(٢٨٤) ماڵپەڕی eltwhed.com
(٢٨٥) ماڵپەڕی eltwhed .com
(٢٨٦) فتوح العرب وكنوز الأدب تاريخ اسپانيا و مراكش، نووسینی چمبر، وەرگێڕانی بۆ فارسی میرزا عبدالرحیم خان بن محمد بن خان شیرازی لاپەڕە ٢٦ .

## ٣٥- گۆستاف دۆگا Gustave Dugat ١٨٢٤- ١٨٩٤ز

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی، کە ماوەیەکی زۆر لە پاریس وانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی گوتووتەوە و، زۆر وتاری لەسەر جوگرافیای وڵاتانی ئیسلامی نووسیوەو، کتێبێکی بەناوی (مێژووی زانایان و فەیلەسووفانی موسڵمان) داناوە، دەڵێت: ئاینی ئیسلام کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر پەروەردەکردن و پاککردنەوەی هەست و سۆزو ویژدانی میللەتان، تۆ ئەگەر مێژووی عەرەب پێش ناردنی پێغەمبەر بخوێنییەوە و بزانی لەچ حاڵێکدا بوون، دەگەیە ئەو بڕوایەی کە شەریعەتی ئیسلام گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر پاککردنەوەی ڕەوشت، چونکە کاتێک بە ئەستەم ئەم چاکسازییە روحی و شارستانییە گەیشتە نەتەوەی عەرەب، یەکسەر دادپەروەری لەنێویاندا بڵاوەی کردو دوژمنایەتی و دووڕوویی و ڕیابازی لەنێویاندا نەما...(٢٨٧)

## ٣٦- گۆستاڤی سێیەم Gostave ١٧٤٦- ١٧٩٢ز

زانای ناسراوی ئاسوجی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الإسلام في الحجاز) دەڵێت: بناغەی ئاینی ئیسلام زۆر ئاسان و ساکارە، کە بریتییە لە (لآ إِلهَ إِلاَّ اللّهُ) و محەمەد (د. خ)یش ئەو کەسەیە کە ئەو ڕاستییەی هێناوە، لەم ڕاستییەشدا هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە پێچەوانەی زانستەکانی سەردەمی ئێستامان بێت، بۆیەش شایانی ئەوەیە پەیڕەوی لێ بکرێت.(٢٨٨)

## ٣٧- پرۆفیسۆر گریسیب Griseeb

بەڕێوەبەری زانکۆی (بەرلین) و سەرۆکی بەشی پزیشکی لەو زانکۆیە دەڵێت: ئەی موسڵمانان، مادام کتێبە پیرۆزەکەی ئێوە کە ناوونیشانی ڕاپەڕینەکەی ئێوەیە، لەنێو ئێوە دابێت و، ڕێنماییەکانی پێغەمبەرەکەتان لەلای ئێوە پارێزراوە، بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو تا دواڕۆژ دامەزرێنن.(٢٨٩)

(٢٨٧) ماڵپەڕی eltwhed.com

(٢٨٨) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ١٨٤ بەنەقل لە کتێبی (الاسلام في الحجاز) نووسینی غوستاف الثالث.

(٢٨٩) ربحت محمدا ولم أخسر المسيح ، د. عبدالمعطى الدالاتى لاپەڕە ١٣٠ .



## ٣٨- گولد زیهەر Gold Zeher ١٨٥٠- ١٩٠٣ز

ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەری مەجەری دەڵێت: ئیسلام بەو ڕێگایەدا ڕۆیشت کە بەهۆی سیاسەتە حەکیمانەکەیەوە بووە هێزێکی جیهانی، چونکە لە سەدەکانی سەرەتاییدا- ئێستاشی لەگەڵدا بێت - سەپاندنی بڕواو قەبووڵکردنی بەزۆردارەکی نەبوو، بۆیەش بڕوادارانی یەکتاپەرست یان ئەوانەی کە خاوەنی کتێبی ئاسمانین، وەکو یەهودی و مەسیحی و زەردەشتی، دەیانتوانی باجی سەری خۆیان بدەن و بەو پەڕی ئازادی لەژێر حیمایەی دەوڵەتی ئیسلامی دروشمە ئاینییەکانیان هەڵبدەن، ئەرکی ئیسلام ئەوە نەبوو ڕووبچێتە ناخی ئەوانە، بەڵکو مەبەستی ئیسلام سیادەی زاهیری بوو، لەم سیاسەتەشدا ئیسلام تا سنوورێکی دوور ڕۆیشتووە، چونکە لە هیندستان وەکو نموونە، دروشمە کۆنەکان لە پەرستگاکاندا لەژێر سایەی حوکمی ئیسلام بەرگوزار دەکران.(٢٩٠)

## ٣٩- ڤیکتۆر رابنسن Victor Rabenson

مێژوونووسی ئەمریکی، خاوەنی کتێبی (قصة الطب) دەڵێت: کاتێک خۆرئاوا دەبوو، تاریکایی سەراپای ئەوروپای دادەپۆشی، لە کاتێکدا (قورتوبە) بەچرا گشتییەکان ڕووناک دەبووەوە، جانەوەران ئەوروپایان داپۆشیبوو، لە کاتێکدا خەڵکی (قورتوبە) نموونەی پاک و خاوێنی بوون، ئەوروپا لە قوڕو لیتاودا ڕووچووبوو، لە کاتێکدا شەقامەکانی (قورتوبە) گشتی سەنگڕێژ کرابوون، بەهۆی بۆڕییەکانی دووکەڵی سۆپا بانەکانی ئەوروپا هەمووی کون کون ببوو، کەچی تەلارەکانی (قورتوبە) بەنەخشە سەرسوڕهێنەرەکانی عەرەبی ڕازێندرابوونەوە، پیاوە ناودار و پایەدارەکانی ئەوروپا نەیاندەتوانی واژووی ناوەکانیان بکەن، کەچی منداڵانی (قورتوبە)ی ئیسلامی دەچوونە قوتابخانە، ڕەبەنەکانی ئەوروپا پەنایان دەبردە بەر خوێندنەوەی کتێبی کەنیسە، کەچی فێرکارانی (قورتوبە) پەرتووکخانەیەکیان دامەزراندبوو کە شان لە شانی پەرتووکخانەی ئیسکەندەرییە بدات.(٢٩١)

(٢٩٠) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، لاپەڕە ٣٩ بەنەقل لە (العقيدة والشريعة في الإسلام) نووسینی: گولد زیهەر وەرگێرانی بۆ عەرەبی کۆمەڵێک لە زانایانی ئەزهەر، لاپەڕە ٥-٦ .

(٢٩١) ماڵپەڕی .eltwhed. com

٤٠- فرانز ئەنتون مسمر Franz Anton Mesmer ١٧٣٤ – ١٨١٥ز

زانای ناسراوی نەمساوی و شارەزا لە زانستی فیزیا لە کتێبەکەیدا بەناوی (دين الاسلام والعلم) دەڵێت: ڕاگەیاندنی تاک و تەنیای خودا لەلایەن ئیسلامەوە، لەو کاتەدا کە میللەتان لە ناسینی خودادا، بەهۆی خورافاتەوە دەستیان لە بینەقاقا گیر بووبوو، یەکێکە لە ئیمتیازەکانی ئەم دینە، بەشێوەیەک کە کاتێ پێغەمبەری خودا یەکتاپەرستی ڕاگەیاند، تەواوی بتخانەکان لەبەریەک هەڵوەشانەوە و سێیەکی جیهانی بەتیشکی خۆی ڕۆشن کردەوە.

٤١- فریدریک دیتریچی Dieterici ١٨٢١ – ١٩٠٣ز

ئیسلام ناس و ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دەڵێت: هەمان زانست و زانیاری موسڵمانان بوو لە سەدەی دەیەمی زایینیدا ئەوروپای بەرەو پێش برد، ئەو زانستەی کە سەرچاوەکەی لەقورئانی پیرۆزەوەیە، لەم ڕووەوە ئەوروپا قەرزداری ئیسلامە.(٢٩٢)

٤٢- قەشەیەک

یەکێک لە قەشەکانی خوارووی ئەفریقا لەکاتی قسەکردنی بۆ گۆڤاری نوێنەری گۆڤاری (الإعتصام) کە بۆ ناوەندی ئیسلامی ئەفریقا نێردرابوو، دەڵێت: من قەشەیەکم لەپیاوانی ئاینی مەسیحی و هەڵگری ناوێکی مەسیحیشم، ناوی منیش بۆ ئێوە گرینگ نییە، بەڵام ئەوە دەڵێم کە هەرچەندە من لەسەر مەسیحیەت ڕاهاتووم و لەچەندین زانکۆی بەریتانیا لەبارەی مەسیحییەتەوە خوێندوومە، خۆم ئامادە کردبوو ببم بەئالا هەڵگری مەسیحییەت و خەڵکی بۆ بانگهێشت بکەم، بەڵام هەستم بەوە کرد کە مەسیحیەت ناتوانی وەڵامی هەموو پرسیارەکانم بداتەوە، بۆیە بیرم لەوە کردەوە خۆم لەو مەسیحییەتە ڕەشە ڕزگار بکەم کە هیچ کاتێک دان بە مرۆڤبوونی ئێمەدا نانێت، ئەوەی کە ئینجیل بۆ ئێمەی هێناوە لە دەستێکدایەو کۆیلایەتیش لەدەستێکی تردا، ئەوانەشی کە بانگەشەی مەسحییەت دەکەن، بەدەستێکیان ئینجیلیان بۆ هێناوین و بەدەستەکەی تریش جامی عەرەق... پاشان دەڵێت: من ئێوەم بینیوە چۆن نوێژ دەکەن، سپی پێست بە تەنیشت ڕەش پێستەوە دانیشتووە،

(٢٩٢) اسلام از نظرگاه دانشمندان غرب، ترجمه و حواشي علي اصغر حكمت، تهران، امير كبير، ١٣٥٧هـ.ش، لاپەرە ٤ .



دەوڵەمەند بەتەنیشت هەژارەوە، خوێندەوار بەتەنیشت نەخوێندەوارەوە، بۆیە دەڵێم ئەفریقا پێویستی بە مەسیحییەت نییە، بەڵکو پێویستی بەو ئاینە گەورەی ئێوە هەیە. دوای ئەوەی چاوی لە فرمێسک پڕ بوون گوتی: بۆچی ڕێگای ئەم دینەتان لێ گرتووین، ڕێگامان بۆ ڕووناک بکەنەوە، چونکە پرەنسیپەکانی ئەم دینە دەتوانن جیهان لەو فەوزاو کاوڵکارییە ڕزگار بکەن کە ئێستا ڕوو بەڕووی بووەتەوە.(٢٩٣)

٤٣- دکتور کۆرباف Dr. Coor Paph

دکتور کۆرباف دەڵێت: یاساکانی جەزائی لەگەڵ ئەو زەرق و بەرقەی کە هەیەتی، نەیتوانیوە ڕێگا لە تاوان بگرێت، لە کاتێکدا یاساکانی ئیسلام لەگەڵ ئەو ساکارییەی کە هەیەتی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە ڕێگەگرتنی تاوان.(٢٩٤)

٤٤- کرۆبەر Krober

کرۆبەری مێژوونووس لە کتێبەکەیدا بەناوی (طبيعة الثقافة) دەڵێت: ئیسلام بەماوەیەکی کەم لەجیهاندا بڵاو بووەوە، هەروەکو چۆن تیشکی خۆر بەچەند ساتێک بڵاو دەبێتەوە. ئەم شێوە بڵاوبوونەوەیەش، بەڵگەیە لەسەر گەورەیی باوەڕو یاساو ئامانجەکانی، کە بەردەوام هیدایەت و مەعریفە بەسەر خەڵکدا بڵاو دەکاتەوە.(٢٩٥)

٤٥- کریستۆفەر کۆڵۆمبس Christopher Columbus ١٤٥١ – ١٥٠٦ز

(کریستۆفەر کۆڵۆمبس) دەریاوانی بەڕەگەز ئیتاڵی و دۆزەرەوەی دوورگەی ئەمریکا دەڵێت: من شوێن مەبەستی گەورەی خۆم کە دۆزینەوەی ڕێگای هیندستان بوو، لەکتێبی زانای ئیسلامی (ابن رشدی ئەندەلوسی) بەدەست هێنا، لە ئەنجامدا لەو ڕێگایەوە توانیم سەرکەوتن بەدەست بێنم لەدۆزینەوەی جەزیرەی ئەمریکادا.(٢٩٦)

(٢٩٣) (مجله الإعتصام) ژمارە(٨) ساڵی (٤١) ڕەجەبی ساڵی ١٣٩٨ک .

(٢٩٤) پلی کپي علوم تطبيقي دكتور افشار / ارتباط عقل و مذهب لاپەڕە ٦٢ .

(٢٩٥) طبيعة الثقافة، مێژوو نووس کروبر، لاپەڕە ٣٨٨ .

(٢٩٦) ایدئولوژی و فرهنگ اسلام از دیدگاه ژۆل لابۆم. م. ر. دریایی، لاپەڕە ٣٦١، نشر حیان، تهران، نشر حیان، ١٣٥٦هـ.ش

## ٤٦- کوفهی لال جابا K. Lal Gaba

سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسی هیندی دەڵێت: هیچ ئاینێک بێجگە لە ئیسلام ئەو ئیمکانیاتەی لا نییە کە چارەسەری کێشەو گیروگرفتەکانی خەڵک لەجیهانی نوێدا بکات، ئەمەش تەنیا ئیمتیازی ئیسلامە و بەس.[٢٩٧]

## ٤٧- کونت ئیدوارد گیوجا Giunt Edward gioga

زانای نێوداری ئیتالی دەڵێت: سەبارەت بە ئاینە کۆن و نوێکان من لێکۆڵینەوەیەکی فراوانم ئەنجام داوە و بەوردیم خوێندوونەتەوە، لەکۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشتم کە تاکە ئاینی ئاسمانی و ڕاستەقینە ئیسلامەو، کتێبی ئاسمانی ئەو دینەش، واتە قورئان، زامنی تەواوی پێداویستییەکانی ماددی و مەعنەوی مرۆڤەو تا دوا پلەی ئەخلاقی و ڕوحی پاڵی دەدات و ڕێبەرایەتی دەکات.[٢٩٨]

## ٤٨- خاتوو لویجی رینالدی Luis Renaldee

نووسەری نێودار دەڵێت: کاتێک هەستمان کرد کە پێویستیمان بە فڕێدانی جەهل و نەزانی هەیە، کە قورسایی بەسەر عەقڵی ئێمەدا هێنابوو، چووینە لای عەرەبەکان (موسڵمانان) و دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ کردن، چونکە ئەوان تەنیا مامۆستا بوون لە سەرانسەری جیهاندا .[٢٩٩]

## ٤٩- لویس ماسینیون Louis Masinon ١٨٨٣- ١٩٦٢ز

(ماسینیون) بەیەکێک لەگەورەترین و ناودارترین ڕۆژهەڵاتناسانی فەرەنسا دەژمێردرێت و، چەندین پلەی گرینگی وەرگرتووە، وەکو ڕاوێژکاری وەزیری (مستعمرات)ی فەرەنسی بۆ کاروباری باکوری ئەفریقیا، سەرپەرشتیاری ڕوحی کۆمەڵەکانی تەبشیری فەرەنسی لەمیسر، هەروەها زمانەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی بەباشی زانیوە. (تصوف)ی ئیسلامی وای لێ کردووە لەسەر (حەلاج) لێکۆڵینەوە بکات و، دیوانە

(٢٩٧) ماڵپەڕی islamunveiled.org.

(٢٩٨) نظریه دانشمندان جهان دربارة قرآن و محمد، حسین وجداني عطائي ـ تهران، ١٣٦٢ هـ.ش لاپەڕە١٩.

(٢٩٩) موسوعة مقدمات العلوم والمناهج، أنور الجندي، بەرگی ٧ لاپەڕە ١٤١ .



شیعیریەکەی بەتەرجومەی فەرەنسی بڵاوبکاتەوە، هەروەها کتێبەکانی (مصطلحات الصوفیة) و (اخبار الحلاج) و (طواسین)ی داناوە، دەربارەی (سەلمانی فارسی) و (ابن سبعین)ی سۆفی ئەندەلوسی زۆر شتی نووسیوە، تا ساڵی ١٩٥٤سەرپەرشتیاری گۆڤاری (الدراسات الاسلامیة) و(حولیات العالم الاسلامي)بووە و، لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی ماوەی پێنج ساڵ خزمەتی سەربازی کردووە. نێوبراو دەڵێت: ئیمتیازی ئیسلام لەوەدایە کە نموونەی گەشەکردنی هزری یەکسانی ڕاست و دروستی بەدەستەوەیە.. ئیسلام ڕابردوویەکی بێ هاوتای هەیە لە هاوکاری و لێک تێگەیشتنی میللەتانی جۆراوجۆر و هەماهەنگ کردنیان لەسەر بنەمای یەکێتی و یەکسانی لە مافدا، ئەوەی ئیسلام بۆ مسۆگەرکردنی ئەم ئامانجە هێناویەتی هیچ کۆمەڵگایەکی تر نییەتی.. تاوەکو دەڵێت: ئیسلام ئەو شایستەییەی هەیە کە زۆر سەختگیر بێت لە چەسپاندنی بیرۆکەی یەکسانی، ئەمەش بەهۆی فەرزکردنی زەکات، کە هەر تاکێکی موسڵمان لەسەریەتی بیداتە (بیت المال)، ئیسلام قەرزە ریبەوییەکان و ئەو باجانەی کە لەسەر پێداویستییە سەرەتاییەکان دادەنرێن ڕەت دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا داکۆکی لەمافی باوک و مێرد دەکاتەوە و هانی مولکیەتی تاکە کەسی و سەرمایەداری بازرگانی دەدات، بەمەش جارێکی تر ئیسلام شوێنی ناوەندی دەگرێتەوە لەنێوان بیرو بۆچوونەکانی سەرمایەداری بورجوازی و بیر و بۆچوونەکانی بەلشەفیەی شیوعی.[٣٠٠]

## ٥٠- لیۆناردۆ Leonardo ١٤٥٢- ١٥١٩ز

هونەرمەندو زانای ناوداری ئیتالی دەڵێت: ئەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئەوروپای مەسیحی هەرچی لەتوانایدا بوو لە سەدەکانی ڕابردوودا خەرجی کرد، تا چاکەی ئیسلام لەسەرەخۆی بشارێتەوە، بەڵام لەم هەوڵەیدا نە سەرکەوتوو بووە و نەسەرکەوتووش دەبێت.[٣٠١]

## ٥١- خاتوو ماری ئۆلیڤەر Mery Oliver

لێکۆڵەر و شاعیری ئەمریکی مەسیحی کە لە ساڵی ١٩٣٥ لە دەوروبەری شاری (کلیفلاند) لە ویلایەتی (ئۆهایو) لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٤خەلاتی (بولیتزر)ی لەدیوانە

(٣٠٠) ماڵپەڕی eltwhed.com

(٣٠١) الإسلام الدين الفطري الأبدي، طرازی، لاپەڕە ٢٢٩.

شیعریەکەی وەرگرتووە و لەژێر ناوی (الأثر البدائي الأميركي) بۆ عەرەبی تەرجومە کراوە، دەڵێت: دوای ئەوەی دیراسەی هەموو ئاینە جیاوازەکانی جیهانیم کرد، گەیشتمە ئەو ئەنجامە کە ئاینی ئیسلام تەنیا ئاینە بەبێ جیاوازی کاریگەری لە سەر مرۆڤەکان دادەنێ، چ ئەوانەی بڕوایان پێ هەیەو چ ئەوانەش کە بڕوایان پێ نییە. گەورەترین فەزیلەی ئیسلام ئەوەیە کە لەخۆیەوە دڵی مرۆڤەکان ئەسیری خۆی دەکات، هەر بۆیەشە لە ئیسلامدا سیحراویەکی سەیر و ڕاکێشانێکی گەورە هەست پێ دەکەین کە خاوەنی عەقڵە کراوەکان لە غەیرە موسڵمانان بۆلای خۆی ڕادەکێشێ.(٣٠٢)

## ٥٢- مافیز جولی Mafiz juli

نووسەری ناسراوی ئینگلیزی دەڵێت: بینیم ئیسلام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێغەمبەران ئەو پیاوانەن کە خۆیان بە تاوان و گوناه گلاو نەکردووە، (وەحی)ش شتێکی نوێ نییەو پێشتر بۆ سەر پێغەمبەرانی یەهود دابەزیوە و عیساش دواهەمینیانە. بەڵام ئەو لوغزەی کە هەمیشە مێشک و هزری منی بەخۆیەوە خەریک دەکرد ئەوەبوو، کە بۆچی لەسەدەی بیستەمدا وەحی بۆ سەر هیچ پێغەمبەرێک دانابەزێت؟ وەڵامەکەی ئەوە بوو کە بەهێواشی بیر لەو ڕاستییە بکەمەوە کە قورئان جەختی لەسەر کردووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە محەمەد (د. خ) کۆتایی هەموو پێغەمبەرانە، ئەمەش وەڵامێکی دەمکوتکەر بوو، چۆن دەبێت پێغەمبەران بێن؟ ئەویش دوای محەمەد (د. خ) و قورئان ؟! ئەو قورئانەی کە تەنیا کتێبی گشتگیرەو، ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە، تا هەتایەش بەبێ نەسخ و بەبێ شێواندن دەمێنێتەوە، هەروەکو قورئان جەختی لەسەر کردووەتەوە و واقیعیش ئەمەی سەلماندووە (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ٩) ، بێگومان دوای ئەمە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ناردنی پێغەمبەران و پەیامە ئاسمانییەکان.(٣٠٣)

## ٥٣- خاتوو مایکاڵ ئەنگلو Michael Angelo

زانای ناسراوی ئیتاڵی دەڵێت: لەسەرەتادا بەناچاری ئەو کتێبانەم خوێندنەوە کە خەڵکی بێگانە سەبارەت بە ئیسلام و قورئان نووسیبوویان، هەرچەندە نووسینەکانیان پڕە لەکینەو بەدگۆیی سەبارەت بە ئیسلام، بەڵام لەهەمان کاتدا لەولاو لەملای قسەکانیان دەتوانی

(٣٠٢) ماڵپەڕی islamunveiled.org.

(٣٠٣) ماڵپەڕی eltwhed.com



حەقیقەتی ڕوون و ئاشکرای ئیسلام بدۆزییەوە و سنووری کاریگەری و بێ خەوشی و پوختی بابەتەکانی قورئان دەستنیشان بکەی، ئاشنایەتی من لەگەڵ ڕێنماییە ژیان بەخشەکەی ئیسلام و قورئان، هزرێکی قووڵ و نوێی لەناخی مندا دروست کردو، شێوازی بیرکردنەوەی منی سەبارەت بەئافەریدەی جیهان و فەلسەفەی(وجود) بەتەواوی گۆڕی و، هەستم کرد کە ئیسلام بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی مەسیحییەت مرۆڤ بەبوونەوەرێکی شەریف و خاوەن کەسایەتی دەناسێت، نەک بوونەوەرێکی پیس و لەخۆوە گلاو، بەحوکمی کتێبی ئاسمانی کە قورئانە، موسڵمانان پێغەمبەری پایەبەرزیان بەمرۆڤێکی ئاسایی وەکو هەر مرۆڤێکی تر دەزانن، کە خودای گەورە ئەوی بۆ گەیاندن و ڕێنماییکردنی مرۆڤەکان هەڵبژاردووە، لەم کتێبەدا دەستووری ژیان و شێوازی سوود وەرگرتن لە خۆشییەکانی ئەم دونیایەو چۆنیەتی گوزەراندنی ژیان تێیدا، بە شێوازێکی جوان و ژیرانە ڕوون دەکاتەوە.(٣٠٤)

## ٥٤- میخال ئاماری M. Amari ١٨٠٦- ١٨٩٩ز

نووسەر و وەزیری پەروەردەی پێشووتری ئیتاڵی، کە لەپاریس فێرە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بووە و پسپۆر بووە لە زمان و وێژەو مێژووی عەرەبی و کتێبی (تاريخ المسلمين في صقلية) و کتێبی (مذكرات جديدة لمعرفة تاريخ جنوفا)ی نووسیوە لە کتێبەکەیدا (مێژووی موسڵمانان) دەڵێت: بەڕاستی محەمەدی پێغەمبەری موسڵمانان ئاینێکی بۆ دوورگەی عەرەبی هێنا، کە بۆ هەموو نەتەوەکان دەست بدات، چونکە ئاینی کەماڵ و پێشکەوتنە، ئاینی خۆشگوزەرانی و ڕۆشنبیرییە، ئاینی بایەخ پێدانە، ئێمە ناتوانین لەکەداری بکەین، بەسە بۆ پەسنی محەمەد (د. خ) کە بۆ تەنیا چرکە ساتێکیش ئامادە نەبوو سەودا لەسەر پەیامەکەی بکات، سەرەڕای دەردەسەری زۆر و چەندین شێوازی سەوداگەری، هەر محەمەدە کە دەڵێت: (ئەگەر ڕۆژم بۆ لەدەستی ڕاست دابنێن و مانگیش لەدەستی چەپ، بەرامبەر بەوەی کە واز لەم پەیامە بێنم، وازی لێ ناهێنم)، بیروباوەڕێکی چەسپاو، خۆڕاگرییەکی بێ وێنە، هیممەتێکی وا کە نەتەوەی عەرەبی کردە قەرزداری محەمەد (د. خ)، چونکە تەنیا ئەو بوو، وای لە عەرەبەکان کرد ببنە خاوەن پلەیەکی وا لەسەر زەوی، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخوێندرێنەوە.(٣٠٥)

(٣٠٤) نظريه دانشمندان جهان دربارة قرآن و محمد، حسين وجداني عطائي ـ تهران، ١٣٦٢ هـ.ش ل ٣٤ .

(٣٠٥) ماڵپەڕی eltwhed.com

## ٥٥- میشۆن Mishoon

قەشەو ڕۆژهەڵاتناس و مێژوو نووسی ناسراوی ئەڵمانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی جەنگەکانی خاچ پەرستان) دەڵێت: هەرچەندە ئیسلام فەرمانی بەجیهاد کردووە، بەڵام بەرامبەر بە پەیڕەوانی دیانەتەکانی تر زۆر لێبووردەیە، ئیسلام ئەوەیە کە قەشەو ڕەبەن و خزمەتکارەکانیانی لە زەریبەدان ئازاد کردووە و کوشتنی ڕەبەنەکانی حەرام کردووە، بەو هۆیەی کە ئەوان خەریکی خواپەرستی خۆیانن. عومەری کوڕی خەتتاب لەوکاتەی کە قودسی ڕزگار کرد بەخراپە دەستی بۆ هیچ مەسیحییەک درێژ نەکرد، بەڵام کە خاچ پەرستان هاتنە نێو قودس، موسڵمان و یەهودییەکانیان سەربڕین.[٣٠٦]

هەروەها لە کتێبەکەیدا بەناوی (سياحة دينية في الشرق) باس لە پەیوەندییەکانی ئیسلامی و مەسیحی دەکات و دەڵێت: بەڕاستی جێگەی داخە مەسیحییەکان لە موسڵمانانەوە گیانی لێبووردەیی و ڕەفتاری چاکە فێر ببن، کە ئەم دوو بنەمایە لەلای گەلان و نەتەوەکان پیرۆزترین بنەمای بەزەیی و چاکە دەژمێردرێن، هەمووی ئەوەش لەسایەی ڕێنمایی پێغەمبەرەکەیان.[٣٠٧]

## ٥٦- نیچە ١٨٤٤ز- ١٩٠٠ز

(فریدریک فیل هیلم) فەیلەسووف و شاعیر و زانای دەروونناسی ئەڵمانی ناسراو بە (نیچە) دەڵێت: ئەو شارستانیەتە گەورەیە لە ئەندەلوس ژێر پێ نرا! بۆچی؟ هەر لەبەر ئەوەی لە بناوانێکی بەرزو سروشتێکی پاکەوە سەرچاوەی گرتبوو؟ بەڵێ لەبەر ئەوەی لەلایەن پیاوانی ئیسلامەوە داڕێژرابوو، ئەو شارستانیەتە ئیسلامییەی کە تەنیا ڕۆژێکیش خۆی لە ژیان نەدزیوەتەوە.[٣٠٨]

(٣٠٦) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني، ٩٣ بەنەقل لە (روح الدين الإسلامي) عفيف عبدالفتاح طبارە لاپەڕە ٣٨٣، بە نەقل لە ( تاريخ الحروب الصليبيه) نووسینی (میشون).

(٣٠٧) الرسول في الدراسات الاستشراقية المنصفة، محمد شريف الشيباني لاپەڕە ٩٣ بە نەقل لە (سياحة دينية في الشرق) نووسینی (میشون) لاپەڕە ٣١ .

(٣٠٨) ظلام من الغرب، شيخ محمد الغزلي، لاپەڕە ١٤٠ .



## ٥٧- پرۆفیسۆر هاکنگ p. hoching

زانای ناسراوی ئەمریکی و مامۆستای زانکۆی (هاروارد) دەڵێت: لەیاسای ئیسلامیدا نەک تەنیا هەموو جۆرە ئامادەگییەک هەیە بۆ پێشکەوتن، بەڵکو شایستەیی سیستەمی ئیسلامی لەزۆر لە سیستەمەکانی تر زیاترە بۆ پێشکەوتن، کێشەی وڵاتە ئیسلامییەکان لەوەدا نییە کە کەرەستەی پێشکەوتن لەئاینی ئیسلامدا نییە، بەڵکو کێشەی ئەوان لەوەدایە کە لەو وڵاتانەدا ئیرادەی پێویست نییە بۆ سوود وەرگرتن لەو کەرەستەیە، من بەو پەڕی واقیع بینییەوە تێگەیشتووم، کە شەریعەتی ئیسلامی هەموو ئەو بنەمایانەی تێدایە کە بۆ پێشکەوتن پێویستن.[٣٠٩]

## ٥٨- هاملتون گیب Hamilton Gibb ١٨٩٥- ١٩٧١ز

ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری بەریتانی دەڵێت: ترسناکترین شت لەم دینەدا ئەوەیە کە لەناکاو ئەگەشێتەوە، بێ ئەوەی هۆیەکەی دیاربێت و بتوانی ئەو شوێنە پێشبینی بکەی کە لێیەوە سەرهەڵدەدات.[٣١٠]

## ٥٩- هانۆتۆ گابریێل Hanootoo Gabrel ١٨٥٣- ١٩٤٤ز

وەزیری دەرەوەی پێشووتری فەرەنسا لەساڵەکانی ١٨٩٨ - ١٨٩٤ و نووسەری کتێبی (مێژووی هاوچەرخی فەرەنسا) کە لە چوار بەرگ پێکهاتووە، دەڵێت: هیچ شوێنێک لەسەر ڕووی زەوی نادۆزییەوە کە ئیسلام سنوورەکەی نەبەزاندبی و تێیدا بڵاو نەبووبێتەوە، ئەوەش تەنیا ئاینە کە زیاتر لەهەموو ئاینێک خەڵک بەو گەرمییە ڕووی تێدەکەن و بە ئارەزووەوە باوەشی بۆ دەکەنەوە.[٣١١]

## ٦٠- هایل Hail

ڕۆژهەڵاتناسی مەسیحی دەڵێت: نەمان زانیوە لەمێژوودا هیچ ئاینێک وەکو ئیسلام بەخێرایی بڵاو بووبێتەوە.[٣١٢]

(٣٠٩) اسلام و سیمای تمدن غرب، سيد مجتبي موسوي لاري، مرکز نشر معارف اسلامي در جهان، ل١٤٨.

(٣١٠) التبشير والإستعمار، دکتور عمر فروخ ومصطفى الخالدى. لاپەڕە ١٤٨ .

(٣١١) ماڵپەڕی: islamunveiled.org

(٣١٢) لە کتێبی (ربحت محمدا ولم أخسر المسيح) د. عبدالمعطي الدالاتي.

## ٦١- هیربیرت جۆرج وێلز H. G. Wells ١٨٦٦- ١٩٤٦ز

زانا و مێژوونووس و چیرۆک نووس و لێکۆڵەری ناوداری ئینگلیزی دەڵێت: هەر ئاینێک لەگشت قۆناغەکانی ژیاندا لەگەڵ شارستانیەت هەڵنەکات، دە دیواری وەرێنەو هیچ گرینگی پێ مەدە، چونکە هەر ئاینێک لەگەڵ شارستانیەت نەڕوات، پەیڕەوانی خۆی بەرەو نەمان ڕادەکێشێت، ئەو دیانەتە ڕاستەش کە بینیم لەگەڵ گشت قۆناغەکانی شارستانیەتدا دەڕوات ئیسلامە، جا ئەگەر مرۆڤ ویستی شتێک لەو ئاینە بزانێت، با قورئان بخوێنێتەوە، کە ئێستا زۆرێک لە ڕێنماییەکانی کاریان پێ دەکرێت و تا ڕۆژی قیامەتیش هەر کاریان پێ دەکرێت، جا ئەگەر خوێنەر داوام لێ بکات ئیسلامی بۆ پێناسە بکەم، من بەو ڕستەیە پێناسەی دەکەم و دەڵێم: (ئیسلام شارستانیەتە)، ئایا مرۆڤێک دەتوانی بەدرێژایی مێژووی ئیسلام شتێکی تێدا بدۆزێتەوە کە پێچەوانەی شارستانیەت و پێشکەوتن بێت؟[٣١٣]

هەروەها لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (معالم تاریخ الانسانیة) سەبارەت بە موسڵمانان دەڵێت: لەبارەی زانستی پزیشکی پێنگاوی زۆر زیاتر لە (ئیغریق)ییەکانیان هاوێشت، زانستی (ئەرکەکانی ئەندامانی جەستە)یان بەدەرس دەگوتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرد، زۆر لەو چارەسەریانەی کە ئەوکات بەکاریان دەهێنا، ئێستاش لەنێو ئێمەدا کاریان پێدەکرێت، نەشتەرگەرەکانیان شارەزاییەکی یەکجار زۆریان هەبوو لە بەکارهێنانی بەنج و سڕکردنی نەخۆش، تەنانەت هەندێ نەشتەرگەرییان ئەنجام دەدا، کە ئێستاش بە سەختترین نەشتەرگەری دەژمێردرێن، لە کاتێکدا کەنیسە مومارەسەکردنی پزیشکیی بەحەرام دەزانی، بەڵکو بەپێی هەندێ ڕێوڕەسمی ئاینی کە قەشەکان دەیانگێڕا، لە چاوەڕوانی شیفای تەواودا بوون، کەچی عەرەبەکان زانستی پزیشکی تەواویان لەلابوو.[٣١٤]

## ٦٢- هیرتویگ هیرچفلد Hertwick Hirchfeld

زانای ناسراوی ئەوروپی دەڵێت: ئێمە کە قورئان بەسەرچاوەی زانستەکان دەزانین، نابێت سەرمان لەوە سوڕ بمێنی، چونکە تەواوی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ئاسمان و زەوی و ژیانی مرۆڤ و جۆرەها بازرگانییەوە هەیە، لەئاستێکی زۆر بەرزدا جێگەیان

(٣١٣) گۆڤاری (المجتمع) ژمارە ( ٢٤٩٥) ساڵی حەوتەم ١٣ی ربیع الآخر، ١٣٩٦ ک.

(٣١٤) ماڵپەڕی .eltwhed.com



گرتووە و زۆر لێزانانە لەو قورئانەدا باسیان لێوە کراوە، بەم شێوەیە قورئان خاوەنی جۆرەها باس و لێکۆڵینەوەی گەورەیە، کە پەرەسەندنە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی ئیسلامی بەهەموو زانستە جۆراوجۆرەکانییەوە ناڕاستەوخۆ قەرزداری ئیسلامە، چونکە ئیسلام نەک نەتیا عەرەبەکانی بۆ زانست هان دا، بەڵکو فەلسەفەکانی یەهودیەتیشی ناچارکرد بەشێوازی عەرەبەکان بەدواداچوون بۆ مەسەلە ئاینییەکان و مەسەلەی (وراء الطبیعة / ئەودیوی سروشت) بکەن، لەکۆتاییدا زانستی کەلامی مەسیحییەت (ئیسکولاستیک) بەشێوەیەک پەروەردەی عیرفانی ئیسلامی وەرگرت و تێیدا پێشکەوت کە پێویستی بەتوێژینەوەی زیاتر نەمێنی . بزووتنەوەی زانستی و عەقڵانی کە لەنێو دەستەو کۆمەڵانی موسڵمانانداسەری هەڵدا، تەنیا بەبیرو هزری پەیوەست بەئیلاهیاتەوە نەوەستا، بەڵکو بەجۆرێک گرینگییان بەنووسینەوەی فەلسەفەو وەرزش و ئەستێرەناسی و پزیشکی یونانی دا، کە لەئەنجامدا ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەی لێ کەوتەوە. لە ئیلهامە قورئانییەکاندا کە بۆ خەڵک ڕوون کراونەتەوە، چەندین جار محەمەد (د. خ) سەرنجی خەڵکی بۆ جووڵانی ئاسمان و (توجە)ی مەعنەوی ڕاکێشاوە، بەشێکی تر لە ئایەتەکانی خودایی، موسڵمانان ناچار بە کۆمەککردنی خەڵک دەکات. خەڵکی موسڵمان لەهەر نەژادێک بووبن بەسەرکەوتوویی خەریکی توێژینەوەکانی زانستی بوون، لێکۆڵینەوەکانی زانستی ئەستێرەناسی ئەوە دەردەخەن کە موسڵمانان بۆ چەندین سەدە پارێزگارییان لەم زانستە کردووە، ئێستاشی لەگەڵدابێت زۆرێک لەناوە عەرەبییەکانی ئەستێرەکان و زاراوەکانی هونەری لەنێو ئێمەدا بەکار دەبرێن، ئەستێرەناسانی سەدەکانی ناوەڕاست لەئەورووپا شاگردی عەرەبەکان بوون، بەهەمان شێوە قورئان گۆڕانکاری لە توێژینەوە پزیشکییەکاندا دروست کردو ڕێگەی بە توێژینەوەکانی دونیای سروشت دا.[٣١٥]

## ٦٣- هێرمان ئیلتز Herman Eltz

ئەمڕۆ لەجیهاندا ئیسلام خێراترین دینە لە بڵاو بوونەوەدا، کەواتە شتێکی ڕاستەقینە هەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بژاردە بۆلای خۆی ڕادەکێشێ.[٣١٦]

(٣١٥) ماڵپەڕی .Ask quran.net

(٣١٦) أمریکا والإسلام، عبدالقادر طاش، لاپەڕە ١٣٣ .

٦٤– یوسف مکاب Uzof Makap

(یوسف مکاب) کە یەکێکە لە ماددییەکانی سەردەم دەڵێت: زۆر سەختە زانستێک لەسەر ڕووی زەوی پەیدا ببێت، کە بەرامبەر بەگەورەیی ئیسلام سەر دانەنوێنێ، (مستر هاری)ی موسڵمان دەڵێت: من گومانم لا نییە ئەگەر مەودای ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە ئەوروپا فراوان ببێت، خەڵکی ڕۆشنبیری ئەوروپی بەر لە خەڵکی دیکە باوەشی بۆ دەکەنەوە. یەکێک لە هۆیەکانی وەستانی ئیسلام لە ئەوروپا ئەوەیە، کە کتێبەکانی ئیسلامی بەڕێگای کەسانێک تەرجومە دەکرێن کە خاوەن مەرام و مەبەستی گڵاون، بەڵام دەبێت بزانرێت کە ڕۆژگار ڕوخساری هەتاوی حەقیقەت، لەژێر پەردەی (باطل) هەر دەردێنێ.[٣١٧]

(٣١٧) ماڵپەڕی eltwhed.com

## بەشی چوارەم

### زانایان لەسەر چ بنەمایەک ئیسلام هەڵدەبژێرن؟

يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ(٣١٨)

خوێنەری ئازیز: دوای ئەوەی بیروڕای چەندین زانا و بیریار و کەسایەتی جیهانیمان سەبارەت بەئیسلام و قورئان و کەسایەتی پێغەمبەر (د.خ) خستەڕوو، بەپێویستی دەزانم هەندێک لەوانەی کە بەکردەنی موسڵمان بوون پێتان بناسێنین، چونکە خەڵکانێک پێیان وایە کە موسڵمانان ڕوویان لە ئاینەکانی تر کردووە و وازیان لەئیسلام هێناوە. لەلایەکی ترەوە پێیان وایە ئاین تەنیا موڵکی کەسانی نەخوێندەوار و ناڕۆشنبیرەو کەسانی زانا و ڕۆشنبیر و ئەکادیمیش بەلای ئەوانەوە ئەو کەسانەن کە دوورن لە هەر بیروباوەڕێک کە بۆنی سەردانەواندن بۆ خودای باڵادەستی لێ دێت.

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە زۆربەی ئەو بانگەشانە بێ بنەمان و تا ئێستا نەیانتوانیوە، بڕوای تەواو بە دوو گەنجی موسڵمان بێنن، سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکانیەتە ماددیەی کە لەبەر دەستیاندایەو گەورەترین دەوڵەتانی زلهێزی جیهانیش پشتیوانییان لێ دەکەن، خۆ ئەگەر کەسانێکیش وەدوویان کەوتبن، ئەوانە کەسانێکی لابەلان و کەمترین سەنگیان نە لەڕووی ڕۆشنبیری و نە لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نییە، بەپێچەوانەی ئەوکەسانەی کە موسڵمان دەبن، کە هەر هەموویان کەسایەتی دیار و ناسراو و ئەکادیمین و خاوەن بڕوانامەو پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرین و، دوای چەندین لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، ئیسلامیان گرتووەتە باوەش و بەوپەڕی قەناعەت و بڕواوە موسڵمان بوون، بێ ئەوەی کەمترین پێویستییان بە موسڵمانان هەبێت، بەڵکو پێویستییان بە ئیسلام هەبووە، چونکە ئەو شارستانیەتە دەستکردەی کە چەندین سەدەیە بەهۆیەوە سواری ملی

(٣١٨) الأنفال٢٤



خەڵک بوون، نەیتوانیوە و ناشتوانی ڕوحی برسییان تێر بکات، بۆیە بەقەناعەتەوە باوەش بۆ ئیسلام دەکەنەوە و هۆکارەکەشی دەسنیشان دەکەن.

ئەمەش وەنەبێت تایبەت بێت بە تەنیا وڵاتێک بەڵکو لەزۆربەی وڵاتانی ناموسڵمانەوە خەڵک ڕووی لە ئیسلام کردووە، ئەمەش تەنیا بانگەشەیەکی بی ناوەرۆک نییە، بەڵکو بە پشت بەستن بەو ڕاستییانەیە کە میدیاکانیان بڵاوی دەکەنەوە، هەروەکو ڕۆژنامەی Media - Monitorsی ئەمریکی لەبەرواری ٢٠٠١/٦/١١ وتارێکی (مایکل ولف)ی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە: ئاینێکی نوێ لە نێو ئێمەدا ئامادەیی هەیە، ئەم ئاینە لەگەڵ گیانی سەردەمدا زۆر گونجاوە، ئەو ئاینەش ئاینی ئیسلامە.(٣١٩)

هەروەها بەگوێرەی توێژینەوەیەکی فەرمی بۆ دیاردەی موسڵمانبوونی هەزاران کەس لە رووناکبیرانی کۆمەڵگای بەریتانی، ڕۆژنامەی SundayTimesی بەریتانی لە بەرواری ٢٠٠٤/٤/٢٢ ئاماژە بەوە دەدات کە تائێستا زیاتر لەچواردە هەزار سپی پێستی بەریتانی لە بەریتانیا موسڵمان بوون، لەنێو ئەو تازە موسڵمان بووانەشدا ژمارەیەک کەسایەتی دەوڵەمەندو کوڕی چەندین کەسایەتی نێوداری بەریتانی هەن، هۆکاری موسڵمان بوونی خۆشیان بۆ ڕادەی بێزاری و نائومێدییان لە بەهای ڕۆژئاواییەکاندا دەگەڕێننەوە، لەنێو ئەو تازە موسڵمان بووانەدا (جاناسان بێرت)ی کوڕی (لۆرد بێرت)ی بەڕێوەبەری پێشووی (B.B.C)، و (ئیما کلارک)ی نەوەی (هێربێرت ئەسکویس)ی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا.(٣٢٠)

هەروەها ڕۆژنامەی (Frank Furter)ی ئەڵمانی لەبەرواری ٢٠٠٤/٨/٢٧ بڵاوی کردووەتەوە کە ژمارەی موسڵمانبوونی تاکی ئەڵمانی لە زیادبوونێکی سەرسوڕهێنەر دایە، بە شێوەیەک کە (٨٠٠) حاڵەتی موسڵمانبوونی کەسانی ئەڵمانی تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕووی داوە، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو زیادبوونێکی زۆرە.(٣٢١)

لە دانیمارکیش ڕۆژنامەی (The Copen HagnPost)ی دانیمارکی لە بەرواری ٢٠٠٤/٦/١٠

(٣١٩) ڕۆژئاواییەیکان بۆچی موسوڵمان دەبن؟ وەرگێڕ لە فەرەنسی و ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی (هالە صلاالدین لولو)، وەرگێڕ بۆ کوردی کەلسەمە جەمیل، پێداچوونەوەی سەلام ناوخۆش، لاپەڕە ١٦، ساڵی ٢٠٠٧

(٣٢٠) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٢ .

(٣٢١) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٣ .

لێکۆڵینەوەی دوو لێکۆڵەری دانیمارکی بەناوەکانی (جیسن و ستیرگارد) بڵاوکردووەتەوە، لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی ٢٠٠٦ تەواو بکرێت هاتووە: لەو چەند ساڵەی دواییدا ٣–٥ هەزار دانیمارکی موسڵمان بوون.[٣٢٢]

ڕۆژنامەی (Radio Free Europe) لەبەرواری ٢٠٠٤/٣/١٢ لە وتارێکیدا کە(ڤالانتیس مین) نووسیویەتی هاتووە: کۆماری (چیک) بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری ئەورووپا لەهەموویان بێ دینتر و بی باوەڕترن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کۆمارە زیاتر لە نیو سەدە کۆمارێکی کۆمۆنیستی بووە، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر لە چیکییەکان باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە، چونکە ئیسلام لایەنێکی ڕوحی سەرنجڕاکێشی تێدایە، ئەمەش وای کردووە کاریگەری لەسەر تاکی (چیک)ی هەبێت.[٣٢٣]

لەژاپۆنیش هەروا، (خالد هیوچشی) سەرۆکی (کۆمەڵەی ئیسلامی ژاپۆن) بۆ ڕۆژنامەی (Le Monde Musulman)ی کۆمەڵەی ئیسلامی جیهانی دەڵێت: ئیسلام ئاینێکە بەخێرا لە ژاپۆن بڵاو دەبێتەوە، چونکە ژاپۆن خاکێکی بەپیتە بۆ بڵاو بوونەوەی ئیسلام، لەبەر ئەوەی ئیسلام بانگەواز بۆ خۆشەویستی دەکات و هانی فێربوون دەدات و داوا لە پەیڕەوانی دەکات بێ وچان لەکۆشش دابن.

هەروەها دەڵێت: ئیسلام نزیکترین ئاینە لە عەقڵیەتی ژاپۆنییەکان.. تا ئێستا هیچ کێشەو گرفتێک لە نێوان موسڵمانان و خەڵکی تردا ڕووی نەداوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنی کە ژاپۆنییەکان بە ئاسانی ئیسلام وەردەگرن.[٣٢٤]

هەروەها ڕۆژنامەی (Swiss info)ی سویسری لە بەرواری ٢٠٠٤/١٢/٢٠ وتارێکی (جین مایکل بێرسود)ی لە ژێر ناوی (ئافرەتان ئیسلام دەکەنە ئاینی خۆیان) بڵاو کردووەتەوە و تیایدا هاتووە: بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی نوێ کە ڕێکخراوی ئافرەتانی موسڵمان دەری دەکات، نزیکەی (٣٠) هەزار ئافرەتی سویسری موسڵمان بوون.[٣٢٥]

ملحم محەمەد ساڵح
کوردستان/ سۆران

(٣٢٢) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٤ .
(٣٢٣) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٦ .
(٣٢٤) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٧ .
(٣٢٥) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٠ .



١– ئارثر ئێلیسون Arthar Ellison

پرۆفیسۆر (ئارثر ئەلیسون)ی بەڕەگەز بەریتانی و سەرۆکی بەشی ئەندازیاری ئەلەکترۆنی لە زانکۆی (لەندەن)، کاتێک لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی پزیشکی ئیسلامی نێونەتەوەیی دێتە قاهیرە، کە سەبارەت بەئیعجازی زانستی لەقورئانی پیرۆزدا بەسترابوو، لەو کۆنفرانسەدا باسێکی پێشکەش کرد، لەو باسەیدا شێوازەکانی چارەسەری دەروونی و ڕوحانی لەژێر تیشکی قورئانی پیرۆز باس کرد، وێڕای باسێکی تری سەبارەت بە (نوستن و مردن) و پەیوەندی نێوانیان، ئەمەش لەژێر تیشکی ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێت: (اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)[٣٢٦]

سەیرەکە لەوەدایە، ئەوکات هێشتا موسڵمان نەبووبوو، بەڵکو تەنیا وەکو ئاین بە ئیسلام سەرسام بووبوو. پاش پێشکەشکردنی باسەکەی، بەشداری لە کارەکانی کۆنفرانسەکەدا کردو گوێ بیستی هەموو ئەو باس و بابەتانە بوو کە سەبارەت بە ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆزدا پێشکەش کران، ئەمەش وای لێ دەکات زیاتر دووچاری سەرسوڕمان ببێت، تا دەهات دڵنیاتر دەبوو لەوەی کە ئەمە ئاینی ڕاستەقینەیە، چونکە هەرچی لەبارەی ئیسلامەوە گوێ بیستی دەبوو، دەری دەخست کە ئیسلام ئاینی زانست و عەقڵە. کاتێک ئەو هەموو ڕاستییانەی قورئان و سوننەتی بینی، کە سەبارەت بە دروستکراو و بوونەوەر دەدوێن و، هەرچی ئەوانیش دەیڵێن زانست پشتگیرییان دەکات، پرۆفیسۆر تێ دەگات کە نابێت ئەمە لەلایەن مرۆڤەوە هاتبێت، ئەوەی کە پێغەمبەری خوا محەمەد (د. خ) هێناویەتی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە بەڕاستی پێغەمبەری خوایە.

پرۆفیسۆر(ئارثر ئەلیسون) سەبارەت بەهەموو ئەو مەسەلانەی کە پێی گرینگ بوون و دەیەویست لە ئیسلامدا پێیان ئاشنا بێت، چ وەکو ئاین، چ وەکو بەرنامەی ژیانی دونیا، پرسیاری لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە لەگەڵیان دانیشتبوو، دوای ئەوەی وەڵامی تەواوی هەموو پرسیارەکانی دەست دەکەوێت هیچی لەبەردەمدا نامێنێتەوە تەنیا موسڵمان بوون نەبێت، بۆیە لە شەوی کۆتایی کۆنفرانسەکەداو لەبەردەم پەیامنێرانی ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، پرۆفیسۆر (ئارثر ئەلیسون)

(٣٢٦) سورة الزمر ٤٢ .

ڕاوەستاو ڕایگەیاند: کە ئاینی ڕاست و دروست تەنیا ئیسلامەو، ئەو ئاینەیە کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، دواتر پڕ بەدەم و بەدەنگێکی بەهێزو پڕ لەباوەڕەوە لەبەرامبەر هەمووواندا شایەتمانی هێنا و گوتی: (أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمداً رسول الله). بەم شێوەیە موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند.

لەم ساتەدا دەنگی (الله أكبر)ی موسڵمانان بەرز بووەوەو هەندێکیشیان فرمێسکی خۆشەویستییان بەرامبەر بەو هەڵوێستە ڕژاند.

پرۆفیسۆر (ئارثر ئەلیسون) بەم شێوەیە سەرگوزەشتەی خۆی لەگەڵ ئیسلامدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە میانەی بایەخدانم بە زانستی دەروونناسی و زانستی دوای دەروون، کاتێک کە سەرۆکی کۆمەڵەی توێژینەوەکانی دەروونی و ڕوحییەکانی بەریتانی بووم، ویستم سەبارەت بە ئاینەکان زانیاری بەدەست بێنم، هەموویانم خوێندنەوە، کە یەکێکیان بیروباوەڕی ئیسلامی بوو، کە پێم وابوو زیاتر لە هەموو بیروباوەڕەکانی تر لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ هەڵدەکات، چونکە ئیسلام دەڵێت: خوایەکی تەنیاو باڵادەست بەسەر ئەم بوونەوەرەدا هەیە، هەروەها ئەو زانست و زانیارییانەی کە بەر لە چواردە سەدە لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا هاتوون، زانستی سەردەم پشتگیریان دەکات و دەیسەلمێنێ ، هەر بۆیەشە ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەمانە بەهیچ شێوەیەک دەستکردی مرۆڤ نین و محەمەد (د. خ) یش پێغەمبەری خودایە. پاشان پرۆفیسۆر بەشێکی کەمی لەباسەکەی کە لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەشی کردبوو، دەربارەی (نوستن و مردن) لەبەر تیشکی ئایەتی سەرەوە بۆ ئێمە باس کرد، پرۆفیسۆر(ئارثر ئەلیسون) ئەوە دەسەلمێنی کە (وفاة) واتە (مردن)، هەروەها (الموت) مردنێکە گەڕانەوەی بەدواوە نییە، لە کاتێکدا (نوم) مردنێکە گەڕانەوەی هەیە، ئەم ڕاستییەش لەمیانەی لێکۆڵینەوەکانی پاراسایکۆلۆژی و پشکنینە (ئیکلنیکیە)کانەوە سەلماوە، ئەویش بەڕێگای کێشانی وێنەی مێشک و وێنەی دڵ. کە سەرەڕای وەستانی هەناسە، وا لەپزیشک دەکات بڕیار لەسەر مردن یان نەمردنی ئەو کەسە بدات کە لەهۆش خۆی چووە یان نوستووە. بەمە زانست سەلماندوویەتی کە نوستن و مردن کردارێکی لێکچووە، لە هەردووکیاندا نەفس لە جەستە دەردەچێت، بەڵام لە حاڵەتی نوستندا دەگەڕێتەوە و لە حاڵەتی مردندا ناگەڕێتەوە. دواتر پرۆفیسۆر (ئارثر ئەلیسون) گوتی: حەقیقەتە زانستییەکان لە ئیسلامدا باشترین شێوازن بۆ بانگەوازی ئیسلامی، بەتایبەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای بەڵگەی عەقڵی و زانستیدا دەگەڕێن. هەر بۆیەش ڕایگەیاند کە پەیمانگایەک بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ئیسلامی دەروونی، لەژێر تیشکی



قورئان و فەرموودەدا لە (لەندەن) دادەمەزرێنی و، بایەخ بەلێکۆڵینەوەکانی ئیعجازی پزیشکی لە ئیسلامدا دەدات، ئەمەش بەمەبەستی گەیاندنی ئەم ڕاستییانە بەجیهانی خۆرئاوا، کە لەبارەی ئیسلامەوە هیچ نازانن، هەروەک بەڵێنی دا کتێبخانەیەکی گەورە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بکاتەوە، بۆ ئەوەی هاوکار بێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانی زانستی لەبەر ڕۆشنایی ئیسلام.(٣٢٧)

٢- پرۆفیسۆر ئارثر میلانتۆس Arthar Milantos

پرۆفیسۆر (ئارثر میلانتۆس) دکتۆرا لەزانستی لاهووت و پیاوی سێهەم لە کۆمەڵەی کەنیسەکانی کیشوەری ئاسیا، لەو کاتەی کە خەریکی کارەکانی دەبێت لە بەشی (بەفەلە کردن) بەخۆی دەڵێت: چی ڕوو دەدات ئەگەر بۆ ڕەتدانەوەی موسڵمان قورئانیش بخوێنمەوە؟

بۆ ئەم مەبەستە دەچێتە لای یەکێک لە برادەرە موسڵمانەکانی و داوای قورئانێکی لێ دەکات، کابرای موسڵمانیش بەو مەرجە قورئانێکی دەداتێ کە هەر جارێک بیەوێت قورئان بخوێنێتەوە دەستنوێژ هەڵبگرێت، ئەویش بەو مەرجە ڕازی دەبێت و قورئانەکە هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی و بە نهێنی دەست بەخوێندنەوەی قورئان دەکات و، دەڵێت: کاتێک بۆ یەکەم جار قورئانم خوێندەوە، لە ناخەوە هەستم بە ململانێیەکی یەکجار زۆرکرد، دەنگێکی نهێنی بانگی دەکردم و هانی دەدام کە ئەم دینە بگرمە باوەش، ئەو دینەی کە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و خودا ڕاستەوخۆ دادەنێت و هیچ پێویستی بە واسیتەکاری قەشەو کاهینان نییەو، بیتاقەی لێخۆشبوونی گوناه و لێبووردنی خوداش نافرۆشێت. ڕۆژێکیان دەستنوێژم هەڵگرت و دەستم بە خوێندنەوەی قورئان کرد، تاوەکو گەیشتمە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا(٣٢٨)

ئەو کاتە هەستم بە تەزوو لەرزێکی تەواو کرد، پاشان ئەم ئایەتەم خوێندەوە کە دەفەرموێت: الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا(٣٢٩)

حەسانەوە و ئارامییەکی زۆر بەسەر دڵ و دەروونم داهات و هەستم کرد تازە لەدایک

(٣٢٧) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran.com

(٣٢٨) سورة محمد ٢٤ .

(٣٢٩) سورة المائدة ٣ .

بووم، ئیتر بۆ بەیانی خۆم پێ نەگیراو هەر لەو شەوەدا بەرەو ماڵی برادەرە موسڵمانەکەم چووم و، پرسیارم لێ کرد کە هاتنە نێو ئیسلام چۆنە؟ لەنێو سەرسوڕمانی برادەرە موسڵمانەکەیدا (ئارثر میلانتۆس) وشەی شایەتمان دێنی و موسڵمان دەبێت.[٣٣٠]

## ٣- خاتوو ئالا ئۆلینیکۆفا

دکتۆرە (ئالا ئۆلینیکۆفا) بەم شێوەیە باس لە موسڵمانبوونی خۆی دەکات: من خەڵکی ڕووسیام، لەشاری لێنینگراد لەخێزانێکی هەژار و کەم دەرامەت لەدایک بووم، لەخێزانێک کە بێجگە لە داهاتی ڕاوە ماسی کە باوکم لە کۆنەوە خەریکی بوو، هیچ داهاتێکی تری نەبوو، بەڵام درێژەم بەخوێندکەم دا تاوەکو لە مۆسکۆ بەشی پزیشکیم تەواو کرد، دواتر بڕوانامەی ماستەر و پاشان دکتۆرام بەدەست هێنا، پاشان لە زانکۆکانی مۆسکۆو لێنینگرادو کییف خەریکی وانە گوتنەوە بووم ، ژیانم لەسایەی شیوعیەتدا لەو پەڕی خراپی دابوو، چونکە بۆ ژیانێکی ئازادو بەختەوەر بەهیچ جۆرێک لەگەڵ فیترەتی مرۆڤدا نەدەگونجا، بۆیەش لە ناخەوە لێی بێزار بووم، بەڵام وەکو هەزاران کەسی تر نەمدەتوانی قسە بکەم، ئەگینا چارەنووس تەنیا کوشتن، یانیش دوورخرانەوە بوو بۆ سیبریا، یانیش زیندان و ئەشکەنجە بوو.

ژیانی ئێمە جەهەنەمێکی گەرم بوو، هەرهەمووی زوڵم و چەوساندنەوە بوو، ناچار کردن بوو بۆ کوفر و ئیلحاد، بێگومان ئێمە زیاتر لە خۆرئاواییەکان لە ئیسلام دەزانین، چونکە لە کۆمەڵگا موسڵمانەکان نزیک بووین، هەروەها یەکێتی سۆڤیەت لەو کاتدا نزیکەی (٦٠) هەزار موسڵمانی تێدابوو، کە لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ ئێمە کاریان دەکرد، بەڕێگای هەندێ لەوانەی کە لەگەڵ ئێمەدا کاریان دەکرد، ئیسلامم ناسی، ئیسلامم لە هەڵسوکەوتی ئەو قوتابیانەدا دەخوێندەوە کە لەدەوڵەتە ئیسلامییەکانەوە دەهاتن، زیاتریش بەڕێگای قوتابیەکی خەڵکی سوریا کە خەڵکی (حمص) بوو، لە زانکۆی (کییف) بەشی پزیشکی دەیخوێند، چونکە عەرەقی نەدەخواردەوە، گۆشتی بەرازی نەدەخوارد، پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتاندا نەدەبەست، خوورەوشتێکی جوانی هەبوو، لەهەمان کاتدا مرۆڤێکی دەستپاک و ڕاستگۆ بوو، لەخانوویەکی بێ سەر و بەردا ژیانی بەسەر دەبردو دەیگوت: ئەمە هەم ماڵی منە و هەمیش مزگەوتی منە، خوورەوشت و هەڵسوکەوتە جوانەکانی ئەم قوتابییە، منی بۆ

(٣٣٠) لم أسلم هؤلاء الأجانب، محمد عثمان ١/١٤٧ .



ئەوە ڕاکێشا تا لەوە دڵنیابم کە ئەمە ڕەوشتی ئیسلامە، ئەم قوتابییە هەندێ کتێبی ئیسلامی بەدیاری دامێ و زۆر بە وردی خوێندمەوە و زیاتر شارەزایی ئیسلام بووم، لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ ماوەیەک وازم لەکارەکەم هێنا و سەفەری سوریام کردو پەیوەندیم بە کۆلێژی (دعوە)وە کرد و دیراسەی ئیسلامم کرد، لە ساڵی ١٩٩٥ کۆلێژەکەم تەواو کردو موسڵمانبوونی خۆم ڕاگەیاند .

خاتوو (ئالا ئۆلینیکۆفا) دەڵێت: ئیسلام دینێکی گەورەیە و بەر لە هەزار ساڵە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، کەچی شیوعییەت زیاتر لە حەفتا ساڵ نەژیا . گەورەیی ئیسلام لە مانگی ڕەمەزاندا دەردەکەوێت، چونکە هەم نیزامە و هەم سەبر و ئارامییە، هەم ئەو خۆشەویستییەیە کە کۆمەڵگا غەیرە موسڵمانەکان لە دەستیان داوە. ئیسلام ڕەچاوی دونیاو قیامەت دەکات، هەربۆیەشە لەگەڵ فیترەتدا دەگونجێ. پاش ئەوەی حیجابم پۆشی، بەگوێرەی توانا هەوڵ دەدەم تێکەڵی لەگەڵ پیاواندا نەکەم. ئێستا من خەریکی دانانی کتێبێکم بە زمانی ڕووسی و، لە داهاتوودا هەموو کۆمەڵگا بەم دینە گەورەیە ئاشنا دەکەم، ئەو دینەی کە بەڕێگای ئەوەوە ڕووناکاییم بینی. ئەگەر کۆمەڵگاکەمان بەتەواوی ئیسلام بناسی و پەیڕەوی بکات، لە تاوان و فەسادو مافیاو بێ ئەخلاقی و مادە هۆشبەرەکان ڕزگاری دەبێت، چونکە ئیسلام بەربەرەکانی لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا دەکات کە زیان بەنەفس و خەڵکی تر دەگەیێنن، تەنیا ئیسلام ڕزگارکەری مرۆڤە، شیفابەخشە بۆ هەموو نەخۆشییەکانی سەردەم، چارەسەری کێشەی گشت کۆمەڵگا جیاجیاکانی تێدایە. شیوعییەت ڕووخا و چووە زبڵدانی مێژوو، بەڵام ئەو ئیسلامە هەر ما کە شیوعییەت دەیویست بیسڕێتەوە، بەڵکو ئەمڕۆ لە ڕووسیاو شوێنەکانی تر فراوانتر دەبێت، لەمەشیاندا ئەوەندە پەندو عیبرەتی تێدایە بۆ ئەوکەسەی بیەوێت پەند وەرگرێت.[٣٣١]

## ٤- ئالفۆنس ئاتیین دینیە Etin Dineta ١٨٦١ز- ١٩٢٩ز

گەورە هونەرمەندو شێوەکار و بیرمەندی جیهانی بەڕەگەز فەڕەنسی، کە کار و بەرهەمەکانی لە (معجم لاروس) نووسراونەتەوە. تابلۆ و وێنەکانی ئەم هونەرمەندە دیوارەکانی پێشانگا فەڕەنسییەکانی پڕکردووە، لەنێویاندا تابلۆ بەنێوبانگەکەی (غداة رمضان)کە بەجوانترین شێوە وێنەی بیابانی کێشاوە، دوای موسڵمانبوونیشی چەندین

(٣٣١) ماڵپەڕی jeeran.bilalmaroc. com.

کتێبی پڕبەهای داناوە، لەوان: (أشعة خاصة بنور الإيمان) و(ربيع القلوب) و (الشرق كما يراه الغرب) و(محمد رسول الله) و(الحج الى بيت الله الحرام)، کە دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لەنێو ڕۆژهەڵاتناسەکاندا دروست کرد، نێوبراو دەڵێت: ئیسلام لەساتەکانی یەکەمیدا ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە دینێکی گونجاوە بۆ هەموو کات و شوێنێک، چونکە دینی فیترەتە، فیترەتیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز نییە، بۆیەش بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی شارستانیەت گونجاوە.[٣٣٢]

هەروەها دەڵێت: پێغەمبەر گرینگییەکی تەواوی بەخۆی ئەدا، چەندین شێوە لەشێوەکانی خۆ ڕازاندنەوەی لێ بینراوە، خۆ ڕازاندنەوەیەکی زۆر سادەو ساکار، بەڵام بەشێکی زۆر گەورەی هەبوو لە سەلیقەو زەوق و جوانی..

پاشان باس لە نوێژ دەکات و دەڵێت: جووڵانەوەکانی نوێژ سوود بە ڕۆح و جەستە دەگەیێنن، سادەیی و نەرم و نیانییەکی زۆریان پێوە دیارە، کە پێشتر لە نوێژەکانی خەڵکی تردا نەبینراون.

دواتر دێتە سەر فرەژنی و دەڵێت: لای موسوڵمانان فرەژنی زۆر کەمترە لەوەی کە لای خۆرئاواییەکان هەیە، - بەگرتنی چەندین یارو عەشیقە - بەتایبەتی لای ئەو کەسانەی کە چێژ لە حەرام وەردەگرن.

ئایا بەڕاستی مەسیحییەت فرەژنیی قەدەغە کردووە؟

ئایا کەسێک دەتوانی ئەمە بڵێ و لەناخەوە پێنەکەنی و گاڵتەی بەو قسەیە نەیەت؟

فرەژنی یاسایەکی سروشتییەو تا دونیا ماوە هەر دەمێنێت، بیرۆکەی تەنیا یەک ژن هێنان ، سێ ئاکامی زۆر ترسناکی لێ کەوتەوە کە بریتین لە: قەیرەیی کچان، داوێن پیسی، منداڵانی ناشەرعی.[٣٣٣]

هەروەها لە لاپەڕە ٤٨ ی کتێبەکەیدا بەناوی (محمد رسول الله) دەڵێت: سنووری ئەم گەشتەمان بوارمان نادات هەموو وردەکارییەکان و گشت لایەنەکانی ژیانێک کە لێوانلێوە لەدەستکەوتی گەورە باس بکەین...

لەلاپەڕە (٤٩)دا دەڵێت: ئەوەی ڕاستی بێت، لەنێو هەموو ئەو پێغەمبەرانەی کە بناغەی

(٣٣٢) محمد رسول الله، آتیین دینیه. لاپەڕە ٣٤٥ .

(٣٣٣) المرأة المسلمة من منظور غربي، دکتور عماد الدين خليل. لاپەڕە ٦٦– ٩٧



ئاینیان داڕشتووە، محەمەد (د. خ) تاکە پێغەمبەرە کە توانیبێتی بێ پشت بەستن بەهاوکاری و موعجیزەو بەرچووەکانی ماددی کاری خۆی بکات، بەڵکو بەپشت بەستن بە ڕوونی و ئاشکرایی پەیامەکەی ، هەروەها ڕەوانبێژی قورئان، درێژەی بە کارەکانی داوە و سەرکەوتووش بووە، ئەوەش کە پێغەمبەر پشتی بە موعجیزە ماددییەکان نەبەستووە، گەورەترین موعجیزەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی محەمەد (د. خ).

لەلاپەڕە (٥٢)دا دەڵێت: بێگومان لە دیمەن و کرداری بڕوادارانداوێنەیەکی بەها بەرزەکانی محەمەد (د. خ) بەدی دەکەیت، جا ئەگەر ئەو وێنەیەی لە بڕواداراندا بەدی دەکەیت، بە بەراورد لەگەڵ بەها بەرزەکانی محەمەد (د. خ) لاوازیش بن، ئەوا گومانی تێدا نییە کە ڕاستن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەگەر سەیری قەیسەرەکانی (ڕۆما) بکەی، وێڕای وردی و ڕێکی پەیکەرەکانیان، جگە لەپەردەیەکی ساختە بۆ دەموچاوە دۆگماکانیان و وێنەیەکی پڕ لە فیزو لەخۆبایی، هیچی تریان لێ ناخوێنیەوە، بە تەئکید وێنەکانیان هەر بە مردووی دەمێننەوە و ناتوانین بەخەیاڵیش ژیانیان تێدا بەدی بکەین، ئەم ڕاستییەش ئیلهام بەخشی ئەو بیرۆکەیە بوو کە لە مێشکی مندا دروست بوو، بۆ بڵاوکردنەوەی چەند تابلۆیەک لە مێژووی محەمەد (د. خ)، کە خۆیان لە هەندێ بەهای ئاینی پەیڕەوانیدا دەنوێنن، هەروەها هەندێک وێنە لە ژیانی عەرەب و هەندێ شوێنی وڵاتی حیجاز کە نیشتیمانی محەمەدە (د.خ).

هەروەها لەلاپەڕە (٨٧)دا دەڵێت: بەڕاستی من سەرم سوڕماوە لەوەی کە هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان پێیان وایە، محەمەد (د. خ) ئەو هەڵەی بۆ ڕەخساوە قۆزتوویەتەوە و بەرنامەی کاری داهاتووی ڕێکخستووە، تەنانەت هەندێکیان لەوەش دوورتر ڕۆیشتوون و وایان لەخەڵک گەیاندووە کە لەو ماوەیەدا محەمەد (د. خ) هەموو قورئانی نووسیوەتەوە!!

ئەرێ بەڕاست دەبێت ئەوانە تێبینی ئەوەیان نەکردبێت کە ئەم کتێبە خواییە هیچ پلانێکی پێش وەختە، لەسەر شێوازی پرۆگرامە مرۆییەکانی تێدا نییە؟! خۆ هەر سورەتێکی قورئان جیاوازەو تایبەتە بەهەندێ ڕووداو کە لەدوای پێغەمبەر بەدرێژایی زیاتر لە بیست ساڵ ڕوویان داوە، مەحاڵیش بووە محەمەد (د. خ) پێشبینی ئەم هەموو ڕووداوانەی کردبێت.[٣٣٤]

(٣٣٤) ماڵپەڕی. eltwhed.com

٥– پرۆفیسۆر ئالفرید کرۆز Alfred Cruz

(پرۆفیسۆر ئالفرید کرۆز) کە یەکێکە لە ناودارترین زانایانی جیۆلۆجی جیهانی، هەروەها مامۆستای زانستەکانی چینەکانی زەوی و سەرۆکی بەشی زانستی چینەکانی زەوییە لە پەیمانگای (گوسیینسیسی) زانکۆی (یوهانز گوتینبیرگ مینزێ) ئەلمانی، شێخ عبدالمجید زەندانی دەڵێت: کاتێک ئامادەی کۆنگرەی جیۆلۆجییەکان بوو لە زانکۆی (شا عبدالعزیز) لێم پرسی : ئایا لای ئێوە هیچ بەڵگەیەک هەیە ئەوە بسەلمێنی کە کاتی خۆی دوورگەی عەرەبی باخچەو ڕووباری هەبووە، گوتی: بەڵێ ، ئەمە لای ئێمە شتێکی ناسراوە و ڕاستییەکە لە ڕاستییەکانی زانست و، زانایانی جیۆلۆجی زۆرباش دەیزانن، چونکە تۆ لەهەر شوێنێک قۆرتێک لێبدەی، ئەو ئاسەوارە ئەبینی کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە کاتی خۆی مێرگ و ڕووبار بووە، لەو بارەوە زۆر بەڵگەمان لەبەر دەستدایە.

گوتم: ئایا هیچ بەڵگەیەکتان بەدەستەوەیە کە جارێکی تر وڵاتی عەرەب ببێتەوە مێرگ و ڕووبار؟

گوتی: ئەمە مەسەلەیەکی نەگۆڕەو ئێمەی جیۆلۆجی پێوانەشی دەکەین و تەنانەت نزیکە بڵێین چ کاتێکیش ئەمە ڕوودەدات.

گوتم: چۆن؟

گوتی: ئێمە توێژینەوەمان لەسەر مێژووی زەوی کردووە لە ڕابردوودا، بۆمان دەرکەوتووە کە زەوی بەچەند قۆناغێکی جیاجیادا تێپەڕدەبێت.. لەنێویاندا قۆناغێک هەیە پێی دەڵێن: سەردەمی بەفرین، بۆیەش پێی دەڵێن سەردەمی بەفرین چونکە هەندێک لەئاوی دەریا دەبێتە بەفر و لە جەمسەری بەستەڵەکی باکور کۆدەبێتەوە، پاشان بەرەو باشوور دەخزێ، کاتێکیش بەرەو باشوور دەخزێ ، ژێرەوەی خۆی دادەپۆشی و کەش و هەوای زەوی دەگۆڕێت، جا لەنێو ئەو گۆڕانەی کەش و هەوادا، گۆڕانێک لە وڵاتی عەرەبان ڕوودەدات، لە ئەنجامدا کەش و هەوا سارد دەبێت و وڵاتی عەرەبان زیاتر لە هەموو شوێنێک باران دەیگرێتەوە..

گوتم: ئەمەمان بۆ پشتڕاست بکەوە.

گوتی: ئەمە حەقیقەتێکی زانستییەو هیچ خۆلادان و ئەملاو ئەولای تێدا نییە.

گوتم: جا گوێ بگرە، کێ هەموو ئەوانەی بە پێغەمبەر گوتووە؟ چونکە ئەوەی تۆ باسی



دەکەی هەمووی لە فەرمایشتێکی پێغەمبەردا هاتووە کە ئیمام موسلیم لە صەحیحەکەیدا دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: (لاتقوم الساعة حتي تعود أرض العرب مروجاً وأنهاراً) واتە: قیامەت نایەت تاوەکو سەرزەمینی عەرەب دووبارە نەبێتەوە بە مێرگ و ڕووبار.

گوتم: کێ بە پێغەمبەری گوتووە کە کاتی خۆی سەرزەمینی عەرەب مێرگ و ڕووبار بووە؟

هەندێک بیری کردەوە و گوتی: ڕۆمانەکان پێیان گوتووە.

گوتم: ئەی کێ پێی گوتوە کە جارێکی تر دەبێتەوە مێرگ و ڕووبار؟

هەندێ بیری کردەوەو گوتی: ئەوەی سەرەوە– واتە خودا– .

لێرەدا گوتم: بەدەستی خۆت بنووسە، ئەویش دەستی دایە قەڵەم و نووسی: بەڕاستی ئەو حەقیقەتە زانستییانەی کە لەقورئان و سوونەتدا بینیم، منیان دووچاری سەرسوڕمان کردووە، چونکە ئێمە لەو دواییانەدا نەبێت نەمانتوانیوە ئەو ڕاستییانە بدۆزینەوە، ئەویش بەڕێگای هەندێ دام و دەزگای نوێی زانستی، ئەمەشیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە محەمەد (د. خ) نەیدەتوانی بەو زانستە بگات ئەگەر بە وەحیی خودایی نەبووایە.(٣٣٥)

٦– دکتور ئەسبر ئیبراهیم شاهین

(دکتور ئەسبر ئیبراهیم شاهین) بەڕەگەز لوبنانی و سەرۆکی پەیمانگای نێو نەتەوەیی تەکنۆلۆژی، لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوێکی ناسراوە و هەڵگری ڕەگەزنامەکەشیەتی، لە ڕۆژئاوا بەکەسێکی خاوەن بەرهەم دەژمێردرێ و چەندین خەڵاتی پڕ بەهای لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیا وەرگرتووە، هەروەها هاوڵاتییەکی فەخری ویلایەتی (تەکساس)ـەو مامۆستایەکی ناسراوە لە ئەمریکا، لەلایەن (ڕۆناڵد ڕیگان و جۆرش بۆشی باوک و شا محەمەدی کوڕی فەهدی کوڕی عەبدولعەزیزی ئەمیری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سعودیە) (وسام الاستحاق)ی وەرگرتووە، لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)دا هۆی موسڵمانبوونی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت: ...لەمیانەی برادەرایەتیم لەگەڵ زۆرێک لە موسڵمانان کە چەندین دەیەی خایاند، هەندێ ڕەوشتم لێ بینین کە بەڕاستی لەوپەڕی کەمالدا بوون، هەروەها هەندێ هەڵسوکەوتم لێ بینین کە ناچارت دەکەن

(٣٣٥) موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة المطهرة، يوسف الحاج احمد، چاپی دووەم، لاپەڕە ٢١٦ .

ڕێزیان لێ بگری، بۆ نموونە: من مەسیحیم، لەهیچ یەکێک لە برادەرە موسڵمانەکانم نەبینی خۆی لەمن دوور بگرێت، بەڵکو ڕێزگرتن لە خەسڵەتەکانی هەمیشەیی ئەو دۆستایەتییە بوو.

هەروەها لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە هۆی سەرەکی موسڵمان بوونت چی بوو؟ دەڵێت: تەمەن دەڕوات و ئێمەش دەڕۆین، ئەوەندەی ڕابردووە، ئەوەندەی نەماوە، بەر لەدوو ساڵ و نیو بەبارودۆخێکی زۆر سەختدا تێپەڕیم، کاتێک ناچار بووم نەشتەرگەری دەرهێنانی وەرەمی سەرەتانی لە دەوروبەری (پەنکریاس) ئەنجام بدەم، ئەویش لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەمریکا، بۆم دەرکەوت کە نەشتەرگەرییەکەو ئەنجامەکانی زۆر ترسناکن و ئەگەری سەرکەوتنی زۆر کەمە، جا لەبەر ئەوەی من شەیدای دەنگی قورئان خوێن (عبدالباسط عبدالصمد) بووم و هەمیشە گوێم لەقورئان خوێندنەکەی دەگرت و چێژێکی زۆرم لی وەردەگرت، لەو شەوەی کە بڕیاربوو نەشتەرگەرییەکە ئەنجام بدرێت، گوێم دایە چەند ئایەتێکی قورئان، دوای تەواو بوونی نەشتەرگەرییەکە هەستم بە ڕوحێکی ئارام و ئاسوودەیەکی قووڵ کرد، لەو ساتەوە بڕیارمدا موسڵمان بوونی خۆم ڕابگەیێنم، بەڵام تاوەکو ٦/١٠ ی ئەو ساڵە خۆم گرتەوە، تاوەکو لە شاری (ریاض) ڕایبگەیێنم.

پرسیار: لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی ناسراوی لەئەمریکاو پەیوەندییەکی قووڵت لەگەڵ بڕیار بەدەستانی سیاسەتی ئەمریکا هەیە، جگە لەوەش تۆ ڕاوێژکاری نێو نەتەوەیی و سەرۆکی پەیمانگای نێو نەتەوەیی تەکنۆلۆژیی، ئایا ئەو کات دانانە بۆ موسڵمانبوونت پێت وانییە جۆرێکە لە تەحەددیات؟

وەڵام: بەڵێ ڕاگەیاندنی موسڵمانیەتیم لەو بارودۆخە سەختەدا جۆرێکە لە تەحەددیات، بەڵام من لەکەس ناترسێم و بە قەناعەتێکی تەواوەوە بڕیاری خۆم داوە.

ئایا پێت وانییە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبیتەوە؟

وەڵام: بەڵێ ڕووبەڕووی دەبمەوە، بەڵام هەروەکو گوتم گوێ نادەمە ئەو جۆرە ڕەخنانە.

ئایا ئەو ئیسلامە بۆ خێزانەکەشت پێشنیار دەکەی؟

وەڵام: بەڵێ ، بەڵام بە شێوازی قەناعەت پێ هێنان، هاتنی خێزانەکەم بۆ نێو ئیسلام بەتایبەتی هاوسەرە ئەمریکییەکەم، بەندە بەقەناعەتی خۆیەوە، من پێم وایە لەڕابردوودا قودوەیەکی باش بووم بۆ خێزانەکەم و ئێستاش دوای موسڵمانبوونم قودوەیەکی باشتر دەبم.

ئایا هەستت کردووە ململانێ لەنێوان مەسیحییەت و ئیسلامدا هەبێت؟



وەڵام: براکەم مەسیحییەت دوژمنایەتی ئیسلام ناکات، ئیسلامیش هەروەها، بەڵام لەم دواییانە هەندێ دەنگ لە هەندێ لە (مُبَشِّر)ەکان بەرز بوونەوە، کە ڕاگەیاندنی جەنگ لەدژی ئیسلامیان لەخۆ گرتبوو، وەک (فرانک گراهام) کە کوڕی (مُبَشِّر) بێل گراهامەو دەیگوت: پێویستە لەدژی ئیسلام جەنگ ڕابگەیێنرێ، چونکە خودای ئیسلام خودای ئێمە نییە، ئیسلام تەنیا دینی توندوتیژی و خۆشنەویستنی یەکترە، ئایا دەکرێت بڵێین ئەم کابرایە لەسەر ئاینی مەسیحییەتە؟ من بڕوام وا نییە، چونکە مەسیحییەت دەڵێت: ئەگەر کەسێک زللەیەکی لەڕوومەتی ڕاستت دا، تۆ ڕوومەتی لای چەپی بۆ بسووڕێنە، ئەوانە بەو جۆرە لێدوانانە هانی خەڵک دەدەن بۆ شەڕو جەنگ، کە ئەمەیان شتێکی ناخۆشە، چۆن دەتوانی ڕەخنە لە دینێک بگری، یان لەبارەیدا ڕایەک بدەی کە هیچت لەبارەیەوە نەخوێندبێتەوە و نەزانی حەقیقەتەکەی چۆنە؟

کێشەی گەورە لێرەدایە، ڕۆژئاواییەکان ئیسلام لەگەڵ موسڵمانە توندڕەوەکانی وەکو بن لادن بەراورد دەکەن، بەتایبەتیش مەسیحییە توندڕەوەکان، هەرچەندە ئیسلام و مەسیحییەت لەو جۆرە نموونانە پاکن.(٣٣٦)

٧- خاتوو ئەمیرە

خاتوو (ئەمیرە) دەڵێت: خزم و کەس و نیشتیمانم هەرچییەک بکەن، هەرگیز دەستبەرداری ئیسلام نابم، ناوبراو بەم شێوەیە باس لە موسڵمان بوونی خۆی دەکات: من لەدایک و باوکێکی مەسیحی لە ویلایەتی (ئەرکنساس)ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایک بووم، لەنێو برادەرە موسڵمانەکانمدا بە ئەمریکییە سپییەکە دەناسرام، هەرچەندە جیاوازی ڕەگەزی لای من نییە، لەلادێ لەکێڵگەی باوکم کە دوعا گۆی ئەو کەنیسەیە بوو پێگەییم، ئەو گوندەی کە من لێی دەژیام هەموو سپی پێست و مەسیحی بوون و بە فراوانی (٢٠٠) میل هیچ ئاینێکی تری لێ نەبوو، کەنیسە وای فێر کردبووین کە خەڵک گشتیان یەکسانن، بەڵام ئەم ڕێنماییانە لەئەرزی واقیعدا نەدەبینران.

کاتێک لە زانکۆی (ئەرکنساس) بووم، بۆ یەکەم جار موسڵمانێکم بینی، با ئەوەش بڵێم کە لەسەرەتاوە من بەجلوبەرگی موسڵمانان سەرسام بووم و باوەڕم نەدەکرد کە ئافرەتانی موسڵمان قژی سەریان دادەپۆشن، جا چونکە من تامەزرۆی کۆکردنەوەی زانیاری بووم،

(٣٣٦) ماڵپەڕی bilalmaroc .jeeran. com

یەکەم هەلم قۆستەوە تاوەکو ناسیاری لەگەڵ ئافرەتێکی موسڵماندا پەیدا بکەم، هەر ئەم چاوپێکەوتنەش بوو ڕێڕەوی ژیانی منی بۆ تاهەتایە گۆڕی و هەرگیزیش لەبیری ناکەم.

ئەم ئافرەتە ناوی (یاسەمین) بوو، بەڕەگەز فەلەستینی بوو، زۆر لای دادەنیشتم و گوێم لەقسەکانی دەگرت، لەبارەی وڵات و ڕۆشنبیری و خانەوادەو برادەرەکانی کە زۆری خۆش دەویستن قسەی بۆ دەکردم، بەڵام ئەوەی لەهەمووان زیاتر خۆشی دەویست، ئاینەکەی بوو کە ئیسلامە، لەبارەی خوداو پێغەمبەران بۆم دەدواو دەیگوت: من تەنیا یەک خودا دەپەرستم، کە بێ هەڤاڵە و ناوی (الله)یە، (یاسەمین) ئەوەی لەتوانایدا بوو دەیکرد، تاوەکو قەناعەتم پێ بێنێ کە ئیسلام تاکە ئاینی ڕاست و دروستەو شێوازی سروشتی ژیانە، گرینگترین شت لای(یاسەمین) ئەم دونیایە نەبوو، بەڵکو ژیانی دواڕۆژ بوو، بەردەوام دەیگوت: لەژیانی دوواڕۆژداو لە بەهەشت بەیەک دەگەین، پاشان گەڕایەوە بۆ فەلەستین و دوای دوو هەفتە بەگوللەی سەربازانی ئیسرائیلی کوژرا، کاریگەرییەکی یەکجار خراپی لەسەر دەروونی من بەجێ هێشت، ئێستاشی لەگەڵدا بێت قسەکانی لەگوێمدا ئەزرینگێنەوە، لەیەکەم ڕۆژی بەیەک گەیشتنماندا بە(ئەمیرە) ناوی دەهێنام، بۆیەش لەدوای موسڵمانبوونم ناوی (ئەمیرە)م لەخۆ نا.

لەمیانەی خوێندنم لە زانکۆ، چاوم بە زۆر برادەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوت و زمانی عەرەبیم لا خۆشەویست بوو، بەتایبەتیش کاتێک دەمبیست یەکێکیان قورئان دەخوێنێتەوە، یان لەکاسێت گوێی لێ دەگرێت، دوای ئەوەی زانکۆم تەواوکردو گەڕامەوە بۆ کۆمەڵگە بچووکەکەی خۆم، ئەو موسڵمانانەی کە هۆگریان بووبووم لەبیرم نەمان، بەڵام تێنوویەتی بۆ ئیسلام و زمانی عەرەبی لێم جیا نەبووەوە، دوای چەند ساڵێک یەکێک کە بەنموونەی موسڵمانی ڕاستەقینەی دەزانم، لەڕێگە تووشی بووم و دەربارەی ئیسلام هەندێ پرسیارم ئاراستە کرد، لەئەنجامی ئەم پرسیار و وەڵامانەدا، لەبەرواری ١٩٩٦/٤/١٥ موسڵمانیەتی خۆم ڕاگەیاند، تاکە شتێکیش کە منی گەیاندە ئەو باوەڕە کە ئیسلام ئاینێکی ڕاستەو، لەڕاستیشدا هەموو ئیسلام بریتییە لەو تاکە وشەیە، لەبەرخاتری ئەو وشەیەش هەرگیز دەستبەرداری ئیسلام نابم، کە بریتییە لە وشەی (لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ) .

کاتێک خانەوادەی من زانییان زۆر دەربارەی ئیسلام دەخوێنمەوە، لێم زوێر بوون و بەدەگمەن نەبێت قسەیان لەگەڵ نەدەکردم، کاتێکیش کە موسڵمان بووم، بەیەکجاری پەیوەندییان لەگەڵ پچڕاندم، تەنانەت هەوڵیان دا بەزۆر لە نەخۆشخانەی نەخۆشییە



عەقڵییەکان بمنوێنن، چونکە پێیان وابوو من شێت بوومە، ئەم هەڵوێستەی خزمەکانم گەورەترین گوشار بوو لەسەرم، تەنانەت هەندێ جار نزای دۆزەخیان لێ دەکردم...

دوو ڕۆژ دوای تەقینەوەکەی (خُبَر)ی سعودیە، پەیوەندییان پێوە کردم و پێیان ڕاگەیاندم کە خاڵت (برای دایکم) لەم تەقینەوەیەدا کوژراوە و برادەرە تیرۆریستەکانت بەرپرسیارن لەو کوشتنەو تۆش دەستت لە کوشتنی خاڵتدا هەیە!!!

ڕۆژانێکی دوور و درێژ گریام، بەڵام بڕوام هەبوو کە ئەم قەیرانە بەسەلامەتی گوزەر دەکات، هەوڵم دا پەیوەندی بەخێزانمەوە بکەم، بەڵام ئەوان بەردەوام بوون لە ڕەتکردنەوەی من، تەنانەت ژمارەی تەلەفۆنەکانیشیان گۆڕی، تا کار گەیشتە ئەوەی کە یەکێک لە خزمەکانم قەدەغەیەکی یاسایی لەسەر دانام، کە ڕێگەم پێنەدەن لەماڵیشی نزیک ببمەوە، یەکێکیشیان دایکم بوو، جارێک کە لەبازاڕ دەگەڕامەوە، بە بۆیاخێک لەسەر ئۆتۆمبێلەکەی من نووسرابوو (خۆشەویستی تیرۆریستان... ئەنجامدەری تەقینەوەکەی خوبەر)، شەوێک لە شەوان لە پارکی ئۆتۆمبێلەکان پیاوێک پەلاماری دام و زۆری لێدام، کە ئێستا گیراوە، چەند جارێک فۆرمۆلەی ئۆتۆمبێلەکەمیان خراپ کردووە، شەوانیش بەردەوام لەدەوری خانووەکەم گوێ بیستی دەنگی گوللەو هاوار دەبم، جارێکیان پۆشاکە ئیسلامییەکەم و هەندێ پانتۆڵم بردە لای جلکشۆری دراوسێمان، جلکشۆرەکە هەموو پۆشاکە ئیسلامییەکانمی فڕێداو پانتۆڵەکانیشی وێدامەوە و هەڕەشەشی لێ کردم ئەگەر سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم.

ئێستا کە ئەم بابەتە دەنووسم، من لەشەڕێکدام لە بەرامبەر دادگادا کە ناتوانم ئێستا بە ئاشکرا گفتوگۆی لەسەر بکەم، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ تاوانێکم ئەنجام نەداوە، بەڵام دادگا قەدەغەی کردووە کە لەم شارە دەربچم، بەڵام بەپشتیوانی خودا، ئەوان هەرگیز لەم جەنگەدا سەرناکەون .

بە(یاسەمین)یش دەڵێم: هۆ دۆست و خۆشەویستم، هۆ خوشکی ئاینیم، ئەی ئەوکەسەی کە بە ئیسلام ئاشنات کردم، دەزانم تۆ ئێستا بە موسڵمانبوونم خۆشحاڵی و زەردەخەنەت لەسەر لێوە، لەماوەیەکی نزیکدا لە بەهەشت دەتبینمەوە.. ئەم چەند دێڕەشم بۆیە نووسیون تا بەزەیی و سۆزی ئێوە بۆ لای خۆم ڕابکێشم ، تاکە داواشم لەئێوە تەنیا ئەوەیە لە نوێژەکانتاندا لە نزای خێر بێ بەشم نەکەن.(٣٣٧)

(٣٣٧) ماڵپەڕی mszakki 2001us .jeeran .com. بە نەقڵ لەگۆڤاری (الشرق) العدد ٣٥٨٦ .

## ٨- ژنرال ئەناتۆلی ئەندربۆچ

(ژنرال ئەناتۆلی ئەندربۆچ) سەرکردەی سەربازی (ئەناتولی)، لە باکۆی ئازربایجان لەدایک بووە، ڕق و قینێکی یەکجار زۆری بەرامبەر بە موسڵمانان هەبووە، یەکێک بووە لەو سەرکردە مولحیدانەی کە شەڕێکی زۆری لەگەڵ موسڵماناندا کردووە، تەنانەت چەندین کەسیش بەدەستی ئەوەوە شەهید بوون.

کاتێک وەکو سەرکردەی هێزەکانی ڕووسی بۆ (جەلال ئاباد) گوازرایەوە دەڵێت: ئامانجم تەنیا بنبڕکردنی موسڵمانان بوو، زۆر دڵڕەقانە هەڵسوکەوتم لەگەڵ ئەسیرەکاندا دەکردو لێم دەکوشتن و تا لەدەستم هات بەنوێترین چەک لەگەڵیان دەجەنگام. بەڵام ئەوەی بۆمن جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەوان بێجگە لە تفەنگێک کە نەتوانی تەنانەت غەزالیش ڕاو بکات، هیچی تریان نەبوو، کەچی دەمبینی سەربازەکانی ئێمە هەڵدێن و توانای خۆڕاگرتنیان نییە، بۆیە گومانم لەلا دروست بوو، داوام لە سەربازەکانم کرد هەندێ لەو ئەسیرانەم بۆ بێنن کە زمانی ڕووسی دەزانن، کاتێک بۆیان هێنام و کەوتینە قسە کردن، ئەوان منیان بۆ ئیسلام بانگهێشت کرد، لەو کاتەدا ڕوانینم بەرامبەر بەئیسلام گۆڕاو دەستم کرد بە خوێندنەوەی دیانەتەکان، تاوەکو لەئەنجامدا بڕیاری کۆتاییم دا و موسڵمان بووم، بەمەش هەموو دۆستەکانم کەوتنە دژایەتیکردن و پەشیمانکردنەوەم، بەڵام بڕیارم دا و خۆم ڕاگرت، پاشان خێزانەکەشم لەگەڵ کوڕو کچەکەم موسڵمان بوون، بڕیاریشم داوە تا ماوم خەڵک بۆ ئیسلام بانگهێشت بکەم و ببمە بانگدەر لە مزگەوتێک، بەڵکو خودای گەورە لێم ببووری و تەوبەم لێ وەرگرێت.(٣٣٨)

## ٩- خاتوو ئەیدت ئەشتر فیلد

ڕۆژنامەنووس و موژدەدەری مەسیحی بەڕەگەز ئەڵمانی (خانم ئەیدت ئەشتر فیلد)ی تەمەن (٧٤) ساڵ، کە لە ساڵی ١٩٩٩وە لەگەڵ مێردە موسڵمانەکەی (مەولود جاف) لە کوردستان دەژیت، کەلەپوور و مێژووی ئیسلامی خوێندووەتەوە، زۆربەی زۆری تەمەنیشی، شان بەشانی پیشەی ڕۆژنامەوانی، لە کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت تەرخان کردووە، دایکی کچێک و سێ کوڕە، کە هەرسێکیان قەشەن لە کەنیسەکانی ئەڵمانیا.

خانم (فیلد) لەڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٣/٣/٩ بۆ پەیامنێری (ئیسلام ئۆن لاین) باس لە

(٣٣٨) mszakki 2001us.jeeran com



هۆی موسڵمانبوونی خۆی دەکات و پێی باش بووە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ ڕایبگەیێنێت، تاوەکو ببێتە سەرەتای سەردەمێکی نوێ لەژیانیدا.

خانم (فیلد) ئاماژە بەوە دەدات کە یەکەم شت کە ئەوی بۆ لای ئیسلام ڕاکێشاوە، هاوسۆزی و بەزەییە کە لەنێو موسڵماناندا هەیە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی. هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە لە خوێندنەوەی ئیسلامدا بۆی دەرکەوتووە کە ئەو مرۆڤەی کە خوا هەڵیبژاردووە تا ببێتە پەیامبەری جیهانییان، پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار بووە، ئەمەشیان هۆیەکی تری موسڵمانبوونی بووە.

هەروەها دەڵێت: هۆکارێکی تری موسڵمانبوونم ئەوەبوو کە مرۆڤی موسڵمان بێ ئەوەی پەنا بباتە بەر کەسی سێهەم، ڕاستەوخۆ ڕوو لەخوا دەکات، کە لەمەسیحییەتدا وانییە.

خانم (فیلد) لە وەسیەتنامەکەیدا بۆ خزمانی لە ئەڵمانیا داوا دەکات لەدوای مردنی لەنێو گۆڕستانی موسڵمانان بینێژن.

هەروەها دەڵێت: لەو ڕۆژەوەی پێم ناوەتە خاکی کوردستان، خۆشم ویستووە و کوردستانی بە بەهەشتی خوا وەسف کرد.

خانم (فیلد) لە پەیمانگای باڵای ڕۆژنامەوانی ئەڵمانی دەرچووەو، وەکو ڕۆژنامەنووس لەدیارترین گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەڵمانی کاری کردووەو، چووەتە کەنیسەی پرۆتستانتی، دواتر لە کەنیسە ڕۆژئاواییەکاندا وەک موژدەدەر(مُبَشِّرة) کاری کردووە، هەروەها لە هەڵمەتی هاوکاریکردنی پەنابەرانی کورد و بۆسنەو هێرسک و باکوری ئەفریقا بەشداری کردووە.

خانم (فیلد) لە سەرەتای تەمەنیدا، بایەخێکی زۆری بەخوێندنەوەی مێژووی کەلەپووری ئیسلامی داوە، دواتر دانەیەکی لەڕاڤەی واتاکانی قورئانی پیرۆزی دەستکەوتووە و بە وردی خوێندوویەتەوە، هەروەها کتێبێکی تری سەبارەت بە داب و ڕەسمە ئیسلامییەکان بەزمانی ئەڵمانی خوێندووەتەوە، لە ئەنجامدا بەئیسلام سەرسام بووە، هەروەک چۆن هاوسەرە کوردە موسڵمانەکەشی (مەولود جاف) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ئاشناکردنی خانم (فیلد) بەئیسلام و هاندانی بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

خانم (فیلد) و(مەولود جاف) لە ساڵی ١٩٧٧ لەئەڵمانیا یەکتریان ناسیوە، لە ساڵی ١٩٩٩ لە یەکێک لە مزگەوتەکانی ئەڵمانیا گرێبەستی هاوسەرییان بەستووە، هەر لەهەمان

ساڵدا گەڕاونەتەوە بۆ كوردستان و بڕیاریان داوە بەیەكجاری بمێننەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ خانم (فیلد) بڕیاری موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند.(٣٣٩)

١٠- قەشە ئیبراهیم فیلوبوس

قەشە ئیبراهیم فیلوبوس بڕوانامەی ماستەری لە زانستی لاهوت لە زانكۆی (برنستونی) ئەمریكی وەرگرتووەو، كتێبەكانی (موحەمەد لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا) و كتێبی (مەسیح مرۆڤە نەک خودا) و (تەبشیر و ڕۆژهەڵاتناسی و پەیوەندییان بە ئیمپریالیزمی جیهانییەوە) و (ئیسرائیلی دوژمنی خۆت بناسە) و چەندین كتێبی تری داناوە.. پێشتر چاودێری كەنیسەی ئینجیلی و مامۆستای زانستی لاهوت بووە، دوای ئەوەی كە موسڵمان دەبێت، خەڵكێكی زۆر لەسەر دەستی موسڵمان دەبن، ناوبراو بەم شێوەیە چیرۆكی موسڵمانبوونی خۆی دەگێڕێتەوە: لە كۆنگرەیەكی تەبشیری بۆ قسەكردن داوەت كرام، منیش بەو شەک و گومانانەی كە دەستاو دەست لە دژی ئیسلام بۆمان مابوونەوە، بە دوور و درێژی قسەم كرد، دوای ئەوەی لە قسەكانم بوومەوە، دەستم كرد بە پرسیاركردن لە خۆم، من بۆچی ئەم قسانەم كرد؟ خۆ من دەزانم هەمووی درۆیەو من درۆ دەكەم؟

بەر لەوەی كۆنگرەكە تەواو بێت مۆڵەتم وەرگرت و بەتەنیا بەرەو ماڵ گەڕامەوە، لەناخەوە دووچاری شڵەژان بووبووم، ئەو شەوەم بەتەنیا لەكتێبخانە بەقورئان خوێندنەوە بردە سەر و بەدوور و درێژی لەسەر ئەم ئایەتە وەستام كە دەفەرموێت: لَوْ أَنزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ(٣٤٠)

هەر لەو شەوەدا بڕیاری ژیانی داهاتووم دا و موسڵمان بووم، پاشان منداڵەكانیشم منیان گرتەوە و موسڵمان بوون، ئەوەی لەهەمووشیان حەماسەتی زیاتر بوو، كوڕە گەورەكەم (ئوسامە) بوو، كە بڕوانامەی دكتۆرای لە فەلسەفە هەیەو لە زانكۆی (سوربون) لە بەشی (علم النفس) مامۆستایە.(٣٤١)

(٣٣٩) ماڵپەڕی bilalmaroc . jeeran. com . بە نەقل لە ماڵپەڕی (إسلام أون لاين نت).

(٣٤٠) سوره الحشر ٢١ .

(٣٤١) ڕۆژنامەی (القبس)ی كوێتی، ژمارە ١٥٤٠ .



١١- خاتوو ئیڤلین كۆبۆڵد Cobbold ١٨٦٨- ١٩٦٣ز

شاعیر و نووسەری ناوداری ئینگلیزی، نووسەری كتێبی (گەڕان بەدوای خودادا) و كتێبی (ئەخلاق) دەڵێت: زۆر سەختە ئەو كاتە دەسنیشان بكەم كە نووری ئیسلام لەبەر دەممدا گەشایەوە و وەكو دینی خۆم قبوڵم كرد، من پێم وایە هەر لە سەرەتای پێگەیشتنم موسڵمان بووم، چونكە ئیسلام دینی سروشتە كە هەموو كەسێک قبوڵی دەكات، ئەگەر واز لەخۆی بێنی و خۆی ئازاد بكات.(٣٤٢)

هەروەها دەڵێت: كاتێک بۆ یەكەم جار چوومە نێو مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) لەرزێكی زۆرم لێ پەیدابوو، نەعلەكانم لە پێ كرد و جێگایەكی تەنیام هەڵبژاردو نوێژی بەیانیم تیادا كرد، لە كاتێكدا غەرقی دونیایەک ببووم كە زیاتر لە خەون دەچوو... خودایە داوای ڕەحمەت و بەزەییت لێ دەكەین، ئەوە چ مرۆڤێكە دینی تەواوت پێ ناردووە و جۆرەها خێر و بێرت بۆ مرۆڤ لەگەڵیا ناردووە؟!.(٣٤٣)

هەروەها دەڵێت: ئیسلام بەتەواوی ماناوە، یاسایەكی گەورەو بێ كەم و كوڕی كۆمەڵایەتییەو، هەموو ئازادییەكی هێناوە و هەرگیزیش لەنێو ناچێت، چونكە بنەماكانی لەگەڵ پرەنسیپەكانی مەدەنیەت و پێشكەوتن و یاساكانی هزر و عەقڵ یەک دەگرنەوە.(٣٤٤)

١٢- خاتوو باربارا براون Barbara Brawn

خاتوو (بربارا براون) نووسەری ئەمریكی، یەكێكە لەو كەسانەی كە لە نەوەدەكانەوە باوەشی بۆ ئیسلام كردووەتەوەو، گەیشتووەتە ئاشتی لەگەڵ نەفسی خۆیداو، لاپەڕەیەكی پێچاوەتەوە كە ماوەی سی و حەوت ساڵی خایاندووەو، تێیدا سەبارەت بە خوداو ڕێگای ڕاستەقینەی پەرستنی ئەو خودایە لە گومان و گێژاودا ژیاوە، تاوەكو لە ساڵی ١٩٩١ توانیویەتی ئیسلام بدۆزێتەوە.

سەبارەت بە پێگەیشتنی وەكو مەسیحییەک و پاشان بوونی بە موسڵمان، خاتوو (بربارا براون) دەڵێت: من وەكو مەسیحییەک پێگەیشتووم و لە دامێنی تیرەی پرۆتستانت گەورە

(٣٤٢) الإسلام، دكتور أحمد چلبی، لاپەڕە، ٢٩٧ .

(٣٤٣) آفاق جديدة للدعوة الإسلامية في الغرب، أنور الجندي، لاپەڕە ٣٦٠ .

(٣٤٤) حقيقت اسلام در نظر ديگران، محمدعلي بروجردي كاظميني، تهران، كتابفروشي بوذرجمهري مصطفوي، چاپ اول، ١٣٤١ ه. ش لاپەڕە ٣٦ .

بووم، کە بە(بیروباوەڕی مەسیحی چاکسازی) دەناسرێت، سەرەڕای پاشخانی ئاینی کە بریتی بوو: لە هەموو ڕۆژێکدا دوو جار نوێژکردن لە کەنیسە، هەروەها ڕۆژەکانی یەکشەممەو پشوو، ڕێنمایی تایبەتی مەسیحییەکان ڕۆژی یەکشەمە، قوتابخانەی هاوینە بۆخوێندنی کتێبی پیرۆزو، سەربازگەی ئاینی و چەندین وانەی بیروباوەڕی کەنیسەیی و...، بینیم سەبارەت بە بنەماکانی بیروباوەڕی خۆم ڕووبەڕووی چەندین پرسیاری جۆراوجۆر دەبمەوە، کە نەهیچ کەسێک و نەهیچ شێوازێکی خوێندن ناتوانن وەڵامیان بدەنەوە، بەڵێ ماوەی سی و حەوتساڵ سەبارەت بە خوداو ڕێگای راستەقینەی پەرستنی ئەو خودایە لەگومان و گێژاودا ژیام، تاوەکو لە ساڵی ١٩٩١ توانیم ئیسلام بدۆزمەوە.

نووسەری ئەمریکی هەروا درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: کێشەی (عاصفة الصحراء) لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە گەرمەدا بوو، سەرەڕای کتێبەکانی ستراتیژی جەنگ و چەک، کتێبخانەی گەڕەک هەندێ کتێبی بچووک بە ناوونیشانی (تێگەیشتن لە ئیسلام)ی تێدا بوو، منیش وەکو خۆ تێهەڵقورتاندنێک هەندێ لاپەڕەکانیانم هەڵدایەوە، بەلاّم ئەم خۆ تێ هەڵقورتاندنە گۆڕاو بوو بەهۆی سەرسامبوونم، کاتێک بینیم ئیسلام وەلاّمی هەموو ئەو پرسیارانەم ئەداتەوە کە ساڵانێک بوو منیان دووچاری گێژاو و سەرسوڕمان کردبوو، لە کۆتاییشدا موسڵمان بووم و گەیشتمە ئەو ئامانجەی کە بەدوایدا دەگەڕام، کە بریتی بوو لە ئاشتی ناوەخۆ سەبارەت بە پەیوەندیم لەگەڵ خودادا.

هەرچەندە خوای گەورە ئیمکانیەتی ئەوەی پێ داوە کە گوزارشت لە خۆی و بیروباوەڕی خۆی بکات و بیانخاتە سەر کاغەز، بەلاّم ئەو هەوڵ دەدات قسە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کە بەدەست ئەو کێشانەوە دەناڵێنن . تەنیا ئومێدیش کە ئەو هەیەتی ئەوەیە هەروەکو خۆی دەڵێت: من لەوانەیە بتوانم هەندێ وەلاّمیان ڕووبەڕوو بکەمەوە، بەلاّم ئەو ماددەیەی کە من پێشکەشیان دەکەم لەوانەیە بۆ هەندێ کەس مایەی سەرسوڕمان بێت، لەوانەیە هەندێکی تریشیان تووشی شۆک بکات کە دەیخوێننەوە، بەلاّم گەڕان بەدوای حەقیقەتدا ئاسان نییە، بەتایبەتیش لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو بیروباوەڕەدا کە ماوەیەکی زۆرە خەڵک باوەشیان بۆ کردووەتەوە.

من لەم بارەیەوە دەستم بەکار کردووە، ئەویش بە نووسینی هەندێ وتار، کە دیارترینیان بریتین لە:

١- سی لە یەکدا: خوێندنەوەیەکی بیروباوەڕی مەسیحییە سەبارەت بە (تثلیپ)، کە لە



سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن قوتابخانەی شیکاگۆی ئازاد چاپ کراوە.

٢- وتارێک بەناوی (ڕوانینێکی لە نزیکەوە، بۆ دیانەتی مەسیحی) کە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە ببروباوەڕی مەسیحی.

٣- وتارێک بەناوی (حاڵەتێک لە گەندەڵی) کە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە تەحریفکردنی دەق لە کتێبی پیرۆزدا .

لە ئاداری ساڵی ١٩٩٣ (بربارا براون) دەست دەکات بە کۆکردنەوەی وتارەکانی و لێ زیادکردنی هەندێ لێکۆڵینەوە و، لە ساڵی ١٩٩٣ لە کتێبێکدا بە ئینگلیزی لە ژێر ناوی (a closer look at christalanity) چاپی دەکات و لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ سەر زمانی عەرەبی بەناوی (ڕوانینێکی لە نزیکەوە بۆ مەسیحییەت) وەرگێڕدرا .

هەروەها دەڵێت: لە پەیوەندی بەخوداوە ئێمە دەبێت لەگەڵ دەروونی خۆمان ئاشت بینەوە، ئەمەیان بەساکاری ئەو بیرۆکەیەیە لەپشت هەمووی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی مندا .

بەم ڕستەیە (بربارا براون) پێشەکی کتێبی نێوبراوی خۆی دەنووسی و دەڵێت: زۆرێک لەئێمە ژیانی خۆی بەسەر دەبات و شتەکان چۆنن پێی ڕازی دەبێت، با واز لەو پرسیارە بچووکانەش بێنین کە لە مێشک و هزری ئێمەدا دێن و دەڕۆن سەبارەت بەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەدینەوە هەیەو داوای وەلاّممان لێ دەکەن، بەڵێ ئێمە دەتوانین بەم شێوەیە گەشتی ژیان بەردەوام بکەین، بەلاّم هەرگیز ناتوانین بگەینە حاڵەتی ئاشتی ناوەخۆ.

هەندێکیشمان، نامانەوێت شتەکان تەنیا بە ڕووکەش وەربگرین، بەڵکو بەگەرمی بەدوای وەلاّمی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێین کە لەگەشتی ژیاندا بەرۆکمان دەگرن، بۆیە ئێمە بیروباوەڕی باب و باپیرانمان دەخەینە بەر پرسیار و لێکۆڵینەوە و ئامادە نین کوێرکوێرانە قبوڵی بکەین، گرتنە بەری ئەم ڕێگەیەش وا ئاسان نییە، بەلاّم وەرگرتنی پاداشت ئەم ڕێگەیەمان لەبەردەمدا ئاسان دەکات.

نووسەری موسڵمانبوو بەو ڕستەیە کۆتایی بە پێشەکی کتێبەکەی دێنێ و دەڵێت : من ئومێدم وایە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، خوێنەر ئەو ماوەیەی بۆ بڕەخسێ کە ئەو گۆشە نیگایەم ببینی کە سەبارەت بە مەسیحییەت بۆم دەرکەوتووە و لێی تێ گەیشتووم.

بەم بڕوا بەخۆبوونە گەورەیەو بەم ئومێدە گەشە (بربارا براون) دەکەوێتە نێو چەندین کێشەو مەسەلەی گرینگ و هەستیار، سەبارەت بە بیروباوەڕەکانی مەسیحییەت، لە

سەرەتادا ئەم ناوونیشانە دەخاتە بەرچاومان (میثاق یصیبە الانحراف– پەیمانێک کە لادانی تووش بووە)، کە تێیدا تیشکێکی خێرا بەڵام ڕوونکەرەوە دەخاتە سەر قۆناغی ئاشکرابوونی مەسیح و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی بە تەواوی لە پەیامی ڕاستەقینەی مەسیح بگەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەر لەهاتنی مەسیح، تاوەکو بزانین لە بنەڕەتدا بۆچی مەسیح ڕەوانە کراوە؟

نووسەر ڕوونی دەکاتەوە کە جارێکی تریش یەهودییەت سەبارەت بە یەکتاپەرستی دووچاری لادان بووە، بەڵام لادانی ئەم جارەی لەژێر چەندین پەردەی ئەستووری داب و ڕەسمی ئاینی سەختدا شاردووەتەوە، ئەمەیان ئەو بارودۆخە بوو کە جیهان تێیدا دەژیا، لەوکاتەی کە مەسیح پەیامی خۆی لەخوا وەرگرت.

سەبارەت بەو گۆڕانکاری و دەسکارییەش کە لەناکاو کەوتە نێو پەیامی ئاسمانی مەسیح، نووسەر دەڵێت: لەو کاتەدا بوو کە دوای ساڵانێکی زۆر کورت لە چوونی مەسیح، کەسێکی ئامۆژگار هاتە سەر سەکۆو بانگەشەی ئەوەی کرد کە بەناوی مەسیحەوە قسە دەکات، ئەو کەسەش ئەو گەنجە یەهودییە بوو کە ناوی (شاؤول)ـەو لەدایکبووی (طرطوس)ـەو، ئەندامە لە دەستەیەکی یەهودی بەناوی (فریسی)، کە ناسراوە بەوەی کە کوێرکوێرانە، خۆی بەداب و نەریتی ئاینییەوە دەبەستێتەوە..

هەرچەندە دیانەتی مەسیحی ناوی خۆی لە ناوی عیسای مەسیح وەرگرتووە، بەڵام (شاؤول) کە دواتر ناوی خۆی گۆڕی بۆ (بولص) ئەبێت بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی مەسیحییەت بزانرێت، مەسیحییەکانیش ئینکاری ئەو ڕاستییە ناکەن، بەڵام کێشەیەکی یەکجار گەورە لە مەسەلەکەدا هەیە، چونکە لە هیچ کام لە ڕێنماییەکانی عیساو ڕێنماییەکانی پێغەمبەرانی بەر لەئەو ناتوانین ڕێنماییەکانی (بولص)، بدۆزرێنەوە. چونکە (بولص) خۆی ئەوەندە پەیوەندی لەگەڵ (حەواری)یە ڕاستەقینەکانی عیسادا نەبووە، کە بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی بکەن، ئەوان هیچ کاتێک هاوڕا نەبوون لەگەڵ ڕێنماییەکانی (بولص) و لە هەر شوێنێکیشدا بۆیان کرابێت ئەمەیان ڕاگەیاندووە.

لە کۆتاییدا دەڵێت: بەهەرحاڵ ئەو جۆرە مەسیحییەتەی کە (بولص) بانگەوازی بۆ دەکرد، بەهۆی کەسایەتی سیحراوی خۆیەوە سەرکەوتنێکی زۆر باشی بەدەست هێنا، بێجگە لەمەش خۆی و یاوەرانی توانیان لە زۆر شتدا بەسەر (حەواری)یەکانی عیسادا سەرکەون، وەکو پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، سەروەت و سامان و خوێندن، بۆیەش خەڵکێکی زۆری



لەغەیرە یەهودییەکان لەخۆ کۆکردەوە..

پاشان نووسەر پێوەدەچێت و لەنزیکەوە سەیری هەموو ئەو بیدعەتانە دەکات کە (بولص) خستوویەتە نێو ئاینی مەسیحییەت، وەکو: (تثلیث) و(خطیئة) و خوایەتی عیسا و مردن و ڕزگار بوونی و..هتد.

لەکۆتاییدا دەڵێت: ئیسلام دینی ڕاستەقینەیە، چونکە دینێکی ئاسان و ساکارەو لەژێر چەندین گرێ کوێرەی نادیار و بیر و باوەڕی نالۆژیکیدا نەشاردراوەتەوە، لە ئیسلامدا هیچ کام لە (کەهەنووت) و(قدیس)و (قرابین)، پیرۆز نین و (لاهوت) لە ئیسلامدا هیچ شوێنێکی نییە، چونکە ئیسلام ڕێگەی ژیانە، نەک کۆمەڵێک وتار و وشە.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام تەنیا ڕێگە چارەی سەرکەوتنەو، زوو یان درەنگ مرۆڤایەتی ناچارە بۆی بگەڕێتەوە و لەباوەشی بگرێت.[٣٤٥]

## ١٣– براین هویت

مۆسیقا ژەنی بەریتانی (براین هویت) لەژیانێکی ئاساییدا دەژیا، تاوەکو ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی لەو ناوچەیەی کە ئەو تێیدا دەژیا، بڵاوی کردەوە کە (براین هویت دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا)، ئەمەش گۆڕانکاری گەورەی لە ژیانی (براین)دا دروست کردو، ژیانی نائاسایی (براین) لەوێوە دەستی پێکردو لە ساڵی ١٩٨١ بڕیاری دا وەکو دەیان هەزار بەریتانی تر موسڵمان ببێت و ژیانی پڕ لەهات و هەرای مۆسیقا بەجی بهێڵێت، چونکە (هویت) مۆسیقا ژەنێکی بەتوانا بوو لە تیپێکی سەربازیدا، هەروەکو چۆن وازی لە ئەرکی خۆی هێنا لە کارگەی (تەئمین)، ئەمەش هەر بۆئەوەی زیاتر کات وەرگرێت بۆ خودا پەرستی و زیاد کردنی زانیارییەکانی سەبارەت بە ئیسلام.

(هویت) کە لە (ثورث شیلدز) لەدایک بووە، وەسفی خۆی دەکات و دەڵێت: بەر لە موسڵمان بوونم مرۆڤێکی ڕەگەز پەرست و دەمارگیر بووم، تەنیا ئیسلام بوو فێرە لێبووردەیی و سۆزو خۆشەویستی کردم لەنێوان خەڵکداو، شەڕی توندڕەوی و دڵڕەقی و خۆشنەویستنی لێ دوورکردمەوە.

هەروەها دەڵێت: لەو بڕوایەدام کە بەهۆی ڕەگەزپەرستیمەوە، ماوەی (٢١) ساڵ جگە لە کەسانی سپی پێست قسەم لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا نەکردووە، چونکە من کەسێکی

(٣٤٥) ماڵپەڕی: bilalmaroc.jeeran. com بەنەقل لە کتێبی ( الاسلام والغرب الوجه الآخر) حسن سعید.

لەخۆبایی بووم و زیاتر لە پێویست شانازیم بە ڕەنگی پێستەکەمەوە دەکردو، لە ژیانێکی پاک و شاهانەدا دەژیام ، وەکو هەر کوڕێکی باکوری بەریتانیا خەمخۆریم لە پیشەکەی خۆم دەکردو، من وام دەزانی دونیا لە شاری (میدلسبرە)ی بەریتانی کە لەوی پێگەیشتبووم کۆتایی پێ دێت. (هویت) زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: وەکو مۆسیقاژەنێکی شارەزا لەگەڵ تیپێکی سەربازیدا، بەشداریم لە ئەدای مۆسیقا لەگەڵ تیپێکی ناسراوی گۆرانیدا دەکرد، هەروەها باس دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ تیپی (ستینگ)ی مۆسیقی لەیەکێک لە ئاهەنگەکان لە هۆڵی (البرت) لە لەندەن مۆسقای ژەنیوە، کە ئەم ئاهەنگە لەپێشبڕکێدا بە باشترین تیپی گۆرانی لەسەر ئاستی نیشتیمانی دەسنیشان کرا. دوای بەشداریکردن لەم ئاهەنگە،(هویت) بۆ ژوهانسبۆرگ لە باشووری ئەفریقا سەفەر دەکات، بۆ بینینی (عبدە)ی هاوسەری دواڕۆژی، ئا لێرەوە گەشتە ئیمانییەکەی دەست پێدەکات، چونکە لە شاری ژوهانسبۆرگ سەردانی یەکێک لە مزگەوتەکانی شار دەکات و دەبینی لە هەر ڕەگەزو ڕەنگێک پێکەوە وەستاون و نوێژ دەکەن.(هویت) دەڵێت: کاتێک ئەم دیمەنە پڕ شکۆ و گەورەیەم بینی، لەخۆم پرسی: ئایا حەقیقەتی ئیسلام چییە؟ ئەو دینەی کە توانیویەتی لە باکوری ئەفریقا ڕەگەزو ڕەنگەکانی هەموو شوێنێک پێکەوە کۆ بکاتەوە؟ بۆیە کاتێک گەڕامەوە بەریتانیا، زۆر تامەزرۆ بووم کە سەبارەت بەئیسلام بخوێنمەوە و لێی ئاگادار بم. (هویت) دەڵێت: ئەو دیمەنەی کە لە مزگەوتەکەی ژۆهانسبۆرگم بینی، زۆر کاری تێکردم، چونکە نوێژکەران سەرەڕای جیاوازی ڕەگەزو ڕەنگیان، لە شوێنێک کۆ ببوونەوە بۆ پەرستنی خودای گەورە، لەدڵی خۆمدا گوتم: بێگومان دەبێت نهێنییەکی زۆر گەورە لەم ئاینەدا هەبێت کە توانیویەتی ئەوانە لەسەر خۆشەویستی خوداو پێغەمبەری خودا کۆ بکاتەوە و جیاوازییەکانیان وەلا بنێن.

دوای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ لەم دینە، بڕیارم دا موسڵمان ببم و ئیسلامەتی خۆم ئاشکرا بکەم، هەر لەو کاتدا هەستم بە ئاسوودەیی و بەختەوەرییەکی زۆر کرد، چونکە خوای گەورە منی هیدایەت دا بۆ ئەو بڕیارە تایبەتەی خۆم کە ئیسلام بگرمە باوەش. بە پەلە کەرەستەکانی مۆسیقام دایە لایەک و وازم لە خواردنەوەی عەرەق و چوونی حانوت و شەوانی بێ بەندوباری هێنا. شایانی باسە: ژیانی نوێی دوای موسڵمان بوونم هەروا ئاسان نەبوو، چونکە باوکم لەم بڕیارەی من ڕازی نەبوو.(هویت) دەڵێت: کاتێک باوکم بڕیارەکەی منی زانی کە موسڵمان بووم زۆر پێی دڵگران بوو، چونکە ئەو بڕوای وابوو کە بوومەتە کەسێکی پاکستانی، نەک موسڵمانێکی بەریتانی، چونکە ئەو بڕوای وابوو کە



هەرکەسێکی بەریتانی موسڵمان دەبێت، دەیەوێت ببێتە کەسێکی پاکستانی، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئیسلام ئاینی هەموو مرۆڤێکە، پاکستانی، بەریتانی و هەموویان لای خودا یەکسانن و هیچ کەسێک لە کەسێک گەورەتر نییە تەنیا بەتەقوای خوا نەبێت، لە کۆتاییدا من و باوکم ڕێککەوتین کە هیچ کاتێک ڕێک نەکەوین سەبارەت بەو بڕیارەی خۆم.

شایانی باسە (هویت) ئێستا لە باکوری لەندەن دەژیت و پێشتر بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکو یاریدەدەری بانگخوازی ئیسلامی (یوسف ئیسلام) کە ناوی ڕاستەقینەی (کات ستیڤن)ـەو پێشتر گۆرانیبێژێکی ناودار بووە و دواتر موسڵمان بووە، کاری کردووە.[٣٤٦]

## ١٤- پرۆفیسۆر بروسو یوشادی کروزای

بەڕێوەبەری ڕوانگەی فەلەکی لە تۆکیۆ، دوای ئەوەی کە سەردانی سعودیە دەکات و لە زانکۆی (شا عبدالعزیز) کە خەڵکێکی زۆر لە پسپۆڕ و شارەزایانی زانستی فەلەکی و جیۆلۆجی ئامادەی دەبن، دوای ئەوەی ناوەڕۆکی قورئان سەبارەت بەزانستی فەلەکی و هەندێ شتی تر لە ڕاستییەکانی بوونەوەر لەلایەن زانایانی موسڵمانەوە بۆی باس دەکرێت و دوای لێ وردبوونەوەی قووڵ موسڵمان دەبێت و بەدەستی خۆی دەنووسی : دوای ئەوەی کە هاتمە ئێرە، بینیم زۆر حەقیقەتی زانستی لەقورئاندا هەیە، کەون و هەرچی لە کەوندا هەیە هەمووی لە بەرزترین خاڵەوە لە قورئاندا ڕاڤە کراوەو، هەرچی تێیدا هاتووە مرۆڤ لێی تێدەگات، بۆیەش موسڵمانەتی خۆم ڕادەگەیێنم.[٣٤٧]

هەروەها دەڵێت: من هیچ گرفتێک نابینم لە قبوڵکردنی قورئان وەکو کەلامی خودا، چونکە وەسفەکانی کۆرپەلە لە قورئاندا، ناکرێت لەسەر بناغەی زانستی سەدەی حەوتەم بنیات نرابن، تەنیا ئەنجامی مەعقولیش ئەوەیە کە ئەم وەسفانە لەلایەن خواوە بۆ محەمەد (د. خ) نێردراون.[٣٤٨]

(٣٤٦) ماڵپەڕی: bilalmaroc.jeeran. com

(٣٤٧) موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة المطهرة، يوسف الحاج احمد، چاپی دووەم، لاپەڕە ٣٢٥ .

(٣٤٨) ماڵپەڕی majdah .maktoob. com

## ١٥- دكتور بنوا

(دكتور بنوا) پزیشکی فەرەنسی باس لەچۆنیەتی موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: هۆکاری سەرەکی موسڵمانبوونم تەنیا قورئانە، بەر لەوەی موسڵمان ببم، بڕوام بە بەشی یەکەمی هەردوو شەهادە هەبوو، کە بریتییە لە¤لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ' ، چونکە هەستی سروشتیم بەرامبەر بەتاک و تەنیای خودا، ڕێگەی مەبدەئی (ثالث ثلاثة)، یان بڕوابوون بە توانای مرۆڤ لەسەر لێبوردنی گوناهی لێ گرتبووم، هەروەکو چۆن بەهیچ شێوەیەک بڕوام بەمەسەلەی ئەو نانە پیرۆزە نەبوو کە گوایە لە جەستەی مەسیحە سەلامی خوای لێ بێت، دوای ئەوەی بە تێرامان و بیرکردنەوەی کەسێک کە بەدوای نوێترین ڕووداوی زانستیدا بگەڕێت قورئانم خوێندەوە، بەس بوو بۆ ئەوەی بڕوا بە بەشی دووەمی شەهادە بێنم کە بریتییە لە¤مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ).(٣٤٩)

هەروەها دەڵێت: ئەوەی زۆر لە مەزهەبی کاسۆلیکی دووری خستمەوە، گرنگی نەدانیان بوو بە مەسەلەی پاک و خاوێنی بەر لەنوێژ.(٣٥٠)

## ١٦- پرۆفیسۆر تاجاتات تاجاسۆن

سەرۆکی بەشی زانستی لەزانکۆی (شیانک می)ی تایلەندی: پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر (تاجاتات تاجاسۆن) لەو کاتەوە دەستی پێکرد، کاتێک کە هەندێ ئایەتی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەرمان پێشان دا کە پەیوەندییان بە بواری پسپۆری ئەوەوە هەبوو لەزانستی توێکاری، دوای ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە گوتی: لای ئێمەش هەروایە، لە پەرتووکە پیرۆزەکانی ئاینی (بوزی)شدا، وەسفی کۆرپەڵە لە قۆناغە جیاجیاکاندا هاتووە.

گوتمان: زۆر حەز دەکەین لەمیانەی چاوپێکەوتنی ئایندەمان، لەسەر هەندێ لەو بابەتانە بوەستین کە لەو پەرتووکە پیرۆزانەدا هاتوون.

لە ساڵی ئایندەدا لەکاتی وەرگرتنی ئەزموونەکانی قوتابیانی دەرەوە لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی (شا عبدالعزیز) بینیمان، داوای ئەو زانیارییانەمان لێ کرد کە بەڵێنی پێ

(٣٤٩) موسوعه مقدمات العلوم والمناهج، أنور الجندی لاپەڕە ٨٩ .

(٣٥٠) آفاق جديدة للدعوة، أنور الجندی، لاپەڕە ١٦١ .



دابووین پێشانمان بدات، بەڵام وەکو ئەمانەتێکی زانستی کە شایانی ڕێزە، وەڵامی دایەوە و گوتی: داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، من هەر بەو زانیارییانەی کە لەخەڵکەوە گوێ بیستیان ببووم، بێ ئەوەی لێیان پشتڕاست بم وەڵامی ئێوەم دایەوە، دوای ئەوەی بۆ ئەو کتێبانە گەڕامەوە، هیچ شتێکم دەربارەی ئەو بابەتە تیایاندا نەدۆزییەوە.

لەوکاتەدا کۆڕێکمان پێشان دا کە پرۆفیسۆر(کیث مور) مامۆستای زانستی توێکاری لەزانکۆی (تۆرنتۆ)ی کەنەدی لەژێر ناوی (بەراوردکردنی زانستی کۆرپەڵە لەگەڵ ئەوەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە) ئامادەی کردبوو.

لێمان پرسی: ئایا پرۆفیسۆر (کیث مور) دەناسی؟

گوتی: بێگومان، یەکێکە لەگەورە زانایانی ناوداری ئەم بوارەو مەرجەعێکی جیهانییە، من سەرم سوڕماوە لەوەی کە لەو (محاضره)یەدا تۆماری کردووە.

پاشان هەر سەبارەت بەبواری پسپۆری خۆی زۆر پرسیاری ترمان ئاراستە کرد، لەنێویاندا ئەو پرسیارەمان لێ کرد: ئایا هیچ قۆناغێک هەیە کە تێیدا مرۆڤ هەست بە ئازاری سووتان نەکات؟

لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ ئەگەر سووتانەکە زۆر قووڵ بێ و توانیبێتی ئەندامەکانی هەست کردن بەئازار لەنێو ببات.

گوتمان: زۆر باشە، ئەی ڕات بەرامبەر بەو ڕاستییە چییە کە قورئان لەمێژووی هاتنە خوارەوەی بۆ سەر محەمەد (د. خ)و بۆ زیاتر لە هەزار و چوار سەد ساڵ بەر لەئێستا ئەو حەقیقەتە زانستییەی باس کردووە؟ کاتێک باس لەشێوازی سزادانی بێ بڕواکان دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت:¤إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَاراً كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُوداً غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ الْعَذَابَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَزِيزاً حَكِيماً' (٣٥١)

لێرەدا قورئان باس لەوە دەکات کاتێک پێستەکە دەسووتێ، خوای گەورە پێستێکی نوێیان بۆ دروست دەکاتەوە، بۆئەوەی سەر لەنوێ هەست بە ئازار بکەن، ئەوەی تۆش باسی دەکەی قورئان پشتڕاستی کردووەتەوە کە ئەو دەمارانەی کە وا لە مرۆڤ دەکەن هەست بە ئازار بکات لەنێو پێستدان؟

لەوەڵامدا گوتی: بەڕاستی ئەمەیان جێگەی سەرسوڕمانە، ئەم زانیارییانە زۆر نوێن و من

(٣٥١) سورە النساء ئایەتی ٥٦ .

نازانم قورئانەکەتان چۆن باسی کردووە؟

پرسیارمان لێ کرد: ئایا پێت وایە محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری ئیسلام ئەم زانیارییانەی لە مرۆڤێکەوە دەست خستبێت؟

وەڵام: بێگومان نەخێر، چونکە زانست و زانیارییەکانی مرۆڤ لەو کاتدا ئەوەندەی برِ نەکردبوو.

پرسیار: ئەی پێت وایە ئەو چۆنی زانیوە؟

وەڵام: من گومانم لانییە کە سەرچاوەی ئەو زانستە مرۆڤ نەبووە، بەڵام من پرسیارتان لێ دەکەم، لەکوێ ئەو زانیارییە وردانەی هێناوە؟

لەوەڵامدا گوتم : لەلایەن خواوە.

گوتی: خوا، خوا کێیە؟

دوای ئەوەی مەفهوومی وشەی (الله)مان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بۆ شی کردەوە، زۆر پێی خۆشحاڵ بوو، دواتر گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی و چەندین کۆڕی لەو بارەوە پێشکەش کرد، تاوەکو وادەی کۆنگرەی هەشتی پزیشکی لە سعودیە هات، لە سالۆنێکی گەورە کە تایبەت بوو بە(إعجاز)ی زانستی لە قورئانداو، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ درێژەی کێشا، لەو بارەوە گوێ بیستی هەندێ زانای غەیرە موسڵمان بوو کە سەبارەت بەدیاردەی (إعجاز)ی زانستی، (محاضرە)کانیان پێشکەش دەکەن، لە کۆتایی دانیشتنەکاندا پرۆفیسۆر (تاجاتات تاجاسۆن) گوتی: دوای ئەو گەشتە خۆش و جوانە، من بڕوام هێنا کەهەرچی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، دەکرێت بە بەڵگەو، پێویستە بەڕێگای دام و دەزگای نوێی زانستی، ڕاستی و دروستییان بسەلمێنین، جا لەبەر ئەوەی محەمەد (د. خ)ی پێغەمبەری ئیسلام، کەسێکی نەخوێندەوار بووە، بێگومان زانیارییەکانی بەڕێگای (وحی) لە ئافەریدەی زانا وەرگرتووە، بە بڕوای من کاتی ئەوە هاتووە بڵێم: (أشهد أن لا اله الا الله وأن محمدا رسول الله). بەڵێ بەم شێوەیە پرۆفیسۆر (تاجاتات تاجاسۆن)موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند.[٣٥٢]

### ١٧- دکتور توفیان تیوفا نوفا

ڕۆژهەڵاتناسی بولگاری کە دواتر موسڵمان بوو، لە گفتوگۆیەکی دوور و درێژدا لەگەڵ

(٣٥٢) bilalmaroc. jeeran. com بەنەقل لە کتێبی (الذين هدى الله) دکتور زغلول النجار.



(محمد بیومی) لە بەرواری ٢٠٠٤/١٢/٢٣ زۆر لەبابەت و مەسەلەی هەستیار باس دەکات و دەڵێت: بوڵگاریا یەکێکە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و، یەکێکە لە وڵاتانی بەلکان کە لەکۆتایی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا، کەوتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان و بۆ زیاتر لەپێنج سەدەو نیو موسڵمانان فەرمانڕەواییان تێدا کرد، لەو ماوەیەدا ناسنامەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەوێ ڕەگی داکوتا، هەروەک چۆن دامەزراوە ئیسلامییەکان لە سەرانسەری ئەم وڵاتە بڵاو بوونەوە، تەنانەت ژمارەی مزگەوتە گەورەکان لە (١٢٠٠) مزگەوت تێپەڕی ، ژمارەی خوێندنگاو کتێبخانە ئیسلامییەکانیش هاوشێوەی ژمارەی مزگەوتەکان بوو، کتێبە ئیسلامییەکان لە هەموو کتێبەکانی تر برەویان زیاتر بوو، دامەزراوە بانگخوازی و فێرکارییەکانیش دەستیان بەچالاکی کردبوو بۆ گەیاندنی ئاینی بێگەردی ئیسلام بەهەموو دانیشتوانی بوڵگاریاو وڵاتانی دراوسێی وەک: ڕۆمانیاو یوگوسلافیای پێشوو..

(محمد بیومی) دەپرسێت: ژمارەیەک ڕۆژهەڵاتناس بەویستی خۆیان موسڵمان بوون، وەک: (گارودی) و (هوفمان) و هەندێکی تر .. هەشیانە هەر لەسەر ئاینەکەی خۆیان ماونەتەوە، بەڵام بەرگرییەکی تەواویان لە ئیسلام کردووە وەک: ڕۆژهەڵاتناسی مەجەری (روبرت سیمون) و ڕۆژهەڵاتناسی ئیسپانی (سیمون هایک) و هەندێکی تر، ئایا فاکتەرەکانی موسڵمانبوونی ئێوە چین؟

وەڵامی دکتور توفیان: لەڕاستیدا ماوەیەکی دوور و درێژە خەریکی خوێندنەوەم سەبارەت بەئیسلام و زوبانی عەرەبی، چونکە من دەرچووی زوبانی عەرەبیم لەزانکۆی بەغدا، دواتر پەیوەندیم بە زانکۆی قاهیرەوە کردووە بۆ خوێندنی زوبانی عەرەبی، لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕوسیا نامەی دکتۆرام وەرگرتووە، ئێستاش وەک مامۆستای خوێندنی ئیسلامی لە زانکۆی (صۆفیا) لە بولگاریا دەست بەکارم و مامۆستای پەیمانگای ئیسلامیشم لەوێ و ئەندامم لە کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسە ئەمریکییەکان، هەروەها ئەندامم لە کۆمەڵەی (توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەریتانی) و ئەندامی یەکێتی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپیم، ئەمەش وای لێ کردم کۆمەڵێک کتێب لەبارەی شارستانیەتی ئیسلامی و عەرەبی دەربکەم.

هەروەها دەڵێت: لە ڕاستیدا تێبینی ئەوەم کردووە کە هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان نابابەتییانە دەڕواننە مەسەلەکان و تانە لە ئیسلام دەدەن و تانەو تەشەرەکانیشیان لە قورئانی پیرۆزدا چڕ کردووەتەوە و دەڵێن: قورئان دەسکردی مرۆڤە و وتەی خوا نییە،

هەروەک چۆن تانە لە ئایەتەکانی مەککی و مەدەنی دەدەن و، تەنانەت نکوڵی لە حەقیقەتی وەحی دەکەن، ئەمانەو هەندێ بوختانی تر کە کردوویانەتە بنێشتە خۆشەی هەمیشەییان و لە گۆڕەپانی زانستیدا دەیجوێنەوە.. بەڵام من و هەر ڕۆژهەڵاتناسێک کە بابەتییانە دەڕوانینە مەسەلەکان، ئەو ڕێچکە ڕۆژهەڵاتناسییە کە وێنەی ڕۆژهەڵاتناسی بابەتی دەشێوێنێت و بێ پاساو تانە لەئیسلام دەدات، ڕەت دەکەینەوە.

من لێرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ڕۆژهەڵاتناسی هەمووی بۆ ئیسلام و موسڵمانان خراپ نییە، ڕاستە هەڵەیەکی زۆر لەو تەرجومانەدا هەیە کە هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ واتاکانی قورئان کردوویانە، بەڵام پێویستە جیاوازی بخەینە نێوان هەڵەی بەئەنقەست و هەڵەی بێ مەبەست، خۆ ئەوانەی هەر لەخۆوە هەڵە دەکەن هەمیشە لەئەنجامی ناشارەزاییانە لە زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانی پیرۆزەو لە ئەنجامی تێنەگەیشتنیانە لە واتاکانی قورئانی پیرۆز، خۆشم هەندێ جار لە توێژینەوەکانمدا هەڵە دەکەم، بەڵام هەڵەی بێ مەبەست، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە، کە هەر ڕۆژهەڵاتناسێک بە قەدەر خۆی لە ئیسلام و شارستانییەتەکەی گەیشتووە و هەر ڕۆژهەڵاتناسێک لەم بوارەدا شارەزایی خۆی هەیە، من سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە بەهاوکاری و پشتیوانی ئەو توانیم واتاکانی قورئانی پیرۆز وەرگێڕمە سەر زمانی بوڵگاری، کە لەو وەرگێڕانەدا هەوڵم داوە بەوردی واتاکانی لێک بدەمەوە، ئەمەش وای کرد کە خانەی گشتی فەتوا لە بوڵگاریا پەسەندی بکات و بەسەر ژمارەیەکی زۆری دامەزراوە ئیسلامییەکان و، ژمارەیەکی بەرچاو لە موسڵماندا دابەشی بکات، لەسەرووشیانەوە مزگەوتەکان، هەر لێرەوە دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئیسلام مەترسی نییە لەسەر خەڵکانی ترو..ئێمە لەبەردەم چەند ڕاستییەکی گرینگ داین و لە هەمووشیان گرینگتر ئەوەیە، کە ئەوروپا سوودێکی زۆری لەدەسکەوت و بەخششەکانی ڕۆشنبیری و زانستی و شارستانیەتی ئیسلامیی موسڵمانان وەرگرتووە، لە بواری پزیشکی و دەرمانسازی و ماتماتیک و فەلەکناسی و دەسکەوتەکانی تر، کە موسڵمانان ئەو شانازییەیان هەیە کە دەستپێشخەر بوونە تیایاندا، ئەو ڕاستییەش کە نابێت نکوڵی لێ بکرێت ئەوەیە کە شارستانیەتی ئەوروپی لەسەر کۆڵەگەکانی شارستانیەتی ئیسلامی ڕاوەستاوە، کەواتە بناغەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا، لەسەر شارستانیەتی ئیسلام و موسڵمانان دامەزراوە.



**ڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسی**

پرسیار: دوای ئەوەی موسڵمان بوویت، دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان چۆن دەڕواننە بەڕێزتان و؟ بەڕێزتان چۆن دەڕواننە ئەم دامەزراوانەو ڕیچکەو ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسان؟

وەڵام: هەروەک پێشتر باسم کرد، هەندێ ڕۆژهەڵاتناس هەن، تانە لە ئیسلام دەدەن، ئەویش بەهۆی دروستکردنی گومان لە ناوەرۆکی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و حەقیقەتی (وەحی)..هتد، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قورئان (وەحی) نییەو لەلایەن خواوە نەهاتووە، بەڵکو وتەی مرۆڤە، ئەمەو چەندین بوختان و قسەی پڕوپووچی تر... بێگومان ئەم ڕێبازە ڕۆژهەڵاتناسییە ڕێبازێکی هەڵەیەو ئاکامێکی ڕاستەوخۆی ئەو ململانێ مێژووییەیە کە ماوەیەکی دوور و درێژە لەڕۆژئاوا پەیدا بووە.

هەروەها دەڵێت: خوێندنەوە بابەتی و دروستەکان، وەک ڕۆژهەڵاتناسێک وایان لێکردم موسڵمان ببم.. هەر بۆیەش بەرپەرچی ئەم ڕێبازە ڕۆژهەڵاتناسییەی دژ بەئیسلام و موسڵمانان دەدەمەوە و بەرگری لەو ئیسلامە دەکەم کە خوێندوومەتەوە و باوەشم پیادا کردووە.. من لەو ڕۆژهەڵاتناسانەم کە لە توێژینەوەکانیاندا لەسەر ئیسلام ، پابەندن بەڕێبازی دروست و بابەتییانە، بێگومان ئەو ڕێبازە نابابەتییەی ڕۆژهەڵاتناسەکان، بەرهەمی بزاڤی کولونیالیستی ڕێبازی بە فەلەکردنە، کە دەیەوێت ڕوخساری ئیسلام ناشیرین بکات و هەڵەی ئەنقەست لەبارەی ئیسلام بڵاو بکاتەوە، بەبڕوای من ئەمە بەشی هەرە گەورەی ئەو بزاڤە ڕۆژهەڵاتناسە جیهانییەیە، کە پێویستە دامەزراوە ئیسلامییە جیهانییەکان، بەهەر ڕێگایەک کە بۆیان بلوێت بەرپەرچی بدەنەوە..

بەڵام ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسی بابەتی پەیوەستە بە ئامانجێکی زانستی وا کە بنەماکانی ڕوون و ئاشکران، کە بریتییە لە خوێندنەوەی ئیسلام و ئاشنابوون بە ڕاستییەکانی و، خوێندنەوەی کەلەپووری ئیسلامی و دڵنیابوون لەو ڕۆڵەی کە شارستانیەت و ڕۆشنبیری ئیسلامی بینیویەتی لەبەرەو پێش بردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ..بێگومان بەترس و سڵەمینەوەیەکی توندەوە دەڕوانمە هەموو ئەو توێژینەوانەی کە ئەو دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسییە نا بابەتییانە دەری دەکەن، موسڵمانبوونم منی خستە نێو بەرەی ئەو کەسانەی کە بەرگری لەئیسلام دەکەن و لەدژی هەموو ئەو لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییانە دەوەستنەوە کە لە دژی ئیسلام و موسڵمانان ئەنجام دەدرێن، بەڵام ئەم دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسییانە وێڕای موسڵمانبوونم، ڕوانینیان بەرامبەر بەمن نەگۆڕاوە– وەکو من

هەستی پێ دەکەم – ئەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت من ئەندامی زۆر لەو کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتناسییانەی ڕۆژئاوام.

### نەخشەی بیروباوەڕی

دەکرێت گرنگترین شێوەکانی نەخشەی بیروباوەڕ لە بولگاریا بزانین؟ هەروەها حاڵی موسڵمانان لەوێ چۆنە؟

وەڵامی دکتور توفیان تیوفا نوفا: ئێمە کاتێک لەبارەی نەخشەی بیروباوەڕی لە بولگاریا دەدوێین، دەبێت هەم بە وردی هەم بەڕاشکاوی بدوێین، ئێستا ژمارەی دانیشتوانی بولگاریا لە (٨) ملیۆن کەس تێپەڕی کردووە، لەوانە کەمینەیەکی موسڵمان هەیە کە ڕێژەی ١٢,٣٪ی تێکڕای دانیشتوانی ئەم وڵاتەیە، لە کاتێکدا ڕێژەی دیانەکان ٨٣,٧٪ی دانیشتوانی ئەم وڵاتەیە.. وێڕای ئەوەی کە لە ڕاستی ئەم سەر ژمێرییانە بەگومانین، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت کۆمەڵگەی بولگاریا لە چەندین توخمی جیاواز بە گوێرەی ڕەگەزو بیروباوەڕ پێکهاتووە...موسڵمانانی بولگاری ئەوانەن کە لەماوەی دەسەڵاتی ئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی لەو وڵاتە موسڵمان بوون، بەڵام ئەوان خۆیان نەخستە ڕیزی تورکەکان و زمانی تورکیش نازانن، ئێستاشی لەگەڵدا بێت زەحمەتە ئەوان بتوانن ناسنامەی خۆیان دەستنیشان بکەن، ئەوان لە دەستنیشان کردنی ناسنامەیاندا تووشی ئاستەنگ دەبن، چونکە زمان و ڕەگەزیان بولگارییەو لەڕووی بیروباوەڕیشەوە لەگەڵ تورکەکاندا یەکن، هەروەک چۆن دەسەڵاتدارانی بولگاریا بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو، زۆرجار دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵیانا کردووە، کە ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی هەندێک لەموسڵمانە بولگارییەکان بیروباوەڕی خۆیان لە ئیسلامەوە بگۆڕن بۆ مەسیحییەت، ئەوەش وەک هەوڵێکیان بۆ تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەی بولگاری.

دکتور توفیان هەروەها دەڵێت: لێکۆڵینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە ئەو موسڵمانە بولگاریانەی بە(بوماق) دەناسرێن کاتێک لەژینگەیەکی بولگاری مەسیحی نیشتەجێ دەبن، وا بەچاکتر دەزانن کە خۆیان بە تورک هەڵبدەنەوە، خۆ ئەگەر لەناوچەیەکی تورک نشینی بولگاری دابمەزرێن، خۆیان بە بولگاری هەڵدەدەنەوە، هەروەها ڕێیان پێ ئەدرێت لەهەندێک حاڵەتی تایبەتدا، بیروباوەڕی خۆیان لە ئیسلامەوە بۆ مەسیحییەت و لە مەسیحییەتیشەوە بۆ ئیسلام بگۆڕن، ئەمەش وەک هەوڵدانێک بۆ خۆ لکاندن بە یەکێک لەو دوو نەتەوەیە، نەتەوەی تورک یان بولگار. دەستەیەکی تر لە (بوماق)ـەکان بە ئاشکرا ڕایدەگەیێنن کە



ئەوان موسڵمانی بولگارین، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئاخۆ ئەوان تورکن یان بولگاری، هەر هەوڵێکیش لەلایەن ئەوانەوە بۆ گۆڕینی ئینتیمای دینی یان نەتەوەیی، دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و شڵەژان لە نێو کۆمەڵگەی بولگاریدا.

### ململانێی بیروباوەڕی و ڕەگەزی

پرسیار: هۆی ئەو نەنگی و شەرمەزارییەی کە کۆمەڵگەی بولگاری پێیەوە دەناڵێنی لەبارەی بیروباوەڕو ئینتیمای ڕەگەزی چییە؟

وەڵامی دکتور توفیان: بێگومان ئەو هۆیەی کە ڕاستەوخۆ لە پەنای ئەم نەنگییەوەیە، ئەو ململانێیە بوو کە لەنێوان مەسیحییەت و ئیسلامدا هەبوو لە کیشوەری ئەوروپا..ئەو ململانێیە بە شێوەیەک لەبولگاریا پەرەی سەندووە کە بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی بولگاریاو قەوارەی گەلی بولگاریا، بێگومان بارودۆخی ئێستای ئەم ناوچەیەی جیهان، پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵ ئەو کەلەپوورەدا هەیە کە لە ڕووداوەکانی ڕابردوودا بۆ دانیشتوانی بولگاریا بەجێ ماوە، هەروەکو چۆن ڕەچاو کردنە سیاسییەکانیش زۆر جار دەستیان خستووەتە نێو کاروباری بیروباوەڕ، سەرەڕای هەموو ئەوانەش جۆرێک لەپێکەوە ژیان لەنێو توێژەکانی کۆمەڵگەی بولگاریدا هەیە، کە لەسەر بنەمای دانانن بەوەی کە هەر توێژێک لەم توێژانە سەربەخۆیە لە ئاین و زمان و شارستانیەت و داب و نەریتەکانیدا وەستاوە، ئەمەش لەچوارچێوەی یەکێتی کۆمەڵگەی بولگاریدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وا باوە، هەرکە گوترا موسڵمان، واتە تورک، تەنانەت ئێستا خودی ئیسلام لەوێ بە ئاینی تورکی ناودەبرێت و بولگاریش واتە مەسیحی، بەڵام(بوماق)ـەکان کۆمەڵێکی تایبەتن و جیاوازن لەگەڵ کۆمەڵگەی بولگاری.

### هۆکارەکە تەنیا شیوعییەتە

* هەموومان دەزانین کە موسڵمانان لە بولگاریا گیرۆدەی مومارەسە گەوجەکانی شیوعییەت بووبوون، کە ناچاریان دەکردن بیروباوەڕی خۆیان بگۆڕن – تەنانەت مردووەکانیشیان– و ناچاریان دەکردن کە ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ ببن، بەتایبەتی بۆ وڵاتی تورکیا، ئایا پێت وایە هەندێ لەم جۆرە ڕەفتارانە بەرامبەر بە موسڵمانان لە بولگاریا ئەنجام دەدرێت؟

– بێگومان هۆکاری ئاینی بایەخێکی زۆری هەیە لە کۆمەڵگەی بولگاریدا، بەڵام لەوێ

هەستی ڕەگەزی لە پێشترە لە هەستی ئاینی، تێبینی دەکەین کە لەم ماوەیەدا ژمارەی باوەڕداران چ مەسیحی چ موسڵمان زیادی کردووە، هەڵکەوتەی بوڵگاریا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە موسڵمانانی ئەوێ لەچوارچێوەی ئاهەنگە ئاینییەکاندا نەبێت، ناچنە قووڵایی باوەڕەکەو، ئەوەندە پێیەوە پابەند نین و، بەچەند زانیاریەکی کەم لەبارەی عەقیدەوە واز دێنن، بەویستی خۆشیان نەک بە زۆری ڕوو لەئاینەکانیان دەکەن، ئەمەش هەمووی بەهۆی ڕژێمی شیوعییەوە بوو کە ماوەیەک لەوێ دەسەڵاتدار بوو، لێ نەگەڕا خەڵک بە شێوەیەکی دروست دروشمە ئاینییەکانیان هەڵبدەن، ئێستاشی لەگەڵدا بێت و دوای تێپەڕ بوونی (١٤) ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی شیوعی، هێشتا ئاسەواری شیوعییەت لە بوڵگاریا، لەم بوارەدا بەدی دەکرێت.[٣٥٣]

دکتور توفیان سەبارەت بە قورئانیش دەڵێت: ئەگەر قورئان کەلامی مرۆڤ بێت، چۆن توانیویەتی لە سەدەی حەوتەمدا باس لە هەندێ ڕاستی بکات کە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندییان بەسەردەمی ئەوەوە نەبووە؟ هیچ تەفسیرێکی دەستکردو دانراو بۆ سەرچاوەی قورئان نییە.[٣٥٤]

دیسان دەڵێت: قەت خاڵی هاوبەشم لە نێوان دین و زانستدا نەبینیوە، ئەوکاتە نەبێت کە دەستم بە لێکۆڵینەوە کرد لە قورئانی پیرۆز، چونکە زانست و دین لە ئیسلامدا دوو برای جمکن، چونکە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر هەر موسڵمانێک بۆ داواکردنی زانست بانگ دەکەن.[٣٥٥]

## ١٨- خاتوو جۆنان ئالتوت

زانای (ئەتۆم) لەگەڵ (٢٥٠) کەسی تردا موسڵمان بوو، لەنێویاندا سەفیری (گانا) و لەهەمان ڕۆژیشدا کە تێیدا موسڵمان بوون، موسڵمانیەتی خۆیان ڕاگەیاند.

خاتوو جۆنان ئالتوت دەڵێت: مەسەلەکە تەنیا گواستنەوە نییە لە ئاینێک بۆ ئاینێکی تر، تەحەداش نییە بۆ ئەو هەست و ڕێوڕەسمە ئاینییانەی کە بەمیرات بۆمان ماونەتەوە، بەڵکو ئەمە ئەو ئازادییەیە کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین، ئەو فیردەوسە ونبووەیە کە ئێمە وا هەست

(٣٥٣) ماڵپەڕی eltwhed.com.

(٣٥٤) دراسة الكتب المقدسة على ضوء المعارف الحديثة، موريس بوكاي ، لاپەڕە ١٤٥ .

(٣٥٥) القرآن الكريم والعلم المعاصر، موريس بوكاي، لاپەڕە ١٢٣ .



دەکەین ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیمان پێیەتی .

ئێمەی گەنج لە خۆرئاوا، واقیعی ئاینی ڕۆمانسی و واقیعی ماددی بۆ ژیان ڕەت دەکەینەوە، چارەسەری ئەم هاوکێشە سەختەش لەوەدایە کە هەست بە بوونی خودا بکەین.

هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: هەندێ گەنج لە گەڕان بەدوای خودادا، لە ڕەقس و سەمای شەیتانی و مادده سرکەرەکاندا خنکاون و بەرەو دیانەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی دەچن، بەتایبەتی ئاینی بوزی، زۆر نین ئەوانەی کە مۆڵەتی لێگەڕان و لێکۆڵینەوە بەخۆیان دەدەن و پەلە لە بڕیارداندا ناکەن، ئێمە چارەسەری ئەو هاوکێشە سەختەمان لە ئاینی ئیسلامدا دۆزیوەتەوە، جا ئەگەر تا ئێستا ژمارەشیان کەم بێت، لەبەر ئەوەیە کە هەرچی لەبارەی ئەم ئاینەوە گوێ بیستی دەبین، چەواشەو نادروست و دەستکردە، ئەوەی کە لای ئێمە لە ئیسلام دەزانرێت، هەمووی ئەو شتە پروپووچ و بێ مانایانەن کە ڕۆژهەڵاتناسەکان سەدان ساڵە دووبارەو چەندبارەی دەکەنەوەو، تا ئێستاش دەنگدانەوەی بەهێزی هەیە، چونکە ئاینی ئیسلام وەکو ڕۆژهەڵاتناسەکان بڵاوی دەکەنەوە، ئاینی بەکۆیلەکردنی ئافرەت و حەڵالکردنی کۆیلایەتی مرۆڤەکان و فرەژنییە، هەروەها ئاینی شمشێر و لێک نەبووردنە.

جا چونکە لە وڵاتانی ئێمەدا زۆر کەسی دەمارگیری ئاینی هەن، بۆیە دەزانم ڕووبەڕووی شەڕێکی (صەلیبی) دەبمەوە لەنێو وڵاتەکەم و لەنێو خودی خێزانەکەشمدا، شەڕەکەش ئەو کاتە زیاتر گەرم دەبێت، کاتێک هەوڵ دەدەم قەناعەت بەکەسانی دی بێنم سەبارەت بەو ئاینە گەورەیە.

دیسان دەڵێت: ئێستا هەست بەوە دەکەم کە پاداشت و سزا هەیە، تەنیا ئەو بڕوایەشە کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانم دەکات و لەسەر ڕێڕەوی ڕاست و دروست ڕامدەگرێت و دەمپارێزێت.

پاشان دەڵێت: هەرگیز بڕوا بەو ئازادییە ڕەهایەی ئەمریکا ناکەن، بڕوا بەو ئازادییەش ناکەن کە سینەمای ئەمریکی بۆ ئێوەی دەگوازێتەوە.[٣٥٦]

## ١٩- خاتوو جۆوان ئایلێن شاکلفۆرد Joanne Eilene Shackelford

خاتوو جۆوان شاکلفۆردی تەمەن (٢٨) ساڵان لە شاری (سەینت لویس پارک) لە ویلایەتی (مێنیسۆتا)ی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٠ لەدایک بووە، لە سەنتەری پزیشکی (یوسی دێیڤس) لە (ساکرامێنتۆ) لە ویلایەتی (کالیفۆرنیا) وەکو

(٣٥٦) ماڵپەڕی: islamunveiled. org. بەنەقل لە (مجلة الدعوة المصرية)

یاریدەدەری پزیشکی کاری کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای دیراسەیەکی ورد موسڵمان بووە، خاتوو (جۆوان) چۆنیەتی موسڵمانبوونی خۆی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: دوای دیراسەکردنێکی ورد گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئیسلام حەقیقەتێکی تەواوە، بۆیە بڕیارم دا ژیانی داهاتووم لەجوانی و بەختەوەری ئیسلامیدا بەسەر بەرم، چونکە حەقیقەتی خۆم تیادا دۆزییەوە.

خاتوو (جۆوان) پاڵنەری سەرەکی موسڵمان بوونی خۆی بۆ جوانی نوێژی جەماعەت و لێک نزیکی خوشکانی موسڵمان لە مزگەوتدا دەگەڕێنێتەوە.

سەبارەت بەکاردانەوەی دایک و باوک و براو خەڵکی دەوروبەریش خاتوو (جۆوان) دەڵێت: خێزانەکەم پاڵپشتم بوو، بەڵام لەشوێنی کارکردنم هەندێ کارمەند هەراسانیان کردم، چونکە هەمیشە بەقسەو تانەو توانجەوە ڕووبەڕووم دەبوونەوە، بۆیەش وازم لە کارکردن هێنا.

خاتوو (جۆوان) دەڵێت: بەر لەوەی ئیسلام بخوێنمەوە و تێکەڵی موسڵمانان بم، تەنانەت نەمدەزانی موسڵمانان چی دەپەرستن، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە ئەوان تەنیا بۆ خودا کڕنۆش دەبەن، ئێستاش زۆر خۆشحاڵم کە موسڵمانم و زۆر سوپاسی خودای گەورە دەکەم کە بەرەو ئیسلام ڕێنمایی کردم و مۆڵەتی پێدام لەڕاستی تێبگەم، منیش بەش بەحاڵی خۆم هیوادارم بتوانم یارمەتی خەڵکانی تر بدەم و ڕێنماییان بکەم بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاستی فیترەت.

هەروەها دەڵێت: نزاو پاڕانەوەم لەخوا تەنیا ئەوەیە بتوانم بە بەردەوامی خزمەتی ئەم دینەو شوێنکەوتووانی ئەم دینە بکەوم لە پێناو ڕەزامەندی خودای تاک و تەنیا.

خاتوو (جۆوان) سەبارەت بەخەڵکی کوردستانیش دەڵێت: خەڵکی کوردستان زۆر مرۆڤ دۆست و میوان دۆستن، کاتێک گەیشتمە ئێرە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێ کردم، ئێستاش هەست بەهەمان ڕێزو خۆشەویستی دەکەم لەنێویاندا، ژیانی خەڵکی ئێرە، زۆر جیایە لەژیانی خەڵکی ئەمریکا، لەوێ زۆر دراوسێ هەیە تا ئێستاش یەکتری ناناسن، کەچی لێرە دراوسێکان سەردانی یەکتر دەکەن و لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوتیان زۆر باشە.

دواتر خاتوو (جۆوان) گلەیی لە ئافرەتانی ئێرە دەکات کە دەربارەی ئیسلام شتێکی کەم نەبێت نازانن و دەڵێت: جێگەی داخە کە ئەو هەموو ئافرەتە موسڵمانە دەربارەی ئیسلام شتێکی کەم نەبێت نازانن، لێرە وەکو پێویست ئافرەت هان نادرێت لە ئیسلام تێبگات و



فێرە ڕێنماییەکانی بێت، تائێستا کلاسێکی ئیسلامی یان فێربوونی قورئان شک نابەی کە تایبەت بێت بە ئافرەتان، مزگەوتەکانیش تەنیا چوار مزگەوت نەبێت ئەگینا شوێنی نوێژ کردنی ئافرەتانی لێ نییە، من بەو ماوە کەمەی کە موسڵمان بووم، شارەزاییم زۆر پترە لە زۆربەی ئافرەتانی ئێرە کە بەدرێژایی تەمەنیان هەر موسڵمانن.

شایانی باسە خاتوو (جۆوان) بەڕێگای ئەنتەرنێت کوڕێکی خەڵکی شاری سۆران بەناوی (هۆشمەند) دەناسی و بڕیار دەدات ژیانی داهاتووی وەکو هاوسەر لەگەڵ ئەو کوڕەداو لە کوردستان درێژە پێ بدات.

خاتوو (جۆوان) لە بەرواری ٢٠٠٦/١/٢ لە سنووری ئیبراهیم خەلیل گەیشتە کوردستان و دواتر شاری سۆران، لە بەرواری ٢٠٠٦/١/١٨ لە لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە ئامادەبوونی چەندین مامۆستای بەڕێزی ناوچەکە موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندو گرێبەستی هاوسەرێتی لەنێوان ئەو و کاک (هۆشمەند صالح محمد) ئەنجامدرا، هەر بەم بۆنەیەوە لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، ئاهەنگێکی خنجیلانەی بۆ هەردوو هاوسەر سازدا. ئێستاش خاتوو (جۆوان) نیشتەجێی شاری سۆرانەو دایکی کچێکە بەناوی (باران).(٣٥٧)

### ٢٠- خاتوو جودی ئانوی Judy Anoi

لێکۆڵەری ئەمریکی کە دواتر موسڵمان بووە، لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (نهێنی موسڵمانبوونی ژنە ئەمریکییەکان) دەڵێت: لە میانەی لێکۆڵینەوەمدا لە ئیسلام، هەموو پرسیارەکانم وەڵامی تەواویان وەرگرت، ئێمە سزا نادرێین لەسەر هەڵەی ئادەم، کە هەڵەی کردو داوای بەخشینی لە پەروەردگار کرد و خوای دلۆڤانیش لێی خۆش بوو، بینیم ئیسلام هەموو شتێک لە شوێنی شیاوی خۆی دادەنێت و پێداویستییەکانی دڵ و عەقڵمان بەجی دێنێ. ئەوەش ڕێنماییەکانی فیترەتن و هیچ شتێکی شاراوەی تێدا نییە.

هەروەها دەڵێت: چێژێکی زۆر لە دەستنوێژو پۆشینی جلوبەرگی نوێژو بەجێگەیاندنی نوێژ وەردەگرم ، چونکە وا هەست دەکەم زیاتر لە ئافەریدەی خۆم نزیک دەبمەوە، یەکێک لە گەورەترین مافە ئیسلامییەکان حیجابە، چونکە من حەقم هەیە خەڵک وەکو ژنێکی ڕەوشت

(٣٥٧) منیش بەلای خۆمەوە زۆر سوپاسی کاک هۆشمەند دەکەم کە لەڕاستکردنەوەی ناوەکاندا زۆر هاوکاری کردم. خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە.

بەرز سەیرم بکەن، نەک هەر لەبەر ئەوەی مێیینەم، بۆیە من ئازادی ڕاستەقینە لە حیجابدا دەبینم.

هەروەها دەڵێت: پەیوەستکردنی تەواوی ژیانم بە خواوە، بەڕای من پڕە لە واتاکانی ئیسلام، چونکە ئیسلام وەڵامی گشت لایەنێکی ژیان ئەداتەوە و پێداویستییەکانیشی جێبەجێ دەکات، من وا هەست ئەکەم بە موسڵمانیەتی لە دایک بووم، بەڵام پەروەردەی من کاسۆلیکی بووە، ئەوا ئێستا ڕزگار بووم و گەڕامەوە باوەشی ئیسلام.(٣٥٨)

### ٢١– جیفری لانگ Jeffry Lang

پرۆفیسۆر (جیفری لانگ) مامۆستای بیرکاری لە زانکۆکانی ئەمریکا، چۆنیەتی موسڵمانبوونی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی (تەنانەت فریشتەکانیش دەپرسن) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لەو ڕۆژەی کە موسڵمان بووم، پێشنوێژی مزگەوتەکە هەندێ نامیلکەی پێشکەش کردم، کە باس لە چۆنیەتی نوێژکردن دەکەن، بەڵام ئەوەی بۆ من شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، دڵەڕاوکێی قوتابییە موسڵمانەکان بوو، کە بەردەوام پێیان دەگوتم: (ئیسراحەتی خۆت وەرگرە) (زۆر گوشار بۆخۆت مەهێنە) (وا باشە کات وەرگری) و (بەهێمنی و وردە وردە)، منیش لەدڵی خۆمدا دەمگوت: تۆ بڵێی نوێژ ئەوەندە سەخت بێت؟ بۆیە ئامۆژگاری قوتابییەکانم بەهەند وەرنەگرت و بڕیارم دا دەستبەجێ لەکاتی خۆیاندا نوێژەکان بکەم، لەو شەوەدا لەژووره بچووکەکەمدا لەسەر تەخت دانیشتم و کاتێکی درێژ خەریکی خوێندنەوەی جوڵەکانی نوێژ بووم، هەروەها ئەو ئایەت و نزایانەم لەبەر دەکردن کە پێویستە لە نوێژدا بخوێنرێنەوەو، چەندین جار دووبارەم دەکردنەوە، جا لەبەر ئەوەی ئەوشتانەی کە دەمخوێندنەوە عەرەبی بوون، دەبوایە دەقە عەرەبییەکان بەمانا ئینگلیزییەکەوە لەبەر بکەم. کاتەکە لەنیوە شەو نزیک دەبووەوە، بۆیە بڕیارم دا نوێژی خەوتنان (عشاء) بکەم، چوومە حەمام و نامیلکەم بەکراوەیی لەسەر ڕۆخی (مغسلە)کە داناو، ئەو ڕێنماییانەی کە لەوێدا هاتبوون، هەنگاو بەهەنگاو بەدوایاندا ڕۆیشتم، کاتێک دەستنوێژم هەڵگرت، گەڕامەوە ژوورەکەم و بەرەو ڕووی ئەو ئاراستەیە کە پێم وابوو ئاراستەی قیبلەیە وەستام، دواتر چوومە پێشەوە و ڕاست ڕاوەستام و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو دەستم کرد بەئەنجامدانی نوێژو بەدەنگێکی نزم گوتم: (الله أكبر)، حەزم دەکرد کەس گوێی لێم نەبێت، لەبەر ئەوەی هەستم بەجۆرێک لە هەڵچوون دەکرد، چونکە هێشتا نەمتوانیبوو خۆم لەو

(٣٥٨) نهێنی موسوڵمانبوونی ژنە ئەمریکییەکان ، جودی ئانوێ، لاپەڕەکانی ٣٨، ٨٢،٨٣، ١٧٣ .



دڵەڕاوکێیە ڕزگار بکەم کە لەوانەیە یەکێک چاودێریم بکات، لەناکاو زانیم پەردەکانی پەنجەرە کراوەن، لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر یەکێک لە دراوسێکان منیان بینیبێت، دەبێت چی ڕوویدات؟ کارەکەی خۆم بەجێ هێشت و بەرەو پەنجەرە چووم و سەیرێکی دەرەوەم کرد، تاوەکو دڵنیابم کە کەس لەوێ نییە، کاتێک زانیم حەوشەی پشتەوە کەسی لێ نییە، هەستم بە خۆشحاڵی کردو پەردەکانم داخست و گەڕامەوە ناوەڕاستی ژوورەکەو جارێکی تر ڕوو لەڕووگە وەستام و دەستم بەنوێژ کرد، کاتێک کڕنۆشم برد هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر کرد، چونکە لە ژیانمدا خۆم بۆ هیچ کەسێک نەچەماندبۆوە، بەڵام کە خۆم بەتەنیا بینی خۆشحاڵ بووم، دواتر وادەی سوجدە هات، هەستم کرد دڵم بەتوندی لێدەدات، هەڵچوونم زیادی کرد، چەق ڕاوەستام، چونکە دەبوایە لەسەر دوو دەست و پێ و دەموچاوم لەسەر ئەرز سوجدە بەرم، نەمتوانی خۆم دابەزێنمە سەر ئەرز، نەمتوانی خۆم کەساس بکەم، بەوەی لووتی خۆم لەسەر زەوی دابنێم، وام بەخەیاڵدا دەهات کە قاچەکانم بەستراونەتەوە و نانوشتێنەوە، هەستم بەڕیسوایی و شەرمەزارییەکی زۆر کرد، وام بەخەیاڵدا دەهات کە دۆست و ناسیاوەکانم دەمبینن و پێم پێدەکەنن، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت لەنێویاندا من چەند جێی گاڵتەو بەزەیی پیاهاتنەوە بم، هەر دەتگوت گوێم لێیانەو دەڵێن: (جیفری) هەژار، لە فرانسیسکۆ عەرەب دەستیان لێ وەشاندی، دەستم بە پاڕانەوە کرد، (ئەی خوایە تکات لێ دەکەم لەسەر ئەم کارە یارمەتیم بدە)، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو زۆرم لەخۆ کردو چوومە سوجدەو هەرچی بیر و خەیاڵێک بوو لە زیهنی خۆم فڕێ داو، سێ جار گوتم (سبحان ربي الأعلي وبحمده) و پاشان گوتم (الله أكبر) و سەرم بەرز کردەوە و لەسەر پاژنەکانم دانیشتم و هەوڵم دا هیچ شتێک بەخەیاڵمدا نەیەت، جارێکی تر چوومە سوجدەو کاتێک لووتم بەزەوییەوە نووساند (سبحان ربي الأعلي وبحمده)م بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دووبارە کردەوە، چونکە بڕیارم دابوو بەهەر شێوەیەک بێت خۆم لەسەر ئەم کارە ڕابێنم، دواتر گوتم (الله أكبر) و ڕاست بوومەوە، لەو کاتەدا بەخۆم دەگوت: هێشتا سێ جاری ترت لەپێش ماوە، هەوڵم دا بەسەر سۆزو لووتبەرزی خۆمدا زاڵ بم، بۆیەش جار بۆ جارێ کارەکەم لا ئاسانتر دەبوو، تا وای لێهات لە سوجدەی کۆتاییدا هەستم بە دڵنیاییەکی تا ڕادەیەک تەواو کرد، لەدانیشتنی کۆتاییدا تەحیاتم خوێندو بەلای ڕاست و چەپدا سڵاوم دایەوە، لە کاتێکدا بەتەواوی سەرم لێ تێکچووبوو. بەدانیشتوویی لەسەر زەوی مامەوە و بەو جەنگەدا چوومەوە کە من پێیدا تێپەڕیم، بەڕاستی هەستم بەدڵتەنگی دەکرد، چونکە ئەم هەموو ململانێیەم لەگەڵ دەروونی خۆم کرد لەپێناو جێبەجێکردنی تەنیا نوێژێک، بە

سەرشۆڕی و شەرمەزاری لەخوا پاڕامەوە و گوتم: خوایە لەو خۆبەزل زانین و نەفامییەی کەرووی تێ کردووم خۆش بە، چونکە لەڕێگایەکی دوورەوە هاتووم و هێشتا زۆرم لەپێش ماوە تاوەکو بەقۆناغی کۆتایی بگەم، هەستم بەشتێک کرد کە لەوەپێشتر هەستم پێ نەکردبوو، بۆیەش ناتوانم بە وشە وەسفی بکەم، شەپۆلێکی فێنک بەسەرم داهات، بۆم دەرکەوت کە ئەم شەپۆلە لە خاڵێکی نێو سینەمدا پڕشنگ دەداتەوە، شەپۆلێک بوو لەناکاو بەسەرم داهات، تەنانەت لەبیرمە کە ئەو کات هەڵدەلەرزیم، بەڵام دەزانم کە لە هەستێکی جەستەیی زیاتربوو، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کاری کردە سەر هەست و سۆزی من، هەر دەتگوت: بەزەیی خودا لەشێوەی جەستە بەرجەستە بووە و خەریکە دامدەپۆشێت و بەناخمدا ڕوودەچێت، پاشان بێ ئەوەی بزانم هۆیەکەی چییە، دەستم بەگریان کردو فرمێسکەکانم بەسەر ڕوومەتمدا هاتنە خوارەوە، هەستم کرد بەتوندی دەگریێم و چەندی گریانەکەم زیاتر دەبێت هێزێکی دەرەکی، لێوان لێو لە بەزەیی و نەرم و نیانی، لەباوەشم دەگرێت، هۆی گریانەکەشم ئەوە نەبوو کە هەست بە گوناه و تاوان دەکەم، - هەرچەندە لێشم دەوەشایەوە- هەستکردنیش نەبوو بە شەرمەزاری یان خۆشحاڵی، بەڵکو بۆم دەرکەوت کە بەربەستێکی گەورە کراوەتەوە و جڵەوی تووڕەیی و ترسێکی گەورە کە لەناخما عەمبار کرابوو، بەری هەڵداوە. ئێستاش کە ئەو چەند دێڕە دەنووسمەوە، هەر ئەوەندەم لەدەست دێت بپرسم: ئاخۆ دەبێت لێ خۆشبوونی خوای گەورە تەنیا لێبووردن بێت لە تاوانەکان، یان شیفاو دڵنیاییشی لەگەڵدایە؟ بۆ ماوەیەک لەسەر چۆک دانیشتبووم و بەلای زەویدا خۆم چەماندبووەوەو سەرم خستبووە نێوان هەردوو دەستەکانم و دەگریام، کاتێک لە گریانەکە بوومەوە، بێ سنوور ماندوو بووبووم، چونکە ئەم ئەزموونە بەلای منەوە نائاسایی بوو، بەڕادەیەک کە ماوەی نەدا ئەو کات بەدوای ڕاڤەی عەقڵانیدا بگەڕێم بۆ سوجدەو ئەرکەکانی تر، ئەوکات پێم وابوو ئەم ئەزموونە لەوە نامۆترە کە بتوانم بەکەسێکی تر بڵێم، بەڵام گرنگترین شت کە ئەو کات لێی تێگەیشتم ئەوەبوو کە زۆر پێویستیم بەخوداو نوێژ هەیە، بەر لەوەی لەشوێنی خۆم هەستم ئەم دوعایەم کرد: خوایە ئەگەر زاتی ئەوەم کرد کە جارێکی تر کافر ببمەوە، پێشتر بمکوژەو لەم ژیانە ڕزگارم بکە، چونکە دەتوانم بەم هەموو کەموکوڕییەی کە هەمە بژیم، بەڵام ناتوانم ڕۆژێکی تر بەکافری و دوور لە تۆ بژیم.(٣٥٩)

(٣٥٩) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran.com.



## ٢٢- جینو لو کابوتو

ئەکتەر و هونەرمەندی شانۆیی ئیتالی (جینو لو کابوتو) لەسەر دەستی هاوڕێکەی دکتور(سلطان العویضە) لە عەممانی پایتەختی ئوردون موسڵمان بوو. هەروەک ڕۆژنامەی (الزمان) دەڵێت: هونەرمەندی ئیتالی (جینو لو کابوتو) لە ساڵی ١٩٩٦وە سەرۆکایەتی میهرەجانی دەریای سپی ناوەڕاست لە شاری (بیشیلە)ی ئیتاڵی دەکات و... کاتێکیش دەربارەی موسڵمانبوونی پرسیارمان لێ کرد گوتی: ماوەی بیست ساڵە من هاتوچووی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان دەکەم، لەو شوێنانە پایەکانی ئیسلامم زانی و فێرە بانگ و نوێژ بووم، تێ گەیشتم کە ئیسلام دینی تاهەتاییە، ئەمەش بەهۆی ئامۆژگاری و وانەکانی هاوڕێم دکتور (سلطان العویضة)، کە زۆر زانیاری بەنرخی پێشکەش کردم، هەروەها ژیان و سەرهاتی پێغەمبەر و موسڵمانانی بۆ باس کردم و لەگرینگی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئاگادار کردمەوە، بۆیەش لە ساتی یەکەمی موسڵمانبوونمدا هەستم بە سەرکەوتنێکی گەورە کرد.(٣٦٠)

## ٢٣- جیولا گەرمانۆس ١٨٨٤ز- ١٩٧٩ز

نووسەر و زمانزانی مەجەری، کە زیاتر لە سەدو پەنجا کتێبی بە زمانە جیاجیاکانی زیندووی جیهانی نووسیوە، لەوان (ماناکانی قورئان) و (الله أكبر)، هەروەها هەشت زمانی بەباشی زانیوە و بە هەر هەشتیان کتێبی داناوە، وەک: عەرەبی، فارسی، تورکی، ئوردی، ئەڵمانی، مەجەری، ئیتاڵی، ئینگلیزی. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٠ موسڵمان بووە و سەبارەت بە ئیسلام دەڵێت: ئیسلام لای من زۆر خۆشەویستە، دینێکی پاک و خاوێنە، پڕیەتی لەپاک و خاوێنی جەستەو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هەستی مرۆڤانە.

هەروەها دەڵێت: چەند گەنجینە خراونەتە نێو دڵی موسڵمانان کە زۆر لەزێڕ بەنرخترن؟! موسڵمانان هەستی برایەتی و خۆشەویستییان پێ بەخشیم و فێری کردەوی باش و ئەمر بەچاکە و نەهی لە خراپەیان کردم.

دیسان دەڵێت: لە ڕێبازی ئیسلامدا یەک تاکە وشە نییە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی موسڵمانان دروست بکات، یان ڕێگەیان لێ بگرێت لە زیادکردنی بەشی خۆی لە سەروەت و هێزو مەعریفە، هەروەها هیچی وای تێدا نییە بەکردەنی ئەنجام نەدرێت، بەڕاستی

(٣٦٠) ماڵپەڕی bilalmaroc. jeeran. com.

موعجیزەیەو جیایە لە ئاینەکانی تر، چونکە ئیسلام دینی بیرە ڕووناکەکانەو سەرەنجام دەبێتە بیروباوەڕی کەسانی ئازادو ئازادیخواز.[٣٦١]

هەروەها دەڵێت: لەسەر موسڵمانان پێویستە دەست بەو ڕەوشتانەوە بگرن کە بەهۆیانەوە لەخەڵکی تر جیان و، نابێت بە زەرق و بەرقی ڕۆژئاوا سەرسام بن، چونکە جگە لە تیشکێکی ساختە هیچی تر نییە.[٣٦٢]

## ٢٤– دکتور حامد مارکۆس

زانا و ڕۆژنامەنووس و دانەری ئەڵمانی سەبارەت بە موسڵمانبوونی خۆی دەڵێت: هەر لەمنداڵییەوە هەستم دەکرد کە شتێک لە ناخمدا پاڵم پێوەدەنی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئیسلام، بەڵام ئەو هەڵەم بۆ نەڕەخسا، تاوەکو لە کتێبخانەی شار، ئەو شارەی کە من تێیدا دەژیام، قورئانێکی وەرگێڕاوم بینی، قورئانە وەرگێڕاوەکەش ئەو چاپە بوو کە (گۆتە) زانیارییەکانی خۆی دەربارەی ئیسلام لێ وەرگرتبوو. بەڕاستی لە شێوازە جوان و عەقلانییەکەیدا زۆری پێ سەرسام بووم، پاشان ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا کە لە (بەرلین) لەگەڵ هەندێ موسڵماندا کاربکەم و گوێ بدەمە ئەو گفتوگۆیە حەماسییانەی کە یەکەمین دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیسلامی لە (بەرلین) پێشکەشی دەکرد، دوای سالآنێک کارکردن لەگەڵ ئەو کەسایەتییە کەم وێنەیەدا، لە پرەنسیپە جوان و بەرزەکانی ئیسلام گەیشتم، کە بە چلەپۆپەی مێژووی هزری مرۆڤایەتی دەزانرێ . بڕوا بوون بە خوا بڕوایەکی نەگۆڕە لەئیسلامدا، بەڵام هەرگیز بانگەواز بۆ شتێک ناکات کە ناتەبا بێت لەگەڵ زانستی نوێدا، کەواتە هیچ ناکۆکییەک لەنێوان بڕواو زانستدا نییە، ئەمەشیان بێگومان ئیمتیازێکی گەورەیە لە دیدی ئەو کەسەی کە هەموو هێزو توانای خۆی لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا خەرج دەکات.

ئیمتیازێکی تری ئیسلام ئەوەیە، کە تەنیا ڕێنمایی نییە بەدوای خەیاڵدا بڕوات و بەبێ بیرکردنەوە ملی ڕێگا بگرێت و، وەکو شتێکی لاوەکی سەیری ژیان بکات، بەڵکو بانگەواز بۆ یاسایەکی کردەنی دەکات کە ژیانی مرۆڤەکان ئاراستە بکات، یاساکانی ئیسلام ڕێنمایی زۆرەکی نین کە ئازادی تاکە کەسی زەوت بکەن، بەڵکو هەندێ ڕێنماین کە مرۆڤ

---

(٣٦١) النهضة الإسلامية في سير أعلامها المعاصرين ، دكتور محمد رجب البيومى ٢/٤٢١ .

(٣٦٢) هؤلاء المثقفون اختاروا الإسلام، محمد عثمان، لاپەڕە ٣٥ .



بەرەو ئازادی تاکە کەسی دەبەن، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو. ساڵ دوای ساڵ بڕوام بەئیسلام پتەوتر دەبوو، هەروەها بۆم دەرکەوت کە ڕاستترین ڕێگایە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاک و کۆمەڵ، بۆیەش موسڵمان بووم.[٣٦٣]

## ٢٥– کۆلۆنێل دۆناڵد روکویل Donald Rocoil

(کۆلۆنێل دۆنالد روکویل) سەبارەت بەو فاکتەرە بەهێزانە دەدوێت کە لەپشت موسڵمانبوونیەوە بوون و دەڵێت: سادەیی و ساکاری ئیسلام و کەش و هەوای جوان و پڕ لە گەورەیی نێو مزگەوتەکانی موسڵمانان، هەروەها ئەو متمانە بەهێزەی کە موسڵمانە بڕوادارەکان وا لێدەکات ڕۆژانە پێنج جار بەپیر بانگی نوێژەوە بچن، هەموو ئەوانە هەر لە سەرەتادا هەستی منیان داگیرکردبوو، دوای ئەوەی کە موسڵمانیش بووم، زۆر هۆکاری ترم بینین کە زۆر گرینگتر و قووڵتر بوون لەوانەی سەرەوەو، دڵنیایی و سووربوونی منیان لەسەر موسڵمانیەتی زیاتر کرد، لەوان:

**یەکەم:** تێگەشتنی تەواویان بۆ ژیان، کە بەرهەمی ڕێبازی محەمەدە، ئەو ڕێبازەی کە لەزۆر شتدا ڕای پەسەندو پێشەوایەتی عەمەلی کە پڕیەتی لەحیکمەت و لێزانین پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها حیکمەتی محەمەد (د. خ) کە لە وتە دڵڕفێنەکانیدا بەدیار دەکەون، بەڵگەن لەسەر واقیعیەتی ئەم دینە، وەکو وتەی (بیبەستەوە و پشت بەخوا ببەستە).[٣٦٤]

لەم دوو وشەیەدا یاسایەکی ئاینی لە کردارە ئاساییەکانی ئێمەدا بڕیاری لەسەر درا، چونکە داوای لە ئێمە نەکردووە کوێرانە بڕوا بەبوونی هێزێکی نادیار بکەین، کە وێڕای کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنمان دەمانپارێزێت، بەڵکو داوامان لێ دەکات متمانەمان بەخودا هەبێت و، ئەگەر لە دەرگای دروستەوە بۆ کارەکان چووین و ئەوپەڕی توانامان تیادا خەرج کرد، ئەوکات ویستی خودا لە ئاکامی کارەکانماندا هەرچییەک بێت پێی ڕازی بین.

**دووەم:** لێبووردەیی ئیسلام بەرامبەر بە ئاینەکانی تر، ئەمەش وای لێدەکات لەدڵی عاشقانی ئازادی نزیک بێتەوە، ئەوەتا پێغەمبەر (د.خ) داوا لە شوێنکەوتووانی دەکات

---

(٣٦٣) ماڵپەڕ bilalmaroc .jeeran. com

(٣٦٤) ئەم فەرمایشتەی پێغەمبە (د.خ) لەوەڵامی ئەو کەسەدا بوو کە بەسواری وشترێکەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، وشترەکەم بەرەڵڵا بکەم و پشت بەخوا ببەستم ، یان بیبەستمەوەو پشت بەخوا ببەستم؟ پێغەمبەریش (د.خ) لە وەڵامدا فەرمووی (اعقلها وتوكل). واتە: بیبەستەوەو پشت بەخوا ببەستە.

بەجوانی مامەڵە لەگەڵ پەیڕەوانی تەورات و ئینجیلدا بکەن، هەروەها داوایان لێ دەکات بڕوا بەوە بێنن کە ئیبراهیم و موسا و عیسا (سڵاوی خوایان لێ بێت) پێغەمبەرانی خودای تاک و تەنیان، ئەمەشیان لێبووردەییەکە تەنیا لە ئاینی ئیسلامدا هەیەو لە هیچ ئاینێکی تردا نییە.

**سێهەم:** ئازادی و ڕزگاربوونی تەواو لە بتپەرستی، بەڵگەیە لەسەر بێگەردی و بێ خەوشی بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامی، چونکە ئەو ڕێنماییە ڕەسەنانەی کە محەمەد (د. خ) هێناویەتی، نە بەزیادکردن و نەبەڕاستکردنەوە شەرع زانان نەیانگۆڕیوە، ئەوەتا ئەو قورئانەی کە بۆ ڕێنماییکردنی بێ باوەڕان بۆ سەر محەمەد (د. خ) دابەزیوە، هەر لە سەرەتاوە و تا ئێستاش بەجێگیری و بێ دەستکاری ماوەتەوە.

**چوارەم:** میانەڕەوی و دووربوون لە زیادەڕەوی، دوو کۆڵەگەی بنەڕەتین لەئیسلامدا، کە بەڕاستی ئەم دووانە بەتەواوی بوونەتە هۆی سەرسامبوون و ڕێزگرتنی من بۆ ئەم دینە.

باوەڕی تەواوم هەیە کەمحەمەد (د. خ) سوور بووە لەسەر تەندروستی گەلەکەی، بۆیە فەرمانی پێ کردوون ڕەچاوی پاک و خاوێنی بکەن، هەروەک چۆن فەرمانی پێ کردوون، ڕۆژوو بگرن و ئارەزووە سێکسییەکانیان کۆنترۆڵ بکەن.

لەیادمە کاتێک لە نێو مزگەوتەکانی (ئەستەمبوڵ و دیمەشق و بيت المقدس)و شارەکانی تردا دەوەستام، بەقووڵی هەستم بەوە دەکرد کە ئیسلام وێڕای سادەیی و ساکارییەکەی، دەتوانێت گیانی مرۆڤ بەرەو ئاسۆکانی بەرز بەرزکاتەوەو، بەبێ ئەوەی پێویستی بەڕازاندنەوە و پەیکەر و مۆسیقاو ڕێوڕەسمی فەرمی هەبێت، مزگەوت شوێنی بیرکردنەوەی هێمنانەو خۆلەبیرکردنە، شوێنی خۆ تواندنەوە و تێکەڵکردنە لەگەڵ ڕاستی هەرە گەورە، کە زیکر و یادی خودای تاک و تەنیایە.

**پێنجەم:** دیموکراتییەتی ئیسلام -کە بەڕاستی منی سەرسام کرد- لەوەدا دەردەکەوێت کە لەمافەکاندا پادشای خاوەن دەسەڵات و هەژاری دەرۆزەکەر لەنێوان چوار دیواری مزگەوتدا یەکسانن، بەڵێ لەنێو مزگەوتدا هیچ کورسییەک نییە بۆ بەکرێدان، یاخود شوێنی تایبەت بۆ چینێکی تایبەت داگیر بکرێت، بەڵکو هەموویان کڕنۆش بۆ خوا دەبەن.

**شەشەم:** موسڵمان بڕوای بەوە نییە لەنێوان خۆی و خودای خۆیدا واسیتە دابنێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە خوای ئافەریدەی بوونەوەر و بەخشێنەری ژیان، موسڵمان بڕوای وایە بەبێ پسوولەی لێبووردن و بێ ئەوەی کەسێک بەخەڵات ڕزگار بوونی پێ



ببەخشێت ڕزگار دەبێت.

**حەوتەم:** لە ئیسلامدا برایەتییەکی گشتگیری جیهانی هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکانی ڕەگەزی، یان ڕەوتی سیاسی، یان ڕەنگ و ناوچە، لەڕاستیدا ئەم حەقیقەتە بۆ چەندین جار بەبڕوای تەواوەوە لەلای من سەلماوە، ئەمەشیان یەکێکی تر بوو لەو هۆکارانەی کە پاڵیان پێوەنام بڕوا بێنم و موسڵمان ببم.(٣٦٥)

## ٢٦- داود موسا بيتكوك

دکتور(زغلول النجار) دەڵێت: لە یەکێک لە سمینارەکانمدا لە زانکۆی (کاردیف) لەڕۆژئاوای بەریتانیا، کە خەڵکێکی زۆر لەموسڵمان و غەیرە موسڵمان ئامادەی بوون گوتم : موعجیزەی لەتبوونی مانگ لەسەر دەستی پێغەمبەر (د.خ) لەم دواییانەدا سەلمێنراوە. کە سمینارەکە تەواو بوو گەنجێک لەبەرامبەرم وەستاو خۆی بەناوی (داود موسا بيتكوك) سەرۆکی حزبی ئیسلامی بەریتانی پێ ناساندم و گوتی : لە میانەی لێکۆڵینەوەم لەسەر ئیسلام، برادەرێک قورئانێکی وەرگێڕدراوی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کردم، کاتێک بۆ یەکەم جار قورئانەکەم کردەوە، سورەتی (القمر) کەوتە بەرچاوم، کە دەفەرموێت:﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ﴾ (٣٦٦)

واتە: قیامەت نزیک بووەتەوە، ها ئەوە مانگ لەت بوو.

گوتم: مانگ چۆن لەت دەبێت؟! قورئانەکەم داخست و جارێکی تر نەمخوێندەوە، تاوەکو ڕۆژێک لەبەرامبەر تەلەفزیۆنی بەریتانی دانیشتم، لەو کاتەدا بەرنامەیەک لەسەر (B.B.C) هەبوو، پێشکەشکاری بەرنامە بەناوی (جیمس بیرک) گفتوگۆی لەگەڵ (٣) زانای ئەمریکی دەکردو گلەیی ئەوەی لێ دەکردن کە ئەمریکا ملیۆنان، بەڵکو ملیاران دۆلار لە پرۆژەکانی بۆشاییگەری خەرج دەکات، لە کاتێکدا ملیۆنان کەس بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن. زانا ئەمریکییەکانیش پاساویان بەوە دێنایەوە کە سوودێکی زۆری هەیە بۆ بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و..هتد.

پاشان باسی پڕخەرجترین گەشت هاتە گۆڕێ، کە گەشتی چوونە سەربانی مانگەو، (١٠٠) ملیارد دۆلاری تێ چووە، پێشکەشکار بەتوندی ئەو پرسیارەی لێ کردن: هەر بۆ

(٣٦٥) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran.com.

(٣٦٦) سورة القمر ئایەتی ١ .

ئەوەی ئاڵای ئەمریکا لەسەر بانی مانگ بچەقێنن ئەوەندە پارەتان خەرج کرد؟

زانا ئەمریکییەکان وەلامیان دایەوە: ئێمە دیراسەی پێکهاتەی ئەوێمان دەکرد، تاوەکو وێکچوونی لەگەڵ زەویدا ببینین.

یەکێک لەوان گوتی: بەسەر شتێکی زۆر سەیرەوە بووین، بینیمان چەند پشتێن لەبەردی ڕەقی گۆڕاو، لەسەرەوە بۆ ناوەوەو لەناوەوەش بۆ سەرەوە، مانگ لەت دەکەن، ئێمەش ئەو زانیارییانەمان دایە پسپۆڕانی جیۆلۆجی، ئەوانیش سەریان لەمە سوڕما، بەلام دوای لێکۆڵینەوە پشتڕاستیان کردەوە کە ئەمە تەنیا لەوحاڵەتەدا دەبێت، کە ڕۆژێک لەڕۆژان مانگ لەت بووبێت و خۆی لێکدابێتەوە، ئەو بەردانەش لە ئەنجامی ئەوساتە وەختەیە، کە هەردوو لای مانگەکە خۆیان لێکدابێتەوە و پێکەوە نووسابنەوە.

(داود موسا بیتکوک) دەڵێت: یەکسەر لەسەر کورسی دابەزیم و گوتم: موعجیزەیەکە بەر لە (١٤٠٠) ساڵ لە چۆڵەواری بۆ محەمەد (د. خ) دروست بووە، خوای گەورە وا لە ئەمریکا دەکات ملیاران دۆلار خەرج بکات، تاوەکو موعجیزەکە بۆ موسڵمانان بسەلمێنی، هەر بۆیەش موسڵمان بووم. سورەتی (القمر) هەروەکو چۆن بووە هۆی دوور کەوتنەوەی (داود موسا بیتکوک) لە ئیسلام، بەهەمان شێوە بووە هۆی موسڵمانبوونیشی.(٣٦٧)

## ٢٧– دیرک والتر موسیج

زانای ناسراوی ئەڵمانی بەم شێوەیە باس لە موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: تەرجومەیەکی قورئانم بە زوبانی ئیسپانی دەستکەوت، لە سەرەتادا باوکم ڕێگر نەبوو کە بیخوێنمەوە، چونکە وای دەزانی تەنیا یارمەتیم دەدات بۆ فراوانکردن و زیاترکردنی زانیارییەکانم و هیچی تر نا، نەیدەزانی وشەکانی خودا چ کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر عەقڵم دادەنێن، لەو کاتەی کە دەستم بە خوێندنەوەی قورئان کرد من کاسۆلیکییەکی دەمارگیر بووم، بەلام لە کۆتایی خوێندنەوەکەدا موسڵمان بووم، ئەویش بەهۆی ڕەسەنایەتی ئەو قورئانە، شتێکی بەڵگە نەویستە کە بیر و باوەڕی من بەر لە خوێندنەوەی قورئان بیروباوەڕێکی هەڵە بوو، تەنانەت کە قورئانیشم دەخوێندەوە بە گاڵتەوە دەمخوێندەوە و مەبەستم هەر ئەوەبوو هەندێ هەڵەی زەق و شتی دژ بەیەکی تێدا بدۆزمەوە، کە عەقڵی تەواو قبوڵی نەکات، لەوکاتەی کە دەستم دایە قورئان، هەرچەندە من بەتەمەن

(٣٦٧) موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة المطهرة، يوسف الحاج احمد، چاپی دووەم، ل ٣٢٤.



بچووکیش بووم، بەلام کەسێکی دەمارگیر بووم و زۆریش لێی بێزار بووم، بەلام دواتر دڵڕەقییەکەم نەما، بەڵکو لەهەمەوو کەس تینووتر بووم بۆ زانین و دۆزینەوەی ڕاستی. لە ساتێکدا کە گەورەترین و بەنرخترین ساتەکانی تەمەنی منە، خوای گەورە دڵی بە ئیسلام ڕووناک کردمەوە و بۆ ڕێگای ئیسلام هیدایەتی دام و لە تاریکی دەرهێنام و خستمیە سەر ڕێگای ڕووناک، بەڵێ لە مەسیحییەتەوە بۆ ئیسلام.(٣٦٨)

## ٢٨– روبرت ولزلی

هونەرمەندی بەتوانا دوای موسڵمانبوونی، گوزارشت لە هەستی خۆی دەکات و بە شێوەی شیعر دەڵێت: بە شێوەیەک هەستم بەئاسوودەیی کرد کە لەوە پێشتر هەستم پێ نەکردبوو، وا دەزانم گەیشتوومەتە چلەپۆپەی ژیان، تەنانەت ئەو هەوایەش کە هەڵیدەمژم بەهەناسەی قەدەر بۆندار بووە، بەڕاستی دینی خودا بەهۆی قورئانەوە ژیانی ئێمەی بۆندار کرد، خۆ ئەگەر ئەم دینە نەبوایە لە دونیای تۆدا مرۆڤێکم نەدەبینی.(٣٦٩)

## ٢٩– روبێرت گرین Robert Green

(روبێرت گرین) ڕاوێژکاری (ریچارد نیکسۆن)ی سەرۆکی ئەمریکاو جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە توێژینەوەی شارستانییەتەکان، ماوەی (٣٠) ساڵ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو کۆشکی سپی کاری کردووە، کاتێک (نیکسۆن) ویستوویەتی کتێبەکەی بنووسی، داوا لە هەواڵگری ئەمریکا دەکات دۆسیەی ئیسلامییە توندڕەوەکانی بداتێ، هەواڵگەریش لەو بارەیەوە دۆسیەکی تەواوی دەداتێ، جا لەبەر ئەوەی (نیکسۆن) ئەوەندە کاتی نەبووە هەموو دۆسیەکە بخوێنێتەوە، تەسلیم بە (ڕۆبرت گرین)ی دەکات، ئەویش کە دۆسیەکە دەخوێنێتەوە، یەکسەر موسڵمان دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە دۆسیەکە بەدەستی هەواڵگری ئەمریکا نووسرابوو، نەک بەدەستی موسڵمانان، لەگەڵ (ڕۆبرت گرین)دا (کونتین)یش موسڵمان بوو، کە ئێستا زنجیرە وتارێک لەیەکێک لەگرینگترین بلاوکراوەکانی ڕۆژئاوا دەنووسێت.

دکتور(گرین)یەکێکە لە گەورە شارەزایانی سیاسەت و دامەزرێنەری ناوەندی (شارستانیەت و نویکردنەوە)یە لە ئەمریکا، دوای ئەوەی بڕوانامەی ماستەر لە باسی

(٣٦٨) يسألونك في الدين والحياة، دكتور احمد الشرباصي، بەرگی ٧ ل٦٦٧، دار الجيل بيروت– لبنان .

(٣٦٩) دیوانە شیعری (گولاوی ئاسمان) روبر ولزلی .

(ڕژێمە یاساییەکان) لە زانکۆی (هاردوارد) بەدەست دێنی و، دوای کردنەوەی ڕۆژنامەی (هاردوارد) بۆ یاسای نێودەوڵەتی و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی لە کۆمەڵەی (هاردوارد) بۆ یاسای نێودەوڵەتی، ماوەی (١٠) ساڵ لەناوەندی ڕاوێژکار بۆ داڕێژەرانی سیاسەت لە واشنتۆن کار دەکات، لە ساڵی ١٩٦٢ بەشداری لە دامەزراندنی (ناوەندی توێژینەوە ستراتیژییە نێودەوڵەتییەکان) دەکات، لە ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٦٩ یەکێک بووە لە گەورە ڕاوێژکارانی سیاسی سەرۆکی پێشینی ئەمریکا (ریچارد نیکسۆن)، لە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن (ریچارد نیکسۆن)ەوە بە بەڕێوەبەری دیوانی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی دەسنیشان دەکرێت، لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن (ڕۆناڵد ڕێگان) بەسەفیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئیماراتی عەرەبی دادەمەزرێت.

دوای موسڵمانبوونیشی وەک بەڕێوەبەری بەشی یاسایی لە (دیوانی ئیسلامییە ئەمریکییەکان) کاری کردووە، هەروەها دامەزرێنەر و سەرۆکی یەکگرتووی پارێزەرە ئەمریکییە موسڵمانەکانە، لە ساڵی ١٩٥٩ بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا بەدەست هێناوە. روبێرت گرین (٦) زمانی زیندوو بەتەواوی دەزانی و خێزاندارەو باوکی (٥) منداڵە، وەکو پسپۆر تا ئێستا (١٠) کتێبی داناوە و زیاتر لە (٥٠) وتاری دەربارەی (الأنضمة القانونية المقارنة) و ستراتیژیەتی جیهانی و ئیدارەی زانیارییەکان نووسیوە.

(روبێرت گرین) دەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٠ دوای سەرکەوتنی ئینقلابی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لەڕۆژئاوا گرینگیدانی خەڵک بەئیسلام زیاد بوو، بەڵام نەک لە خۆشەویستییان بۆ ئیسلام، بەڵکو وەکو هەڕەشەیەک لەسەر خۆیان، بۆیەش چەندین بانگەواز لە بیریاران و زانایان، بۆ گرێدانی کۆڕو سمینار و بەستنی کۆنگرە سەبارەت بەو بابەتە بەرز بووەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ ئامادەی یەکێک لە کۆنگرەکان بووم، تاوەکو چۆنیەتی توێژینەوە و خستنەڕووی پرسەکە بەچاوی خۆم ببینم، لەو کۆنگرەیەدا خەڵکێکی زۆر لە سەرکردە هزرییەکانی ئیسلامی ئامادە بوون، لەوان: دکتۆر (حسن الترابي)، کە بۆچەندین جار قسەی کردو بەتەواوی ئیسلامی شی کردەوە، تێگەیشتم کە لەڕووی هزر و بیرکردنەوەوە مرۆڤێکی زۆر پێشکەوتووە، پاشان بینیم نوێژ دەکات و سوجدە دەبات، منیش دژی مەسەلەی سوجدە بووم، چونکە پێم وابوو نابێت مرۆڤ سوجدە بۆ هیچ کەسێک ببات و سوجدەبردن سووکایەتییە بە خۆی و مرۆڤایەتییەکەی، بەڵام بینیم کە شێخ (حسن الترابي) کڕنۆش بۆ خوا دەبات، کەواتە من لە پێشترم تا کڕنۆش ببەم، هەر لەو ڕۆژەوە منیش وەکو ئەوم کردو لەسەر دەستی شێخ (حسن الترابي) موسڵمان بووم.



(روبێرت گرین) دەڵێت: باوکم مامۆستای زانکۆی (هاردوارد) بوو، منی فێرکردبوو کە گرینگی بەو شتانە بدەم کە ڕاستن و، بەتەواوی بەرگرییان لێ بکەم و، بەگوێرەی توانا خۆم لە شتی هەڵە دوور بخەمەوە.

بەر لەوەی موسڵمان ببم، زۆربەی زۆری کاتەکانی خۆم لە گەڕان بەدوای دادپەروەریدا بەسەربرد، لە کۆنگرەیەکدا کە لە دیمەشق بەسترا، پرۆفیسۆ ر(روجیە گارودی)م بینی، کە کابرایەکی شیوعی یەو لەدژی سەرمایەداری قسەی دەکرد، هەردووکمان یەک ئامانجمان هەبوو، کە بریتی بوو لە پەرەپێدانی دادپەروەری، هەردووکمان دژی ئەوە بووین گرینگی تەنیا بەسامان و سەرمایە بدرێ و، پێمان وابوو گرینگیدان بەکۆکردنەوەی سەرمایە دادپەروەری نییە.

(روجیە گارودی) لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی مارکسییەت هەوڵی لەنێوبردنی (ملكية/ خاوەنداریتی)ی دەدا، لە کاتێکدا من پێم وابوو کە (خاوەنداریتی) کلیلی ئازادییە، بەڵام هەردووکمان لەسەر ئەوە کۆک بووین کە(خاوەنداریتی) لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی زۆرداری و بڵاوبوونەوەی زوڵم و نادادپەروەری، بانگەوازی هەردووکمان بۆ ڕژێمێک بوو کە خەڵک بەرەو وەبەرهێنان بانگ بکات و دادپەروەری بگاتە هەموو کەسێک، بۆیەش هەردووکمان گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئیسلام تەنیا چارەسەرە، چونکە تەنیا ئیسلام هەڵگری دادپەروەرییە لە ئامانجەکانی شەریعەت، لە (كليات) و (جزئيات) و (ضروريات)دا، خۆشم وەکو پارێزەر، لە یاسایەک دەگەڕام کە دەسکاری مرۆڤ نەبێت.

(روبێرت گرین) هەروا درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت: ڕۆژئاوا هەموو ئەو چاکەیەی کە هەیەتی لە ڕۆژهەڵاتی وەرگرتووە، پاشان فراوانی کردووە و گۆڕانی تیادا کردووە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی هێز بۆ دامەزراندنی شارستانیەتێکی گەورە، ئەم هێزەش وای کردووە کۆنترۆڵی جیهان بکات، لێرەدا ڕۆژئاوا پاڵنەرەکانی شارستانیەتەکەی ون کردووە، چونکە گەڕان بەدوای دادپەروەری، لە ئامانجەکانی ڕۆژئاوا نییە، بۆیەش دەستم کرد بەگەڕان و هەوڵدان بۆ دادپەروەری، شایانی باسە ئەوکاتەی کە چوومە زانکۆی (هاردوارد) و بڕوانامەم لە یاسا بەدەست هێنا، ماوەی (٣) ساڵ لەوێ مامەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا تەنانەت بۆ جارێکیش گوێ بیستی وشەی (دادپەروەری) نەبووم.

سەبارەت بەهەڵبژاردنیشی بەڕاوێژکار لە کاروباری دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت: لە ساڵی ١٩٦٣ وتارێکی دوور و درێژم سەبارەت بە ململانێی نێوان ڕوسیاو ئەمریکا نووسی،

سەرۆک (ریچارد نیکسۆن)یش کە ئەوکات لە فڕۆکەدا بوو، وتارەکەی منی خوێندبووەوە، دواتر منی بانگ کردو داوای لێ کردم کە سەبارەت بە شیوعییەت و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کتێبێک بنووسم، پاشان لە ساڵی ١٩٦٨وەکو ڕاوێژکار بۆ کاروباری دەرەوە دەست بەکار بووم، هەر لەئەنجامی نووسینی ئەو کتێبە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی بەجێگری سەرۆک (نیکسۆن) دامەزرام، کە چوار ڕاوێژکاری هەبوو، یەکێکیان من بووم، لە ساڵی ١٩٦٩ کاتێک (کیسنجر) پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرت، بەهۆی (٢٥) لاپەڕە لە کتێبەکەمدا کارەکەم کۆتایی پێ هات، چونکە باسم لە پرسی فەلەستین کردبوو، هەروەها پێشنیارم کردبوو، دوو دەوڵەت یەکێکیان یەهودی و یەکێکیان فەلەستینی دابمەزرێنرێن، ئەم بابەتە بۆ چەند ساڵێک جێگەی لێکۆڵینەوە بوو لە بەرزترین ئاستدا لەدام و دەزگاکان و کۆشکی سپی ئەمریکیدا، بەڵام (کیسنجر) دژی هەر مرۆڤێک بوو کە باس لەو بابەتە بکات، بۆیەش (کیسنجر) لەهەر بوارێکدا کە کارم تێدا دەکرد، لە دژی من دەوەستایەوە، پاشان (نیکسۆن) منی بەجێگری خۆی دانا لە کۆشکی سپی، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری یەکێک لە ویلایەتەکان.

دوای شەرمەزارییەکەی (ووتر گیت) زانیم بەشێوەیەکی چالاک لەناوەوەی دەوڵەت ناتوانم کاریگەری لەسەر سیاسەتی ولاتە یەکگرتوەکان دابنێم، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە تەنیا ڕێگر لە ستەم و زۆرداری، دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی هزرییە کە بگەڕێتەوە بۆ شتە نموونەیییەکان لە ئەمریکاو، بانگەواز بۆ گەڕاندنەوەی کەلەپووری ئەمریکی بکات کە زۆری نەمابوو لەنێو بچێت، ئەو نموونە بەرزانەش لە ئەمریکا نەمابوون، بەڵام لە ئیسلامدا دۆزیمەوە، بۆیە من وای دەبینم کە ژیاندنەوەی کەلەپووری ئەمریکی، لە وواڕۆژدا بەڕێگای ئیسلامەوە دەبێت، ئەمەش ئەو بەرنامەیەیە کە لەوەتەی موسڵمان بووم لە ساڵی ١٩٨٠وە تا ئێستا کاری لەسەر دەکەم.(٣٧٠)

## ٣٠- ڕوجیە دوباکییە

زانا و هزرڤانی سویسری، لە ژینگەیەکی مەسیحی پرۆتستانتی پێگەییوە، بەڵام خۆی کەوتبووە ژێر کاریگەری فەلسەفەی نوێ، بەتایبەتیش فەلسەفەی (وجودی)، ئەو بڕوای وابوو کە ئاینەکان بەگشتی بیروباوەڕی پڕوپووچن.

(٣٧٠) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran. com بەنەقل لە کتێبی (الإسلام والغرب، الوجه الآخر) نووسینی حسن السعید.



لەو کاتەی کە بەکاری ڕۆژنامەوانییەوە خەریک دەبێت، سەردانی زۆر وڵات دەکات، لەوان وڵاتی (سوید)، کە وەکو پەیامنێرێکی ڕۆژنامەوانی لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ کار دەکات، (ڕوجیە دوباکییە) بۆی دەردەکەوێت کە وێڕای ئەو پێشکەوتن و خۆشگوزەرانییەی کە خەڵک تێیدا دەژین، کەساس و خەمبارن، کاتێکیش بۆ هەندێ وڵاتی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات سەفەر دەکات، دەبینێ ڕەوشەکە ڕێک پێچەوانەی ڕۆژئاوایە، دەبینێ موسڵمانان زۆر هەژارن، بەڵام هەست بە بەختەوەرییەکی زیاتر دەکەن و ژیانیان واتایەکی هەیە، ئەم تێبینییە وای لێ دەکات بۆ ماوەیەکی درێژ بیر لەواتای ژیان بکاتەوە و لەنێوان ئەو دوو نموونەیەدا بەقووڵی لە مانای ژیان ورد بێتەوە، لەم بارەیەوە (ڕوجیە) دەڵێت: من لە خۆمم دەپرسی: موسڵمانان وێڕای هەژاری و دواکەوتوویی، بۆچی ئەوەندە هەست بە بەختەوەری دەکەن؟ بۆچی (سوێدی)یەکان هەست بەکەساسی و دڵتەنگی دەکەن، سەرەڕای ئەو خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنەی کە تێیدا دەژین؟ تەنانەت لە وڵاتەکەشمدا (سویسرا) هەستم بەهەمان ئەو دیاردەیە دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتێکە ژیان تێیدا خۆشە و ئاستی بژێوی خەڵک لە بەرزیدایە!

بەرامبەر بەهەموو ئەوانە، بەپێویستم زانی ئاینەکانی ڕۆژهەڵات بخوێنمەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەم، لە سەرەتادا ئاینی (هیندۆسی)م خوێندەوە، بەڵام زۆر قەناعەتم پێ نەهات، تاوەکو ئاینی ئیسلامم خوێندەوە، یەکسەر منی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، چونکە دژی ئاینەکانی تر نەبوو، بەڵکو جێی هەمووانی دەگرتەوە، چونکە کۆتایی ئاینەکانە، ئەمەش ڕاستییەکە چەندی دەمخوێندەوە بڕوام پتەوتر دەبوو، تاوەکو کتێبەکانی فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسی (رینیە جینو)م خوێندنەوە، کە پێشتر موسڵمان بووبوو، ئیتر ئەم ڕاستییە بەتەواوی لەبیر و هۆشمدا چەقی و، وەک زۆرێک لەو کەسانەی کە کتێبەکانی فەیلەسووفە فەرەنسییە موسڵمانەکان کاری تێ کردوون و موسڵمان بوون، منیش بۆم دەرکەوت کە ئیسلام مانا بەژیان دەبەخشی، بەپێچەوانەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا کە ماددەپەرستی کۆنترۆڵی کردووەو، هیچ بڕوای بەڕۆژی دوایی نییەو تەنیا بڕوای بەژیانی دونیا هەیە.

بەم شێوە (ڕوجیە) دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیر و هزری فەیلەسووفی موسڵمانبووی فەرەنسی (رینیە جینو)، هەروەکو چۆن گەشتەکانی بۆ وڵاتانی ئیسلامی کاری تێ دەکەن، کە وێڕای ئەوەی خەڵکەکەیان لە بارودۆخێکی خراپی ژیاندا دەژین، کەچی بەئەندازەیەکی زۆر چێژ لە ژیان وەردەگرن، ئەویش بەهۆی ئەو ئیمانەی کە لە دەروونیاندا جێگەی گرتووە،

لەلای ئەوان قـەیرانـی ئەخـلاقی نییـە، وەکـو ئەوەی لە ئەوروپا هـەیە، کـە وای لە زۆر گـەنج کردووە خـۆیان بکوژن، یانیش بـەهۆی بەکارهێنـانی مـاددە هۆشبـەرەکان لەژیان هـەڵبێن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ژیان لای ئەوان هیچ واتاو نرخێکی نییە.

(روجیـە دوباکییـە) لەکۆتاییدا دەگاتە ئەنجامێک کە خۆی لەبارەیەوە دەدوێت و دەڵێت: بۆم دەرکەوت کە ئیسلام بەهۆی بنەما ساکارەکانی، ئارامی و دڵنیایی بەسەر دەروونەکاندا دێنێت، بەڵام شارستانیـەتی ماددی خاوەنانـی خۆی بەرەو نائومێدی ڕادەکێشێت، چونکە بڕوایان بەهیچ شتێک نییە، هەروەکو بۆم دەرکەوت کە ئەوروپییەکان حەقیقەتی ئیسلامیان نەزانیوە، چونکە ئەوان بە پێوەرە ماددییەکانیان بڕیار لەسەر ئیسلام دەدەن.

بۆیەش کاتێک پرسیاری لێکرا: چ شتێک تۆی بۆ لای ئیسلام ڕاکێشا، یەکسەر وەڵامی دایەوە و گـوتی: لەڕاستـیدا یەکەم شت کـە منی بەرەو ئیـسلام ڕاکـێشا، شـایەتمان بوو (أشـهد أن لا اله الا الله، وأشـهد أن محـمدا رسول الله). چونکە بۆم دەرکەوت کە ئیسلام ئاینێکی تەواوە و هەمـوو شـتێک لە ئیسلامـدا پەیوەسـتە بەقورئان و سوننەت، بەبڕوای من دەکرێت مـرۆڤ بەدرێژایی ژیان لەم شـایەتمانە وردبێتـەوە، چونکە شایەتمان دەڵێت: جگە لەخـوا هیچ پەرسـتـراوێکی ڕاست و دروست نیـیـە، ئەمــەش ئەوە دەگـەیێنێت کـە هـیچ ڕاستیـەکی بەردەوام و هەمیشەیی نییـە جگە لە خـوا، کەچی فەلسـەفـەی نوێ دەڵێت: هیچ حەقیقەتێک نییە جگە لەو دونیایە، ئەمەش ئەو شتـەیە کە فەلسەفـەی (وجودی) و ئەوانی تر دەیڵێنەوە. بەڕاستی من سـەرم سوڕمـاوە، چونکە ئیسلام گوزارشت لە شـتێک دەکات کە زانست و فەلسەفەی نوێ لەیادیان کردووە.

هـەروەها دەڵێت: لەوکاتەی کە خـەریکی دیراسـەکردنی قورئان بووم، زۆر کاری تێ کـردم، هـەندێ ئایەتی لێ فێربووم و لەبـەرم کردن، سوپاس بۆ خوا ئێستا دەتوانم بیخوێنمەوە.

هـەروەها دەڵێت: دوو ئایەتی قـورئان وایان لێ کـردم لەسـەریان بـوەستم، یەکـەمیـان:( وَمَن يبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَل مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) (٣٧١)

دووەمیـان:( لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يكْفُرْ بِالطاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لاَ انفِصَامَ لهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) (٣٧٢)

پاشـان بەو پەڕی بەختـەوەرییـەوە دەڵێت: فـەرموودەکـانی پێغـەمـبـەریشم خـوێندنەوە،

(٣٧١) سورة آل عمران ٨٥ .

(٣٧٢) سوره البقره ٢٥٦ .



بەڕاستی حیکمەت و ڕوونکردنەوە وردەکانی کاریان تێ کردم.

(روجیـە دوباکییـە) تەنیا ئەوەی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە کە موسڵمانبوونی خۆی بەخەڵک ڕابگـەیێنـێ، هـەروەک دەڵێت: کـاتێک گـەڕامـەوە سـویسـرا هیچ پاسـاوێک نـەبوو کـە موسڵمانبوونی خۆم بشارمەوە، بۆیە زۆر بابەتم لەبارەی ئیسلامەوە لە ڕۆژنامـەی (جورنال دی جنیف) و ڕۆژنامـەی (جازیت دی لوزان) کە دوو ڕۆژنامـەی نا ئیسلامین، بڵاو کردەوە. هـەروەها هـەندێ کتێب کە زۆر بـابـەتی ئیسلامییان لەخۆ گرتبوو وەرمگێڕانـە سەر زمـانی (سویسری)، لە هـەموو وتار و کتێبەکانمدا وەک موسڵمانێک کە ڕێگای خۆی لە ئیسلامدا دۆزیبێتەوە بەرگریم لە ئیسلام دەکرد.

ئێستاش هـەوڵ دەدەم نووسینەکانم سـەبارەت بەئیسلام چڕتر بکەم و ئەوەی لەجیهـانی ئیسلامیدا دەخولێتەوە، بۆ خوێنەرە ڕۆژئاواییەکانی شی بکەمـەوە، من لەنووسینەکانمدا جەخت لـەسـەر ئەوە دەکەمـەوە کـە ئیسلام چارەسـەری بۆ هـەمـوو ئەو کـێشانە پێشکەش دەکات کە دەرگایان بەڕوودا داخراوە، کەچی ئیسلام چەندین دەرگای بۆ کردوونەتەوە.

سـەبارەت بەو کـەسـانەی کـە بڕوایان وایە ئیـسـلام ئاینێکی نەتەوەیی یـان ئایدۆلۆژییـە، بەتووڕەیییـەوە دەڵێت: من ڕای جیاوازم لەگەڵ هەندێ کەس هەیە کە بەچاوی نەتەوایەتییەوە دەڕواننە ئیسلام –کە ئەمـەیان بۆچوونێکی هەڵەی زۆربەی موسڵمانە– یان دەڵێن: ئیسلام ئایدۆلۆژییـەتە، کـە بۆچوونێکی زۆر هـەڵەیە، بەڵکو ئیـسـلام ڕێگەیە بۆ گـەیشتن بـە خـوا، هـەروەها بـاشـتـرین ڕێبـازیشـە بۆ ناسـینـی خـودا و ئـاشـتـبـوونـەوەی نێـوان دروسـتکەر و دروستکراودا.

هـەروەهـا سـەبارەت بـەو ڕەخنەیەی کـە ئاراسـتـەی ئیـسـلام دەکـرێت، گـوایە ئاینی دواکەوتنەو مرۆڤ بـەرەو پێش نابات، بە گاڵتەوە دەڵێت: سـوپاس بۆ خـوا ئەو پێشکەوتنەی کـە ئەوان تێـیدا دەژین بەرەو دۆزەخـیـان دەبات، ئیـسـلام بەم مـانایە پێـشکەوتوو نییـەو، سـوپاسـی خـواش دەکـەم کـە ئیـسـلام بـەئاراسـتـەی ئەو پێـشکەوتنە مـاددیەی کـە ئەوان مەبەسـتیـانە نەڕۆیشتووە، خۆ ئەگەر بەو شێوەیە بووایە، نە سـەرنجی مـن و نەسـەرنجی ئەو بیریارانەی بەلای خـۆیدا ڕادەکێشا کە خێرو بەرەکەت و بەختـەوەریان بـۆ مرۆڤایەتی لە ئیسلامدا دۆزیوەتەوە، وەک: (روجیە گارودی) و ئەوانی تر.

لە ڕاستیدا ئیسلام گوزارشت لە شتێکی نەمر دەکات و، گەوجییە ئەگەر بڵێین: پێویستە ئیـسـلام بگۆڕدرێت گـوایە دواکـەوتووە، چونکە ئەو پێـشکەوتنـەی کە ئەوان بانگەشـەی بۆ

دەکەن، ئەوانی بەرەو نائومێدی و دۆڕاندن ڕاکێشاوە، ژیار و شارستانیەتی نوێ، گوزارشت لەململانێی مرۆڤ لەگەڵ ماددەو ژیاندا دەکات، لە کاتێکدا ئیسلام گوزارشت لەڕاستی دەکات، بۆیە هیچ هۆیەک نییە ئیسلام بەئاراستەی ئەو پێشکەوتنەدا بڕوات کە ئەوان دەیانەوێت، کە بێجگە لە پەشێوی و داڕووخان و نائومێدی هیچی تر نییە.

سەبارەت بەوەش کە ئیسلام وەکو ئاین، جیاوازە لە موسڵمانان وەکو کەس، ناوبراو بەزەردەخەنەوە دەڵێت: بەسەرهاتێک لەم بارەیەوە هەیە، ئەو وەڵامی ئێوەی پێیە، برادەرێکم هەیە، ماوەیەکە دەیناسم، لە تەمەنی بیست و شەش ساڵییەوە موسڵمان بووە، ناوی (محمد أسعد)ە، پێشتر جوولەکە بووە و لە ساڵی ١٩٢٦ موسڵمان بووە، کتێبێکی لەژێر ناوی (بەرەو مەککە) نووسیوە، ئێستا یەکێکە لە زانایانی ئیسلام و زۆر دانراوی تریشی هەیە، بەر لەماوەیەک لە پاکستان– کە لەوێ دەژییێت– چاوم پێکەوت، خودی ئەم پرسیارەم لێ کرد: ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان ئیسلام وەکو ئاین و، نێوان موسڵمان وەکو کەس؟

لەوەڵامدا گوتی: ئێمە کە موسڵمان بووین، هۆیەکەی موسڵمانەکان نین، بەڵکو بەو هۆیەیە کە ئیسلام حەقیقەتێکە کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات...

ڕاستە باری موسڵمانان شڵەژاوە، بەڵام دەمەوێت بەڕاشکاوی پێت بڵێم ئەو شڵەژانە لەنێوان پەیڕەوانی دیانەتەکانی تردا زۆر زیاترە لە هی موسڵمانان، لەڕاستیدا ئیسلام دوایین گوزارشتە لە بەزەیی خوداو، هێشتاش توانای بەخشینی بەخششی زۆری هەیە، بەخششێک کە مرۆڤ لە بەدبەختی و سەختی و ئازارەکانی ژیان ڕزگار دەکات، ئیسلام پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا نوێ دەکاتەوە، پەیوەندیەک کە مرۆڤی ئەم سەردەمە بڕیویەتی، تەنانەت ئەگەر موسڵمانان لە بارێکی ناخۆش و شڵەژاویشدا بژین، ئاینەکەیان دەتوانی ژیانی ئارام و بەختەوەریان پێ ببەخشێتەوە و هاوکارییان بکات بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو قەیرانە ئەخلاقییەی کە ڕۆژئاوا تێیدا دەژیت.

سەبارەت بەدیاردەی موسڵمانبوونی ئەوروپییەکانیش دەڵێت: هەروەکو گوتم، ئەو قەیرانەی کە ژیار و شارستانیەتی نوێ، ئەوانی تێ خستووە، هۆکاری ئەم دیاردەیەیە، چونکە ئەوروپییەکان لە حاڵەتێکی بێ ئومێدیدا دەژین، چونکە بڕوایان بەهیچ نییە، بۆیە ئەوان بەدوای واتایەکدا دەگەڕێن بۆ ژیانیان و، ئەم واتایەشیان تەنیا لە ئیسلامدا دۆزیوەتەوە، بۆیە ڕووی تێ دەکەن و موسڵمان دەبن.(٣٧٣)

---

(٣٧٣) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran com بەنەقل لە (اللواء الإسلامي) کە (محمد صبره ورضا عكاشه) لە یەکێک لە ژمارەکانی هەفتانەیدا ئەم گفتوگۆیەیان لەگەڵدا سازدابوو.



## ٣١– روجیە گارودی Roger Garaudy

نووسەر و فەیلەسووفی نێوداری فەرەنسی (روجیە گارودی) لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری (مرسیلیا)ی فەرەنسی لەدایک بووە، بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفە لە زانکۆی (سوربۆن) وەرگرتووە، هەروەها لە زانکۆی مۆسکۆ بڕوانامەی دکتۆرای لەزانستەکان وەرگرتووە، (روجیە گارودی) شیوعی بوو، بەڵام بەهۆی ڕەخنە بەردەوامەکانی لە یەکێتی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٧٠ لەحیزبی شیوعی وەدەرنرا، (روجیە گارودی) زۆر کتێبی بەنرخی داناون کە زۆربەیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون، لەوان: (حوارات الحضارات) و(الاسلام دين المستقبل) و(مايعد به الاسلام) و (الاسلام وأزمة الغرب) و(جلت وحيدا حول القرن) و(الاساطير المؤسسة للسياسة الاسرائيلية) و..هتد. شایانی باسە لە ساڵی ١٩٩٨ دادگایەکی فەرەنسی بڕیاری دەستگیرکردنی (گارودی) دا بەتۆمەتی گومان خستنە سەر (هۆلۆکوست/ Holocaust)ی جوولەکەکان، چونکە (گارودی) لە کتێبەکەیدا (الاساطير المؤسسة للسياسة الاسرائيلية) ئەو ژمارەی کە سەبارەت بە لەنێوبردنی یەهودییەکانی ئەوروپا لەسەر دەستی نازییەکان بەربڵاوە، بەڕاست نازانی. (گارودی) دوای نیو سەدە لەگەڕان بەدوای ڕاستیدا سەرەنجام لە ساڵی ١٩٨٢ لە (جنیڤ) موسڵمانیەتی خۆی ڕادەگەیێنی . (گارودی) بەم شێوەیە باس لە یەکەم جار دەکات کە ئیسلامی ناسیوە: لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانی دەستگیر کرام و لە سەربازگەیەک لە بیابانی جەزائیر زیندانی کرام، لە زینداندا سەرپەرشتی هەڵگەڕانەوەیەکم کرد، بۆیە سەرۆکی سەربازگەکە بڕیارێکی خێرای بۆ کوشتنم دەرکردو فەرمانی بە سەربازە موسڵمانە جەزائیرییەکان دا کە دەستڕێژیم لێ بکەن، بەڵام ئەوەی کە دووچاری سەرسوڕمانی کردین ئەوکاتە بوو کە سەربازەکان ڕازی نەبوون گوللەبارانم کەن، کاتێک لە هۆیەکەیم کۆڵییەوە زانیم کە غیرەت و شەرەفی جەنگاوەری موسڵمان ڕێگەیان نادات کەسێکی بی تاوان بکوژن، ئەو ڕووداوە گرینگە لە ژیانمدا، زیاتر لە خوێندنی (١٠) ساڵی زانکۆی (سۆربون)ی فێرکردم.

هەروەها دەڵێت: خۆشەویستی من بۆ ئیسلام بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکو دوای ماندوو بوون و گەشتێکی پڕ لە هەورازو نشێوی دێت، تاوەکو گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە تەنیا ئیسلامە سەقامگیری و ئارامی بەمرۆڤ دەبەخشی، چونکە لەبیر و هزری مندا، ئیسلام واتە سەقامگیری و ئارامی.(٣٧٤)

---

(٣٧٤) لماذا اسلمت فحكمت، هيثم الحافض لاپەڕە ١٠٧ .

هەروەها دەڵێت: لە ئیسلامدا یاسایەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەخلاقیم بینی، کە هەموو لایەنێکی ژیان دەگرێتەوە و توانای ئەوەی هەیە مرۆڤایەتی لەو تەنگ و چەڵەمەیەی ئێستای ڕزگار بکات، چونکە سەرمایەداری و مارکسیەت وەکو یاسایەکی دانراو، لە ڕزگارکردنی مرۆڤی هاوچەرخ و چارەسەرکردنی کێشەو گیر و گرفتەکانی، فەشەلیان هێنا.[٣٧٥]

هەروەها دەڵێت: ئەوەی کە هەمیشە منی سەرقاڵ دەکرد، لێکۆڵینەوە بوو لەو خاڵەی کە تێیدا ویژدان و عەقڵ بەیەک دەگەن، سوپاس بۆ خوا کە ئیسلام منی بەو خاڵە گەیاند.[٣٧٦]

## ٣٢- رونی ئۆسولیفان

ڕۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٣/١٠/٧ بەسەرهات و چیرۆکی موسڵمانبوونی (رونی ئۆسولیفان)ی پاڵەوانی پێشووی (سنوکر)ی جیهانی بڵاو کردەوە، ئامادەکاری هەواڵەکە دەڵێت: ئەوەی منی سەرسام کرد، قسەکانی دایکی بوون لەبارەی کوڕەکەیەوە دووایی موسڵمانبوونی، هەروەکو چۆن ڕۆڵی یاریزانی بۆکسێنی جیهانیّ(حمید نسیم) لە بانگکردنی بۆ ئیسلام سەرسامی کردم.

(رونی ئۆسولیفان) پاڵەوانی پێشووی یاری (سنوکر)ی جیهانی کە لەڕابردوودا بە بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان و مەی خواردنەوەو، تووشبوو بەنەخۆشی خەمۆکی ناسراو بوو، بوو بەدواهەمین ئەستێرەی وەرزشی کە موسڵمان دەبێت، (ئۆسولیفان) دوای (ئەلیکس هیگز) کە بە نازناوی ڕەشەبا ناوبانگی دەرکردووە، بەگرینگترین یاریزانی (سنوکر) دەژمێردرێت، ئەو لەڕێگای برادەرەکەیەوە یاریزانی بۆکسێنی موسڵمان (حمید نسیم) ئاشنایی لەگەڵ ئیسلام پەیدا کردووە، یاریزانی تەمەن (٢٧) ساڵ کە لە (لەندەن) لەسەر مەزهەبی کاسۆلیکی مەسیحی پێگەییوە، لە بنکەی ڕۆشنبیری ئیسلامی کە دەکەوێتە ناوچەی (ریگینت پارک) لە لەندەن لە مانگی ڕابردوودا شایەتمانی هێنا و موسڵمان بوو.

(رونی ئۆسولیفان) لەسایەی ئیسلام توانی هێزی دەروونی بەدەست بێنی، کە بەهۆیەوە بتوانی بەسەر گرفتەکانیدا زاڵ بێت.

(٣٧٥) مايعد به الاسلام، روجيه گارودي.

(٣٧٦) عظماء ومفكرون يعتنقون الاسلام، محمد طماشي لاپەڕە ٦٣ .



(رونی ئۆسولیفان)ی ناسراو بە مووشەک بەدوای کۆمەڵێک وەرزشوان دادێت کە موسڵمان بوون، تاوەکو بەسەر گیروگرفتەکانیاندا زاڵ بن، لەوان: یاریزانی (بۆکسێن) (محمد علی کلای) و(مایک تایسون) و(دانی ویلیامز) کە لەهەفتەی ڕابردوودا توانی پارێزگاری لە نازناوی پاڵەوانی کێشی قورس لە (بەریتانیاو وڵاتانی کومنویلث) بکات.

(نسیم حمید)ی پاڵەوانی پێشووی جیهانی یاری بۆکسێن، پاڵنەرێکی بەهێزو سەرەکی بووە لە موسڵمانبوونی (رونی ئۆسولیفان)دا. (ماریا)ی دایکی (رونی ئۆسولیفان) دەڵێت: هێشتا کوڕەکەم ئامادە نییە دەربارەی موسڵمانبوونی خۆی بدوێت و، ئێستا بەیاری (سنوکر)ەوە خەریکەو (نسیم حمید)یش برادەرێکی چاکی (ڕۆنی)یەو هۆکاری سەرەکی بووە لە موسڵمانبوونیدا، هەروەها ئاماژە بەوەش ئەدات کە (ڕۆنیّ) لەو کاتەوەی کە موسڵمان بووە، بووە بەکەسێکی باشترو، هیوای خواست کە موسڵمانبوونی ببێتە هاوکار و هۆکار بۆ سەقامگیری باری دەروونیّ.

(رونیّ) وێڕای بلیمەتییە بێ وێنەییەکەی لە وەرزشدا، بەدەست زۆر گرفتی دەروونی دەیناڵاند. کەچی لەو کاتەی کە تەمەنی (٩) ساڵان بووە، بە تۆمارکردنی سەدەمین گۆڵ، یەکەم قۆناغی یارییەکەی بڕیوەو، لەتەمەنی (١٥) ساڵیدا بەتۆمارکردنی (١٤٧) گۆڵ، بوو بەبچووکترین یاریزان کە ئەوەندە گۆڵی تۆمار کردبێت.[٣٧٧]

## ٣٣- رینیه جینۆ

زانا و فەیلەسووفی فەڕەنسی کە دوای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ لەدیانەتەکان موسڵمان بووە، موسڵمانبوونەکەشی هەرایەکی گەورەی لە ئەوروپاو ئەمریکا دروست کردو، بووە هۆی ئەوەی زۆر کەسی دیکە موسڵمان بن.

ناوبراو چەندین کتێبی بەنرخی داناون، لەوان: (أزمة العالم الحديث) و (الشرق والغرب) و (الثقافة الإسلامية وأثرها في الغرب)، هەروەها گۆڤارێکیشی بەناوی (المعرفه) دەرکردووە.

هەرچەندە بەهۆی کاریگەری بیروڕاکانی، کەنیسە خوێندنەوەی کتێبەکانی حەرام کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکانی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوە.

ناوبراو دەڵێت: ویستم خۆم بە دەقێکەوە بگرم کە نە لەڕابردوو نە لەداهاتوودا گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێت و نەیەت، دوای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ، بۆم دەرکەوت کە ئەم دەقەی بۆی

(٣٧٧) ماڵپەڕی bilalmaroc. Jeeran. com

دەگەڕێم بێجگە لە قورئان، لە هیچ شوێنێکی تردا دەست ناکەوێت.

دیسان دەڵێت: ئەوروپا لەڕێگەی خودا دوور کەوتووەتەوەو، لە بەرەڵڵایی و بەدڕەوشتی و بێ بڕواییدا نقوم بووە، ئەگەر زانایانی ئیسلام نەبوونایە، ڕۆژئاوا کوێرانە لە قوڕو لیتاوی جەهل و تاریکیدا ئەتلایەوە.[٣٧٨]

### ٣٤- خاتوو سارا جوزێف Sara Joseph

مامۆستا لە زانکۆی مەلەکی لە ئینگلتەرا، ئێستا خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە باسی (باوەش بۆ کردنەوەی بەریتانییەکان بۆ ئیسلام) لەهەمان زانکۆ، ناوبراو وەکو نووسەر لە ڕۆژنامەی (دیوانی ئیسلامی لە بەریتانیا) کار دەکات، پێشتریش نووسەر بووە لە گۆڤاری (الإتجاهات) کە گەورەترین گۆڤاری ئیسلامییە لە بەریتانیا، ئێستاش بۆ زۆر دەزگای ڕاگەیاندن دەنووسی، وەکو: (ال بی سی) بۆ خزمەتگوزارییە جیهانییەکان و (وقفة الافکار) و..هتد، سەرەڕای کۆڕو سمینارەکان سەبارەت بە ئیسلام لە گشت بوارەکانی عەقیدەو ژن و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی .

(سارە جوزێف) لە ساڵی ١٩٨٨ موسڵمان بووە و خێزاندارە، کچێک و کوڕێکی هەیە، بەم شێوەیە باس لە موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: کاتێک کە منداڵ بووم لە هاوڕێکانم جیا بووم، چونکە بڕوام بەخوا هەبوو، زۆر حەزم لە دادپەروەری و یەکسانی و چاکە دەکرد، دەتوانم بڵێم مەسیحییەکی بڕوادار بووم و بەڕاستی پەیڕەویم دەکرد، کاتێک تەمەنم چواردە ساڵان بوو، برام ژنی هێنا و موسڵمان بوو، ئەمەش وای لێ کردم پێی خۆشحاڵ نەبم، چونکە بڕوام وابوو کە شتێکی پێچەوانەی شەرعی خودای کردووە، وەک ئەوەی خۆی بفرۆشی بە شتێک کە خوا پێی ڕازی نییە. تا ئەو کاتە هیچ شتێکم دەربارەی ئیسلام نەدەزانی، جگە لەوەی کە ئافرەت بریتییە لە خێمەیەکی ڕەش و پەیوەندی بە تیرۆریستانەوە هەیە، دواتر دایکم پێی گوتم کە عیسا (علیه السلام) لە ژنێکی داوێن پاک لەدایک بووە، نەمدەزانی ئەمە چۆن ڕووی داوە، بەڵام ڕۆژێک لە پەرتووکخانە دانیشتبووم، داوای نوسخەیەکی قورئانم کردو چوومە سەر فێهرستی قورئان و، ئەو ئایەتەی کە باس لە پاکییەتی مەریەم و چۆنیەتی لەدایکبوونی عیسا دەکات دۆزیمەوە، تۆزێک خۆشحاڵ بووم، دواتر وازم لێ هێنا، کاتێک تەمەنم گەیشتە شازدە ساڵان قوتابخانەی مەسیحییەتم

(٣٧٨) الإسلام في قفص الإتهام ، دکتور شوقي أبو خليل، لاپەڕە ١٦ .





بەجێهێشت و چوومە زانکۆ، لەوێ دەستم کرد بە خوێندنەوەی مێژووی کەنیسە، لێرەدا هەندێ شتی دیاریکراوم بینی کە بووە ئاستەنگ لەنێوان من و مەسیحییەتدا، لەوان ئەو بڕوایەی کە پێیان وایە پاپا پاک و بێ تاوانەو هیچ کاتێک هەڵە ناکات...هتد.

دواتر دەڵێت: یەکێک لە شتە سەرسوڕهێنەرەکانی خودا ئەوەیە: ئەو قورئانەی کە بە ڕێگای وەحییەوە بۆ سەر پێغەمبەری ناردووە، چۆن بە پارێزراوی ماوەتەوە و چۆن زانیویەتی کە عیسا لە ژنێکی پاک لەدایک بووە و کوڕی خودا نییە؟ بەڵکو ئەمەیان دەسەڵاتی خودایە، چونکە خودا تەنیا دەڵێت ببە، ئیتر شتەکە دەبێت.

چیرۆکی موسڵمانبوونم زۆر لەوە سەختترە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمانە گرینگترین شت بوون کە وایان لێ کردم ئیسلام بگرمە باوەش، شتێکی تر کە وای لێ کردم بڕوا بەڕاستی و دروستی ئاینی ئیسلام بێنم، بینینی کچە گەنجێکی بیست ساڵانە بوو نوێژی دەکردو سوجدەی تیادا دەبرد، کاتێک منیش سوجدەم برد، تێگەیشتم کە سوجدە بردن چڵەپۆپەی تەسلیمبوونە بەخودای گەورە، لەو ڕۆژەوە تێگەیشتم کە ئیسلام ئاینێکی ڕاست و دروستە.[٣٧٩]

### ٣٥- خاتوو سیسیلیا کانولی

خاتوو سیسیلیا کانولی ئوسترالی دەڵێت: هۆی باوەشکردنەوەم بۆ ئیسلام، بە پلەی یەک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من هەر لە سەرەتاوە هەستم دەکرد لە ناخی دڵمەوە من موسڵمانم، بێ ئەوەی بەتەواوی هەست بەو ڕاستییە بکەم.[٣٨٠]

### ٣٦- قەشە سیفردو رویس

(الم ، ذلك الكتاب لاريب فيه هدى للمتقين) ئایەتی یەکەمی سورەتی (البقرة) دەستپێکی گۆڕانی ژیانی (سیفردو رویس)ی قەشەی بەناوبانگی ئەمەریکی بوو لەئاینی مەسیحییەوە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بە هاوڕێیەتی (١٧) هەزار موسڵمانی ئەمەریکی مەراسیمی حەجیان لە شاری مەککەی پیرۆز بەجێ گەیاند.

چیرۆکی گۆڕینی ئاینی ئەم قەشەیە ڕووداوێکی سەیرەو جۆرێکە لەو ڕووداوە دەگمەنانەی

(٣٧٩) mszakki 2001us.jeeran.com.

(٣٨٠) يسألونك في الدين والحياة، دكتور احمد الشرباصي بەرگی ٧ ل ٦٧١، دار الجيل بيروت- لبنان .

که ڕوویان داوه، قەشە (سیفردو رویس) که پێش موسڵمانبوونی بەم ناوه ناسرابوو و دواتر ناوی خۆی گۆڕی بۆ (عەلی گواتیمالا) له لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ژماره (١٠٦١٥) ی ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/٢١ دەڵێت: من له شاری (کوین)ی باشووری ئەمەریکا کاری قەشەییم دەکردو ڕۆڵێکی کاریگەرم هەبوو له بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی له زیندانەکانی ئەمەریکا، له هەمان کاتیشدا قوتابی بووم له قۆناغی کۆتایی قوتابخانەی قەشەکان _ مدرسة القسيسين _ که قوتابخانەیەکی تایبەته بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنی قەشەکان، پێش دەرچوونمان لەم قوتابخانەیه داوامان لێ کرا که زانیاری لەسەر کتێبه ئاسمانییەکان و سەرجەم ئاینەکان کۆ بکەینەوه، بۆ ئەوەی قەشە لەکاتی دەرچوونی شارەزاییەکی تەواوی له سەرجەم ئاینەکان و بیر و باوەڕەکاندا هەبێت، منیش ویستم شارەزایی له قورئان پەیدا بکەم، که یەکەم لاپەڕەی قورئانی پیرۆزم کردەوه چاوم کەوته سەر ئایەتی (الم، ذلك الكتاب لاريب فيه هدى للمتقين) ئەم ئایەته زۆر سەرنجی ڕاکێشام و، زۆر بیرم له وشەی (لاريب فيه) کردەوه و زانیم که من له بەردەم ڕاستییەک وەستاوم که هیچ گومانێکی تێدا نییه، بۆیه بڕیارم دا زۆر بەوردی لێکۆڵینەوه لەسەر قورئانی پیرۆز بکەم، له ئەنجامدا بەچەندین زانیاری دروست گەیشتم، که ئێمە پێشتر زۆر بەهەڵه تێڕوانینمان لەسەر هەبوو، هەروەها چەندین پرسیاری جۆراو جۆرم لالا گەڵاڵه بوون، بەڵام که پرسیارەکانم ئاراستەی قەشە گەورەکان دەکرد، وەڵامیان نەئەدامەوه و خۆیان له پرسیارەکانم دەشاردەوەو، ئامۆژگارییان دەکردم که واز له قورئان بێنم و چیتر لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکەم، بەڵام لەدوای داوایەکەیان من زیاتر مکوڕ بووم له پەیداکردنی زانیاری زیاتر و شارەزا بوون له ئیسلام، بۆیه هەموو جار داوام لەخوای گەورە دەکرد که ڕاستەڕێم بکات و ڕێگای دروستم پێ پێشان بدات ، چەندین ڕۆژ لەسەر ئەم پاڕانەوە و بیرکردنەوەیه بەردەوام بووم، تاوەکو ڕۆژێکیان لەکاتی دەرچوونم له ماڵەوه له ڕێگادا مرۆڤێکم بینی که جلێکی سپی لەبەر بوو، ناوەکەیم لێ پرسی، وتی: ناوم (سالم باعقيل)ـه و ئاینم ئیسلامه.

لێم پرسی بۆ کوێ دەچی : وتی دەچمە مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ، منیش بڕیارم دا لەگەڵیا بچم بۆ مزگەوت، تاوەکو بزانم له مزگەوتدا چۆن خوا پەرستی ئەنجام دەدرێت، دوایی ئەوەی گەیشتمە مزگەوت و بینیم که موسڵمانان چۆن به شێوەیەکی ڕێکوپێکی و بەیەک ریزی وەستاون، بێ ئەوەی هیچ وێنەو پەیکەرێک هەبێت، گەیشتمە ئەو ڕاستییە که ئەم ئاینە ئاینێکی ڕاستە، ماوەی یەک هەفتە بەم شێوەیە و بەبەردەوامی



هاتوچووی مزگەوتم دەکرد و بیرم له نوێژکردنی موسڵمان دەکردەوه، بێ ئەوەی هیچ نوێژێکیش بکەم ، بەڵام دوای هەفتەیەک ڕۆژێکیان یەکێک له نوێژکەرانی مزگەوت لێم نزیک بۆوه و فێری دەستنوێژ و چۆنیەتی نوێژکردنی کردم، پاشان لەنێو مزگەوت و بەئاشکرایی موسڵمانبوونی خۆم ڕاگەیاند، (عەلی گواتیمالا) درێژه بەگێڕانەوەی سەرهاتەکەی ئەدات و دەڵێت : دوایی موسڵمانبوونم گوشارێکی زۆری خانەوادەکەم بۆ هات، به تایبەتی خوشکەکەم که بەئاین جولەکه بوو، زۆر گوشاری خستە سەرم بۆ ئەوەی پاشگەز ببمەوه، بەڵام نەیتوانی قەناعەتم پێ بکات، هەروها قەشە هاوڕێکانیشم زۆر هەوڵیان دا، بەڵام بێ سوود بوو، ڕۆژ بەڕۆژیش زانیاری زیاترم لەسەر ئیسلام و ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام و هاوەڵانی زیاتر دەکرد، ئێستاش دەروونم ئاسوودەیەو له بەختەوەرییەکی زۆر دام، دەپاڕێمەوه له خوای گەورە که دەرفەتم بدات و تەمەنم درێژ بکات بۆ ئەوی ئەو تەمەنەی ماومه خزمەت به ئاینی ئیسلام بکەم .

سەبارەت بەسەفەری حەجی ئیمساڵیش (عەلی گواتیمالا) دەڵێت : زۆر ئاسوودەو بەختەوەرم کەوا ئیمساڵ ئەم گەشتە پیرۆزەم به نسیب بوو، چونکه هەر له ڕۆژی موسڵمانبوونمەوه، هەر کاتێک له ڕێگای شاشەی تەلەفزیۆن چاوم به کەعبەی پیرۆزو مزگەوتی مەدینە دەکەوت، تامەزرۆ بووم که له نزیکەوه به دیداریان شاد بم ، سوپاس بۆ خوا که ئیمساڵ ئەم ئاواتەم هاته دی و له نزیکەوه زیارەتی ئەم شوێنه پیرۆزانەو چەندین شوێنی پیرۆزی ترم کرد.(٣٨١)

## ٣٧- خاتوو صوفی بوافیر

هەڵگری بڕوانامەی ماستەر له (تعليم / فێرکردن)ی فەڕەنسی و بیرکاری، چیرۆکی موسڵمانبوونی خۆی دەگێڕێتەوه و دەڵێت: له ساڵی ١٩٧١ له مۆنتریالی کەنەدا له خێزانێکی دینداری کاسۆلیکی لەدایک بووم، بۆیەش به هاتوچووی کەنیسە هۆگر بووبووم، تاوەکو تەمەنم گەیشتە چوارده ساڵ، لەوێوه پرسیارگەلێکی زۆرم بۆ دروست بوو دەربارەی ئافەریدەو دیانەتەکان، پرسیارەکانم لۆژیکی بوون بەڵام ئاسان بوون، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانیش بوو، بۆ ئەوانیش سەخت بوو وەڵامی ئەو پرسیارانەم بدەنەوه: ئەگەر سوودو زیان بەدەست خوایەو تەنیا خۆی ئەدات و قەدەغەی دەکات، بۆچی ڕاستەوخۆ لێی نەخوازین؟ بۆچی دەبێت بچینه لای (کاهین) تاوەکو ببێته واسیته لەنێوان ئێمەو ئافەریدەی

(٣٨١) ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط ) ژماره (١٠٦١٥) ی ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/٢١ .

ئێمەدا؟ ئایا خوا هێزو دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکەوە نییە؟ کەواتە ئەو لەپێشترە تا لێی بخوازین، پرسیارگەلێکی زۆری لەم چەشنە بەردەوام لە مێشکمدا ئەخولانەوە، کاتێک هیچ وەلامێکی تەواوم دەست نەکەوت، وازم لە چوونی کەنیسە هێنا و ئیتر نەمتوانی چیتر گوێ بدەمە چیرۆکەکانی (راهیب) کە هیچ جێگەی بڕوا نەبوون.

من لەخۆمەوە بڕوای تەواوم بەخوداو هێزو دەسەلاتی ئەو خودایە هەبوو، بۆیەش دەستم کرد بەلێکۆڵینەوە لەسەر دیانەتەکانی تر، بێ ئەوەی سەبارەت بە ژیان وەلامی پرسیارەکانم دەستکەوێت، بەم شێوەیە لە گومان و شڵەژانی فیکریدا ژیام تاوەکو خوێندنی زانکۆم دەست پێکرد، لەوێ ئاشنای گەنجێکی موسڵمان بووم، بە ڕێگای ئەو گەنجەوە شارەزاییم لە ئیسلامدا پەیدا کرد، زۆر بەو دینە سەرسام بووم کاتێ بینیم وەلامی هەموو پرسیارە گەورەکانی منی لەلایە، ماوەی ساڵێک لە دیراسەکردنی ئەم دینە تاکەدا مامەوە، تاوەکو خۆشەویستی ئەم دینە دڵی منی داگیر کرد، ئەو دیمەنە جوانەی کە زیاتر منی بەرەو ئیسلام ڕاکێشا، دیمەنی ملکەچیی موسڵمانان بوو لە نوێژدا، چونکە ئەو هەڵسوکەوتەی کە موسڵمانان لە نوێژدا دەینوێنن، گوزارشت لە هێمنی و ئەدەب و خواپەرستی تەواو دەکات، هەر ئەو ملکەچییە بوو زیاتر منی سەرسام کرد. ئیتر دەستم بەچوونە مزگەوت کرد، هەندێ لە خوشکە کەنەدییەکانم بینی کە بەر لە من موسڵمان ببوون، ئەمەش زیاتر پاڵی پێوەنام بۆ گرتنەبەری ڕێگەی ئیسلام، یەکەم جار حیجابم پۆشی بۆ ئەوەی ئیرادەم تاقی بکەمەوە، ماوەی دوو هەفتە بەو شێوەیە مامەوە، بێ ئەوەی موسڵمان ببم، تاوەکو ساتی گۆڕانی هەرە گەورە لە ژیانمدا هات، ئەو کاتەی کە شەهادەم هێنا بە(لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِfi

ئەو ئیسلامەی کە لەگەڵ ئەو هاوڕێ موسڵمانەدا کۆی کردمەوە، هەر ئەویش کۆی کردینەوە تا ببینە هاوسەری یەکتر. خوای گەورە حەزی کرد هاوڕێی گەشتی ئیمانیم بێتە هاوڕێی گەشتی ژیانیشم.(٣٨٢)

## ٣٨– دکتور گرینە Dr. grineh

ئەندامی پەڕلەمانی فەرانسی دەڵێت: هەموو ئەو ئایەتانەی کە پەیوەستن بە زانستی سروشتی (طبیعی)، تەندروستی و پزیشکی، کە خۆم هەر لە منداڵییەوە تێکەڵاویم

(٣٨٢) لە کتێبی (ربحت محمدا ولم أخسر المسيح) د.عبد المعطى الدالاتى.



لەگەڵیانا هەبوو، خوێندمەوە و لێکۆڵینەوەم لەسەر کرد، لە ئەنجامدا بینیم کە تەواوی ئەو ئایەتانە لەگەڵ زانستە نوێیەکانی ئێمەدا یەک دەگرنەوە، هەر بۆیەش موسڵمان بووم، چونکە گومانم لا نییە کە محەمەد (د. خ) بەر لە هەزار ساڵ بێ ئەوەی مامۆستایەکی لە مرۆڤ هەبێت، ئاینی ڕاست و دروستی هێناوە، هەر زانا و شارەزایەک تەواوی ئەو ئایەتە قورئانیيانەی کە پەیوەستن بە زانستی ئەوەوە، وەکو من بەراورد بکات، بێگومان ئەگەر عاقڵ بێت و لەکینەو دڵڕەشی خۆی بەدوور بگرێت موسڵمان دەبێت.(٣٨٣)

## ٣٩– گیرمین جاکسون Jermain Jackson

گۆرانیبێژی ئەمریکی و برای (مایکل جاکسون)ی گۆرانیبێژی ناوداری جیهانی، بەم شێوەیە باس لە موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٩سەردانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستم کرد، لە (بەحرەین) ژمارەیەک منداڵم بینی، کەوتمە قسەو گفتوگۆ لەگەڵیانا، لێیان پرسیم لەسەر چ دینێکێ؟ لە وەلامدا گوتم (شهود یەهوە).(٣٨٤)

کاتێک من پرسیاری ئاینیانم لێ کرد، بەیەک دەنگ وەلامیان دامەوە ..ئیسلام.

ئەم وەلامەیان منی سەرسام کرد، چونکە ئەو منداڵانە زۆر شانازییان بە دینەکەیانەوە دەکرد، کاتێک لەگەڵیان کەوتمە پرسیار، هەریەک لەو منداڵانە بەشانازییەوە باسی ئیسلامی بۆ دەکردم، لەو ساتەدا لەناخەوە هەستم کرد کە من موسڵمان دەبم، یەکسەر بۆ (مەککە) سەفەرم کردو لەوێ موسڵمانیەتی خۆم ڕاگەیاندو سوننەتی عومرەم بەجێ گەیاند.

هەروەها دەڵێت: کاتێک موسڵمان بووم، بەحەق وام زانی تازە لەدایک بووم، چونکە وەلامی هەموو ئەو پرسیارانەی دامەوە، کە پێشتر منیان دووچاری گێژاو و سەرسوڕمان کردبوو، ئیسلام چارەسەری هەموو کێشەکانی پێ بەخشیم.

هەروەها دەڵێت: ژن لەجیهانی ئیسلامیدا وەکو گوڵێکی پارێزراو وایە کە دەستی هەموو ڕێبوارێکی پێ ناگات.

(٣٨٣) ( الاسلام في قفص الاتهام) دکتور شوقی أبو خليل – لاپەڕە ١٦ . هەروەها (اوروبا والإسلام) دکتور عبدالحليم محمود لاپەڕە ١٠٣ .

(٣٨٤) ڕێکخراوێکی ئایینی سیاسی جیهانییەو بانگەشەی مەسیحییەت دەکات، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دەستی (چارلز ڕاسل) دامەزراوە، بڕوایان بەڕۆژی دوایی و جەهەننەم نییەو بەهەشتیش لەدونیادا لەو شوێنەیە کە ئەوان تێیدان ، هەموو سەرکردەکانیشی جوولەکەن.

لە کۆمەڵگای ئێمەی ئەمریکیدا، خەڵک بۆ توندو تیژی و بەکارهێنانی مەی و مادده هۆشبەرەکان هان دەدرێت، چونکە تەلەفزیۆن هەموو ئەوانە لەسەر خوانچەی زیوین پێشکەش بەخەڵک دەکات.(٣٨٥)

## ٤٠- پرۆفیسۆر عبدالأحد داود

پرۆفیسۆر (عبدالأحد داود) کە بە قەشە (دیفید بنجامین کلدانی) ناسراوە، بەچەندین زمان قسە دەکات، هەروەها مامۆستایە لە زانستی لاهوت و قەشەی ڕۆمە کاسۆلیکەکانە لە تیرەی کلدانی یەککرتوو. ناوبراو ماوەی مانگێک لە ماڵەکەیدا گۆشەگیر دەبێت و چەندین دەقی ڕاستەقینەی کتێبە پیرۆزەکان، کە بەچەندین زمان نووسراونەتەوە دەخوێنێتەوە و بەوردی دیراسەیان دەکات، لەئاکامدا لە شاری ئەستەمبوڵ موسڵمان دەبێت، کتێبە دانراوەکانیشی بریتین لە: (محمد في الكتاب المقدس) و (الإنجيل والصليب) کە لەدوای موسڵمانبوونی نووسیونی.

پرۆفیسۆر (عبدالأحد داود) باس لەژیانی دوای موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: لەو ساتەوەی موسڵمان بووم و بڕوام بەتاک و تەنیایی خوداو پێغەمبەرایەتی محەمەد (د.خ) هێناوە، وەرچەرخان لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتمدا دەستی پێکردووە بۆ ئیماندارێکی نموونەیی.(٣٨٦) هەروەها دەڵێت:¤لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ مُحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ! ئەم بیر و باوەڕە تا ڕۆژی قیامەت دەبێتە بیر و بڕوای هەر ئیماندارێکی ڕاستەقینە بەخودا، من بڕوام وایە کە تەنیا ڕێگەی تێگەیشتن لە ڕوحی کتێبی پیرۆز، دیراسەکردنیەتی لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە.(٣٨٧)

## ٤١- عبدالله ئەرشبال هاملتۆن

زانا و نووسەری ئینگلیزی کە دواتر موسڵمان بوو دەڵێت: هیچ ئاینێک نابینرێت بەقەدەر ئیسلام بەخراپ لە خەڵک گەیێنرابێت و لەلایەن کەسانی دەمارگیر و نەفامەوە هێرشی کرابێتە سەر.

هەروەها دەڵێت: لەو کاتەدا کە ئیسلام لەژیانی ڕۆژنەدا مرۆڤایەتی بەرەو ڕاستی و چاکە

(٣٨٥) ئەمە بەشێکە لەو گفتوگۆیەی کە د. عمار عبدالكريم بكار لە گۆڤاری (المجلة) ژمارە (٩٦٦) ی ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵیا سازی دابوو.

(٣٨٦) علماء ومفكرون يعتنقون الإسلام، محمد طماشى لاپەڕە ٩٤ .

(٣٨٧) محمد في الكتاب المقدس، عبدالأحد داود، لاپەڕە ١٦٢ .



ڕێنمایی دەکات، دەبینین مەسیحییەتی هاوچەرخ ناڕاستەوخۆ لە لایەنی هزرییەوەو، ڕاستەوخۆ لە لایەنی کردەنییەوە پەیڕەوانی خۆی فێر دەکات کە ڕۆژی یەک شەممە نوێژ بۆ خوا بکەن و لە تەواوی ڕۆژەکانی تری هەفتەشدا پەلاماری خەڵک بدەن.(٣٨٨)

## ٤٢- عبدالله کولیام

زانای ناسراوی ئینگلیزی، لە ساڵی ١٨٥٦ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٨٧ موسڵمان بووە. یەکەم موسڵمانی ئینگلیزیشە کە خەڵکی بۆ ئیسلام داوەت کردبێت، (لۆرد هیدلی) و (لۆرد ستانلی ئۆلدرلی) لەسەر دەستی ئەو موسڵمان بوون، کتێبی (العقيدة الإسلامية)ی داناوە، دوای ئەوەی موسڵمان دەبێت دووچاری چەندین جۆری ئەشکەنجەو ئازار دەبێتەوە، هەروەکو خۆی دەڵێت: یەکێک لەو شێوە ئازارانەی کە هەمیشە لەو خراپەکارانەوە پێمان دەگەیشت، لەکاتی نوێژکردندا پیساییان بەسەر نوێژکەراندا فڕێ دەداو، شووشەی شکاویان بەسەر دوگوردەکانماندا پەرت و بڵاو ئەکردەوە تا نێوچاوانمان پێی بریندار بکەن. ڕۆژێکیان من و چەند برایەکم چووینە مزگەوت بۆ پێشکەشکردنی چەند وانەیەک، بینیم هەندێ ڕوخساری بێگانە پێشمان کەوتوون، منیش ئاوڕم لێنەدانەوە و دەستم کرد بەخوێندنەوە و تەفسیرکردنەوەی هەندێ ئایەتی قورئان، کاتێک کۆڕەکە تەواو بوو، یەکێک لەوان بەردێکی لە باخەڵ دەرهێنا و فڕێیدایە سەر زەوی و بەهاوڕێکانی گوت: هەرکەسێک دەیەوێت موسڵمانان بەردباران بکات، با بێت منیش لەگەڵیان بەردباران بکات، چونکە من موسڵمانم، ئیتر بەردەکانیان فڕێداو ئیسلامەتی خۆیان ڕاگەیاند، هێندەی نەبرد سەرۆکەکەیان بوو بەهاوکاری دەستە ڕاستم و بە (جمال الدين) ناونرا.(٣٨٩)

## ٤٣- خاتوو فابیانی فەڕەنسی

کچە نمایشکاری جلوبەرگ، (فابیان)ی تەمەن بیست و هەشت ساڵی فەڕەنسی، بەم شێوەیە چیرۆکی موسڵمانبوونی خۆی دەگێڕێتەوە: هەر لەمنداڵییەوە خەونم بەوەوە دەبینی کە ببمە پەرستارێکی خۆبەخش، تا ئازار و مەینەتییەکانی منداڵانی نەخۆش سووک بکەمەوە، لەگەڵ ڕۆژگاردا گەورە بووم و پێگەییم، بەڵام خەڵک بەگشتی چاوی بریبووە جوانیم -لە نێویشیاندا خێزانەکەم - هانیان دەدام بۆ وازهێنان لە خەونی منداڵیم و،

(٣٨٨) يسألونك في الدين والحياة، دكتور احمد الشرباصي، بەرگی ٧. ل ٦٦١، دار الجيل بيروت- لبنان .

(٣٨٩) النهضة الإسلامية في سير أعلامها المعاصرين، دكتور محمد رجب البيومي ١/١١٠ .

پاڵیان پێوە دەنام کە سوود لە جوانی خۆم وەرگرم و بەهۆیەوە کارێک بکەم کە سوودەکانی ماددیم بەسەردا بڕژێ و، ببمە خاوەن ناوبانگ و شۆرەت. ڕێگا لەبەردەمم مندا ئاسان بوو، هێندەی نەبرد تامی ناوبانگم چەشت، لەهەموو لایەکەوە خەڵک خەڵاتی گرانبەهای بۆ دەهێنام، بەڵام باجەکەشی زۆر گران بوو، چونکە دەبوایە یەکەم جار خۆم لە مرۆڤایەتی خۆم بشۆمەوە، چونکە مەرجی سەرکەوتن ئەوە بوو، هەست و سۆزی خۆم ون بکەم و واز لەو شەرم و حەیایە بێنم کە لەسەری ڕاهاتبووم و، هەوڵ نەدەم لە هیچ شتێک بگەم تەنیا جووڵاندنەوەی جەستەم نەبێت لەگەڵ ئاوازی مۆسیقادا، هەروەکو چۆن دەبوایە واز لەهەموو خواردنێکی بەچێژ بێنم و بەهەندێ ڤیتامینی کیمیایی و دەرمانی وزە بەخش و چالاککەر بژیم، بەرلەمەش دەبوایە بەرامبەر بە مرۆڤ هەستی خۆم بزر بکەم، خۆشم نەوێت..خۆشم بوێت..هیچ شتێک ڕەت نەکەمەوە. خانەکانی جلوبەرگ منیان کردبووە بتێکی جووڵاو، کە تەنیا ئەرکەکەی یاریکردن بێت بە دڵ و عەقڵی مرۆڤەکان..من فێر بووبووم چۆن دەبێت کەسێکی ساردو لەخۆبایی بم و لە ناخەوەش خاڵی و، بێجگە لە چوارچێوەیەک کە جلوبەرگی لەبەر کردووە هیچی تر نەبم، من بێ گیانێک بووم، دەجووڵێتەوە و پێ دەکەنێ، بەڵام هەست بەهیچ شتێک ناکات، من تەنیا کەس نەبووم ئەم داوایەی لێ کرابێت، بەڵکو هەرچەند نمایشکار خۆی لەمرۆڤایەتی خۆی دوور بخاتەوە، ئەوا ڕێزو قەدری لەم دونیا ساردو سڕە زیاتر دەبێت، بەڵام ئەگەر کەمترین هەنگاوی پێچەوانەی ڕێنماییەکان هاوێشت، ئەوا دووچاری چەندین جۆرە ئەشکەنجەی دەروونی و تەنانەت جەستەییش دەبێتەوە. (خاتوو فابیان) درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت: من هیچ کاتێک هەستم بەجوانی جل و بەرگ نەدەکرد لەسەر جەستەی بێ گیاندا، بەڵام زۆر چاک هەستم بەو ڕوانینە سووکایەتی ئامێزانە دەکرد بەرامبەر بەکەسایەتی خۆم.

دەربارەی گۆڕانی ژیانی لەکەسێکی مەست و بێ ئاگاوە بۆ کەسێکی تر دەڵێت: ئەمەیان لەمیانەی گەشتێکماندابوو بۆ (بەیروت)ی داڕووخاو، کە بینیم چۆن خەڵک لەژێر دڵڕەقی تۆپ و بۆمبەدا ئۆتێل و خانووەکانیان ئاوەدان دەکەنەوە، بەچاوی خۆم نەخۆشخانەی منداڵانم بینی، خۆمن تەنیا نەبووم، بەڵکو هاوڕێکانیشم لە بتە مرۆڤەکان لەگەڵمدا بوون، بەڵام ئەوان وەکو عادەتی هەمیشەییان بەڕوانینێکی بێ گرنگیدان سەیریان دەکرد. بەڵام من نەمتوانی وەکو ئەوان بم، ئەوکاتە گەورەیی و شان و شکۆ و ناوبانگی ئەو ژیانە درۆیەم لەبەرچاو کەوت کە من تێیدا دەژیام، بۆیە وەک هەوڵدانێک بۆ ڕزگارکردنی ئەو منداڵانەی کە گیانیان بەبەردا مابوو، بەغار بەرەو دەست و قاچی ئەو منداڵانە چووم و، نەگەڕامەوە بۆ



ئەو ئۆتێلەی کە هاوڕێکانم لەوێ چاوەڕوانیان دەکردم، ئا لەوێوە گەشتی مرۆییم دەستی پێکردو گەیشتمە ڕێگای ڕووناکی، ڕێگای ئیسلام.

(بەیروت)م بەجێ هێشت و بەرەو پاکستان بەڕێکەوتم، لە سنووری ئەفغانستان کەوتمە نێو ژیانی ڕاستەقینە و فێربووم چۆن دەبمە کەسێکی مرۆیی، ماوەی هەشت مانگ لەوێ مامەوە، هەستام بەهاوکاری ئەو خێزانانەی کە لەدەست کاولکاری جەنگ دەیاننالاند، ژیانم لەگەڵ ئەواندا پێ خۆش بوو، ئەوان بەجوانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردم. لەمیانەی ژیانمدا لەگەڵ خێزانە ئەفغانی و پاکستانییەکانداو، بینینی شێوازی ژیانی ڕۆژانەیان، زیاتر بڕوام بەئیسلام هێنا وەکو دەستووری ژیان.

(خاتوو فابیان) دێتە سەر هەڵوێستی خانەی نمایشکردنی جل و بەرگی جیهانی و، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە لەلایەن ئەوانەوە کەوتووەتە ژێر گوشاری زۆر سەختی دونیایی و دەڵێت: داواکارییەکیان نارد کە سێ ئەوەندەی داهاتی مانگانەم بۆ زیاد بکەن، بەڵام بەتوندی ڕەتم کردەوە، پاشان چەندین خەڵاتی گرانبەهایان بۆ هێنام ، تا لەو هەڵوێستەم پاشگەز ببمەوە و واز لە ئیسلام بێنم، بەڵام دواتر وازیان لە فریودانی من هێنا و پەنایان بۆ ناشیرین کردن و ناوزڕاندنی من برد لەنێو خێزانە ئەفغانییەکاندا، هەڵسان بەبڵاو کردنەوەی بەرگی ئەو گۆڤارانەی کەپێشتر لەمیانەی نمایشکردنی جل و بەرگدا وێنەکانی منیان لێدرابوو، ئەو وێنانەیان لەسەر ڕێگاگشتییەکان هەڵواسی، وەکو تۆڵەکردنەوەیەک لە تەوبەکردن و وازهێنانم لەو کارە، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەموو هەوڵەکانیان بێ سوود بوون.[٣٩٠]

### ٤٤– مافپەروەر دکتور فاندوبیک

سەرۆکی پێشووی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەڵێت: من بڕوای تەواوم هەیە کە قورئانی پیرۆز تاکانەیە و لە دەستکردی مرۆڤ نییە، بەڵکو کتێبی ژیان و یاسای ئاسمانە بۆ گشت دەستەو تاکێکی مرۆڤ، چونکە کلیلی هەموو شتێکە، هەر لە خووڕەوشتی تاکە کەس بگرە تا دەگاتە یاساکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی زۆر جوان بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، دووپاتی دەکەمەوە کە ئێستا– دوای موسڵمانیەتیم – زاتی ڕاستەقینەی خۆم بە تەواوی هەست پێکردووە، بۆیەش ئێستا بەردەوام قورئان دەخوێنمەوە.[٣٩١]

(٣٩٠) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran. com بەنەقل لە ڕۆژنامەی (المسلمون) ژمارە ٢٣٨ .

(٣٩١) هؤلاء المثقفون اختاروا الاسلام، محمد عثمان لاپەڕە ٤٤ .

## ٤٥- فانسان مونتیه

مامۆستای زمانی عەرەبی و مێژووی ئیسلامی لە زانکۆی پاریس، کە تا ئێستا زیاتر لە (٣٠) کتێبی داناوە، لــەوان (الإرهاب الصهيوني) و(مفاتيح الفكر العربي) و (الملف السري واسرائيل) و(المسلمون في الاتحاد السوفيتي) و(الإسلام في افريقيا السوداء).

ناوبراو سەبارەت بە موسڵمانبوونی خۆی دەدوێت و دەڵێت: کاتێک بۆ یەکەم جار قورئانم خوێندەوە و سەبارەت بەمەسیح ئاگاداری ئامۆژگارییەکانی بووم، تێگەیشتم کە مەسیح مرۆڤەو وەحی بۆ هاتووە، هەروەها لە لێبووردەیی ئیسلام سەبارەت بە دیانەتەکانی تر گەیشتم، بۆیە موسڵمانبوونی خۆم ڕاگەیاند، ئێستاش لەژێر سایەیدا هەست بەئاسوودەیی دەکەم، چونکە ئیسلام جیاوازی ناخاتە نێوان ڕوح و جەستە..

هەروەها دەڵێت: هیچ ئاینێک وەکو ئیسلام خەڵک بۆ ڕەوشتی بەرزو کەرامەتی مرۆیی هان نادات، من بۆیە ئیسلامم هەڵبژارد چونکە دینی فیترەتە، بۆیەم هەڵبژارد تا بەو ئیسلامەوە ڕووبەڕووی خودا ببمەوە...[٣٩٢]

هەروەها دەڵێت: من لە ڕابردوودا کاسۆلیکی بووم، لە مەزهەبی کاسۆلیکیدا هەندێ شت هەبوو، نە لێیان تێدەگەیشتم و نەبڕواشم پێیان هەبوو، وەکو (کورسی دان پێدانان) و واسیتەگیری لەنێوان مرۆڤ و خوداو..هتد. لە کاتێکدا دینی ئیسلام لە هەمووی ئەوانە پاکە، ئەوەندە بەسە بەبێ واسیتەو بەبێ کورسی دان پێدانان، ڕاستەوخۆ ڕوو بکەیتە خودای خۆت، خوای گەورەش نزاو پاڕانەوەکانت لێ وەردەگرێت.[٣٩٣]

## ٤٦- خاتوو کاتی Kathy

خاتوو(کاتی)ی کچە ئەمریکی بەم شێوەیە باس لە موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: دوای ئەوەی کە لە قوتابخانە ئەمریکییەکان وازم لەوانە گوتنەوە هێنا، وەکو بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانە ئیسلامییەکان کە لە ویلایەتی (واشنتون) کرابووەوە دەستبەکار بووم، ئەو ژنە سکرتێرە ئەمریکییە کە نموونەی داپۆشین و سەنگینی و ڕێزداری بوو، سەرنجی منی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، هەڵسوکەوتی ئەو ژنەم بۆ پیاوەکەم گێڕایەوە، ئەوەشم بۆ گێڕایەوە کە چەند شێوازو ڕەفتارێکی جوانی هەیە، بەراوردم لەنێوان هەڵسوکەوتی ئەو ژنە

(٣٩٢) القرآن الكريم من منظور غربي، دکتور عماد الدين خليل، لاپەڕە ٧٨ .

(٣٩٣) ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ئیماراتی، بەروار ١٠ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩ .



موسڵمانانەی کە لە ئیسلامەتیدا لەدایک بوون، لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئەو ژنە سکرتێرە ئەمریکییە دەکرد، چونکە زۆربەیان پابەند نەبوون بەحیجاب و داب و دەستووری ئیسلامی و، چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ پیاوانی بێگانەدا. کاتێک پرسیاری چۆنیەتی موسڵمانبوونم لێ کرد، بەو شێوەیە چیرۆکی موسڵمانبوونی خۆی بۆ گێڕامەوە: کاتێک من لە قوتابخانەی سەرەتایی دەمخوێند، دایکم دەیبردمە کتێبخانەی گشتی گوندەکەمان، کتێبخانەکانیش خوویان بەوە گرتبوو، هەرکاتێک زۆر نوسخەیان لەکتێبێک دەبوو، یانیش کتێبەکان داواکارییان لەسەر کەم دەبووەوە، ئەو کتێبانەیان فڕێ نەدەدا، بەڵکو بەنرخێکی ڕەمزی دەیانفرۆشتنەوە، جارێک بینیم یەکێک لە کتێبخانەکان ئەو کتێبانە دەفرۆشێتەوە، لەپارەی تایبەتی خۆم کتێبێکم بەبڕی (٥-١٠) سەنت کڕی، چونکە حەزم لەوە دەکرد شتی تایبەتی خۆم هەبێت، هەرچەندە نەشمدەزانی چی تێدایە، بەڵام لەنێو کتێبخانەی تایبەتی خۆم دانا، دوای ئەوەی قۆناغی سەرەتایی و پاشان ناوەندیم تەواو کرد، لەخۆش شانسی خۆم، لە یەکێک لە زانکۆکان وەرگیرام، خوای گەورە حەزی کرد بچمە بەشی ئاداب و بەشی پسپۆڕی لە زانستی (علم الأديان المقارنة) هەڵبژێرم، کە گرینگی زیاتر بە هەرسێ ئاینەکە دەدرا: یەهودی ، نەصرانی، ئیسلام، جا چونکە هیچ یەکێک لە مامۆستایانی بەشەکە موسڵمان نەبوون، ڕەنگ و ڕوخساری ئیسلام زۆر بەناشیرینی و قێزەونی پێشان ئەدراو قسەی لێوە ئەکرا، بۆیە منیش زۆر گرینگیم پێ نەدا، بە ئاسانی ماوەی دەرس خوێندنم بەگوێرەی ڕێنماییەکانی کۆلێژ تەواو کردو بڕوانامەی زانکۆم وەرگرت، جا چونکە پسپۆڕیی من لەو بەشانە بوو کە داواکارییەکی زۆر کەمی هەبوو، سەرەڕای کەمی هەلی کارکردن لەو ناوچەیەی کە من تێیدا دەژیام، هەر زوو دووچاری داڕووخان و ماندووبوون بووم، لەوەی کە هیچ کارێکم دەست ناکەوێت، وام لێ هاتبوو زۆربەی کاتەکانی خۆم لەماڵەوە بەسەر دەبرد، جا بۆ ئەوەی بەسەر بێ کاریدا زاڵ ببم و کاتەکەم بەفیڕۆ نەدەم، ڕۆژانە چەندین جار کەلوپەلی تایبەتی خۆم ڕێک دەخستەوە، لەو کاتەدا چاوم بەو کتێبە کەوت کە لە منداڵییەوە بەپارەی تایبەتی خۆم کڕیبوو، کە تۆزو خۆڵێکی زۆری لەسەر نیشتبوو، جا چونکە لەکەلوپەلی منداڵیم بوو، هەروەها بەپارەی تایبەتی خۆم کڕیبوو، زۆر لەلای من بەنرخ بوو، دەتگوت پارچەیەک دۆزراوەی ئاسەواری کۆنە، کتێبەکەم هەڵگرت و تۆزەکەم لەسەر هەڵگرت و سەیرم کرد تەرجومەیەکی قورئانە بە زمانی ئینگلیزی، بە هێمنی و هێواشی دەستم کرد بەخوێندنەوەی، کتێبەکە بەتوندی منی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاو، پێچەوانەی وانەو قسەکانی زانکۆم بۆ ئاشکرا بوو، هەروەها وێنەیەکی تەواو

جیاواز لەوەی کە مامۆستاکانم دەربارەی ئیسلام و قورئان دەیانگوت دۆزیمەوە، دەستم کرد بە پرسیار لە خۆکردن: ئایا دەبێت مامۆستاکانم لەو زانکۆیە ئەوەندە نەزان بن؟ یانیش لەپێناسەکردن و پێشاندانی ئیسلام بەو ڕەنگە ناشیرینە درۆیان کردبێت؟ من وازم لەخوێندنەوەی نەهێنا، بەڵکو بەقەناعەت و عەشقەوە دەمخوێندەوە، چونکە پڕ بوو لە ڕێنمایی جوان، کاتێک لەخوێندنەوەی بوومەوە، بڕیارم دا کە مادەم ئیسلام ئەوەیە، پێویستە بچمە نێویەوە و موسڵمان ببم، پەیوەندیم بەکەسێکی موسڵمانەوە کردو پێم گوت: هاتنە نێو ئیسلام چۆنە؟ کاتێک وەڵامی دامەوە، لە سادەیی و ساکاری ڕێوڕەسمەکە سەرم سوڕماو زۆرم پێ خۆش بوو، ئیتر هاتمە نێو ئیسلام و سوپاس بۆ خوا موسڵمان بووم.(٣٩٤)

## ٤٧- کرست راجا

زانا و شارەزای ئاینی مەسیحی (کرست راجای هیندی) دەڵێت: قورئانم خوێندەوە تاوەکو ڕەخنەی لێ بگرم، بەڵام خوا منی بۆ ئیسلام هیدایەت دا.

(کرست راجا) زانایەکی ئاینی مەسیحییە لە ویلایەتی (تلماندو) لە خوارووی باشووری هیند، بەوردی پەرتووکەکانی جوولەکەو دیانەتەکانی تر، کە پێیان دەگوترێت کتێبە پیرۆزەکانی خوێندوونەتەوە، ئەو پێی وابووە کە قورئان لە تەورات و ئینجیل دزراوە، پاشان هەلی خوێندنەوەی واتاکانی قورئانی بۆ دەڕەخسێت بەزمانی (تامیلی) و تێدەگات کە قورئان لەلایەن خواوە هاتووەتە خوارەوە، بۆیەش شایەتمان دێنی و موسڵمان دەبێت و ناوی خۆیشی دەگۆڕێت بۆ ناوی (محمد).

ئەمەش ئەو گفتوگۆیەیە کە (أبو البشری) لەگەڵی سازداوە:

پرسیار: بەڕێز محەمەد: دەکرێت چیرۆکی موسڵمان بوونی خۆتمان بۆ باس بکەی؟

وەڵام: ناوی یەکەمم (کرست راجا) یە، لە خێزانێکی مەسیحی لە گوندێک لە ویلایەتی (تلماندو) لەدایک بووم، زمانیشم (تامیلی)یە، بەڵام زۆر زمانی تر دەزانم، هەر لەمنداڵییەوە ئاینی مەسیح و حەزرەتی مەسیحم زۆر خۆشویستووە، چونکە زانایانی مەسیحی منیان فێرکردبوو، کە ئەوەی مەسیحی خۆش نەوێت ناچێتە بەهەشت، لەسەر ئەم باوەڕە پێگەییم و بەردەوام لەخوا دەپاڕامەوە کە هەموو موسڵمانێک بکاتە مەسیحی.

---

(٣٩٤) ماڵپەڕی bilalmaroc. jeeran. com



ڕۆژێکیان چاوم بەزانایەکی موسڵمان کەوت و بەهەڵم زانی سەبارەت بەهەندێ مەسەلەی پەیوەست بە مەسیحییەت و ئیسلام گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم، ئەو بەتەحەدداوە دەیگوت: هەرگیز ناتوانی شتێک لە قورئاندا بدۆزییەوە کە پێچەوانەی عەقڵ و فیترەتی مرۆڤ بێت، ئەمەش وای لێ کردم قورئان بخوێنمەوە، دووجار ڕاڤەی قورئانم بەزمانی (تامیلی) خوێندەوە، زانیم تەنیا ئیسلامە ئاینی ڕاست و دروست و، مەسیحییەتیش دەسکاری کراوە، هەر بۆیەش ئیسلامم بە ئاینی خۆم قەبوڵ کرد.

پرسیار: دوای موسڵمانبوونت هیچ گرفتێکت لە نێو کۆمەڵگادا بۆ هاتە پێش؟

وەڵام: بێگومان ڕووبەڕووی زۆر گرفت بوومەوە، پێیان دەگوتم: تۆ شێت بووی، بەگاڵتەو سووکایەتی پێکردنەوە لێیان دەڕوانیم، کاتێک بینیان ڕیشم بەرداوە، پێم پێدەکەنین، بەڵام من بەرگەی هەموو ئەو گرفتانەم گرت کە لە نەتەوە و خزمەکانمەوە بۆم دروست دەکران، خۆم ڕاگرت چونکە سەرگوزەشتەی بانگخوازان و چاکسازان، کە پێغەمبەرانی خودان، هەروەها ئەو ئازار و مەینەتییانەی کە لەڕێگای گەیاندنی پەیامی خودا، تووشی هاتبوون لە قورئاندا خوێندمبوونەوە.

پرسیار: ئایا کەسێک لەسەر دەستی تۆ موسڵمان بووە؟

وەڵام: بەڵێ، هاوسەر و سێ منداڵم ، هەروەها هەندێ برای تریش لەسەر دەستم موسڵمان بوون.

پرسیار: ئێستا چ کارێک دەکەی؟

وەڵام: ئێوە چاک دەزانن کە بەهۆی ئەو هاوکارییە بێ ژمارەی لە وڵاتانی مەسیحییەوە پێیان دەگات، پیاوان و بانگخوازانی ئاینی مەسیحی لەوپەڕی خۆشی و نازو نیعمەت و خۆشگوزەرانیدا دەژین، من دەستم لە هەموو ئەوانە هەڵگرت، چونکە تامەزرۆی نازو نیعمەتی بەهەشتی خوام کە لەدوا ڕۆژدا بمداتێ، ئێستاش بە پێی پەتی خەریکی گەڕان و سووڕانم لەشار و گوندەکان، تاک تاک و کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک دەبینم و بانگیان دەکەم بۆ ئیسلام و، شتە ناڕاستەکانی ئاینەکەیان بۆ ڕوون دەکەمەوە، هەموو توانام خستووەتە گەڕ بۆ گەیاندنی واتاکانی قورئانی پیرۆز بەهەموو کەسێکی ناموسڵمان، چونکە دڵنیام ئەگەر یەکجار قورئان لەسەرەتاوە تا کۆتایی بخوێننەوە، ئەوا دێنە نێو ئاینی خوداو موسڵمان دەبن.

پرسیار: گوتت تۆ لە بواری بانگخوازیدا کار دەکەیت، ئایا لەم کارەدا سەربەخۆی،

یانیش سەر بەیەکێک لەناوەندە ئیسلامییەکانیّ؟

وەڵام: من ناتوانم بەتەنیا کاربکەم، چونکە توانای ماددیم نییە، بۆیە من وەک بانگخوازێک لەبنکەی بانگەوازی موسڵمانە نوێیەکان کاردەکەم، کە سەر بەکۆمەڵەی ئەهلی قورئان و فەرموودەیە لە ویلایەتی (تلماندو) لە باشووری (هیند)، ئەو کۆمەڵەیەی کە هەموو توانای خۆی خستووەتە گەڕ لەپێناو بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام لەنێوان موسڵمانان و خەڵکی دیکەدا.

پرسیار: دەتەوێت چی بەموسڵمانان بڵێی؟

وەڵام: بێگومان دوا ڕۆژ بۆ ئیسلامە، لەم ناوچەیەدا هەزاران دڵ چاوەڕوانی ڕەخسانی هەلێکن بۆ هاتنە نێو ئیسلام، ئێستا بەرپرسیاریەتییەکی گەورە کەوتووەتە سەرشانی موسڵمانان، بۆیە پێویستە شێوە دروستەکەی ئیسلام لەخۆیاندا بەجێ بێنن و ئینجا بە بەردەوامی بانگەوازی خەڵک بکەن و تواناکانیان خەرج بکەن بۆ ئاشناکردنی خەڵکانی تری غەیرە موسڵمانی وەک: مەسیحی و هیندۆس و خەڵکانی تر بە ئیسلام، لەسەر دەزگاو دامەزراوە ئیسلامییەکان لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات پێویستە، بایەخ بەکاروباری ئاینی بدەن، ڕاڤەو واتاکانی قورئان بەڕێژەیەکی زۆر بەسەر خەڵکدا دابەش بکەن. لەکۆتاییشدا دەڵێم: موسڵمانان بەرپرسیارن لەوەی کە موسڵمانبوونم دوا کەوت، چونکە زیاتر لە (٣٠)ساڵە هیچم دەربارەی ئیسلام نەزانیوە، هۆیەکەشی موسڵمانەکان بوون، چونکە کەمتەرخەمییان کردبوو لە بانگکردنم بۆ ئیسلام و ڕوونکردنەوەی واتاکانی، لەوەش دەترسم لەڕۆژی دواییدا بەرامبەر بەخوا، خەڵکان بەتێکڕایی ئەم قسەیەی من بڵێنەوە.[٣٩٥]

### ٤٨– کریس جاکسون Chris Jackson

یاریزانی تۆپی (سەبەتە)ی بەناوبانگی ئەمریکی (کریس جاکسون)، بەر لەوەی موسڵمان ببێت، وای دەزانی کە ئەمریکییە ڕەش پێستەکان هەرچەندی بەهۆی دیاربوونیان لە بوارەکانی وەرزش و هونەر، پلەو نێوبانگی باشیش لە کۆمەڵگای ئەمریکی بەدەست بێنن، دیسانیش بایی ئەوەندە نابێت داخوازییەکانیان بۆ ژیانێکی بەرێزو مرۆیی بێنێتە دی، بۆ گەڕان بەدوای ئاینێک کە ئەو مەبەستەیان بێنێتە دی، گەشتە ئیمانییەکەی (کریس جاکسون) دەست پێدەکات.

(٣٩٥) ماڵپەڕی bilalmaroc.Jeeran. com . بەنەقل لە (المصدر الخیریة) ژمارە(٧٤)ی مانگی محرمی ساڵی ١٤١٧ .



(کریس جاکسون) بەپێویست دەزانێ کە ئەبێت ئەمریکییە ڕەش پێستەکان خۆیان خۆیان بگۆڕن بۆ بەرزکردنەوەی خۆیان و خێزانەکانیان، دواتریش بەرزکردنەوەی کۆمەڵگاکەیان بۆ بارودۆخێکی باشتر، هەروەکو چۆن بەپێویست دەزانێ کە سەرکردەکانیان ئومێد بخەنە دڵی خەڵکەکەیان و هانیان بدەن بۆ کارکردن و پاڵیان بدەن بۆ خۆگرتن بە ڕەفتار و خووڕەوشتی چاک و دوورکەوتنەوەیان لە شوێنە خراپ و جێ گومانەکان، بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لەچاککردنی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتییان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەویش بەڕێگای فێرکردن و کارکردن، ئەمەش وا لە (کریس جاکسون) دەکات بەدوای دینێکدا بگەڕێت کە بەرەو ڕێگای ڕاست هیدایەتی بدات و وەڵامی ئەو پرسیارانەشی بداتەوە کە ئەو تێیدا سەری سوڕماوە، بە تایبەتی سەبارەت بە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، پاشانیش وای لێ بکات هەست بە مرۆڤبوونی خۆی بکات.

لێرەوە گەشتە ئیمانییەکەی (کریس جاکسون) لەنێو ئاینەکاندا دەست پێدەکات و لە ئیسلامدا مانای ئازادی و کەرامەت و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدۆزێتەوە، دڵی پڕ دەبێت لە ئیمان و خوای گەورەش بۆ ڕێگای ڕاست هیدایەتی دەخاتە دڵ و لە ساڵی ١٩٩١ موسڵمانبوونی خۆی ڕادەگەیێنێ.

لە ئاداری ساڵی ١٩٩٦ یاریزانی ئەمریکی هەرایەکی گەورە لەنێو هۆیەکانی ڕاگەیاندندا دروست دەکات، کاتێک دووچاری سزای ڕاگرتن دەبێتەوە لە یەکێتی تۆپی (سەبەتە)ی نیشتیمانی ئەمریکی، ئەویش بەهۆی ڕەت کردنەوەی وەستان بۆ سەلام و سروودی نیشتیمانی ئەمریکی، لەمیانەی ئەنجامدانی یەکێک لە یارییەکان، ئەمەشیان هەرایەکی گەورەی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنا دروست کرد.

(کریس جاکسون) پاساوی ڕەتکردنەوەی وەستان بۆ سروودی نیشتیمانی و ئاڵای ئەمریکی بەوە هێنایەوە، کە ئاڵای ئەمریکی ڕەمزی چەوساندنەوە و ملهوڕییە، لەو ڕۆژەوە (کریس جاکسون) لەکاتی هەڵدانی ئاڵاو خوێندنەوەی سروودی نیشتیمانیدا، یان لە ژووری گۆڕینی جلوبەرگی وەرزشی دەمایەوە، یانیش لە دەرەوەی یاریگا خۆی بە گرێدانی قەیتانی پێڵاوەکانییەوە خەریک دەکردو، وای پیشان دەدا کە ئامادەکاری بۆ هاتنی نێو یاریگا دەکات، تاوەکو سروودەکە کۆتایی پێ دەهات.

(کریس جاکسون) کە داهاتی ساڵانەی یارییەکانی بە ٢.٦ ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت دەڵێت: دینی من لە هەموو شتێک لام گرینگترە، بۆیەش ئومێدەوارم خۆشەویستی من بۆ خودا بێت نەک بۆ شتێکی تر.

بەهۆی ئەو ڕووداوەوەو لەمیانەی وادەی وەستاندنیەوە، لە هەر گەمەیەکدا (کریس جاکسون) بڕی ٣١٧٠٧ دۆلاری زەرەر دەکرد.

هاوڕێکانیشی لەیانەی تۆپی (سەبەتە) بەسەر دوو دەستە دابەش بوون، هەندێکیان پشتگیرییان لەو بڕیارەی ئەو دەکردو، هەندێکیشیان پێیان وابوو کە ئەمە هیچ زیان بە بیروباوەڕی ئەو ناگەیێنێ.

(شوکیل ئونیل) گرانترین یاریزانی تۆپی (سەبەتە) لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا دەڵێت: خەڵک بیر و باوەڕی جیاوازی هەیەو ئەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت.

(لافونسو ئەلیس)ی هاوڕێی (کریس جاکسون) لە تیپی (نیگتس)ی تۆپی(سەبەتە)ی ئەمریکی دەڵێت: ئێمە ئەوانەین کە باوەڕمان بە مەسیحییەت هەیە، خۆزگە ئێمەش وەکو (کریس جاکسون) بۆ ئاینی خۆمان دڵسۆز دەبووین.[٣٩٦]

## ٤٩- کریستیان باکر

گۆرانیبێژی ئەڵمانی کریستیان باکر، بێژەر لە کەناڵی (M-TV)ی ئەوروپی دەڵێت: من لە چڵەپۆپەدا بووم، بەڵام ئەزموونێکی داڕووخێنەر بوو بۆ ڕوح...نەمتوانی لەسەری بەردەوام بم، (کریستیان باکر) لەخێزانێکی پرۆتستانت لە هامبۆرگ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، لەوکاتەی کە تەمەنی بیست و یەک ساڵ دەبێت، وەکو بێژەر لە ڕادیۆی هامبۆرگ دادەمەزرێت، دوای دوو ساڵ لەنێو هەزاران پێشکەشکار بەبێژەری هەواڵەکان لە کەناڵی (M-TV)ی ئەوروپی هەڵدەبژێردرێت، پاشان دەچێتە لەندەن، هەروەکو خۆی دەڵێت: لەوکاتەی کە لەتەمەنی بیست ساڵیدا بووم لە (نوتینگ هیل) دەژیام، من تەنیا کچی نوێ بووم لەو شارە، بۆ هەموو شوێنێک داوەت دەکرام، وێنەگران وێنەیان دەگرتم و ڕۆژنامەنووسان بەدوامدا دەگەڕان، چاوم بەزۆر کەسی نێودار کەوت، زۆر چێژم لە کاتی خۆم دەبرد، زۆربەی هەرە زۆری سەروەت و سامانی خۆم لە جلوبەرگدا خەرج دەکرد، لە هەموو ئەوروپاو هەموو شوێنە جوان و باشەکان دەگەڕام.

من تەنیا کچ بووم کە بەدرێژایی کات لەسەر شاشەی (M-TV) دەبینرام، لە سەرانسەری ئەوروپا خەڵک دەیانناسیم، بۆ ماوەیەکی زۆر بەرامبەر بەحەفتا هەزار کەس لەسەر سەکۆ دەوەستام...بۆ ماوەی حەوت ساڵ چەندین بەرنامەم پێشکەش کردو چاوم بەزۆر ئەستێرەی

(٣٩٦) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran. com





گۆرانی کەوت، لەگەڵ ئەم ژیانەو لەدونیای ناوداریدا پێویستیم بەژیانێکی روحی هەبوو، هەروەها دەڵێت: هەمیشە بەرەو ژیانێکی روحی ڕادەکێشرام، بەڵام هیچ هەنگاوێکی عەمەلیم بۆ ئەو ژیانە نەهاوێشت...لە ساڵی ١٩٩٢چاوم بە(عمران خان) لە تیپی یاری (کریکت)ی پاکستانی کەوت، ئەمە یەکەم جار بوو چاوم بەموسڵمانێک بکەوێ، لەنێوان من و عمران خاندا- کە ئەو کات لە حەقیقەتی ئیمان دەگەڕا- گفتوگۆییەکی دوورودرێژ سەبارەت بەئیسلام دروست بوو، ئەوە بوو عمران خان هەندێ کتێبی ئیسلامی دامێ، بێ لایەنیم ڕوو بەڕووی تەحەدیات بووەوەو دەستم کرد بەخوێندنەوەیان، قورئانم خوێندەوە و بینیم هەموو شتێک مانای خۆی هەیە. لە میانەی توێژینەوەکەیدا سەبارەت بەهەندێ مەسەلە، بەتایبەتیش کێشەکانی ژن، (کریستیان باکر) بەقووڵی بۆیان دەڕوانێت و دەڵێت: وەکو ژنێکی ڕۆژئاوایی سەردەم و خاوەن پلەیەکی بەرزی زانستی، پێویستیم بەتێگەیشتن لە ڕوانینی ئیسلام هەبوو سەبارەت بە ژن، چونکە ناکرێت بەوە ڕازی بم زوڵمم لێ بکرێ، بۆم دەرکەوت کە پەیامی ئیسلام پشتیوانی لە ئافرەت و پیاو دەکات، لە ساڵی (٦٠٠) ئیسلام مافی دەنگدانی بەئافرەت داوە، پیاوان جلوبەرگی شیاوی خۆیان دەپۆشن، ئافرەتانیش جلوبەرگی شایستەی خۆیان دەپۆشن، هیچ کام لەو دوو ڕەگەزە بۆی نییە جلەوی چاوەکانی بەربدات...بەڵکو هەریەک لەو دوو ڕەگەزە دەبێت چاو داگری و سەیری حەرام نەکات، من پێم وانییە دیاردەیەکی ڕاست و دروست بێت، خەڵک جڵەوی شەهوەتی جنسی خۆی بەربدات...چونکە ئەمەیان جارێکی تر شەهوەتی هەڵە دەورووژێنێ... دوای کۆتایی هاتنی توێژینەوەکەی، (کریستیان باکر) موسڵمان دەبێت، ئێستاش پێنج نوێژ دەکات و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو دەبێت، هەروەکو خۆی دەڵێت: من پێشتر مەییم دەخواردەوە، بەڵام ئێستا دەستیشی لێ نادەم، لە ساڵی ٢٠٠١ چوومە مەککە، ئەزموونێکی زۆر خۆش بوو..بەخۆشحاڵی و ئاسوودەیی گەڕامەوە، کاتێک گەڕامەوە لە زانکۆی (ویست مینستر) دەستم بە خوێندن کردو خوێندنم لە بەشی پزیشکی سروشتی و گیاو پزیشکایەتی چینی تەواو کرد، ئەم کۆرسانە زۆر دەرگای تریان لە بەردەم مندا کردەوە بۆ جیهانێکی زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش... هەروەها دەڵێت: ئیسلام گەورەترین خەڵاتە کە تا ئێستا بەدەستم هێناوە.[٣٩٧]

(٣٩٧) ماڵپەڕی bilalmaroc. jeeran. com

٥٠- كيث مور Keith moor

ماموستای فیزیاو ئەندامی ئەکادیمیای پزیشکیی ڕووسی و زانای ناودار لە زانستی (کۆرپەلە)، لە ساڵی ١٩٨٤ بەرزترین خەڵاتی لەزانستی توێکاری لە ئاهەنگی (جی، سی، بی) لە کەنەدا وەرگرتووە، دیسان خەڵاتی (گرانت)ی لە کۆمەڵەی پسپۆڕانی توێکاری کەنەدی وەرگرتووە، چیرۆکی موسڵمانبوونی خۆی بەم شێوە دەگێڕێتەوە: جارێکیان بۆ کۆنگرەیەک داوەت کرام کە بۆ (إعجاز) لەمۆسکۆ گرێدرابوو، لە سەرەتادا پێم ناخۆش بوو ئامادەی بم، چونکە لە وڵاتێکدا دەبەستریت کە بۆ زیاتر لە حەفتا ساڵە پایتەختی کوفر و ئیلحادەو لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەو خەڵکە چی دەربارەی خودا دەزانن تاوەکو بانگیان بکەین بۆ ئەو پەیام و ڕێبازەی کە قورئان بانگەوازی بۆ کردووە؟ پێیان گوتم: ئەبێت هەر بەشداری بکەی، چونکە لەلایەن ئەکادیمیای پزیشکی ڕووسییەوە داوەت کراوین، ئێمە چووینە مۆسکۆ، لەمیانەی پێشاندانی هەندێ ئایەتی (کون)ی، بەتایبەتیش لەکاتی پێشاندانی ئایەتی¤يُدَبِّرُ الأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلى الأَرْض ثمَّ يعْرُجُ إِليْهِ فِي يوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونr (٣٩٨)

یەکێک لەزانایانی موسڵمان هەستایە سەر پێ و گوتی: ئەگەر هەزار ساڵ یەکسان بێت بە دوو ئەندازەی جیاواز، بەڵگەیە لەسەر دوو جۆر خێرایی جیاواز، پاشان دەستی کرد بە ژماردنی ئەو خێراییەو گوتی: پێویستە ئەو هەزار ساڵە، ساڵی (قمر)ی بێت، چونکە عەرەبەکان هیچیان دەربارەی ساڵی (شمسی) نەدەزانی، ساڵی (قمر)یش دوازدە مانگی (قمر)ییە، ماوەی مانگی (قمر)یش ڕادەی گەڕانی مانگە بەدەوری زەویدا، ئەو ماوەیەش بە وردییەکی زۆر ئەژمار کراوە و بریتییە لە (٢,٤) بلیۆن کیلۆمەتر، ئەو ژمارەیەش جارانی دوازدە بکە، - کە ژمارەی مانگەکانی ساڵە- پاشان جارانی هەزار ساڵی بکە، پاشان ئەنجامەکەی دابەشی سەر بیست و چوار بکە- کە ژمارەی کاتژمێرەکانی شەو و ڕۆژە- پاشان دابەشی سەر شێستی بکە- کە ژمارەی خولەکەکانە- پاشان بەسەر شێستی تردا دابەشی بکە - کە ژمارەی چرکەکانە- لە کۆتاییدا ئەم کابرایە هەزار ساڵی بەبێ زیادو کەم دەرهێنا، ئا لەم کاتەدا ماموستای فیزیاو ئەندامی ئەکادیمیای ڕووسی دەوەستێ و دەڵێت: بەر لەم کۆنگرەیە وام دەزانی کە من یەکێکم لە زانا سەرناسەکانی زانستی فیزیاو بەتایبەتی زانستی ڕووناکی، بەڵام دەبینم زانستێکی زۆر گەورەتر لە زانستی من هەیە،

(٣٩٨) سورة السجدة ئایەتی ٥ .



بەرامبەر بەکمتەرخەمی خۆم لە ئاست زانینی ئەو زانستە ناتوانم داوای لێبوردن بکەم ، تەنیا بە(أشهد أن لا اله الا الله وأن محمدا رسول الله) نەبێت، پاشان چوار وەرگێڕی تریش بەدوای ئەودا موسڵمان بوون، کە هیچ کەسێک لەو بارەیەوە قسەیان لەگەڵدا نەکردبوون، بەڵکو تەنیا لە ژوورە شووشەییەکانیاندا قسەکانی ڕووسیان بۆ سەر زمانی عەرەبی و عەرەبیان بۆ سەر زمانی ڕووسی وەردەگێڕا، نەک تەنیا ئەمەو بەس، بەڵکو دواتر زانیمان کە تەلەفزیۆنی ڕووسی هەموو ئەو زنجیرانەی تۆمار کردووە و بڵاوی کردوونەتەوە، (٣٧) زانا لە بەناوبانگترین زانایانی ڕووسی تەنیا بەبینینی ئەو زنجیرانە لەسەر تەلەفزیۆن موسڵمان بوون، جگە لەمە، (کیث مور) لەگەڵ ئێمەدا بوو، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین زانای زانستی (کۆرپەلە) و نزیکە هەموو پزیشکانی جیهان بیناسن، خاوەنی کتێبێکە لەزۆربەی زۆری کۆلێژەکانی جیهانیدا بەدەرس دەخوێندرێت و بۆ زیاتر لە (٢٥) زمان تەرجەمە کراوە، بەڵێ خاوەنی کتێبی بەنێوبانگی (The Developing Human) لەنێو کۆمەڵێک خەڵکدا وەستاو گوتی: دەربڕینەکانی قورئان سەبارەت بە قۆناغەکانی دروستبوونی کۆرپەلە، گەیشتووەتە ڕاددەیەکی ئەوەندە ورد، کە تا ئێستا زانستی نوێ نەیگەیشتۆتێ، ئەمەشیان ئەگەر بەڵگە بێت لەسەر شتێک، بەڵگەی ئەوەیە کە قورئان تەنیا کەلامی خودایە و محەمەد (د. خ)یش پێغەمبەری خودایە، پێیان گوت: ئایا تۆ موسڵمان بووی؟! گوتی: نەخێر، بەڵام شاهیدی ئەدەم کە قورئان کەلامی خودایەو محەمەد (د. خ)یش لەلایەن خواوە نێردراوە، پێیان گوت: کەواتە تۆ موسڵمانی، گوتی: من لەژێر هەندێ گوشاری کۆمەڵایەتیدام کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ڕاگەیاندنی ئیسلامەتی خۆم، بەڵام سەرتان سوڕ نەمێنی ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان گوێ بیستی ئەوە بوون کە (کیث مور) موسڵمان بووە. خۆشبەختانە ساڵی دواتر کە سەردانمان کرد، موسڵمانیەتی خۆی ڕاگەیاندبوو.(٣٩٩)

٥١- دکتۆر لۆرانس بی براون Dr. Laurence B. Brawn

دکتۆر (لۆرانس)ی ئەمریکی، پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی چاو، کە ئێستا لە شاری (مەدینە) دادەنیشێت، بەم شێوەیە چیرۆکی موسڵمانبوونی خۆی دەگێڕێتەوە: کاتێک لە یەکێک لەنەخۆشخانەکانی واشنتۆن کچی دووەمم لەدایک بوو، ڕەنگی تەواو شین هەڵگەڕابوو و بەئاستەم هەناسەی دەدا، پشکنینەکان دەریانخست کە ژیانی لە مەترسیدایەو نەشتەرگەرییەکی خێرا بۆ دڵی پێویستە، خۆ ئەگەر نەشتەرگەرییەکە

(٣٩٩) لە کتێبی (الذین هدی الله) دکتور زغلول النجار.

بەسەرکەوتووییش ئەنجام بدرێت، ئەوا دیسانەوە مۆڵەتی ژیان بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەر دەمیدا هێشتا هەر کەمە، لەوبەری شاری واشنتۆن دی سی بە پەلە پزیشکێکی نەشتەرگەری منداڵان ئامادەکرا، دواتر داوام لێ کرا ژووری کچەکە بەجێ بهێڵم، ترسێکی زۆرم لێ نیشت و هاتمە دەرەوە، چوومە ژووری خواپەرستی، بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا کەوتمە سەر چۆک و داوام لە خودا کرد کە ئەگەر کچەکەم چاک بکاتەوە، بەڵێن بێت دوای ئەو ئاینە بکەوم کە حەزی لێیە، دوای تەنیا (١٠) خولەک پزیشکی نەشتەرگەر هاتە دەرەوە و گوتی: کچەکەت باش دەبێت و پێویستی تەنانەت بەدەرمانیش نییە چ جای نەشتەرگەری، دوای ئەم قسانە، هەموومان دووچاری سەرسوڕمان بووین، تەنانەت پزیشکی چاودێریش هیچ قسەی بۆ نەکراو بێ دەنگ سەیری دکتۆری نەشتەرگەری کرد، دوای دوو ڕۆژ وەکو هەر منداڵێکی ئاسایی کچەکە بەرەو ماڵ نەخۆشخانەی بەجێهێشت.

دکتۆر (لۆرانس) دەڵێت: خوای گەورە کە داواکارییەکەی منی بەجێ گەیاند، نۆرەی بەڵێنەکەی من بوو، هەرچەندی هەوڵم دەدا بەڵێنەکەم بەجێ بگەیێنم شکستم دەهێنا، دیراسەی ئاینی یەهودی و چەندین مەزهەب و ئاینی ترم کرد، بەهیچ شێوەیەک هەستم نەدەکرد کە گەیشتوومەتە ڕاستی، ئامادەی چەندین ڕێ و ڕەسمی جۆار و جۆری کەنیسە بووم و زۆرترین کاتەکانیشم لە کەنیسەی ڕۆمانی کاسۆلیکی بەسەر برد، کەچی بەهیچ شێوەیەک باوەڕم بەو ئاینە نەدەهێنا، چونکە هیچ پەیوەندییەکم لە نێوان ئاینی حەزرەتی عیساو ئەو کەنیسانە نەدەدۆزییەوە، لە کۆتاییدا بڕیارم دا هەر لە ماڵەوە بخوێنمەوە، لەکاتی خوێندنەوەمدا تووشی قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بووم، کە لەلایەن (مارتن لینگز) بەناوی (ژیانی محەمەد، بەگوێرەی سەرچاوە هەرە کۆنەکان) نووسرابووەوە. پێشتریش لە پەرتووکەکانی یەهودی ئەوەم بۆ دەرکەوتبوو کە سێ پێغەمبەر دوای حەزرەتی موسا دێن، (یەحیا و عیسا) هاتبوون و سێهەمیان مابوو، حەزرەتی عیساش ئامۆژگاری کردبوو کە شوێنی بکەوین، کاتێک ژیانی پێغەمبەرم خوێندەوە دڵنیا نەبووم لەوەی کە ئەمەیان پێغەمبەری سێهەم بێت، بەڵام لەپڕیک هەستم کرد کە هەموو شتێک تەواو بووە و هەموو شتێک مانای تەواوی خۆی وەرگرتووە: بەردەوامی نیگاو زنجیرەی پێغەمبەران، تاک و تەنیایی خوداو تەواو بوونی وەحی بەقورئان، بۆیەش موسڵمان بووم، ئەوەشیان بۆ زیرەکایەتی من ناگەڕێتەوە، چونکە کەسانی لە من زیرەکتر هەن، کەچی هیدایەت وەرناگرن، ئەگەر خودای گەورە حەزی لێ نەبێت.(٤٠٠)

(٤٠٠) ماڵپەڕی دکتور لۆرانس بی براون.



٥٢- لۆرد برینتۆن

لۆرد برینتۆن دەڵێت: لەقووڵایی دڵمەوە هەست بەمنەتباری دەکەم لەسەر ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە، بۆ ئەوەی بەچەند وشەیەک باس لەو پاڵنەرانە بکەم کە پاڵیان پێوەنام بۆ ئەوەی موسڵمان ببم. (برینتۆن) هۆی سەرەکی موسڵمانبوونی خۆی بۆ جیاوازی نێوان ئینجیلەکان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: جیاوازی نێوان ئینجیلەکان پاڵی پێوەنام لێکۆڵینەوە لەسەر ئیسلام بکەم، لە ئەنجامدا حیکمەت و وتەی پاراو و ڕوون و ئاشکرام لە قورئاندا دۆزییەوە، بۆیەش موسڵمان بووم.(٤٠١)

٥٣- لۆرد ئۆلدرلی

لۆرد ئولدرلی کە لەسەر دەستی (عبدالله کولیام) موسڵمان بووە دەڵێت: کتێبی خودا (قورئان) کەوتە دەستم، لە خوێندنەوەی نەبووبوومەوە تاوەکو گریانێکی زۆرم بۆ هات، هەر لەو کاتەدا دەمارگیریم فڕێ داو موسڵمان بووم.(٤٠٢)

٥٤- لۆرد دۆگلاس هاملتون Douglas Hamilton

(دۆگلاس هاملتون) نەک تەنیا موسڵمان بوو، بەڵکو بڕێکی زۆری لە سەروەت و سامانی خۆیشی بۆ خزمەتی ئیسلام تەرخان کرد، سەبارەت بە ئیسلام دەڵێت: پەیوەندیم بە ئیسلامەوە کرد، چونکە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی تەنیایی بۆ خودا ڕادەگەیێنی، من بڕوام وایە کە ئیسلام زۆربەی ئەو خەڵکە بۆ خۆی ڕادەکێشی کە گومان لە باوەڕدا بێزاری کردوون.(٤٠٣)

هەروەها دەڵێت: هیچ نیعمەتێک لە نیعمەتەکانی دونیا کە مرۆڤ چێژی لێ ببات گەورەتر نییە لەوەی کە خودای گەورە دڵی مرۆڤ بە ئیسلام ڕۆشن بکاتەوە و بەنووری ئەو ئیسلامە هیدایەتی ببی، تاوەکو ڕاستییەکانی دونیاو قیامەت ببینی و ڕاستی لە (باطل) هەڵئاوێری و ڕێگای بەختەوەری لەڕێگای بەدبەختی جیا بکاتەوە، من سوجدەی شوکر بۆ خوا دەبەم لەسەر ئەو نیعمەتە گەورەیەی کە بەمنی بەخشیوەو، دەروونی منی لە حەقیقەت پڕ کردووەو،

(٤٠١) الإسلام، دکتور أحمد چلبی لاپەڕە ٢٩٨ .

(٤٠٢) لم أسلم هذه الأجانب، محمد عثمان، ١٢٠/١ .

(٤٠٣) الإسلام، دکتور أحمد چلبی، لاپەڕە ٣٠٠ .

ڕێگای داوم لە بن ئەو دارە گەورەیەی کە سێبەرێکی فێنک و جۆرەها میوە دەدات بەحەسێمەوە، ئەویش داری خێزانی ئیسلامی و برایەتی ئیسلامییە.(٤٠٤)

## ٥٥– لۆرد هیدلی Loard Headly

بیریار و ئەندازیار و نووسەر و زانای گەورەی بەریتانی، کە یەکێکە لە کەسایەتییە سیاسی و دەوڵەمەندەکانی بەریتانیا، لە زانکۆی (کامبردج) ئەندازیاریی خوێندووە و گۆڤاری Islamic Renew دەرکردووە، هەروەها کتێبی (پیاوێکی خۆرئاوایی هۆشیار دەبێتەوە و ئیسلام دەگرێتە باوەش)ی نووسیوە، موسڵمانبوونیشی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێ کەوتەوە، ناوبراو دەڵێت: بێگومان خۆشترین ڕۆژ لە ژیانمدا ئەو ڕۆژە بوو کە بە بەرچاوی خەڵکەوە موسڵمانیەتی خۆم ڕاگەیاندو دینی ئیسلامم بەدینی خۆم وەرگرت.(٤٠٥)

هەروەها دەڵێت: ئەگەر من بە مەسیحی لەدایک بووم، لەسەرم پێویست نییە بەدرێژایی تەمەنم بەو شێوەیە بمێنمەوە، من نەمدەزانی چۆن قەناعەت بەو بڕوایە بکەم کە دەڵێت: ئەگەر لە جەستەی مەسیح نەخۆی و لە خوێنەکەی نەخۆیەوە، هەرگیز لە سزای هەمیشەیی جەهەننەم ڕزگارت نابێ .. بەهۆی موسڵمانەتیمەوە، وا دەزانم ئێستا زیاتر لە جاران لە مەسیحییەتی ڕاستەقینە نزیکم و ئەوەی دژایەتی مەسیحییەتی ڕاستەقینەش بکات، هیچ ئومێدی خێری لێ ناکرێت...من لە گوناهـ و تاواندا لەدایک نەبووم، لە منداڵانی غەزەب و تووڕەییش نیم و ناشمەوێت لەگەڵ تاوانباراندا بژیم.(٤٠٦)

هەروەها دەڵێت: من بڕوای تەواوم هەیە، هەر کاتێ گەورە بیریار و ژیرانی ئەورووپا کۆببنەوە، بۆ دۆزینەوەی یاسایەک کە لەسەر بنەمای لۆژیکی جیهانی و هەستی گشتی بنیات نرابێت، گومانم لا نییە بە تێکڕای دەنگ ئاینی ئیسلام هەڵدەبژێرن، چونکە گەورەیی و شکۆمەندی ئەم دینە، لە هەمان کاتدا سادەیی ڕێنماییەکانی جێگەی پرسیار نین، ئایا چاکتر نییە پێشوازی لەم ئاینە بکەین کە بەخشش و خەڵاتێکی گەورەیە و، سەراپای لۆژیک و بەڵگەیە؟ لەهەمان کاتدا ئاسوودەیی ڕۆح و سەلامەتی جەستەشی تێیدا ڕەچاو کراوە و گرنگی تەواویشی بەلایەنی مەعنەوی داوە؟

---

(٤٠٤) (مفتریات علي الاسلام) احمد محمد جمال بە نەقل لە گۆڤاری (حضارة الاسلام) ساڵی ١٩٧١م، هەروەها لاپەڕە ٢٨٤ لە ڕۆژنامەی (الاهرام)ی قاهیرە ژمارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢٣ .

(٤٠٥) آفاق جدیدة للدعوة الاسلامیة، انور الجندي. لاپەڕە ١٣٩ .

(٤٠٦) النهضة الإسلامیة في سیر أعلامها المعاصرین، دکتور محمد رجب البیومي ١٢٠/١ .



ئیسلام ئەو دینەیە کە وا لە مرۆڤ دەکات بەدرێژایی ژیان تەنیا بەندایەتی بۆ خودای ڕاستەقینە بکات، نەک تەنیا چەند ڕۆژێک ... هەروەها دەڵێت: من وەکو کەسێکم لێهاتووە کە لە تونێلێکی تاریکدا ڕابکات بۆ سەر زەمینێکی فراوان، کە تیشکی خۆر ڕووناکی کردبێتەوە، ئەویش بەشەوقەوە هەوای پاک و بێگەردی دەریا هەڵبمژێ.(٤٠٧)

لەبەر ئەوەی ئێمە پێویستیمان بە نموونەیەکی تەواو هەیە تاوەکو لە گشت قۆناغەکانی ژیاندا پێداویستییەکانمان بۆ جێبەجێ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ژیانی پێغەمبەر ئەم پێداویستییانەمان بۆ جێبەجێ دەکات، چونکە ژیانی ئەو وەکو ئاوێنەیەکی ساف وایە، گشت ئەو ڕەوشتانەی کە مرۆڤ دروست دەکەن پێمان دەداتەوە، ئێمە ئەو ڕەوشتانە لەم ئاوێنەیەدا بەچەندین ڕەنگی پاک و جوان دەبینین.(٤٠٨)

## ٥٦– لیوپۆلد فایس Leopold Weiss ١٩٠٠ز– ١٩٩٢ز

ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری نەمساوی بەڕەچەڵەک یەهودی کە دواتر موسڵمان بووە دەڵێت: ئێستا زانیم، بەشێوەیەک کە هیچ گفتوگۆو گومانێک هەڵنەگرێت، کە ئەو کتێبەی تا ئێستا بەدەستمەوە بوو، لەلایەن خواوە نێردراوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە ماوەی سێزدە سەدەیە خراوەتە بەردەستی مرۆڤ، کەچی بەئاشکرا پێشبینی هەندێ ڕووداو دەکات، کە هەرگیز مومکین نەبوو بینە حەقیقەت، تەنیا لەو سەردەمەی ئێستای خۆماندا نەبێت.(٤٠٩)

هەروەها دەڵێت: ئەورووپا ئەم ڕاستییە زۆر چاک دەزانی کە قەرزداری ئیسلامە، بەو ڕاپەڕینە ئومێد بەخشەی کە دوای چەندین سەدەی پڕ لە تاریکی ئەنجامی دا...

هەروەها دەڵێت: هیچ کاتێک ئیسلام وەکو کۆسپ و تەگەرە، بەرامبەر بەپێشکەوتن و زانست نەوەستاوە، بەڵکو ئیسلام هەوڵ و کۆششە فیکرییەکان لە مرۆڤدا بەرز دەنرخێنی و، تا پلەی سەرووی مەلائیکەت بەرزی دەکاتەوە، هیچ ئاینێک زیاتر لە ئیسلام نەچووە لە پشتگیریکردنی عەقڵ و دواتریش سەرخستنی زانست بەسەر گشت لایەنێکی ژیاندا، ئەوەی کە لە ئیسلامدا پێشکەوتن و زیندوویەتییە، ئیمڕۆ لای موسڵمان بووەتە تەمبەڵی و شتێکی چەقبەستوو، هەرچی پێشتر لە ئیسلامدا چاکەو پیاوەتی بووە، لە نێو موسڵماناندا

---

(٤٠٧) اسلام، نووسینی ژنرال دمیرهان، وەرگێڕاوی دکتۆر اکبر بهروزی لاپەڕەکانی٧و٨، انتشارات سروش ١٣٤١ هـ.ش.

(٤٠٨) رجاء جارودی وحضارة الاسلام، لاپەڕە ٩ .

(٤٠٩) ماڵپەڕی islamunveiled. org

به بەخیلی و بەرچاو تەنگی گۆڕاوە، ئەویش لەپێناو خۆشەویستی و ژیانێکی ئارام و ئاسوودە. تێگەیشتم هۆی تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەنێو موسڵماناندا تەنیا یەک هۆیە، ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە موسڵمانان یەک بەدوای یەک وازیان لە ڕوحی ڕێنماییەکانی ئیسلام هێناوە.(٤١٠)

### ٥٧- لیون روشی

لێکۆڵەر و سیاسەتمەداری فەرەنسی و نووسەری کتێبی (سی ساڵ لە ئیسلامدا) کە دواتر ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لە باوەش گرت و موسڵمان بوو، دەڵێت: لە ئیسلامدا چارەسەری دوو کێشەم دۆزییەوە، کە هەردوو کێشە مێشکی هەموو جیهانیان بەخۆوە خەریک کردووە، کە بریتین لەکێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی ئابووری.

چارەسەری یەکەم لە فەرمایشتی خودای گەورەدایە، کە دەفەرموێت:¤إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ (٤١١) کە ئەمە گەورەترین پرەنسیپی هاوکاری کۆمەڵایەتییە.

چارەسەری دووەم لە فەریزەی زەکاتدایە. ئەگەر موسڵمانان دەستیان بە ئیسلامەوە گرتبایە، ئەمڕۆ پێشکەوتووترین خەڵکی جیهان دەبوون و، لە گشت مەیدانەکاندا پێشەنگ دەبوون. هەروەها دەڵێت: من ئیسلامم بەباشترین ئاین بینی، من زۆر لە هۆکارەکانی کاریگەری ئەم دینە لەسەر دەروونی مرۆڤ گەڕام، بینیم ئەو دەروونانەی پڕ کردووە لە پیاوەتی و مەردایەتی و جوانی، دواتر بینیم ئەم دەروونانە جوانترین نموونەی چاکەو بەزەیین بە ڕادەیەک کە دانایانیش خەونی پێوە ئەبینن.(٤١٢)

### ٥٨- مارتن جۆن موایبوبو

هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و پاشان دکتۆرا لە زانستی (لاهوت) و، دیبلۆم لە ئیدارەی کەنیسە لە زانکۆی ئینگلتەراو، سەرۆکی پێشووی ئوسقوفەکانی (لوثر)ی تەنزانی و سکرتێری گشتی مەجلیسی کەنیسەکانی جیهانی بۆ کاروباری ئەفریقیا، کە تەنزانیاو کینیاو ئۆگەنداو بوروندی و چەند بەشێک لە ئەسیوپیاو سۆماڵ

(٤١٠) ماڵپەڕی islamunveiled. org

(٤١١) سورة الحجرات ١٠ .

(٤١٢) آفاق جديدة للدعوة، أنور الجندي، لاپەڕە ٦٥ .



دەگرێتەوە، لە٢٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦، دوو ڕۆژ بەر لەجەژنی لەدایکبوونی مەسیح (د.خ)، بە نوێژکەرانی ڕاگەیاند کە واز لە مەسیحییەت دێنی و موسڵمان دەبێت، ئەمەش بەتەواوی نوێژکەرانی شڵەژاندو بە بیستنی ئەم هەواڵە دووچاری سەرسوڕمان بوون، تەنانەت یاریدەدەری ئوسقوف لەسەر کورسییەکەی هاتە خوارەوە و دەرگاو پەنجەرەکانی داخست و هاواری لە ئەندامانی کەنیسە کرد، کە سەرۆکی ئوسقوفەکان شێت بووە، بۆیەش پەیوەندییان بەهێزەکانی ئاسایشەوە کرد، تاوەکو کابرای شێت دەستگیر بکەن، هێزەکانی ئاسایش گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو تا نیوەی شەو (مارتن)یان خستە زیندانەوە، تاوەکو (شێخ أحمد شێخ) ئەو پیاوەی کە هانی ئەوی دابوو موسڵمان ببێت، دەگاتە شوێنەکەو کەفالەتی دەکات و لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە ئازاد دەکرێت. یەکێک لەڕۆژنامە نووسەکان لە ڕۆژنامەیێ (قەلەم) بەناوی(سیمفیوی سیسانتی) گفتوگۆیەک لەگەڵ (مارتن جۆن موایبوبو) سازدەکات، لەو گفتوگۆیەدا(مارتن جۆن موایبوبو) بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێک کە لەقوتابخانەی ناوخۆ دەمخوێند، باوکم نامەیەکی بۆ ناردم و تێیدا نووسیبووی کە دەیەوێت ببمە ڕەبەن.

هەرچەندە (مارتن جۆن موایبوبو) دەیەویست لە ڕیزی پۆلیس خزمەت بکات، بەڵام لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا تەسلیم بە ئارەزووی باوکی دەبێت، باوک بەکوڕەکەی دەڵێت: کوڕی خۆشەویستم بەر لەوەی بمرم، زۆر خۆشحاڵ دەبم کە ببی بەڕاهیب، کوڕیش لەسەر بڕیاری باوکی لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دیبلۆم لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی کەنیسە دێتە ئینگلتەراو پاشان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەچێتە ئەڵمانیاو دوای ساڵێک لە گەڕانەوەی، دەبێتە ئوسقوفێکی کارا، دواتر بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر دەگەڕێتەوە ئەلمانیا، (مارتن جۆن موایبوبو) دەڵێت: هەموو ئەوانەم بەبێ موناقەشە تەواو کرد. بەڵام لەو کاتەی کە خەریکی وەرگرتنی دکتۆرا دەبێت، بەسەرسوڕمانەوە پرسیار لە خۆی دەکات و دەڵێت: یەهودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام و بوزی، هەریەک لەو ئاینانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خۆی ڕاستە، ئەبێت کامەیان ڕاست بێت؟ خۆ منیش لە ڕاستی دەگەڕێم! بۆیە دەست دەکات بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە ئاینەکان. بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئیسلام، قورئانێک بەدەست دێنی و دەڵێت: کاتێک قورئانم کردەوە، یەکەمین ئەو ئایەتانەی کە خوێندمەوە ئەوانە بوون:¤قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، اللَّهُ الصَّمَدُ، لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدٌ (٤١٣)

(٤١٣) سورة الإخلاص.

لەو کاتەدا تۆوی ئیسلام لەناخیدا گەشە دەکات و بۆی دەردەکەوێت کە قورئانی پیرۆز تەنیا کتێبە کە مرۆڤ نەیتوانیوە تەحریف و دەستکاری بکات. (مارتن) دەڵێت: ئەم ڕاستییەم لە کۆتایی نامەی دکتۆراکەمدا باس کرد، بۆ من گرینگ نەبوو ئاخۆ بڕوانامەی دکتۆرام پەسەند دەکەن یان نا، چونکە ئەمە حەقیقەتەو منیش لە حەقیقەت دەگەڕام. بەم حاڵەتەوە چوومە لای مامۆستای خۆشەویستم (فان بیرگەر)، دەرگام داخست و سەیری هەردوو چاوەکانیم کردو لێم پرسی: لە هەموو ئەو ئاینانەی کە ئێستا لە جیهاندا هەن، کامەیان ئاینی ڕاست و دروستە؟ لەوەڵامدا گوتی: ئیسلام.

گوتم: ئەی بۆچی موسڵمان نابیت؟

گوتی: یەکەم جار لەبەر ئەوەی عەرەبم خۆش ناوێ، دووەمیان: ئەو هەموو سەروەت و سامان و خۆشگوزەرانییەم دەبینی؟ ئایا مەعقولە لەپێناو ئیسلام وازی لێ بێنم؟

کاتێک گوێ بیستی وەڵامەکەی بووم، بیرم لەحاڵی خۆم کردەوە، پلەو پایە، ئۆتۆمبێل و سەرمایە، هەموو هاتنە بەرچاوم، ماوەی ساڵێک خۆم بێدەنگ کرد، تاوەکو لە ٢٢ی کانوونی یەکەم موسڵمانبوونی خۆم ڕاگەیاند.

لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەیدا، کەنیسە سەروەت و ماڵ و ئۆتۆمبێلەکانی لێ داگیر دەکات، تەنانەت هاوسەرەکەشی نەیتوانی ئەمە تەحەممول بکات، بەڵکو ئەویش جانتاکەی هەڵگرت و منداڵەکانی هەڵگرتن و بەجێی هێشت، سەرەڕای ئەوەی کە چەندین جار (موایبوبو) پێی ڕاگەیاند کە ئەمە تەنیا بڕیاری خۆیەتی و تۆ ناچار نیت موسڵمان ببیت، بەڵام بێ سوود بوو، کاتێک (موایبوبو) دەچێتە لای دایک و باوکی، کە ئەوانیش چیرۆکی موسڵمانبوونی ئەویان بیستبوو، دەڵێت: باوکم داوای لێ کردم بە ئاشکرا ڕەخنە لە ئیسلام بگرم، دایکیشم گوتی: نامەوێت گوێ بیستی ئەم توڕەهاتانەی تۆ بم.

(موایبوبو) داوای لێ کردن تەنیا شەوێک لە ماڵەوە جێگەی بکەنەوەو، ڕۆژی دواتر گەشتەکەی بۆ (کابیلا) دەست پێدەکات، ئەو شوێنەی کە بەڕەچەڵەک خەڵکی ئەوێیەو خزم و کەس وکاری لێ دەژین، لەمیانەی گەشتەکەیدا بادەداتەوە لای (بروسیل) و لەوی خانووێک بەکرێ دەگرێت و هەر لەوێش هاوسەری دواڕۆژی دەدۆزێتەوە، کە ڕەبەنێکی کاسۆلیکی بوو بەناوی (گیر ترود کیبویا) و پێکەوە بۆ (کابیلا) سەفەر دەکەن.

ڕۆژێکیان لە هاوسەرە ڕەبەنەکەی دەپرسێت، بۆچی (خاچ)ت بەزنجیرەوە لەسەر سینگ داناوە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: چونکە مەسیح (سڵاوی خوای لێ بێت) لەخاچ دراوە.



(موایبوبو) پێی دەڵێت: گریمان کەسێک بە تفەنگ باوکی تۆی کوشت، ئایا تۆ تفەنگ لەسەر سینگت دادەنێی و هاتوچۆی پێوە دەکەی؟

ڕەبەنەکە بێ وەڵام دەمێنێتەوە. کاتێکیش پێشنیاری مارەکردنەوەی دەکات، ڕەبەنەکە قبوڵی دەکات و بە نهێنی مارەی دەکات، دوای چوار هەفتە ڕاهیبەکە نامەیەک بۆ بەرپرسانی خۆی دەنووسی و ئاگاداریان دەکاتەوە کە وازی لە ڕەبەنایەتی هێناوە.

ئەو پیرەمێردەی کە لەماڵی ئەودا دەژیان – کە خاڵی ڕەبەنەکە بوو – بەو مارەکردنە دەزانێت و هەرکە گەیشتنە ماڵ، ئامۆژگارییان دەکات کە لێرە نەمێنن و ڕابکەن، چونکە باوکی ڕاهیبەکە زۆر تووڕە بووە.

کاتێک (موایبوبو) لە ساڵی ١٩٨٨ خەریکی بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج دەبێت، ماڵەکەی دەتەقێنرێتەوە و هەر سێ منداڵە جمکەکەی دەکوژرێن. (موایبوبو) دەڵێت: ئوسقوفی کوڕە خاڵەتی دەستی لەو پیلانەدا هەبوو.

هەروەها دەڵێت: لەجیاتی ئەوەی دووچاری داڕووخان ببم، ورەم زۆر بەرز بووەوە، چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی کە موسڵمان دەبوون، ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەبوون.

لە ساڵی ١٩٩٢ بەتۆمەتی خیانەت، لەگەڵ (٧٠) کەسی تر بۆماوەی (١٠) مانگ دەستگیر دەکرێت، ئەمەش دوای تەقاندنەوەی هەندێ شوێنی فرۆشتنی گۆشتی بەراز، کە (موایبوبو) زۆرجار لەدژی ئەو شوێنانە قسەی کردبوو، بەڵام بەبێ تاوان دەرچوو، دوای ئەوەی کە پێی ڕاگەیێنرا کە پیلانی کوشتنی لە ئارادایە بۆ (زامیا) کۆچ دەکات...هتد.[٤١٤]

هەروەها دەڵێت: من لەژێر کارتێکردنی دایک و باوکێکی مەسیحی پەروەردە بووم، هەر لە سەرەتای تەمەنمەوە بایەخم بە زانستی (لاهوت) دەداو بەشداریم لە کەنیسەی ئینگلیزیدا کردو زۆر بایەخم بەکاری موژدەدان (تبشیر) دەدا، بەر لەچەند ساڵێک هەموو بایەخی خۆم خستە سەر بیروباوەڕی (سزای هەتاهەتایی/ العذاب الأبدية) چەند کەسێکی هەڵبژاردەی لێ بترازێ بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەیە، لەلای خۆمەوە ڕقم لەم کارە دەبووەوەو، کەوتمە گومان و دوودڵی، لۆژیکییانە بیرم کردەوە کە ئەو خوایەی هێزی خۆی خستووەتە کار بۆ دروستکردنی مرۆڤەکان، ئایا پێویستە ئەو مرۆڤە تاهەتایە لە سزادا بێت؟ دەبێت ئەم خودایە کار لەجی نەبێت؟ یان خەڵکی خۆش نەوێت؟ بەم پێیە دەبێت ئاستی نزمتر بێت لە ئاستی زۆرێک لە مرۆڤەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بووم لەسەر باوەڕ بوون بەبوونی

(٤١٤) ماڵپەڕی bilalmaroc. jeeran. com

خودای گەورە... بۆیەش بایەخی خۆم خستە سەر لێکۆڵینەوە لە ئاینەکانی تر.

ئارەزووی ملکەچی و بەندایەتی بۆ خودای ڕاستەقینە لە ناخما گەورە بوو، هەرچەندە ئاینزا مەسیحییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەسەر ئینجیل دامەزراون، بەڵام من هاودژیم تیایاندا بەدی کرد، ئایا دەکرێت بڵێین: ئینجیل و ڕێنماییەکانی حەزرەتی مەسیح (سلاوی خوای لێ بێت) دەستکاری کراون؟! بۆیە دووبارە گەڕامەوە سەر ئینجیل و بڕیارم دا بەقووڵی بیخوێنمەوە، هەستم کرد شتێکی لێ کەمە، بڕیارم دا بۆ خۆم ئەمە ئەنجام بدەم، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاینزاکانی مرۆڤ، تێگەیشتم کە خەڵک گیانیان هەیەو هێزێکی نادیاریشیان هەیە کە هەرگیز نامرێت، تاوانەکانیش لەم جیهان و لەو جیهاندا سزایان لەسەرە، بەڵام دەکرێت خوای گەورە بەبەزەیی و چاکەی خۆی لە تاوانەکانمان خۆش بێت، ئەگەر بەڕاستی تەوبە بکەین و بگەڕێینەوە لای. جا چونکە دەمزانی لێکۆڵینەوەی قووڵ گرینگە، تاوەکو (گەوهەرە بەنرخەکە) بدۆزمەوە، جارێکی تر خۆم تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەی ئیسلام، شتێک کە لەئیسلامدا منی بەستەوە، ئەوەبوو کە لە گوندی (ئیچرا) لە گۆشەیەکی شاردا کە بەئاستەم دەدۆزرایەوە، لەنێو نزمترین چینی کۆمەڵگادا خەریکی عیبادەتی خوای گەورە بووم، کە بەڕاستی ئارەزووی ئەوەم هەبوو بۆ ئاستی ناسینی خودا بەرزیان بکەمەوە و هەستی پاکی و بێگەردی لەنێویاندا بڕوێنم . بەنیاز نیم پێتان بڵێم چۆن لەنێویاندا کارم کردووە، باسی ئەو قوربانییانەش ناکەم کە لەنێویاندا داومە...

لە کۆتاییدا دەستم کرد بەخوێندنەوەی ژیانی محەمەد (د. خ)، چونکە لەبارەی ئەو کارانەی ئەو ئەنجامی داون کەمم دەزانی، بەڵام ئەوەشم دەزانی کە مەسیحییەکان بەیەک دەنگ، سەروەری و چاکەی محەمەد (د. خ) ڕیسوا دەکەن، لەو کاتدا ویستم بەبێ ڕق و دەمارگیری لە مەسەلەکە بڕوانم، دوای ماوەیەکی کەم بۆم دەرکەوت کە ناکرێت لە گەڕانی پێغەمبەر بەدوای ڕاستی و گەڕان بەدوای خودای گەورەدا گومان بکەین.

لە کۆتاییداو دوای ئەوەی ئەو دەسکەوتانەم خوێندنەوە کە محەمەد (د. خ) پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردوون، تێگەیشتم کە ڕیسواکردنی ئەم پیاوە پیرۆزە هەڵەیە، چونکە خەڵک لە سەردەمی نەفامیدا بتیان دەپەرستی و لەسەر تاوان و لەنێو چەپەڵی و ڕووت و قووتیدا دەژیان، کەچی ئەو پێغەمبەرە فێری کردن پۆشاک بپۆشن و چەپەڵی و پیسی و چڵکنییەکەیانی بەپاکی گۆڕییەوە و ڕێزو کەرامەت و کەسایەتی خۆیان وەرگرتەوە، ڕێزگرتن لە میوان بوو بەئەرکێکی ئاینی، بتەکانیان شکاندن و دەستیان دایە پەرستنی خودای ڕاستەقینەی تاک و تەنیا.



نەتەوەی ئیسلام بوو بەکۆمەڵگایەکی گشتگیر و بەهێزو، زۆر دەستکەوت و دەسکردو کاری باشیان پێشکەش بەمرۆڤایەتی کرد، کە هێندە زۆرن ناتوانین لێرەدا باسیان بکەین.

جا دەبێ چەندە جێی داخ بێت – لەگەڵ هەموو ئەم سەروەرییانەدا– بەرامبەر بەژیری و پاکی محەمەد (د. خ)، کاتێک بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن مەسیحییەکان لە کەسایەتی بەڕێزی کەم بکەنەوە؟! کەوتمە بیرکردنەوەیەکی قووڵ، لەمیانەی ئەم بیرکردنەوەیەمدا، پیاوێکی بەڕێزی هیندی بەناوی (معن أمیرالدین) سەردانی کردم، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، ئەویش زیاتر فووی بەئاگرەکەدا کرد و بڵێسەدارتری کرد، بۆیە قووڵتر بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، بەڵگە دوای بەڵگەم بۆ دەهاتن، کە هەرهەموویان هێرش بوون بۆ سەر مەسیحییەتی هاوچەرخ، هەر شتێکیش کە دەم هەڵێنجا لە بەرژەوەندی ئیسلامدا بوو، هەستم بەوە کرد ئیسلام ئاینی ڕاستی و ئاسانی و لێبوردەیی و دڵسۆزی و برایەتییە، بۆیەش لەکۆتایی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەکەمدا شایەتمانم هێنا و موسڵمان بووم.[٤١٥]

### ٥٩– خاتوو مارشیلا مایکل ئەنگلۆ

ئەکتەری بەناوبانگی بەریتانی دەڵێت: کاتێک بۆ یەکەم جار مزگەوتم بینی، هەستم کرد کە شتێک لە ناخی مندا دەجووڵێ و وەکو سیحر کارم تێ دەکات، بەر لەوەی ئیسلامەتیم ڕابگەیێنم هەستم کرد من موسڵمانم، وام هەست دەکرد کە سەرلەنوێ لەدایک بوومەتەوە، لە ناخی خۆم دەرچووم و بەرگی کۆنم فڕێ داو...بڕوام بە خوا هێنا...لا اله الا الله محمد رسول الله.[٤١٦]

### ٦٠– خاتوو مارگریت مارکوس Margret marcus

خاتوو مارگریت مارکوسی نووسەری ئەمریکی بە بنەچە یەهوودی لە ساڵی ١٩٣٤ لە دایک بووە و ساڵی ١٩٦١ موسڵمان بووەو، چەندین کتێبی داناوە، لەوان: (ئیسلام لەڕوو بەڕوو بوونەوەی خۆرئاوادا)، (گەشتەکەم لە کوفرەوە بۆ ئیمان)، (ئیسلام و نوێبوونەوە)، (ئیسلام لەنێوان نەزەرییەو پیادەکردندا)، ناوبراو بەم شێوەیە باس لە موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: ئیسلام چارەسەری بۆ کێشەکانمی داناوە و وەڵامی هەموو پرسیارەکانیشمی لەلایە، بڕوام وایە کە تەنیا ڕێگەیە بۆ ڕاستگۆیی و، سەرکەوتووترین

(٤١٥) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran. com

(٤١٦) ماڵپەڕی islamunveiled. org.

چارەسەریشە بۆ نەفسی مرۆڤ.

لەو کاتەی کە قورئان دەخوێنمەوە، تێگەیشتووم کە نەک تەنیا ئیسلام بۆ ژیان پێویستە، بەڵکو ئیسلام خۆی ژیانە، هەرچەندی زیاتر لێم دەکۆڵییەوە، بڕوام پتەوتر دەبوو کە تەنیا ئیسلام بوو، ئوممەتێکی گەورە و پێشکەوتووی لە عەرەبەکان دروست کرد، کە لەوانەیە ڕابەرایەتی جیهان بکەن.

هەر سەبارەت بە قورئان دەڵێت: ئیعجازی قورئان تەنیا پەیوەندی بە ناوەڕۆکەکەیەوە نییە، بەڵکو ڕەنگ و ڕوخساری دەرەوەشی هەمووی موعجیزەیە، چۆن مرۆڤێکی نەخوێندەوار توانیویەتی ئەم ئاسەوارە بەنرخە دابهێنێت، کە نەک هەر لە هەموو شتێک گەورەتر و بەرزترە، بەڵکو بەهیچ شێوەیەک قابیلی چاولێکردن نییە، قورئان پلەو پایەیەکی وای هەیە تەنانەت ئەگەر جنۆکەو مرۆڤیش یارمەتی یەکتر بدەن ناتوانن هاوشێوەی قورئان بێنن. حەزرەتی محەمەد (د. خ) لەلایەن خواوە مۆڵەتی ئەوەی پێدرابوو کە هەموو ڕەخنەگر و ناحەزانی بۆ زۆرانبازی بانگهێشت بکات تا یەک سورەتی هاوشێوەی قورئان بێنن، لایەنگرانی زۆرانبازی هەروەکو چۆن چاوەڕوان دەکرا نەیانتوانی هاوشێوەی بێنن، تەنانەت کاتێک ئەم کتێبە ئاسمانییە دەخوێندرێتەوە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە ئەدەبییەی کە هەیەتی بەجۆرێک کاریگەری لەسەر گوێگرانی دادەنێت کە هەر هەموویان شێت و شەیدا بکات و دووچاری سەرسوڕمانیان بکات، هەر چەندە لە ماناکەشی نەگەن و بۆیان شتێکی شاراوە بێت.(٤١٧)

هەروەها دەڵێت: پێویستە ژنانی موسڵمان نیعمەتی خودا لەسەر خۆیان بزانن، چونکە ئەحکامەکانی بۆ ئەوە هاتوون تا حورمەتی ئەوان بپارێزی و چاودێری کەرامەتیان بکات، هەروەها پارێزگاری لە پاکییەتی و ژیانیان بکات و لە پێشێلکردن و لەنێوچوونی خێزان پارێزگارییان بکات.(٤١٨)

لە ساڵی ١٩٨٣ خاتوو مارگریت مارکوس لە پاکستانەوە نامەیەک بۆ دایک و باوکی دەنێری و تیایدا دەڵێت: پێویستە ئێوە بزانن ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە تێیدا ژیاین و پێگەیشتین، بەرەو نەمان دەڕوات و ئێستا لەسەر لێواری رووخانە، ئەمریکا دووبارەبوونەوەی حاڵەتی ڕۆمای کۆنە لە داڕووخاندا، هەمان حاڵەتیش بۆ ئەوروپاو هەموو

(٤١٧) نظريه دانشمندان جهان درباره قرآن و محمد، حسين وجداني عطائي ـ تهران، ١٣٦٢ هـ.ش لاپەڕە٢٧.
(٤١٨) موسوعة مقدمات العلوم والمناهج، أنور الجندي، بەرگی ٦ لاپەڕە ١٩٩ .



ئەو شوێنانە ڕاستە کە ڕۆشنبیری خۆرئاوا بەسەریاندا زاڵە، چونکە عەلمانیەت و ماددیەت فەشەلیان هێناوە لەوەی کە ببنە بناغەی یاسای کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوو.(٤١٩)

## ٦١- خاتوو ماریا ئەلاسترا

بیرمەندو زانای ئیسپانی لە ساڵی ١٩٤٩ لە ئەندەلوس لەدایک بووە، لە زانکۆی مەدرید مۆڵەتی لە فەلسەفەو دەروونناسی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧٨ موسڵمان بووە، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری ناوەندی (التوثيق والنشر) لە ئەنجوومەنی ئیسلامی.

لە ساڵی ١٩٩٨ دوای چەند ساتێک لە تەواوکردنی وتارەکەی بەناوی (ژنێکی موسڵمان لە گوندە جیهانییەکەدا) بەدەستی کینە لە دڵێکی ئیسپانی شەهید بوو.

لەو وتارەیدا دەڵێت: من بڕوام بەخودای تاک و تەنیا هەیە، بڕواشم بە محەمەدی پێغەمبەر هەیە، هەروەها بڕوام بەڕێبازی ئەو محەمەدەش هەیە، کە ڕێبازی ئیسلام و خێر و چاکەیە. لە ئیسلامدا منداڵ بە ئازادی و بەپاکی لەدایک ئەبێت، بێ ئەوەی بە گوناهێکی بۆماوەیی گوناهبار بێت، تاوەکو پێگەو جێگەو ڕۆڵی خۆی لە جیهاندا قبوڵ بکات. نەتەوەی عەرەب هەندێ کەس ئینتیمای بۆ هەیە، بەڵام زمانی عەرەبی هەموو کەسێک ئینتیمای بۆ هەیەو لەلای ئێمە شوێنێکی تایبەتی داگیر کردووە، چونکە قورئان بە پیتەکانی دابەزیوە، کە کەرەستەی ڕاگەیاندن بوونە و محەمەدی پێغەمبەر بەکاری هێناون.

ئیمڕۆ پەروەردە زیاتر لە هەموو کاتێک، بەمەرجێکی سەرەکی دەژمێردرێت لە دژی خنکان لە دەریای ڕاگەیاندندا، چونکە ڕۆژنامەکانمان پڕن لە هەواڵی ترسناک، هاوڵاتی تۆقاویش بەئاسانی دەبێتە دەستەمۆو گوێڕایەڵیان و بەبڕواوە ملکەچی هەموو ئەو تەلقینانە دەبێت کە بەسەریدا دەخوێننەوە.(٤٢٠)

## ٦٢- خاتوو ماکلین سیکارۆس

کچە نمایشکاری جل وبەرگی بەنێوبانگی یونانی (ماکلین سیکارۆس)، کە یەکێکە لە کچە ناودارە نمایشکارەکانی جلوبەرگ لە خانەی نمایشکردنی جلوبەرگی جیهانی.

(ماکلین سیکارۆس) هیچی دەربارەی ئیسلام نەزانیوە، تاوەکو ڕۆژنامەیەکی جەزائیری

(٤١٩) ماڵپەڕی: ikhwanonline.com.
(٤٢٠) مقالة (مسلمة في القرية العالمية) ماریا ئەلاسترا ، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی صلاح یحیاوی گۆڤاری (الفیصل) ژمارە ٢٩١ ساڵی ٢٠٠٠ .

گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز دەکات و ئەو پرسیارەی ئاراستە دەکات :

ئایا بیر لە نمایشکردنی جلوبەرگی ئیسلامی ناکەیەوە؟

(ماکلین سیکارۆس) دەڵێت: هیچم دەربارەی ئیسلام و جلوبەرگی ئیسلامی نەدەزانی، بۆیە بە ئارەزووەوە داوام لە ڕۆژنامەنووسە جەزائیرییەکە – کە خۆیشی ئافرەت بوو– کرد، دەربارەی ئیسلام قسەم بۆ بکات، ئەویش بە دوور و درێژی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام و ئەو جلوبەرگانەی کە ژنی موسڵمان لەبەریان دەکات بۆی باس کردم، بۆم دەرکەوت کە ئیسلام گەنجینەیەکی گەورەیەو چەندین ساڵە لە تەمەنم دەڕوات و من لێی بی ئاگام.

زانایانی بەڕێزی ئیسلام منیان لەوە دڵنیا کردەوە کە خوای گەورە تەنیا لەو ڕۆژەوە حیسابت لەگەڵ دەکات کە موسڵمان بووی و لە ڕابردووت خۆش دەبێت، لەو کاتەدا کە هەردوو شەهادەم دەهێنا زۆر گریام ، ئەمەش وەکو پەشیمانی لە تەمەنی ساڵانی ڕابردووم.

هەروەها دەڵێت: دڵنیا بووم لەوەی کە ئەم دینە دینێکی گەورەیە، بۆیەش خوای گەورە بەوەوە کۆتایی بە پەیامە ئاسمانییەکان هێناوە، چونکە ڕەحمەت و بەزەییە بۆ هەموو ئافەریدەیەک و نیشتیمانی هەموو کەسێکیشە.(٤٢١)

## ٦٣– ماڵکوم ئێکس Malcom x

سەرکردەی ڕەش پێستەکانی ئەمریکا، بەرلەوەی موسڵمان ببێت بەشەیتان ناودەبرا، چونکە سەرکردەیەکی ڕەگەز پەرست و توندڕەو بوو بەرامبەر بە سپی پێستەکان، بەڵام دوای موسڵمانبوونی وازی لەو ڕەگەز پەرستییە هێنا، دوای ئەوەی حەجی ماڵی خوا دەکات و هەڵسوکەوتی برایانەی سپی پێستەکان لەژێر سایەی ئیسلامدا دەبینێت، لە مەککەوە نامەیەک بۆ پەیڕەوانی دەنێرێت و تیایدا دەڵێت: هەرگیز چاکەو پیاوەتی و ڕۆحی پڕ لە برایەتیم لەنێوان گشت ڕەنگ و ڕەگەزێکدا وەکو لەم خاکە پیرۆزەدا هەیە نەبینیوە، لە وڵاتی ئیبراهیم و محەمەد (د. خ).

لێرە دەیان هەزار کەس لە حاجیانی ماڵی خوا لە سەرانسەری دونیاوە هاتوون، بۆئەوەی یەک مەناسک بەرۆحێکی پڕ لە برایەتی و تەبایی بەجێ بگەیێنن، کە هەرگیز لەو گومانەدا نەبووم لەنێو سپی پێست و ڕەش پێستەکاندا ئەو برایەتی و تەباییە دروست ببێت.

(٤٢١) ماڵپەڕی bilalmaroc. jeeran. com بەنەقل لە کتێبی (التائبون الى الله) بەرگی دووەم، نووسینی ابراهیم بن عبدالله الحازمی.



ئەمریکا پێویستی بەوەیە لە ئیسلام تێ بگات، چونکە ئەمە تەنیا دینە بتوانی کێشەی ڕەگەزپەرستی لە کۆمەڵگاکەیدا بسڕێتەوە. من لەگەڵ سپی پێستەکان دانیشتووم و قسەم لەگەڵیان کردووە، تەنانەت خواردنیشم لەگەڵیان خواردووە، بەڵام ئیسلام بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستیی لە زیهنیەتی ئەواندا سڕیوەتەوە، ئێمە لێرە لەگەڵ ئەو برا موسڵمانانەی کە چاویان لە جوانترین شینەکانەو پێستیان لە سافترین سپییەکانە بۆ تەنیا خودایەک نوێژ دەکەین.(٤٢٢)

## ٦٤– محمد ئەکویا

مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا دەڵێت: بەر لەچەند ساڵێک هەرایەکی گەورە لەلای ئێمە دروست بوو، ئەویش لەو کاتەدا بوو کە قوتابییەکی موسڵمانی ئەمریکی هاتە زانکۆ کە حیجابی پۆشیبوو، لەنێو مامۆستاکانی ئەو قوتابییەدا مرۆڤێکی دەمارگیر هەبوو، ئەوەی هێرشی نەکردبایە سەر ئیسلام، ڕقی لێ دەبووەوە، چ جای ئەوەی کەسێک باوەشی بۆ بکاتەوە و بە بەرچاوی هەمووانەوە ئەرکەکانی بەجێ بێنێ؟ ئەو کابرایە دەیویست لە هەر دەرفەتێکدا بە هۆی جنێودان بە ئیسلام ئەو قوتابییە بورووژێنی و ڕق و قینەی خۆی بەسەردا بڕێژی، کاتێکیش قوتابییەکە بەهێمنی ڕوو بەڕووی بووەوە، ڕق و قینەی زیاتر بوو، ویستی بەرێگایەکی تر ڕووبەڕووی ببێتەوە، ئەویش بە دابەزاندنی پلەکانی و ڕاسپاردنی بەهەندێ ئەرکی قورس و، سەختگیری لە ئەنجامەکاندا، کاتێک ئەو قوتابییە هەژارە زانی لە دەست ئەو کابرایە نەجاتی نابێت، سکاڵایەکی بۆسەرۆکایەتی زانکۆ بەرزکردەوە و تیایدا داوای کرد کە زانکۆ بەو مەسەلەیەدا بچێتەوە، بڕیاری سەرۆکایەتی زانکۆش ئەوە بوو کە هەردوولا پێکەوە کۆ بکاتەوە و گوێ بداتە قسەو گفتوگۆی هەردووکیان، کاتێک وادەی دیاریکراو هات، زۆربەی ئەندامانی دەستەی وانە گوتنەوە ئامادە بوون، ئێمەش زۆر تامەزرۆی ئەو خولەی گفتوگۆ بووین، چونکە یەکەم جارە دانیشتنی لەو جۆرە لە زانکۆ ببێت، قوتابییەکە دەستی پێکرد و گوتی: ئەو مامۆستایە ڕکی لە ئاینی منە، بۆیە مافی زانستیم دەخوات، چەندین نموونەی هێنایەوە و داوای کرد ڕای هەندێ قوتابی هاوپۆلی وەربگرن، لەنێو قوتابیاندا هەندێ کەس هاوسۆزی بوون و شاهیدیان لەسەر ڕاستی قسەکانی دا، جیاوازی نێوان ئاینەکانیان نەبووە ڕێگر لە ئەداکردنی شاهیدی ڕاستەقینە سەبارەت بەو قوتابییە. مامۆستای دکتۆریش هەوڵی دا

(٤٢٢) موسوعة مقدمات العلوم والمناهج، أنور الجندي، بەرگی ٨ لاپەڕە ١٤٠ .

بەرگری لەخۆی بکات و بە درێژی بەقسەی کرد، بەڵام لەکۆتاییدا دەستی کرد بەجنێودان بەئایینی ئەو قوتابییە، قوتابییەکەش هەستایە سەر پێ و دەستی کرد بە بەرگریکردن لە ئیسلام و زۆر زانیاری دەربارەی ئیسلام پێشکەش کردین، قسەکانی توانای ئەوەیان هەبوو بەرەو لای خۆمان ڕابکێشی، تەنانەت وای لێ هات ئێمە قسەکانمان پێ دەبڕی و داوای ڕوونکردنەوەی زیاترمان لێ دەکرد، ئەویش وەڵامی دەداینەوە، کاتێک دکتۆر بینی ئێمە گرینگی بە قسەکانی دەدەین، هۆڵەکەی بەجێهێشت و چووە دەرەوە، ئێمەش ئەوانەی کە قسەکانی ئەومان پێ گرینگ بوو ماینەوە و دەستمان بە قسەو گفتوگۆ کرد، لە کۆتاییدا قوتابییەکە هەر یەکەو دوو وەرەقەی بەسەردا دابەش کردین کە تێیدا لەژێر ناونیشانی (ئیسلام بۆ من چ گرینگییەکی هەیە؟) باسی لەو پاڵنەرانە کردبوو کە بەرەو ئیسلامیان بردووە، پاشان باسی لە گرینگی حیجاب کردبوو، هەروەها هەستی خۆی بەرامبەر بەحیجاب بۆ ئێمە شی کردەوە، کە بووەتە هۆی ئەو هەرا گەورەیە، بەڕاستی هەڵوێستێکی گەورە بوو، جا لەبەر ئەوەی دانیشتنەکە هیچ بڕیارێکی لێ نەکەوتەوە گوتی: من بەردەوام بەرگری لە خۆم دەکەم و بەڵێنی دا تاوەکو ئەنجامەکە لە بەرژەوەندی خۆم بەکۆتا نەهێنم واز نەهێنم، تەنانەت ئەگەر ناچار بێت بەدوای کێشەکەدا بڕوات و خوێندنەکەشی دوا بکەوێت، بەڕاستی هەڵوێستێکی بەهێز بوو، ئێمەی ئەندامانی دەستەی وانە گوتنەوە، هەرگیز بڕوامان نەدەکرد کە قوتابییەکە لەو ئاستەدا بێت بەو شێوەیە خۆی ڕاگرێت لەپێناو پارێزگاریکردن لە بیروباوەڕەکەی.

لەلای منیشەوە ململانێی گۆڕینی ئاین دەستی پێکرد، ئەوەی کە لەو قوتابییەوە سەبارەت بە ئیسلام زانیم، زۆر ئیسلامی لای من خۆشەویست کرد، دوای چەند مانگێک موسڵمانبوونی خۆم ڕاگەیاندو هەر لەو ساڵەدا سێیەم دکتۆر و چوار قوتابی موسڵمان بوون.[٤٢٣]

## ٦٥- محمد فؤاد الهاشمي

قەشەو لێکۆڵەر لە کتێبەکەیدا بەناوی (الأديان في كفة الميزان) دەڵێت: مەبەستم لە خوێندنەوەی ئیسلام، دەرخستنی ئەو کەم و کورتیانە بوو کە مامۆستاکانم سەبارەت بە ئیسلام تێیان گەیاندبووم، بەڵام هەرچی ئەوان لەبارەی ئیسلامەوە بەعەیبیان دەزانی، لە

(٤٢٣) مذكرات ذات خمار، محمد رشيد العويد، ڕۆژنامەی (الإتحاد)ی ئیماراتی، بەرواری ٦ی مانگی ڕەمەزانی ١٤٢٠ ک.



ڕاستیدا ئیمتیازو گەورەیی بوون، بۆیەش بەرەو ڕووی چووم و لە ئاکامی بیرکردنەوە و دیراسەیەکی قووڵدا موسڵمان بووم و بڕوام پێ هێنا، بەڵێ لە ئاکامی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەدا، تای تەرازووی ئیسلام قورس و لاسەنگ بوو، تای تەرازووی هەموو دیانەتەکانی تر پەکیان کەوت و لە کار کەوتن.[٤٢٤]

## ٦٦- موری کیل

زانای کەنەدی کە هەڵگری چەندین بڕوانامەیە لە دیراساتی ئیسپانی و ئیسلامی، هەروەها زمانەکانی عەرەبی، ئیسپانی، فەرەنسی، ئینگلیزی بەباشی دەزانی، بەو شێوەیە هەستی خۆی بەرامبەر بەئیسلام دەردەبڕی و دەڵێت: ئیسلام هاوسەنگی لە ژیاندا پێ بەخشیم، ئایا ئەو کەسەی ئیسلام قازانج دەکات چی لە دەست دەدات؟! ئەگەر ئیسلامی لەدەست دا چی قازانج دەکات؟

ئەوەی لەگەڵ عەقڵدا یەک دەگرێتەوە، هەروەها ئەوەی کە عەقڵێکی ئیمانی و ئیمانێکی عەقڵانی بە مرۆڤ دەبەخشێت، تەنیا لە ئیسلامدا دۆزیمەوە، بۆیەش موسڵمان بووم.[٤٢٥]

## ٦٧- پرۆفیسۆر مۆریس بوکای

پرۆفیسۆر (مۆریس بوکای) کە بەڕەمزی پرشنگداری فەرەنسا ناسراوە، لەدایک و باوکێکی فەرەنسی لەدایک بووەو، وەکو خێزان و خزمەکانی لەنێو ئاینی مەسیحیدا پێگەیشتووە، کاتێک قۆناغی ناوەندی تەواو دەکات، لەزانکۆی فەرەنسا لەبەشی پزیشکی دەخوێنی و بەردەوام پلەی یەکەم بەدەست دێنی، تاوەکو بڕوانامەی پزیشکی وەردەگرێت، هەر لەسەر پیشەکەی بەردەوام دەبێت و ڕۆژ دوای ڕۆژ پێش دەکەوێت، تا دەبێتە یەکێک لە شارەزاترین و ناودارترین نەشتەرگەر لە فەرەنسای نوێدا.

کاتێک (فرانسوا میتەران) لە ساڵی ١٩٨١دەسەڵاتی وڵاتی وەرگرت، داوای لە وڵاتی میسر کرد کە مۆمیای (فیرعەون)ی میسر بگوازرێتەوە بۆ فەرەنسا، بۆ تاقیکردنەوە و ئەنجامدانی هەندێ توێژینەوە لەسەری، حکومەتی میسریش ڕەزامەندی پێشان داو مۆمیایەکە گوێزرایەوە بۆ فەرەنسا، کاتێک لاشەی ناودارترین ملهوڕی میسر گەیشتە

(٤٢٤) الإسلام ، دکتور أحمد چلبی لاپەڕە ٢٨٨ .

(٤٢٥) علماء ومفكرون يعتنقون الإسلام، محمد طماشي. لاپەڕە ٢٣٥ . بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕەکانی saaid. net و islamonline. net. بکە.

فرۆکەخانە، سەرۆکی فەرەنسا لەگەڵ وەزیرەکان بەڕێز وەستا بوون، بۆ پێشوازی لە لاشەی فیرعەونی میسر، لەکاتی هێنانە خوارەوەی لاشەکەدا، پێکەوە کڕنۆشیان بۆ برد، وەک ئەوەی ئێستاش زیندوو بێت و پاشایەتی بکات، دواتر مۆمیاکە گوازرایەوە بۆ شوێنێکی تایبەت لە (ناوەندی ئاسەواری فەرەنسی)، بۆ ئەوەی گەورەترین زانای ئاسەوار و پزیشکە نەشتەرگەرەکان، توێژینەوەکانیان لەسەری ئەنجام بدەن، لەو کاتەی کە پزیشکەکان خەریکی کارەکانیان بوون، (مۆریس بوکای)ی سەرۆکیان، بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەم پاشایە مردووە؟ لە کۆتاییەکانی شەودا ئەنجامەکان دەریان خست، کە بەهۆی خنکان لەئاودا مردووە و بەزووترین کات لاشەکەیان لەئاو دەرهێناوە و مۆمیای کراوە، بۆ ئەوەی لاشەکەی لە ڕزین بپارێزرێت. بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخ بوو بۆ پرۆفیسۆر (مۆریس) ئەوە بوو، کە چۆن ئەم لاشەیە زیاتر لەوانی دیکە سەلامەتەو وەکو لاشەکانی تر گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، لە کاتێکدا بەهۆی خنکان لە ئاودا مردووە و لە دەریا دەرهێنراوە.

(مۆریس بوکای) خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی بوو سەبارەت بە لاشەی فیرعەون، کە پێی وابوو شتێکی نوێی دۆزیوەتەوە، بەڵام یەکێک بەگوێیدا چرپاندو گوتی: پەلە مەکە، چونکە موسڵمانان سەبارەت بە خنکانی ئەم لاشەیە قسەیەکیان هەیە. بەڵام ئەو بەتوندی نکوڵی لەو قسەیە کرد، چونکە ئەم جۆرە دۆزینەوانە بەهۆی پێشکەوتنی زانست و بەڕێگای وردترین دەزگای نوێ دەزانرێن، یەکێکیان پێی گوت: ئەو قورئانەی کە ئەوان بڕوایان پێ هەیە، سەبارەت بە خنکانی ئەم پاشایەو سەلامەتی لاشەکەی قسەیەکی هەیە، ئەمەش زیاتر ئەوی دووچاری سەرسوڕمان کردو دەستی کرد بە پرسیارکردن، چۆن ئەمە ڕاستە؟ خۆ ئەم لاشەیە تا ساڵی ١٨٩٨ واتە دوو سەد ساڵ لەمەو بەر، کەس پێی نەزانیوە، لە کاتێکدا قورئانەکەیان بەر لە هەزار و چوار سەد ساڵە هەیە؟! عەقڵ چۆن ئەمە قبوڵ دەکات؟ نەک تەنیا عەرەبەکان، بەڵکو هیچ کەسێک سەبارەت بە مۆمیای کردنی لاشەکان لەلایەن میسرییە کۆنەکانەوە شتێکیان نەزانیوە، تەنیا لەو چەند ساڵەی کۆتاییدا نەبێت؟!!

(مۆریس بوکای) ئەو شەوەی بەبیرکردنەوە بردە سەر، کە چۆن قورئانی موسڵمانان باس لەچۆنیەتی ڕزگاربوونی ئەم لاشەیە دەکات لە دوای خنکانی؟ لە کاتێکدا کتێبی پیرۆزی ئەوان (ئینجیلی متی و لۆقا) تەنیا باس لە خنکانی فیرعەون دەکات، بێ ئەوەی کەمترین قسەی لەسەر چارەنووسی لاشەکە کردبێت، (مۆریس بوکای) نەیتوانی ئەو شەوە بخەوێت، داوای کرد تەوراتی بۆ بێنن، کاتێک تەوراتیان بۆ هێنا، دەستی کرد بە خوێندنەوەی (سفر الخروج) کە دەڵێت: ئاوەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی و هەموو ئەو دەوار و سوارانەشی لە



سوپای فیرعەون داپۆشی (خنکاندی)، کە بەدوای ئەوەوە لە دەریایاندا بوو، بێ ئەوەی کەسێکیان لێ ڕزگار بووبێت. ئینجلیش بەهەمان شێوە، کەمترین باسی لە ڕزگاربوونی لاشەکە نەکردووە، دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان و لێکۆڵینەوەکان، بە تابووتێکی شووشەیی، وڵاتی فەرەنسا لاشەکەی گەڕاندەوە بۆ میسر.

بەڵام (مۆریس بوکای) ئۆقرەی نەگرت و یەکسەر بڕیاری دا بۆ وڵاتی سعودیە سەفەر بکات، بۆ ئامادەبوون لەو کۆنگرە پزیشکییەی کە ژمارەیەکی زۆری زانایانی توێکاری ئامادەی دەبوون. یەکەمین قسەی (مۆریس بوکایً) دەربارەی ئەو ئەنجامە بوو کە لەسەر لاشەی فیرعەون بەدەستی هێناوە، لەو کاتەدا یەکێک هەستایە سەر پێ و قورئانی بۆ کردەوە و ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە:¤فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ' یونس ٩٢

واتە: ئەمڕۆ لاشەکەت لە ڕزین و ونبوون ڕزگار دەکەین، تاوەکو ببی بە پەند بۆ ئەوانەی لەدواتەوە دێن، هەرچەندە زۆرێک لە خەڵک لە دەسەڵاتی خودا بێ ئاگان.

ئیتر(مۆریس بوکای) خۆی بۆ نەگیراو بەرامبەر بە ئامادەبووان وەستاو یەک بەدەنگی خۆی هاواری کرد: ئەوا منیش هاتمە نێو ئیسلام و بڕوام بەم قورئانە هێنا.

(مۆریس بوکای) بەڕوخسارێکی تر گەڕایەوە فەرەنساو (١٠) ساڵی ڕەبەق خەریکی بەراوردکردنی حەقیقەتە زانستییەکان و دۆزینەوە نوێییەکان بوو لەگەڵ قورئان، ڕەنجی ئەو (١٠) ساڵەی (مۆریس بوکای) کتێبێک بوو کە سەرانسەری ئەوروپای هەژاندو زانایانیشی دووچاری سەرسوڕمان کرد، بەناوی (قورئان و تەورات و ئینجیل و زانست)، کە تا ئێستا سەدان هەزار بەرگی لێ چاپ کراوە، دوای ئەوەی لە زمانی فەرەنسییەوە بۆ زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، ئیندۆنیسی، فارسی، تورکی، ئۆردی، ئەڵمانی و چەندین زمانی تر وەرگێڕدرا. (مۆریس بوکای) دەڵێت: بێگومان قورئان باشترین و بەرزترین کتێبە کە قەڵەمی دروستکار و دەستی ئەزەلی بۆ مرۆڤایەتی دەری خستووە.[٤٢٦]

## ٦٨- خاتوو مونا عبدالله ماكلوسكی

سیاسەتوانی ئەڵمانی کە بۆ ماوەیەکی درێژ قونسوڵی وڵاتەکەی بووە لە بەنگلادێش و لە ساڵی ١٩٧٦ لەسەر دەستی شێخی ئەزهەر دکتور عبدالحليم مەحمود موسڵمان بووە،

(٤٢٦) ماڵپەڕی: vefagh. com.

دەڵێت: لە سایەی ئیسلامەوە ژن ئازادی خۆی گەڕاندەوە و شوێن و پلەیەکی شیاو و بەرزی بۆخۆی بەدەست هێنا، چونکە ئیسلام ژن بە خوشکی پیاو دەزانێت و هەردوو ڕەگەز بەتەواوکەری یەکتر دائەنێت.[٤٢٧]

### ٦٩- خاتوو مێری واتسن Mary Watson

(خاتوو مێری واتسون) قەشەو مامۆستای (لاهوت) لە یەکێک لە زانکۆکانی (فیلپین)، سەبارەت بە موسڵمانبوونی خۆی دەڵێت: بەر لە ئیسلام ناوم (مێری واتسون) بوو، بەڵام دوای موسڵمانبوونم، ناوی خۆم کردووەتە (خەدیجە)، بۆیەش ئەم ناوەم هەڵبژارد، چونکە هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) خەدیجە ڕەزای خوای لێ بێت بێوە ژن بوو، منیش هەروا بێوەژنم، ئەو منداڵی هەبوو، منیش هەروا منداڵم هەیە، کاتێک ئەو شووی بە پێغەمبەر کرد، تەمەنی (٤٠) ساڵ بوو، منیش کە ئێستا ئیسلامم گرتووەتە باوەش لە تەمەنی (٤٠) ساڵیدام، هەروەها زۆریش پێی سەرسام بووم، چونکە لەو کاتەی کە پێغەمبەر (د.خ) وەحی بۆ هاتە خوارەوە و بوو بەپێغەمبەر، ئەو بەبێ دوودڵی هاوکاری کرد، بۆیەش زۆرم خۆش دەوێت.

من سێ پلەی زانستیم هەبوو: یەکەم: ماوەی سێ ساڵ لە ئەمریکا مامۆستای زانکۆ بووم، دووەم: پلەی بەکالۆریۆیسم لە زانستی لاهوت لە (فیلپین) بەدەست هێناوە، سێیەم: مامۆستای لاهوت بووم لە هەردوو زانکۆ، من لەیەک کاتدا هەم لاهوتی بووم، هەمیش مامۆستای (محاضر) بووم، هەمیش قەشە بووم، هەروەها لە ئێزگەی ئاینی مەسیحی لە بەرنامەی (ئامۆژگاری مەسیحی) کارم کردووە.

پرسیار: ئەی منداڵەکانت چییان بەسەرهات؟

وەڵام: ئەو کاتەی کە لەناوەندی ئیسلامی لە (فیلپین) کارم دەکرد، لەماڵەوە هەندێ کتێب و گۆڤاری ئیسلامیم لەسەر مێز دادەنا و بەئەنقەست لەوێم بەجێ دەهێشت، بەڵکو خوای گەورە کوڕەکەم (کریستۆڤەر) هیدایەت بدات، چونکە تەنیا منداڵی خۆم بوو کە لەگەڵ مندا دەژیا، ئەویش لەگەڵ هاوڕێکەی دەیانخوێندنەوە و لە جێگەی خۆیان دادەنان، هەروا (سەعاتێکی بانگ) یشم لەلا بوو، ئەو کاتانەی کە من لەدەرەوە بووم، کوڕەکەم چەندین جار گوێی لێ ڕاگرتبوو، پاشان پێی گوتم کە حەزی لە ئیسلامە، زۆر خۆشحاڵ بووم و زیاتر

(٤٢٧) ماڵپەڕی: islamunveiled.org.



هانم دا، پاشان ژمارەیەک برا لەناوەندی ئیسلامییەوە هاتن، تاوەکو سەبارەت بە ئیسلام گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، ئەوەبوو هەر دوای ئەو گفتوگۆیە موسڵمانیەتی خۆی ڕاگەیاند.

پرسیار: چ شتێک لە ئیسلامدا زیاتر سەرنجی ڕاکێشای؟

وەڵام: ئیسلام تەواوترین و باشترین ڕێگەی ژیانە، بەمانایەکی تر، ئیسلام ئەو (بوصلە)یە کە گشت لایەنێکی ژیان، لە ئابووری و کۆمەڵایەتی و.. هتد، تەنانەت خێزان و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەنێو تاکەکانیدا ڕێک دەخات.

پرسیار: چوونە ناو کەش و هەوایەکی نوێ، سەختی و نەخۆشیی هەیە، ئایا ئەو سەختییانە چین کە ڕوو بەڕووت بوونەتەوە؟

وەڵام: من لە نێوان ئەمریکاو فیلپیندا دەژیام، کچەکانیشم هەموویان لە ئەمریکا مێردیان کردبوو، کاتێک کە موسڵمان بووم، سێ لە کچەکانم زۆر بەتوندی ڕووبەڕووم بوونەوە، ئەوانی تریش بە ئازادی تاکە کەسییان وەرگرت، هەروەها تەلەفۆن و خانووەکەم خرانە ژێر چاودێری، بۆیە بڕیارم دا لە فیلپین بمێنمەوە، بەڵام کەس و کاری مێردەکەم خۆیان لێم دوورخستەوە، جا چونکە پێشتر زۆر پەیوەندیم لەگەڵیانا هەبوو، چونکە دایک و باوکم کۆچی دواییان کردبوو، ماوەی سێ ڕۆژ تەنیا گریام، کاتێک بە جلوبەرگی خۆمەوە دەچوومە دەرەوە، منداڵان بە پیرەژن و خێوەت بانگیان دەکردم، ئەوەی دەیناسیم خۆی لێ دوور دەخستمەوە، بەڵام من ئەوەم بە بانگەواز بەرەو ئیسلام دەزانی.

پرسیار: ڕات چییە بەرامبەر بەو نەخشەیەی کە دەگوترێت تەمەنی چارەگە سەدەیەکە بۆ بە فەلەکردنی موسڵمانان؟

وەڵام: دوای خوێندنەوەم بۆ ئیسلام و دوای ئەوەی کە هاتمە نێو ئیسلام، تێگەیشتم بۆچی لەلایەن هەموو دیانەتەکانەوە موسڵمانان دەچەوسێنرێنەوە، چونکە لەنێو هەموو ئاینەکاندا لەسەر ئاستی جیهان، ئیسلام تەنیا ئاینە کە زیاتر بڵاو دەبێتەوەو، موسڵمانانیش بەهێزترین کەسن، چونکە دینەکەیان ناگۆڕن و ڕازی نین هیچ ئاینێکی تر ببێتە جێگرەوەی ئاینەکەیان، چونکە ئیسلام تەنیا ئاینی حەقەو ئەوەی ئیسلام دەیانداتێ هیچ ئاینێکی تر نایانداتێ.

پرسیار: چ شتێک وای لێ کردی لە پیشەی بەفەلەکردنەوە، ببیە کەسێک کە خەڵک بۆ ئیسلام بانگ بکەی و خاڵی وەرچەرخان چی بوو؟

وەڵام: لە یەکێک لە هەڵمەتەکانی بەفەلەکردن لە فیلپین بۆ پێشکەشکردنی هەندێ کۆڕ

ئامادە بووم، بینیم کە مامۆستایەکی (محاضر) لە یەکێک لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە هاتووە، هەندێ شتی نامۆم لێ بینی، بە گەرمی دەستم کرد بەپرسیار لێکردن، تێگەیشتم کە موسڵمان بووە، تا ئەو کاتیش کەس نەیدەزانی کە موسڵمان بووە.

پرسیار: چۆن توانیت بەسەر ئەو هەموو کۆسپانەدا باز بدەی و بگەیە ئیسلام؟

وەڵام: دوای ئەوەی لەو دکتۆرە فیلپینییە هەندێ شتم دەربارەی ئیسلام زانی، زۆر پرسیارم لا دروست بوو: بۆچی ئەو کابرایە موسڵمان بووە؟ بۆچی ئاینی خۆی گۆڕیوە؟ دەبێت چ شتێک لەم ئاینەدا هەبێت؟ بیرم لەو کچە برادەرە کۆنە فیلپینییە کردەوە، کە موسڵمان بووبوو، لە (جزيرة) کاری دەکرد، چوومە لای و دەربارەی ئیسلام پرسیارم لێ کرد، یەکەمین پرسیاریشم دەربارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئیسلام بوو لەگەڵ ئافرەتان، چونکە مەسیحییەکان بڕوایان وایە کە ئافرەتانی موسڵمان، لە ئاینەکەیاندا مافەکانیان لەئاستێکی زۆر نزمدایە، کە ئەمەش ڕاست نییە، هەروەها خۆشم بڕوام وابوو کە ئیسلام ڕێگا بە پیاوان ئەدات لە ژنەکانیان بدەن، بۆیەش هەمیشە داپۆشراون و بوونەوەرێکن تەنیا لە ماڵەوە دائەنیشن، بەڵام کە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە، زۆر بەوەڵامەکانی خۆشحاڵ بووم. پاشان دەربارەی (خودا) و پێغەمبەر پرسیارم لێ کرد، ئەویش داوای لێ کردم کە بچمە ناوەندی ئیسلامی، بەڵام زۆر دوودڵ بووم، کەچی ئەو زیاتر هانی دەدام، لە پەروەردگار پاڕامەوە کە ڕێنماییم بکات، پاشان چووم و دەستمان بە گفتوگۆکرد، زۆر سەرسام بوون بەو زانیارییانەی کە لەسەر مەسیحییەتم هەبوو، بەڵام دەربارەی ئەو باوەڕە هەڵەیەی کە من سەبارەت بە ئیسلام هەمبوو، دووچاری سەرسوڕمانێکی زۆر بوون، بۆیە ئەو باوەڕەیان بۆ ڕاست کردمەوە و هەندێ کتێبیان دامێ ، منیش ماوەی هەفتەیەک هەر ڕۆژەی سێ کاتژمێر خەریکی خوێندنەوەیان بووم، یەکەم جارم بوو ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە زانایانی ئیسلامی نووسیویانە، چونکە هەموو ئەو کتێبانەی کە پێشتر دەمخوێندنەوە، مەسیحییەکان نووسیبوویانەوە، کە پڕ بوون لە هەڵەو شتی پڕوپووچ دەربارەی ئیسلام و موسڵمانان، بۆیە دەربارەی قورئان و ئەو وشانەی کە لە نوێژدا دەخوێنرێنەوە هەمیشە پرسیارم دەکرد.

لەکۆتایی هەفتەدا تێگەیشتم کە ئەمە دینێکی ڕاستە و خوای گەورە هاوشێوەی نییە و، هەر ئەوە لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت و لە عەزابی ڕۆژی قیامەت ڕزگارمان دەکات، بەڵام تا ئەوکاتیش ئیسلام لەنێو دڵ و دەروونمدا جێگیر نەبووبوو، چونکە شەیتان هەمیشە



فەتیلەی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو دەروونی مرۆڤدا دادەگیرسێنی، لەمیانەی مانگی دووەمدا لە شەوێکدا – کە لەسەر جێگا درێژ بووبووم و نزیک بوو خەوم لێ بکەوێت– هەستم بە شتێک کرد کە لەنێو دڵمدا جێگەی خۆی دەکاتەوە، یەکسەر هەستامەوە و گوتم: ئەی پەروەردگار من باوەڕدارم تەنیا بەتۆ و، هەردوو وشەی شەهادەم هێنا، دوای ئەوە دڵنیایی و ئارامی باڵی بەسەر هەموو جەستەمدا کێشا، سوپاس بۆ خودا .(٤٢٨)

## ٧٠– پرۆفیسۆر نشکنتنا دهیابا

مامۆستای مێژوو لە زانکۆی (میسوری) دەڵێت: من موسڵمانیەتی خۆم لەسەر سێ شت هەڵبژارد یەکەم: ڕاستی هەواڵەکانی، دووەم: یەکگرتنەوەی لەگەڵ عەقڵدا، سێهەم: ئیسلام ئاینێکی عەمەلییە نەک خەیاڵی، لە ئیسلامدا سێ شت لەیەک شتدا نادۆزرێتەوە، هەروەها سی ملیۆن خوداش نابینرێت.(٤٢٩)

## ٧١– خاتوو نیرس دانی

خاتوو نیرس دانی تەمەن ٣١ ساڵە بەم شێوەیە باس لە موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: گەشتەکەم بەرەو ئیسلام چەند ساڵێکی بەسەردا چووە. بەر لەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئیسلام من هەمیشە گرنگیم بەئاینەکان دەدا و، شارەزاییم لە زۆربەیاندا هەبوو. بۆچی دەڵێم (گەڕامەوە بۆ ئیسلام)؟

من بڕوام وایە هەموو کەسێک بە موسڵمانی لەدایک دەبێت و بەهۆی پەروەردەی دایک و باوکیەوە لەسەر ئیسلام پێدەگات، بەڵام هەندێکیان ئەمەیان دەست ناکەوێت، من هەرگیز لە ڕۆمە کاسۆلیکەکان نەبووم، بەڵام دایک و باوکم منیان ناردە قوتابخانەیەکی کاسۆلیکی، هەرچەندە خۆیان بڕوایان بەهیچ ئاینێک نەبوو، لەسەر هیچ بڕوایەکیش خودایان نەدەپەرستی، نە یەهودی، نەمەسیحی، نە ئیسلامی، کە منیشیان ناردە ئەو قوتابخانەیە بۆ فێربوونی مەسیحییەت نەبوو، بەڵکو بۆ وەرگرتنی هەندێ وانەی تایبەت بوو، من هەر زوو دووچاری سەرسوڕمان بووم لە هەبوونی خوداو هەموو مەسەلەیەکی ئاینی، بۆیە سەبارەت بە ئاینە جیاجیاکان دەستم بەلێکۆڵینەوە کرد، لە ئەنجامدا ئاینی (بوزی)م هەڵبژاردو زۆریش پێی خۆشحاڵ بووم، دواتر مێردم کردو چوومە ئەو دیوی دەریاکان و ماوەی سێ

(٤٢٨) ماڵپەڕی bilalmaroc. jeeran. com

(٤٢٩) آفاق جديدة للدعوة، زانای گەورە أنور الجندی لاپەڕە ٣٤٩ .

ساڵ لەژاپۆن مامەوە، وامزانی لەوێ زۆر شت دەربارەی ئاینی (بوزی) فێردەبم و تێیدا دەبمە ڕۆشنبیر، بەڵام بینیم ژاپۆنییەکانیش زیاتر لە خەڵکی تری لێ نازانن.

لە (فینو پارک) هەندێ موسڵمانم بینی چاوەڕوانی نوێژی هەینیان دەکرد، کە موسڵمانان لە هەر هەفتەیەکدا جارێک ئەو فەرزە بەجێ دەگەیێنن، بە وردی چاوم لە ژنێک کرد کە حیجابی پۆشیبوو، لەوانەیە بەهۆی زۆر سەیرکردنم ناڕەحەتم کردبێت و وا تێگەیشتبێت کە من زۆر بێ ئەدەبم، بەڵام هۆیەکەی ئەوە بوو کە من زۆر پێی سەرسام بووم، لەگەڵ ئەوەشدا لێی نزیک نەبوومەوە، پاشان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەڕامەوە، بەردەوام ئارەزووی موسڵمانیم لە لا بوو، بەڵام نەمدەتوانی ئەو پەرتووکە باوەڕپێکراوانە بەدەست بێنم کە بەڕاست و دروستی باس لە ئیسلام دەکەن، بۆیەش مەسەلەکە هەروەکو ئارەزوویەک لەلام مایەوە، بۆ هەر کوێ چووبام چاوم بەموسڵمانان دەکەوت، ڕۆژێکیان بوێریم نواندو چوومە مزگەوت و دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئیسلام، تاوەکو لە ئەنجامدا هەردوو شەهادەم هێنا و موسڵمان بووم، دوای دوو هەفتە مێردیشم موسڵمان بوو، سوپاس بۆ خوا.

هەرچەندە چەند ساڵێکی کەمە موسڵمان بووم، بەڵام هەست بە خۆشی و بەختەوەرییەکی زۆر دەکەم، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە مەسەلەکە زۆر بە ئاسانی بەڕێوە دەچێت، من وازم لە خزم و کەسەکانم هێناوە، چونکە دڵخۆش نەبوون بەگەڕانەوەم بۆ ئیسلام، بەتایبەتیش کاتێک بە شێوازێکی ڕاست و قووڵ دەستم کرد بە ئەنجامدانی ئەرکە ئیسلامییەکان، بەڵام خودای گەورە خزم و کەسی مێردەکەمی بۆ دەبەدەل ناوم، کە بە شێوازێکی جوانتر و باشتر لە خزمەکانم ئەمەم لێ قبوڵ دەکەن، ئەوەی دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئیسلام من بەهەموو توانایەوە هانی دەدەم، هەرگیز با چاوەڕوانی ئەوە نەبن ئاخۆ دایک و باوکیان لێیان قبوڵ دەکەن یان نا، با چاوەڕوانی ئەوەش نەبن تا هەموو شتێک دەربارەی ئسلام دەزانن، چونکە لەوانەیە ئەو ڕۆژە هەر نەیەت، هەرچی زووە هەردوو شەهادە بێنن و پشتتان بەخوا ببەستن، سوپاس بۆ خوا ئێستا هەموو منداڵەکانم موسڵمانن و قورئان دەخوێننەوە، هەرچەندە عەرەبیش نازانن، خۆشم حیجاب دەپۆشم و تەنانەت نیقابیش دەپۆشم.[٤٣٠]

(٤٣٠) لە کتێبی (ربحت محمدا ولم أخسر المسيح) د. عبدالمعطي الدالاتي.



## ٧٢- نیکۆلاس ئەنیلکا

هەرچەندە (نیکۆلاس ئەنیلکا) لەگەڵ تیپی فەرەنسا لە پاڵەوانیەتی نەتەوە ئەوروپییەکاندا بەشداری ناکات، بەڵام ئەستێرەی ناودار (نیکۆلاس ئەنیلکا) لەڕیزی یانەی (مانشستەر سیتی) ئینگلیزی و یاریزانی پێشووی (ریال مەردید)ی ئیسپانی، سەرنجی هەموو جیهانی ڕاکێشا، کاتێک ڕایگەیاند کە ئیسلامی گرتووەتە باوەش. پاشان (نیکۆلاس ئەنیلکا) بەهاوڕێیەتی دوازدە یاریزانی تر لە یانەی فەرەنسا سەردانی وڵاتی سعودیە دەکات، لە نێو یاریزانە فەڕەنسییەکانیشدا(دومی) یاریزانی (لیدز یونایتد)ی ئینگلیزی و، (فیلیپ)ی یاریزانی (بوردو)ی فەرەنسی و، هاوڕێکەی لەیانەی (ئیریک)، هەروەها یاریزان (مارسیلیا دودو) و، یاریزانی (ئۆکسیر)ی فەڕەنسی (مندی) و، (صموئیل)ی گۆڵچی تیپی (کان)ی فەڕەنسی، موسڵمان بوون. ڕۆژنامەکانی جیهانی بەگرینگییەوە هەواڵی موسڵمانبوونی ئەستێرەی فەڕەنسی (نیکۆلاس ئەنیلکا)یان بڵاو کردەوە، لەوان: ڕۆژنامەی (فرانس فوتبول)ی فەڕەنسی دەڵێت: (ئەنیلکا) موسڵمانیەتی خۆی ڕاگەیاندو دەڵێت: من هاوسەنگی خۆم لە ئیسلامدا دۆزییەوەو، ئاواتە خوازە لە وڵاتێکی ئیسلامی نیشتەجێ بێت، تاوەکو بەو پەڕی ئازادییەوە مومارەسەی ئاینی خۆی بکات و برایانی بەرەو ئەو دینە ڕێنمایی بکات.

ڕۆژنامەی (Evening Standard) ی لەندەنیش، ئەم هەواڵەی بە وێنەی (ئەنیلکا)وە کە لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج دەچێتە مزگەوت بڵاو کردەوە.[٤٣١]

## ٧٣- مستەر هراس لیف

نووسەری ئینگلیزی لە وتارێکیدا کە گۆڤاری (ئیسلام)ی ئینگلیزی بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: هیچ کەسێک لە جیهاندا ناتوانێت بڕیار بدات کە هەموو ئاینێک بانگەواز بۆ یەکسانی نێوان خەڵک دەکات، هەرچەندە هەندێکیان بەم بانگەوازەوە خۆیان نمایش دەکەن، خۆم بۆ چەندین جار سەردانی کەنیسەو پەرستگەکانم کردووە، جیاوازی نێوان چینەکانم بینیوە، هەروەک چۆن لە دەرەوە دەبینرێت، من بڕوام وابوو کە مەسەلەکە لەنێو مزگەوتە ئیسلامییەکانیشدا هەر وایە، بەڵام دووچاری سەرسوڕمان بووم کاتێک بینیم بە دروستترین شێوە یەکسانی لە نێو موسڵماناندا بەرقەرارە، ئەویش لە جەژنی ڕەمەزاندا کاتێک سەردانی مزگەوتی (ووکبخ)م کرد، لەوێ خەڵکێکی جیاوازم بەسەر چەندین چین و

(٤٣١) ماڵپەڕی bilalmaroc.jeeran. com

پلەدا بینی، جیاوازییەک کە بەحەق دەتوانین ناوی بنێین جیاوازیەکی برایانە، کە تا ئەو کاتە بەم شێوەیەم نەبینیبوو، لە مزگەوتا ئەبینی کەسێکی (نوبی) لە وڵاتی (مماسە) تەوقە لەگەڵ گەورە بازرگانێکی میسری یان سیاسییەکی عەرەبی دەکات، کێشەیان لەنێواندا نییە، هەرگیز یەکێکیان بەوە تووڕە نابێت کە کەسێکی خوارتر لە خۆی لەڕووی پلەو پایەوە لەنوێژدا بەتەکیەوە بووەستێت، تۆ نابینی کەسێک بەسەر سەری خەڵکەوە بڕوات و داوای شوێنێکی تایبەت لە مزگەوتدا بکات، چونکە هیچ شوێنێکی لە شوێنەکانی تر جیاواز نییەو هەموویان لای خودا یەکسانن، کەسێک لە کەسێک بەرزتر نییە، تۆ کاتێک لەگەڵ نەتەوەیەکدا قسە دەکەی کە لە ڕەگەزێکی جیاوازە، هەست بە خۆشەویستییەکی لە دڵ و باوەڕێکی تەواو دەکەی و، زۆری پێ سەرسام دەبی، تەنانەت وەک یەکێک لەوان بی مامەڵەت لەگەڵدا ئەکەن، ئەمەش پاڵت پێوە ئەنێت کە بڕوا بەوە بێنی کە ئاین دەتوانی ببێتە فاکتەرێک بۆ هەڵگرتنی هەموو ئەو بەربەستانەی کە جیاوازی چینایەتی دەخەنە نێوان مرۆڤ و براکەی.[٤٣٢]

## ٧٤– وۆکس ئینگرام

دەرهێنەری سینەمایی ئەمریکی دەڵێت: لە نیوە شەوێکدا لەخەو هەستام بۆ نوێژکردن، ماوەیەکی درێژ خەریکی نوێژکردن بووم، لە بەیانییەوە پشتم لە پیشەی خۆم کرد و لەفرت و فێڵەکانی (هۆلیۆد)و درۆو دەڵەسەکانی، خۆم ڕزگار کردو نەفس و جەستەو هەموو ژیانم بەخشییە پەروەردگاری محەمەد (د. خ) سەلامی خودای لێ بێت و...ئەمرۆ من کوڕی ئیسلامم.[٤٣٣]

## ٧٥– ویلیام بیکارد. W. Beckard

دانەر و ڕۆماننووس و شاعیری بەریتانی (ویلیام بیکارد) لە زانکۆی (کانتاب) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە وێژەو هونەر وەرگرتووە، هەروەها بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی وێژەیی زانکۆی (لەندەن) بەدەست هێناوە، بەکورتی نووسەر و دانەرێکی بەنێوبانگە، لەیلاو مەجنون، جیهانی نوێ و چەندین دانراوی تری هەیە.

(٤٣٢) ماڵپەڕی eltwhed.com.

(٤٣٣) ماڵپەڕی islamunveiled.org.



پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (كل مولود يولد على الفطرة، فأبواه يهودانه، أو ينصرانه، أو يمجسانه) واتە: هەر منداڵێک بەپاکی و لەسەر ئاینی ئیسلام لەدایک دەبێت، جا دایک و باوکی دەیکەنە یەهودی، یان نەصرانی، یان مەجوسی.

(ویلیام بیکارد) دەڵێت: تا چەندین ساڵی پێ نەچوو من نەمدەزانی لەسەر فیترەتی ئیسلام لەدایک بووم، چونکە لە قوتابخانەو زانکۆ خەریکی کێشەکانی ئەوکات و کاروباری ڕۆژانە بووم، لەو ڕۆژگارەدا من وام نەدەزانی کە پیشەی من پیشەیەکی باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەوپێش دەچوو، لەنێو کۆمەڵگایەکی مەسیحیدا فێرە ژیانی پاک بووم، بڕوا بەخواو خواپەرستی و ڕاستی، لەو کارانە بوون کە منیان خۆشحاڵ دەکرد...من کە لە (کامبردیج) هاتووم، چوومە ناوەندەکانی ئەفریقاو لەوێ لە ئیدارەی (وصایە) لەسەر ئۆگەندا دامەزرام، بوونی من لەوێ زۆر زۆر خۆشتر بوو لەوەی کە لە بەریتانیا خەونم پێوە دەبینی، بە حوکمی ئەرک و بارودۆخی ئەوکات ناچار بووم لەنێو برا ڕەش پێستەکاندا بژیم، دەتوانم بڵێم بەهۆی ڕوانینی سادەیان بۆ ژیانێکی بەختەوەر زۆرم خۆشدەویستن و هۆگریان بووبووم...

پاشان – دوای تێکچوونی بارودۆخی ژیانم لە جەنگی جیهانی یەکەمدا– بیر و هۆشم بۆ لای نیشتیمان چوو، باری تەندروستیم خراپ بوو، دوای چاکبوونەوەم و باشبوونی باری تەندروستیم، خۆم لە سوپا ناونووس کرد، بەڵام لەسەر چەند بنەمایەکی تەندروستی داواکارییەکەم ڕەت کرایەوە، بۆیەش خۆم لە ڕیزی جەندرمە تۆمار کرد، دوای ئەوەی بەهەندێ شێوازی جۆراو جۆر پشکنینە پزیشکییەکانم دەرباز کرد، هەستم بە ئاسوودەییەکی زۆر کرد کاتێک جلوبەرگی سەربازیم لەدەستەی پیادە وەرگرت، ئەوکات لەبەرەی ڕۆژئاوا لە فەرەنسا دەستم بەکار کردو بەشداریم لە جەنگی (سوم)دا کرد لە ساڵی ١٩١٧، کە لەو شەڕەدا بریندار بووم، بەڕێگای بەلژیکاوە گواسترامەوە بۆ ئەڵمانیاو کەوتمە نەخۆشخانە، لە ئەڵمانیا زۆر شتی ناخۆشم بینی بەتایبەتی ئەو ڕووسیانەی کە(دیزنتاریا)یان تووش بووبوو، لە برسان گەیشتبوومە سەر لێواری مردن، برینەکەم شکانێک بوو لە باسکی ڕاستەم و زوو چاک نەدەبووەوە، وام لێ هاتبوو هیچ سوودێکم بۆ ئەڵمانییەکان نەبێت، بۆیە ڕەوانەی سویسرا کرام تاوەکو نەشتەرگەریم بۆ ئەنجام بدرێت.

ئەو کاتەی کە لە ئەڵمانیا بووم، نامەیەکم بۆ خزمان نووسی و داوای نوسخەیەک لە قورئانم کرد، لە ساڵەکانی دواییدا بۆم دەرکەوت کە نوسخەیەک قورئانیان بۆ ناردووم، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەدەستم نەگەیشت.

له سویسرا– دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە باسک و لاقم – تەندروستیم باش بوو، دەمتوانی ناوە ناوە دەرکەوم، نوسخەیەکی قورئانی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی فەرەنسیم کڕی – کە ئەمڕۆش پڕبەهاترین کەلوپەلی منە– لەو کاتەدا هەستم بە خۆشی و دڵنیاییەکی زۆر کرد، وەک ئەوەی تیشکێکی پڕشنگدار لە حەقیقەتێکی زیندوو، بەنووری بەرەکەت منی گەشاندبێتەوە. دەستی ڕاستم هەر بێ سوود مابووەوە، خۆم لەسەر ئەوە ڕاهێنا کە بەدەستی چەپەم قورئان بنووسمەوە.

پەیوەندیم بەقورئانەوە ئەو کاتە زیاتر بوو کە بینیم گەنجێک بەتەنیا لە شارێکی وێراندا بەتەنیا دانیشتووە و قورئان دەخوێنێتەوە و ئاگای لە هیچ شتێکی دەوروبەر نییە.

لەو ڕۆژەوە، بەڕەسمی ناوی خۆم وەکو موسڵمانێک لە سویسرا تۆمار کرد، دوای ئیمزاکردنی ئاگربەست گەڕامەوە لەندەن، ئەمەش لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا بوو، ناوم لە بەشی وێژە لە زانکۆی لەندەن تۆمار کرد و یەکێک لەو بابەتانەی کە هەڵمبژارد، زمانی عەرەبی بوو، بەردەوام ئامادەی کۆڕو سمینارەکانی دەبووم لە زانکۆی پاشایی، ڕۆژێکیان مامۆستای زمانی عەرەبیم بەڕێز (بلشا) لە عێراق ڕەحمەتی خوای لێ بێت، سەبارەت بە قورئانی پیرۆز پێی گوتم: تۆ بڕوات پێی هەبێت یان نەبێت، دەبینی لە هەموو کتێبێک سەرنجڕاکێشترەو شایانی توێژینەوەیە، وەڵامم دایەوە و گوتم: ئۆهـ، خۆ من بڕوام پێ هێناوە، ئەم وەڵامەم بۆ مامۆستاکەم زۆر مایەی سەرسوڕمان بوو، دوای قسەو گفتوگۆیەکی درێژ داوای لێ کردم پێکەوە بچینە مزگەوتی لەندەن لە (نوتینگ هیل گیت)، دواتر خۆم هەمیشە دەچوومە مزگەوت و ئامادەی نوێژ دەبووم لەو مزگەوتە، تاوەکو زیاتر فێرە پیادەکردنی ئیسلام ببم، تاوەکو لە سەری ساڵی ١٩٢٢ موسڵمان بوونی خۆم ڕاگەیاند. ئەمەیان بەر لە نزیکەی چارەگە سەدەیەکە، لەو کاتەوە و تا ئێستا بەگوتەو بەکردەوە، بەگوێرەی توانا من لە ژیانی ئیسلامیدا دەژیم، چونکە هێزو حیکمەت و ڕەحمەتی خودا سنووری نییە، بواری مەعریفەش لەبەردەم ئێمەدا تا ئەو پەڕی دونیا والایە، لە بەجێگەیاندنی فەریزەی حەجیش کە ئێمە لەم ژیانەدا ئەنجامامان داوە، هەست بە بڕوایەکی بەهێزتر دەکەم، کە تەنیا جلوبەرگی گونجاو کە ئێمە بتوانین بیپۆشین، ملکەچییە بۆ خودای گەورەو کەشیدەیەکی پڕ لە مەدح و ستایشی خودای گەورە لەسەر نێین و دڵەکانمان پڕ بکەین لە خۆشەویستی ئافەریدەی تاک و تەنیا.[٤٣٤]

(٤٣٤) ماڵپەڕی bilalmaroc. jeeran. com.



## کۆتایی و ئەنجام

لەوەی ڕابردوو گەیشتینە چەند ڕاستییەک کە بریتین لە:

١– قورئان کەلامی خودایە و موعجیزەی زیندووی پێغەمبەرە و جگە لە خودا لە توانای هیچ کەسێکدا نییە هاوشێوەی بێنێت.

٢– قورئان سەرچاوەی هەموو زانستێکە و هەر کەس بەقەدەر توانا و تێگەیشتنی خۆی بەهرەی لێ دەبات.

٣– کاریگەری قورئان تەنیا لەسەر موسڵمانان نییە، بەڵکو ئەوانەی کە بڕواشیان پێ نییە وەکو کەلامی خودا، حاشا لەو ڕاستییە ناکەن کە قورئان کاری تێ کردوون، حاشاکردنیش لەو ڕاستییە تەنیا لە ڕق و قینە و دەمارگیری سەرچاوەی گرتووە.

٤– مانەوەی قورئان بەدرێژایی چەندین سەدە بەبێ دەسکاری، بەڵگەی ئەوەیە کە سەرچاوەیەکی خودایی هەیە و هەر خۆیشی پارێزگاری لێ دەکات.

٥– قورئان کۆمەڵە یاسایەکە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، لە هەموو کات و سەردەمێکدا، تەنیا زامنی بەختەوەری و ئاسوودەیی مرۆڤیشە.

٦– زانست و ڕۆشنبیری هۆکارێکی بەهێزە بۆ بڕواهێنان بە خودا و هێز و دەسەڵاتی لەبن نەهاتووی پەروەردگار، بەپێچەوانەشەوە جەهل و دەمارگیری هۆکاری کوفر و گومڕاهییە.

٧– ڕەچاوکردنی ئەمانەتی زانستی کە سەراپای لێکۆڵینەوەکەیان گرتۆتەوە، ئەوە دەسەلمێنی کە زانایان و ڕۆشنبیران، ویژدان و عەقڵ دەکەنە پێوەری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیان، خەڵکی تریش هەوا و هەوەس.

٨– بەر لەوەی گوێ بدەینە قسە و گوتاری مرۆڤەکان، پێویستە لە ژیان و ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خودی کەسەکان بکۆڵینەوە، تاوەکو مەودای ڕاستی و ناڕاستی بانگەشەکەیان بزانین. چونکە زۆرن ئەوانەی کە قسە دەکەن و دروشمی بریقەدار بەرز دەکەنەوە، بەڵام کەمن ئەوانەی بەکردەوە ڕاستی و دروستی بانگەشەکانیان دەسەلمێنن.

٩- پێغەمبەری ئیسلام چ بەر لە پێغەمبەرایەتی و چ لە دوای پێغەمبەرایەتی، دوور بووە لە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە لە ڕێز و پلەو پایەی مرۆڤ کەم دەکەنەوە، بەڵکو هەر لە تەمەنی گەنجایەتیدا مرۆڤێکی دەست و داوێن پاک بووە، تەنانەت بەنازناوی (ئەمین) دەناسرا، بۆیەش لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکێکی زۆر بڕوایان پێ هێنا و باوەشیان بۆ پەیامەکەی کردەوە.

١٠- پێغەمبەری ئیسلام بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی پشتی بە لێزانی و ڕەوشت و ئاکاری چاک بەست و بەجوانترین شێوە خەڵکی بۆ بانگهێشت کردووە، نەک بە زۆری شمشێر و سەرەنێزە و تیرۆر و تۆقاندن، هەروەکو دوژمنانی بەوە تۆمەتباری دەکەن.

١١- پێغەمبەری ئیسلام هەرگیز ڕێگەی نەداوە لە پلەی پێغەمبەرایەتی زیاتر بەرز بکرێتەوە، بەڵکو هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە مرۆڤێکە وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵام لەلایەن خواوە نیگای بۆ دێت، هەروەها ئەوەشی بەگوێی خەڵکدا ئەدا، کە ئەگەر دەسەڵات و هێزی خودا نەبێت هیچی لەدەست نایەت.

١٢- خوای گەورە بە بەردەوامی ڕاستی پەیامەکەی دەسەلمێنی، خۆ ئەگەر موسڵمانانیش کەمتەرخەم بن لە پشتگیری کردنی پەیامەکەی، ئەوا غەیرە موسڵمانان تەنانەت دوژمنانیشی ناچار دەکات کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دان بەپێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکەی و ڕاستی و دروستی ئیسلام دابنێن و بەرگری لێ بکەن.

١٣- هاندان بۆ زانست و مەعریفە و نەهێشتنی نەخوێندەواری بەشێک بووە لە ئەرکی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوا.

١٤- ئیسلام بەزۆری شمشێر و توندوتیژی بەسەر هیچ کەسێکدا نەسەپێنراوە، بەڵکو بەهۆی بەڵگە سەلمێنەرەکانی توانیویەتی خەڵک بەلای خۆیدا ڕابکێشی، چونکە تەواوکەری هەموو ئاینەکانە و ئاسانترین ئاینیشە کە لەگەڵ فیترەتی پاکی هەر مرۆڤێکدا دەگونجێ.

١٥- لە ئیسلامدا هەموو مرۆڤایەتی یەکسانە و کەمترین بایەخ بەڕەنگ و ڕوخسار نەدراوە، بەڵکو بڕوا و چاکەکاری پێوەری ڕێزداری هەر مرۆڤێکە لەلای خودا.

١٦- ئیسلام بۆ تەنیا نەتەوەیەک نەهاتووە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی، ڕزگارکردنی مرۆڤە لە کۆت و زنجیری بەندایەتی و نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەروەها سڕینەوەی ئاسەواری خودایەتیکردنی مرۆڤ بەسەر مرۆڤ لە





ئامانجە هەرە بەرزەکانی ئیسلامە، بۆیەش ڕازی نابێت کەسێک لە نێوان خالق و مەخلوقدا واسیتەکاری بکات، هەروەها بیتاقەی لێخۆشبوونی گوناهیش دابەش ناکات و هەرکەسێک بەرامبەر بەکردەوەی خۆی بەرپرسیارە.

١٧- ئیسلام هیچ کاتێک کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم زانست و پێشکەوتن دروست ناکات، بەڵکو هاندەرێکی بەهێزە بۆ زانست و داهێنان و پێشکەوتن، بەپێچەوانەی هەندێ بەناو ئاین و بڕوای ساختە، کە دژی هەموو زانست و پێشکەوتنێکن، چونکە تەنیا ئەوکاتە دەوێرن خۆیان دەرخەن کە خەڵک نەزان بێت و کوێرکوێرانە گوێڕایەڵییان بکات.

١٨- زانایان و بیریاران لە خۆرئاوا و شوێنە ناموسڵمانەکان، لەسەر بنەمای عەقڵ و لۆژیک و بەپشت بەستن بە بەڵگەی مێژووی، لە دژی ئەو تۆمەت و هەڵبەستراوانە دەوەستنەوە کە کینە لە دڵ و دەمارگیرەکان لە دژی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام بڵاویان کردوونەتەوە و، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئیسلام لەباوەش دەگرن.

١٩- ئیسلام هەموو کون و کەلەبەرێکی جیهان دەگرێتەوە، زۆری زۆردار ناتوانێ پێشی پێ بگرێ، یان لە خێرایی کەم بکاتەوە. چونکە بەڵێنی خودایە و زوو یان درەنگ دەبێت هەر بێتە جێ.

# پێڕست


پێشەکی ..... 7

**بەشی یەکەم:**

قورئان لەدیدی زانایانی جیهانیدا ..... 17
١– ئارپر جۆن ئار برری ..... 17
٢– ئالبرت ئەنشتاین ..... 18
٣– ئالبێرماله ..... 18
٤– ئیدموند بۆرگ ..... 18
٥– ئیدوارد براون ..... 19
٦– ئیدوارد گیبۆن ..... 19
٧– ئیدوارد مونتیه ..... 20
٨– ئیلیوس ژورمانوس ..... 20
٩– ئێم. ساڤاری ..... 21
١٠– ئیمورا ..... 21
١١– بارتلمی سنت هیلر ..... 21
١٢– دکتۆر بارونی ..... 22
١٣– دکتور بگروشفکی ..... 23
١٤– بللێر ..... 23
١٥– خاتوو بیانکا ماریا سکارسیا ..... 24
١٦– بیبرشتین کازیمرسکی ..... 24
١٧– تۆماس کارلایل ..... 24
١٨– تیودور نۆلدکه ..... 25
١٩– پۆڵ کازانۆڤا ..... 25
٢٠– ج، م رۆد ویل ..... 26
٢١– جۆن ولیام دراپر ..... 26
٢٢– جمیز. ا. میچز ..... 27
٢٣– جیمس جینز ..... 27
٢٤– دیته فینان ..... 24
٢٥– دیسری پلانسیه ..... 24
٢٦– دیڤید ساموئیل مارگولیوس ..... 29
٢٧– دیفرجه ..... 29
٢٨– دینۆرت ..... 29
٢٩– ژۆل لابوم ..... 30
٣٠– ژان ژاک رۆسۆ ..... 31
٣١– ژوزف هوردویچ ..... 31
٣٢– راکستۆن ..... 32
٣٣– راینهارت دوزی ..... 32
٣٣– روبرتسون سمیپ ..... 32
٣٥– رینبۆرت ..... 33
٣٦– سادیو لوی ..... 33
٣٧– خاتوو ستان رانی تنس ..... 34
٣٨– سر ویلیام موئیس ..... 34
٣٩– سیر ولیەم موير ..... 34
٤٠– سیرکو ویلیام ..... 35
٤١– شارل فرانسیس ..... 35
٤٢– گۆتە ..... 35
٤٣– گۆرگیس سال ..... 36
٤٤– دکتور گۆستاو لۆبۆن ..... 36
٤٥– گۆستن کریستا ..... 37
٤٦– گونا رایکسون ..... 37
٤٧– ڤۆلتێر ..... 38
٤٨– فرید گیوم ..... 38
٤٩– دکتور فیلیپ. ک. حتی ..... 39
٥٠– کارلتون اس . گون ..... 39





٥١– کلۆد فارير ..... 40
٥٢– کنت هنری دوکاستری ..... 40
٥٣– کوسین دی برسفال ..... 41
٥٤– کومار بوز بەسانتا ..... 41
٥٥– کونستان ویرژیل گیور گیو ..... 41
٥٦– کینت گریک ..... 43
٥٧– لۆمانس ..... 44
٥٨– لادین کوبولد ..... 44
٥٩– لودفیکو ماراکسی ..... 45
٦٠– خاتوو د.لورا واگلیری ..... 45
٦١– لیۆ نیکۆلا فیچ تۆلستۆی ..... 48
٦٢– دکتور ماردریس ..... 50
٦٣– دکتۆر ماردریل ..... 50
٦٤– دکتۆر مارکس ..... 51
٦٥– مارمادیۆک پیکتال ..... 51
٦٦– دکتور مایکل هارت ..... 52
٦٧– نابیا ئەبوت ..... 52
٦٨– ناپلیۆن بۆناپارت ..... 52
٦٩– نون گرونبۆم ..... 52
٧٠– هریسار بامات ج ربوا ..... 53
٧١– هنری پری لاتس ..... 53
٧٢– هنری لامنس ..... 53
٧٣– هیربیرت جۆرج ویلز ..... 54
٧٤– هێری گیلۆرد دورمن ..... 55
٧٥– دکتور هیستون سمیث ..... 55
٧٦– واشنگتۆن ئیرڤینگ ..... 56
٧٧– ولیەم مانتمێری وات ..... 56

**بەشی دووەم:**

پێغەمبەر لەدیدی زانایانی جیهانیدا ..... 57
٧٨– ئاتین دینیه ..... 60
٧٩– ئارلونوف ..... 61
٨٠– ئالتر بتکین ..... 62
٨١– ئالفونس دو لامارتین ..... 62
٨٢– ئەلبرنس کایتان ..... 64
٨٣– ئۆگیست کۆنت ..... 64
٨٤– خاتوو ئان بیسانت ..... 65
٨٥– خاتوو ئانا ماری شمیل ..... 65
٨٦– ئیدوارد مونتیه ..... 67
٨٧– دکتور ئیسرائیل ولگنسون ..... 67
٨٨– بۆس ورپ سمیث ..... 68
٨٩– بێرنارد کارادۆ فۆ ..... 70
٩٠– بیک خوری ..... 70
٩١– تۆماس کارلایل ..... 71
٩٢– تورنفور ..... 74
٩٣– پرۆفیسور ج.ب لیتز ..... 74
٩٤– جۆرج بوش ..... 75
٩٥– جۆرج دی تولدز ..... 75
٩٦– جان بروا ..... 76
٩٧– جان توزنون کر و ..... 76
٩٨– مستەر جان لیک ..... 77
٩٩– جون ئەروکس ..... 78
١٠٠– جون دیفولبوت ..... 78
١٠١– حەسەن عەلی ..... 78
١٠٢– مستەر داز ..... 79
١٠٣– دون بایرون ..... 80
١٠٤– دی سلان ماک گوێن ..... 80

١٠٥– دینیس سورا ..... 81
١٠٦– ژان میکائیلیس ..... 81
١٠٧– ر. ف. بودلی ..... 82
١٠٨– روبرت سمیث ..... 82
١٠٩– رودلف دوتوراک ..... 83
١١٠– رینیە دیکارت ..... 84
١١١– زالز مسترماننی یەهودی ..... 84
١١٢– سادیو لوی ..... 84
١١٣– سان ئەلیار ..... 85
١١٤– مستەر سبریل ..... 85
١١٥– سنرستنی ئاسوجی ..... 85
١١٦– مستەر سنکس ..... 86
١١٧– سیر ولیەم موير ..... 86
١١٨– دکتور شبلی شومەیل ..... 88
١١٩– دکتور صموئیل زویمر ..... 88
١٢٠– چارلز ئەرمان ..... 89
١٢١– گۆتە ..... 89
١٢٢– گۆرگیس سال ..... 90
١٢٣– دکتور گۆستاو لۆبۆن ..... 90
١٢٤– گرونباوم ..... 92
١٢٥– ڤۆلتێر ..... 92
١٢٦– فتلی ..... 95
١٢٧– فریدریک دیتریسی ..... 96
١٢٨– کۆنت بولنویلیە ..... 96
١٢٩– کادا دوفیک ..... 97
١٣٠– کارل مارکس ..... 97
١٣١– کارل هینرش بیکەر ..... 98
١٣٢– کلیمان هوارت ..... 98
١٣٣– کونستان ویرژیل گیور گیو ..... 99
١٣٤– لوزون ..... 103
١٣٥– لویس تۆماس ..... 104
١٣٦– لیستین ..... 104
١٣٧– لین پول ستانلی ..... 105
١٣٨– مارمادیوک پیکتال ..... 106
١٣٩– ماکس ڤان برشم ..... 107
١٤٠– ماکس مایرهوف ..... 107
١٤١– دکتور مایکل هارت ..... 108
١٤٢– مسیو جان سبیرۆ ..... 109
١٤٣– مکسیم ویگان ..... 109
١٤٤– مهاتما گاندی ..... 109
١٤٥– هارون مارکوس ..... 110
١٤٦– پرۆفیسۆر هانری کربون ..... 110
١٤٧– هیربرت سبنسر ..... 111
١٤٨– هینری ماسیە ..... 111
١٤٩– واشنتۆن ئیرڤینگ ..... 111
١٥٠– دکتور وایل ..... 112
١٥١– وپ ..... 113
١٥٢– ویل دورانت ..... 113
١٥٣– دکتور ویلسن ..... 114
١٥٤– ویلکی کولنز ..... 114

**بەشی سێیەم:**

ئیسلام لەدیدی زانایانی جیهانیدا ..... 115
١٥٥– ئارنۆلد توین بی ..... 115
١٥٦– ئالبیر مشادور ..... 115
١٥٧– ئەنتۆنی کوین ..... 116
١٥٨– ئیدوارد براون ..... 116
١٥٩– ئیریک بنتام ..... 116
١٦٠– دکتور ئینیر بێرگ ..... 117
١٦١– ئیمیل درمنگهام ..... 117



١٦٢– ئولرش هیرمان ..... 119
١٦٣– ئۆگین بۆگ ..... 120
١٦٤– برناردشۆ ..... 120
١٦٥– پرنس ژیوائی بۆرگیز ..... 122
١٦٦– جۆرج سارتۆن ..... 123
١٦٧– جۆرجی زیدان ..... 123
١٦٨– جۆن ولیام دراپر ..... 124
١٦٩– جان بولرو ..... 125
١٧٠– جەواهر لال نەهرۆ ..... 125
١٧١– جون دوانبورت ..... 125
١٧٢– جون وبستر ..... 128
١٧٣– جیمس بیرک ..... 129
١٧٤– خاتوو خەدیجە فەیزەوی ..... 130
١٧٥– دایزی ویلکنیز ..... 130
١٧٦– ژاک ریسلەر ..... 131
١٧٧– ژان دوتونو ..... 131
١٧٨– ژوزیف ئەرنیست رینان ..... 132
١٧٩– رومن رولان ..... 132
١٨٠– دکتۆر ریتین ..... 132
١٨١– رینیە دیکارت ..... 133
١٨٢– خاتوو زیگرید هونکە ..... 133
١٨٣– خاتوو ساروجینی نایدو ..... 134
١٨٤– ستودارد ..... 134
١٨٥– سیر ئەنتۆنی ناتنگ ..... 134
١٨٦– سیر تۆماس ئارنۆڵد ..... 135
١٨٧– ئەمیر چارلزی بەریتانی ..... 136
١٨٨– چمبر ..... 136
١٨٩– گۆستاڤ دۆکا ..... 137
١٩٠– گۆستاوی سێهەم ..... 137
١٩١– پرۆفیسۆر گریسیب ..... 137
١٩٢– گولد زیهەر ..... 138
١٩٣– ڤیکتۆر رۆبنسن ..... 138
١٩٤– فرانز ئەنتون مسمر ..... 139
١٩٥– فریدریک دیتریسی ..... 139
١٩٦– قەشەیەک ..... 139
١٩٧– دکتور کۆرباف ..... 140
١٩٨– کرۆبەر ..... 140
١٩٩– کریستۆفەر کۆلۆمبس ..... 140
٢٠٠– کوفهی لال جابا ..... 141
٢٠١– کونت ئیدوارد گیوجا ..... 141
٢٠٢– خاتوو لویجی رینالدی ..... 141
٢٠٣– لویس ماسینیون ..... 141
٢٠٤– لیۆناردۆ ..... 142
٢٠٥– خاتوو ماری ئۆلیڤەر ..... 142
٢٠٦– مافیز جولی ..... 143
٢٠٧– خاتوو مایل ئەنگلو ..... 143
٢٠٨– میخال ئاماری ..... 144
٢٠٩– میشون ..... 145
٢١٠– نیچە ..... 145
٢١١– پرۆفیسۆر هاکنگ ..... 146
٢١٢– هاملتون گیب ..... 146
٢١٣– هانۆتۆ گابریێل ..... 146
٢١٤– هایل ..... 146
٢١٥– هیربیرت جۆرج ویلز ..... 147
٢١٦– هیرتویگ هیرچفلد ..... 147
٢١٧– هیرمان ئیلتز ..... 148
٢١٨– یوسف مکاب ..... 149

**بەشی چوارەم:**


زانایان لەسەر چ بنەمایەک... 151

٢١٩- ئارپر ئەلیسون 154

٢٢٠- پرۆفیسۆر ئارپر میلانتۆس 156

٢٢١- خاتوو ئالا ئۆلینیکۆفا 157

٢٢٢- ئالفۆنس ئاتیین دینیه 158

٢٢٣- پرۆفیسۆر ئالفرید کرۆز 161

٢٢٤- دکتور ئەسبر ئیبراهیم شاهین 162

٢٢٥- خاتوو ئەمیره 164

٢٢٦- ژنرال ئەناتۆلی ئەندربۆچ 167

٢٢٧- خاتوو ئەیدت ئەشتر فیلد 167

٢٢٨- قەشە ئیبراهیم فیلوبوس 169

٢٢٩- خاتوو ئیڤلین کۆبۆڵد 170

٢٣٠- خاتوو باربارا براون 170

٢٣١- براین هویت 174

٢٣٢- پرۆفیسۆر بروسو یوشادی.. 176

٢٣٣- دکتور بنوا 177

٢٣٤- پرۆفیسۆر تاجاتات تاجاسۆن 177

٢٣٥- دکتور توفیان تیوفا نوفا 179

٢٣٦- خاتوو جۆنان ئالتوت 185

٢٣٧- خاتوو جۆوان جێیمس 186

٢٣٨- خاتوو جودی ئانوی 188

٢٣٩- جیفری لانگ 189

٢٤٠- جینو لو کابوتو 192

٢٤١- جیولا گەرمانۆس 192

٢٤٢- دکتور حامد مارکۆس 193

٢٤٣- کۆلۆنێل دۆنالدس روکویل 194

٢٤٤- داود موسا بیتکوک 196

٢٤٥- دیرک والتر موسیج 197

٢٤٦- روبرت ولزلی 198

٢٤٧- روبێرت کرین 198

٢٤٨- روجیه دوباکییه 201

٢٤٩- روجیه گارودی 206

٢٥٠- رونی ئۆسولیفان 207

٢٥١- رینیه جینۆ 208

٢٥٢- خاتوو ساره جوزێف 209

٢٥٣- خاتوو سیسیلیا کانولی 210

٢٥٤- قەشە سیفردو رویس 210

٢٥٥- خاتوو صوفی بوافیر 212

٢٥٦- دکتور گرینه 213

٢٥٧- گیرمین جاکسون 214

٢٥٨- پرۆفیسۆر عبدولئەحەد داود 215

٢٥٩- عبدالله ئەرشبال هاملتۆن 215

٢٦٠- عبدالله کولیام 216

٢٦١- خاتوو فابیانی فەرەنسی 216

٢٦٢- مافپەروەر دکتور فاندوبیک 218

٢٦٣- فانسان مونتیه 219

٢٦٤- خاتوو کاپی 219

٢٦٥- کرست راجا 221

٢٦٦- کریس جاکسون 223

٢٦٧- کریستیان باکر 225

٢٦٨- کیپ مور 227

٢٦٩- دکتۆر لۆرانس بی براون 228

٢٧٠- لۆرد برینتۆن 230

٢٧١- لۆرد ئولدرلی 230

٢٧٢- لۆرد دۆگلاس هاملتون 230

٢٧٣- لۆرد هیدلی 231

٢٧٤- لیوبۆلد فایس 232

٢٧٥- لیون روشی 233





٢٧٦- مارتن جۆن موایبوبو 233

٢٧٧-خاتوو مارشیلا مایکل ئەنگلۆ 238

٢٧٨- خاتوو مارگریت مارکوس 238

٢٧٩- خاتوو ماریا ئەلاسترا 240

٢٨٠- خاتوو ماکلین سیکارۆس 240

٢٨١- مالکوم ئیکس 241

٢٨٢- محەمەد ئەکویا 242

٢٨٣- محەمەد فواد الهاشمی 243

٢٨٤- موری کیل 244

٢٨٥- پرۆفیسۆر موریس بوکای 244

٢٨٦- خاتوو مونا عەبدوڵڵا 246

٢٨٧- خاتوو مێری واتسون 247

٢٨٨- پرۆفیسۆر نشکنتنا دهیابا 250

٢٨٩- خاتوو نیرس دانی 250

٢٩٠- نیکولاس ئەنیلکا 252

٢٩١- مستەر هراس لیف 252

٢٩٢- وۆکس ئینگرام 253

٢٩٣- ویلیام بیکارد 253

کۆتایی و ئەنجام 256